# PKK

## پرۆژەیەک بۆ سڕینەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ئایدیا و مێژووی
پارتی کرێکارانی کوردستان

**چاپی یەکەم**

**٢٠١٨**

# PKK

# پرۆژەیەك بۆ سڕینەوەی
# بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

**لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ئایدیا و مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان**

**جەمیل کولاهی**

- ناوی پەرتووک: PKK پرۆژەیەک بۆ سڕینەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد
  لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ئایدیا و مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان
- نووسینی: جەمیل کولاهی
- نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆک: شیار
- **چاپی یەکەم ٢٠١٨**
- تیراژ: **٣٠٠٠ دانە**
- لەبەرێوەبەرایەتی گشتیی چابخانەکان ژمارەی سپاردنی (     )ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

# پێرست


پێشەکی ........ ٩

عەبدوڵا ئۆجەلان کێیە؟ ........ ١٧

ناسناوی ئۆجەلان ........ ١٧

کۆرتەیەک لە ژیانی عەبدۆلا ئۆجەلان ........ ١٨

باوکی عەبدوڵا ئۆجەلانر ........ ٢٠

دایکی عەبدوڵا ئۆجەلان ........ ٢٢

هاوسەری عەبدوڵا ئۆجەلان ........ ٢٤

تیپۆلۆژی هەڵسوکەوت و کەسایەتی ئۆجەلان ........ ٢٧

١. هەڵسوکەوتەکانی سەردەمی منداڵی ئۆجەلان ........ ٢٨

٢. هەڵسوکەوت لە گەڵ بنەماڵەی خۆیان ........ ٣٠

٣. دزی کردن و بەرتیل وەرگرتنی ئۆجەلان ........ ٣٠

٤. تایبەتمەندی خۆ بە زل زانین ........ ٣١

٥. گرێی پێغەمبەری ........ ٣٢

٦. شێوەی ئاخاوتنی ئۆجەلان لە گەڵ دەوروبەرییەکانی ........ ٣٥

سەرچاوەکان ........ ٣٨

ئاپۆییزم ........ ٤١

ژیانی ئیدئۆلۆژیکی عەبدوڵا ئۆجەلان ........ ٤٣

چەمکی ئیدئۆلۆژی ........ ٤٥

تایبەتمەندییەکانی ئیدئۆلۆژی ........ ٤٧

بازنەی ئیدئۆلۆژی ........ ٤٩
پێکهاتەی ئیدئۆلۆژی ........ ٥١
ئەرک و فۆنکسیونی ئیدئۆلۆژی ........ ٥٢
بنیاتنانی کۆمەڵگەی ئیدئۆلۆژی ........ ٥٥
قۆناخەکانی بەئیدئلۆژیک کردنی تاک ........ ٥٥
١. هێرش بۆ سەر شوناس ........ ٥٦
٢. هەستی تاوانبار بوون ........ ٥٦
٣. خیانەت بە خۆ ........ ٥٦
٤. خاڵی تێکشکان ........ ٥٧
٥. نەرمی نواندن ........ ٥٨
٦. ناچار کردن بە دانپێدانان ........ ٥٩
٧. کاناڵیزە کردنی تاوان ........ ٥٩
٨. پەروەردەی سەرلەنوێ ........ ٦٠
٩. پێشکەوتنو هاوئاهەنگی ........ ٦٠
١٠. دوایین دانپێدانان ........ ٦٠
١١. قۆناخی لە دایکبوونەوە
گرینگیی ئیدئۆلۆژی لە روانگەی ئۆجەلانەوە ........ ٦٤
قۆناخی یەکەم لە ژیانی ئیدئۆلۆژیکیئۆجەلان ........ ٦٦
قۆناخی دووهەم لە ژیانی ئیدئۆلۆژی ئۆجەلان ........ ٦٨
قۆناخی سێهەم لە ژیانی ئیدئۆلۆژی ئۆجەلان یان قۆناخی ناسیونالیزم-سۆسیالیزم ........ ٧٠
قۆناخی چوارەم لە ژیانی ئیدئۆلۆژی ئۆجەلان ........ ٧٢
قۆناخی دووهەم لە ژیانی ئیدئۆلۆژی ئۆجەلان و پۆست مۆدێرنیزم ........ ٧٦
قۆناخی دووهەم لە ژیانی ئیدئۆلۆژی ئۆجەلان و دەوڵەت-نەتەوە ........ ٧٧
پاساوی مێژوویی بۆ قۆناغی چوارەم ........ ٨٣

دیالێکتیکی ناتورالیستی ..... ١٠١
مۆرای بووکچین کێیە؟ ..... ١٠٤
ئێکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی ..... ١٠٥
کۆمۆنالیزمی لیبێرتایی ..... ١٠٨
رای بووکچین لە سەر کۆنفیدرالیزم ..... ١١٠
کاریگەریی بووکچین لە سەر ئۆجەلان ..... ١١١
رەنگدانەوەی بووکچینیزم لە ناو بەرنامە و پێڕەوی پەکەکەدا ..... ١١٦
هەوڵدان بۆ بەئیدئۆلۆژیک کردنی کۆمەڵگەی کوردستان لە لایەن پەکەکەوە ..... ١٢١
شۆڕشی کولتووریی چین ..... ١٢٢
شۆڕشی کولتووریی ئێران ..... ١٢٤
ئۆجەلان و شۆڕشی کولتووری ..... ١٢٨
کاریگەریی ئاپۆئیزم لە سەر کوردستان ..... ١٣٦
سەرچاوەکان ..... ١٣٩
مێژووی پەکەکە ..... ١٤٥
دۆخی سیاسیی تورکیە و باکووری کوردستان پێش لە دامەزراندنی پەکەکە ..... ١٤٥
دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) ..... ١٦٠
بەستێنی دامەزرانی پەکەکە ..... ١٦١
کێشەی سیخوڕی لە ناو ریزەکانی پەکەکەدا ..... ١٦٤
ئەرگەنەکۆن و پەکەکە ..... ١٦٨
دامەزراندنی پەکەکە لە ژێردەزگای «میت»دا ..... ١٧٧
شەڕی ناوخۆیی پەکەکە لە باکوور ..... ١٨٤
چوونی پەکەکە بۆ سووریە ..... ١٨٧
هۆی پشتگیریی سووریە لە پەکەکە چی بوو؟ ..... ١٩٠
١. کێشەی ئاو ..... ١٩١

٢. کێشەی سنوور ........ ١٩٣
٣. کێشەی سیاسی ........ ١٩٤
دەستپێکی خەباتی چەکداری پەکەکە ........ ١٩٦
کوودەتای ١٩٨٠ی تورکیە ........ ١٩٦
بەشداریی PKK لە شەڕی ئیسرائیل ـ لوبناندا ........ ٢٠٠
قوناخی دوای شەڕی ئیسرائیل ........ ٢٠٣
پەکەکە و پرۆسەی ئاشتی ........ ٢٤٠
شێوەی دیپلۆماسیی پەکەکە ........ ٢٥٥
پەکەکە لە کوردستانی باکوور ........ ٢٥٨
پەکەکە لە کوردستانی رۆژئاوا ........ ٢٦٤
پەکەکە لە کوردستانی باشوور ........ ٢٨٣
پەکەکە لە کوردستانی رۆژهەڵات ........ ٣١٠
پەکەکە و کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ........ ٣٤٣
سەرچاوەکان ........ ٣٤٩
ئاپۆییزم و کێشەی ژن ........ ٣٨٢
سەرچاوەکان ........ ٣٨٢

## پێشەکی

ماوەیەکی دوور و درێژە کە دەمهەوێ لە سەر پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) وەک یەکێک لە بەهێزترین پارتەکانی ئەمڕۆی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەک بکەم، تا ئەوەیکە لە سێ ساڵ پێشەوە دەستم بەم کارە کرد و ئێستا لە ساڵی ٢٠١٨دا بە خۆشییەوە کۆتایی پێی هات.

ناوی ئەم کتێبە «پەکەکە پرۆژەیەک بۆ سڕینەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ئایدیا مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان». ئەم ناوە لە ناوەرۆکی ئەم کتێبە کە لە سەر ئیدئۆلۆژی و مێژووی پەکەکەیە وەرگیراوە کە لەم کتێبەدا بە وردی باس لەو ئیدئۆلۆژی و مێژوویە دەکرێ. باسکردن لە مێژوو و ئایدیای پارتی کرێکارانی کوردستان بۆیە گرینگە، چونکە ئەم پارتە هەرچەند لە کوردستانی باکوور دامەزراوە و بۆ رزگاری ئەو بەشە لە کوردستان هاتۆتە مەیدان، بەڵام لەلایەکەوە لەگەڵ داگیرکەرانی سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان پێوەندیی توندوتۆڵی هەیە و لە لایەکی دیکە پارتی سیاسی بۆ رزگاری ئەو پارچانەی کوردستان دادەمەزرێنێ!

پەکەکە وەک پارتێکی بەهێز و ئیدئۆلۆژیک تا پێش رفاندنی عەبدوڵا ئۆجەلان تا رادەیەکی زۆر دیار بوو کە خوازیاری دەستەبەر کردنی چیە، بۆیە دەڵیم تارادەیەکی زۆر، چونکە ئەوکات خوازیاری رزگاری کوردستانی گەورە بێجگەم لە کوردستانی رۆژئاوا بوو! بەڵام لە دوای رفێندرانی ئۆجەلانەوە هەتاکو ئێستا پەکەکە وەک هێزێکی سەرلێشێواوە و خەبات بۆ شتێک دەکات کە ئیمکانی بەدیهاتنی دەتوانین بڵێین سیفرە! ئەگەر دروشمی یەکگرتنی کرێکارانی جیهان لەلایەن لایەنە کۆمۆنیستەکانەوە، یەک تۆز ئیمکانی عەمەلی هەبوو، کۆنفیدرالیزمی جیهانی ئەویش بەو شێوەیە کە پەکەکە دایڕشتووە کە لەودا نە دەوڵەت هەیە، نە نەتەوە و نە سنوور، خەونێکی زیاتر هیچ نیە! ئەگەر دروشمی «کرێکارانی جیهان یەکگرن»، یەکیەتی سۆڤیەت و چین و هەموو وڵاتانی سوسیالیستی دنیای لە پشت بوو، بەڵام دیسان هەر لەو وڵاتانەشدا کە خۆیان سوسیالیست بوون جێبەجێ نەبوو، کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیکی جیهانیی پەکەکە، چەند هەزار کەس کلاشنیکۆف لە شانی کوردی لە پشتە کە ئەوە بۆ چل ساڵ دەڕوات نەیانتوانیوە دێهاتێک لە کوردستان بە دەستی خۆیان رزگار بکەن! ئەوەی کە لە رۆژئاوای کوردستان کە پێشتر پەکەکە نکۆڵی لەبوونی دەکرد و ئێستاش ناوی کوردستانی لە سەر هەڵگرتووە، کانتۆن دامەزراوە، بە مامەڵە لەگەڵ گەندەڵترین وڵاتانی دنیا واتە سوریە و ئێران و رووسیە و بە بێ تەقاندنی تاقە فیشەکێک بە ئەمانەت لە سوریەی وەرگرت و نە لەلایەن ئۆپۆزسیونی بەشار و نە لەلایەن بەشار ئەسەدەوە بە فەرمی نەناسراوە و داهاتوویەکی بە تەواوی تەمومژاوی هەیە!

پەکەکە حیزبێکی ئیدئۆلۆژیکە و ئیدئۆلۆژی بە چەکی دەستی دەزانێ. تایبەتمەندی هەموو ئیدئۆلۆژییەکان بەخشینی واتا بە دنیای مرۆڤەکان و بەخشینی شوناس بە مرۆڤگەلێکە کە بە دووی شوناسدا دەگەڕێن و گرینگترین هۆی سەرنج راکێش بوونی ئیدئۆلۆژی واتابەخشین و دەستەبەر بوونی ئارامی دوای قبووڵ کردنیە، دوای ئەم ئارامی و قبووڵ کردنەیە کە ئیدئۆلۆژی ئەڤینداران و باوەڕمەندانی خۆی بۆ خۆڵقاندنی دۆخی دڵخوازی ئیدئۆلۆژی کە بە باشترین و جوانترین دۆخ واتە بە شاری خەونەکان وێنا دەکرێ، بۆ بەرخۆدان و گیانبازی پاڵ پێوە دەنێ. دیارە ئیدئۆلۆژی بۆ کاتی شۆڕش پێویستە، بەڵام شۆڕشی رزگاری

نەتەوەیی پێویستی بە ئیدئۆلۆژی نەتەوەیی هەیە نەک ئیدئۆلۆژی جیهان تەوەر. ئیدئۆلۆژییەک کە دژی ناسیونالیزمی نەتەوەکە و بەتایبەت دژی سنوور و دەسەڵاتی نەتەوەیی بێت، نەتەوە و شۆڕشەکەی تووشی سەرلێشێواوی دەکات.

بێگومان نەتەوە بە تەنیایی یان لەتەنیشت شتە شوناس-بەخشەکانی دیکە گرینگترین ئامرازی شوناس بەخشین لە دنیای مۆدێڕن و تەنانەت پێش مۆدێڕنیشە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ناسیونالیزم گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگەی ئیدئۆلۆژیگەلی توندئاژۆ و جیهانتەوەرانە بووە و بۆتە هۆی پێکهاتنی دژکردەوە لە نێو ئەو ئیدئۆلۆژییانە و نەرمتر کردنیان و تەنانەت تێکشکاندنیان! ناسیونالیزم ئیدئۆلۆژی نیە، چونکە هیچکات بە تەنیایی بە دوای ورووژاندنی کۆمەڵانی خەڵک و دەست بە سەرداگرتنی سیستمی بایەخەکانی کۆمەڵگەوە نەبووە، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا بەشێک لە سیستمی بایەخیی کۆمەڵگە بووە. بۆ وێنە ناسیونالیزم لە تەنیشت ڕەگەزپەرەستی و ڕێبازی تاک پەرەستیدا بەشێک لە سیستمی بایەخیی نازیسمی هیتلێر بوو و هیچکات نازیسم هەمان ناسیونالیزم نەبووە و نیە! ناسیونالیزم بە شێوەی گشتی بزووتنەوەی هزری و کردەوەیە کە هەستی نەتەوەیی لە نێو خەڵکدا بتەوتر دەکات و لە نێو هەموو ئیدئۆلۆژییەکاندا دزە دەکات، بەڵام خۆی ئیدئۆلۆژی نیە! بۆ وێنە بوونی ئیسلامی ئێرانی، ئیسلامی تورکی و ئیسلامی عەرەبی و هەروەها کۆمۆنیزمی رووسی، کۆمۆنیزمی چینی و کۆمۆنیزمی کووبایی دەرخەری دزەی ناسیونالیزم بۆناو ئیدئۆلۆژییەکانە!

نەتەوەی بندەست و مافخۆراو بۆ نەتوانەوە و سەرکەوتن پێویستی بە ناسیونالیزمە. تێکشکاندنی ناسیونالیزمی نەتەوەی بندەست بە واتای تواندنەوەیەتی لە نێو فەرهەنگی نەتەوەی داگیرکەردا! ئیدئۆلۆژی هەنووکەیی پەکەکە دەقاودەق لە خزمەتی ناسیونالیزمی داگیرکەرانی کوردستانە. چونکە ئەم ئیدئۆلۆژییە پێیوایە دەبێ قۆناخی یەکەمدا لە سەر تەرمی ناسیونالیزمی کورددا تێپەڕێ و کۆنفیدرالیزمی کوردستان دابمەزرێنێ، هەر بۆیە دەبینین پلاتفۆرمی هەورام، یارسان و شەنگال پێکدێنی دەیەوێ لە کورد دایان ببڕێ، دەڵێ لە باشوور دەبێ بادینی سۆرانی لێک جیا بکرێنەوە و لە رۆژئاوای کوردستانیش ناوی

کوردستان دەسڕێتەوە و دەیکاتە باکووری سوریە! لە قۆناخی دووهەمدا دەیهەوێ ناسیونالیزمی فارس و عەرەب و تورک لە نێو ببات و کۆنفیدرالیزمی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پێکبێنێ و لە قۆناخی سێهەمدا بە مەبەستی پێکهاتنی  کۆنفیدرالیزمی جیهانی، ناسیونالیزمی هەموو نەتەوەکانی دنیا بسڕێتەوە و لە دنیادا نە وڵات بمێنێ نە سنوور و نە دەوڵەت! شتێک کە تەنیا لە وەهم و خەیاڵدا دەگونجێ و ڕۆژانەش لاوانی کورد پۆلپۆل دەبنە قوربانیی ئەو ئیدئۆلۆژییە دژە کوردە وپێیانوایە خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان دەکەن!

کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیکی پەکەکە بە تەواوی بە پێچەوانەی ناسیونالیزمە، هەر بۆیە بە توندترین شێوە هەڵدەکوتێتە سەری و بە دواکەوتووانەی وەسفی دەکات، ئەگەر ناسیونالیزمی کورد تێدەکۆشێ هەستێکی نەتەوەیی لەنێو کورددا پێکبێنێ و کورد بوون ببێتە بنەما و ناکۆکی مەزهەبی و زاراوەیی بە مەبەستی سەرکەوتن وەلابنرێ، کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیک ڕاست لە سەر زەقکردنەوەی ئەو ناکۆکییانە کە ناسیونالیزم تێدەکۆشێ بیانخاتە پەراوێزی کورد بوونەوە کاردەکا و دەیەوێ هەموویان لەبەرانبەر یەکتردا دابنێ تا شتێک بە نێوی نەتەوەی کورد پێک نەیەت و دەوڵەتی کوردی ببێتە خەون! هەمووی ئەمانەش بۆ پێکهێنانی کۆنفیدرالیزمی کوردستان دەکات کە لە وەهمێک زیاتر هیچ نیە!

ئێستا کە ڕۆژهەڵاتی ناڤین شێواوەو دەوڵەتە داگیرکەرەکان لە لێواری هەڵوەشانەوەدان، تەنیا ئیدئۆلۆژییەک کە لە سەر بنەمای کورد بوون کە ئێستراتێژیی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی هەبێ، دەتوانێ لە خزمەتی کورددا بێ. ئیدئۆلۆژییەک کە دەڵێ کورد قۆناخی دەوڵەت نەتەوەی تێپەڕاندووە و دژی سەربەخۆیی کوردستانە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا نیە و لەوان بۆ داهاتووی کورد مەترسیدارترە، چونکە ئەو ئیدئۆلۆژییە لە نێو بەشێک لە بزووتنەوەی کورد و دژی گوتاری نەتەوەیی کورد سەر هەڵدەدات کە دەبێتە هۆی لەت کردنی هێزی کورد و دابەشکردنی بەسەر دوو بەرەی بە تەواوی دژ بە یەکدا. ئەم دوو بەرەکییە ئیدئۆلۆژیکە مەترسییەکی زۆر گەورەیە بۆ سەر داهاتووی بزووتنەوەی کورد و هێزی کورد لە ناوخۆیدا دەپووکێنێتەوە. کێشەی هەر دوو بەرەکە ئەوەندە قووڵە کە هیچ خاڵی هاوبەشیان نیە و بە تەواوی

دژی ستراتێژییەکانی یەکترن! بۆیە مەترسی ئەوە هەیە ئەو شەڕە ڕاگەیاندنە کە ئێستا هەیە ببێتە سەرەتایەک بۆ شەڕی ناوخۆیی!

یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی نووسینی ئەم کتێبە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە پەکەکە کە پارتێکە بۆ باکوور دامەزراوە و کۆمەڵگەی ئامانجی باکوورە، بەڵام لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان دەستێوەران دەکات. ئەم دەستێوەردانە لە کاتێکدایە کە لەگەڵ هەموو داگیرکەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان هاوپەیمانە! ئەم هاوپەیمانەتییەش لە سەر حیسابی کوردی ئەو پارچانە تەواو دەکات، واتە بە یارمەتی ئەو داگیرکەرانە دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەو پارچانە رادەوەستێ! ئەگەر ئەم دەستێوەردانەی بە قازانجێ داگیرکەران نەکردبایا، مافی سروشتی خۆی بوو کە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە پێوەندی هەبێ، هەر وەک هەموو حیزبەکانی هەرچوارپارچە ئەم پێوەندییەیان هەبووە. ئەمە پارادۆکسێکی زەقە کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە هاوپەیمانی ئێران و سوریە و عێراقە، خۆی وەک رزگاریدەری کوردستانی بندەستی ئەو داگیرکەرانە نیشاندەدات و رۆژانە دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەو پارچانە بانگەشە دەکات! حیزبیان بۆ دادەمەزرێنێ و شەڕی بە وەکالەتی وڵاتان بە نرخی رژانی خوینی لاوانی کورد دەکات، بەبێ ئەوەی تۆسقاڵێک لە کێشەی کورد چارەسەر بێت یان بە قازانجی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بێت!

بەم پێیە هەبوونی زانیاری راست و دروست لە سەر پەکەکە پێویستە. ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی رۆژهەڵات پەکەکە لە ناو دەزگا راگەیاندنەکانییەوە دەناسن، بەڵام خودی پەکەکە بە تەواوی پێچەوانەی دەزگای راگەیاندنەکەیە! تەنانەت ئەو تەشکیلاتەی کە لە رۆژهەڵات بانگەشە بۆ پەکەکە دەکەن راستییەکانی ئەو پارتە بۆ خەڵک باس ناکەن، بەڵکو تێدەکۆشن لە رێگەی ناکۆکی مەزهەبی و زاراوەیی هێز بۆ پەکەکە کۆ بکەنەوە، فەلسەفەی بوونی پەکەکەش لە رۆژهەڵات هەر بۆ کۆ کردنەوەی هێزە نە رزگاری کوردستانی رۆژهەڵات، چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران پشتی جبهەی پەکەکەیە و هەر لە بەر بەتاڵ کردنەوەی رۆژهەڵات لە هێزی شۆڕشگێڕ، چاوپۆشی لە بوونی پەکەکە لە رۆژهەڵات دەکات. ئەگەر مەبەستی پەکەکە رزگاری رۆژهەڵات بوایات، بە

دڵنیاییەوە رژێم نەیدەهێشت بەو ئاسانییە بانگەشە بکرێ، ئیزنی چاپ و بڵاو کردنەوەی ئازادانەی کتێبەکانی ئۆجەلانی نەدەدا!

یەکێک لە سیاسەتەکانی پەکەکە لە رۆژهەڵات، سیاسەتی شەهید سازی و زیاترکردنی زیندانی سیاسی لایەنگری پەکەکەیە. ئەم سیاسەتە بۆ دنیای راگەیاندنە، بەم سیاسەتە دەیەوێ ناوی وەک پارتی تێکۆشەر لە رۆژهەڵات لە ناو هەواڵەکاندا ون نەبێ! تەشکیلاتی پەکەکە لە کرماشان وا بانگەشە دەکەن دەکەن کە ئاپۆ شیعەیە و بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵات سونییانەیە دژی شیعە و پەکەکە تەنانەت تاسووعا و عاشوورا لە رژێمی ئێران قورستر دەگرێ. هەمان تەشکیلات کە دێتە سنە یان مەریوان ئاپۆ دەکاتەوە سوننە مەزهەب و بە شێوەیەکی دیکە دژی بزووتنەوەی رۆژهەڵات قسە دەکات. لە ناو هەورامی و یارسان و ناوچەکانی کرمانجی ژوورو تاکتیکیان دەگۆڕێ و دەیانەوێ بە چێکردنی پلاتفۆرم لە کوردی رۆژهەڵات دایانبڕن! بۆیە پێویستە بەوردی لە سەر پەکەکە و ئیدئۆلۆژییەکەی بە بەڵگە و فاکتەوە قسە بکرێ!

ئەم گوتارە کاتێک کە رژێمی ئێران دەیخاتە خزمەت سڕ کردنی کوردستانی رۆژهەڵاتەوە، مەترسیداربوونی خۆی زیاتر دەردەخات. رژێم بۆ سڕینەوەی گۆتاری نەتەوەیی و ناسیونالیزمی کورد لە سێ گوتاری رێفۆرمخوازی، ئیسلامی و پەکەکەیی کەڵک وەردەگرێ! بەڵام گوتاری پەکەکەیی بە هۆی ئەوەوە کە هاوجنسی بزووتنەوەی کوردە و پێشتر گوتاری سەربەخۆییخوازی هەبووە لە هەمووی مەترسیدارترە. رژێمیش بە گرینگی ئەم گوتارەی زانیوە، بۆیە لە رێگەی ئەم گوتارەوە خەریکی بەرهەمهێنانی کوردایەتییەکە کە لەدەرەوەی سنوورەکانی ئێرانە و نە تەنیا هیچ مەترسییەکی بۆ سەر رژێم نیە، بەڵکو رژێم لەو رێگایەوە خەریکە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات سڕ دەکات. رژیم بە بەکارهێنانی ئەم کوردایەتییە ساختە دەیەوێ کوردایەتی رەسەن کە ریشەی لە مێژووی کورددا هەیە بسڕێتەوە. لەم گوتارەدا تەنیا تورکیە دژمنی کوردە. بانگەشە کردن بۆ ئەم گوتارە لە ناو مەجلیسی شورای ئیسلامییەوە دەستپێدەکات و لە دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامیدا بەدروستکردنی فیلمی «پیشمرگان»، «کوی سنجق»، «چ» و ... رەنگ دەداتەوە. لە چاپدانی کتێبەکانی ئۆجەلان لە ژێرچاودێری

وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامیدا لە درێژەی ئەم پرۆژەدایە. پەکەکە کە دۆخەکەی بۆ هەموار کراوە بە هەموو توانای خۆیەوە خزمەت بەو پرۆژەیە دەکات. هێرش بۆ سەر حیزبەکانی رۆژهەڵات، گاڵتە کردن بە بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵات و دەستێوەردان لە کاروباری ئەو بەشەی لە کوردستان لە خزمەتی ئەم پرۆژەیەیە.

پێویستە بگوترێ کە ئەم کتێبە تیشک دەخاتە سەر مێژووی پەکەکە لە هەر چوارپارچەی کوردستان و ناوەرۆکی ئاپۆئیزم. لە چوار بەشی ژیاننامەی ئۆجەلان، ئاپۆئیزم، مێژووی پەکەکە و ئاپۆئیزم و ژن پێکهاتووە. سەرەکیترین سەرچاوەی کتێبەکە، کتێبەکان و ئاخاوتنەکانی ئۆجەلانن.

لێرەدا بە پیویستی دەزانم کە سپاسی کاک سەلام ئیسماعیل پوور بکەم کە ئەرکی یەکەمین پێداچوونەوەی ئەدەبی کتێبەکەی کێشا و زۆری پێوە ماندوو بوو!

**جەمیل کولاهی**

**پاییزی ٢٠١٨**

«پاش دامەزراندنی پەکەکە و دەستپێکردنی خەباتی کوردایەتی، یەک لەبنەما سەرەکیەکانی تێکۆشانی پەکەکە ئەوەبووە، کەگەلی کورد سەرکردەی هەبێت، وەک چۆن تورک کەمال ئەتاتورکی هەیە، عەرەب جەمال عەبدولناسری هەیە، فارس ئیمام خومەینی هەیە، ئەمریکا جۆرج واشنتۆنی هەیە، ئەڵمان بەسمارکی هەیە، دەبێت گەلی کوردیش سەرکردەی هەبێت. بوونی سەرکردە لای پەکەکە مەرجێکی نەتەوەبوونی گەلی کورد بووە. ساڵی ١٩٩٣ وەفدێکی کوردانی باکور هاتنە شاری هەولێر و کۆڕێکیان بۆ رۆشنبیرانی باشوور گرت، یەک لەکۆڕگێڕەکان وتی: ئێمە دەمانەوێت ئۆجالان بکەینە سەرۆکی کورد، وەک چۆن کەمال ئەتاتورک سەرۆکی تورکە».

**(گۆڵپی، فایەق. ئایا رێبەر ئاپۆ دیکتاتۆرەیان ماندێلایە؟**
**فیرات نیوز، ٢٠١٤/١/٢)**

## عەبدوڵڵا ئۆجەلان کێیە؟

## ناسناوی ئۆجەلان

مانای ناسناوی ئۆجەلان تۆڵەسێنەرە. لە سەر ئەوە کە بۆچی ناسناوی بنەماڵەیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ئۆجەلانە، دوو بۆچون هەیە. بۆچوونی یەکەم هی رۆژنامەوانێکی تورکە بە ناوی عیسمەت ئیمسێت. ئەم رۆژنامەڤانە دەڵێ باوا گەورەی ئۆجەلان مەعمووری لە سێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران بووە، بۆیە ئەوکاتە مەعموورێکی دایرەی سەبت دەڵێ ناسناوی ئۆجەلانی بۆ دا بنین.(ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٨٢) پێویست بە ئاماژەیە کە ئۆجەلان لە دوو تۆی کتێبەکانیدا دەیانجار وەک بەکرێگیراو (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ٥٥ و ٥٦) و پیاوی ئینگلیس (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ئا، ٦٧ و ٦٨ ٦٩) لە شێخ سەعید ناو دەبات کە بۆتە هۆی ئەوە کە ئاتاتورک لە دانی مافی کورد پاشگەز ببێتەوە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ئا، ١١٣)

بۆ چوونی دووهەم هی ئۆجەلان خۆیەتی، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێ: کەسێک کتێبێکی نووسیوە و دەڵێ بنەماڵەی ئۆجەلان بۆ شەڕێ تورکان پێکهاتووە! وای بۆ دەچم کە لە مێژووی بنەماڵەی ئێمەدا شەڕگەلێک لە نێوان ئێمە و تورکاندا هەبووە، لە نێو بنەماڵەی ئێمەدا چەندین پیاوی گەورە هەبووە و بەپێ وتەی هێندێک کەس لە بنەماڵەی ئێمەدا پاشایەکیش هەڵکەوتووە! کاتی خۆی بەگە تورکەکان نەتەوەکانی ناوچەیان خستۆتە ژێر کۆنترڵی خۆیانەوە، سەرەتا ئەرمەنییەکانیان سەرکوتکردووە و دواجار هاتوون کوردەکان سەرکوت بکەن. لەم قۆناخەدا وای بۆ دەچم رۆڵێکی گرینگیان هەبووە! ئەم بنەماڵەیە شەڕێکی گەورەیان دژی تورکەکان کردووە. بۆچی ئەمە دەڵێم؟ چونکە ناسناوی بنەماڵەکەم ئەمە پشت راست دەکاتەوە! ئۆجەلان یانی تۆڵەسێنەر، دەڵێن بنەماڵەی ئێمە رێوشوێن و پلەی مێژووییان هەبووە! لە کاتی هاتنە دنیای مندا شەڕی بنەماڵەیی ئێمە و تورکەکان کۆتایی هاتبوو! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٢٣ و ٢٤)

## کورتەیەک لە ژیانی عەبدوڵا ئۆجەلان

عەبدوڵا ئۆجەلان ناسراو بە ئاپۆ لە ڕۆژی ٤ی ئاپریلی ١٩٤٩ لە دێی عۆمەرلی یان ئەمەرای قەزای خەلفەتێی سەر بە شاری ئورفا لە باکووری کوردستان لە دایک بوو (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، پێشەکی) ئۆجەلان هەر وەک خۆی باسی دەکات، لە بنەماڵەیەکی هەژار و کەم داهات بە دنیا هاتووە. (کریس کۆچێرا: ١٩٩٩) ناوی باوکی عەمەر و ناوی دایکی عایشە یان عوەیش و سێ برا و سێ خۆشکن. (کریس کۆچێرا: ١٩٩٩) بەپێی هێندێک سەرچاوە دایە گەورەی ئۆجەلان تورکە و سروشتییە کە دایکیش بە ڕەچەڵەک تورک بێ. (ئالیزا مارکوس: ٢٠٠٧، ١٥) (سام سەنتێر: ١٩٩٩، ١٤٢) ئەو بە تەمەنترین منداڵی بنەماڵەیە. (ئالیزا مارکوس: ٢٠٠٧، ١٥)

عوسمان ئۆجەلان یەک لە براکانی ئۆجەلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بوو و دوایی لە پەکەکە جیا بوویەوە پارتی یەکیەتی دیمۆکراتیکی کوردستانی دامەزراند. (کریس کۆچێرا: ٢٠٠٥) براکەی دیکە ناوی مەهمەت ئۆجەلانە و ئەندامی بەدەپەیە. (حوڕیەت: ٢٠١١) خۆشکەکەنی کولسوم (پەکەکە: هویتی کە تعریف صحیحی میطلبد)، حەوا و فاتیمە ناویانە. (ئاڤێستا کورد:٢٠١٤) خۆشکەکانی مرۆڤێکی دیار نەبوونە و ژیانێکی ئاساییان هەبووە.

له نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠-١٩٦٣ (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٣٢) له دێهاتێک نزیک عۆمەرلی (جبین) خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. (پەکەکە: هویتی که تعریف صحیحی میطلبد) له ساڵی ١٩٦٣ له ئینزیپ (هەمان سەرچاوە) له نزیک شار عەنتاب له دەورەی ناوەندی درێژە به خوێندن دەدات. (کریس کۆچێرا: ١٩٩٩) له ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٩دا له خوێندنگەی سەبتی مڵک و زەوی له ئانکارادا درێژە به خوێندن دەدات. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٣٤) دوای ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ له دیاربەکر وەک فەرمانبەر کار دەکات. (هەمان سەرچاوە: ٣٧)

له ساڵی ١٩٧١ له زانستگەی مافی ئیستانبووڵ وەردەگیردرێ و به مەبەستی درێژەدان به خوێندن دەڕواتە ئیستانبوڵ. (هەمان سەرچاوە: ٣٨) ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢ له زانستەگەی زانستە سیاسییەکانی ئانکارا وەر دەگیردرێ. (پەکەکە: هویتی که تعریف صحیحی میطلبد) عەبدوڵا ئۆجەلان چالاکییەکانی له ساڵی ١٩٦٩ له ڕێکخراوی دڤ ـ گەنج دەستپێدەکات. له ساڵی ١٩٧٠ دەبێتە ئەندامی د.د.ک.ئۆ. له ساڵی ١٩٧٢ گرووپی ڕزگاریدەر دادەمەزرێنێ. له ساڵی ١٩٧٥ دەبێتە بەرپرسی ئا.د.ی.ئۆ.د. له نوامبری ١٩٧٨ له دێهاتی فێس سەر به شاری لیجە لەگەڵ هەڤاڵانی که پێکەوە بیست و سێ کەس بوون پەکەکەیان دەمەزراند. (کریس کۆچێرا: ١٩٩٩) له ساڵی ١٩٧٩ له تورکیه بەرەو سووریه دەرکەوتووە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨ ـ س،١٣٠) سەرئەنجام له ١٥ی فێوریەی ١٩٩٩له وڵاتی کنیادا دەستگیر و ڕەوانەی تورکیه کرایەوە له دوورگەی ئیمرالی زیندانی کرا. له ڕێکەوتی ٢٩ی ژۆئەنی ١٩٩٩ دادگای ئەمنیەتی نەتەوەیی تورکیه سزای له سێدارەدانی به تاوانی سەربەخۆخوازی و ڕێبەری کردنی گرووپی تیرۆریستی بۆ ناوبراو پەسند کرد، بەڵام دواتر به هۆی ڕێفورمی یاسای تورکیە، له سێدارەدان له تورکیه قەدەخه کرا، بۆیە سزاکەی ئۆجەلان له مەرگەوە هاتە سەر زیندانی هەتا هەتایی. (وریا تاسە: ٢٠١٥)

## باوکی عەبدوڵا ئۆجەلان

عومەر باوکی ئۆجەلان هەر چەند هەژارترین پیاوی دێهاتەکەیان بووە، بەڵام مرۆڤێکی نەناسیاو و مۆسڵمانێکی زۆر چاک و دیندار بووە، ئۆجەلان لە نووسینەکانیدا باوکی بە توندی دەداتە بە هێرش و رەخنە کە نەیتوانیوە بنەماڵەکەی بە باشی بەڕێوەببات، بۆیە دەڵێ هەمیشە ئارەزووی ئەوەمان دەکرد کە باوکی ئێمەش وەک باوکەکانی دیکە بوایات و بیتوانیبا بە چاکی بنەماڵەکە بەڕێوەببات و پێداویستییەکانی دابین بکات. ئەو ئاماژەبەوە دەکات کە بنەماڵەیەک کە منداڵەکانیان باش سەرپەرشتی دەکەن، دەتوانێ بە چاکیش بەرنامە بۆ دەرس خوێندنیان دابڕێژێ بەبێ ئەوەی کە زەختێکیان بۆ بێت. ئەمە بۆ منداڵ گەرەنتییە، من ئەو زەمانەتەم نەبوو. ئەم گەرەنتییە لە ژیاندا کاریگەری قووڵ دادەنێ، ئەگەر من خاڵ یان بابێکی بەهێزم بوایا و پاڵم پێیانەوە بدابایا، بە شێوەیەکی دیکە گەورە دەبووم، بەڵام بەمشێوەیە نەبوو. بۆیە رێگەی سەربەخۆ و تایبەتی خۆمم گرتە پێش. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٥ و ١٧ و ٢٦)

بە وتەی ئۆجەلان، باوکی تەنانەت نەیتوانیوە فێری قسەی باشی بکات و کاتێک لەگەڵ کەسێک بۆتە شەڕیان، پێیوتووە برۆ ئاوەها شەڕ بکە و ئاوەها جنێو بدە! ئەو دەڵێ گەورەترین کاری باوکم ئەوە بوو کە دەڕۆشتە سەر بان چاوی دەبەست و دەستی بە جنێودان دەکرد. هەر چەند دەڵێ دایک و بابم هەر چییەکیان دەکرد و دەگوت من بەپێچەوانەی دەجووڵامەوە و بەمشێوەیە فێری بنەمای رێبەری دەبووم، بەڵام دوایی کە باسی دەکات هەموو ئەو کارانەی کردووە، بە تایبەتی ئەوەی دایکی پێیوتووە ئەنجامیداوە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٢٢ و ٢٣)

هەر وەک ئاماژەی پێدەدات باوکی مرۆڤێکی زۆر بێ دەسەڵات بووە و تەنانەت لەو شەڕ و ئاژاوانەش کە پێکهاتوون هەمیشە لێیانداوە. بۆ نموونە دەڵێ: «رۆژێک باوکم لەگەڵ پیاوێک کردی بە شەڕ، پیاوەکە پشتی باوکمیدا بە عەردا

دا رۆشتە بان زگی بە شێوەیەک کە پای باوکم بە حەواوە خولی دەخوارد، دەیقیژاندە بە سەر خۆشکە گەورەکەمدا برۆ چەقۆ بێنە! ... دەیگوت: عەبدۆڵا برۆ ئەو چەکە بێنە! من شەرمم لە خۆم دەکرد و بە خۆمم دەگوت کە نابێ بەمشێوەیە لەگەڵ کەسدا بە شەڕ بێم.» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٧) باوکی کابرایەکی داماو و خاوەن کەسایەتییەکی شێوێندراو بووە. لەوانەیە بێ هێزترین پیاوی دێ بووبێ. هەژار بوو و لە گوزەرانیدا پشتی بە هەوڵ و کۆششی خۆی دەبەست. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ١١)

هەڵسوکەوتی باوکی لەسەر ئۆجەلان کاریگەری زۆری هەبووە. هەر ئەمشێوە هەڵسوکەوتەی باوکی گرێی رێبەریی بۆ ئۆجەلان دروستکردووە. ئەم گرێیە کاتێک کە سەرۆکی پەکەکەیە خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ ئێستا من لە باوکم و باوا گەورەم بەهێزترم. ئەو پێوایە لە هەبوونی ئاوەها باوکێکدایە کە بیری رێبەری تێدا چێ دەبێ و ئێستا بوەتە رێبەر. لەگەڵ ئەوەیدا بە توندی هێرش دەکاتە سەر باوکی، دەڵێ باوکم کاریگەری ئەرێنیشی لە سەرم هەبووە و دەڵێ هەمیشە گوتوویە تۆ بۆ هەر کوێ برۆی دەیگری، چونکە نیشانەی سەرکەوتن بە توێڵتەوە نووسراوە! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٧ و ٨١) هەر وەک بۆ خۆی باسی دەکات کێشەی زۆری لەگەڵ باوکی هەبووە و پێکەوە بە شەڕ هاتوون. جارێکیان لە سەر لێدانی برا بچووکەکەی، باوکی ویستوویە لێی بدات، بەڵام ئەو هەڵدێ و دەڕواتە ماڵەوە پارەکەی باوکی کە لە نێو گەورەکەیاندا شاروویەتەوە دەدزێ و لە دێهاتەکەیان هەڵدێ، ئەم کردەوەیە بەلای ئۆجەلانەوە هێندە گەورەیە کەپێی دەڵێ یەکەمین سەرهەڵدان. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٣٣)

## دایکی عەبدوڵا ئۆجەلان

ئۆجەلان لە نووسینەکانیدا بە پێچەوانەی باوکی، ستایشی دایکی دەکات و زۆر جار دووپاتی دەکاتەوە کە شتی زۆر لە دایکی فێر بووە. تەنانەت ئەو شتانە وەک وانە بۆ گەریلاکان دەڵێتەوە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨ ـ ب، ٢٧) ژنێکی بە هێز بوو، ئەو ماڵەوەی هەڵدەسووڕاند و ملی لە بەردەم پیاودا دانەدەنەواند و باوکمی سەرکوت دەکرد و دەیخستە ژێر باڵی خۆی. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ١٣) ئەو دەڵێ من کابرایەکم کە ئەلف و بێی سیاسەت هەم لە باوکێکی بێ دەسەڵات و دایکێکەوە کە هەوڵیدەدا بەهێز بێ و هەم لە هاوسەنگی هێزەی کە لە نێوانیاندا پەیدا ببوو و لە کەڵک وەرگرتن لەبۆشایی دەرەنجامی ئەم ململانێیەوە فێر بووم. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ١٣) ئەو هەڵسوکەوتانەی کە ئۆجەلان لە منداڵی کردوونی، بۆ منداڵێک ئەویش لە بنەماڵەیەکی ئاوەهادا ئاساییە، بەڵام نائاساییەکە لەوەدایە کە ئۆجەلان ئەو هەڵسوکەوتانە بە لاوە شانازییە و وەک وانە بۆ گەریلاکان دەیلێتەوە و دەیانکات بە ئیدئۆلۆژی رزگاریدەر! واتە فەلسەفەی ئاپۆئیزم لە سەر ئەم هەڵسووکەوتانەی سەردەمی منداڵی ئۆجەلان بنیات نراوە کە دواتر بە وردی باسی لێوە دەکرێ.

دایکی ئۆجەلان دووجار ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، شووی یەکەمی پێر بووە و مردووە و لە تەمەنێکی کەمدا شووی پێدەکات، شووی دووهەمی کە باوکی ئۆجەلانە، دیسان پیر بووە، بۆیە لە باری دەروونییەوە تێکشکاوە و نێوانیان ئاڵۆز بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش ژنێکی بەهێز و سەربەخۆ بووە.(ئۆجەلان: ٢٠٠٨ ـ ب، ٢١ و ٢٢) دایکی دایکی تورک بووە. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ١٨)

بەپێی نووسینەکانی ئۆجەلان عوەیش دایکی ئەو، کەسێکە کە زۆرترین کارتێکەری لە سەر ئۆجەلان هەبووە، وانەی لێ فێر بووە و هەمیشە پشتیبانی بووە، هەر چەند هەمیشە پێکەوە بە شەڕ هاتوون، لەم بارەیەوە دەڵێ دایکم گەورەترین مامۆستام بووە، ئەم ژنە لە هەموو ژنێکی دیکە زیاتر شەڕی ساز دەکرد و هەمیشە بۆ شەڕ کردن ئامادە بوو و کەسایەتییەکی شەڕئەنگێزی هەبوو.

من لەم بارەیەوە زۆر شەرمم دەکرد و دەمگوت کاش دایکێکی ئاوەهام نەبوایا! من لە خۆمم دەپرسی ئەم ژنە لەم هەموو شەڕە ماندوو نابێ؟ من بەو منداڵی خۆمە خەریک بوو لە شەرما بتوێمەوە! ئەو دەڵێ ئەوەندە لەگەڵ دایکم بە شەڕ دەهاتم کە دەرگای ماڵەکەمان بە هۆی بەرد باران کردنی منەوە، کون کون بوو بوو، بە جۆریک کە کاتێک کەسێک دەرگاکەی دەدی پێی دەکەنی و دەیگوت ئەم دەرگایە بۆچی وای لێهاتووە؟ (ئۆجەلان: ٢٠٠٨ ـ س، ١٦ و ٢٢)

بە وتەی خۆی لە دەستی دایکی لێدانی زۆر خواردووە و دەڵێ کاتێک لەگەڵ دایکم دەبوو بە شەڕمان، دایکم دەمیبردە نێو گەوڕ و دەست دەنا ناقم تا حەدی مردن گوشاری دەدا و منیش نەفەسم تەنگ دەبوو و لە ژێر دەستی تۆبەم دەکرد. (ئۆجەلان: ٢٠٠٣، ٦٤) هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە نە ئەو بەپێی خواستەکانی دایکی جووڵاوەتەوە و نە دایکی ئەوی بە هێند وەرگرتووە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨ ـ س، ١٦ و ١٧)

**هەرچەند ئۆجەلان دەڵێ دایکم گەورەترین مامۆستام بووە و تاریفی زۆری دەکات، بەڵام هەرگیز یارمەتی دایکی نەداوە. هەر وەک باس دەکات دەڵێ دایکم پێمی گوت بۆچی چەند میتر قوماشم بۆ ناکڕی؟ بەڵام من هیچکات هیچم بۆ دایکم نەکڕی! ئەو دەڵێ ئەوە لە کاتێکدا بوو کە من مەعاشێکی چاکم هەبوو و دەمتوانی یارمەتی چاکی بدەم! بەڵام پێم گوت ئێستا کە تۆ پێداگری لە سەر ئەوە دەکەی کە چەند میتر قوماشت بۆ بکڕم، منیش لاساری دەکەم ناکڕم!** (ئۆجەلان: ٢٠٠٨ ـ س، ٣٩)

بە وتەی عوسمان، عەبدۆڵا ئۆجەلان دایکی لە بیر کردووە و بە هیچ شێوەیەک لێی نەپرسیوە، عوسمان دەڵێ دایکم نەخۆشی شەکرەی هەبوو، هەر دوو قاچی لە دەست دابوو، بەڵام بەو حاڵەش عەبدۆڵا ئۆجەلان لێی نەپرسی و نەیگوت بیبەنە دوکتور و دەرمانی بکەن. (ئۆجەلان. عوسمان: ئاڤێستا کورد: ٢٠١٤) ئۆجەلان ئەم وتەیەی عوسمان پشتراست دەکاتەوە و دەڵێ تا کاتی مردنی دایکم، هەواڵ پرسییەکی تەلەفونیشم لێ نەکردووە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٣٤)

## هاوسەری عەبدۆڵا ئۆجەلان

کەسیرە یڵدرم (فاتیمە) هاوسەر ئۆجەلان، لە دایکبووی ١٩٥١ی زایینی لە شاری دێرسیمە. کەسیرە لە ئانکارا، لە زانکۆی زانستە سیاسییەکان خویندکاری زانستە سیاسییەکان بووە. (ویکیپیدیا: ٢٠١٧) لە ساڵی ١٩٧٦دا عیسمەت کلیچ (عیسمەت ئارابان) کە خوێندکارێکی زانستە سیاسییەکان بووە دەناسێ و دواتر دەبنە دەزگیران و دەیانەوێ ژیانی هاوبەش پێکبێنن. ئەوان هەر دووکیان لە ناو گرووپێکی سیاسیدا بوونە کە ئۆجەلان و هەڤاڵانی تێدا بوونە. دواتر ئۆجەلان عاشقی کەسیرە دەبێ و داوا لە جەمیل بایک و عەلی حەیدەر قەیتان دەکات کە لە سەر کەسیرە زانیاری زیاتری بۆ بێنن، لەگەڵ ئەوەیکە جەمیل بایک و عەلی حەیدەر قەیتان دەڵن بنەماڵەیان هاوکاری دەوڵەتی کردووە، ئۆجەلان لەگەڵ کەسیرە ژیانی هاوبەش پێک دێنێ! بەم بۆنەیەوە مێردی یەکەمی کەسیرە، عیسمەت کلیچ (عیسمەت ئارابان)، گرووپەکە بەجێدێڵی و پشتیان لێدەکات! (نەسرا: ٢٠١٣) ئۆجەلان خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: بەرەوڕوو بوونی من لەگەڵ کچێک لە ساڵەکانی ١٩٧٥ ـ ١٩٧٦ کە لە کاتی پێکهاتنی گرووپەکەمان بوو، بەرەو رووبوونێکی جیاواز بوو. منیش لاوێکی خوێنگەرم بووم و نەدەبوو هەڵێم. لە راستیدا زەختێکی زۆریشم لە سەر بوو، بەڵام لە سەر بە ئەندام بوونی لە گرووپەکەدا پێداگریم کرد. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧ ـ س، ١٧٦) ئەگەر قبووڵمان نەدەکرد لە لایەکەوە لەگەڵ بنەمای ئازادی بە تایبەت روانگەمان لە سەر ئازادی ژن یەکی نەدەگرتەوە و لەلایەکی دیکەوە بایەخەکانی شۆڕشمان دەچووە ژێر پرسیارەوە، (بۆیە) بە هەر نرخێک دەبوو فاتیمە بێنینە ناو گروپەکەوە، ئێستا چ وەک نیشتمان پەروەرێک یان سوسیالیستێک. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨ ـ س، ٦٣ و ٦٤) (ئەو) جەوان بوو، دەیتوانی ببێت بە سوسیالیستێکی باش، خەڵکی درسیم بوو، دەیتوانێ نموونەیەک بێت بۆ یەکگرتوویی گەل، ئازادی ژنیش لە ئاراڕدا بوو و دەیتوانی مۆدێلێکی باش بێت، بێجگەم لەوە پێوەندیی سۆزداریم زۆرتر دەبوو،

بۆیە بڕیاری پێکهێنانی ژیانی هاوبەشم هێنایە ئاراوە. لێرە بیرم کردەوە کە ڕەنگە ئەو داوایەم بە کۆنترۆڵی خۆی لێک بداتەوە، لێرە قۆناخی یان لەگەڵ من یان کەسی دیکەی ناو گرووپەکە ببە دەزگیران، دەستیپێکرد، دەزگیرانبوونێکی ساختە بۆ گرووپەکەمان باش نەبوو، بۆیە ساڵی ١٩٧٨ کۆتاییم بە دەزگیرانی هێنا و ژیانی هاوبەشمان پێکهێنا. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٧٤) هەڵسوکەوتێکی سەیرم کرد، پێم گوت تۆ دەتوانی لەگەڵ یەکێک لە باشترین ئەندامانی گرووپ ببێتە دەزگیران، تەنانەت دەتوانی لەگەڵ منیش دەزگیرانی بکەی. فاتیمە دەیەویست لەم ڕێگەیەوە ڕێبەریی گرووپەکە بە دەستەوە بگرێ. هاوڕێیەک کە لە گەڵی پێوەندیی ساز کردبوو، باشترین ئەندامی گرووپ بوو، لەم ڕێگەیەوە دەیەویست بە ئامانج بگات و کەم کەم من پەراوێز بخات. دوایی زانی کە هەر کەس دژایەتی من بکات شانسێکی بۆ سەرکەوتن نیە، بۆیە دیسان هاتەوە لای من! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١١٣) کەسیرە بە ڕواڵەت عاشقی شۆڕش بوو، لەگەڵ ئەوەیکە لە بنەماڵەیەکی بەکرێگیراو بوو، سۆزی بۆ کێشەی کورد نیشاندەدا، وەک ژنێکی ئازاد ئەندێش دەردەکەوت و تا ئاستێکی هەرە باڵا لەگەڵ هەر پیاوێک ئازادانە دەکەوتە دیالۆگەوە! کەسیرە لە ژنانەگی خۆی وەک تیجارەتی مێرکانتیلیستی بە دیدێکی زۆر پێشکەوتووی تیجاری و قازانج تەوەرانە کەڵکی وەردەگرت. کاتێک داوامان لێدەکرد کە لە مەیلی جینسی، ژن بوون، هێز، کۆمەڵایەتی بوون و تەنانەت سیاسی بوونی خۆی لە ڕێگەی حیزب کەڵک وەرگرێ، یان کاتێک دەیەویست لەگەڵ من ببێتە شەریک (لە ڕێبەریی)، دەرکەوت کە دەیەوێ بە سەر حیزبدا زاڵبێت! ئەو دەیەویست بە کەڵک وەرگرتن لە ژنانەگی خۆی هەموو پیاوانی ناو ریزەکانی حیزب بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، کەسیرە دەیزانی کە پیاوی کلاسیکی کورد بە ورووژانێکی چووکەی جینسی بەلاڕێدا دەبردرێ و بەو شێوەیە کە دەتەوێ ڕێکیدەخەی! ژنێک بوو کە دەیەویست بە پاڵپشتی هێزی من نیشتمان دوو دەستی پێشکەش بە دەوڵەت بکات و ژنان لە ئازادی دوور بکاتەوە و بیانکاتە کوێلەی پێوەندییەکی ڕواڵەتی و بێ ناوەرۆک! (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-د، ٢٥و ٨٣ و ٨٩ و ١٩٨)

ئۆجەلان ئاماژە بەوە دەکات کە کەسیرە ژنێکی زانا و زیرەک بوو و دەیتوانی کارەکان بباتە پێش. تەنانەت بۆ گرتنە دەستی پلەی ڕێبەر تێدەکۆشا، ئەو

دەڵێ لەم نێوەدا کە من دەمەویست ڕێبەریی خۆم نیشان بدەم، وەک کۆسپێک بووم بۆی! لەبەرئەوەیکە توانایی ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ کەسیرە نەبوو لە گرووپەکە هەڵهاتم و بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ نەگەڕامەوە، ئەم شکستەم بەلاوە زۆر دژوار بوو، بەڵام ناچار بووم پاشەکشە بکەم. لەو ژنانە بوو کە کەسایەتییەکی زۆر پەروەردەکراوی هەبوو و هاوکات دڵڕفێنیش بوو، بۆیە رووی لە هەر گرووپێک دەکرد، ئەو گرووپەی ژێرورووو دەکرد! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٦٧-٦٣) ئەو ژنە (فاتیمە) تەنیا ژنێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو لە هەر پەنجەیەکی هۆنەرێک دەباری، ئەگەر ئەم پێوەندییەم رەد بکردبایاوە پەکەکە بەو شێوەیە پێک نەدەهات. لە تایبەتمەندیی ژنانەی، تایبەتمەندی ڕێبەر بوونی و زانایی و زانستی سیاسی خۆی کەڵکی وەردەگرت و زۆر مرۆڤێکی ڕێکوپێک و خاون کەسایەتی بوو! تایبەتمەندییە دڵڕفێنەکانی ئەم ژنە ئاشکرا بوون و کاریگەریی لە سەر پیاوان دادەنا، ئەوەش دەزانم پیاو چەندە لە بەرانبەر ژنانەوە خاڵی لاوازی هەیە، تەنانەت من خۆم دانەیەک لەو پیاوە لاوازانەم. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٩٧ و ١١٠ و ١١٢)

ئۆجەلان و کەسیرە دوای ژیانی هاوبەش هەر وەک لە سەرەوە باس کرا، هەردەم کێشەیان هەبووە، هەر وەک گوترا لە سەر ڕێبەر بوون کێشەی قووڵیان هەبوە و کەسیرە ملی بە ئۆجەلان نەداوە. تەنانەت کەسیرە هەڕەشەی ئاشکرا کردنی پێوەندیی ئۆجەلان لەگەڵ ژنانی ناو پەکەکە دەکات! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨- ب، ٥١ و ٥٢) بەو جۆرەی کە زانراوە ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٨٨دا گیرودەی ئەڤینی ژنێکی دیکە بووە (ئەلیزا مارکوس:٧٩و٢٠٧) دوایی ئۆجەلان کەسیرە دەنێرێ بۆ ئاتن، (ئۆجەلان:٢٠٠٨- ب،١٤٦) کەسیرە (فاتیمە) لەو کاتەوە پێوەندی خۆی لەگەڵ پەکەکە دەپچڕێنی و تا ئێستا بێ دەنگی هەڵبژاردووە! لەلایەن ئۆجەلان و ڕێبەرانی دیکەی پەکەکەوە وەک سیخوڕی میتی تورکیە ناوی لێ دەبردرێ کە دوایی وردتر لە سەری باس دەکرێ.

## تیپۆلۆژی هەڵسوکەوت و کەسایەتی ئۆجەلان

ئۆجەلان بە هۆی ئەوەوە کە لە بنەماڵەیەکی هەژار و دەستکورت بووە، بە وتەی خۆی خاوەنی دایک و باوکێک کە بتوانن بە باشی پەروەردەی بکەن نەبووە هەڵسوکەوتی خراپی زۆر بووە کە بە وردی لە زاری خۆیەوە ئاماژەیان پێدەکەم. ئەم هەڵسوکەوتانە کاردانەوەی ئاڵۆزی و شێواوی بنەماڵەیە لە سەر ئەو کە تەنانەت لە سەر شێوەی ژیان و سیاسەت و خەباتیدا کاریگەری قووڵیان هەبووە ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەر درێژەیان هەیە! بۆیە بۆ ناسینی ئۆجەلان، پەکەکە و ئیدئۆلۆژی پەکەکە یان ئاپۆچیگەری دەبێ بە وردی ئاماژە بە هەڵسوکەوتەکانی ئۆجەلان بدرێ! بۆیە بۆ باس لە سەر تیپۆلۆژی هەڵسوکەوت و کەسایەتیی ئۆجەلان باسکردن لە سەر شیوەی هەڵسوکەتی سەردەمی منداڵی و قوتابخانە، سەردەمی فەرمانبەری لە دیاربەکر، تاریف لە خۆ کردنەکانی ئۆجەلان و گرێی پێغەمبەر بوون گرینگی تایبەتییان هەیە. شتێکی دیکە کە لەم بارەیەوە گرینگە و پێشتر لە زاری خۆیەوە باسم لە سەر کرد بنەماڵەی ئۆجەلان بە تایبەت دایک و باوکی ئۆجەلانە.

## ١. هەڵسوکەوتەکانی سەر دەمی منداڵی ئۆجەلان

سەرەتا لە سەردەمی منداڵیدا منداڵێکی زۆر لاواز بووە بە شێوەیەک کە لە دەوروبەردا کەس لەو لاوازتر نەبووە. ئەم لاوازییە بە شێوەیەک بووە کە خەڵک گاڵتەیان پێکردووە و وتوویانە قۆڕ بە سەر عۆمەر بۆ کوڕی! خوا منداڵی کەس وەک کوڕی عۆمەر لێ نەکا! ئۆجەلان دەڵێ ئەم دۆخە تا ماوەیەک بەردەوام بووە. ئەو دانبەوەدا دەنێ کە منداڵێکی ترسەنۆک بووە! بە وتەی خۆی سەرەتا هەمیشە لە دۆخی بەرگریدا بووە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٥ و ٢٧و ٣٠)

ئۆجەلان ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێک منداڵ بووە لە شەڕ لە گەڵ منداڵێکی دیکەدا سەریان شکاندووە، کاتێک هاتۆتەماڵەوە، دایکی پێیوتووە تا کاتێک کە تۆڵەی خۆتت نەکردۆتەوە مافی هاتنە ماڵەوەت نیە، لەم بارەیەوە دەڵێ ئەمە یەکەمین وانەی دایکم بوو بۆ من. ئەو دەڵێ ئەم هەڵسوکەوتەی دایکم کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر فۆرم گرتنی کەسایەتی من بووە. (هەمان سەرچاوە: ١٥ و ١٦) دوو کەس لەو کەسانە کە سەیانی شکاندووە جەمۆ و محۆ بوونە شتێک کە لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە ئۆجەلان دەڵێ جەمۆ کۆسپێکی زۆر گەورە بوو لە بەر دەممدا و زۆر ئاستەنگی بۆم پێکدەهێنا.

ئەو ئاماژە بەوە دەدات کە لە ناوچەی ئەواندا شۆناسی کوردی بوونی نەبووە تۆڵە سەندنەوە بەپێی وانەکانی دایکی بووە، دایکی پێیوتووە کە ئەگەر سەری ئەو کەسەی کە سەرتی شکاند، نەشکنی ئەوە کوڕی من نیت. دەڵێ کاتێک کە سەری جەمۆم شکاند دایکم هیچ گلەیی و گازندەیەکی لێم نەکرد و تەنیا پشتیبانی لێکردم. شێوە و ڕەوشتی دایکم، شێوە و ڕەوشتی گەریلایی بوون نە دایکایەتی! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨ـب، ٢٧) جەمۆ و محۆ لەو بەهێزترن، بۆیە پیلانیان بۆ دادەڕێژی، گیرفانی پڕ دەکات لە بەرد و لە بان بان لە بارزاییدا بۆسەیان بۆ دادەنێ لە ناکاودا بە بەرد هێرش دەکاتە سەریان و راویان دەنێ! دەڵێ ئەو عەمەلیاتە سەرکەوتنێکی تەواو بوو بۆ من، چونکە پێش لەو عەمەلیاتە ئەوان هەمیشە منیان شکست دەدا. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨ـ س، ٣٠)

کردەوەیەک کە بە ناوی یەکەمین سەرهەڵدانی خۆی ناودێری دەکات و زۆر بە گرینگی باسی دەکات، هەڵهاتن لە ماڵ بووە لە سەردەمی منداڵیدا کاتێک دەورەی سەرەتایی خوێندنی تەواو کردووە. دوای ئەوەی کە لەگەڵ براکەی بەشەڕ دێت و بەردبارانی دەکات! باوکی وە دووی دەکەوێ کە لێی بدات، ئەویش هەڵدێ بۆ ماڵەوە و ١٠ لیرە لە باوکی دەدزێ! دوایی هەڵدێ و دەڕوات بۆ نیزیک لە دەشتی باراک دەست دەکا بە کارکردن. ڕۆژێ دوو و نیم لیرەیان پێی داوە، هەر وەک خۆی دەڵێ ڕۆژێ سێ ژەم بەیانی، نیوەڕۆ و ئێواران نانیان پێیداوە و دەڵێ دۆیان پێم دەدا. (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-س، ١٤١ و ١٤٢) بەڵام لە شوێنێکتردا ئەم داستانە بە شێوەیەکی دیکە دەگێڕێتەوە و شتەکان دەگۆڕێ! لەو شوێنەدا دەڵێ دوای ئەوەی دێهاتەکەمانم بەجێهێشت، لە دێهاتێکدا کە ناوی قامیش و لە نزیک ترابلۆسدا بوو کارم دەستپێکرد، دوو ڕۆژ کارم کرد ڕۆژانە پێنج لیرەیان پێم دەدا، لەم دوو ڕۆژەدا خواردنی من تەنیا کۆلە بوو! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٣١)

بە وتەی خۆی کاتێک قوتابی دەورەی سەرەتایی دەبێ مەلایەکی چاک بووە، تەنانەت تا پلەی ئیمام جومعەی دێهاتەکەیان پێش چووە! ئەو ئیددیعا دەکات کە بەم شێوەیە هەر لەو تەمەنەوە تێکۆشاوە ببێتە پێشەوا و ڕێبەر! دەڵێ لەگەڵ دە کەس لە قوتابییەکان گرووپێکمان پێکهێنا بوو، من بەرپرسی گرووپەکە بووم، دەیانم برد بۆ قوتابخانە، لە ڕێگەی هاتنەوەدا بە زۆر نوێژم پێیان دەخوێند و پێش نوێژیم بۆیان دەکرد! دەڵێ کاتێک یەکەمین نوێژم خوێند مەلای دێهاتەکە پێمی گوت ئەگەر بەمشێوەیە درێژەی پێ بدەی هەڵدەفڕی! (هەمان سەرچاوە: ٢٢ و ٢٣ و ٢٥)

ناوی یەکەمین مامۆستای محەممەد مەیدان کاش بووە. بە وتەی خۆی بە بۆنی ئەوەوە کە چەند دانە هێلکە و ماستی بۆ دەبات، سەرنجی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و دوایی هاتووچووی ماڵیان دەکات و دەڵێ ئێستاش یەکەمین نانێک کە پێکەوە خواردمان لە بیرمە. هەستم بە شانازی دەکرد و بوومە باشترین قوتابی. لە قوتابخانە ناوەندی شاری نیزیپ درێژە بە خوێندن دەدات، بەڵام لەوێ قوتابییەکان زۆری ئازار دەدەن و گاڵتەی پێدەکەن. ئەو دەڵێ بە قسەی ناشیرین و تانە و تەشەر سووکایەتییان پێم دەکرد. منیش تەنیا ڕێگەم ئەوە بوو

که خۆم بە مامۆستاکان نزیک کەمەوە و هەرچی زیاتر دەرسەکانم بخوێنم! ئەم دۆخە دیسان لە ئانکارا بەردەوامە لەلایەن هاوپۆلییەکانییەوە گاڵتەی پێدەکرێ و تانە و تەشەری لێدەدرێ، ئۆجەلان خۆی ئەم دۆخە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوە کە لە شاردا خۆی نەگۆڕاوە و تەسلیمی بە وتەی خۆی دنیاوی بۆرژوازی نەبووە! هەر بۆیە بۆ رزگار بوون لە دەست کۆمەڵگەی بۆرژوازی پەنای بۆ دین بردووە و وەک رابردوو نوێژی خوێندووە و بە نیسبەت هەر شتێک یان کردەوەیەکی حەرام و حەلاڵ هەستیارییەکی بێ وێنەی هەبووە! (هەمان سەرچاوە: ٢٢، ٣٥، ٣٦ و ٣٧)

## ٢. هەڵسوکەوت لەگەڵ بنەماڵەی خۆیان

ئۆجەلان لە ناو بنەماڵەیشدا لەگەڵ برا و خۆشکەکانی بە شێوەیەکی توندوتیژ جووڵاوەتەوە، خۆی دەڵێ کاتێک لە ناو مەزرادا کارمان دەکرد، خۆشکێک هەبوو کە نەیدەتوانی زۆر کار بکات، بەڵام من زەختم دەخستە سەری دەمگوت دەبێ تۆش وەک ئێمە کار بکەی، دەڵێ رەنگە دەمویست خۆم بە سەریدا زاڵ بکەم! کار لە مەزرادا گرینگ بوو، منیش لە مەزرا کارم دەکرد. گواستنەوەی مەڵۆی گیاکان بۆ ئێمە کارێکی قورس بوو. من لەو باوەڕەدا بووم کە نابێ تا کۆتایی ژیان بەم کارەوە خەریک بم. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٢٠) پێشتر لە سەر هەڵسوکەتی لەگەڵ دایک و باوکی و هەروەها بەردبارانکردنی براکەی باسکرا.

## ٣. دزیکردن و بەرتیل وەرگرتنی ئۆجەلان

یەکێک لەو فاکتۆرانەی کە بۆتە هۆی زۆر کردەوەی ئۆجەلان لە سەردەمی منداڵیدا تەنانەت گەورەساڵیشدا، هەژاری بنەماڵەکەی لە باری ئابووری و فەرهەنگییەوە بووە و لە برسییەتی و بێ پارەییدا پەنای بۆ ئەو کارانە بردووە. لەم بارەیەوە دەڵێ ئێمە سەرەتا نانی جۆمان هەبوو، بەڵام دواتر نانمان لە گەنم چێ دەکرد. هێشتا شەڕگەلێک کە لەگەڵ دایکم بۆ بە دەستهێنانی تیکە نانێک دەمکردن لە بیرمە، وەرگرتنی نانێکی زیاتر لە ماڵی ئێمە وەک ئامانجی لێهاتبوو.

لەگەڵ ئەوەیکە دایکم نانەکەی لە شوێنکدا دەشاردەوە، من بە دزییەوە دەڕۆشتم هەڵمدەگرت. ئەگەر بەپێی پێویست نانم بە دەست نەدەکوتبا، پەنام دەبردە بەر شاخەکان ریشەی گیا و میوەم دەدۆزییەوە و دەمخوارد و جار جارێکیش دزیم دەکرد. بە وتەی خۆی رۆژێک چووە بۆ باخی خزمێکیان بە دزییەوە هێندێ پستە دەبات، خاون باخ پێی دەزانێ، و لێی دەدات. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٢٠ و ١٦) ئەو دەڵێ: هێندێک لە میوەی خاون مڵک و دەوڵەمەندەکانم وەک ترێ و پستە دەدزی! ترێ و پستەیەک کە بە رەنج و تێکۆشان و ریسک کردن بە دەستم دەهێنان لام لە میوەگەلێک کە بەبێ زەحمەت بە دەستم دەهێنان پڕ بەهاتر بوو! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٣٣)

کاتێک لە دیار بەکر فەرمانبەری دەوڵەت بووە، خەڵک بە عەبدوڵا بەگ بانگیان لێکردووە. ئەزیەت ئازاری زۆری وەرزێڕەکانی داوە و زەختێکی زۆری خستۆتە سەریان! (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-ئا، ١٤٦) بە شێوەیەک کە وەرزێڕەکان وتوویان خوێنت لە لووتمان هێناوە. ئۆجەلان دەڵێ لە راستیشدا هەر وا بوو، ئەوەندە زەختم خستبووە سەریان کە عارەقی خوێنییان دەردەدا. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٣٩) هەروەها باس لەوە دەکات کە لە دیابەرکر پارەیەکی زۆری بە دەستهێناوە و بۆیەکەمجار فێری وەرگرتنی بەرتیل بووە و بەرتیلێکی زۆری لە وەرزێڕەکان وەرگرتووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە دەڵێ لە دیاربەکر مەسەلەی کورد و سوسیالیزم بەشێک لە مێشکمی بە خۆیەوە خەریک کردبوو! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٣٧ و ٣٨)

### ٤. تایبەتمەندی خۆ بە زلزانین

خۆ بەزلزانین یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئۆجەلانە، ئەم تایبەتمەندییە بە شێوەیەکە کە تەنانەت خۆی دەباتە ریزی پێغەمبەران و دەوروبەری بە کویلە و نەفام دەزانێ. ئەگەر چاوێک بە سەر کتێبەکانیدا بخشێنین دەبێنین ئەوەندە وشەی «من»ی دووپاتکردۆتەوە کە مرۆڤ دەباتە ناو تێ فکرینەوە. لە دوو تۆی کتێبەکانیدا رەستەگەلێک وەک «من گرووپم پێکهێنا»، «من منداڵانم کۆ دەکردەوە»، «من ژنم رزگار کرد»، «من پێش نوێژیم دەکرد»، «من منداڵەکانم

دەهێناوە بۆ ماڵەوە»، «مەسەلەی کورد تەنیا بە من چارەسەر دەبێ»... بە زۆری وە بەر چاو دەکەون.

ئەو دەڵێ: کەسایەتی من بە شێوەیەکی بێ وێنە بەهێزە، (ئۆجەلان: ۲۰۰۸-س، ۲۲۲) نە دۆستان و نە دژمنان ناتوانن لە کەسایەتی من سەرتر بڕۆن، (ئۆجەلان: ۲۰۰۸-ب، ۱۵۲) دەرکەوتنی من دژکردەوەیەکە بەرانبەر بە هەموو پەرە نەگرتوویيە کۆمەڵایەتییەکان، من ڕێبەرم و بەرانبەرم لەگەڵ کوردستان. (ئۆجەلان: ۲۰۰۲-س، ۲۳ و ۲۵۰) لە ڕۆژی یەکەمەوە تاکو ئێستا، لەو کاتەوە کە خۆمم ناسیوە بە شێوەیەکی بێ وێنە زیندووکەرەوە بوومە. (ئۆجەلان: ۲۰۰۷-د، ۱۲۸)

## ٥. گرێی پێغەمبەری

ئۆجەلان لە خوێندنەوەی مێژوودا بەردەوام بەدوای لێکچوونەکانی خۆی و پێغەمبەراندا دەگەڕێ و ئەو بوون بە پێغەمبەر بە شێوەیەکی تایبەت تێئوریزە دەکات. بۆ ئەم مەبەستە  لە شوێنی لە دایک بوونییەوە دەستپێدەکات و ئەو شوێنە وەکوو شوێنێکی پیرۆز و گرینگ لە مێژووی مرۆڤ دا دەناسێنێت کە دەتوانێ پیرۆزایەتی و گرنگی بە ئەو مرۆڤانەی کە لەوێ لە دایک دەبن ببەخشێ. واتە لە باری جۆغرافیاییەوە خۆی بە پێغەمبەرەکان دەبەستێتەوە. لەم بارەیەوە ئۆجەلان دەیەوێ بە هەر شێوەیەک بووە خۆی و پ.ک.ک بە ئیبراهیمەوە ببەستێتەوە.

ئۆجەلان دەڵێ دیالکتیکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەرکەوتنێکی پێغەمبەر ئاسا دەخوازێ، ڕێبەرانی ئەم ناوچەیە دەبێ پێغەمبەر بن. (ئۆجەلان: ۲۰۰۸-ب، ۷۱) ئەو باسی ئەوە دەکات کە کاتێک چاو لە ڕابردوو دەکەم بۆم دەردەکەوێ کە فۆرمێکی نوێکراوە و پێغەمبەرێکی بەرۆژم. من و پەکەکە پێوەندییەکی ئەوتۆمان لەگەڵ سەدەی بیستەمدا نیە. چما بە شێوەی ڕواڵەتی و لە ئاستی وشەی و پێویستی ڕۆژ لەگەڵ ئەم سەدەیە پێوەندیم هەیە، وەکوو تاک دەبێ بڵێم هیچکات نەمتوانیوە لەگەڵ ڕۆحی سەدەی بیستەم پێوەندی بگرم. (ئۆجەلان: ۲۰۰۷-ب، ٤٤)

زۆربەی سەرچاوەکان وەک تەورات کاتێک باسی شوێنی لە دایکبوونی پێغەمبەرێک بە نێوی ئیبراهیم دەکەن، ناوی شاری ئوور دێنن کە دەڵێن لە تەنیشت رووباری فۆراتە. ئەگەرچی سەرچاوەکان دەڵن شاری ئوور لە ناوچەی کەلدانییەکان کە دەکاتە بەشێک لە عێراقی ئەمڕۆ لە باشووری رۆژهەڵاتی بەغدا هەڵکەوتووە، ئۆجەلان دەڵێ ئوور ناوی ئۆرفا بووە و ئیبراهیم لە ئۆرفا لە دایک بووە.

ئیبراهیم بە باوکی دینە ئیبراهیمییەکان کە بریتین لە مەسیحی، یەهوودی و ئیسلام ناسراوە. واتە هەرکام لەو دینانە بە شێوەیەک خۆیان بە ئیبراهیمەوە دەبەستنەوە، یەهوودی لە رێگەی ئیسحاقەوە کە دەڵن مووسا لە بنەماڵەی ئەو بووە، مەسیحی لە رێگەی مەریەمەوە، کە دەڵێن کچی عیمرانە و لە بنەماڵەی مووسایە کە لەو رێگایەوە دەچیتەوە سەر ئیبراهیم و ئیسلامیش لە رێگەی ئیسماعیلەوە کە دەڵێن محەممەد لە بنەماڵەی ئەوان بووە. بۆیە ئیبراهیم رۆڵی سەرچاوەی بە دەستهێنانی مەشرووعییەت بۆ ئەو دینانەی هەیە.

ئۆجەلان بۆ بوونە پێغەمبەر پێویستی بە مەشرووعییەتێک هەیە کە بۆ وەرگرتنی ئەو مەشرووعییەتە پەنای بردۆتە بەر چیرۆکی ئیبراهیم، بەڵام ئۆجەلان کە لەم سەردەمەدا بە سانایی ناتوانێ بڵێ منیش وەک مووسا و عیسا و محەممەد لە بنەماڵەی ئیبراهیمم، بە ناچار کەوتۆتە مێژوو سازی و خۆ شۆبهاندن بە ئیبراهیم و پیرۆز کردنی ئۆرفا. تا رادەیەک کە کتێبێکی لە ژێر ناوی «اورفا سمبل قداست» نووسیوە.

ئۆجەلان دەڵێ ئۆرفا ماکێتێک لە کۆمەڵگەی فرەچەشنی رۆژهەڵاتی ناڤینە، گرینگی و جێگەی ئۆرفا لە رۆژهەڵات ناڤیندا وەک مانای رۆژهەڵاتی ناڤین لە هەموو جیهاندایە. پەکەکە لە ئۆرفا، رەنگە بەبێ چاو لە قووڵایی راستیی ئۆرفا دەستی دایە ئەزموون. نیەتی لایەنگری لە ئازادی روونکردنەوەی راستیی حاشا هەڵ نەگرە. یەکەمین هیرشی نە بۆ سەر دامەزراوە کۆماریی، بەڵکو دژی ناوەندە کۆنە پەرەستەکانی فیئۆدالی بوو. ئایا دەتوانین بە لە بەرچاو گرتنی ئەم راستییە، پەکەکە وەک جووڵانەوەیەکی سەردەمییانە و نوێی ئیبراهیمی چاو لێ بکەین. لە باری نیەتەوە لێکچوونگەلێکی سەیریان هەیە. هێرش بۆ سەر ناوەندە بێزراو و نەمرووديیە چووکەکان تەنیا ناتوانی لە ژێر ناوی نەتەوەیی

و دیموکراتیک بێ، بەڵکو هەنگاوێکی پشڕەوە بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی. شتێک کە بۆ پەکەکە و ناوچەی ئۆرفا گرینگییەکی زۆرتری هەیە، دەستپێکردن یان دەستپێینەکردنی پیرۆزیی نوێ بووەوەی ئیبراهیم لە سەدەی بیست و یەکەمە. بە سانایی دەتوانم بڵێم پەکەکە بە ناو و شۆناسی پێشوویەوە نەیدەتوانی لە ناوچەکە گۆڕان پێکبێنێ و ئەمە لە چاوی مێژووییەوە بێ واتا بوو. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-ب، ٤٩ و ٧٠-٧٢)

ئۆجەلان دەڵێ: لە راستدا پێش لە ساڵی ١٩٧٩ دەوڵەت بە مەبەستی لەناو بردنی ئێمە هەوڵێکی زۆریدا، منیش تێگەییشتبووم کە لەو رێگەیەی پێشتر ناتوانین سەرکەوین... دوو رێگام لە پێش بوو: یان چوون بۆ سەر شاخەکان یان رۆشتن بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین. هێندێک لە هەڤاڵانم بەرەو شاخ رێنوێنی کرد. ئەو کارەی کە حەزرەتی ئیبراهیم کردی منیش جێبەجێم کرد و بەرەو رۆژهەڵاتی ناڤین بەڕێکەوتم، بەرەو قودس. بەم هۆیەیە کە دەڵێم حەزرەتی ئیبراهیم لەو شارەی کە من تێدا لە دایکبوومە، سەریهەڵداوە... نەمرود و کەسانی دیکەش لە ئۆرفا سەریانهەڵداوە، بەڵام من ئاپۆم و نەمرود و کەسانی دیکە نیم. من لە سەر رێچکەی پێغەمبەرەکان جووڵەم کردووە لە کاتێکدا نەمرود دیکتاتور بوو. بەسەرهاتی من وەک ئیبراهیمی خەلیلە کە نەمرود رێگەی کوێستانی لێگرت بە ناچار بەرەو باشوور بەڕێکەوت. لەگەڵ بەسەرهاتی مووسایش هاوشێوەن. بەم شێوەیە لە رۆژهەڵاتی ناڤین نیشتەجێ بووم. دەوڵەت هەر بە دوای ئێمەدا دەگەڕا تا ئەوەیکە کودەتای ١٩٨٠ روویدا. لە دوای کودتا زەختەکان رووی لە زیاد کردن کرد. ٩٠ لە سەدی هەڤاڵانمان دەستبەسەرکران و تەنیا لەگەڵ گرووپێکی چووکەدا توانیم روو لە رۆژهەڵاتی ناڤین بکەم. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ١١٦ و ١١٧)

لێرەدا ئۆجەلان پەکەکە وەک دینی ئیبراهیمی سەدەی بیست و یەکەم ناودەبات، دەڵێ: «من و ئیبراهیم لە ئۆرفا لە دایک بوین، ئیبراهیم لە ئۆرفا سەرهەڵدانی کرد و بوو بە پێغەمبەر». ئۆجەلان لە یەک رەستەدا کە لە سەرەوە هێناومە دەڵێ: «من لە سەر رێگەی پێغەمبەرەکاندا جووڵاومەتەوە»، ئەو دەزانێ ئەگەر ئیدیعای پێغەمبەری بکات، نابێ ئەو پێغەمبەرانە رەت بکاتەوە، بۆیە نە تەنیا رەتیان ناکاتەوە بەڵکوو هەموو کردەوەکانیان پاساو دەداتەوە و تەنانەت

دەڵێ: منیش وەک ئەوانم و بەسەرهاتمان یەکێکە. ئۆجەلان هەروەها دەڵێ: رێکخستنی جووڵانەوەی عیسای هاوچەرخ پێویستی بێ ئەم لاو ئەو لایە، لە راستیشدا لێکچوونگەلێکی سەیریشیان هەیە. جووڵەی ئەسنییەکانی سەردەمی عیسا خاونی تایبەتمەندیگەلێکن کە لە جووڵانەوەی چەوساوەکانەوە زۆر نزیکە، یەحیا لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ بانگەشە کەرانی سوسیالیست هەیە. سەیرتر لەوانە گرووپی یەکەمی دامەزرێنەری پەکەکە ١٢ کەس بوون کە یەک یان دوو سیخوڕیش لە نێو ریزەکانیدا بوون. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٦٥)

لێرەدا مەبەست لە عیسای سەردەم خودی ئوجەلانە کە دەبێ سەرهەڵبدات، تەشکیلاتی نهێنی و ئەندامانی پەکەکەی وەک ئەسنییەکان و یەحیا شوبهاندووە. سەیرتر لەوە دەڵێ بنیاتنەرانی پەکەکە ١٢ کەس بوون کە دەیان شۆبهێنێ بە ١٢ دۆستەکەی عیسا کە ناویان «حەواریون» بوو. پاشان باسی سیخور دەکا، لە نێو حەواریوندا «یەهوودا»سیخور بوو، لە نێو دوازدە کەسەکەی بنیاتنەری پەکەکەش فاتمە ژنی ئۆجەلان و نەجاتی کایا کە خەلەبان بووە و بە وتەی ئۆجەلان سیخوری دەوڵەتی تورکیە بوون کە دواتر بە وردی لە سەریان باس دەکرێ.

باسی ئۆجەلان لە سەر ئەم لێکچوونانە هەر درێژەی هەیە تا دەگاتە محەممە پێغەمبەری ئیسلام. ئەو لەمبارەیەوە دەڵێ: ژیاننامەی حەزرەتی محەممەد کاریگەری قووڵی لە سەر من هەبووە و ژیانی ئەو پرسیارگەلێکی زۆری لام چێ کردووە، چونکە منیش لە سەر کێو و ئەشکەوتدا ژیاوم، هەڵسوکەوتی من و ئەو زۆر لە یەک دەچن و لێکچوونگەلێک لە هەڵسوکەوتماندا دەبینم. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٢٦)

## ٦. شێوەی ئاخاوتنی ئۆجەلان لەگەڵ دەوروبەرییەکانی

شێوەی ئاخاوتنی ئۆجەلان لەگەڵ دەورووبەرییەکانی لە دوو تایبەتمەندی خۆ بە زلزانین و گرێی پێغەمەرییەوە سەرچاوە دەگرێ. بەشێوەیەک دەئاخوێ کە گوایا لە هەمووان سەرتر و ئەگەر ئەو نەبێ بەڵایەکی مەترسیدا دەقەومێ!

ئۆجەلان بە دەروبەرییەکانی دەڵێ: ئێوە پەکەکە وەک مەیدانێک بۆ بەهێز بوونی خۆتان وێنا دەکەن، وەکو شێتێک بۆ قەرەبووکردنەوەی کەموکورییەکان و بە دەسەڵاتی و لاوزییەکانی خۆتان کەڵکی لێوەردەگرن... ئەگەر هەر ئێستا ڕێبەری بە باشترین خەباتکاری حیزبی پێشکەش بکەم نازانم لە یەکەمین دەرفەتدا چی دەکات؟ ڕەنگە بیفرۆشێت! بۆیە ناچارم لێی پارێزگاری بکەم... من لە هەموو ئەوانی خۆم کەڵک وەردەگرم تا پێش بە پەرت کردنی تەنیا تیکە نانێکیش بگرم، بەڵام ئێوە ملوێنان بە فیڕۆ دەدەن. لە نێوان چاو لە دارایی کردنی من و ئێوە جیاوازی زۆر هەیە، هەڵسوکەوتی ئێوە لە باریماڵییەوە ڕێکخراوەکە لە ماوەیەکی کوردتدا هەڵدەوەشێنێ، بەڵام هی من درێژەدانی مسۆگەر دەکات... ئەگەر ڕۆژێک لە سەر زۆرێک لە ئێوە چاودێری نەبێ، لە ناو پەکەکەدا خۆتان ئەوەندە گەورە پیشان دەدەن کە دەبنە کارەساتێکی گەورە... روونە ئەگەر کەمێک دەرگا بکەینەوە و تۆزێک زەختەکان کەم بکەمەوە، خۆتان لە نێو دەبەن. (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ب، ٢٧ و ٢٨ و ٥٣ و ٨٢)

ئێوە لە ئاستێکدا نین کە بتوانن تا ئەو ڕادەیە (ڕادەی ئۆجەلان) ئازاد و دەسەڵات و ئازادی کردەوەتان هەبێ، تەنانەت لە ئاستێکدا نین کە ئیددیعای شەرافەتمەندی و ڕزگاری لە دۆخی شەرمهێنەری خۆتان بکەن. پەکەکە و من جیاوازین. کارەکانم لە ئەستۆ گرتووە و جێبەجێیان دەکەم، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە بە تەواوی شەرەفتان بە دەستهێناوە و پێشرەویتان بەرەو ئازادی گرتۆتە پێش و لیاقەتی چەکتان دەستەبەر کردووە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-س، ٨٣)

ئەو دەڵێ «ئەمن لە حەوت ساڵی بەم لاوە خۆمم ئامادە کردووە، ئێوە لە ٢٣ ساڵیدا تازە دەگەنە ئەوە ڕادەیە»... هەروەها بەرانبەر بە گەریلاکان دەڵێ: «تۆ هێشتا ناتوانی دوو بزن بلەوەڕێنی، کاتێک دوو ڕۆژە بویتە فەرماندەی دەستەیەک یان گرووپێک یان فەرماندەی ئەیالەتێک یان ناوچەیەک، خۆت فریو دەدەی... ئێوە هێشتا ئاگاتان لە ژیان نیە و مانای چەک، ڕێکخراو و بەرخۆدان و ڕاکێشانی مرۆڤێک نازانن، خۆتان دەخەنە جێگای ڕێبەری و پێتانوایە سوپا و چەکدارەکان بەکاردێنن، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە». (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-س، ٨٤)

ئۆجەلان لە کۆبوونەوەیەک بەرانبەر بە گەریلا و ڕێبەرایەتی پەکەکە دەڵێ:

«تایبەتمەندییەکی ئێوە تینویەتی ئێوەیە بۆ دەسەڵات و خۆڵقاندنی دۆخێک خۆشگۆزەرانی، ئەمە لە کەسایەتی ئێوەدا هەیە یان بەو شێوەیە گەورە بوونە. ئەم شێوە بەستراوەتەوە بە دۆخی گەورە بوونەوە... ئەگەر بە جیاتی من بوایان یان ئەگەر دەسەڵات و پلەی منتان هەبوایا، بەرامبەرەکەی خۆتان وەک فیئۆداڵ، باوک یان شوویەک رەد دەکردەوە، سەرکوتتان دەکرد یان بە سۆزێکی بێ بەها دەتانخنکاند... وای بۆ دەچم کە ئیماناتی روو لە گەشەی پەکەکە ئێوەی وەک میرات خوەر بار هێناوە». (ئۆجەلان: ۲۰۰۲-س، ۸۹ و ۱۹۳)

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: «عاقڵترین پیاوی کورد بە بۆنی بنەماڵە، تیکە زەوییەک یان ژنێک دەتوانێ ببێتە قاتڵ، تەنانەت دەتوانێ لە سەر مریشکێک شەڕ ساز بکات، بە بۆنی جنێوێکی چووکە هات و هاوارێک رێک دەخات، بەڵام ئەگەر داوای لێبکەی بە بۆنی وڵاتەکەمان و ئازادی کارێک بکەین، مل نادات! جا دەسهەڵگرتن لە ملک و ماڵ هەر قبووڵ ناکات. (ئۆجەلان: ۲۰۰۷-د، ٤٠ و ٤٦) لە سەر جیابوونەوەی عوسمان بە تووڕەییەوە دەنووسێ و دەڵێ: «عوسمان رۆڵی کەرێکی هەیە کە بۆ نێو مەیدان مینێک پاڵی دەنەن، کردەوەکانی جیا لە بوون بە قیزەونترین کەرەستەی دەست، شتێکی دیکە نیە!» (ئۆجەلان: ۲۰۰۸-ب، ۳۳٤)

**سەرچاوەکان:**


• اوجالان، عبدالله: فلسفه آپویستی. ج سوم. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ژوئیه ۲۰۰۷-ئا.

• اوجالان، عبدالله: تاریخ در حوزه دجله و فرات اورفا، سمبل قداست و لعنت، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی سپتامبر ۲۰۰۷-ب.

• اوجالان، عبدالله: آفتاب آزادی (یادداشتهای ملاقات با رهبر آپو)، چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد.ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک (ارد)، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۲-ئا.

• اسناد کنگره دهم پ.ک.ک، ترجمه گروه فارسی آکادمی علوم اجتماعی عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی ۲۰۰۹-ئا.

• اوجالان، عبدالله: مبارزه با اشرارگری، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱٤.

• اوجالان، عبدالله: مانیفست آزادی زن، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۸-ئا.

• اوجالان، عبدالله: مانیفست تمدن دمکراتیک.کتاب اول و دوم، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۹-ب.

- اوجالان، عبدالله: مانیفست تمدن دمکراتیک.کتاب سوم، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱۰-ب.
- اوجالان، عبدالله: مانیفست تمدن دمکراتیک.کتاب چهارم، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱۰-س.
- اوجالان، عبدالله: مانیفست تمدن دمکراتیک.کتاب پنجم، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱۲.
- ئۆجەلان،عەبدۆڵا، داستانی ژیانەوە (وتوویژ لە گەڵ یالچین کوچووک)، چاپی کوردیساڵی ۱۹۹٦، لە چاپ کراوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.
- اوجالان، عبدالله: دفاع از یک خلق. انتشارات پژاک، ئاوریل ۲۰۰٤.
- بایک، جەمیل: تاریخ حزب کارگران کردستان پ.ک.ک، مرکز مطبوعاتی پژاک، چاپخانه آزادی، ۲۰۰٦-ئا.
- اوجالان، عبدالله: از دولت کاهنی سومر به سوی تمدن دمکراتیک، جلد اول و دوم. چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد. ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک (ارد)، چاپخانه آزادی نوامبر ۲۰۰۱.
- اوجالان، عبدالله: دادگاه تاریخ. نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ژوئیه ۲۰۰۹-س.
- اوجالان، عبدالله: کرد آزاد هویت [illegible] خاورمیانه، چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد. ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک ([illegible]) چاپخانه آزادی، ژوئن ۲۰۰۳.
- اوجالان، عبدالله: اصرار بر سوسیالیزم، چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد.ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک (ارد)، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۲-ب.
- اوجالان، عبدالله: شهروند آزاد. چاپ اول. ترجمه؛ مرکز مطبوعات پژاک. چاپخانه آزادی. ۲۰۰٦-ب.
- اوجالان، عبدالله: چگونه باید زیست، نشر دوم. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی نومبر ۲۰۰۷.
- اوجالان، عبدالله: مانیفست راه انقلاب کردستان، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱۰.
- اوجالان، عبدالله: هفت روز با رهبر، رهبریت و خلق (گفتگوی نبیل الملحم با ع. اوجالان)، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی ۲۰۰۸-ب.
- اوجالان، عبدالله: زبان و عمل انقلاب، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله

اوجالان، چاپخانە آزادی، ٢٠٠٨-س.

• اوجالان، عبدالله: خودسازی حزبی، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانە آزادی. ٢٠٠٧-س.

• کۆچێرا، کریس، ١٩٩٩، «دوایین وتووێژی عەبدۆڵا ئۆجالان»، لە فەرانسییەوە بۆ کوردی: سەلاحەدین بایزیدی، (وەرگیراو ٢٢.١١.٢٠١٣).

• هویتی کە تعریف صحیحی منطلبد، ٢٠١٥، (گردآوری از دفاعیات عبدالله اوجالان)، http://www.pkkonline.com

• ئاڤێستا کورد: ٢٠١٤، http://www.avestakurd.net

• تاسە، وریا، ٤ی مای ٢٠١٥، «خلا×ە پروەندە عبدالله اوجالان علیە دولت تورکیە در دیوان اروپایی حقوق بشر»، http://www.nnsroj.com

• عوسمان ئۆجەلان: ٢٠١٤، http://www.avestakurd.net

• ئەلیزا مارکوس، مێژووی پەکەکە، (وەرگێڕ: ماجد خەلیل)، چاپی یەکەم، ٢٠١٤، چاپخانەی گەنج.

• Aliza Marcus, 2007. Blood and Belief: The Pkk and the Kurdish Fight for Independence, New York University press. p.15

• Perceptions: journal of international affairs – Volume 4, no.1, SAM (Center), 1999, p.142

• Kutschera, Chris (July 2005). «PKK dissidents accuse Abdullah Ocalan». The Middle East Magazine. Retrieved 22 December 2008.

• BDP wants autonomy for Kurds in new Constitution», Hürriyet Daily News, 4 September 2011

• Kesire Yıldırım, 23 Haziran 2017, https://tr.wikipedia.org.

• Hazin bir aşk hikayesi, Apo & Kesire, October 2013, http://www.nesra.org.

ئاپۆییزم

ژیانی ئیدئۆلۆژیکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان

# ئاپۆییزم

## ژیانی ئیدئۆلۆژیکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان

بە هۆی ئەوەی کە ئاپۆییزم بریتییە لە بیر و بۆچوون و باوەڕەکانی ئۆجەلان، دەبێ بۆ تاوتوێکردنی ئەم ئیدئۆلۆژییە تیشک بخرێتە سەر ژیانی ئیدئۆلۆژیکی ناوبراو. ژیانی ئیدئۆلۆژیکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە سەر چوار بەشی جیادا دابەش دەبێ! ئەم چوار بەشە لە چوار قۆناغی ژیانی ئۆجەلاندا بە دی دەکرێن کە بریتین لە:

- قۆناغی پێش لە دامەزرانی پەکەکە: ئۆجەلانی ئیسلامی
- قۆناغی دوای دامەزراندنی پەکەکە: ئۆجەلانی مارکسیست ـ لێنینیست
- قۆناغی ناسیۆنالیست–سۆسیالیست
- قۆناغی دوای دەستگیر کرانی ئۆجەلان: بووکچینیزم

لە ڕاستیدا ئیدئۆلۆژییەک کە بە ئیدئۆلۆژیی ئاپۆییستی ناوی دەر کردووە و پەکەکە و لق و پۆپەکانی بە پێی ئەوە دەجووڵێنەوە، تێکەڵێکە لەو چوار ئیدئۆلۆژییە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا. لە دووتوێی کتێبەکانی ئۆجەلاندا کە ئیدئۆلۆژیی ئاپۆییستیی داڕشتووە، شوێن پێی ئەم ئیدئۆلۆژییانە بە زەقی دیارە کە لە درێژەی ئەم بەشەدا بە وردی باسی لە سەر دەکرێ. لە بەرئەوەی کە ئۆجەلان دەڵێ: «پەکەکە واتە ئاپۆ» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٨٦) و «پەکەکە بنەماڵەی منە» (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-س،١٤٤) ژیانی ئیدئۆلۆژیکی ئۆجەلان و ئیدئۆلۆژیی ئاپۆییستی و پەکەکە پێوەندییەکی قووڵ و لێکدانەبڕاویان پێکەوە هەیە. بۆیە کاتێک کە باس لە سەر ژیانی ئیدئۆلۆژیکی ئۆجەلان دەکرێ، هاوکات بە مانای ئیدئۆلۆژیی ئاپۆییستی و ڕێبازی سیاسی-ئیدئۆلۆژیکی پەکەکەیە.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەڵێ بە درێژایی تەمەنم بە شوین «هەقیقەت»ەوە بووم و هەر کە خۆمم لە نێو بنەماڵە و گوندەکەماندا ناسی، پرسیاری «هەقیقەت چیە؟» لە زەینمدا چێ بوو. ئەو دەڵێ هەر بۆیە لە بەرانبەر بنەماڵە و گونددا سەرهەڵدانم کرد و دواتر ڕووم لە ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی کرد. (ئۆجەلان: ٢٠٠٣، ١٠٦) ئەم پرسیارە هۆی سەرەکیی ڕاکێشرانی ئۆجەلان بۆ نێو ئیدئۆلۆژییە جۆراوجۆرەکانە، بەڵام ئایا ئیدئۆلۆژی مرۆڤ دەگەیەنێتە هەقیقەت؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ سەرەتا بزانین ئیدئۆلۆژی چیە و پاشان تایبەتمەندییەکانی کەسی ئیدئۆلۆگ دەستنیشان بکەین، چونکە ئیدئۆلۆژی لە لای ئۆجەلان گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو لەم بارەیەوە دەڵێ: پەکەکە پێش لە هەموو شتێک بزووتنەوەی دەستەبەر کردنەوەی ئیدئۆلۆژی و مەعنەوییەتی گەلێکە کە ئیدئۆلۆژی و مەعنەوییەتی خۆی لە دەست دابوو. ئەم خاڵە دەبێ بە باشی دەرکی پێ بکرێ چونکە خاڵێکی بنەماییە. کۆمەڵگا و نەتەوەیەکی بێ ئیدئۆلۆژی، بوونی نیە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ب، ٩١و ١٦٠).

## چەمکی ئیدئۆلۆژی

ئیدئۆلۆژی بریتییە لە کۆمەڵێک باوەڕ و چەمک کە لە ڕێگەی ڕێبەریکردن و هەڵبژاردنی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی ساکار لە بەرانبەر تاکەکان و گرووپەکاندا، بانگەشەی شرۆڤەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکا. (وشەدانی زانستی کۆمەڵایەتی:١٩٦٤، ٣١٥) ئیدئۆلۆژی بەشێکە لە چوارچێوەی مۆدیلە فیکرییەکانی هێندێک لە گرووپەکان بۆ شرۆڤە کردنی دەوروبەر و چۆنیەتیی ڕێکخستنی دەوروبەر. (پارسۆن: ١٩٥١، ٢٤) ئیدئۆلۆژی لە دوو وشەی یونانی (ئیدە) و (لۆژی) پێکهاتووە. سەرەتا لە شۆڕشی فەرانسەدا کەڵکی لێوەرگیرا. ئیدئۆلۆژی بۆ یەکەمینجار لەلایەن ئانتوان دوو تراسی فەیلەسووفی فەرانسییەوە لە ساڵی ١٧٩٦ی زایینی کەڵکی لێوەرگیرا، ئەو سێ بواری لێکجیاکردبووە: «ئیدئۆلۆژی، ڕێزمانی گشتی و لۆژیک»، کە یەک لە دوای بابەت، کەرەستە و بنەما بۆ ئەم زانستە هەڵدەسەنگێنێ. (کێنێدی: ١٩٧٩، ٣٥٣-٣٥٨) بەپێی مەکتەبی مارکسیزم ئیدئۆلۆژی سەرپۆشی ڕاستییەکان و شێوەیەک لە فریوی ڕای گشتییە و مرۆڤەکان وا لێدەکات کە ڕاستییەکان بە پێچەوانە ببینن. ئیدئۆلۆژی هیچ ڕەسەنایەتییەکی نیە و ئەندێشەگەلێکی فەلسەفی، مافناسانە و ئەخلاقین کە بە پێی پێویستیی ژیانی مرۆڤ داڕێژراوە و بە گۆڕانی ژیانی مرۆڤیش گۆڕانی بە سەردا دێت، بەڵام ئەو مرۆڤانەی کە لەم خاڵە نائاگان، ئیدئۆلۆژی بە خاوەن ڕەسەنایەتی و سەربەخۆیی دەزانن، بۆیە بۆ سەلماندنی ڕاستبوونی تێدەکۆشن، دەمارگرژی دەکەن، دەجەنگن و فیداکاری دەکەن، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی باری ژیانی مرۆڤەکان قۆناغێکی دیکە دەستپێدەکات، مرۆڤەکان لە خەو ڕادەچڵەکێن و وریا دەبنەوە و بۆیان دەردەکەوێ کە فریویان خواردووە و دەزانن کە ئەو هەموو هەڵچوونانە لە پێناو هیچدا بوو. وەک مارکس دەڵێ: «مرۆڤ بەو جۆرە کە بیر دەکاتەوە دەژی، نەک بەو جۆرە بژی کە بیر دەکاتەوە». (ع. سروش:١٣٨٤، ١٠٣).

ئەگەر ئێمە قبووڵ بکەین کە ئیدئۆلۆژی یارمەتیدەری شرۆڤەی جیهانی کۆمەڵایەتییە و ڕێگەیکی باش و گونجاو بۆ دەستنیشانکردنی کێشەکانی ژیان دەخاتە ڕوو، دەتوانین تێبگەین کە چۆن ئیدئۆلۆژی نیشاندەر و بەهێزکەری ئەو شتەیە کە سایکۆلۆژیستەکان دەتوانن وەک بابەتی پێوندییانە، مەعریفییانە و

پێویستییە ئێگزیستێنسیاڵییەکان ئاماژەی پێ بکەن. (جۆست، لێجێروود و هاردین: ٢٠٠٨، ٧١-٨٦) ئیدئۆلۆژییە تایبەتەکان باسیان لە دەرک، مانا و بەهاگەلی گرووپێکی ناسراو، چینی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە کردووە و دایانڕشتووە. (کنایت: ٢٠٠٦، ١٩-٢٦)، (فریدن: ٢٠٠١) ئیدئۆلۆژییەکان لە لایەکەوە تێدەکۆشن جیهان بەو شێوەیە کە هەیە شرۆڤە بکەن ـ بە ئیدیعا کردن یان بۆچوون لە سەر سروشتی مرۆڤ، مێژووی ڕووداوەکان، دەستنیشانکردنی ڕاستییەکان و پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی داهاتوو- و لە لایەکی دیکەوە بەو شێوەیە کە دەبوایە ببێ وێنای دەکەن و مێتودگەلێک بۆ دەستەبەربوونی دۆخی دڵخوازی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی دەخەنە ڕوو. تا ئەم ئاستە ئیدئۆلۆژییەکان کۆمەڵگە شرۆڤە دەکەن، بەڵام کێبڕکێ لەمەڕ ڕوانگەکان بەرانبەر بە ژیان و چۆنیەتیی ژیان (کۆمەڵگە چۆن دەبێ ڕێبەری بکرێ) لە سەر بنەمای ئەوەیە کە ئیدئۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان دەبێ لانیکەم هێندێک شێوە و ڕەوتی کۆمەڵایەتی، پێناسەکەرانە و پاڵنەرانە بۆ شوێنکەوتوانیان بەرهەم بێنن. (جۆست: ٢٠٠٦، ٥١-٧٠) بە شێوەیەکی گشتی، تێگەیشتن لە ئیدئۆلۆژی بە سەر چوار بەشدا دابەش دەکرێ:

• ئیدئۆلۆژی شێوە فیکرێکی بەلاڕێداچوو و درۆیینە، بۆ نموونە ئاگایی مرۆڤەکان کە لە کۆمەڵگەی کاپیتالیستیدا وەک سووژە ئەژمار دەکرێ. ئەم خوێندنەوە لە بۆچوونی مەعریفەناسیی نەرێنییەوە سەرچاوەی گرتووە و لەلایەن مارکس و ئێنگلسەوە دانراوە.

• ئیدئۆلۆژی وەکوو کۆمەڵێک ئیدە، بۆچوون، ڕوانگە، باوەڕ و تێگەیشتن مانا کراوەتەوە، وەک ڕوانگەی چینێک یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی. ئەم خوێندنەوە لە باری کۆمەڵایەتییەوە ڕێژەییە، ئەم ڕوانگەیە زیاتر لە ڕوانگە و بۆچوونە پۆست مارکسییەکان و ڕەخنەی کارل مانهایم لە سەر پێش بینییەکانی ماتریالیزمی مێژووییدا دەبینرێت.

• ئیدئۆلۆژی سیستمێکی فیکریی کەم تا زۆر ئاگایانەیە. ئەمە خوێندنەوەیەکی سنووردار لە ئیدئۆلۆژییە کە دوو خوێندنەوەی سەرەوە دەگرێتەوە. ئەم خوێندنەوەیە تا دەیەی ١٩٦٠ی زایینی تێگەیشتنی سەرەکی لە ئیدئۆلۆژی لە نێو باسە فەلسەفی و سیاسییەکاندا بوو. لەم ڕوانگەیەدا ئیدئۆلۆژی سیستمێک

له باوەڕەکانە کە تاک بەشێکی بە شێوەی ئاگایانە هەڵدەبژێرێ و بەشێکی دیکە بەبێ ئەوەی کە بزانێ لە کۆمەڵگە بە دەستیدەهێنێ.

- ئیدئۆلۆژی وەک دەزگای ڕاگەیاندنی نائاگایانەی هەڵسوکەوتە باوەکان ئەژمار دەکرێ. ئەم خوێندنەوە لەلایەن مارکسەوە کراوە و دواتر لە لایەن «ئانتۆنیۆ گرامشی» و «لوویی ئاڵتووسر»ەوە پەرەیان پێدراوە. ئەم خوێندنەوە لە دەیەی ٦٠ بەم لاوە جێگای پەسندتر بوو. ئەم پێناسەیە درێژەی پێناسەی مارکسیستی لە ئیدئۆلۆژییە، بەو جیاوازییەوە کە ئیدئۆلۆژی بە ئاگاییەکی تەواو درۆیین نازانێ، بەڵکوو بەشێکی کە نائاگایانەیە بە بەرپرسی بەشێک لە کردەوەی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەی دەزانێ. (م. پین: ١٩٦٦، ٩٠)

بەشێکی زۆر لە پارتە سیاسییەکان کردەوە و بەرنامەکانی خۆیان لە سەر ئیدئۆلۆژی دادەمەزرێنن. لە نێو کۆمەڵناسیدا ئیدئۆلۆژیی سیاسی کۆمەڵە ئەخلاقێکی تایبەت لە ئیدەئال، پرێنسیپ، دۆکترین، ئۆستوورە یان سیمبۆلەکانە لە نێو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەکان، چینی کۆمەڵایەتی یان گرووپێکی گەورەتردا کە چۆنیەتیی پێوەندییەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکەن و فۆرمێکی سیاسی و کولتووری بۆ کۆمەڵگەیەکی تایبەت پێشنیار دەکەن. ئیدئۆلۆژیی سیاسی زیاتر لە هەموو شتێک لە سەر چۆنیەتیی دابەشبوونی دەسەڵات و چۆنیەتیی بەکارهێنانی باس دەکات. ئیدئۆلۆژیی سیاسی دوو ڕەهەندەیە: «یەکەم ئامانجە کە چۆنیەتیی جووڵانی کۆمەڵگە دیاری دەکات. دووهەم مێتۆدە کە شێوەی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانج دیاری دەکات». بەم پێیە ئیدئۆلۆژیگەلێکی جۆراوجۆر هەیە کە دەتوانین بە ئانارشیزم، کۆنسێرڤاتیزم، لیبرالیزم، سۆسیالیزم و ئیدئۆلۆژییە دینییەکان ئاماژە بکەین.

### تایبەتمەندییەکانی ئیدئۆلۆژی

ئیدئۆلۆژی خاوەنی چەندین تایبەتمەندیی سەرەکییە کە بریتن لە:

- **ئیدئۆلۆژی وەک چەک کەڵکی لێوەردەگیردرێ:** لنین دەیگوت کردەوەی شۆڕشگێڕانە پێویستی بە تیئۆریی شۆڕشگێڕانەیە. تاک بە هەبوونی تیئۆرییەکی

شۆڕشگێڕانه (ئیدئۆلۆژی) دەزانێ که چ دەبێ بکا و چ شتێک دەبێ بدڕێنێ و لێبڕاوانەش دەیدڕێنێ، ئیدئۆلۆژی تەنیا دەتوانێ بدڕێنێ و توانای دوورینەوەی نیە.

• **ئیدئۆلۆژی ڕوون و لێبڕاوە،** بۆیە بە هیچ شێوەیەک پرسیارە فەلسەفییەکان و گومانە زانستییەکان قبووڵ ناکات. تاکی ئیدئۆلۆگ نەک هەر ناتوانێ بیرێکی جیاواز لە ئیدئۆلۆژییەکەی قبووڵ بکات، بەڵکوو زوو بە زوو هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان لایەنگران و دژبەراندا دەکێشێ و ئیدئۆلۆژییەکەی وەک بەرنامەیەکی حیزبی دەخاتە ڕوو و بە سانایی ئەو ئەندێشە شرۆڤەهەڵگرانەی کە دەبنە هۆی لاوازبوونی چەکی ئیدئۆلۆژییەکەی، وەلاوە دەنێ.

• **ئیدئۆلۆژی بەپێی جۆری دوژمن و شێوەی خەبات چێ دەبێ،** بۆیە ئیدئۆلۆژییەکان کاتین و بە نەمانی دوژمن لە نێو دەچن. هەر بۆیەشە لە لایەکەوە دژی دوژمنن و لە لایەکی دیکەوە دوژمنچێکەرن. واتە لەگەڵ ئەوەیکە لە دژی دوژمن چێ دەبن، هەمیشەش بۆ ئەوەی کە تازە بمێننەوە و تێدا نەچن، دوژمن بۆ خۆیان ساز دەکەن.

• بۆ ئیدئۆلۆژی جووڵەکردن لە هەقیقەت گرینگترە و ئەگەر خوازیاری هەقیقەتێکیشن، ئەوە لە ناو خۆدی جووڵەکە و لە چوارچێوەی جووڵەکەدا دەیخوازن.

• **ئیدئۆلۆژی زیاتر بیر لە شۆڕش دەکاتەوە تا سەقامگیری،** بۆیە ئیدئۆلۆژی هیی سەردەمی دامەزراندنە. هەر مەکتەبێک لە ماوەی ژیانی خۆیدا دوو قۆناغی هەیە، قۆناغی دامەزران و قۆناغی سەقامگیری. گرینگترین پرسیارێک کە لە بەرانبەر هەر ئیدئۆلۆژییەکدا هەیە ئەوەیە کە گەلۆ ئەم ئیدئۆلۆژییە بە کەڵکی قۆناغی سەقامگیربوونیش دێت یان نا؟ هەر لە بەر ئەمەیە کە کەسانێک وەک مائۆ و چێگوارا بۆیان دەرکەوتبوو کە ئیدئۆلۆژی هیی سەردەمی شۆڕش و دامەزرانە و تێئۆریی شۆڕش لە نێو شۆڕشیان هێنایە ئاراوە. بەپێی ئەم تێئۆرییە دەبێ کۆمەڵگەیەکی شۆڕشگێڕی هەمیشە لە فۆرمی شۆڕشگێڕانەدا ڕابگیردرێ، چونکە ئەوکات ئیدی شۆڕش هەمیشەییە و هەموو کات پێویستی بە چەکی شۆڕش واتە ئیدئۆلۆژی دەبێت.

• ئیدئۆلۆژی دەبێ چینێکی دیاریکراوی شرۆڤەکاری فەرمیی لە پشت بێت کە

ئیدئۆلۆژییەکە شرۆڤە بکەن کە کام ڕێگە ڕاستە و کام ناڕاستە. بۆیە دەبێ شرۆڤەیەکی ڕوون لە ئیدئۆلۆژییەکە بکرێ (ع. سروش: ١٣٨٤، ١٠٦-١١٧).

لێرەدا یەکێک لە هەڵە زەقەکانی ئۆجەلان دەردەکەوێ، کە ئەویش گەڕان بە شوین هەقیقەت لە نێو ئیدئۆلۆژیدا، واتە لە نێو شتیکدایە کە خۆی سەرپۆشێکە بۆ هەقیقەت. بە وتەی عەبدولکەریم سرووش، ئیدئۆلۆژی زیاتر بیر لە جووڵان دەکاتەوە تا هەقیقەت، ئەگەر بیر لە هەقیقەتیش بکاتەوە لە نێو بازنەی جووڵانەکەدایە. بۆیە ئۆجەلان ئەگەر بە دوای هەقیقەتیشدا گەڕابێت، لە نێو بازنەی ئەو ئیدئۆلۆژییەدا بۆی گەڕاوە کە دەستکردی خۆیەتی و سروشتییە تا ئێستاش پێی نەگەیشتووە.

## بازنەی ئیدئۆلۆژی

لە باری مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە چێبوون و ڕەنگدانەوەی ئیدئۆلۆژی و ڕۆیشتن بەرەو پیری ئەم تێگەیشتنە درۆیینەیە لە پێنج بیاڤدا دەدۆزرێتەوە:

**١ـ سەفسەتە:** سوفیستاییەکان لە یونانی کۆندا بە یارمەتیی فێڵ و تەڵەکەی فیکری و پارالۆجیزم وەڵامی بەرانبەرەکەیان دەدایەوە و مەبەستی خۆیانیان دەسەپاند. ئەم ئارگۆمێنتە ساختانە بە شێوەی وتار بڵاو دەبوونەوە، بەڵام نەک بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت، بەڵکوو بۆ بێدەنگ کردنی ڕکابەر. ئەم کەسانە دڵەڕاوکێی ڕاست و ناڕاستیان نەبوو و هیچ ئارگۆمێنتێکیشیان نەبوو، ئەوان تەنیا بە پێی بەرژەوەندی لە بەرانبەر یەکتردا ڕیزیان دەبەست. وتراوە کە ئەرەستوو زانستی لۆژیکی بۆ بەرپەرچدانەوەی سوفستاییەکان داهێنا. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئیدئۆلۆژی ئەوەیە کە پارێزەری بەرژەوەندیی تاک، چین، دەسەڵات یان... بێ و پێویستی بە ئارگۆمێنت نیە. بۆیە لێرەدا ئەوە بەرژەوەندییەکانن کە ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە نەک ئارگۆمێنتەکان، بەڵام سیمای ئارگۆمێنت بە خۆیانەوە دەگرن.

**٢ـ ئیمان (باوەڕ):** ئیمان لە ڕەگەزی فیکر نیە و لە ڕەگەزی ئیرادەیە، ئیرادەیەک کە پێشتر لە سەر ئەندێشە یان هۆکارێکی دیکە دانراوە. ئیمان

بە هۆی ئەوەیکە زامنی بڕیار و ئیرادەیە، بە پێچەوانەی ئەندێشەی ڕووت، پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ نواندنی کردەوە. ئەندێشە دەتوانێ بە ڕاست یان درۆ دەربچێ، بەڵام ئیمان ڕاست و درۆ هەڵناگرێ، بەڵکوو بەهێز و بێ هێزی هەیە. کاتێک کە زانایانی کەلامی قەدەرخواز و ئیرادەخواز لە بەرانبەر یەکدیدا ڕادەوەستن و دژی یەکتر ئارگۆمێنت دێننەوە، لە ڕاستیدا ئەوە ئیمانەکانیانە کە پێکەوە دەجەنگن. واتە ئاوەزی ئەوان پێشتر ئیمانی هێناوە و ئەوان تەنیا ڕواڵەت و فۆرمی ئاوەز بەو شتە دەدەن کە پێشتر ئیمانیان پێ هێنابوو. زۆرینەی باسەکانی ئەمانیش لە ڕاستیدا ئیدئۆلۆژیک، واتە نائاوەزمەندانە بوو.

**٣ـ ئەو حوکمانەی کە ناسەلمێن:** بە بۆچوونی کانت لە فەلسەفەدا هێندێک باسی متافیزیکی هەیە وەک جەبر و ئیختیار (قەدەر و ئیرادە)، ساکاربوون یان تێکەڵاوبوونی کەرەستە، سنووردار یان بێ سنووربوونی جیهان لەو مەسەلانەن کە لە ڕووی ئاوەزەوە نە دەسەلمێندرێن و نە پووچەڵ دەکرێنەوە. بۆیە باوەڕمەندی یان بێ باوەڕی بەو مەسەلانە ناتوانێ بە هۆی ئارگۆمێنتەوە پشتڕاست بکرێتەوە. لەم سۆنگەیەوە بۆ پاساودانەوەی ئەم مەسەلانە دەبێ پەنا ببرێتە بەر شێوەگەلی نامەعریفی. واتە باس لە سەر قبووڵ یان ڕەتکردنەوەی ئەم مەسەلانە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ڕیزبەندیی لاگری و مەیلی ڕازیبووان و حاشاکەرەکان. بۆیە کاتێک کە لە سەر ئەم مەسەلانە گرژییەکی ئارگۆمێنتی ڕوو دەدات، لە ڕاستیدا ئەوە جەنگی ئارگۆمێنتەکان نیە، بەڵکوو جەنگی مەیل و چێژە جیاجیاکانە.

**٤ـ بایەخەکان و ئەخلاق:** ئەخلاق و بایەخەکان شتی ئیعتیبارین و ئارگۆمێنت هەڵگر نین. لە کاتێکدا کە لە سەر ئەم بایەخانە ناکۆکییەک پێکدێت، لە ڕاستیدا کولتوور و پەروەردەی مرۆڤەکانە کە لە بەرانبەر یەکدیدا ڕیز دەبەستن، هەرچەند شێوەی ئارگۆمێنتی بە خۆوە دەگرێ.

**٥ـ کاتێک کە دوو حیزبی سیاسی پێکەوە دەجەنگن،** هێزەکان پێکەوە دەجەنگن، بە ڕواڵەت دژی یەکتریش ئارگۆمێنت دێننەوە و دەیانەوێ بە شێوەی ئەخلاقی و ئاوەزمەندانەش یەکتر بە قەناعەت بگەیەنن. (ع. سروش ١٣٨٤، ٨٠-٨١)

## پێکهاتەی ئیدئۆلۆژی

هەر ئیدئۆلۆژییەک دوو تەوەری هەیە:

- کۆی دامەزراوە ئیدئۆلۆژیکەکان.
- کۆی باوەڕەکانی خەڵکی بەردەنگی ئیدئۆلۆژییەکە.

کۆی دامەزراوە ئیدئۆلۆژیکەکان خۆی خاوەن دوو بەشە:

- کۆی هێماکان.
- کۆی دامەزراوە فۆرمگرتووەکان.

## هێماکان دوو جۆرن:

- هێما دیسکۆرسییەکان
- هێما نادیسکۆرسییەکان

هەموو دامەزراوە ئیدئۆلۆژییەکان لە هەر ئیدئۆلۆژییەکدا بەشی دیاری (عینی) ئەو ئیدئۆلۆژییەن، چونکە کۆی نیشانەکان لە کۆی دامەزراوە فۆرمگرتووەکاندا پێناسە دەکرێن. کۆی نیشانە دیسکۆرسییەکانی هەر ئیدئۆلۆژییەک پێک هاتووە لە یاساکان، دروشمەکان، سروودەکان، چیرۆک، شێعر و وتار... کە لە فۆرمی کتێب، ڕۆژنامە و دەزگای ڕاگەیاندن (ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن و...)دا دەر دەکەون. کۆی هێما نادیسکۆرسییەکان تێکەڵێکە لە گەڵاڵەکان، پێوەندییەکان، ئارمەکان، وێنەکان، پەیکەرەکان، توتمەکان، هەڵپەڕکێکان، مۆسیقا...

دامەزراوە فۆرمگرتووەکانی ئیدئۆلۆژی یان بە شێوەی کەنیسە، کڵێسا، مزگەوت، مینبەر، خانەقا، حیزبەکان، ڕێکخراوەکان دەردەکەون کە بە ئاشکرا وەک دامەزراوەیەکی ئیدئۆلۆژیک کار دەکەن، یان بە شێوەی ناوەندە وەرزشییەکان، تۆڕە پێوەندییەکان (ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، چاپەمەنی، ڕێکخراوەکانی چاپەمەنی و زانیاری و...)، زانستگەکان و ناوەندە زانستی، پەروەردەیی و لێکۆڵینەوەییەکان کە لە خودی خۆیاندا خاوەنی ئەرک و فۆنکسیۆنی ئیدئۆلۆژیک نین. کۆی باوەڕەکانی خەڵکی بەردەنگ بەشی زەینیی ئیدئۆلۆژییە، واتە وێنەیەک لە

پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ڕێگەی ناوەندە ئیدئۆلۆژیکەکانەوە لە زەینی تاکەکاندا چێ دەبێ، ئەم وێنەگەلە کاتێک دەردەکەون یان بە شێوەی کۆی هێماکان دەر دەکەون و یان دامەزراوە فۆرمگرتووەکان بەرهەم دێننەوە و لە ئاکامدا بەرهەم هێنەرەوەی پێوەندیگەلێکی کۆمەڵایەتیی دەستنیشانکراون کە ئیدئۆلۆژی سەرچاوەی ئەوانە. وێنەی باوی ئیدئۆلۆژی زۆرجار بە ئیدئۆلۆژی لە فۆرمی زەینیدا دادەنرێ. لەم وێنە ساویلکانەیەدا بەشی «عەینی» ئیدئۆلۆژی لە بەرچاو ناگیردرێت. (خسروی کمال: ١٣٨٢، ٢١١ و ٢١٢).

## ئەرک و فۆنکسیۆنی ئیدئۆلۆژی

بە گشتی ئەرک و فۆنکسیۆنی ئیدئۆلۆژی بە سەر پێنج تەوەردا دابەش دەبێ:

- پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بنەمای زاڵبوون
- پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی ڕەوایی دامەزراوە ئیدئۆلۆژیکەکان
- پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی شۆناسی بەردەنگەکان
- پاراستنی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی
- راوەستان لە پلەی پاڵنەری کردەوە و کەرەستەیەک بۆ پاساوی کردەوە و ئاکامەکانی (خسروی کمال: ١٣٨٢، ٢٤٩)

دەتوانین بە کەڵک وەرگرتن لە بۆچوونی ماکس وێبێر ئەرکی ئیدئۆلۆژی وەک پاڵنەری کردەوە، بە جۆرێک ببینین کە هەموو کردەوەکانی مرۆڤ بە سەر چوار شێوەی دڵخواز دابەش دەکات :

١ـ کردەوەی ئاوەزیانە لە سەر بنەمای ئامانج: لە سەر بنەڕەتی بەرنامە و پلان جێبەجێ دەبن.

٢ـ کردەوەی ئاوەزمەندانە لە سەر بنەمای بایەخ: کردەوەگەلێکن

که له سەر بنەڕەتی بایەخ (دینی، مرۆیی، ئیدئۆلۆژی...) جێبەجێ دەبن.

٣ـ کردەوەی نەریتی: کردەوەگەلێکن که له سەر بنەمای نەریت و راهاتن جێبەجێ دەبن.

٤ـ کردەوەی سۆزدارانە: ئەم کردەوانە له سەر بنەمای سۆز و پاڵنەرەکان جێبەجێ دەبن. (شەیفلۆ: ٢٠١١، ٤٣)

## بنیاتنانی کۆمەڵگەی ئیدئۆلۆژیک

ئیدئۆلۆژی لە بنەڕەتدا دەیەوێ کۆمەڵگە بڕژێنێتە نێو قاڵبی خۆی... مارکسیستەکان دەیانەویست خەڵک بە جۆرێک پەروەردە بکەن کە بە گیان و دڵ مارکسیزمیان قبووڵ بێت. بە شێوەیەک کە ئەگەر خەڵکەکە ئازاد بن، هەموویان بە مارکسیزم دەنگ بدەن، بەڵام ئەمە قەد بۆیان جێبەجێ نەبوو. لە سەر بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئیدئۆلۆژیک، دەبێ وەڵامی دوو پرسیار بدرێتەوە:

**١ـ گەلۆ لە باری تێئۆری و کردەوەوە دەکرێ کۆمەڵگەیەکی ئیدئۆلۆژیک چێ بکرێ؟ واتە گەلۆ دەکرێ کۆمەڵێک مرۆڤی لە ڕادەبەدەر ئاڵۆز بە پێی بەرنامەیەکی لەپێش داڕێژراو چێ بکرێن؟**

**٢ـ گەلۆ ئەگەر ئەم بەرنامەیەش جێبەجێ کرا، شتێکی باشە؟**

لە وەڵامی ئەم دوو پرسیارەدا دەبێ بگوترێ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی لەو شێوەیە پێویستی بە ڕادەیەکی زۆر بەرفراوان لە زانیاریی کۆمەڵناسی، ئانترۆپۆلۆژی و ئابووری هەیە و لە ئێستادا بە هیچ شێوەیەک ناکرێ. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کۆمەڵناسیی ناتۆرالیستی لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە کۆمەڵگە بەشێک لە سروشتە و هەر وەک مرۆڤ بە دۆزینەوەی هێزەکان و یاساکانی سروشت توانی

بە سەر سروشتدا زاڵ بێت، دەتوانێ بە دۆزینەوەی هێز و یاساکانی کۆمەڵ، بە سەر کۆمەڵگەشدا زاڵ بێت، بەڵام زۆر زوو لە بواری زانستی مرۆییدا ڕکابەرێکی بەهێز بۆ ئەم شێوە ڕوانینە هاتە ئاراوە کە پێی وابوو کۆمەڵگە وەک تێکستێک دەبێ فام بکرێ.

ئێستا ئەگەر دەستەبەرکردنی ئەم ڕادە زۆرە لە زانیاریی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری و زاڵبوون بە سەریاندا بلوێ، دیسانیش هەر باش نیە. چونکە نابێ قەد لە بیری خۆمان ببەینەوە کە خەنجەرێکی تیژ هەموو کات ناکەوێتە دەستی مرۆڤێکی پاک و دڵسۆز، لەوانەیە بکەوێتە دەستی کەسانێک کە بیانەوێ مرۆڤەکان بکەنە کۆیلە. ئەم مەسەلەیە وەک مەسەلەی پیشەسازی وایە. کاتێک مرۆڤ بە سەر هێزێکی سروشتیدا زاڵ دەبێ، ئەم زاڵبوونە هەمیشە مرۆڤ بەرەو بەهەشت نابات، بەڵکوو دەتوانێ بەرەو جەهەنەمیش ببیات. بۆیە کاتێک مرۆڤێکی ناپاک بەهێز دەبێ، ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەیە کە بەرەو جەهەننەم بڕوات.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە ئیدئۆلۆژیکەکان خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر بۆ کەسێکە کە پێیان وایە بە شێوەیەکی ڕەها بێ کەموکۆرتی و تەواوە. ئەم عەشقە ئارمانجیان پێ دەبەخشێت، بەڵام لە تەنیشت ئەوەدا شێوەیەک لە نەفرەت و ڕق و قین پێکدێت، نەفرەت لە هەموو ئەو کەسانەی کە دژی ئیدئۆلۆژییەکەن و باوەڕیان پێی نیە. تایبەتمەندییەکی دیکە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئیدئۆلۆژیک فرەچەشنی و فرەدەنگی قبووڵ ناکات. لە ئیدئۆلۆژیدا بۆ هەر پرسیارێک وەڵامێکی دیاریکراو هەیە و چاوەڕوانی بۆ فرەوەڵامی بێ مانایە. بوونی چینی فەرمی لە شرۆڤەکارانی ئیدئۆلۆژی لە کۆمەڵگەی ئیدئۆلۆژیکدا تایبەتمەندییەکی دیکەیە. تایبەتمەندییەکی زەقی دیکەی کۆمەڵگەی ئیدئۆلۆژیک وەهمی بێ منەتبوون و بێ کێشە بوونە، هەر ئیدئۆلۆژییەک خۆی لە ڕادەیەک لە خۆبژێوی و بێ کێشە بووندا دەبینێ کە ئەوانی دیکە نیانە، هەر ئەم وەهمە ڕێگەی ئاڵوگۆڕ کردن لە نێوان ئەمان و ئەواندا دەگرێ، بە چاوێکی سووک تماشای ئارمانجی ئەوانیتر دەکەن و نەک هەر گاڵتە بە کۆمەڵگەکانی دیکە دەکا، بەڵکوو لە بنەڕەتدا ئاوەز بە سووک دێنێتە ئەژمار. (ع سروش: ١٣٨٤، ١٣٤-١٤٠).

## قۆناخەکانی بە ئیدئۆلۆژیک کردنی تاک

هەر ئیدئۆلۆژییەک دەتوانێ لەلایەن لایەنگرانییەوە بە شێوەیەکی تۆتالیتاری دەربکەوێ، بەڵام ئەمە بە ئەگەری زۆرەوە لە ئیدئۆلۆژییە ئایینیەکان یان ئەو ڕێکخراوە سیاسییانەدا ڕوو دەدات کە ناوەڕۆکی ناڕوون و ئیددیعای بەرزەفڕانە و مەسیحاییان هەیە. لە شوێنێکدا کە تۆتالیتاریسم سەر هەڵدەدات، تۆزێک زیاتر لە دینێکی تایبەت یان بزووتنەوەیەکی سیاسی دەبێ. ڕۆبێرت جەی لیفتۆن دەروونناسێکە کە لە سەر شوشتنەوەی مێشک و کۆنترۆڵی مێشک لێکۆڵینەوەی کردووە. ئەو ئەم مێتۆدە بە «چاکسازیی بیر» یان هەمان شوشتنەی مێشک، ناو دەبات. بۆ باشتر تێگەییشن لە شێوەی بە ئیدئۆلۆژیک کردنی خەڵک، پێویستە ئاماژە بەم یازدە خاڵە بکرێ. لە شیکردنەوەکانی دوو قەشەی فەرەنسیدا کە لە ژێر پرۆسەی مێشک شوشتنەوەدا بوونە، پرۆسەیەکی یازدە خاڵی کە لە سەر ئەم دوو قەشەیە جێبەجێ بووە، بەمشێوەیە شرۆڤە دەکرێت:

### ١. هێرش بۆ سەر شوناس

شوناس بە شێوەیەکی سیستماتیک دەکەوێتە بە هێرش. ئەمە گەورەترین کاریگەریی لە سەر دابڕان لە شوناس هەیە و تاکەکان تووشی ئەو سەر لێشێواوییە دەکەن کە نازانن کێن؟ ونکردنی شوناس، لاوازکردنی باوەڕ و بەهاکانی بە دواوەیە کە دواتر گۆڕانیان زۆر ئاسانە. «هەموو ئەو تاکانە بە شتێک کەمتر لە مرۆڤ، بەڵام نە بە تەواوی وەک ئاژەڵێک گۆڕدرابوون، نە پێگەیشتوو و نە وەک منداڵ بوون، ئەوان مرۆڤێکەلێکی پێگەیشتوو بوون کە لە پلەی منداڵێک یان ئاژەڵێکدا بوون، بە جۆرێک کە بە هیچ شێوەیەک نەیاندەتوانی لە بەرانبەر ئەوەیدا کە پێگەیشتوویان خەوشدار دەکا وێنەی مامۆستا بەهێزەکان لە خۆیان بەرگری بکەن، هەستی خۆبەدەستەودان، هەستی هاوبەشی هەموویان بوو و هەموو هێز و دەسەڵاتی خۆیانیان لە دەستدابوو و چووکەترین هەوڵیان بۆ زیندووکردنەوەی شوناسی مرۆیی خۆیان نەدەدا». (لیفتۆن: ١٩٦٢، ٦٧)

## ٢. هەستی تاوانبار بوون

هۆکارگەلی نەگۆڕ کە تاک دەخەنە خانەی تاوانبارەوە و دوایی هەستی شەرمکردن دایاندەگرێت و خۆیان بە سزاواری سزادان دەزانن، ئەمە بڕگەیەکی دیکە لە ڕووخاندنی شوناسە. (لیفتۆن: ١٩٦٢، ٦٧) دوکتور وینسێنت لە وتووێژێکدا لە گەڵ لیفتۆن دەڵێ: «من بە شێوەیەکی سەیر تاوانبار بووم، من جینایەتکار بووم، شەو و ڕۆژ ئەمە هەست و بیری من بوو». (لیفتۆن: ١٩٦٢، ٦٨)

## ٣. خەیانەت بە خۆ

لێرەدا تاکەکان بە زۆرەملی دۆست و بنەماڵەی خۆیان وەلادەنێن و شوناسیان تێک دەڕووخێنن و هەستی تاوانبار بوونیان تێدا بەهێز دەکەن. ئەمە دەبێتە هۆی دابڕان لە ڕابردوویان و بنەمای داتاشینی کەسایەتییەکی نوێ لەواندا دادەڕێژرێ و کەسایەتییان بەو جۆرەی دادەڕێژن کە دەیانەوێ. «حاشاکردن و دوورکەوتنەوە لە دۆستان و هاوکاران کە دوکتور وینسێنت و بابە لووکا بە زۆرەملی کردیان، کاریگەرییەکی قووڵی لە سەریان دانا. تاوانبارکردنی ئەوان بوو بە هۆی پێکهاتنی هەستی شەرم و تاوان لە لایان و ژیانی ڕابردووی خۆیان بە شتێکی سووک دەهاتە بەرچاویان. لە ڕاستیدا ئەوان بە زۆرەملی حاشایان لە تاکەکان، ڕێکخراوەکان و ئیستانداردەکانی هەڵسوکەوت و ڕەفتار دەکرد کە چوارچێوەی ژیانی ڕابردوویانی پێکهێنابوو. ئەوان زیاتر لەوەی کە بە زۆرەملی خەیانەتیان بە دۆستان و هاوکارانی خۆیان کردبێت، بە زۆرەملی خەیانەتیان بە بنەماکانی هەبوونی خۆیان کرد». (لیفتۆن: ١٩٦٢، ٦٨ و ٦٩)

## ٤. خاڵی تێکشکان

هێرشی بەردەوام بۆ سەر شوناس، هەستی تاوانباربوون و خەیانەت بە خۆ، دەبێتە هۆی تێکشکان کە هەر وەک پچڕانی سیستمی ناو مێشکە لە ڕووداوێکی دیکەدا. ئەوان دەتوانن بەردەوام بگرین، بە توندی خەمۆکی دایاندەگرێ. لە ڕوانگەی دەروونییەوە ئەوان بە شێوەیەکی قووڵ شوناسی خۆیان لە دەستداوە و ترسی لەنێوچوون، باڵ بە سەریاندا دەکێشێت.

لیفتۆن لە سەر ئەم دۆخە دەڵێ: «دۆخەکە وەک ئەوە بوو کە لە پڕێکدا کەسێک لە ژیانی ئاسایی دوور بخەینەوە و ڕەوانەی نەخۆشخانەی نەخۆشە دەروونییەکانی بکەین، شوێنێک کە دەبێ دان بە تاوانگەلێکی گەورە، بەڵام ناڕووندا بنێت کە لە ڕابردوودا کردوونی، شوێنێک کە هەستی بێتاوانبوون وەکوو نیشانەی نەخۆشیی وەهم دێتە ئەژمار، شوێنێک کە هەموو نەخۆشە دەروونییەکان بە بۆنەی چارەسەرییەوە، ناچار دەکرێن کە دان بە تاوانەکانیاندا بنێن. هێرش و پەلامار بۆ سەر ئەو کەسە درێژەی دەبێ، ئەم هێرشانە کار لە سەر دەروونی دەکەن، لە پڕێکدا تووشی یەکێک لە ئازارە دەروونییە بنەڕەتییە ناسراوەکان بە دەستی مرۆڤ دێت، واتە ئازاری لەنێوچوونی ڕەها. ئازارێکی بنەڕەتی کە بە بۆچوونی زۆرێک لە پسپۆڕان وەک میراتی هەموو قەیرانە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ ناسراوە. ئەم خاڵە ئامانجی هەموو گوشارەکانی نێو گرتووخانەیە. وەها شتێک بە هۆی هەر مەترسییەک و هەر تاوانبارکردنێکی دەرەکی بەهێزتر دەبێ. دوکتور وینسێنت ئەم دۆخە ئاوەها شرۆڤە دەکات: «ئەوان بە شێوەیەکی زۆر نەشیاو لەگەڵ من هەڵسوکەوتیان دەکرد، من هەستم دەکرد کە هەموویان ڕقیان لە منە. من بیرم دەکردەوە کە بۆ دەبێ ئەوان لە من بێزار بن؟ مەگەر من چیم کردووە؟ زۆر کەمخۆر ببووم، تەنانەت لە خواردن و خواردنەوە دووریم دەکرد. من هەستم دەکرد کە بۆ نزمترین پلەی بوونم کشاومەتە خوار. هەستم دەکرد کە هیچ گۆڕانێک لەم دۆخەی مندا بەدی نایەت. بە تەواوی هیوای خۆمم لە دەستدابوو. بۆ ماوەی شەش حەوتوو جیا لەوەی کە بیرم دەکردەوە چۆن خۆم بکوژم، بیرم لە هیچی دیکە نەدەکردەوە.» (لیفتۆن: ١٩٦٢، ٦٩ و ٧١)

### ٥. نەرمی نواندن

ڕاست لەو کاتەدا کە تاک هەست بە لەنێوچوونی خۆی دەکات، پێشنیاری دۆستایەتی، هێرش نەکردنە سەر شوناسی بۆ ماوەیەکی کورت، جگەرەیەک یان خواردنەوەیەکی پێ دەدرێ. لەم کاتە زۆر کورتەدا ئەو تاکە دەتوانێ هەستێکی قووڵ لە ڕێزلێگیرانی لە لا چێ ببێ، ئەگەرچی ئەم نەرمی نواندنەش هەر لەلایەن ئەوانەوەیە کە زەخت دەخەنە سەری. ئەمە فۆرمێکی دیکە لە جێبەجێکردنی

پرۆسەکەیە. «سەرەتا بە منیان دەگوت کە دەتهەویست بە هۆی کێشەی دەروونییەوە خۆت بکوژیت، دوکتورەکان میهرەبانتر بوون، دواتر بەرپرسێک دەهات و بە زمانی دۆستانە دەستیّ دەکرد بە ئاخاوتن لەگەڵم: دەوڵەت نایهەویّ بتکوژیّ، بەڵکوو دەیهەویّ بتگۆڕیّ، ئێمە نامانهەویّ سزات بدەین، بەڵکوو دەمانهەویّ سەر لە نویّ پەروەردەت بکەینەوە، ئیدی وەک پێشتر هەستم بەبیّ هیوایی نەدەکرد، سەرئەنجام بەرپرسەکانیش هەڵسوکەوتێکی مرۆییانەیان کرد»، هەروەها لە درێژەدا هاتووە کە: «زەختەکانی ئەو شوێنە بە ناچار تاک دێننە نێو ڕیزی گرووپی ڕێفۆرمکراوەکان، بە تایبەتی بەشێک لە گرووپەکە کە خەریکە بە سەریدا زاڵ دەبن. بەم پێیە دەبێتە خاوەنی هێزێک کە یارمەتیی بەرپرسەکان لە ڕێفۆرم کردنیدا بدات». (لیفتۆن: ١٩٦٢، ٦٩ و ٧٢ و ٧٣)

## ٦. ناچار کردن بە دانپێدانان

دوای ئەوەی کە تاک لە لێواری تێکشکاندا دەگەڕێننەوە، لەگەڵ هێرشێکی دیکەدا بۆ سەر شوناسی بەرەوڕووی دەکەن. ئەمە دەتوانی هەست بە ئەرک کردنێک بێت لە بەرانبەر ئەو نەرمی نواندنەی قۆناغی پێشوودا. یان ئەوەیکە کۆمەڵێک دەرفەتیان بۆ ڕێک دەخەن کە دان بە تاوانەکانی خۆیاندا بنێن.

«تەنیا کەسانێک کە دان بە تاوانەکانی خۆیاندا دەنێن، دەتوانن درێژە بە ژیان بدەن». لە ڕاستیدا هەموو ناچارکردنەکان، زۆرلێکردنەکان، نەرمی نواندنەکان، شکاندنی شوناس و بەڵێنی هاتنی ڕۆژە خۆشەکان دەیانەویّ ئەو پەیامە بە بەندکراوەکان بگەیەنن. دوکتور وینسێنت و بابە لووکا بەو ڕایە گەیشتبوون کە بۆ بەدەستهێنانی بیر و ورووژانی نویّ، دەبیّ بیر و ورووژانە کۆنەکان وەلا بنرێن، ئەم ناچارکردن بە دانپێدانانە شتێکی نەگۆڕ نیە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، خێرایی زۆرتر و زۆرتر دەگریّ و هەستی خۆبەدەستەوەدان لەگەڵ خۆی دێنیّ بە شێوەیەک کە تۆ دەتهەویّ شتێک بڵێی، ئەوان زەختت دەخەنە سەر و تۆش هەست دەکەی کە دەبیّ شتێک بڵێی. کاتێک دەستپێکرد ئیدی بەردەوام شتی زۆرتر هەیە کە بیڵێی. (لیفتۆن: ١٩٦٢، ٧٤ و ٧٥)

## ٧. کاناڵیزەکردنی تاوان

هەستێکی گەورە لە تاوان و شەرم کە تاک هەستی پێ دەکا و لەو هەموو هێرشە بۆ سەر شوناسی گێژ دەبێ و نازانێ کە تاوانبارە بە چی، تەنیا هەست بە بەرپرسیارێتییەکی قورسی تاوان دەکات. ئەم سەرلێشێواوییە کارێک دەکات کە ئەو کەسانەی کە مرۆڤەکانیان بە دیلگرتووە، تاوانەکە بۆ ئەو شوێنە کە دەیانەوێ کاناڵیزە بکەن، کە وەک هەمیشە دەتوانێ ئەوە بێت کە ژیانێکی پر لە خراپە و شوورەییتان هەبووە، بە هۆی ژیان لە ژێر دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژییەکی خراپدا. دوای ئەوەی کە تاک خۆی بە دەست ئەو ڕایەوە دا کە هەموو کات دەبێ لە خۆی ڕەخنە بگرێ، ئەو ئامادەی فێربوونی چوارچێوەی چاکسازیی بیر لە ڕێگەی هەست بە تاوانکردن و دانپێدانان بە تاوانەوە بووە. ئیدی هەستی شەیتانی کە لە ڕابردوودا ناڕوون بوو، وەک کەرەستەیەک بۆ چاکسازیی ئەو کەڵکی لێ وەردەگیرێت. شتانێک کە لە ڕابردوودا ئەرێنی بوون و دەکرا چاوپۆشییان لێ بکرێت، لەم قۆناغەدا وەک تاوان دێنە ئەژمار. (لیفتۆن: ١٩٦٢، ٧٥)

## ٨. پەروەردەی سەرلەنوێ

ئەم خەیاڵە کە سەرچاوە تاوانی تاکەکان (ئەوانەی کە خەریکن مێشکیان دەشۆردرێتەوە) ئیدئۆلۆژییەکی سەپێندراوی دەرەکییە، خەیاڵێکی پووچەڵە کە تاکەکان تێیدا گێژو ماندوو و دیلن. ئەگەر بە هەڵە پەروەردە بکرێن ئەوە مامۆستاکان و ئیدئۆلۆژییەکەیە کە زۆرتر هەڵەن. بۆیە بۆ چووکەکردنەوەی باری تاوانەکانی ژێر کاریگەریی ئیدئۆلۆژییەکە دەبێ دان بە هەموو کردەوەکانی خۆیاندا بنێن. بە وەلانانی زەینیی ئەم کردەوانە (لە کردەی دانپێدانانەکاندا) ئەوان بە تەواوی دەتوانن ئیدئۆلۆژییەکە وەلا بنێن. «لەم خاڵەدا ئەوەی کە تاک دان بە تاوانەکانی خۆیدا بنێ و هەست بە تاوانباری بکات، بەس نەبوو، بەڵکوو دەبوایە حاشا لە هەموو ڕابردووی خۆی بکات و وەک کۆمەڵێک کردەوەی شەیتانی و پڕ لە شەرم نە تەنیا لە بەرانبەر بەهاکانی کۆمۆنیزمدا، بەڵکوو بۆ پووچەڵکردنەوەی بەها مرۆییەکانی ئەژماری کردبایەن». (لیفتۆن: ١٩٦٢، ٧٦-٧٩)

## ٩. پێشکەوتن و هاوئاهەنگی

وەلانانی ئیدئۆلۆژیی کۆن، ڕێگە بۆ جێگیربوونی ئیدئۆلۆژیی نوێ، وەک ئانتی تێزی ئیدئۆلۆژییە کۆنەکە خۆش دەکات. تاک کۆنەکە وەلا دەنێ و بە شوێن جێگرەوەیدا دەگەڕێ. ئەم گەشەکردنە زۆر خێرایە و ئیدئۆلۆژیی نوێ وەک ئیدەئالێک بۆ پێویستییەکانی تاک وێنا دەکرێ. وەفاداری و ئارامی جێگای ئازار و سزادان دەگرنەوە. ئەوانەی کە مرۆڤەکانیان بە دیلگرتووە، باشییەکانی ئیدئۆلۆژیی نوێ لە بەرانبەر ئازار و نالەباریی ئیدئۆلۆژیی کۆندا هەڵدەسەنگێنن. ئەمە خاڵێکی پێشکەوتووتر لە خاڵی پێنجەمە کە پێویستی بە شرۆڤەی زیاتر نیە. (لیفتۆن: ١٩٦٢، ٧٩ و ٨٠)

### ١٠. دوایین دانپێدانان

بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بەرانبەر بە دژایەتیی ئازاری ڕابردوو لەگەڵ داهاتوویەکی گەشدا کە ئیدئۆلۆژییەکە دەیناسێنێ، تاک هەر چەشنە وەفادارییەک بە ئیدئۆلۆژییە کۆنەکە وەلا دەنێ، دان بە هەر چەشنە نهێنییەکدا دەنێ و بە تەواوی لە نێو ئیدئۆلۆژییە نوێیەکەدا دەتوێتەوە. لە کەشێکی تایبەت و لە بەر ڕووناکایی ڕاستییەکی نوێدا دیلەکان ئامادە دەبن کە بەیاننامەیەک لە سەر خۆیان، لە سەر ئەوە کە چی بووە و چییان کردووە، دەر دەکەن. دانپێدانانەکان بۆ ماوەیەک درێژەیان کێشاوە و قووڵتر بوونەتەوە. تا تاک بە ڕادەی پێویست گەشە نەکات کە بتوانێ کۆبەندییەکی چاک لە ژیانی خۆی ئامادە بکات، ئەم دانپێدانانگەلە ناتوانن دانپێدانانی کۆتایی بن. دانپێدانانەکان لە فۆرمی خەو و مۆتەکەدا دەگۆڕدرێن بۆ شرۆڤە و شیکردنەوەی جیددی لە ژیانی ڕابردووی تاک. (لیفتۆن: ١٩٦٢، ٨٠ ـ ٨٢)

### ١١. قۆناغی لەدایکبوونەوە

لیفتۆن دەڵێ: «دوکتور وینسێنت و بابە لوکا دەورەیەکی پڕ ئازاری مردن و لە دایک بوونەوەیان تێپەڕاند. بۆیان ڕوون بووەوە کە سیخوڕێک لە فۆرمی ئەواندا چۆتە گرتووخانەوە و دەبێ بمرێ و لە جیاتی ئەودا پیاوێکی نوێ لە فۆرمی کۆمۆنیستیدا لە دایک ببێتەوە. دوکتور وینسێنت هێشتا دەڵێ مرۆڤ لەوێ دەبێ بمرێ و سەر لە نوێ لە دایک ببێتەوە. ئەمە دەستدرێژیی هێزە دەروونییەکانی

دەوروبەر بۆ نێو هەستی تاکێکە و ڕەنگە بەرچاوترین تایبەتمەندیی دەروونی لە شوشتنەوەی مێشکدا بێت. هێرشە فیزیکی و وورووژێنەر-هەستیارەکان بۆ سەر تاک مردنێکی سیمبۆلیکیان بە دواوەیە، قۆناغەکانی پەروەردەی سەر لە نوێ و دانپێدانانەکان، لە دایکبوونەوە پێکدێنن. مردن و لە دایکبوونەوە تەنانەت ئەگەریش سیمبۆلیک بن، کاریگەریی قووڵ لە سەر تاک دادەنێن». (لیفتۆن: ١٩٦٢، ٨٢-٨٤)

لە دوایین قۆناغدا ئیدی تاک بە تەواوی تواوەتەوە، بۆیە ڕێبەر یان ڕێکخراوەکە دەتوانێ لە هەر شوێنێک کە بە پێویستی زانی، ڕاستییەکان بە شێوەیەکی دیکە پیشان بدات، ئەندامەکەش بەبێ هیچ پێشمەرج و لێکدانەوەیەک قبووڵی دەکات. هەر وەک لە کۆمپیوتێردا چۆن دەتوانی شتێک بسڕیتەوە و شتێکی دیکەی لە جیاتی دابنێی، تاکەکانیش وایان لێدێت. واتە ئەو شتەی کە ئەمڕۆ ڕاستییەکی ڕەهایە، تاکی ڕێبەر دەتوانێ سبەینێ بیگۆڕێ بە درۆ و بڵێ ئەوە کاری دوژمنە. ئەندامیش کە تواوەتەوە بە تەواوی قبووڵی دەکات، چوونکە وەک ڕۆبۆتی لێهاتووە بە ئاسانی دەتوانرێ ئەو شتەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن ڕاستە سبەینێ پێ بڵێن درۆیە.

نموونەی ئەم مێشک شۆردنەوە لە ناو ریزەکانی پەکەکەدا لە ئاکادیمیای مەعسووم قورقماز روو دەدات. لێرەدا بە وتووێژێک کە ئۆجەلان وەک مامۆستای ئەو فێرگەیە و چەند گەریلایەک لە کۆتایی دەورەی ئیدئۆلۆژیکدا بوویانە، ئاماژە دەکەم. ئۆجەلان سەرەتا دەڵێ رێورەسمی سوێند خواردن بەرێوە بچێ لەودا پەیمانببەستنەوە، بڵێن کە چۆنن؟ کین؟ چ کارەن؟ چۆنبوون؟ و ئێستا چۆنن؟ پێویست بە ئاماژەیە کە ئەم وتووێژە پاش وتارێکە کە بە توندی هێرش دەکاتە سەر کەسایەتی پێش لە پەکەکەیی بوونی گەریلاکان و دەڵێ: «پێویست بوو ئەو کەسایەتیە بڕوخێندرێ!» (ئۆجەلان: ٢٠١٤-ب، ٩٩-٥) بۆ باشتر تێگەییشتن لە شووشتنەوەی مێشک لەناو پەکەکەدا، لێرەدا ئاماژەیەکی کورت دەدرێ بە وتووێژی سێ گەریلا لە ئاکادیمیای مەعسووم قورقماز لەگەڵ ئۆجەلان؛ هەڤاڵ ر. تای دوای ناساندنی خۆی دەڵێ بە دژواری توانیم خۆم بەم مەکتەبە بگەیەنم و ماوەی نۆ مانگە لە ئاکادیمیای ڕێبەریی حیزب وەک

قوتابی وەرگیراوم. ئۆجەلان پاش ئەوەی کە بێ نرخ بوونی ژیانی پێشووی پێ دەڵێتەوە، لێی دەپرسی ئایا بە رۆح و شعوورتان ئەم ژیانە نوێیەتان قبووڵکردووە؟ هەڤال ر. تای دەڵێ بەڵێ سەرۆکم، ئەگەرچی دژواریگەلێک هەبوو، بەڵام بە سەرکەوتوویی جێبەجێم کردووە. پاشان ئۆجەلان پێی دەڵێ: ئەگەر کەسایەتی پێشووت زیندوو بوویەوە چ دەکەی؟ خۆت دەزانی کە ئەگەر زیندوو ببێتەوە ریسوا دەبێ! هەڤاڵ ر. تای دەڵێ من لەم بارەیەوە ئەزموونم هەیە، بە پشتیبانی ئەو ئەزموونە و ئەو زانیارییانە کە لێرە بەدەستم هێناون، ئەم رێگە درێژە پێی دەدەم. ئۆجەلان پێی دەڵێ بە لێکدانەوەی دژمن، دۆست، دەوروبەر و هاوسەنگەرانت ئەگەر خاوەنی مەعریفە، ناسین، ئیرادە، هەروەها تووڕەیی، خواست و ئارەزوو بیت دەبێ بۆ گەییشتن بە نیازەکانت کەڵکیان لێیوەرگری. لە بیرتە کاتێک هاتی بۆ ئێرە چۆن دەتهەویست خواستەکانی خۆت بە مل مندا بسەپێنی، لە راستیدا هەر وەک منداڵ بووی. من دانم بە خۆمداگرت، خۆڕاگر بووم. بە مەبەستی ئەویکە رۆژێک راستییەکان دەزانی دانم بە خۆمداگرت. وای بۆ دەچم بەشێک لە هەڵسوکەوتەکانتت دیوە چەندە بەدوور لە بنەماکان بوون. پێویستە هێندەیتر قووڵ ببیتەوە و لەوە بەدواش بەردەوام بیت. هەڤاڵ ر. تای پاش ئەوەی کە هەموو ئەو وانانەی کە لەو دەورەیەدا فێر بووە دانە بە دانە دووپاتی دەکاتەوە، ئۆجەلان پێی دەڵێ دەبێ بزانی کە ئێمە بۆ چاکسازی لە مرۆڤدا و لە هەمووی راستتر بۆ سزادانی شێوەی زۆرمان هەیە. پەکەکە بزووتنەوەی سزادانی دروستی مرۆڤی ئێستا و رابردوویە. لە کۆتاییدا سوێندی دەدات و هیوای بۆ دەخوازێ کە تاسەر لەگەڵ پێداویستییەکانی حیزب خۆی رێکبخات. (ئۆجەلان: ٢٠١٤-ب، ٣٧-١٩)

کەسی دووهەم بە ناوی سەید خان هاتووە. ئۆجەلان لێی دەپرسێ ئایا وەک پەکەکەیی لە سەرت حیساب بکەم؟ لە وەڵامدا دەڵێ بەڵێ سەرۆکم لەراستیدا دەمەوێ پەکەکەیی بم. پاشان پرسیاری لێدەکرێ ئایا بە پێویستی دەزانی سەرلەنوێ خۆت شرۆڤە بکەیتەوە؟ سەیدخان دەڵێ بەڵێ سەرۆکم کاتێک خۆم لەگەڵ شێوەی و هەڵسوکەوتی رێبەری هەڵدەسەنگێنم، خۆم وەکوو مرۆڤگەلێک دەبینم کە پێویستم بە رزگارییە. پرسیاری لێدەکرێتەوە کە ئایا ئێستا رزگار بویتە؟ دەڵێ بەڵێ سەرۆکم خەریکم لەم رێگەیە تێدەکۆشم.

سەیدخان دوایی دەڵێ کێشەی بچووکی کەسایەتیم هەیە! دوای ئەوە ئۆجەلان ڕێنوێنی دەکات کەخەباتی دەروونی بکات بۆ چارەسەری کێشەکە. دوای ئەوە ئۆجەلان پێی دەڵێ لە ئاستی چوارچێوەی سوێندی حیزبیدا هەیت، لە دۆخێکدا هەیت کە بتوانی بەڵێنی دەستەبەر کردنی سەرکەوتن لە بواری هۆنەریدا یان پارێزگاری لەهۆنەر بدەی و لە دۆخی زیان هێنەر رزگاری بکەی. دوایە وردە وردە بە شوێنی شایستەی بگەیەنی. سێهەمین کەس هەڤال م. هەڤاڵ م. لەم وتووێژەدا دەڵێ سەرەتا کە هاتمە ئێرە ڕێبازێکی مردووم هەبوو سەرۆکم. دوایە دەڵێ شرۆڤەکانی تۆ گۆڕانی لە مندا چێ کرد. ژیانی رابردووم بێ رۆح، بێ ناوەرۆک، بێ ئیرادە و پڕ لە پووچی بوو، بەڵام دوایی ئۆجەلان دەڵێ هەرچەند کەوتیتە ژێر زەحت. پاش دووبارە کردنەوەی هێندێک وتە و پرسیار تەییدی دەکات بۆ سوێند خواردنی حیزبی! (ئۆجەلان: ٢٠١٤-ب، ٥٦-٣٧)

## گرینگیی ئیدئۆلۆژی لە ڕوانگەی تۆجەلانەوە

شتێک کە گرینگە شوناسە ئیدئۆلۆژیکەکانە. بەبێ پێکهاتنی ئیدئۆلۆژی، نە سیستمی کۆن هەڵدەوەشێندرێ و نە سیستمی نوێ پێکدێت. دەکرێ بەوە بەراورد بکرێ کە بەبێ بوونی خاک، هیچ توویەک شین نابێ... هەموو سەردەمە گرینگەکان بە درێژایی مێژوو بە هۆی شوناسە ئیدئۆلۆژیکە بەهێزەکانەوە پێکهاتوون. نەریتی خوای دایک لە کۆمەڵگەی چاخی بەردینی نوێدا، بنەمای شوناسی ئیدئۆلۆژیکی ئەو سەردەمەیە. ئوستوورە سوومرییەکان بنەمای هەموو سەردەمەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی و یەکەمین شوناسی ئیدئۆلۆژیکی ئەوانن. ئەم ئوستوورەگەلە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ کتێبە پیرۆزەکان، ئەدەبیات و گەشەی فەلسەفەن. فەلسەفەی یونان و دینە تاکخوداییەکان کاریگەرییان لە سەر هەموو شوناسە ئیدئۆلۆژیکەکانی سەردەمی کلاسیک و سەدەکانی نێوەڕاست هەبووە. ڕێنێسانس، ڕێفۆرم و ڕۆشنگەری، سێ سەردەمی بنەڕەتی بۆ پێکهاتنی شوناسی ئیدئۆلۆژیکی شارستانیەتی کاپیتالیستین. ایدئۆلۆژیی سۆسیالیستی، خواستی پێکهێنانی شوناسی ئیدئۆلۆژیکی کۆمەڵگەیەکی بێ چینی هەبوو. ئەگەر ئەم شوناسە ئیدئۆلۆژیکانە لە بەرچاو بگرین، دەبینین کە سەردەمی تێکۆشانە سەرەتاییەکان بۆ سیستمەکانی کۆمەڵگە نیشان دەدەن. چارەنووسی سیستم پێش لە هەموو شتێک بە شەڕی شوناسی ئیدئۆلۆژیک دیاری دەکرێ. هیچ سیستمێکی کۆمەڵایەتی بوونی نیە کە قۆناغی شەڕی ئیدئۆلۆژیکی تێ نەپەڕاندەبێ، شوناسی ئیدئۆلۆژیک وەکو پرۆسەی پێکهاتنی کۆرپەڵەیە لە منداڵدانی دایک. لەدایکبوون و گەشەیەکی تەواو، بەو پرۆسەیە لە منداڵدانی دایک دیاری دەکرێ. کۆمەڵگە و شارستانییەتگەلێک کە ئەم گەشە دیالێکتیکییەیان نەبووە، دەستکرد و ئاڵۆزن و تا ئەو کاتەی کە هەن لە کاریگەریی نەرێنیی ئەو نەبوونە ڕزگارییان نابێ. هێزی سیستمێکی

کۆمەڵایەتی پێوەندیی نزیکی لەگەڵ شوناسە ئیدئۆلۆژیکەکەی هەیە. ئەمڕۆ شوناسە ئیدئۆلۆژیکەکان بەشێکی گرینگ لە شرۆڤە تێئۆریکەکان پێکدێنن. جێگەی تێئۆری لە کۆمەڵگە کۆنەکاندا بە ئوستوورە، دین و چەمکە جۆراوجۆرە فەلسەفییەکان پڕ دەکرایەوە. هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی شرۆڤە زانستییەکانی پێوەندیی نێوان کۆمەڵگە و سروشت، لە تێئۆریشدا گۆڕانکاری دێتە ئاراوە. تێئۆری دەپەرژێتە سەر شرۆڤەی ئەو لایەنانەی کۆمەڵگە کە دەبێ بگۆڕدرێن یان وەک خۆیان بمێننەوە و ڕێگە گونجاوەکان پێش بێنی دەکات. ئەو کاهینانەی کە بنیاتنەرانی شارستانییەتی سوومرن، لە چالاکیی هەزاران ساڵەی پەرەستگەکاندا لەگەڵ شوناسی ئیدئۆلۆژیکی سیستم بەرەوڕوو بوون. (ع. ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٢٢٢ و ٢٣٥ و ٢٣٦) کەوابوو ئیدئۆلۆژی بە لای ئۆجەلانەوە بنەمایە و بە بێ ئیدئۆلۆژی هیچ شۆڕشێک بە ئاکام ناگات.

ئۆجەلان تا ئەو ڕادەیە لە سەر ئیدئۆلۆژی دەڕواتە پێش کە ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامیی کردۆتە باشقە بۆ خۆی و باس لە «ئۆرگانی ئایەتوڵڵا» دەکات و دەڵێ ئەم ئۆرگانە ئەوەندە هێزی هەبوو کە ڕێژیمی شای ڕووخاند، هەموو هێزی ئەم ئۆرگانە لە هێزە ئیدئۆلۆژیکەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ. لە بنەڕەتدا ئایەتوڵڵا ئۆرگانێکی ئیدئۆلۆژیکە. ئایەتوڵڵا بە کەڵک وەرگرتن لە ئیدئۆلۆژی کارەکان بەڕێوە دەبەن و ئێستاش زیادە لە حەد کاریگەرییان هەیە. (ع. ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ب، ١٠٧). کۆما جڤاکێن کوردستان کە لە سەر بنەمای سیستمی کۆنفیدرالیزمی دێموکراتیک دامەزراوە، سیستمێکی ئیدئۆلۆژیکە کە هەر وەک (ئۆرگانی ئایەتوڵڵا)ی ئێران کار دەکات و وەکو چەترێک هەمو ڕێکخراو و لق و پۆپەکانی پەکەکەی لە ژێر دەسەڵاتی خۆی کۆ کردۆتەوە. لە داهاتوودا بە وردی باس لە سەر ئەم مەسەلەیە دەکرێ.

بەم پێناسەیە لە ئیدئۆلۆژی، ئێستا دێینە سەر قۆناغەکانی ژیانی ئیدئۆلۆژیکی ئۆجەلان کە بریتین لە چوار قۆناغی جۆراوجۆر.

## قۆناغی یەکەم لە ژیانی ئیدئۆلۆژیکی ئۆجەلان

ئۆجەلان هەر لە سەرەتای منداڵییەوە کەسێکی ئیسلامی بووە، ئەو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێنێتەوە بۆ باوکی کە مرۆڤێکی مەزهەبی بووە. بە وتەی خۆی لە پۆلەکانی سەرەتاییدا مەلایەکی چاک بووە و تا ئاستی پێشنوێژی گوندەکەیان چووەتە پێش. حەزێکی تایبەتی لە مەسەلە دینییەکان کردووە و بە ڕێکوپێکی نوێژی خوێندووە، بە شێوەیەک کە مەلای گوندەکەیان پێی دەڵێ ئەگەر بەم شێوەیە درێژەی بدەیت، هەڵدەفڕی. دوایی بە وتەی خۆی لە ئانکارا کاتێک قوتابی بووە لە بەرانبەر ژیانی بورژوازی پەنای بۆ دین بردووە و بە شێوەیەکی ئیدئۆلۆژیک خۆی دەرخستووە. ئۆجەلان دەڵێ بە شێوەیەکی سەیر بە نیسبەت مەسەلە دینییەکان لەوانە حەرام و حەڵاڵ هەستیار بووم و بە توندی لە بەر چاوم دەگرتن. لە ئانکارا کتێبی (ئەمەیە دین) لە نووسینی سەید قوتب دەخوێنێتەوە و تا ماوەیەک هەمو بوارەکانی ژیانی لە سەر ئامۆژگارییەکانی ئەو کتێبە ڕێک دەخات.

ئۆجەلان لە باری فیکرییەوە ئۆگرییەکی تایبەتی بۆ کتێبە دینییەکان هەبووە و بە تامەزرۆییەکی تایبەتەوە هەمووی خوێندۆتەوە. لە ئانکارا بەردەوام سەردانی مزگەوتی (ماڵ تەپە) دەکات و لەو کۆنفرانسانەشدا کە دژی کۆمۆنیزم ئاخاوتوون، بەشداریی کردووە. ئەو دەڵێ بە تامەزرۆییەکی بێ وێنەوە لە کۆنفرانسەکانی (نەجیب فاسل کساکۆرەک) (ئیدئۆلۆگ و ئیسلامیستی تورک) بەشداریم دەکرد و دەڵێ بە ڕاستی جوان بوون و منی پاڵ پێوە دەنا. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٢٢، ٣٧ و ٣٨) ئۆجەلان لە سەردەمی منداڵیدا نزیکەی سی دۆعای لە بەر بووە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٢٦) هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ویستوویە ٣٣ سوەرەی قورئان لە بەر بکات. (ئۆجەلان: ٢٠٠٣، ٦٣). ئەو کتێبانەشم دەخوێندەوە کە پێوەندییان بە داستانەکانی عەلی سەردارمانە ـ خوای لێ رازی بێ ـ هەبوو. عەلی سەردارمان رووبەرووی زۆرداری و زۆرداران کەسێکی دەروو

کەرەوەی وڵاتان بوو و شمشێرەکەی لە پێناوی گەلدا راوەشاند. ئەوە یاریدەی نەشونما کردنی ئارەزوومی دا و ئەم ئارەزووە لەلام دەستیپێکرد. ئارەزووی یەکەمم درێژەدان بە خوێندن بوو لە قوتابخانە ئایینییەکان، بە خۆمم دەگوت دەبێ بچمە زانکۆی الازهر. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ٢٢ و ٢٣)

ئەم پێشینە ئیسلامییەی ئۆجەلان تەنانەت کاتێک کە سەرۆکی پەکەکەیە (کە حیزبێکە لەسەر بنەمای مارکسیزم ـ لینینیزم دامەزراوە) بەرۆکی بەر نادات. ئەو دەڵێ لە خەباتی مندا سۆسیالیزم جێگەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام من لێی بە دوورم، چونکە دیالێکتیکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەرکەوتنێکی پێغەمبەرانەی دەوێ. ئەو دەڵێ ڕێبەرانی ئەم ناوچەیە دەبێ پێغەمبەر بن. پێغەمبەری ئیسلام، محەممەد، وەک شۆڕشگێڕ دادەنێ و دەرکەوتنی ئیسلامیش وەک شۆڕش. ئۆجەلان لە سەر ئەوە پێ دادەگرێ کە جیهادی ئەکبەر یان (شەڕ لەگەڵ نەفس) گەورەترین جەنگ لە ئیسلامدایە و دەڵێ منیش خەباتی خۆم لە سەر ئەم بنەمایە دەستپێکردووە و پێموایە لەم ڕێگەیەوە بە ئاکام دەگەم! ئەو هەروەها دەڵێ هۆکاری شاراوەی پتەوبوونی بنەماکانی پەکەکە، جیهادی ئەکبەری من یان هەمان شەڕم لەگەڵ نەفسی خۆمدایە! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٧١ و ١٠٩).

ئۆجەلان هۆی هەڵبژاردنی شێوەی پێغەمبەرانە بۆ سەرۆکایەتیی پەکەکە و پێک نەهاتنی کەسی دووهەم و سێهەم لە ناو پەکەکەدا دەگەڕێنێتەوە بۆ پەروەردەی خۆی و ڕێبەرایەتی لە سەر بنەمای جیهادی ئەکبەر و لەم بارەیەوە نموونەی پێغەمبەر و خەلیفەکانی دوای ئەو دێنێتەوە، دەڵێ ئەگەر پەروەردە بە شێوەی جیهادی ئەکبەر نەبوایە، پێغەمبەریش تووشی شکستدەهات. بۆیە من بۆ ڕێبەریکردن، شێوەی حەواریوونی عیسا و خەلافەتی محەممەد پێغەمبەری ئیسلامم هەڵبژاردووە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ١٠٦-١١٤).

بەراوردکردنی خۆی لەگەڵ پێغەمبەرەکان، بە سەرچەشنکردنی ئەوان بۆ شێوەی ڕێبەری و خەبات و هەروەها دیدی ئەو لە سەر ژن کە دواتر بە وردی ئاماژەی پێ دەدرێ، هەموو نیشانەی ڕەنگدانەوەی بیری ئیسلامیی ئۆجەلانە لە ناو ئەو ئیدئۆلۆژییەی کە بە ناوی ئاپۆییزم دەناسرێ و پەکەکەی لە سەر دامەزراوە و ئەمڕۆش کاری لە سەر دەکات.

## قۆناغی دووهەم لە ژیانی ئیدئۆلۆژیکی ئۆجەلان

دەستپێکی ئەم قۆناغە خوێندنەوەی کتێبی (ئەلف و بێی سۆسیالیزم)ی (لیئۆ هۆبێرمان)ـە. ئۆجەلان دەڵێ هاوکات دۆستێکی سەردەمی منداڵیم کە لایەنگری (چەتین ئاڵتان) کەسایەتیی چەپی تورکیا بوو لە سەر سۆسیالیزم قسەی دەکرد و خوێندنەوەی ئەو کتێبە هاوکات بوو لەگەڵ ئەوە. لە خوێندنەوەی کتێبەکەدا هەرچی بەرەوپێش چووە، بەو ئاکامە گەیشتووە کە (دین تووشی شکست بووە و مارکس سەرکەوتووە)، ئەمە لە ڕاستیدا دروشمی گۆڕان بوو، واتە ئیدئۆلۆژیی نەریتی تووشی شکست دەبێت و بیری سۆسیالیستی سەردەکەوێ، لە ساڵی ١٩٦٩دا بەو بڕیارە گەیشتووە (بڕیاری گۆڕینی ئیدئۆلۆژی)! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٣٩) کە ئەگەرچی مۆسڵمانێکی باوەڕمەند بووە و لە کۆنگرەی قۆڵی ڕاست کە دژی کۆمۆنیستەکان بووە بەشداریی کردووە و گوێی لێیان گرتووە، بەڵام دواتر دەڵێ بە هەڵکەوت لە بەر زانکۆ ڕێپێوانێک دەبێنی و تێیدا بەشداری دەکات و دواتر خۆی لە نێو ڕیزەکانی ئەواندا دەبینێتەوە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٣٥).

ئۆجەلان دەڵێ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە تورکیا زۆر چالاک بوون، جووڵانەوەی لاوانی کۆمۆنیست کە ناویان (لاوانی شۆڕشگێڕ) بوو، زۆر چالاک و تێکۆشەر بوون. ڕێپێوانی گەورەیان دژی ئەمریکا و ناتۆ و سەرمایەداری ساز دەکرد و خۆیان بەم شێوەیە دەناساند، دوای ئەوەی کە ئەو کتێبەم (ئەلف و بێی سۆسیالیزم) خوێندەوە، تێگەیشتم کە بیری کۆمۆنیستیم لە بیری نەتەوەیی بەهێزتر بووە. فۆرمی ئەو پێوەندییانە کە من لەگەڵیان شەڕم دەکرد، لەو کتێبەدا هەبوون، بۆیە لەگەڵ خۆم دەمگوت ئەوەی کە من تا ئێستا بە دوایدا دەگەڕام لە سۆسیالیزمدا هەیە.. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٣٦) ئەو هەروەها کتێبی لنین لە سەر (مافی چارەی خۆ نووسینی نەتەوەکان)ـیشی لە دەیەی ٧٠دا خوێندووە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٤٢) ئەمە بوو بە سەرەتای گۆڕانێکی قووڵ لە

ئۆجەلاندا و تا دامەزراندنی پارتێکی سیاسی لە سەر بنەمای مارکسیسزم-لنینیزم چووە پێشەوە.

ئۆجەلان تا ئەو ڕادەیە لە سۆسیالیزمدا ڕۆیشتە پێشەوە کە لە بەهاری ساڵی ١٩٧٨دا مانیفێستی ڕێگای شۆڕشی کوردستانی نووسی. لە کۆتایی هەمان ساڵدا پەکەکەی لە سەر بنەمای ئیدئۆلۆژیی مارکسیزم-لێنینیزم دامەزراند. ئەو لەو کتێبەدا بە شێوەیەکی توند بە وتەی خۆی ڕەوتە ڕیویزیۆنیستییەکان هەر لە برێنێشتاین، ترۆتسکی و حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی ئۆرووپاوە دەداتە بەر ڕەخنەی خۆی و دەڵێ شۆڕشی پرۆلێتاریا بە هەبوونی تێئۆریی مارکسیزم-لێنینیزم هیچکات لە ڕێگای ڕاستەقینەی خۆی لا نادات و ئەم تێئۆرییە ڕێگەی ڕزگاریی هەموو جیهان لە دەستی تێئۆرییە ئیمپریالیستییەکانە. تا ئێستا بەرخۆدان دژی ئیمپریالیزم، بایەخ و قازانجی زۆری لە تێئۆریی مارکسیزم-لێنینیزم بە گەلانی جیهان گەیاندووە و لە داهاتووشدا قازانجی زێدەتر دەگەیەنێت. (ئۆجەلان: ٢٠١٠، ٨ و ٤٨ و ٤٩).

ئۆجەلان لە ناساندنی پەکەکەدا دەڵێ ئێمە لە بەرانبەر دیکتاتۆرەکانی دیکەدا دیکتاتۆریی پرۆلێتاریاین و دیکتاتوریی ئێمەش ڕەوایە چوونکە بەرهەمی تێکۆشانی چینی کرێکار و ڕەنجدەرە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ٣١) پەکەکە حیزبی پێداگری لە سەر سۆسیالیزمە و جووڵانەوەی ڕاستەقینەش سۆسیالیزمە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ب، ١٩٨ و ٢٤٠).

هەر چەند ئۆجەلان بە توندی باسی سۆسیالیزم دەکات و پەکەکەی لە سەر تێئۆریی مارکسیزم-لێنینیزم دامەزراندووە و ئەو کەسانەی وا لەم تێئۆرییە لا دەدەن، وەک خائێن ناوزەد کردووە، بەڵام لە شێوەی ڕێبەریکردنی پەکەکەدا دیسان دەستەوداوێنی دینە ئیبراهیمییەکان دەبێتەوە. ئەو دەڵێ هەر لە سەرەتاوە باوەڕم بە شێوە و بنەمای حیزبی کۆمۆنیستی و بۆرژوازی نەبوو. مەکتەبی سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی و سکرتێری گشتی لە لای من وەک ناسناوگەلی رواڵەتی دەهاتنە بەرچاو. چوونکە ئەم شێوەیە بەستێنی بۆ هەڵپەرەستی و بۆرۆکراسی ساز دەکرد. من لە شێوەی پێغەمبەرەکان بۆ بەرنامە و پرۆگرام کەڵک وەردەگرم و گرووپی حەوارییوونی عیسا و خەلافەتی محەممەد

له دامەزراوە و دەفتەری سیاسی چالاکتر و کردەییترن. (ئۆجەلان:٢٠٠٨-ب، ١٠٥ و ١٠٦). لێرەدا ئۆجەلان کە هاوکات سوسیالیست و مۆسڵمانە، راست وەک مەسعوود رەجەوی سەرۆکی مۆجاهێدینی خەڵقی ئێران و دۆکتور عەلی شەریعەتی بیر دەکاتەوە. ئەو دوانە مەزهەبی شێعە و سوسیالیزمیان تێکەڵ کردبوو. لە ئەساسدا ئەم ئیدە دەگەڕایەوە بۆ پێشتر و بۆ بزووتنەوەیەک بە نێوی (بزووتنەوەی خودا پەرستانی سوسیالیست). ئۆجەلان ئێستاشی لە گەڵ بێت ئەگەر بە باشی لە ئاخاوتنەکانی ورد بیتەوە، باوەڕی بەم ئیدئۆلۆژییە هەیە!

## قۆناغی سێهەم لە ژیانی ئیدئۆلۆژیکی ئۆجەلان
## یان قۆناغی ناسیۆنالیزم ـ سۆسیالیزم

ئۆجەلان لەم قۆناغەدا جیا لە ئیدئۆلۆژیی مارکسیزم-لێنینیزم، ناسیۆنالیزمیشی تێکەڵ بە ئیدئۆلۆژییەکە کردووە. ئەو لە بارەی سەرەتای کورد بوونییەوە ئاماژە بەوە دەدات کە کورد بوونی من لەهی بارزانییەکان یان بەدرخانییەکان ناچێ و جیاوازی گەورەشی هەیە. لە راستیدا ئەوەی من کاتێک سەریهەڵدا کە کورد بوون دوایی پێهات. سەبارەت بە من هەلومەرجی نێو خێزانم نیشانەی ئەوە بوو کە کورد بوون کۆتایی پێهاتووە. من ئەم کۆتایی پێهاتنەم دەبینی. لەو خاڵەوە واتە لە خاڵی کۆتایی پێ هاتنی گەلی کورد، دەستپێدەکەم.. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ٣٠) ئەو لەم بارەیەوە دەڵێ ساڵی ١٩٧٤ لە کاتێکدا کە خەریکی دانانی هێڵی سیاسیی پەکەکە بووم، کۆنفرانسێکم گرت، من ئەوکات لە سەر دوو وشە کارم دەکرد کە (کوردستان کلۆنییە) بوو و لە ئاستێکدا نەبووم کە زۆر پۆلێنبەندییانە و رێکوپێک ئاخاوتن بکەم، بەڵام بە نیسبەت خەڵکی ئاسایی لە ئاستێکی بەرزدا بووم. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٥٣) ئۆجەلان بە هەڵگرتنی تاکتیکییانەی دروشمی (باکوور، باشوور، رۆژهەڵات ـ یەک وڵات و یەک خەبات) بە رواڵەت لە خودموختاری و فیدرالیزم تێپەڕی و دروشمی سەربەخۆیی و کوردستانی یەکپارچەی بەرزکردەوە، کە ئەمە نە لە رووی باوەڕ بە سەربەخۆیی کوردستان، بەڵکو بۆ کۆکردنەوەی هێزی زیاتر و دژایەتی

پارتەکانی دیکەی کوردستان بوو، کە دواتر خۆی دانیپێدادەنێ و لەم کتێبەدا باسی لێوە دەکردێ. ئەو تا ئەو جێگایە ڕۆیشتە پێش کە حیزب و هێزەکانی دیکەی کوردستانی بە بۆنەی ئەوەوە کە دروشمی سەربەخۆییان نیە، بە مامەڵە لە سەر مەسەلەی کورد تاوانبار کرد و تاکلایەنە بە قامک خستنە سەر ویستی دەڕوونیی نەتەوەی کورد واتە سەربەخۆیی کوردستان، هەنگاوی بۆ کۆنترۆڵکردنی کەشی سیاسی و ڕووناکبیریی کوردستان هەڵهێنایەوە، بەڵام دواتر لە گرتووخانەدا بوو بە دژمنی دامەزراندنی دەوڵەتی کورد. ئەو لەم بارەیەوە دەڵێ: (ئەوان) لە سەر مەسەلەی کورد و پرەنسیپ و بنەماکانی مامەڵە دەکەن، بەڵام بە دەرکەوتنی ئێمە تووشی برسیەتی هاتن. لە ئیسلامدا دەڵێن: (جاء الحق و زهق الباطل)، پەکەکە ڕاستییەکانی خستە ڕوو، بەم بۆنەیەوە بزووتنەوەکانی دیکە فۆنکسیۆنی خۆیانیان لە دەستدا، ئەم بزووتنەوانە دوو ڕێگا زیاتر لە پێشیاندا نیە، یان ئەوەی کە ئەم ڕاستییانە قبووڵ دەکەن و دەبنە بەشێک لێیان، یان تێدا دەچن. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٦٢) بەڵام ئۆجەلان دەڵێ من مرۆڤێکی نەتەوە پەرەست نیم و ئەمەش تەواو ئاشکرایە، ئەگەر قەرەی خەباتی گەلی کورد کەوتبم و تا ئەم رادەیە پێبەندی بووبم، لە بەر ئەوەیە لە گەلانی جیهان زیاتر دوچاری سەرکوتکردن هاتووە. منیش زۆر گرێدراوی خەباتی سەرکوتکراوانم، لە بەر ئەوە نا کە کوردم، بەڵکو لە بەر ئەوەی کە کورد سەرکوتکراوە .منیش نیشتمانپەروەر و رزگاریخوازم. بە راشکاوی دەیڵێم من ئەو مرۆڤە نیم کە لە ریگای نەتەوایەتیدا ژیانی دەخاتە مەترسییەوە و ژیانیشم لەو پێناوەدا ناکەم بە قوربانیی. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ٤٦)

پێویست بە ئاماژەیە کە بنەماکانی گۆڕانی ئۆجەلان لەم قۆناغەوە دەستپێدەکات، چوونکە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە پەکەکە دروشمی کوردستانی یەکپارچە و سەربەخۆی هەڵگرتووە، ئۆجەلان سەربەخۆییخوازیی پەکەکە دەباتە ژێر پرسیار. دیارە لەم قۆناغەدا ئاڵتێرناتیڤی نەبووە، دەنا هەر لەم قۆناغەدا ڕایدەگەیاند. لە وتووێژێک لەگەڵ دەیڤید کرۆندا دەڵێ: بانگەشە و پێداگری لە سەر ئەوەی کە حیزبی ئێمە ڕێکخراوێکی سەربەخۆییخوازە یان ئەوەی کە حیزبی ئێمە هەموو شتێکی خۆی خستۆتە خزمەتی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ناڕاستە و گەورەکردنەوەیە... پلەبەندیی جۆراوجۆری دەوڵەت بە

شێوەی ڕەها یان یەکپارچە یان سەربەخۆ لەگەڵ ڕاستییەکانی جیهانی ئەمڕۆدا ناگۆنجێت، ڕاستییە نێونەتەوەییەکان جیاوازن... بە لە بەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییانە ڕوون دەبێتەوە کە باسکردن لە سەر ئەوەی کە (پەکەکە بە هەر نرخێک سەربەخۆییخوازە) ڕاست نیە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ب، ١٥٩و ١٦٢ و ١٦٣).

تا ئێرە بۆمان دەرکەوتووە کە ئیدئۆلۆژیی ئۆجەلان تێکەڵێکە لە ئیسلام، ناسیۆنالیزم و مارکسیزم-لینینیزم. ئەم قۆناغە تا ساڵی ١٩٩٩ و دەستبەسەرکرانی ئۆجەلان درێژەی کێشا، هەموو سیاسەتەکانی پەکەکە لە سەردەمی شەڕ لەگەڵ تورکیادا لە دەیەی ٨٠ و ٩٠ی زایینی لە سەر بیرۆکەی ئەم قۆناغەی ئۆجەلان دادەڕێژران.

## قۆناغی چوارەم لە ژیانی ئیدئۆلۆژیکی ئۆجەلان

لە قۆناغی چوارەمدا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بە سەر ئۆجەلاندا دێت. لە پشتکردن لە کوردستانی سەربەخۆ و دەوڵەتی کوردییەوە بگرە تا بۆچوونی لە سەر دایک و باوکی. ئەو پەشێمانە لە کردەوەکانی سەردەمی منداڵی و هەموو هەڵەکانی دەخاتە ئەستۆی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستییەوە. ئەو کە سەردەمانێک بە شانازییەوە باسی ڕاوکردنەکانی خۆی و شێوەی هەڵسوکەتی لەگەڵ پەلەوەر و ئاژەڵەکان لە نێو پۆلەکانی وانە وتنەوەدا بۆ گەریلاکان دەگێڕایەوە و ناڕاستەوخۆش نەیارەکانی خۆی بە گێڕانەوەی ئەو هەڵسوکەوتانە دەترساند و هەڕەشەی لێیان دەکرد، ئەو کە باوکی بە پیاوێکی بێ دەسەڵات و لاواز و دایکی بە ژنێکی شەڕانی وەسف دەکرد، لە قۆناغی بۆکچینیزمدا بە تەواوی دەگۆڕدرێ و دەڵێ: «دەبێ دان بەوەدا بنێم کە لە بڕگەیەک لە ژیانمدا تووشی نەخۆشیی مۆدێرنیتە بووم و ویستم لە دەست هەموو شتێکی ئەم وڵاتە، تەنانەت دایک و باوکم هەڵ بێم... هەرکات یادەوەریی کشت و کاڵی باوکم لە مەزرادا دێتەوە بیرم کە لە دەستپێکی بەهار تا کۆتایی پاییز خەریکی جووتکردن، دروێنە، خەرمان کوتان و خەرمان هەڵگرتن بوو، هەستم بریندار

دەبێت... هەموو پێوەندییەکانی گوند بۆ من ماوەبەسەرچوو بوون، بەرهەمی تێکۆشانی بێ ئاکامی سەردەمێکی نادیار بوون. پەنابردن بۆ شار و هەڵهاتن لە داوێنی گوند وەکو گوناح دەبینم. هیچ گومانم لەوە نیە کە ژیانی ئیدەئال بۆ مرۆڤەکان، نە لە پێکهاتەی شێرپەنجەیی شارەکانی مۆدێڕنیتە، بەڵکوو لە گوندە ئێکۆلۆژیکەکان دەستدەکەوێ... لەوەی کە بە دوور لە هەر چەشنە هەست بە ژان کردنێک پەلەوەرەکانم دەگرت و سەریانم دەبڕی، لە خۆم خۆش نابم. خواستی ئێکۆلۆژیکی من لەگەڵ دانپێدانان بەم خۆشەویستی و گوناحەی سەردەمی منداڵیم لە پێوەندیدایە... گەرچی هەموو پێوەندییەکانم دۆستانە بوون، بەڵام بە هۆی پێوەندییە تۆقێنەرەکانی مۆدێڕنیتە، پرسەیەکی گەورەم بۆ باوکم نەگرت و لەم کردەوەیەم هەرگیز خۆش نابم... بۆ دایکم ئەم وەسفەم کردووە، (پاشماوەی فەرهەنگی خودایانی چاخی بەردینی نوێ)! هەر وەک ئەوان بەهێز بوو، بەڵام نموونەی دایکی دەستکردی مۆدێڕنیتە بوو بە هۆی ئەوەی کە پیرۆزییەک کە لەودا هەیە نەیبینم... زۆر بە داخ و پەژارەم کە لەو ڕێڕەوە خواوەندییانە تێنەگەیشتم و لەگەڵیان نەبووم بە دۆست! (ئۆجەلان: ٢٠٠٩-ب، ٤٧ و ٤٨) لە هەڵسەنگاندنی ئەم دوو شێوە وەسفکردنەدا دوو شێوە ئیدئۆلۆژی خۆی دەنوێنێ، لە یەکەمیاندا ئۆجەلان ڕێبەری پارتێک بوو کە خەریکی شەڕی چەکداری بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی بوو، بۆیە سروشتییە کە بۆچوونی توندیشی هەبێ، لە دووهەمیاندا ئۆجەلان ڕێبەرێکە کە باوەڕی بە دەوڵەتی کوردی و شۆڕشی سۆسیالیستی نەماوە و هەمووی بە (ئاو بە ئاشی سیستمی کاپیتالیزمدا کردن) دەزانێ! هەر بۆیە هەڵسوکەوتە نەشیاوەکانی خۆی دەخاتە ئەستۆی مۆدێڕنیتەی کاپیتالیستی و بۆ قەرەبووکردنەوەیان دەیەوێ سیستمی ئێکۆلۆژیکی دابمەزرێنێ!

ئۆجەلان دەڵێ لە ٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩٨وە کە لە ڕێگەی ئاتێنەوە بۆ ئۆرووپا ڕۆیشتم، ڕوانگەی مۆدێڕنیستی لە نیو بیر و هزرمدا شکستی خوارد، ئەو دەڵێ دانبەوەدا دەنێم کە نەمتوانی دوگمبوونی بۆچوونی خۆم لە سەر شارستانییەتی چینایەتی بە گشتی و بە تایبەتی کاپیتالیزم وەک پێشکەوتووترین قۆناغی ئەو شارستانیەتە و سیاسەت و ڕێکارەکانی ڕێئال سۆسیالیزم کە ئیدیعای جێگرتنەوەی کاپیتالیزمیان دەکرد، تێپەڕێنم. لەگەڵ ئەوەی کە زۆر جار لە

دەستەواژەی «سۆسیالیزمی زانستی» کەڵکم وەر دەگرت، بەڵام ئاکامگەلێکی ئافرێنەرانە دەستەبەر نەکرا. توانای شکاندنی قاڵبە گشتێنراو و لە پێش داڕێژراوەکانم نەبوو و نەمتوانی ئاستی شرۆڤەی فەرمیی سیستمەکان، تێپەڕێنم... هەرچەند ئیسلام و مارکسیزم لە بنەڕەتدا خاوەنی ڕێبەرایەتیی ئیدئۆلۆژیکیی جیاوازن، بەڵام مارکسیزم نەیتوانی ڕێگا بۆ گۆڕانێک بکاتەوە کە بتوانێ لە ئاستی دۆگمبوون و رووکەشخوازی بمپەڕێنێتەوە. لە ڕاستیدا لە ڕێگایەکی دۆگمەوە کەوتمە ناو ڕێگایەکی دۆگمی دیکە. بێگومان جیاوازیگەلێک لە نێوان ئیدئۆلۆژیی شۆڕشگێڕانە و بە هێزی سەدەکانی ناوەراست (ئیسلام) و سۆسیالیزمی مارکسیستی هەیەڤ، بەڵام مەسەلە ئەوەیە کە بکرێ ئەم ڕاستییە لە بواری ئۆبژێکتیڤ و بەکەڵکدا هەڵسەنگێندرێ، ئەمە پێویستی بە زانیاریی قووڵی مێژوویی هەیە، بەڵام ئاستێک کە ئێمە دەستەبەرمان کردبوو، توانای تێپەڕینی لە فیکری سێمیتیک (ڕەگەزی سامی) نەبوو. کەسایەتیی بێ ڕۆحی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش کە کراسێکی مارکسیستیی بە بەردا کراوە نەک هەر نەیدەتوانی پارادۆکسەکان چارەسەر بکات، بەڵکوو لە فامکردنی دروستیشیاندا بێ توانا بوو. لەم دواییانەدا هەموو ڕەوتە چەپ و ڕاستەکان و بیرۆکە دینی و نەتەوەییەکان لە هەموو جیهان و لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینیشدا یارمەتیدەری هێزی ئیدئۆلۆژیکی کاپیتالیزمن. لێکهەڵوەشانی بەربڵاوی ڕێئال سۆسیالیزم لە ساڵی ۱۹۹۰ نموونەی زەقی ئەم ڕاستییەیە. (ئۆجەلان:۲۰۰۳، ۸ و ۲۱ و ۲۲).

ئۆجەلان دەڵێ گۆڕانی ئیدئۆلۆژیکی من بە شێوەیەکی زۆر ڕوون لە شرۆڤەی سیاسەت، دەوڵەت و شارستانییەتی هاوچەرخ هاتۆتە دی. دەبێ دان بەوەدا بنێم کە لە منداڵیدا هەمیشە خۆزگەم دەخواست کە پلە و پایەیەکی بەرزم لە سیستمی دەوڵەتدا هەبێ. تەنانەت ئەگەرەکانی ئێمە بۆ لەناوبردنی دەوڵەت لە ڕێگای شۆڕشەوە، لە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆمان تێپەڕ نەدەبوو. لە سەر بنەمای شرۆڤەکانی من ئیدی ئیدئۆلۆژییە دەوڵەتخوازەکان نەیاندەتوانی ببنە کەرەستەیەک بۆ ڕزگاری. دەوڵەتە سەرمایەداری، سۆسیالیست، نەتەوەیی و دێموکراتیک فیدرالیستەکان لە جیاتی چارەسەری مەسەلە دینی، ڕەگەزی، نەژادی، ژینگەیی و چینایەتییەکانی کۆمەڵگە چینایەتییەکان، خۆیان بوونەتە سەرچاوەی هەموو ئەو کێشانە. دەبێ ڕێگە چارە لە سەرچاوەگەلێکی جیا لەو

سەرچاوانەی سەرەوەدا بدۆزرێتەوە... بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە کۆمەڵگە و شارستانییەتی چینایەتی هاوسەنگیی ژینگە و ئێکۆسیستمی سروشتییان تێکداوە، پێویستی دانانی کۆمەڵگەی ئێکۆلۆژیک بە پاڵپشتیی زانست ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەردەکەوێ. (ئۆجەلان: ٢٠٠٣، ٢٢ و ٢٣).

ئۆجەلان ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێ کێشەی کورد و ڕێگە چارە پێوەندیدارەکانی لە سەر بنەڕەتی ئەم گۆڕانە (کۆمەڵگەی ئێکۆلۆژیک)، شرۆڤە بکرێن و هەڵبسەنگێندرێن. هەم ڕێگە چارە کلاسیکە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و هەم ڕێگە چارەی نەتەوەیی ڕۆژئاوا هەر لە مێژە تووشی شکست بوونە. ئیسلام لە سەر بنەمای شرۆڤەی سوننە مەزهەب تەنیا توانیویە ئەڵقەیەکی دیکە بە زنجیری کوێلایەتیی کوردەکان لە ماوەی ١٤٠٠ ساڵدا زیاد بکات. سیستمی لاواز و لاساییکەرانەی بۆرژوازیی سەرمایەداری چ لە نێو دراوسێکان و چ لە بیاڤە کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکانیدا ئاکامێکی جیا لە سڕینەوە و حاشالێکردنێکی دواکەوتوانەتر لە چاخی فیئۆدالی پێکنەهێناوە. ڕێگەی چارەسەری کێشەی کورد لە گۆڕان و پێشکەوتنی ئیدئۆلۆژیی مندا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دەرکەوتووە... بۆیە ڕێگە چارەی کوردەکان نە ئیسلامییە نە نەتەوەیی. فیئۆدالیزمی ئیسلامی و کاپیتالیزمی نەتەوەیی شتانێکن کە کورد دەبێ لێیان تێپەڕێ. (ئۆجەلان:٢٠٠٣، ٢٤ و ٢٥).

لە قۆناغی چوارەمدا ئۆجەلان تا ئەو ڕادەیە چۆتە پێش کە دەڵێ: «ئامانج لە شۆڕشی نوێ دەستەبەربوونی دەوڵەت یان شارستانییەتی چینایەتی نیە، بەڵکوو وەک ئاڵتێرناتیڤی ئەوان دەردەکەوێ، ئامانجی بێ دەوڵەت بوون و بێ چین (چینی کۆمەڵایەتی) بوون بگرنە پێش و بە هەبوونی پێوەندیی قووڵ لەگەڵ زانست، کۆمەڵگەیەکی ئێکۆلۆژیک لەگەڵ گیا و ئاژەڵەکانی بخولقێنن. بۆیە ئەگەر لەم ڕاستایەدا شۆڕشەکەمان بە (شۆڕشی ئێکۆلۆژیک و دێموکراتیک) ناودێر بکەین، واقیعبینانەترە». (ئۆجەلان: ٢٠٠٣، ٢٦).

ئۆجەلان کە لە قۆناغی پێشوودا وەک مارکسیست ـ لنینیستێکی ئۆرتۆدۆکس دەردەکەوت، لە قۆناغی چوارەم یان بووکچینیزمدا بە توندی ڕەخنە لە مارکس دەگرێ و دەڵێ بە ڕادەی پێویست ڕوون بووەتەوە کە سۆسیالیزمی مارکس-

ئێنگێلس کە وەک بۆچوونی دژبەرانە (سیستمی کاپیتالیستی) دەرکەوت، کاڵ و کرچترین شرۆڤە لە بەستێنی کۆمەڵگەدایە و بە پێچەوانەی هەموو ئێدیعای دژایەتییەکەیان، زیاتر لە لیبرالیزمێک کە ئیدئۆلۆژیی فەرمی کاپیتالیزمە، خزمەتیان بە کاپیتالیزم کرد. (ئۆجەلان: ٢٠٠٩-ب،١١).

## قۆناغی چوارەمی ژیانی ئیدئۆلۆژیکی ئۆجەلان و پۆست مۆدێرنیزم

کاتێک ئۆجەلان دەڵێ ڕوانگەی مۆدێرنیستی لە نیو بیر و هزرمدا شکستیخوارد، بەو مانایەیە کە هاتۆتە ناو جیهانی پۆست مۆدێڕنەوە، هەڵبژاردنی بیرۆکەی کۆمەڵگەی ئێکۆلۆژیکی و خەبات بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمەڵگەیە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. لێرەدا هەڵەیەکی زەقی ئۆجەلان وە بەر چاو دەکەوێ، ئەویش پەنا بردنە بەر بیرۆکەیەکی پۆست مۆدێڕنیستی (بیرۆکەی بووکچین) و دانانی وەک بنەما بۆ خەباتە لە کوردستان. هەڵەکە ئەوەیە کە ئۆجەلان دەیەوێ لە کۆمەڵگەیەکدا کە هێشتا لە قۆناغی پێش پیشەسازی مۆدێڕندایە، ئیدئۆلۆژییەکی پۆست مۆدێڕن بە زەبری چەک بسەپێنێ. لە کۆمەڵناسیدا کۆمەڵگە بە سەر چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێ تا بگاتە کۆمەڵگەیەکی پۆست مۆدێڕن، بۆ نموونە کۆمەڵگەی پیشەسازی، کۆمەڵگەی مۆدێڕن و بە دوای ئەو دوانەدا (وەک رەخنە لە مۆدێڕنیزم) کۆمەڵگەی پۆست مۆدێڕن دێت، بەڵام ئۆجەلان یەکسەر دەیەوێ لە کۆمەڵگەی پێش پیشەسازییەوە باز بداتە نێو پۆست مۆدێڕن! واتە لە کۆمەڵگەیەک کە ئەزموونی مۆدێڕنی نیە، دەیەوێ ئیدئۆلۆژییەکی پۆست مۆدێڕن جێگیر بکات. ئەویش لە کوردستان کە هێشتا کیانێکی سەربەخۆی نیە و ژێر دەستەیە! هەر بۆیە هەر وەک لە درێژەدا باسی لێوە دەکرێ، هەم پەکەکە لە بەرانبەر هەموو بایەخە نەتەوەییەکانی کورددا دادەنێ و هەم بایەخە نەتەوەییەکان بە دژە بایەخ ناو دەبات.

ئەو لەم قۆناغەدا کە هاتۆتە نێو جیهانی پۆست مۆدێڕنەوە، تێکۆشاوە کە هێندێک چەمک و دەستەواژەی فەلسەفی و کۆمەڵناسی بۆ خۆی داتاشێ، یان ئەوەیکە گۆڕانیان بە سەردا بێنێ. یەکێک لەو شتانە مۆدێرنیتەیە کە بەتوندی دەیداتە بەر ڕەخنە و ئاڵتێرناتیڤێکی بۆ داناوە بە ناوی مۆدێڕنیتەی دێموکراتیک کە دژی دەوڵەت-نەتەوەیە، لەم بارەیەوە دەڵێ: دانانی چەمکی

مۆدێرنیتەی دێموکراتیک وەک ئاڵتێرناتیڤ بۆ مۆدێرنیتە، پێویستیی دیالێکتیک بوو. هەر وەک کارل مارکس مێتافیزکی دیالێکتیکی هێگلی بۆ ماتریالیزمی دیالێکتیک گۆڕی، منیش تێکۆشام تا مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی بۆ مۆدێرنیتەی دێموکراتیک بگۆڕم. (ئۆجەلان: ٢٠١٠-ب، ٢٣٤).

## قۆناغی چوارەم لە ژیانی ئیدئۆلۆژیکی ئۆجەلان و دەوڵەت-نەتەوە

هەر وەک زانرا یەکێک لە باسە گرینگەکانی ئۆجەلان لە قۆناغی بووکچینیزمدا، دژایەتیی دەوڵەت-نەتەوەیە. ئەو دەڵێ پرۆژەی سۆسیالیزمی زانستی و ڕێئال لە بنەڕەتدا هاوئاراستە لەگەڵ پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەدا بووە، پرۆژەیەک کە لە بنەڕەتدا کاپیتالیستییە... پرۆژەیەک کە وەکوو دەعبایەک بە سەر سۆسیالیزمیشدا زاڵببوو... وەکو نەخۆشییەک کەوتبووە گیانی جووڵانەوە خەڵکییەکان... نەخۆشییەک کە «لینینی شێت کرد و ئێستالینی کوشت!» شێوە نەخۆشییەک بوو کە تەنانەت «شۆڕشی فەرهەنگیی مائۆ»ش دەرمانی نەکرد... گەورەترین هەڵەی بنیاتنەرانی سۆسیالیزمی زانستی واتە کارل مارکس و فرێدریک ئێنگێلس ئەوە بوو کە لە جیاتی ئەوەی بەرانبەر بە دژەشۆڕش واتە دەوڵەت-نەتەوە ڕاوەستن، پشتیوانییان لێکرد. ئەم هەڵەیە دوای زەبری بۆرژوازی، گەورەترین زەبرێک بوو کە تا ئێستا لە پەیکەری شۆڕشەکان و جووڵانەوەگەلی نەتەوەیی-دێموکراتیکی گەلان کەوتووە کە لە ئاکامدا هەموو چەوساوەکان، گەلان و نەتەوەکان تووشی زیانی گەورە و چەرمەسەریی زۆر بوونە. (ئۆجەلان: ٢٠١٢، ١٩٧و ٢٢٧و ٢٣٣و ٢٣٤). لە دۆخی ئەمڕۆی ئێمەدا نەتەوە و نەتەوەپەروەری هیچ بایەخێکی بۆ چارەسەریی کێشەکانی کۆمەڵگە نیە. تەنانەت بە پێچەوانەش بە حەشاردانی کێشەکان لە ژێر سەرپۆشی نەتەوە و نەتەوپەروەری، چارەسەر کردنیان دژوارتر دەبێ. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لە نەتەوەپەروەری لە سیاسەت و تێکۆشانی ئیدئۆلۆژیکدا کەڵک وەرنەگیردرێ و نەتوەش بۆ یارمەتی بە چارەسەریی کێشەکانی کۆمەڵگە نەبێتە بنەما. (ئۆجەلان: ٢٠٠٦-ب، ٤١)

هەر وەک لە قۆناغی سێهەمدا باسکرا ئۆجەلان دەڵێ: پەکەکە بە دوو وشەی (کوردستان کۆلۆنییە) دەستیپێکرد. ئەمە بەو مانایەیە کە کوردستان وڵاتێکە

و له لایەن دەوڵەتێکی دیکەوە داگیر کراوە و کراوەتە کۆلۆنی و پەکەکەش دامەزراوە بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە و بە دەستهێنانەوەی سەربەخۆیی وڵات، بەڵام لە قۆناغی بووکچینینزمدا دەڵێ: «گرینگترین باسێک کە لە سەر هێڵی سیاسیی پەکەکە دەبێ ڕوون ببێتەوە ئەوەیە کە ئایا پەکەکە دەیەویست دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنی یان نا؟ لەگەڵ ئەوەی کە دروشمی کوردستانی سەربەخۆ کەڵکی زۆری لێوەرگیرا، بەڵام ئەستەمە بڵێم ئەم دروشمە بە واتای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بووە. من وەک تاکێک کە لە نزیکەوە لە سەر هەموو مەسەلەکان زانیاریم هەیە، دەبێ بڵێم کە ئێمە باسی دەوڵەتی سەربەخۆ و بە تایبەتی کوردستانی سەربەخۆمان بە قووڵی نەکردبوو. هەرچەند لە باری یۆتۆپیاییەوە خواستێک بۆ ئەم مەسەلەیە هەبێ، بەڵام لە باری ڕێئالییەوە دانانی وەک پڕۆژەیەک جوان نەبوو... لە جیاتی دەوڵەت، دەستەواژەی کوردستان وەک نیشتمان باشتر کەوتە بەرچاو. لە دروشمی (کوردستانی سەربەخۆ، دێموکراتیک و سۆسیالیستی)دا خواستێکی ڕوون بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ نابینرێ. وا دەبینرێ کە قبووڵ و ئاستی نێونجی بۆچوونەکان لە سەر دیسکۆرسی کوردستانی ئازاد بێت کە واقێع بینانەترین دروشمی شۆڕشگێڕانەیە» (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٠٦). هەر بۆیە دانانی (پڕۆژەی کوردستانی دیموکراتیک) لە جیاتی (پڕۆژەی کوردستانی دەوڵەتخواز و نەتەوەپەرەست) دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتەوەکانی تورک، عەرەب و فارس هەڵسوکەوتێکی باشتر و چارەسەرساز بەرانبەر بە کورد بگرنە بەر. کوردەکان وەک سەرچاوەی مەترسی نەبینن و لەگەڵی وەک برا و دۆست بجووڵێنەوە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٣، ١٥٨ و ١٥٩) بۆیە دروشمی سەرەکی دەتوانێ بە شێوەی (یەکیەتیی دیموکراتیک لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ، ئاکامی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە و ڕۆژهەڵاتی ناڤینی دێموکراتیک، بە واتای یەکیەتیی دێموکراتیکی کوردستان) دابڕێژرێ. دەبێ گرینگی بە بەرەوپێشبردنی یەکپارچەیی دێموکراتیک لەگەڵ هەر وڵاتێک بدرێ. بۆ جیاییخوازی سەدان ساڵە خوێن دەڕژێ، هەر وەک لە ئورووپاش بینرا، لە ئاکامدا یەکیەتییەکی دڵخوازانەی فیدراڵیی لێدەکەوێتەوە، بۆیە کوردستان لە دۆخێکدایە کە یەکیەتیی دێموکراتیکی بۆ باشترە، قازانجێک کە یەکیەتیی دێموکراتیک هەیەتی زۆر باشترە لە کوردستانێکی تەریککەوتوو. (ئۆجەلان:

٢٠٠١، ٣٣٧).

له سەر کۆمەڵگەی کورد ئۆجەلان ئاماژە بەوە دەکات کە کورد لەگەڵ ئەوەیکە شارۆمەندی وڵاتانێکە کە لەناو سنوورەکانیاندا دەژی، بەڵام ئەندامی نەتەوەی دەسەڵاتدار نیە. دەتوانن شوناسی نەتەوەیی و ئیتنیکی خۆیان بە شێوەیەکی جیا گەشە پێ بدەن، بەڵام قبووڵی شوناسی فەرمی و سەرانسەری وڵاتێک کە لەودا دەژین و قبووڵی هێندێک بەستراوەیی نەتەوەیی کە بە پاراستنی یەکپارچەیی نیشتمانیان لێ دەکەوێتەوە لەگەڵ بەها نەتەوەییەکانیان لە پارادۆکسدا نیە. بۆ وێنە وتنی ئەوە کە من ئەندامی نەتەوەی ئێرانم و بەڵام هاوکاتیش کوردم، نە تەنیا کێشە خۆلقێن نیە، بەڵکو شوناسێکیتری بەرینترمان پێدەدات. ئەمە بۆ عێراق و تورکیەش راستە. وتنی ئەوەکە من بەشێکم لە گەل یان نەتەوەی تورکیە، بەڵام شوناسی کوردی خۆم بپارێزم، راستترە و بە واتای هاوڕا بوونی هاوبەش لە شوناسێکی بەرینترو گشتگیرترە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٦-ب، ١١ و ١٢)

وەرگرتنی کوردەکان وەکوو بەشێک لە دەوڵەمەندی نەتەوەیی نیشتمانی هاوبەش، بۆ نەتەوەی تورک یارمەتییەکی راستەقینەیە. دەنا تا رادەیەکی پێویست سەلماوە کە بێمتمانەیی، دووبەرەکی و رێوشوێنی چەکدارانە دەبێتە سەرچاوەی گەورەترین زیانەکان. ئەگەر لە خوێندنەوەی قازانج ویستانە لە چاکسازی و هەڵسوکەوتی شۆڤێنیستییانە دەست هەڵبگیردرێت، ئەوکات کۆسپێکی جیددی لە سەررێگای کوردەکان بۆ بوونە شارۆمەندێکی ئاگا و متمانە پێکراوی کۆمار (کۆماری تورکیە) نامێنێ. لە بنەڕەتیشدا چارەسەر بۆ کێشەی کورد لەم خاڵەدایە کە بە پاراستنی شۆناسی ئازاد و بوونی تایبەتیان لە چوارچێوەی کۆمارێک کە لەودا دەژین دەستپێدەکات. رێگای چارەسەری نەک لە چوارچێوەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، نە حاشا کردن و نە رێکاری چەکدارانەیە؛ خاوەن مافی نەرانبەر لە هەموو بوارەکاندا لە کۆماری دیمۆکراتیک، پلانی ئاگایانە رێکخراوەیی شارۆمەندە ئازادەکانی دەبێ. ئەمەش نە بە وایای جودایخوازی، بەڵکو پێکەوەژیانی برایانە و سوود بردنی هاوبەش لە هەموو مافەکانە. لەم شێوەیەدا ئەوەیکە ئەگەر زمانی کوردی ببێتە زمانێکی فەرمی و بە دوای ئەودا مەترسیی فیدراسیون بێتەکایەوە، بوونی نیە. هێندێک رێبازی

شۆڤێنیستی نەتەوەتەوەر هەمووکات ئەم دەماگۆژییانە دێننە سەر زمان، چونکە ئەوە تێناگەن کە دیمۆکراسی راستەقینە رژێمێکی پڕبەهاتر و مافتەوەرانەتر لە دەوڵەتی جیا و سەربەخۆ و فیدراسیونە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٦-ب، ١٤-١٣)

ئۆجەلان لە کۆنفیدرالیزمی دێموکراتیکدا بە دوای ڕێگەیەک جیا لە دەوڵەت-نەتەوە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی دەگەڕێ. بۆ ئەم مەبەستە ئۆجەلان مێژووی مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە تا جیهانی پێش بە پیشەیی بوون بە شێوەی خۆی شرۆڤە دەکات. ئۆجەلان ژێرخانی دەوڵەت-نەتەوە بە هێز، بنەما دینییەکان، بۆرۆکراسی، یەکسانکردن و بوارە کۆمەڵایەتییەکان دەزانێ. (ئۆجەلان: ٢٠١١، ٩-١٧) ئۆجەلان بنەما ئیدئۆلۆژیکەکانی دەوڵەت-نەتەوە یان هەمان سەرخان بە ناسیۆنالیزم، زانستی پۆزیتیڤیستی، سێکسیزم و دین دەزانێ . ئەو ئەم باسەی لە تێئۆریی کاری کارل مارکس وەرگرتووە کە باس لە چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان بەشەکانی کۆمەڵگە دەکا کە بریتییە لە دوو بەشی ژێرخان و سەرخان و دواتر ئاماژەی پێ دەکرێ، بەڵام ئۆجەلان هاتووە ئەمەی پێچەوانە کردۆتەوە و هەموو کێشەکانی ناو کۆمەڵگە لە کار و سەرمایەوە بگرە تا ناکۆکییە نەتەوایەتییەکانی خستۆتە ئەستۆی دەوڵەت-نەتەوە! دەوڵەت-نەتەوە خۆی بەرهەمی کاپیتالیزمە، بۆیە ناتوانێ مێژوویەکی وەک ئەوەی هەبێ کە ئۆجەلان باسی دەکات و هەمووی ئەو کێشانەی ئەمرۆ کۆمەڵگەی مرۆیی بخەیتە ئەستۆی و ئیددیعای ئەوە بکەی کە ئەگەر دەوڵەت نەتەوە نەمێنێ، کێشەکان چارەسەر دەبن.

لە رابردوودا دروشمی کوردستانی سەربەخۆ، یەکپارچە و سوسیالیستی بەرز کرایەوە. ئەم دروشمە ریشەی لە زەینییەتی نەتەوەپەروەرییە، کە هەم لە باری ئیدئۆلۆژیکی و هەم لە باری سیاسییەوە واقعبینانە نیە! عەرەبەکان بوونەتە زیاتر لە بیست دەوڵەت، تورکەکان و ئێرانییەکانیش هەروەها، دابەشبوونی کوردەکان جیاوازترە و جیاوازی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەگەر هەر بەشێک لە گەل بە جیا شەڕی نەتەوەیی و نیشتمانی دەستپێبکات، هەموو رۆژهەڵاتی ناڤین دەبێتە مەیدانی شەڕ. بە جیابوونەوەی زیاتر، کێشە جۆغرافیاییەکان و دینییەکان قوڵتر دەبنە. هەموو شوێنێک دەبێتە شەڕی فەلەستین و ئیسرائیل. روونە کە ئەم

روانگەیە لە سەر نەتەوە و وڵاتی یەکپارچە لە زەینییەتێکی نەتەوەپەروەرەوە سەرچاوەی دەگرت و دەبووە هۆی خوێنینترین شەڕەکانی ئەم دوو سەدەیە. ڕێگەی دروست ئەوەیە کە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی هەنووکەیی وەک ئەساس وەربگرین و بە خەبات بۆ دیموکراسی و مافە ئەساسییەکان لە هەموو وڵاتان و دەوڵەتەکاندا و بە پاراستنی یەکپراچەیی خاکی ئەو وڵاتانە، مافی وەک یەک و پێکەوەژیانی ئازادانە دەستەبەر بکەین. (ئۆجەلان: ٢٠٠٦-ب، ٢١-٢٠)

ئۆجەلان لەم پێوندییەدا دەڵێ: «لە دەیەکانی دواییدا کوردەکان تەنیا بە مەبەستی ناساندنی خۆیان خەباتیان دژی هێزە زاڵەکان نەکردووە، بەڵکوو بۆ ئازادکردنی کۆمەڵگە لە دەستی فیئۆدالیزمیش خەباتیان کردووە. بۆیە ئەوە عەقڵانی نیە کە جێگەی ئەو زنجیرە کۆنانە بە سەرکوتکەری نوێ یان باشتر بدرێ. ئەمە شتێکە کە بنچینەیە بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی کە لە مۆدێرنیتەی کاپیتالیستیدا واتای هەیە. بەبێ دژایەتی لەگەڵ مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی شوێنێک بۆ ئازادیی خەڵک نامێنێتەوە. ئەمە هۆیەکە کە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئاڵتێرناتیڤ نیە بۆ من. بانگەواز بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی تەنیا دەبێتە هۆی دەستەبەر بوونی بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەست یان کاپیتالیست.

لەم دەوڵەتەدا بەرژەوەندیی خەڵک لە بەر چاو ناگیرێت و دەبێتە هۆی نادادپەروریی زۆرتر و بەرتەسکبوونەوەی ئازادییەکان. چارەسەری کێشەی کورد پێویستی بە دۆزینەوەی ڕێگایەکە کە لەودا یان مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی لاواز بکرێ یان بەرەو دواوە پاڵی پێوە بنرێت! ئەمە هۆکارگەلێکی مێژوویی، تایبەتمەندیگەلێکی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاریگەلێکی ڕاستەقینەن کە وای کردووە شوێنی نیشتەجێبوونی کورد دابەشبکرێ بە سەر چوار وڵاتدا و بۆتە هۆی پێکهاتنی ڕێگە چارەیەکی دێموکراتیکی پێویست! ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە نەبوونی دێموکراسیدا دەناڵێ. هەڵکەوتی ژێئۆستراتێژیکی خاکی کورد، شانسێکی گەورە دەدات بە پرۆژەی دێموکراتیکی کورد بۆ دێموکراتیزە کردنی ڕۆژهەڵاتی ناڤین. ناوی ئەم پرۆژەیە کۆنفیدرالیزمی دێموکراتیکە.» (ئۆجەلان: ٢٠١١، ١٩-٢٠) شتێکی گرینگ کە ئۆجەلان لێرەدا ئاماژەی پێدەکات ئەوەیە کە کورد هێشتا لە قۆناغی «فیئۆدالیزم»دایە، بەڵام بیرۆکەی کۆنفیدرالیزمی

دیموکراتیک بیرۆکەی بووکچینە، کەسێک کە هەر وەک ئۆجەلان مارکسیست ـ لێنینیست بووە و دواتر بۆتە ئانارشیست و دوای ئەوەش بیرۆکەی سۆسیال ئێکۆلۆژی دادەنێ. ئەم بیرۆکەیە کە لە کۆمەڵگەی ئەمریکا و لە قۆناغی دوای بە مۆدێرن بووندا دانراوە، ئێستا لە ڕێگەی ئۆجەلانەوە کراوەتە بنەمای شۆڕشی نەتەوەیەک کە وەک خۆی ئەڵێ لە سەردەمی فیئۆدالێزمە! لەم بیرۆکەیەی ئۆجەلان ئەوەی کە پێکهێنەری چەوساندنەوە و نادادپەروەرییە، سەرمایەداری نیە، بەڵکوو دەوڵەتی نەتەوەییە، چونکە ئەو پێیوایە دوابەدوای فیئۆدالێزم سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی دێتە ئاراوە و دەبێتە هۆی دەستەبەربوونی بەرژەوەندییەکانی چینی کاپیتالیست!

لە ئاکامدا ئۆجەلان دەڵێ: کاتی سەرهاڵدان بە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و شۆڕشی رزگاریدەر وەک ئەوەی لە رابردوودا بوو تێپەڕیوە. سەرهەڵدان بە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەت و رزگاریی نەتەوەیی لە ئاکامدا شتێک زیاتر لە دەوڵەتێکی کاپیتالیستی نیە. نە تەنیا هیچکام لە کێشەکانی گەلی پێ چارەسەر ناکرێ، بەڵکو کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە. تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆش پێکبێت لەلایەن هیچکام لە دەوڵەتانی دراوسێیەوە بە فەرمی ناناسرێولە ئاستی نێونەتەوەییشدا پەراوێز دەخرێ. بۆ ئەوەیکە دەوڵەت بەشێوەی سەربەخۆ درێژە بە ژیانی خۆی بدات پێویستی بە ئابووری، زمان و یەکگرتوویی جەماوەریی هەیە کە ئەمەش وا دەبیندرێ هیچ پێشینەیەکی نیە کە تەنانەت بتوانێ رۆژێکیش درێژە بە ژیانی بدات، بۆیە دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کوردەکان شتێک زیاتر لە وتەیەکی ئیدئۆلۆژیک نیە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٦-ب، ٤٤ و ٤٩ و ٥٠) کوردەکان دەبێ ببنە گەرەنتیی یەکپارچەیی (مەبەستی ئێران، تورکیە، عێراق و سووریەیە) لە چوارچێوەیەکی دیمۆکراتیکدا و لە حاڵەتی هێزێکی جوداییخواز و شۆڕشگێڕ بۆ ئەو وڵاتانە کە تێیایدا ژیان دەکەن بێنە دەر. رێگەچارە نە سەرهەڵدانە و نە جوداییخوازی، بەڵکو سازشی دیمۆکراتیک و ئاشتیخوازانەیە. بۆ یەکەمجارە لەمێژوودا کە دەرفەتی هەڵگرتنی هەنگاوی سەرکەوتوانە بۆ پێکهێنانی دیمۆپکراسی لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا دەخولقێ. مێژوو لەم کاتەدا رۆڵێکی بێ وێنەی بە کورداوە. دابەشبوونی کوردەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا ئێستا بۆ ئەوان پوەنێکە. تەنانەت ژاراوخۆر کردنی کورد بە

نەتەوەپەروەری ئاکامگەلێکی پۆزێتیڤی پێکهێناوە. ئەگەر گەلی کورد گۆڕانی دیمۆکراتیک لە خۆی پێکبێنێ، نەتەوەی ئەویش ناچار بە گۆڕانی دیمۆکراتیک دەکات. لە رابردوودا کوردەکان ببوونە بە کەرەستەی جوداییخوازی و کەرەستەی دەستی بیانییەکان. ئەمڕۆ بە پێچەوانەی رابردوو پێکهاتنی ئازادی، ئاشتی و برایەتی گەرەنتی دەکەن. بزووتنەوەی کورد بنەمای یەکیەتی دەوڵەت و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتانەیە. لەمە بە دوا، کوردەکان لە هەر کوێ بژین، وەبیرهێنەرەوەی پەرە پێدانی ئازادی و دیمۆکراسین. کوردەکان لە ئێران وەرگرتنی رۆڵی مێژوویی، هەنگاوی پتەو بۆ چێکردنی کۆماری دیمۆکراتیکی ئیسلامی و یان سیستمێکی مۆدێرنتر هەڵدەگرن. لە عێراق لە چوارچێوەی فیدراسیونێکی دیمۆکراتیک گەرەنتی سەرەکی پێکهاتنی عێراقی دیمۆکراتیک یان فیدراسیونی عێراقن. لە تورکیەدا بۆ سەرکەوتنی کۆماری دیمۆکراتیک و لائیک بە هەڵگرتنی هەنگاوگەلی وشیارانە و دیمۆکراتیک رۆڵی سەرەکی دەبینن. لەلایەکی دیکەوە رۆڵی ئەوان لە پێکهاتنی سوریەی دیمۆکراتیک نابێ لە بەرچاو نەگیردرێ. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ئا، ١٠٠)

## پاساوی مێژوویی ئۆجەلان بۆ قۆناغی چوارەم

تا ئێرە ئۆجەلان باسی ئەو بەستێن و هۆکارە سیاسییانەی کرد کە بوونەتە هۆی گۆڕانی ئیدئۆلۆژییەکەی، بەڵام ئۆجەلان بۆ ئەوەی کە ئیدئۆلۆژییە نوێیەکەی کە لە ئیمرالیدا هەڵیبژاردووە، لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بچەسپێنێ و ڕەوایی پێ بدات، وێڵی دالانەکانی مێژووی کۆن و نوێ دەبێ، دەستەوداوێنی خوداکانی سومر دەبێ و مێژوویەکی بە تەواوی ساختە چێ دەکا و بەبێ بەڵگە دەڵێ سومەر لانکەی یەکەمین شارستانییەتی مرۆڤە، کوردیش بە ڕەچەڵەک دەڕواتەوە سەر ئەوان. لەم بارەیەوە ئۆجەلان دەڵێ ئاکامی لێکۆڵینەوەکان لە بواری دێرینەناسی، ئێتنۆگرافیک، تێئۆلۆژی و هەموو بوارە زانستییە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی ڕابردوودا دەریانخستووە کە یەکەمین خاوەنی شارستانییەت و یەکەمین کۆمەڵگەی خاوەن دەوڵەت و خاوەنی یەکەمین مێژووی نووسراو سوومرییەکان بوونە... بۆیە ناسینی سوومریەکان بە واتای ناسینی دوێنێ و ئەمڕۆمانە. ئەگەر شارستانییەتی سوومر ون ببوایا

و نەدۆزرابایەوە یان لە بیر کرابا، بەبێ بوونی ئەم سەرچاوە بنەڕەتییەی شارستانییەت، توانای ناسینی خۆمانمان نەدەبوو. بۆیە سوومریەکان ڕابردووی ئێمەن و هەر وەک دوێنێ لە ئێمە نزیکن. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ١٤).

ئەو هەروەها دەڵێ من لەو باوەڕەدام کە میزۆپۆتامیا کە لانکەی شارستانییەتی چینایەتی بووە دەتوانێ هەڵگری ئاڵتێرناتیڤی ئەم شارستانییەتەش بێ. ئەگەر لانکەی شارستانییەتێکە، لانکەی ئاڵتێرناتیڤەکەشی هەیە. ئەو لەوەی کە لە شەڕی کەنداودا هەلیان بۆ جێگیر بوونی پڕۆژەکەی رەخساندووە، دڵخۆشە و دەڵێ ئینگلیس و ئەمریکا وەک هێزی پاڵنەری سیستمی جیهانیی کاپیتالیزم، لە سەرەتای هەزارە سێهەمدا لە ژێر دروشمی (عێراقی دێموکراتیک) هێرشیان کردە سەر میزۆپۆتامیای خواروو... بێگومان ئەم سیستمە ناتوانێ لەم ناوچەیە دێموکراسی جێگیر بکات، بەڵام دەتوانێ هۆکارێک بێت بۆ ئەوە. ئەم ڕووداوە بە هەڵکەوت نیە، دەبێ بەپێی شیکردنەوەکانی من لە پارێزنامەکەمدا لە مافی مرۆڤی ئۆرووپا، هەڵسەنگێندرێ. ئێستا لە قۆناغی تێپەڕاندنی شارستانییەتی کۆمەڵگەی چینایەتیی پێنج هەزار ساڵەوە بۆ ئاڵتێرناتیڤەکەی واتە (شارستانییەتی دیموکراتیکی گەل)داین. (ئۆجەلان: ٢٠٠٣، ٢٥ و ٢٦) ئەمە بەو مانایەیە کە ئەگەر شارستانییەتی سومر یەکەمین شارستانییەتە، شارستانییەتی دێموکراتیک کە بنچینەکەی لە سەر بیری ئانارشیستیی «مۆرای بووکچین» دانراوە، دوایین شارستانییەتە کە دواتر باسی لە سەر دەکرێ. ئەو بە توندی لە سەر بە ئاکام گەیشتنی ئەم پڕۆژەیە پێ دادەگرێ و دەڵێ ئەم پڕۆژەیەی بەردەممان چ لە ڕێگەی جەنگەوە سەر بکەوێ و چ لە ڕێگەی ئاشتییەوە، ئاکامەکە هەر پێکهاتنی نەتەوەگەلی دێموکراتیکە. بەم شێوەیە لە کولتووری شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە بە هۆی کایەی هەزاران ساڵەی شارستانییەتی چینایەتی، شاری و دەوڵەتی بۆتە گومی خوێن و عەشیرەکان، دینەکان، مەزهەبەکان و نەتەوەکانیان بە گژ یەکتردا کردووە، سەردەمی مۆدێرنیتەی دێموکراتیک لە سەر بنەڕەتی نەتەوە دێموکراتیکەکان دەست پێ دەکات. (ئۆجەلان: ٢٠١٢، ٢٠١).

ئۆجەلان باس لە (ماتریالیزمی دیالێکتیکی مارکس) و (ئیدەئالیزمی دیالێکتیکی

هێگل) دەکا و دەڵێ گرینگی و فۆنکسیۆنی خۆیان هێشتا لە دەستنەداوە و لە پلەی یەکەمدا دەبێ ئەم دوو ڕێکارە بە بەرپرسی شرۆڤەی ناتەواوی کۆمەڵگە و مێژوو بزانین. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٠). ئۆجەلان بۆ دیاریکردنی جێگەی ئیدئۆلۆژییەکەی خۆی لە ناو مێژوودا، پەنای بردۆتە بەر ماتریالیزمی دیالێکتیکی مارکس و ئیدەئالیزمی دیالێکتیکی هێگل و لە ڕێگەی ئەم تێئۆرییانەوە دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە (شارستانییەتی دیموکراتیک) کە بیرۆکەی خۆیەتی، دەبێتە ئاڵتێرناتیڤی سیستمی کاپیتالیزم. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە هەم ئیدئۆلۆژییەکەی و هەم دیالێکتەکەی لە مۆرای بووکچین، کۆمەڵناسی ئامریکایی وەرگرتووە. دیالێکتی ناتۆرالیزمی بووکچینی کردۆتە بنەما و دەیەوێ لەو ڕێگایەوە داهاتووی ئاپۆییزم دیاری بکات. بۆ چوونە ناو باسەکەوە سەرەتا پێویستە بە کورتی ئاماژە بەو دوو تێئۆرییە بکرێ.

دیالێکت بۆ خۆی خاوەنی مێژوویەکی هەزارانساڵەیە، لە ڕیشەی وشەی یۆنانیی (دیالۆگۆس) وەرگیراوە کە ئەفلاتوون و ئەرەستوو لە یەکەمین کەسەکان بوون کە کەڵکیان لێ وەرگرت. دواتر هێگل و مارکس پەرەیانپێدا. بەپێی بۆچوونی هێگل دیالێکتیک سێ کۆڵەکەی سەرەکیی هەیە:

**١- تێز**

**٢- ئانتی تێز**

**٣- سەنتێز**

بە ڕای هێگل هەر تێزێک، ئانتی تێزێکی بۆ چێ دەبێ کە لە پێکدادانی ئەو دوانە دیاردەیەکی نوێ دەخولقێ کە سەنتێزی ئەو دوانەیە. بە بۆچوونی هێگل ئەم سەنتێزە دیسانەوە خۆی دەبێتە تێز و ئەم ڕەوتە بە شێوەیەکی بازنەیی درێژەی دەبێ، چونکە ئەو پێیوایە کە فیکر و ڕەوتی فیکر بە شێوەی بازنەیی پەرە دەستێنن. دواتر کارل مارکس لەم دیالێکتە بۆ شیکردنەوەی مێژوو کەڵکی وەرگرت. (جۆن ئا، وێس شارۆک، پیتێر ژ.: ٢٠١٢، ٢٥-٣١) مارکس بەپێی دیالێکتیکی هێگل، دیالێکتیکی خۆی دامەزراند، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە دیالێکتیکی مارکس وەک دیالێکتیکی هێگل بێت، چوونکە لە بنەڕەتدا پێکەوە جیاوازن. هێگل لەو باوەڕەدایە کە ئەم یاساگەلە (ئەو سێ یاسایە کە پێشتر باس کران) لە فیکرەوە لە سەر سروشت و کۆمەڵگە دانراون نەک بە پێچەوانە (ئێنگێڵس: ١٨٨٣، ٢٦)، مارکسیش دەڵێ لە بنەڕەتدا دیالێکتیکی من نەک هەر لە دیالێکتیکی هێگل جیاوازە، بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانەیەتی... دیالێکتیک لای هێگل لە سەر سەری ڕاوەستاوە، دەبێ دیسان پێچەوانە بکرێتەوە و لە سەر پێی ڕاوەستێت. (مارکس: ١٨٧٣، ٢٥) پێویستە بگوترێ کە مارکس لە دەستەواژەی (ماتریالیزمی دیالێکتیک) کەڵکی وەر نەگرتووە،

بەڵکوو لە (تێگەیشتنی ماددی لە مێژوو) و (دۆخی ماددیی بەرهەمهێنان) کەڵکی وەرگرتووە. جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان دیالێکتیکی ماتریالیستی و ئیدەئالیستیدا ئەوەیە کە بە باوەڕی ئیدەئالیستەکان جیهانی ماددی بەستراوەیی بە ڕۆحەوە هەیە، بەڵام لە لای ماتریالیستەکان گەوهەری جیهان مادییە و ئەوەی کە پێکدێت، هۆی ماددیی هەیە و بەپێی یاساگەلی جووڵەی کەرەستە پێکدێ و پەرەدەستێنێ.

ماتریالیزمی دیالێکتیک دەڵێ بنەمای (بوون) کەرەستەیە و جیهان بە هەموو سیما و بوارەکانییەوە بنەڕەت و سەرچاوەی ماددیی هەیە و لە گۆڕان و پەرەگرتوویی مادی پێکهاتووە و بەپێی یاساگەلێکی تایبەت کە بە یاسا دیالێکتیکەکان ناودێر دەکرێن، دەگۆڕدرێن. دیالێکتیک هەم شێوەی گۆڕانی واقیعیەتە و هەم شێوەی دۆزینەوەی یاساکانی جووڵانی ئەو، بۆیە هەم یاسای پەرەگرتنی سروشتە و هەم ئەندێشە. مارکس دیالێکتیکی تەنیا لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکان و کۆمەڵگە بە هاوتەریب دەبینی، بەڵام ئێنگێلس پانتایی دیالێکتیکی کێشایە ناو بواری سروشتەوە و پەرەیپێدا (دانشنامه سیاسی داریوش شوری، تهران، انتشارات مروارید) و دیالێکتیکی سروشتی تیئۆریزە دەکات. لە دیالێکتیکی سروشتدا ئێنگێلس ئاماژەبەوە دەکات کە بزووتنی کەرەستە هەموو گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی جیهان، لە شوێن گۆڕینێکی ساکارەوە تا فێکر دەگرێتەوە... بۆمان ڕوون بۆتەوە کە کەرەستە لە هەموو گۆڕان و ئاڵوگۆڕەکانیدا، بە شێوەیەکی هەتایی دەمێنێتەوە و هیچکام لە تایبەتمەندییەکانی خۆی لە دەست نادات، هەروەها بەم پێیە بەپێی ئەو پێویستییە ئاسنینە کە کەرەستە بەرزترین خوڵقاوی خۆی واتە مێشکی بیرمەندی، بە تەواوی لە نێو دەبات و بەپێی هەر ئەو بنەڕەتە دەبێ لە شوێن و کاتێکی دیکەدا سەر لە نوێ بیخوڵقێنێتەوە. (ئێنگڵس: ١٨٨٣، ٢٥ و ٣٥)

له بۆچوونی مێژووییدا، مارکس مێژووی مرۆڤ به سەر سێ قۆناغدا دابەش دەکات:

- **قۆناغی یەکەم کۆمۆنی سەرەتایی کە وەک تێز ناودێر دەکرێ.**
- **قۆناغی دووهەم ئانتی تێزە** (ئەم قۆناغە خۆی چوار بەشی هەیە):

١) شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی کە لە سەر بنەمای دەوڵەت و نۆکەر بووە.

٢) شێوەی بەرهەمهێنانی سەردەمی کۆن کە لە سەر بنەمای دەوڵەمەند و کۆیلە بووە.

٣) شێوەی بەرهەمهێنانی فیێئۆدالی کە لە سەر بنەڕەتی ملکدار و بێ ملک بووە.

٤) شێوەی بەرهەمهێنانی کاپیتالیستی کە لە سەر بنەڕەتی کاپیتالیست و کرێکار بووە.

- **قۆناغی سێهەم کە سەنتێزە** (ئەم قۆناغە لە دوو بەش پێکدێ):

١) سۆسیالیزم

٢) کۆمۆنیزم.

لە هەرکام لە قۆناغەکان لە نێوان دوو گرووپ یان دوو چیندا شەڕ و ئاڵۆزی هەیە. ئەم شەڕ و ئاڵۆزییە هاوکاتە لە گەڵ پێشکەوتنی کەرەستەی بەرهەمهێنان و پێوەندیی بەرهەم وەک هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵگەی مرۆیی و تێپەڕبوونی

لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە. لە سیستمی کۆیلەداری، فیێۆدالیزم و کاپیتالیزمدا شەڕ و ئاژاوە یەک لە دوای یەک لە نێوان کۆیلە و کۆیلەدار، فیێئۆدال و سێرف (ڕەشایی یان ڕەعیەت)، بۆرژوازی و پرۆلیتاریایە. شەڕ و ئاژاوە لە نێوان ئەو دوو گرووپە یان دوو چینە بە ناچار هەموو کات بووە و درێژەشی دەبێ کە لە کۆتاییدا دەبێتە شۆڕش و قۆناغێکی دیکە واتە سۆسیالیزم دەستپێدەکات و کۆمۆنیزم کە کۆمەڵگەیەکی بێ چینی کۆمەلایەتییە، دوایین قۆناغ دەبێت. (جۆن ئا.، وێس شارۆک، پیتێر ژ.، ٢٠١٢، ٤٤-٧٨)

مارکس بە پێچەوانەی هێگل کە دەیگوت ئیدەکان فۆرم بە کۆمەڵگە دەدەن، دەڵێ کەرەستە فۆرم بە کۆمەڵگە دەدات. مارکس لە سەر چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگە باس لە سەر ژێرخان و سەرخان دەکات و دەڵێ ژێرخانی ئابووری فۆرم بە سەرخان دەدات. ژێرخان لە شێوەی بەرهەمهێنان پێکهاتووە. شێوەی بەرهەمهێنان خۆی بریتییە لە هێزەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان. هێزەکانی بەرهەمهێنان بریتین لە هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ بە سەر سروشتدا زاڵ دەکەن وەکوو سەرچاوە، مەکینە، کەرەستەی خاو، وزە. پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان بریتیە لەوە کە چۆن کار و بەرهەم ڕێکدەخرێن. خاوەندارێتی و کۆنترۆڵی کەرەستەی بەرهەمهێنان لێرەدا زۆر گرینگە. ئەوەی کە خاوەنی کەرەستەی بەرهەمهێنانە پێیدەڵێن چینی کاپیتالیست و ئەوەی کە تەنیا هێزی کاری هەیە پێیدەڵێن چینی کرێکار. پێوەندیی نێوان ئەم دوو چینە بە درێژایی مێژوو ئاڵۆز بووە. سەرخان بریتییە لە دامەزراوە (وەکوو دامەزراوە کۆمەلایەتییەکان، ماف، دەوڵەوت، بنەماڵە) و ئیدەکان (ئەخلاق و بایەخەکان و دین، ئیدئۆلۆژییە سیاسییەکان و زانست). واتە سەرخان بریتییە لە سیاسەت، دەزگای ماف و یاسا، ئەخلاق، مێتافیزیک و دین. (داگ: ٢٠١٢، ١٢٣-١٣٢)

ئۆجەلان بە خوێندنەوەی ناتەواو و سەقەتی ئەم تیێئۆرییانە، تیێئۆرییەکی بۆ خۆی داتاشیوە کە زیاتر لە وەهم دەچێ تا تیێئۆری. ئەو دەڵێ ئاستی تێکنۆلۆژی، بنەمای ماددیی هەموو ڕووداوەکان و دەستنیشانکەری هەموو سیستمە کۆمەلایەتییەکانە، بەلام ئەمە بەو مانایە نیە کە بە تەنیایی دەتوانێ

هەموو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێکبێنێ. بابەتێکی دیکە کە لەم نێوانەدا گرینگە، شوناسی ئیدئۆلۆژیکە. بەبێ ئیدئۆلۆژی نە سیستمی پێشوو دەڕووخێ و نە سیستمی نوێ دادەمەزرێ! (ئۆجەلان: ۲۰۰۱، ۲۲۲)، تێکنۆلۆژی هەر بەو شێوەیە کە دەبێتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵگەی چینایەتی، دوای گەیشتن بە ئاستێک لە پێشکەوتن، ئەو کۆمەڵگەیە هەڵدەپێچێ. نیشانەگەلێکی مێژوویی زۆر هەن کە نیشاندەدەن پێشکەوتنی تیکنۆلۆژی بۆتە هۆی کەمبوونەوەی مەودای چینە کۆمەڵایەتییەکان و ئازادیی زۆرتریان لەگەڵ خۆیان هێناوە! (ئۆجەلان: ۲۰۰۱، ۲۱۲) لێرەدا ئۆجەلان پێیوایە کە بەبێ بوونی ئیدئۆلۆژی هیچ گۆڕانێک پێک نایە و گۆڕانکارییەکان بەستراونەتەوە بە بوونی ئیدئۆلۆژییەوە. هەمان هەڵە کە بەرەی سووسیالیزم کردی. بەرەی سووسیالیزم ویستیان بە ئیدئۆلۆژی و بە زۆر قۆناخی سەرمایەداری کۆتایی پێی بێنن و قۆناغی سووسیالیزم دەستپێبکات، بەڵام بە چاوی خۆمان دیمان کە ئیدئۆلۆژی سووسیالیستی تێکشکا. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە لە بنەمادا گۆڕانی قۆناخی مێژوویی ئیشی ئیدئۆلۆژی نیە، ئیدئۆلۆژی چینێکی دیکە بە سەر کۆمەڵگەدا زاڵ دەکا.

بە بۆچوونی ئۆجەلان مێژووی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سروشتی کە کۆمەڵگەیەکی بەبێ چینی کۆمەڵایەتی بووە دەستپێدەکات تا دەگاتە شارستانییەتی سومر. دواتر سەردەمی کۆیلەداری دەستپێدەکات. بە دوای کۆیلەداری قۆناغی فیئۆدالیزم دەستپێدەکات و بە هۆی قۆناغی کاپیتالیزمەوە کۆتایی پێدێ، بەڵام لێرەدا ئۆجەلان بە پێچەوانەی مارکس کە قۆناغی دوای کاپیتالیزمی بە سۆسیالیزم و پاشان بە کۆمۆنیزم دەزانی، قۆناغی دوای کاپیتالیزم واتە قۆناغی کۆتایی بە (شارستانیەتی دیموکراتیک) دەزانێ کە لە سەر بنەڕەتی کۆمەڵگەی ئێکۆلۆژیک پێکهاتووە و ئەمڕۆ بۆتە بەرنامەی پەکەکە و خەبات لە پێناوی بەدیهاتنی شارستانیەتی دێموکراتیک کە دوایین قۆناغی مێژوویە، سەرەکیترین بەرنامەی پەکەکەیە. بۆ شرۆڤەی ئیدئۆلۆژیی نوێی پەکەکە، ئۆجەلان دەستیکردووە بە شرۆڤەی مێژووی مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا.

ئۆجەلان دەڵێ مرۆڤە سەرەتاییەکان لە شەست میلیۆن ساڵ پێشەوە دەرکەوتوون و لە ئاکامی باشبوونی دۆخی کەشوهەوادا، لە بیست میلیۆن ساڵ پێش ئێستاوە جۆرێک لە مرۆڤ کە لە سەر دوو پێی ڕۆیشتووە و لە کەرەستە سەرەتاییەکان کەڵکی وەرگرتووە، لە ڕۆژهەڵاتی ئافریقا سەریهەڵداوە. لەگەڵ کۆتاییهاتنی دوایین قۆناغی سەهۆڵبەندان لە نزیکەی بیست هەزار ساڵ پێشدا و پێکهاتنی کەشوهەوای بارانی و نمدار لە جیاتی کەشوهەوای سارد و وشک لە پازدە تا دوازدە هەزار ساڵ پێشدا، بەستێنێ دامەزرانی کۆمەڵگەی بەردێنی ناوەڕاست پێکهات... لەگەڵ پێکهاتنی لە ناکاوی وشکیی هەوا لە دە هەزار ساڵ پێشدا، قۆناغی بەردێنی نوێ دەستپێدەکات. پێشتر لەوە سەردەمی ڕاوچییەتی و کۆکردنەوەی میوە بوو. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ١٤) هەر لەم سەردەمەیە کە بە وتەی ئۆجەلان کۆمەڵگەی سروشتی پێکدێت.

ئۆجەلان دەڵێ: مەبەستم لە کۆمەڵگەی سروشتی سیستمی ئەو مرۆڤانەیە کە لەو سەردەمە زەمەنییە درێژخایەنەدا ژیاون کە بە دابڕان لە جۆری مرۆڤی سەرەتایی (پریمێتەکا) دەستیپێکرد و تا دەرکەوتنی کۆمەڵگەی زنجیرەپلەیی (هیرارشیک) بەردەوام بوو. ئەم کۆمەڵە (تاقم) مرۆڤانە کە ژمارەکەیان لە نزیک ٢٠ تا ٣٠ کەس بوون، بە گشتی بە تیرەی سەرەتایی (کلان) ناودێر دەکرێن. بە هۆی ئەو ئامرازە بەردینانە کە بە کاریان دەهێنا بە مرۆڤی سەردەمی پالێئۆلیتیک (چاخی بەردێنی کۆن) و نیۆلیتیک (چاخی بەردێنی نوێ) ناودێر دەکرێت. لە ڕێگەی ڕاو و کۆکردنەوەی گژوگیا و ئەوەی کە لە سروشتدا بوو، خواردەمەنییەکانی خۆیانیان دابین دەکرد. بە واتایەکی دیکە بەو بەرهەمانە کە لە سروشتدا بوو ژیانیان بە سەر دەبرد کە ئەمە ژیانێکی هاوشێوەی بوونەوەرەکانی نزیک لە مرۆڤە، بۆیە لەم قۆناغەدا ناتوانین باس لە شتێک بە ناوی کێشەی کۆمەڵایەتی بکەین. کلان بەردەوام لە گەڕاندایە و ئەوەی کە دەیبینێتەوە، یان کۆی دەکاتەوە یان ڕاوی دەکات. بە پێشکەوتنی کەرەستەکان و دۆزینەوەی ئاگر، بەرهەمەکانیش ڕوو لە زۆربوون دەکەن و بە زۆربوونی بەرهەم مرۆڤیش گەشەی خێراتر بە خۆیەوە دەبینێ و مەودای لەگەڵ پریماتەکان زۆرتر دەبێ و ڕێسا سروشتییەکانی پەرەسەندن و گەشەسەندن دەستنیشان دەکات. (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ١٠).

تووتم سەمبۆلی تێگەیشتن و ئاگایی کلانە. ئەم سیستمە کە بە دینی تووتمیزمیش دەناسرێ، سیستمی تابۆیشی لێ کەوتۆتەوە. کلان بە رادەی بایەخی هێمای تووتم، پیرۆزی بە خۆی دەبەخشێ. مرۆڤ لەم ڕێگەیەوە بە یەکەمین چەمکی ئەخلاق دەستی ڕادەگات...مرۆڤی کۆمەڵگەی سروشتی لانیکەم بە یاسای ژیانی بەکۆمەڵ لەگەڵ ئەندامانی کلانی خۆی بە بێ پێشمەرج پابەند بووە، ئەندامی کلان ناتوانێ بیر لە ژیانێک لە دەرەوی کلان بکاتەوە. ژیان لە دەرەوەی کلان بوونی نەبووە...

کلان یەکیەتییەکی ژن ـ دایک تەوەرە، زاوزێ و پاراستنی منداڵەکان ئەو ناچار دەکات کە ببێتە باشترین کۆکەرەوە و سەرچاوەی خۆراک. لە ڕوانگەی خاوەندارێتییەوە پیاو هێشتا خۆی بە خاوەنی ژن نەزانیوە. منداڵەکان تەنیا دایکیان دەناسن. کەس نازانێ کە ژنەکە لە کام مێرد دووگیان بووە، بەڵام زانیویانە کە کامە منداڵ هیی کامە ژنە... لە نێو کلاندا پێوەندیی تایبەت لە ئارادا نەبووە. ئەوەی کە لە ئاکامی کۆکردنەوەی گژوگیا و ڕاوی بوونەوەرەکاندا دەستەبەر بووە، هیی هەموان بووە. منداڵەکان هیی هەموو کلان بوونە. بۆیە ناوی ئەم فۆرمە لە کۆمەڵگەیان ناوەتە کۆمۆنی سەرەتایی. (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ١٤ و ١٥)

ئۆجەلان هەروەها دەڵێ: «چییەتیی شۆڕشی بەردینی نوێ، شۆڕشی گوندنشینییە کە دەکرێ بە سەردەمی کشتوکاڵ و دەستەمۆکردنی ئاژەڵەکانیش ناودێر بکرێ. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ١٤) لەم قۆناغەوە (مێژوو لە سومرەوە دەستپێدەکات) و لەگەڵ پێکهاتنی شێوە نووسینی بزماری لە ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایینەوە، پێش دەکەوێ و نووسینی مێژوو دەستپێدەکات... بەرهەمهێنانی زیاتر لە پێویست، بەرهەمی کار و تێکۆشانی مرۆڤە کە لە پێکهاتنی پێوەندیی کۆیلەداری واتە خاوەندارێتیدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە...

لەم قۆناغەدا بەرهەمی دەستی کۆیلە، بە کەرەستەی بەرهەمهێنان دێتە ئەژمار و هۆی بەرهەمهێنانی زیاتری مادییە، بەم پێیە ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنان ماونەتەوە، کاتی پێویست بۆ پەرژانە سەر کاروباری دینی، بەڕێوەبەری و پیشە دەستییەکانیان بۆ دەستەبەر دەبێ. ئەوان بەم

شێوەیە باری خۆشگوزەرانی بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن... لە ڕاستیدا دەوڵەت یەکێک لە کارەکانی سومرییەکان بووە. پێشڕەوانی ئەم قۆناغە کە سەرەتا بەڕێوەبەرانی پرۆسەی بەرهەمهێنان بوون، بنەمای سەرەکی چینیان پێکهێنا. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ١٥) هیچ شارستانییەتێک وەک شارستانییەتی سومر ڕەوتی پێکهاتنی سیستمی کۆیلەداریی بە شێوەی ئوستوورەیی و سیستمی پیرۆزی خودایی بە سەر کۆمەڵگەدا نەسەپاندووە. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ١٩).

بە رای ئۆجەلان هەڵپێچرانی سیستمی کوێلایەتی لە ڕێگەی هاتنی دینەوە بووە. ئەو دەڵێ کاتێک کە دینی مەسیحی و ئیسلام ناوەندی سیاسی، پێکهاتەی رۆحی و زەینیی سیستمی کۆیلەدارییان لە بەر یەک هەڵوەشاندەوە، قۆناغی جێگیر بوون و پەرەگرتنی شارستانییەتی فیئۆدالیزم دەستیپێکرد. دینی مەسیح بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێگەکانی گەشەپێدان و ئیسلام بە شێوەی شۆڕشی و زاڵبوون، بڕبڕەی پشتی سیستمی کۆیلەدارییان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تێکشکاند و بە سانایی لە جێگیر کردن و برەوپێدانی فۆرمی نوێی شارستانییەتدا سەرکەوتن. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ١٥١)، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی ئۆجەلان دین سیستمی کۆیلەداریی هەڵنەپێچایەوە و تەنانەت تێکۆشاوە برەوی پێ بدات. لە ئایینی جوولەکەدا کۆیلەداری ئیزنی پێدراوە و تەنانەت کۆیلەکانیش وەک میرات دەمێننەوە بۆ میراتگر (لاویان ٢٥:٤٦).

ئایینی مەسیحیش فەرمانی بە کۆیلەکان داوە کە تەسلیمی خاوەنەکانیان ببن و فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەن، لەم فەرمانەدا جیاوازییەک لە نێوان خاوەنی نەرمئاژۆ و خاوەنی شەڕانی بەدی ناکرێ (یەکەم پێترۆس ٢:١٨). قورئانیش لە ئایەتگەلێکی جۆراوجۆردا ئاماژەی بە چۆنیەتیی هەڵسوکەت لەگەڵ کۆیلە بە تایبەتی کۆیلەی ژن و چۆنیەتیی سێکسکردن لەگەڵیان کردووە. بۆ نموونە ئایەتەکانی ٣١، ٣٣، ٥٨ و ٦١ی سوورەتی «النور»، ئایەتەکانی ٥٠، ٥٢ و ٥٥ی «الاحزاب»، ئایەتی ٧١ سوورەتی «النحل»، ئایەتی ٦ی سوورەتی «المومنون»، ئایەتی ٢٨ی سوورەتی «الروم» و ئایەتی ٣٠ی سوورەتی «المعارج». بەتایبەتی ئەو ئایەتانە کە «ملک الیمین» یان «ملکت ایمانکم»یان تێدایە کە بە مانای کەنیز یان کۆیلەیە. کەوابوو دین بە هیچ

شێوەیەک دژی سیستمی کۆیلەداری نەبووە. نموونەی ئەو ئایەتانەی قورئان کە باسی کۆیلە دەکەن ئەمانەن:

«وَاللّهُ فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الْرِّزْقِ فَمَا الَّذِينَ فُضِّلُواْ بِرَآدِّي رِزْقِهِمْ عَلَى مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَهُمْ فِيهِ سَوَاء أَفَبِنِعْمَةِ اللّهِ يَجْحَدُونَ». (سورەتی النحل ئایەتی ٧١) واتە «خوا بەشی هێندێک لە ئێوەی لە ڕزقدا زیاتر داوە، بەڵام کەسانێک کە لە سەرەوەتر دانراون، ئامادە نین لە ڕزقی خۆیان بدەن بە کۆیلەکانیان تا هەموویان یەکسان بن «ئایا ئەوان حاشا لە نیعمەتی خوا دەکەن».

«ضرب الله مثلا عبدا مملوکا لایقدر علی شیء و من رزقناه منا رزقا حسنا فهو ینفق منه سرا و جهرا هل یستوون الحمد لله بل أکثرهم لایعلمون» (سوورەتی نحل ئایەتی ٧٥) واتە «خوا نموونەیەکی هێناوەتەوە، کۆیلەیەک کە توانای هیچی نیە و کەسێک (ئازاد و باوەڕمەند) کە ڕزقێکی باشمان پێداوە و بە ئاشکرا و بە شاراوە ئینفاق دەکا، ئایا پێکەوە یەکسانن؟! هەر خودا شایانی ستایشە، بەڵام زۆربەیان نازانن».

بەڵام بە پێچەوانەی بیری ئۆجەلان بۆ گۆڕانی قۆناغی کۆمەڵایەتی بەپێی ماتێریالیزمی مێژوویی، هۆکاری گۆڕانی هەر قۆناغێکی کۆمەڵایەتی لە ناوخۆی ئەو قۆناغەدا چێ دەبێ، بۆیە هۆکارەکانی گۆڕانی سیستمی کۆیلەداری لە نێو خودی سیستمی کۆیلەدارییەوە دەرکەوتوون. سەرچاوەی گۆڕانکاری لەم سیستمەدا کۆلۆنەکان بوون کە بریتی بوون لە کۆیلە ئازادکراوەکان یان ڕەعیەتە ئازادەکان کە بەپێی گرێبەست لەگەڵ خاوەن مڵکێک لە سەر پارچە زەوینێک کاریان دەکرد و لە کۆتایی ساڵی کشتوکاڵیدا بەشێکی گەورە لە بەرهەمەکەیان بە خاوەن مڵک دەدا و بڕێکی دیکە وەک باج لێیان وەردەگیرا.

ئەم شێوە نوێیە لە کۆتایی سەردەمی کۆیلەداریدا دەرکەوت و ئەو کەسانەش سرف یان ڕەعیەتیان پێدەگوترا. بە تێپەڕینی کات و گۆڕانکاری لە فیئۆدالیزمدا جیاوازییەک لە نێوان کۆیلە و ئازادکراو و کۆلۆن و وەرزێڕانی ئازاددا نەما، هەمووی ناوی ڕەعیەت یان سرفیان لە سەر دانرا، بەم شێوەیە فیئۆدالیزم دەستیپێکرد.

ناوی ئەو سەرچاوانە کە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا کاریگەرییان هەبوو، لە سەر ئەو کۆمەڵگەیانە کە لە دەوروبەریاندا چێ دەبوو، دادەنرا. زۆربەی کەرەستەکانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لە بەرد بوو و بەرد رۆڵێکی سەرەکیی لەو کۆمەڵگەیانەدا هەبووە. بۆیە ئەو سەردەمە ناوی «سەردەمی بەردێنی کۆن و نوێ» بووە. مرۆڤی کۆیلە لە کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا کەرەستەی بنەڕەتی بووە و بە تەواوی مڵکی خاون کۆیلەکە بووە، بۆیە پێیدەڵێن کۆمەڵگەی کۆیلەداری. لە نێو هەموو کەرەستەکانی بەرهەمهێناندا کۆیلە بنەڕەتیترینیان بووە، کەرەستەکانی دیکە بە یارمەتیی کۆیلە دەبنە هۆی بەرهەمی زیاتر، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەرهەمی زەوییەکان ڕوو لە زیاد بوون دەکات، بەتایبەتی بە هاتنە ئارای گاسن و گەشەکردنی رادەی بەرهەمی زەوی لە بەرهەمهێناندا، پێوەندییەکانی کۆیلە و خاوەن کۆیلە بەرتەسک بۆتەوە و لە بەرهەمهێناندا هێزی دەست رۆڵی زیاتری بووە. بەم شێوەیە کۆمەڵگەی فیئۆدالی رووی لە گەشەکردن کرد. بە دامەزراندنی کارگەکان و هاتنەئارای بەرهەمهێنانی پیشەیی، کۆمەڵگەی کاپیتالیستی پێکدێت. لەم شێوە بەرهەمهێنانەدا، گرینگیی هێزی مرۆیی و بایەخی زەوی بۆ پلەی دووهەم دادەبەزێ. کۆمەڵگەی کاپیتالیستی بە خێرایی و توانای زۆری کارگەکان و سەلماندنی سەرتر بوونی خۆیان بەرانبەر بە پیشە دەستییەکان، کشتوکاڵ و هێزی دەست لە بەرهەمهێناندا و هەروەها ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییە کە لە دەروبەریدا چێ دەبێ، دەناسرێتەوە (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ١٧٩ و ١٨٠).

بە رای ئۆجەلان پەرەسەندن و جێگیربوونی سیستمی کاپیتالیستی لە بەر چەندین هۆکاری سەرەکییە کە لەوانە دەتوانرێ ئاماژە بکرێ بە:

١ـ جەوهەری سیستمی کاپیتالیستی لە سەر وەرگرتنی کرێکارە کە رادەی مووچەکەی و ئەو کاتژمێرانە کە کار دەکات لە پێشدا دیاری کراون.

٢ـ کاراکتێری پیشەیی بەرهەمهێنان، لە تایبەتمەندییەکانی پێشکەوتنی سیستمی کاپیتالیستییە. بەرهەمهێنانی کارگەیی مەرجە. تێپەڕین لە پیشە مانۆفاکتۆرەکان بۆ پیشە کارگەییەکان لە گرینگترین هەنگاوەکانی پێشکەوتنی کاپیتالیزمن.

٣- پێکهاتەی تێکنیکی لە پێشکەوتنی سەرمایەداریدا ڕۆڵی گرینگی هەیە.
(ئۆجەلان: ٢٠٠١، ١٩٠).

لە سەر جێگیربوونی کاپیتالیزم، ماکس وێبێر کۆمەڵناسی گەورەی ئاڵمانی دەڵێ: دوو هۆکاری ئیدەئالیستی و ماتریالیستی بوونە هۆی جێگیر بوونی سیستمی کاپیتالیزم. ئەو هۆکارە ماتریالیستییەکانی کردە دوو بەش.

١) **شارەکان و بورژوازی:** لە دەوروبەری ١٠٠٠-١٣٠٠ی زایینی لە ڕۆژئاوای ئورووپادا پەرەسەندنێکی سیاسی هاتە ئاراوە. پێشکەوتنی کۆمەڵگەی فێئۆدالی بوو بە هۆی ئەوە کە هێز لە لای دەوڵەمەندە ناوچەییەکان کۆ ببێتەوە. گەشەی شارەکان بوو بە هۆی شێوە ئۆتۆنۆمییەک و بێ نیاز بوون لە پاشا. بورژوازی لە نێو شارەکان ڕووی لە گەشە کرد و ڕادەی ئۆتۆنۆمیی سیاسی و ئابووری بەرزتر بووەوە.

٢) **دەوڵەتە نەتەوەییەکان:** لە سەدەی سێزدە بەرەو ئەملا شارەکان لە نێو دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا گونجێندران. لە نێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا شەڕ و پێکدادان هاتە ئاراوە و بۆرژواکان لە باری ماڵییەوە شەڕەکانیان دابین دەکرد کە هەر ئەمە بوو بە هۆی بەدەستهێنانی مافی زۆرتر. دەوڵەتەکان بوون بە خاوەنی یاسا و ئەمە بوو بە هۆی سانابوونەوەی بەرهەمهێنان و مامەڵەی کاپیتالیستی. دوای ئەوە کێبەرکێ لە نێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا پێکهات.

**ماکس وێبێر هۆکارە ئیدەئالیستییەکانیشی کرد دوو بەش:**

١) **بە جیهانی بوونی ئەخلاق:** بڵاو بوونەوەی ئایینی مەسیح بوو بە هۆی ئەوەی کە خەڵک کەمتر لە نێوان خۆیان و خەڵکانی دەرەوەی گرووپی خۆیان جیاوازی دابنێن. پێش لە ئایینی مەسیح یاساگەلی توند و تۆڵ بوون لە سەر ئەوەی کە لەگەڵ خەڵکانی ناوەوە و دەرەوەی گرووپەکە، چۆن هەڵسوکەت بکرێ کە زۆر جیاواز بوون، ئەمە لەگەڵ ئەو بنەمایەی کاپیتالیزمدا کە پێویست بوو لەگەڵ خەڵکی بیانی مامەڵە بکرێ، یەکی نەدەگرتەوە.

٢) **ئەخلاقی پرۆتێستانی:** لەم بەشەدا لە سەر کالڤێنیزم شرۆڤەی زۆری کردووە کە تێکشکاندنی ئابووریی نەریتیی لێکەوتەوە کە لەودا مرۆڤ خاوەنی پێگەیەکی دیاریکراو و نەگۆڕ بوو و بۆ پاکبوونەوە لە گوناحەکان دەبوو پارە بدات بە کلیسا. بەشگەلێکی زۆر لە پووریتانەکان لە پرۆتێستانیزمدا یاساگەلێکی توندیان هەبوو بەو واتایە کە پێشتر لە سەر ئەوە ناکۆک بوون کە کێ دەڕواتە بەهەشت و کێ دەڕواتە جەهەننەم. بۆیە ئەمە کە مرۆڤ بە هۆی کردەوەکانییەوە ڕزگاری دەبێ، کاریگەریی نەمابوو، لەلایەکی دیکەوە خەڵک دەتوانن بڕیار بدەن کە بۆ کوێ دەڕۆن. بۆیە شێوە عیبادەتێکی جیهانی لە ناو خەڵکدا پەرەیسەند: یەکێک لە نیشانەکانی ڕزگاری، سەرکەوتن لە ئەرکە جیهانییەکاندا بوو، بەو مانایە کە مرۆڤ ڕزگاریی خۆی لە ڕێگەی سەرکەوتنە ماددییەکانیەوە دەستەبەر دەکات. بە هەژاری مردن نیشانەی ئەوە بوو کە مرۆڤ ڕزگاریی خۆی دەستەبەر نەکردووە. ئەمەش ببوو بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بە پاشەکەوتەکانی خۆی لە بوارەکانی دیکەدا وەبەرهێنان بکات. قازانجی زۆرتر دەستەبەر کردن بە واتای بەدەستهێنانی ڕەزایەتی خوا بوو. (جۆن ئا.، وێس شارۆک، پیتێر ژ.: ٢٠١٢، ٩٤-١٠٤)

بە بۆچوونی ئۆجەلان هەر شارستانییەتێک خاوەنی سێ قۆناغە، قۆناغی پێکهاتن، جێگیر بوون و گەیشتنە لووتکە... شارستانییەتی سەرمایەداری لە سەدەکانی ١٢ تا ١٦دا پێکهات، لە سەدەی ١٧ تا ١٩دا جێگیر بوو و لە سەدەی بیستەمدا گەیشتە لووتکە. هەر دیاردەیەک لە دوایین قۆناغی خۆیدا، بەستێنی پێکهاتنی دیاردەی دوای خۆی پێکدێنێ. سەرمایەداریش جیا لەم یاسایە نیە، دەتوانین بڵێین ئێستا پارادۆکسەکانی سیستمی کاپیتالیستی بەپێی پێویست گەشەیان کردووە و سەنترگەلێکی نوێی لە ناو خۆیدا پەروەردە کردووە. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٢٠٧) ڕاستییەکەی ئەوەیە کە قۆناغی سۆسیالیزم و بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە و نەتەوەییەکان پاشەکشەیان کردووە و یان قۆناغێکیان بەجێهێشتووە، بەڵام سەرمایەداریش وەک پێشوو توانای درێژەدانی بە ژیانی خۆی نەماوە، نە شۆڕش و نە دژە شۆڕش سەرنەکەوتن، نە ئیمپێریالیزم سەرکەوت نە بزووتنەوە

نەتەوەییەکان. هەروەها سیستمی سەرمایەداری هێشتا مەودایەکی زۆری لەگەڵ چاکسازی و خۆ ڕێکخستنەوە هەیە. ئەو بابەتانەی کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا هاتوونەتە ئاراوە، لە هەموو بوارێکەوە نوێن.(ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٢٠٩).

یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی زوو لە بەر یەک هەڵوەشانی ڕێئال سۆسیالیزم، گرتنەبەری هەڵوێستی ماتریالیستیی توند بوو. ئەو بۆچوونانەی کە لە سەر کاپیتالیزم و فۆرمەکانی دیکەی کۆمەڵگە هەیبوون، ناتەواو بوون، چونکە ڕۆڵی ئیدئۆلۆژی، بوارە دەروونییەکان، ڕای مێژوویی و بۆچوون لە سەر دەوڵەتی بە کەم بایەخ لە بەرچاو گرتبوو. بە لە بەرچاوگرتنی ئەم بۆچوونانە و شێوەی هەڵسوکەوتی، مرۆڤ ناتوانێ چاوەڕێی ئەوە بێت کە ببێتە کۆمەڵگەیەکی ئاڵترناتیڤ.

کۆمەڵگەی چێکراو بەم شێوازە هەڵسوکەوتە ناتوانێ لە کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی کە نموونەیان لە مێژوودا زۆرە، سەرتر بێت. دەکرێ گرووپە چەپ و ڕاستەکان وەک ڕێکخستنی مەزهەبیی سۆفییانە چاویان لێبکرێت، ئەگەرچی خاوەنی ئیدئۆلۆژیی جیاوازن، بەڵام توانای تێپەڕینیان لە سیستم نیە. ئەم گرووپانە دڵخوازی سیستمی زاڵن و هەر وەک پارێزەرانی سیستم مەحکوم بە کۆنەخوازین. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ١٧٩ و ١٨٠). ئۆجەلان لە سەر ئەوە پێداگری دەکا کە «لە ڕاستیدا هەر دوو سیستمی کاپیتالیزم و ڕێئال سۆسیالیزم، فۆرمی گەشەسەندووی سیستمی کۆیلەدارین کە لە سەر بنەڕەتی پێشخستنی پێکهاتەی ژێرخان و سەرخانی ئەو سیستمە پێکهاتوون، بەڵام لە ئەرک و وردەکاریی کۆمەڵگەی کۆیلەداری ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ پێکهاتووە کە ناسینەوەی زۆر ئەستەمە». (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٧٩). لێرەدا ئۆجەلان بە مەبەستی هێنانە ئارای سیستمە دڵخوازەکەی خۆی کە لە سەر بنەمای کۆمەڵگەی ئێکۆلۆژی دانراوە، دەیەوێ ڕوایی لە هەر دوو سیستمی کاپیتالیستی و سۆسیالیستی وەربگرێتەوە و پاساو بۆ سیستمە پێشنیار کراوەکەی خۆی بێنێتەوە.

ئەو دەڵێ: گومان لەوەدا نیە کە زانست و تێکنۆلۆژی لە هەموو ئاڵوگۆڕەکاندا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە. ئەگەر ئەم ئاڵوگۆڕانە بە شێوەیەکی تاکلایەنە بە کاپیتالیزمەوە ببەستینەوە، بۆچوونەکە ناتەواو دەبێ، چونکە سەرەتا

هەوڵەکانی ڕیێئال سۆسیالیزم و دوایی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە چوارچێوەی یاساییدا بوو بە هۆی دەستەبەرکردنی مافی چەوساوەکان لە ناوەندە گەورەکانی کاپیتالیزمدا. دەستکەوتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەم خەباتە مێژووییە، لانیکەم بە قەد ڕۆڵی زانست و تێکنۆلۆژی کاریگەرییان هەیە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، هیچکام لە بەرەکان سەرکەوتنی ڕەهایان دەستەبەر نەکرد، بەڵکوو زیاتر دۆخێک وەکو سازان لە نێوانیاندا چێ بوو. بۆ یەکەمینجار لە مێژوودا هێزە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی، بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بە شێوەیەکی ئازاد و لە ژێر دەسەڵاتی ڕژیمێکی بەربڵاوی دێموکراتیکدا گەیشتوونەتە ڕێککەوتن. بۆیە دەتوانین بڵێین کە شارستانیەتی دێموکراتیک، نەک خەیاڵێک، بەڵکوو ڕاستییەکە. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٢٠٩ و ٢١٠).

ئەگەر بە وردی سەیری کتێبی (لە دەوڵەتە کاهێنییەکانی سومر تا شارستانییەتی دیموکراتیک) بکەین، دەبینین کە ئۆجەلان لە ماتریالیزمی مێژوویی کارل مارکس بە شێوەیەکی سەقەت بۆ داڕشتنی تیئۆرییەک بە ناوی شارستانییەتی دێموکراتیک کە ئەویشی لە بووکچینی گرتووە، کەڵکی وەر گرتووە. واتە مێژوو لای ئۆجەلان لە قۆناغەکانی کۆمۆنە سەرەتاییەکان، کۆیلەداری، فیئۆدالیزم، کاپیتالیزم و شارستانییەتی دێموکراتیک (کە هەمان ئاپۆییزمە) پێکدێت. واتە مرۆڤ بە کۆمۆنی سەرەتاییەوە دەستیپێکردووە و بە تێزەکانی ئۆجەلان کۆتایی پێدێ!

ئۆجەلان لە درێژەی باسەکەیدا بە شێوەیەکی ڕوون باس لە پرۆژەی خۆی، واتە (تمدن دمکراتیک) دەکات کە لە سەر بنەڕەتی کۆمەڵگەی ئێکۆلۆژیک دادەمەزرێ و سەنتزێک لە پێکدادانی (شارستانییەتیی ئۆرووپا) وەک تێز و (شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین) وەک ئانتی تێزە و بە ئاڵتێرناتیڤی سیستمی کاپیتالیزمی دەزانێ. ئەو لەم بارەیەوە دەڵێ: شارستانییەتی ئۆرووپا بەبێ دروستکردنی ئانتی تێزی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، توانای دروستکردنی سەنتێزی نوێی نیە... ئێستا شارستانییەتی ئۆرووپا تێزە و ڕۆژهەڵاتی ناڤین

دوای ڕوودانی ڕێنێسانس دەبێتە ئانتی تێزەکەی. یەکیەتیی دیالێکتیکی نێوان ئەو دوانە، دەبێتە هۆی پێکهاتنی سەنتێزێک بۆ مرۆڤایەتی. دیالێکتیکی مێژوویی هەمیشە بەم شێوەیە بووە. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٢٧٥).

بوونی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە ئانتی تێزی ئۆرووپا لە ڕێگەی دێموکراتیزە بوونی بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانییەوە جێبەجێ دەبێ... پرۆژەی شارستانییەتی دێموکراتیک دەبێ لە ڕەوتی شۆڕشی رۆشنگەری و لەدایکبوونەوەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا جێبەجێ بکرێ. دەبێ پرۆژەی شارستانییەتی دێموکراتیک لەگەڵ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و چێکردنی ئانتی تێز لێی، بە وردی باسی لە سەر بکرێ. شارستانییەتی دێموکراتیک، نوێبوونەوەی رۆحی و زەینی وەک ئامانج دیاری دەکات و زۆربەی جار لە دەرەوی بازنەی کاریگەری دانانی دەوڵەت، کۆمەڵگە پێکدێت، کەسانی تایبەت و کەم لە پێکهاتنیدا ڕۆڵیان هەیە. تێزی شارستانییەتی دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەبێ دەوڵەت و کۆمەڵگە بکاتە ئامانج و بە ناچاری دەبێ لەگەڵ هەردووکیان پاکانە حیساب بکات. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٢٧٥ و ٢٧٦).

ئەم دیالێکتیکەی ئۆجەلان بۆتە دروشمی پەکەکە و لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی پەکەکەدا بەم شێوەیە داڕێژراوە: فامکردنی دروشمی «لە ناوچەوە بۆ جیهان»: کۆنفیدراسیونی دێموکراتیکی کوردستان - کۆنفیدراسیونی دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین- کۆنگرەی دێموکراتیکی جیهان ( پ.ک.ک: ٢٠٠٥، بند ٧). بۆ باشتر ناسینی قۆناغی نوێی ئاپۆییزم پێویستە باسێک لە سەر مۆرای بووکچین و بیرۆکەکەی بکرێ، چونکە ئەم قۆناغە لە ئاپۆییزم لە سەر بنەمای بیرۆکەکانی بووکچین دانراوە.

## دیالێکتیکی ناتۆرالیستی

ناتورالیزم یان سروشت باوەڕی لە فەلسەفەدا بە مانای ئەوەیە کە «هەموو ڕووداوەکانی گەردوون، لە سروشت و لە نێو بازنەی زانستدان و شتێکی متافیزیکی بوونی نیە» (سیما داد ١٣٧١: ناتورالیسم) بۆیە بە پێچەوانەی متافیزیک، ناتورالیزم باوەڕی لە سەر ئەوەیە یاسا و هێزە سروشتییەکان گەردوون هەڵ دەسووڕێنن. (فەرهەنگی ئاکسفۆرد: ناتورالیزم) لێکۆڵەرە ناتورالیستە کۆنەکان بڕوایان وا بوو کە یاسا سروشتییەکان ئەو یاسایانەن کە پێکهاتە و شێوەی جووڵان لە گەردووندا بەڕێوەدەبەن و گۆڕانی گەردوون لە هەر قۆناخێکدا بەرهەمی ئەو یاسایانەیە. (ئینسکلۆپێدیای کاتۆلیک: ٢٠٠٩، ناتورالیزم) ناتورالیزم دەتوانێ بە دوو بەشی گەردووناسی و مێتۆدناسی دابەشبکرێت. (پاپینیو دەیوید: ٢٠٠٧، ناتورالیزم) گەردووناسی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی فەلسەفی بۆ ڕاستیی سرووشت. هێندێک لە فەیلەسووفەکان ناتورالیزم و ماتریالیزم وەک یەک دەبینن. بۆ نموونە پاول کۆرتز دەڵێ: باشترین شرۆڤەی سرووشت لە ڕێگەی پرەنسیپە ماددییەکانەوەیە. ئەم پرەنسیپانە قورسایی، وزە و باقی تایبەتمەندییە فیزیکی و کیمیاییەکان کە لەلایەن کۆمەڵگەی زانستییەوە قبووڵکراون دەگرێتەوە. ئەم هەستە لە سەر ناتورالیزم ڕۆح، خوداکان و جن بە ڕاست نازانێ و دەڵێ لە سروشتدا ئامانج بوونی نیە. ئەم باوەڕە ڕەهایە لە سەر ناتورالیزم لە بەرانبەر ناتورالیزمی متافیزیکییە. (کۆرتز پاول: ١٩٩٨، ناتورالیزم)

لە ناو فەلسەفەدا ناتورالیزم بە چوار شێوە مانا دەکرێتەوە؛ (کنوت: نۆشک لێکزیکۆن، ناتورالیزم)

- ئەو ڕوانگەیە کە دەڵێ جیا لە سروشت ڕاستییەکی دیکە بوونی نیە.

• وەک نیشانە زانستییەکان لەم تیئۆرییەدا کە دەڵێ نیشانە فیزیکییەکانی شوێن-کات دنیا تیا راستییە.

• لە روانگەی ئەم جیهان بینییەوە کە دەڵێ هەموو رووداوە ماددی و نامادییەکان دەتوانرێ لە رێگەی فاکت و یاسا سروشتییەکانەوە شرۆڤە بکرێن. لە کاتێکدا ماتریالیزم دەتوانێ ئابستراکت بێت، ناتورالیزم هەموو کات لە سەر بنەمای هەست و کۆنکرێتییە.

• لە نێو ئەخلاقدا لە سەر ئەو روانگەیە کە زانستی مۆراڵ ئەزموونییە و چەمکە مۆراڵییەکان بە رووداوە سروشتییەکانەوە پێوەند دەدرێن و دەتوانرێ لە رێگەی زانستەوە بناسرێنەوە.

ناتووراليستەکان بە توندی هێرش دەکەنە سەر بنەماڵە، پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و دین. مرۆڤ کە بە پێی روانگەی ناتوراليستی پێناسە بکرێ، دەبێتە بەرهەمێک لە میرات و سرووشتی دەرووبەر. واتە سروشتێک کە تۆ تێیایدا لە دایک دەبێ، بۆ هەمیشە تۆ دەنەخشێنێ و هەمیشە تۆ لە نێو سروشتەکەدای. لە دایکبوون بە هەژاری — هەمیشە بە هەژاری. (هاريس م.: ٢٠١٤، ناتووراليسم) وەک دواتر باس دەکرێ ئەم تایبەتمەندییانە بیجگەم لە دژە دین بوون کە ئەویش هەڵدەگەرێتەوە بۆ تایبەتمەندی کۆمەڵگەی مەزهەبی کوردستان، لە نێو بیرۆکەی ئۆجەلاندا هەن و بە توندی رەنگیان داوەتەوە.

بووکچین کە پێش لەوەی ببێتە ئانارشیست، مارکسیستێکی تۆخ بووە و بە تەواوی شارەزایی لە سەر تیئۆرییەکانی مارکس هەبووە، دیالێکتیکی ماتریالیستیی مارکس، دیالێکتیکی سروشتیی ئێنگێڵس و دیالێکتیکی ئیدەئالیستیی هێگلی لەگەڵ سۆسیال ئێکۆلۆژی کە تیئۆریی خۆیە، تێکەڵکردووە و دیالێکتیکی ناتۆرالیزمی پێکهێناوە.

ڕیشەکانی دیالێکتیکی ناتۆرالیزم لە مێتۆدۆلۆژیی دیالێکتیکی هێگل کە بۆ شرۆڤەی ئۆرگانیک و تەنانەت ئێکۆلۆژی کەڵکی لێوەرگیراوە، دۆزراونەتەوە. (بووکچین .م ١٩٩٦، ١٥) بووکچین بەهێزبوونی ئەم مێتۆدە دیالێکتیکییەی وەک بەشێک لە گەشەی هۆیی و بەرهۆیی لەگەڵ ئۆنتۆلۆژی شرۆڤە کرد. دیالێکتیکێک

که ئەو ئاماژەپێیدا هاوکات ڕێگەی هۆکار هێنانەوە و ناسینی جیهانی عەینی لەگەڵ گەشەی ئۆنتۆلۆژییە. (بووکچین م.: ٩٦،٢٠٠٥-٩٧) دیالێکتیکی ناتۆرالیستی بە پێچەوانەی ڕیشەکەی واتە هێگل و مارکس، لە ڕەهایەتیی هێگلی لە ڕێگەی پەرەسەندنی جیهاندا، کۆتایی نایەت و ئاسۆیەکی دەوڵەمەند و پڕ لە جیاوازی و سۆبژێکتیوی هەیە. (بووکچین م.: ٢٠،٢٠٠٥) بۆیە لە چوارچێوەی دیالێکتیکی ناتۆرالیستیدا ئەوەی کە بە (کۆتایی مێژوو) ناوی دەرکردووە جێگایەکی نیە و تەنیا درێژە پێدانی وشیاریی کۆمەڵگەی مرۆیی و تاکەکەسی بوونی هەیە.

وەکوو فەلسەفە، ناتۆرالیزمی دیالێکتیکی پێداگرە لە سەر پێشخستنی تێگەیشتنی زانستی وەکوو بەشێکی حاشاهەڵنەگری پەرەسەندنی تێگەییشتنی ئێکۆلۆژیکی مرۆڤ. بووکچین زیندووکردنەوەی ئارکائیزمی پێش زانستی ڕەد دەکاتەوە و پێداگرە لە تێگەییشتنی بەربڵاوی زانستی فرە ڕەهەند. (وایت د.، بووکچین: ٢٠٠٨، ١١١) بۆیە پڕۆژەی ئێکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی پڕۆژەیەکی هەمە لایەنەیە کە لە سەر کۆمەڵگەکان و ئێکۆسیستمەکان لە گشتییەتی خۆیاندا قسە دەکات، نە وەک کۆکراوی پارچەکان، بەڵکو وەکو گشتییەتێکی تەواو بەرهەمهاتوو لە بەستراوەیی ناوەکی کۆمەڵێک بەشی جیاجیا.

هەر وەک گوترا گشت تەنیا کۆی پارچەکان یان بەشیکان نیە و شتێکی زێدەترە. (بووکچین م.: ٢٠٠٥، ٨٧) دیالێکتیکی سەرچاوەگرتوو لە پەرەسان (ئێڤۆلووسیون)، لە هەر دوو ڕووی بایۆلۆژی و کولتووریدا، بەرەو ناڕوونیی زۆرتر و سۆبژێکتیویتەی گەورەتر ڕێنوێنیی دەکات. مرۆڤ، وەک بەرهەمی خۆئاگای سروشت ناتوانێ وەک سەرزنجیری خواردەمەنی دابنرێت، بەڵکوو دەبێ تەنیا وەک ئاکامی پرۆسەیەکی بایەلۆژی بناسرێ. پرۆسەیەک کە لە بنەڕەتدا بەستراوی جۆراوجۆری لە نێوان فۆرمەکانی ژیانی ئۆرگانیکە و پێویستی بە سەر لە نوێ خوێندنەوەی ئاوەزمەندانەی مەیلەکانی مرۆڤ هەیە. (بووکچین م.: ٢٠٠٥، ٨٩)

## مۆرای بووکچین کێیە؟

مۆرای بووکچین (١٩٢١ - ٢٠٠٦) نووسەرێکی ئێکۆئانارشیستی ئەمریکاییە (بووکچین م.: ١٩٦٤، ئیکۆلۆژی و بیرۆکەی شۆڕشگێڕی) کە بە پێشڕەوی بزووتنەوەی ئێکۆلۆژی دەناسرێ. (ئەنستیتۆی جۆن موویەر:١٩٩٠، ١٩٣) لە نیویۆرک لەدایک بووە و کوڕی دایک و باوکێکی ڕووسیی جوولەکە بوو کە کۆچیان کردووە بۆ ئەمریکا و لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ڕووسیەدا چالاک بوون. بووکچین سەرەتا مارکسیست بوو، (ژانێت بییەل: کورتەی ژیاننامە) لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنی ڕابردوویەکی ئیستالینیستییە، بەڵام دواتر لە دەیەی چلەوە بوو بە ترۆتسکیست و ئیستالینزمی دایە بەر ڕەخنەی توندی خۆی. لە ساڵی ١٩٦٠ بەم لاوە ڕووی لە سۆسیال ئانارشیزم کرد (ژانێت بییەل: کورتەی ژیاننامە) و دەستیکرد بە نووسینی تێئۆریی ڕەخنەیی لە سەر ئێکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی لە ئانارشیزم، لیبراڵ سۆسیالیزم و بیرۆکەی ئێکۆلۆژی. بووکچین نووسەری چەندین کتێب لە بوارەکانی رامیاری، فەلسەفە، مێژوو، کێشەی شار و ئێکۆلۆژیدایە. لە کۆتایی دەیەی ١٩٩٠ بەم لاوە لە شێوە بزووتنەوەی ئانارشیزمی نوێ بێزار بوو و کۆتایی بەوەهێنا کە وەک ئانارشیستێک بناسرێ، بۆیە دەستیکرد بە دارشتنی تێئۆریی ئیدئۆلۆژیی لیبراڵ سۆسیالیزم کە تایبەت بوو بە خۆی و ناوی کۆمۆنالیزمی لە سەر دانا. (ژانێت بییەل: ٢٠٠٧)

## ئێکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی

ئێکۆلۆژی کۆمەڵایەتی یان سوسیال ئێکۆلۆژی بریتییە لە کۆی مرۆڤ، کۆمەڵگە و سرووشت. ئەمە یەکەمین فەلسەفەی ئێکۆلۆژیکییە کە شێوەیەکی پێشکەوتووی بۆ پرسیارە تیئۆری و پراکتیکییەکانی خستە روو. ئەمە لە سەرەتا لە پرنسیپە بنەڕەتییەکانی ئێکۆلۆژی لە سەر یەکەی ئۆرگانیک کە فرە جۆرییە دەستیپێکرد، لەمشێوەیەدا ئیدیعا دەکرێ کە تەنیا دەتوانی باشترینەکان بۆ هەموو بەشەکانی ئێکۆلۆژی لە هەر گرووپێکی بوونەوەرەکاندا دەستەبەر بکەی. ئەم تێگەییشتنە بناخەییە بۆ هەموو بوارەکان کەڵکی لێوەردەگیردرێ. بە گرتنە پێشی ئەم پرۆژەیە، دوالیزمی سوسیال ئێکۆلۆژی کە شارستانییەتی رۆژئاوا بە شێوەیەکی ئازار هێنەر هەیەتی، رەتیدەکاتەوە؛ دوالیزمێک کە مەعنەویەت لە بەرانبەر ماددە، رۆح لە بەرانبەر جەستە، مرۆڤ لە بەرانبەر سرووشت، سۆبژە لە بەرانبەر ئۆبژە و ئاوەز لە بەرانبەر هەست دادەنێ؛ دوالیزمێک کە بە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ناوەندی مێژووی شارستانییەتدان بەستراوەییەکی زۆری هەیە؛ وەک سەرکوتکەر لە بەرانبەر سەرکوتکراو، دەوڵەمەند لە بەرانبەر هەژار، شار لە بەرانبەر دێ، پیاو لە بەرانبەر ژن، بە کورتی زۆردار لە بەرانبەر بێ زۆر. (کلارک جۆن: ١٩٩٤)

بووکچین دەڵێ: سەدەیەک پێش ئێستا مارکس بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیزم، بەربەریسمە. ئەوە شتێکی زۆر مەترسیدارە کە وەها ئاڵتێرناتیڤگەلێک دەتوانن بوونیان هەبێ، کۆمەڵگە دەتوانێ لانیکەم چاوەڕێی شتی باشتر لەوانە بێت. دۆخی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی جیددی بەرەو مەترسی دەڕوات. قەیرانی ئێکۆلۆژیی سەردەمی ئێمە ئاڵتێرناتیڤی کۆمەڵایەتیی بۆ ئاستێکی زۆر هەستیاری هەڵبژاردنی داهاتوو، لە کار خستووە. بۆیە یان دەبێ

ئێکتۆپیایەک لە سەر بنەمای پرەنسیپەکانی ئێکۆلۆژی دابمەزرێنین یان بە سانایی تێدا دەچین. ئەمە بە ڕای من کۆمەڵگەی هەنووکەیی نیە. (بێست س.: ١٩٩٨، ٣٨٠)

ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە ئێکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی لە سەر ئەو باوەڕە دانراوە کە زۆربەی نزیک بە تەواوی کێشە ئێکۆلۆژیکییەکان لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. بەپێی ئەم بۆچوونە ئەم کێشە ئێکۆلۆژییانە بەبێ تێگەیشتنێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگە هەنووکەییەکەمان و ئەو نالۆژیکیبوونە کە بە سەریدا زاڵە، فام ناکرێن و ڕێگە چارەیان بۆ نادۆزرێتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی باشتری ئەم خاڵە: ئاڵۆزییە ئابووری، ئێتنیکی، کولتووری و ڕەگەزییەکان، لە نێو هەموو کێشەکانیتردا، لە ناوەندی خراپکارییە ئێکۆلۆژیکەکاندا وەبەرچاو دەکەون. هەر ئەو کێشەگەلەن کە بەرهەمهێنەری قەیرانی سرووشتن. (بووکچین: ٢٠٠٧، ٩٨)

بووکچین دەڵێ: تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی ئێکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی لە دۆخی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ، هەر وەک چۆن هەموو کێشە ئێکۆلۆژییەکانی جیهان لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. لەگەڵ ئەم کێشە کۆمەڵایەتییانە لە ئاکامدا بە هۆی پێکهاتەکانەوە، پێوەندییە هیرارشییەکان چێ دەبن. ئەوان دەڵێن بێجگە لەوەی کە بە هۆی بەڵا سروشتییەکانەوە پێکهاتووە، سەرەکیترین وێرانییە ئێکۆلۆژییەکان لە سەدەی ٢٠ و ٢١دا هۆکاری ئابووری، ئێتنیکی، کولتووری و ئاڵۆزی ڕەگەزییان هەبووە. کێشە هەنووکەییەکانی ژینگە بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی لێبڕاوانە لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگە، فام ناکرێن و زۆر بە کەمی چارەسەر دەبن. (بووکچین: ٢٠٠٥، ١٦)

بووکچین دوای دابڕانی لە مارکسیزم و بێهیوا بوون لە شۆڕشی پرۆلێتاریا ئاماژەی بەوە کرد کە خاڵی لاوازی کاپیتالیزم پرۆلێتاریا نیە، بەڵکوو ناتەبایی کاپیتالیزم لەگەڵ ژینگەیە کە وێرانکەری سروشت و تەندروستیی مرۆڤە. بۆیە قەیرانی کاپیتالیسم لە چەوساندنەوەی چینی کرێکارەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو لە بەتاڵکردنەوەی مانای مرۆڤ و تێکدانی سروشتەوە سەرچاوە دەگرێ. (بییەل ژانێت: ٢٠٠٧) بە پێشەیی کردنی کشتوکاڵ، پیسکردنی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ، چێکردنی شارە گەورەکان تا ئاستی تاقەتپڕووکێن، دابڕاندنی مرۆڤ

لە سروشت و بە ڕۆبۆتکردنی، نموونەگەلێکن کە بووکچینیان هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە ئاڵتێرناتیڤی سیستمی کاپیتالیزم، کۆمەڵگەی ئێکۆلۆژیکە. ئەم کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی ناخۆجێییە کە لەودا شارگەلی چووکە جێگەی شارە گەورەکان دەگرنەوە و خەڵک خۆیان بەڕێوەی دەبەن و پێداویستییەکانی خۆیان بەرهەمدێنن. ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان ئەم کۆمەڵگەیە بەڕێوە دەبەن. بە نەمانی دەوڵەت-نەتەوەکان لەم کۆمەڵگەیەدا، دەسەڵاتەکەیان بۆ ئەم ڕێکخراوە دێموکراتیکگەلە دەگوازرێتەوە. ئەم ڕێکخراوە دێموکراتیکگەلە لە قەوارەی کۆنفیدراڵدا یەک دەگرن. بووکچین ناوی کۆمۆنالیزمی لیبێرتایی لە سەر ئەم پرۆژەیە دانا کە دواتر گۆڕی بە کۆمۆنالیزم.

## كۆمۆنالیزمی لیبێرتایی

لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠دا بووکچین ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ناوچە کە گۆڕانی کۆمەڵگەی لیبێرتاریانییە دەبێ لە ئاستی کۆمۆندا بێ، ئەو هەروەها دەڵێ: یەکێک لە کێشە گرینگەکان ئەوەیە کە پێکهاتەی کۆمەڵگە بگۆڕدرێ، بە شێوەیەک کە خەڵک دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن. باشترین ڕێگە بۆ ئەمە سازدانی کۆمۆنە (شارستان، شار، دێهات) کە لەودا دەتوانین دێموکراسیی ڕاستەوخۆ دابمەزرێنین. بووکچین لە ساڵی ١٩٨٠دا دەستەواژەی کۆمۆنالیزمی لیبێرتایی، بۆ شرۆڤەی سیستمێک بە کار دێنێت کە لەودا دامەزراوە ئازادەکان بۆ پارلەمانە دێموکراتیکە ڕاستەوخۆکان دەبنە جێگرەوەی دەوڵەت و کۆنفیدراسیونێک لە کۆمۆنە ئازادەکان پێکدێ. کۆمۆنالیزمی لیبێرتایی بیرۆکەیەکە بۆ چێکردنی دۆخێک کە دوو دەسەڵاتی دەوڵەت-نەتەوە و کۆنفێدراسیونی کۆمۆنەکان نەتوانن پێکەوە هاوتەریب درێژە بە ژیانی هەوبەش بدەن، کە لەم ڕێگەیەوە کۆمەڵگەیەکی ئازاد چێ دەبێ. (بووکچین: ١٩٩١، لیبێرتاریەن میونیسیپالیزم)

کۆمۆنالیزمی لیبێرتایی نیشاندەری پرۆژەیەکی بنەڕەتی و مێژوویی و جیددییە بۆ پێشخستنی سیاسەتی ئەخلاقی لە کەسایەتی و خەڵکی بوون لە ڕێکخراودا. ئەمە لە باری پێکهاتەیی و ئەخلاقییەوە لە ڕێکخراوە خەڵکییەکانی دیکە جیاوازە و ئەم جیاوازییە تەنیا لە ئاستی ئاخاوتندا نیە. ئەم سیستمە تێدەکۆشێ بۆ چاکسازی لە کەشی گشتیدا بۆ شارۆمەندی ڕەسەن، هاوکات بازنەی شوومی پارلمانتاریزم و میکانیزمە گێژکەرە حیزبایەتییەکەی کە وەک کەرەستەیە بۆ نوێنەرایەتیی گشتی، تێک دەشکێنێ. لەم ڕوانگەیەوە شارچییەتیی لیبێرتایی تەنیا ئێستراتێژیی سیاسی نیە. ئەمە تێکۆشانێکە بۆ کارکردن لە سەر دەرفەتە دێموکراتیکە شاراوە یان سەرەتاییەکان بە نیسبەت ڕێکخستنی نوێی ڕادیکاڵی

کۆمەڵگەوە. کۆمەڵگەی کۆمۆنی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ، وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ژینگە و پەرەپێدانی ئەخلاقێکی نوێ لە سەر بنەمای هاوبەشی و هاوکاری پێکدێت. ئەمە بەو مانایەیە کە فۆرمی سەربەخۆی سیاسەت شتێکی ڕوون و ئاشکرایە. گرینگتر ئەوەیە کە سیاسەت سەر لە نوێ پێناسە بکرێتەوە، واتە هەڵگەڕانەوە بۆ واتای ڕاستەقینەی وشە یونانییەکە کە بریتیبوو لە پاراستن و بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە لە ڕێگەی ڕاستەوخۆی پارلەمانە خەڵکییەکانەوە کە سیاسەتی گشتییان لە سەر بنەڕەتی ئەخلاقی یەکگرتوویی و تەواوکەری یەکتر دادەڕشت. (بووکچین: ١٩٩١، لیبێرتاریەن میونیسیپالیزم)

لەم پێوەندییەدا دەبێ بگوترێ کە شارچییەتیی لیبێرتایی یەکێک لە بیرۆکە پلۆرالیستییەکان کە دەیانەوێ ئامانجێکی کۆمەڵایەتیی ناڕوون و بێ واتا دەستەبەر بکەن، نیە. دێموکراتیک بوون لە ناوەندگەرێتی و پێکهاتەی هیرارشیک بەدوورە و سیستمێکە بۆ چارەنووسی مرۆڤ، نەک کەرەستەیەکی سیاسی یان ستراتیژیگەلێک کە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دامەزراون. کۆمۆنالیزمی لیبێرتایی لە کردەوەدا تێدەکۆشێ بۆ شرۆڤەی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوەیی کۆمەڵگەی نوێ و تەنانەت وەک پەیامی کردەکیی پێشکەوتن لە سیاسەتی ڕادیکاڵی نوێ بۆ سەردەمی ئێمەیە. (بووکچین: ١٩٩١، لیبێرتاریەن میونیسیپالیزم)

**بۆکچین پێنج قۆناغ بۆ کۆمۆنالیزم دادەنێ کە بریتن لە :**

- پشتیوانی لە مافی بڕیاردانی کۆمۆنە خۆجێییەکان.
- پێکهێنانی کۆمەڵە گشتییەکان لە کۆمەڵانی خەڵک بە مەبەستی دێموکراتیزە کردنی کۆمۆنەکان.
- پێکهاتنی کۆنفیدراسیۆن لە یەکیەتیی نێوان کۆمۆنەکان.
- بۆ بەهێزبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستە جووڵانەوە پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتییەکان یەک بگرن.
- بە کۆمۆنی کردنی ئابووری و ڕاگرتنی هاوسەنگیی ئابووری لە نێوان کۆمۆنەکان و لە ئاکامدا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی بێ چین. (بووکچین: ١٩٩١، لیبێرتاریەن میونیسیپالیزم)

## ڕای بووکچین لە سەر کۆنفیدرالیزم

کۆنفیدراسیۆن بۆ پێکەوە بەستنی کۆمەڵگە بە هۆی ئەندامەکانییەوە کە پارلەمانی کۆمۆنەکانیان پێکهێناوە، پێویستە. ئەرکی ئەم کۆنفیدراسیۆنە هاوئاهەنگیی ئیدارییە. کۆنفیدراسیۆن مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش لە مێژووی زایینی و وەکوو یەکێک لە ئاڵتێرناتیڤە بەهێزەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی دێتە ئەژمار. لە شۆڕشی ئەمریکا و شۆڕشی فەرانسەوە هەروەها لە شۆڕشی ئیسپانیاوە لە ساڵی ١٩٣٦، کۆنفیدراسیون گەورەترین پێکۆڵی دەوڵەتی کۆجێیی بووە. لە سەردەمی ئێمەدا ئەوە شتێکی شاراوە نیە کە کاتێک ئیمپراتۆرییە سەدان ساڵەکان هەڵوەشانەوە، پرسی دەوڵەتی کۆجێیی و ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی هاتە ئاراوە. کۆمۆنالیزمی لیبێرتایی ڕەوتێکی ڕادیکاڵی دێموکراتیکە بۆ ئەم دیسکۆرسە مۆدێڕنانە لە سەر کۆنفیدراسیۆن کە لە جیاتی دەوڵەت-نەتەوە باس لە کۆمۆنالیزمی لیبێرتایی دەکات. (بووکچین: ١٩٩١، لیبێرتاریەن میونیسیپالیزم)

لە سەر کۆمۆنالیزمی لیبێرتاریان، بەرچاوتەنگی نەک هەر دەتوانێ لە بەستراوەیی ئابووریدا بێت، بەڵکوو بە نیسبەت ئەوەشەوە هەیە کە کەمایەتی مل بۆ زۆرایەتی کۆمەڵە بەشدار بووەکان رابکێشێ. زۆرێک لە ئارگومێنتەکانی دژ کۆمۆنالیزمی لیبێرتاریان لەگەڵ کۆنفیدراڵی بەهێز و ئاڵۆزییەکان لە تێگەیشتنی سەقەت لە جیاوازیی نێوان سیاسەت و دەزگای بەڕێوەبەرییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم جیاوازییە بنەڕەتییە دەبێ هەموو کاتێک لە بەرچاو بگیردرێ. کۆمەڵگە یان کۆمەڵە دراوسێکان سیاسەت دادەڕێژن، دەزگای بەڕێوەبەری لە ئەنجومەنە کۆنفیدراڵەکان کە بەڕێوەبەرەکان لە خۆ دەگرێت، نوێنەری ناحیەکان، شارەکان و دێهاتەکان پێکدێت. (بووکچین: ١٩٩١، لیبێرتاریەن میونیسیپالیزم)

## کاریگەریی بووکچین لە سەر ئۆجەلان

ژانێت بییل هاوسەری مۆرای بووکچین دەڵێ: لە فێبریواری ١٩٩٩ کاتێک عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان لە کنیا گرت، من لەگەڵ مۆرای بووکچین لە بێرلینگتۆن دەژیام. ئێمە هەواڵی دەستبەسەرکرانی ئۆجەلانمان لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان سەیر دەکرد. ئەو هەر ئەو کاتە هاوسۆزیی خۆی بۆ ئەو دۆخەی کوردەکان دەردەبڕی، بەڵام گوتی: ئۆجەلان فەرماندەیەکی گەریلایی مارکسیست ـ لنینیست و ستالینیستێکی ئەم ڕۆژانەی دواییە. مۆرای دەیان ساڵ ڕەخنەی لەم جۆرە کەسانە دەگرت، بۆ بەلاڕێدابردنی ویستی ئازادیی خەڵک بۆ دەسەڵات، دۆگماتیسم، دەوڵەت و هەموو تایبەتمەندییەکانی کاپیتالیزم. (ژانت ب. ٢٠١٢)

بەڵام پارێزەرەکانی ئۆجەلان دەڵێن بە نیشاندانی کتێبی (ئێکۆلۆژیی ئازادی) کە پێشتر بۆمان بردبوو، گوتی پێشنیار دەکەم شارەوانەکان ئەمە بخوێنن، هەرچەند هێڵی فیکریی نووسەرەکە تا ڕادەیەک ئانارشیستییە، بەڵام دەتوانین بە ئاکامگەلێک بگەین. دەتوانرێ وەک «ڕەوت یان بزووتنەوەی شارەوانیی ئازاد» دابڕێژرێ. ئەم وتەیەی من دەتوانێ هێڵی سیاسیی شارەوانییەکان و شارەکان بێت، دەکرێ ئەم کتێبە و پێنج تا دە کتێب هەڵبسەنگێندرێن. دەکرێ لە یاسادا جێگیر بکرێن، هەر کەس ئەم کتێبانەی خوێند و قبووڵیکردن، دەتوانێ بێتە ناو شارەدارییەکان. (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ئا، ١٥٥ و ١٥٦) ئۆجەلان دوای خوێندنەوەی (ئێکۆلۆژیی ئازادی) گۆڕانێکی بنەڕەتیی بە سەردا دێت و دەستدەکا بە نووسینی هێندێک کتێب کە لە سەر بنچینەی کتێبەکانی بووکچینە، بۆ وێنە (مانیفستی شارستانییەتی دیموکراتیک)و (دادگای مێژوو)و (نەخشە ڕێگا).

بەوپێیە کە ئۆجەلان هێڵی فیکریی خۆی لە بووکچین وەرگرتووە، سرووشتییە کە بۆ دارشتنی ئیدئۆلۆژییەکەی، هاوشێوەی بووکچین بجووڵێتەوە. هاوسەری

بووکچین لە وتارەکەیدا دەڵێ: هەر دووکیان (ئۆجەلان و بووکچین) لە سەرەتای شارستانییەت، کۆمەڵگەی سەرەتایی لە چاخی بەردینەوە دەستپێدەکەن. لە درێژەدا دێنە سەر باسی گەشەکردنی کشتوکاڵ و خاوەندارێتی و کۆمەڵگەی چینایەتی، گەشەسەندنی دین، هاتنە ئاراى بەرێوەبەری، دەوڵەت، سوپا، ئمپراتۆرییەکان، دەوڵەمەندەکان، پاشاکان و فیئۆدالیزم. دوایی دێنە سەر باسی مۆدێرنیتە، سەردەمی ڕۆشنگەری، زانست، تەکنۆلۆژی، پیشەسازی و کاپیتالیزم. (ژانت ب. ٢٠١٢)

بووکچین لە چیرۆکی شارستانییەتی خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشە سیاسییەکانی ئەمڕۆ کەڵک وەردەگرێ. کتێبی ئێکۆلۆژیی ئازادی بەڵگەیەکە دژی گرووپی سەرەکیی ژینگەپارێزانی چاکسازیخواز و بە قازانجی ئێکۆلۆژیی ڕادیکاڵ. بووکچین دەیەویست بە لیبراڵەکان بڵێ زیاتر لەوەی کە ئەوان لە چاکسازیی دەوڵەتی دەستەبەری دەکەن، لە ئێکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیدا دەستەبەر دەبێ. بەم دواییانە خەڵک بە شێوەی هاوبەشی ژیاوە، بۆیە دیسانەوە دەتوانن بەو شێوەیە بژین. ئەو کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی مێژووی مرۆڤی بە نموونە دەهێنایەوە کە بە ناسناوەکانی وەک (کۆمەڵگەی ئۆرگانیک)، عەشیرەتی، کۆمۆنی و ناهیرارشیک، کە خەڵک بە شێوەی هاوکاریی یەکتر دەژیان، ناوی دەهێنان. ئەو ئاماژەی بە کردەوە تایبەتییەکان دەکرد کە ئەوان پێکەوە جێبەجێیان کردووە: مافی کەڵک وەرگرتن لە پێداویستییەکانی ژیان، پێوەندیی ئەخلاقی، مافی هەبوونی لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیان وەک ماڵ و جلوبەرگ و نان. لە ئاکامی هەستی یەکیەتیی نێوان تاک و کۆمەڵگە، یەکیەتیی نێوان کۆمەڵگە و دەوروبەریش چێ دەبێ. ئەو هەروەها دەڵێ لە نێو کۆمەڵگەی ئۆرگانیکدا ژیانێکی هاوئاهەنگ لەگەڵ جیهانی سروشتی هەیە. بووکچین دواتر هێڵی گەشەی دیالێکتیکی دیاری دەکات: دەرکەوتنی سیستمی هیرارشیک لە کۆمەڵگەی ئۆرگانیک، پیاوسالاری و زاڵبوون بە سەر ژناندا، دەسەڵاتی بە ساڵاچووەکان، کاهین و قەشە، شەڕڤان و بەرپرس و دەوڵەتەکان، چینە کۆمەڵایەتییەکان. دوای ئەوانە، بیرۆکەی زاڵبوون بە سەر سروشتدا پێکهات و لە سروشت کەڵکی خراپ وەرگیرا. (ژانت ب. ٢٠١٢)

ئۆجەلان وەک شوێنکەوتووی بووکچین، بۆ ڕەواییدان بە ئیدئۆلۆژییەکە، پەنا دەباتە بەر مێژووی کۆن و نوێ و بە وردی باسی لە سەر دەکات. ئەو دەڵێ شارستانییەت لە میزۆپۆتامیای خواروو شوێنێک کە دوو ڕووباری دیجلە و فیرات بە یەک دەگەن، پێکهاتووە و لەوێ بە هۆی کشتوکاڵەوە ژیان لە شێوەی کۆچەرییەوە بۆ یەکجێنشینی گۆڕاوە، بە وتەی شوێنەوارناسەکان لە ٣٠٠٠ی پ.ز-ەوە لە میزۆپۆتامیای سەروو گوندگەلێک بوونە کە گەیشتوونەتە سنووری بە شار بوون... لەم قۆناغەدا بە هۆی ئەوەی کە حەشیمەت ڕووی لە زیادبوونە، ڕێکخستن بەرەبەرە وەکو پێویست دەر دەکەوێ. ئەم ڕێکخستنە سەرەتا لە چوارچێوەی پەرەستنگەکاندا پێکهات و ناوی زیگۆرات ـی لە سەر دانرا... لەم کاتەوە چینی کۆمەڵایەتی چێ دەبێ، سێ چینی کرێکارانی ژێر دەسەڵاتی زیگۆرات، چینی کاهینەکان و چینی بوونەوەرە خوداییەکان پێکدێت. چێکردنی دین و خودای نوێ لە کارە سەرەکییەکانی کاهین بووە... دواتر جیاوازی لە نێوان ژن و مێرد پێکدێ... بە پەرەسەندنی بەرهەمهێنان بازرگانیکردنیش دەستپێدەکات کە زیگۆراتەکان ڕۆڵی سەرەکییان تێدا گێڕاوە... یەکەمین نیشانەکانی دەوڵەت و دەوڵەت-کۆمەڵگە لە زیگۆراتەکانەوە دەستپێکردووە... دوای دەوڵەت ـ کۆمەڵگەی کاهێنی، دەوڵەتی بنەماڵەیی دێت... لەو سەردەمەدا (ریش سپی سالاری)یش هەبووە کە بۆ چارەسەری مەسەلەکان راوێژیان لەگەڵ کردوون... سیستمی بنەماڵەیی، پیاوسالاری و باوکسالاری نیشانەگەلێک بۆ دەستپێکی کۆمەڵگەی چینایەتین. بنەماڵەکان بە هەڵگیرساندنی شەڕ دژی دەوڵەتی کاهێنی و بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی سەربازی، دەستیان داوەتە شۆڕشی سیاسی. (ئۆجەلان: ٢٠٠٩-ب، ٥٦-٦٢) کۆمەڵگەی ئۆرگانیکی بووکچین لە ناو نووسینەکانی ئۆجەلاندا بە ناوی کۆمەڵگەی سروشتی ناودێر کراوە. ئەم کۆمەڵگەیە نە چینی هەیە و نە دەوڵەت. ئەوەی کە ڕاو دەکرێ یان دەدۆزرێتەوە هیی هەموانە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ١٠).

ئۆجەلان دوای خوێندنەوەی کتێبەکانی بووکچین و نووسینی چەند کتێبێک کە ئاماژە بە بەشێکی پیوەندیدار لە کتێبەکانی کرا، دەستیکرد بە داڕشتنی بەرنامەی نوێ بۆ پەکەکە. لە ٢٠ی مارسی ٢٠٠٥دا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمرالییەوە بەیاننامەی کۆنفیدرالیزمی دێموکراتیکی نارده دەرەوە، کە هێڵە

گشتییەکانی کۆنفیدرالیزمی تێدا دیاری کردووە کە بریتین لە:

- مرۆڤایەتی لە سەر بنەمای شۆڕشی کشتوکاڵی لە ئیکۆسیستمی زاگرۆسدا تا سەرەتای سەدەی ١٩ هاتۆتە پێش. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا شۆڕشی تیکنۆلۆژی وەک دووهەمین شۆڕشی گەورە هاتە ئاراوە. ئەم شۆڕشە لە پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوەدا رۆڵێکی گرینگی هەبوو. سیستمی دەوڵەت ـ نەتەوە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا وەک لەمپەرێک لە بەرانبەر ئازادیخوازی، دێموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا دەرکەوت.

- مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەشەی سەند و وەک مافی دامەزراندنی دەوڵەت واتای پێ بەخشرا. دەوڵەت-نەتەوەکان کە لە سەر ئەم بنەمایە پێکهاتوون، ئەمڕۆ بوونەتە کۆسپێکی هەرە گەورە لە سەر ڕێگای پێشکەوتن. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پاڵی بە دەوڵەت-نەتەوەکانەوە داوە، کارکردی خۆی لە دەستداوە. شەڕی کەنداو و دۆخی هەنووکەیی عێراق ئەم ڕاستییەی سەلماند.

- ڕێگەی سەرەکی بۆ دەربازوون لەم دۆخە، نەک پێشکەوتنی گلۆبالیزم بەپێی دەوڵەت ـ نەتەوە، بەڵکوو سیستمی کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیکە کە بە تەواوی پاڵی بە خەڵکەوە دابێت و هێزی لە کۆمەڵانی خەڵک وەرگرێ. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەر وەک دەوڵەت سەرمەدی نەبووە، دەوڵەت-نەتەوەش تاهەتایی نیە. ئەمڕۆ گلۆبالیزم و دەوڵەت ـ نەتەوە لە قۆناغی تێپەڕیندان. بە هۆی ئەوەی کە لەم قۆناغەدا، ئیمپریالیزم سیستمێکی نەخستۆتە ڕوو، لە قەیراندایە و بەرەو سەرلێشێواوی دەڕوات.

- لەم دۆخەدا تاقانە ئاڵتێرناتیڤ، کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیکە. ئەم شێوە پیرامیتییە مۆدێلێکی ڕێکخراوەییە. لێرەدا باسکردن و وتووێژکردن و بڕیاردان لە ئەستۆی کۆمەڵگەیە. لە نێو کۆمەڵانی خەڵک تا بەرزترین ئاست، نوێنەرەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، هەڵدەبژێردرێن و لە سەرەوە کوردیناسیونێک پێکدێنن. نوێنەرانی خەڵک ساڵانە وەک فەرمانبەرەکان کار دەکەن.

- لە نێو ڕێگاکانی چارەسەری کێشە قووڵە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی

ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، سیستمی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک ڕێگە چارەیە. داسەپاندنی سیستمی کاپیتالیستی و هێزە ئیمپریالەکان، نابنە هۆی گەشەسەندنی دێموکراسی. لە سیستمی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیکدا، زاڵبوونی دێموکراسی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بنەمایە. ئەم سیستمە، سیستمێکە کە جیاوازییە ئێتنیکی، دینی و چینایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە لە بەرچاو دەگرێ.

- بۆ کوردستانیش مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین، بەپێی دامەزراندنی دەوڵەت لە سەر بنەمای نەتەوەگەرێتی نیە، بەڵکوو بەبێ کێشە زانینی سنوورەکان و بە بنەما نەگرتنی سنوورەکان، بەڵکوو لە سەر بنەمای دێموکراسیی خۆسەرە. لە ڕێکخستنی کوردیی کە لە ئێران، تورکیە، سوریە و عێراق پێکدێ، بە یەکخستنی کۆنفیدراسیونەکانیان، کۆنفیدراسیونی ئاماژە پێکراو پێکدێنن.

- لە کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیکی کوردستان، بڕیارە بەڕیوەبەرییە سەرەکییەکان لە ئەستۆی مەجلیسی گوند، گەڕەک و شار و نوێنەرەکانی ئەوان بێت. بەم پێیە بڕیارەکانی گەل و کۆمەڵانی خەڵک خاوەن بایەخە.

ئەو خاڵانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆ، ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کوردستاندا دەستنیشانم کردن، ئەو ڕاستییە دەخەنە ڕوو کە ڕێکخستنی کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیکی کوردستان ئەرکێکی مێژووییە کە بەپەلە و دەست لێ هەڵنەگیراوە و نابێ جێبەجێکردنی وە دوا بخرێت... کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیکی کوردستان سیستمێکی دەوڵەتی نیە، بەڵکوو سیستمی دیموکراتیکی ناحکوومیی گەلە... هێزی خۆی لە قووڵایی مێژووی کۆمەڵایەتی و پاشخانی فەرهەنگی دەوڵەمەندی مێژووی میزۆپۆتامیا وەردەگرێ... دەوڵەتەکان لە درێژەی چاکسازییەکی بنەڕەتیدا بە ئاستێکی هەستیار لە بەرانبەر دێموکراسیدا دەگەیەنێت و لە سەر ڕێگەی دێموکراتیزاسیون نابێتە کۆسپ... هەمو کولتوورەکان بە فەرمی دەناسێ و خوازیاری گەشە سەندن و ئازادیی دەربڕین بە بنەما دەگرێ... مۆدێلی کۆمەڵگەی ئێکۆلۆژی پەسند دەکا... کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ توندوتیژی چارەسەر دەکات... لە بەرانبەر ئیمپریالیزمی جیهانیدا خوازیاری دێموکراسیی جیهانیی گەلانە. (ماڵپەڕی پ.ک.ک: ٢٠٠٥)

## ڕەنگدانەوەی بووکچینیزم لە ناو بەرنامە و پێڕەوی پەکەکەدا

ئەم بەیاننامەیەی کۆنفیدرالیزمی ئۆجەلان لە ناو بەرنامە و پێڕەوی پەکەکەدا ڕەنگدانەوەی قووڵی هەبووە. بە چەشنێک کە گۆڕانێکی قووڵ و بنەڕەتیی لە ئیدئۆلۆژی، پێکهاتە و شێوەی خەباتی پەکەکەدا پێکهێنا، بۆیە لە پێشەکیی بەرنامە و پێڕەوی پەکەکەدا ڕەنگی تۆخی بووکچینیزم بە زەقی دیارە. لە پێشەکیی بەرنامە و پێڕەوی پەکەکەدا هاتووە: پەکەکە بە زیاتر لە سی ساڵ خەبات، بایەخگەلێکی بەنرخی بۆ گەلی کورد، گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و مرۆڤایەتی پێکهێناوە و لە سەر بنەمای پارادایمی کۆمەڵگەی دیموکراتیک، ئێکۆلۆژیک و ئازادیخوازیی ڕەگەزی کە لەلایەن سەرۆک ئاپۆوە هاتۆتە ئاراوە، بۆ پێشوازی لە سەدەی ٢١ بە ناوی گەلی کورد و مرۆڤایەتییەوە، خەریکی نوێبوونەوەیە... ئەگەر ڕێگە چارەی کۆنفیدراسیۆنی دێموکراتیک کە لە سەر بنەمای یەکیەتیی دڵخوازانە و یەکسانیی گەلان پێکدێت و پاڵی بە پارادایمی کۆمەڵگەی دێموکراتیک، ئیکۆلۆژیک و ئازادیخوازیی ڕەگەزییەوە داوە و سیاسەت و بیرۆکەی هەنووکەیی دەوڵەتخوازی، نەتەوەخوازی و توندوتیژیخوازی تێ دەپەڕێنێت، جێبەجێ نەبێت، ئەگەری ئەوە کە کوردەکان ببنە ناوەندی پێکدادانێکی توندتر لە پێکدادانی عەرەب ـ ئیسرائیل، زۆرە. (بەرنامە و پێڕەوی پەکەکە:٢٠٠٥، ١ و ٢).

بە پارادایمی پێشووی پەکەکە، سەرکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان دەستەبەر نەدەبوو. پەکەکە کە لە سەر هێڵی نێوان ڕێئاڵ سۆسیالیزم و ڕزگاریی نەتەوەیی کلاسیکدا بوو و لە دەرەوە لەگەڵ زەختگەلێکی زۆر بەهێز و لە ناوەوە لەگەڵ کەموکۆڕیگەلێکی جیدی بەرەوڕوو بوو، بە هیچ شێوەیەک نەیتوانی هێزی ڕاستەقینەی خۆی بجووڵێنی و خۆی ڕێکبخاتەوە. لەگەڵ

هەموو هەوڵەکانی ڕێبەریی دوای ساڵی ١٩٩٥، پەکەکەیەک کە لە گەوهەری ڕاستەقینەی خۆی دووریان خستبووەوە، کردەوەیەکی ئەنجامدا کە خۆی چاوەڕێی نەبوو. (بەرنامە و پێڕەوی پەکەکە:٢٠٠٥، ٢).

لێرەدا دەردەکەوێ کە پێشتر پەکەکە لە باری ئیدئۆلۆژی و سیاسییەوە بە بنبەست گەیشتووە و بە مەبەستی دەربازبوون لەو دۆخە بە دوای ئیدئۆلۆژییەکی دیکەدا گەڕاوە. پەکەکە کە بە هەڵبژاردنی دروشمی سەربەخۆیی کوردستان، پەلی بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان هاویشت و ئەندام و لایەنگرێکی زۆری کۆ کردبووەوە، نەیدەتوانی بە سانایی و بە ڕوونی سیاسەتێک بگرێتە پێش کە تەنیا ڕووی لە تورکیا بێت، چونکە لەگەڵ جیابوونەوەی بەشێکی هەرەزۆری ئەندام و لایەنگرانی کە خەڵکی پارچەکانی دیکە بوون، بەرەوڕوو دەبوو. بۆیە بۆ هاتنەدەر لەم بنبەستە سیاسی و ئیدئۆلۆژیکییە، پەنای بردە بەر ئیدئۆلۆژییەکی گشتگیر کە دیسان بتوانێ لە پارچەکانی دیکە دەستێوەردان بکات. تێزەکانی بووکچین لە سەر کۆمەڵگەی ئێکۆلۆژیک باشترین ڕێگای دەرباز بوون، بوون.

هەر وەک پێشتر ئاماژەپێکرا، ئۆجەلان لە پێش دەستبەسەرکرانیشیدا لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی پاشگەز ببووەوە، بەڵام لە لایەکەوە ئاڵتێرناتیڤی نەبوو و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ترس لە هەڵوەشانەوەی پەکەکە کە بەشێکی هەرەزۆری گەریلا و ئەندام و لایەنگری لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بوون و بە بۆنەی دروشمی سەربەخۆیی کوردستانەوە ڕوویان لە ڕیزەکانی پەکەکە کردبوو، نەیدەتوانی بە سانایی باسی لێ بکات. تێزەکانی بووکچین کە ئانارشیزم بە سەریاندا زاڵە و دژە دەوڵەت، دژە نەتەوەخوازی و گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگەی ئۆرگانیک و پێکهێنانی کۆنفیدراسیون لە کۆمۆنەکانە، باشترین ڕێگە بۆ ئەو دۆخەی پەکەکە بوو. بۆیە پەکەکە بە گرتنەبەری ئەو ئیدئۆلۆژییە، لە هەموو ڕابردووی خۆی حاشای کرد و بە هەڵەی زانی و بە کەوتنە داوی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستیی لە قەڵەمدا.

بووکچینیزم تا ئەو جێگایە کارتێکەریی لە سەر پەکەکە هەبوو کە جیا لە نەتەوەخوازی و دەوڵەتخوازی (پێشتر ئاماژەیان پێکرا) تەنانەت ئەو

ئیدئۆلۆژییەی کە پەکەکە لە سەری دامەزرابوو، یەکسەر بە لقێک لە کاپیتالیزمی دادەنێ و دەڵێ: «لە ڕاستیدا رێئال سۆسیالیزم، سۆسیال دیموکراسی، ڕزگاریی نەتەوەیی، لیبرالیزم و کۆنسێرڤاتیزم، گەورەترین ئاییزاکانی کاپیتالیزمن. مارکسیزم لنینیزم کە گەورەترین جووڵانەوەی چەوساوەکان لە سەدەی دواییدا بوو، لە خواست و یۆتۆپیای خۆیدا سەرنەکەوت و نەیتوانی سیستمی کاپیتالیزم تێپەڕێنێ و نەبووە سیستمێکی جیاواز و لە نێو سەرمایەداریدا توایەوە. (برنامە و اساسنامە پ.ک.ک:٢٠٠٥، ١٤).

ئەو پەنابردنە بەر مێژوو و وێڵی داڵانەکانی مێژوو بوونەی ئۆجەلان دیسان لە ناو بەرنامە و پێڕەوی پەکەکەدا دەبینرێت، هەر لە باسی دینەوە لە توتم تا ئیسلام و لە کۆمەڵگەی سروشتی تا کۆمەڵەی مۆدێرنی تێدایە. باسی دەوڵەت-نەتەوەش کە زیانبارە، بە بەربڵاوی تێیدا کراوە. لەم پەنابردنە بەر مێژووە تەنیا یەک شت دیارە، ئەویش ئەوەیە کە بووکچین تەنیا ژیانی کۆمەڵگەی ئۆرگانیکی بە دڵە و ئەوانی دیکە هەمووی ڕەد دەکاتەوە. ئۆجەلانیش تەنیا کۆمەڵگەی سروشتیی بە دڵە و هەموو شێوازەکانی دیکە بە دژی ئازادیی مرۆڤ دەزانێ. (سروشتییە پەکەکەش کە ئیدئۆلۆژیی ئۆجەلان پەیڕەو دەکا، وەک ئۆجەلان بیر بکاتەوە). بۆ نموونە دەڵێ: شۆڕشی بەردینی نوێ کە خاڵی وەرچەرخانی مێژوو و گۆڕانی مرۆڤایەتییە، لە کەوانی بەپیتی ناوچەی دیجلە-فیرات ڕوویداوە. جۆرەکانی کۆیلەداری و فیئۆدالیی کۆمەڵگەی هیرارشیک-دەوڵەتخواز لەم سەرچاوەوە خۆیان تەیار کردووە و شێوەی شارستانییەتیان بە خۆیانەوە گرتووە. هاوکات لەگەڵ ئوستوورەخوازی، هەر سێ ئایینە تەک خوداییەکان لەم ناوچەیە سەریانهەڵداوە و ریشەیان داکوتاوە. (برنامە و اساسنامە پ.ک.ک: ٢٠٠٥، ٢٨) چینە جۆراوجۆرەکان لە شارەکاندا بە شێوەیەکی بەردەوام دژی سیستمی دەوڵەتی کۆیلەداری خەریکی خەبات بوونە. یەکێک لەمانە کە کۆیلەکان پەرەیانپێداوە، جەنگی چینایەتی و بزووتنەوەی پێغەمبەرەکان بووە. پێغەمبەرەکان نەوەیەک لە شەڕڤانانی ڕێگای ئازادی بوونە... ئەم خەباتە بە هاتنە دەرەوەی ئادەم لە بەهەشت و هاوکات لەگەڵ پەرەپێدانی سیستمی کۆیلەداری دەستپێکردووە و حەزرەتی ئیبراهیم درێژەی پێدەدات و بۆ ناوچەکانی دیکە تەشەنە دەکا و تا کاتی تێکچوونی دەوڵەتی کۆیلەداری

درێژەی هەبووە. (برنامە و اساسنامە پ.ک.ک: ٢٠٠٥، ١٠) لێرەدا نووسەرانی بەرنامە و پێڕەوی پەکەکە ئەوە شرۆڤە ناکەن کە ئادەم کە بەپێی دینەکان یەکەمین مرۆڤە، شەڕی لەگەڵ چ لایەنێک کردووە تا ببێتە شەڕڤانی ڕێگای ئازادی!

باشقەی کۆمەڵگەی دڵخوازی پەکەکە بۆ دەربازبوون لە مەینەتییەکانی مرۆڤ، کۆمەڵگەی سروشتییە کە لەودا نە چینی کۆمەلایەتی هەیە نە دەوڵەت. ئەو کۆمەڵگە سروشتییەی ئۆجەلان کە لە بەرنامە و پێڕەوی پەکەکەدا هاتووە و بە وردی باسی دەکات، لە بنەڕەتدا لای بووکچین کۆمەڵگەی ئۆرگانیک بوو و لە تێزەکانی ئەوەوە وەرگیراوە: هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەی سروشتی وەک تێزی دەسپێکی مرۆڤ واقیعبینانەیە. کۆمەڵگەی دەوڵەتخواز و هیرارشیک، کە لە بەرانبەر کۆمەڵگەی سروشتیدا سەریهەڵدا، بەهۆی گوشار خستنەسەر کۆمەڵگەی سرووشتی و تێپەڕاندنی، کاراکتێری ئانتی تێزی هەیە. کۆمەڵگەی سروشتی کۆمەڵیکە کە لە هەموو مەڵبەندەکانی شوێنی ژیانی مرۆڤدا هەبووە و سەرەتا لە ژێر کارتێکەریی چاخی بەردینی نوێدا تا چوار هەزار ساڵ پێش زایین درێژەی هەبووە. لەگەڵ ئەوەی کە پاڵەپەستۆیەکی زۆر کەوتۆتە سەری، بەلام تا سەردەمی ئێمەش لە هەموو سیستمە کۆمەلایەتییەکاندا بوونی خۆی پاراستووە. ئاڵوگۆڕ و گۆڕانە مرۆییەکان لە شەش هەزار ساڵ پێشەوە لە ئاکامی خەباتی چڕی نێوان کۆمەڵگەی سروشتی و کۆمەڵگەی دەوڵەتخوازـ هیرارشیک ڕوویانداوە... کۆمەڵگەی سرووشتی خانەی بنەڕەتیی کۆمەڵگەی مرۆیی و سەرچاوەی پێشکەوتنە کۆمەلایەتییەکانە. (برنامە و اساسنامە پ.ک.ک: ٢٠٠٥، ٥ و ٦).

لە پێشەکیی بەرنامە و پێڕەوی پەکەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە ئەگەری دامەزراندنی ئەم چەشنە سیستمە (سیستمی دێموکراتیکی گەلانی پێشنیار کراوی پەکەکە) لە هەموو جیهان لە ئاستێکی بەرزدایە، چوونکە سەردەمی ئیرادەی تاک لایەنەی کاپیتالیزم کۆتایی پێهاتووە و گەلان بە تێپەڕاندنی شۆڤێنیزم، جەنگ و نەتەوەخوازی، لە سەر دێموکراتیزاسیون و ئاشتی پێداگری دەکەن و بە یەکگرتن لەگەڵ کەتوارە کولتووری و خۆجێییەکانی قۆناغی نوێ دەستیانپێکردووە. لە جیاتی چین، ڕەگەز، ئێتنیک و پێکهاتەی فەرهەنگیی

زاڵخواز، ناسینی بایەخە کۆمینالّ-دیموکراتیکەکانی گەلان، کرانەوەی ڕێگەی ئازادیی ڕەگەز، تێپەڕین لە گوشاری ئێتنیک-نەتەوە و بە بنەما گرتنی یەکگرتنی جیهانی وەکوو قۆناغێکی مێژوویی دەتوانێ بە شارستانییەتی دێموکراتیکی جیهانی بگۆڕدرێ. (برنامە و اساسنامە پ.ک.ک: ٢٠٠٥، ٢١) بۆیە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین و تەنانەت بۆ هەموو گەلانی جیهان، باشترین ڕێگەچارە، دامەزراندنی کۆنفیدراسیونی دێموکراتیکە بەبێ بەبنەما گرتنی دەوڵەت، ڕێکخستنی گەلانی دێموکراتیک، کەمایەتییەکان، کولتوور، دین و ڕەگەزە. (برنامە و اساسنامە پ.ک.ک: ٢٠٠٥، ٥١).

کاتێک لە جوولای ساڵی ٢٠٠٦دا بووکچین مرد، کۆنسەی سەرۆکایەتیی پەکەکە سڵاوی کرد لە «یەکێک لە گەورەترین کۆمەڵناسەکانی سەدەی بیستەم» و دەڵێ: «ئەو بیری سۆسیال ئێکۆلۆژیی بە ئێمە ناساند» و «یارمەتیی بە پەرەسەندنی تێئۆریی سۆسیالیستیدا کە بە شێوەیەکی گونجاوتر بەرەو پێش بڕوات»، «ئەو نیشانیدا کە چۆن مرۆڤ دەتوانێ سیستمێکی دێموکراتیکی ئاوەزمەندانە دابمەزرێنێ» و چەمکی کۆنفیدرالیزمی دانا. «مۆدێلێک کە ئێمە دەمانەوێ بیخولقێنین و ڕیئالیزەی بکەین». کۆنسەی سەرۆکایەتی ئاوەها درێژە دەدات: «تێزی بووکچین لە سەر دەوڵەت، دەسەڵات، هیرارشی لە نێو خەباتی ئێمەدا جێبەجێ و ڕیئالیزە دەکرێ... ئێمە دەمانەوێ ئەم تێزە بە کردەوە جێبەجێ بکەین و بێکەین بە بنەمای کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک». (ژانێت ب. ٢٠١٢)

## هەوڵدان بۆ بە ئیدئۆلۆژیک کردنی کۆمەڵگەی کوردستان لەلایەن پەکەکەوە

هەموو ڕەوتە ئیدئۆلۆژیکەکان بۆ جێگیربوونیان لە نێو کۆمەڵگەدا پێویستیان بە جێگیرکردنی ئیدئۆلۆژییەکەیان لە نێو کۆمەڵگەدایە. ئەم جێگیرکردنە لە ڕێگەی شۆڕشی فەرهەنگی و شوشتنەوەی مێشکەکانەوە بەڕێوە دەچێ. لێرەدا سەرەتا شۆڕشی کولتووری و دوایی شوشتنەوەی مێشکەکان بە وردی دەکەونە بەر باس.

شۆڕشی فەرهەنگی لە دوو ڕێگەی نەرم ئامێری و سەخت ئامێرییەوە جێگیر دەبێ. ڕەوتە ئیدئۆلۆژیکەکان کە شرۆڤەی تایبەتی خۆیانیان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە هەیە، تێدەکۆشن شرۆڤەکەی خۆیان وەک شرۆڤەی زاڵ لە کۆمەڵگەدا بسەپێنن و شرۆڤەکانی دەرەوەی ئیدئۆلۆژییەکەی خۆیان بسڕنەوە و ئیزنی دەرکەوتنیان پێ نەدەن. هەر بۆیە لە یەکەمین هەنگاودا دەکەونە گیانی جیابیران و قەڵاچۆیان دەکەن.

دوو شۆڕشی کولتووریی مائۆ لە چین و کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرچاوترینی ئەو شۆڕشانەن کە ئۆجەلان کردوونیەتە باشقە بۆ بە ئیدئۆلۆژیک کردنی کۆمەڵگەی کوردەواری.

## شۆڕشی کولتووریی چین

لە شۆڕشی فەرهەنگیی مائۆدا ڕێبەرانی شۆڕشی چین، نووسەران، هۆنەرمەندەکان و ڕێبەرانی دینی کە جیابیر بوون کەوتنە بەر شەپۆلی پاڵاوتن و کوژران. لەو شۆڕشەدا نزیکەی نیو میلیۆن کەس لە خەڵکی چین گیانیان لە دەستدا. (هەری هاردین: ١٩٩٧، ٢٤٢-٢٤٤) پیاوان و ژنانی خوێندەوار لە چینی ناوەندیدا کە قژی خۆیان کورت دەکردەوە و بەپێی ئیدەئالیزمی خۆیان بەرەو «یۆن نان» (پایتەختی مائۆ لە پارێزگەی شانکسی) دەرۆیشتن لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٣٠دا شتێکی ئەوتۆیان لە سەر هەڵسوکەتی مائۆییستەکان نەدەزانی، بەڵام ئەوان بە خێرایی خۆیان لە داوی رێژیمێکدا بینییەوە کە تەنیا بە قوربانیکردنی ژیانی خۆیان دەیانتوانی لە دەستیهەڵبێن، کەسانێک کە لەکاتی هەڵاتنندا دەستبەسەر دەکران، دەستبەجێ لە سێدارە دەدران. (ترجمه علی محمد طباطبایی، ١٣٨٤).

چاپەمەنی و رادیۆکانی جیهانی دەرەوە بە تەواوی قەدەخە کران... وێنەی مائۆ لە سەر هەموو وتارەکانی ڕۆژنامەی (پیپڵز دەیلی) دانرا، ئارمێک کە وێنەی سەری مائۆی لە سەر بوو، دەبوایە بە سەر جلی هەموو کەسێکەوە بیایە... وتە هەڵبژێردراوەکانی مائۆ لە چاپدران... هەموو چینییەک دەبوایە (کتێبی سووری چووکە) کە وتەکانی مائۆی تێدا بوو، وەرگرێت و لە هەموو ڕێورەسمە گشتییەکاندا بە دەستیانەوە بوایە و بەرزیان کردبایەوە. لێرەدا مائۆئیسم ببووە دینی زۆرەملیی حکوومەت. مائۆ هەموو قوتابخانە و زانستگەکانی بە شێوەی کاتی داخست و لە قوتابی و خوێندکارەکان داوایکرد کە مامۆستاکانیان لە بەر ئەوەی کە بیری ئەوانیان بە بیری بۆرژوازییەوە پیسکردووە، بدەنە بەر ڕەخنەی توندی خۆیان... زۆرێک لەو لاوانە کە بۆ یەکەمینجار بوو ئیزنی

بەشداری لە تێکۆشانی سیاسییان پێدەدرا، ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە و لە ژێر ناوی «گاردە سوورەکان» ناوەندە پەروەردەییەکانی خۆیانیان دایە بەر هێرش و مامۆستاکانی خۆیانیان بە زۆرەملی بەرەو شوێنە گشتییەکان دەکێشا و لێیاندەدان، دەستدرێژیی سێکسی دەکرایە سەر زۆرێک لە مامۆستا ژنەکان... گاردە سوورەکان بۆ سەرانسەری چین بڵاوەیانپێکرا و لە هەر شوێنێک کە شوێنەوارێک لە کولتووری نەریتیی چین وەبەرچاویان کەوتبایە، هێرشیان دەکردە سەری و لە نێویان دەبرد. هەر کەسێک جلوبەرگی نەریتیی چینی لە بەر کردبا یان قژی بە شێوەی نەریتی چاک بکردایە، دەیانگرت و بە زۆرەملی جلەکانیان دادەکەند و قژیان دەتاشی. کتێبەکانی کتێبخانەی ناوەندیی شاری «پەکین» و جلوبەرگ و کەرەستە نەریتییەکانی ئۆپێرای پەکینیان ئاگر تێبەردا و نووسەران و هۆنەرمەندانیان ناچار بە کرنۆش بردن لە بەرانبەر ئاگرەکە دەکرد... گاردە سوورەکان ئامانجەکانی مائۆیان بە ڕووخاندنی ئاسەوارە مێژووییەکان کە بە دەستی پاشاکان بینا کرابوون، بە دیهێنا کە ئەمە بە مەبەستی سڕینەوەی بیرەوەریی مێژوویی لە ڕابردووی مێژوو و کولتووری چین بوو. (ترجمە علی محمد طباطبایی، ١٣٨٤).

## شۆڕشی کولتووریی ئێران

لە ڕێکەوتی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی کۆچیی هەتاوی کۆماری ئیسلامی دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی ڕێفراندۆم، بە فەرمی وەک سیستمی دەسەڵاتداریێتیی ئێران دیاریکرا. ئەو کاتە کە سەرەتای شۆڕش بوو هەموو هێزە سیاسییەکانی ئێران لە چەپەوە تاکوو ڕاست لە نێو ئێراندا بوون. بە تایبەتی بەرەی چەپ لە نێو زانستگەکاندا پێگەیەکی بەربڵاوی هەبوو کە هەر ئەمەش گەورەترین مەترسی بۆ سەر سیستمی کۆماری ئیسلامی بوو.

دوای دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، زانستگەکان ببوونە شوێنی تێکۆشانی سیاسی. گرووپە جۆراوجۆرە خوێندکارییەکان بە بیروباوەڕی مارکسیستی، ئایینی و... لە زانستگەکاندا چالاک بوون، ئەم گرووپە خوێندکارییانە هەرکامەیان خاوەنی نوێنەرایەتییەک لە زانستگەدا بوون. هەرکام لەو گرووپانە ژوورێکیان لە زانستگەدا بۆ ڕێکخراوە خوێندکارییەکەی خۆیان گرتبوو. لەم کەشوهەوایەدا زانستگەکان لە کۆنترۆڵی حکوومەت دەرچووبوون. (صبح خسرو: ١٩٨٢، ٢٧١-٢٨٠) خومەینی لە خاکەلێوەی ١٣٥٩دا بە مەبەستی پاڵاوتنی زانستگە لە کەسانی نەیاری کۆماری ئیسلامی لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا پێی لە سەر ئەوە داگرت کە «دەبێ شۆڕشی ئیسلامی لە هەموو زانستگەکانی ئێراندا پێکبێت، تا ئەو مامۆستایانەی کە لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێوەندییان هەیە بپاڵێورێن و زانستگە ببێتە شوێنێکی لەبار بۆ پەروەردە و فێرکردنی زانستی بەرزی ئیسلامی». (اطلاعات: ١٣٥٩، ٤) ساڵێک دوای ڕێفراندۆمەکە ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامی، بە پشتبەستن بە خومەینی، فەرمانی داخستنی دەفتەری گرووپە سیاسییە چالاکەکانی لە ناو زانستگەکاندا دەرکرد و مووڵەتێکی سێ ڕۆژەی بۆ دیاریکرد. لەم ماوەیەدا

چەندین کەس کوژران کە هەر ئەمە بوو بە دەستپێکی شۆڕشی فەرهەنگی لە ئێران. ئەم شۆڕشە زیاتر لە دوو ساڵی خایاند و لەو ماوەیەدا سەدان مامۆستای زانستگە و هەزاران کەس لە خوێندکارانی جیابیر و لیبراڵ و چەپ لە زانستگە دەرکران... بە پێچەوانەی شۆڕشی کولتووریی چین کە لێکچوونیان لەگەڵ شۆڕشی کولتووریی ئێران هەیە، شۆڕشی کولتووریی ئێران بە تەواوی بە شێوەی خۆجێی بەڕێوە چوو. واتە هەرچەند کۆمەڵانی خەڵک لە هێندێک شوێن بەشدار بوون و یارمەتییاندا، بەڵام بە گشتی بە شێوەی خۆجێیی و لە سەرەوە ڕێنوێنی دەکرا و هەمو پلاندانانەکان و سیاسەتەکانی بە تەواوی بە شێوەیەکی فورموولەکراو جێبەجێ دەبوون...

ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری کرایە بەرپرسی چاوەدێریکردنی داڕشتنی سیستمی پەروەردەی ئێران بەپێی بایەخە ئیسلامییەکان، ئەم ئەنجومەنە وانەکانی زانستگەی بە سەر پێنج گرووپدا دابەشکرد، زانستە مرۆییەکان، کشتوکاڵ، ئەندازیاری و تیکنۆلۆژی، پزیشکی و زانستە بنەڕەتییەکان، پێداچوونەوە بە سەر هەر کام لەم بەشانە لە ژێر چاوەدێری گرووپێکی پسپۆڕدا بەڕێوە دەچوو... لەم نێوانەدا ڕۆڵی مەلاکان لە داڕشتنەوەی وانەکانی زانستە مرۆییەکاندا بەرچاوتر لە بوارەکانی پزیشکی و زانستە بنەڕەتییەکان بوو کە مەلاکان زانستی کەمتریان لەو بوارەدا هەبوو... ئەو کتێبانەی کە لە بواری زانستە مرۆییەکان، زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زانستە ئایینییەکاندا بوون، بە شێوەیەکی تایبەت بە مەبەستی سڕینەوەی شوێنەواری سیستمی پاشایەتی و بیری ڕۆژئاوایی و ئیمپریالیستی پێداچوونەوەیان بە سەردا کرا... کتێبەکانی بواری زانستە مرۆییەکان بە شێوەیەکی تایبەت پێداچوونەوەیان بە سەردا کرا، چونکە ئەوانەیان بە بەرهەمە هاوردەکانی ڕۆژئاوا دەزانی کە هەڵگری بایەخەکانی ڕۆژئاوان، لەم نێوانەدا بوارەکانی دیکەی وەک ئابووری و ماف گۆڕانێکی بنەڕەتییان بە سەردا هات، بۆ نموونە لە ئابووریدا تێئۆریگەلی باو وەک خستنەڕوو و خواست (عرضە و تقاضا) گۆڕدران بە ئابووریی ئیسلامی و کتێبەکانی بواری ماف بە لە بەرچاو گرتنی شەریعەتی ئیسلامی داڕێژرانەوە. (صبح خسرو: ١٩٨٢، ٢٧١-٢٨٠)

یەکێک لە بەرنامە بنەڕەتییەکانی شۆڕشی فەرهەنگیی ئێران سڕینەوەی کولتووری ڕۆژئاوا لە ئێران و یەکیەتیی نێوان «حەوزەی عیلمییەی قوم» و زانستگە بوو. (نیکی ر.: ٢٠٠٦، ٢٩٠) لەم ماوەیەدا ناوەڕۆکی کتێبە زانستییەکان و کتێبەکانی وانەوتنەوە بەپێی بۆچوونی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی فەرهەنگی گۆڕدرا. (تیمۆتی ل. و ژێنین م.: ٢٠٠٧) لە ڕێگە جۆراوجۆرەکانەوە دەستیانکرد بە سڕینەوەی بیری چەپ و لیبرالیستی لە زانستگەکاندا. (قەیسەری و والی: ٢٠٠٦، ٩٥) بە مەبەستی بە ئیسلامیکردنی زانستگە و جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام لە زانستگەکاندا، دەستاندایە گۆڕانکاری و کەشوهەوای زانستگەیان بەرەو بە ئیسلامیکردن گۆڕی. (ئینسکلۆپێدیا ایرانیکا: ٢٠٠٨)

دوای ئەوەی کە ستادی شۆڕشی فەرهەنگی پێکهات، خومەینی لە پەیامێکدا ئەرکەکانی ئەو ستادەی بەم شێوەیە دیاری کرد و وتی: «لە کەسانی خاوەن بۆچوون و وەفادار، لە نێو مامۆستا مۆسڵمانەکان و فەرمانبەرانی وەفادار و بە بیرو باوەڕ و توێژە خوێندەوارەکانی دیکەی وەفادار و باوەڕمەند بە کۆماری ئیسلامی، داوا بکەن کە ئەنجومەنێک پێکبێنن و بۆ داڕشتنی بەرنامە بۆ بوارە جۆراوجۆرەکان و دیاریکردنی هێڵی کولتووری بۆ داهاتووی زانستگەکان، لە سەر بنەمای کولتووری ئیسلامی و هەڵبژاردن و ڕاهێنانی مامۆستایانی شایستە، وەفادار و ئاگا و بوارەکانی دیکەی شۆڕشی پەروەردەی ئیسلامی کار بکەن». (خمینی: ١٣٥٩) ئەم فەرمانەی خومەینی سێ بواری تێدایە:

١) پاڵاوتنی خوێندکارەکان.

٢) ڕاهێنانی مامۆستاگەلێکی وەفادار بە کۆماری ئیسلامی.

٣) بە ئیسلامیکردنی زانستگەکان.

ئەو شۆڕشە فەرهەنگییە کە سەرەتا لە ئێراندا کرا، ئێستا سەرانسەری ئێرانی گرتۆتەوە و ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی بە تەواوی لە ئێراندا زاڵبووە و هەموو بوارە فەرهەنگی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ئیسلامیزە کراون.

هەر وەکوو چین کە مائۆیان کردبووە کەسێکی پیرۆز و شیاوی پەرەستن، لە

ئێرانیشدا خومەینی وەک مرۆڤێکی پیرۆز و بە سیمایەکی خودایی بە خەڵک ناسێندرا و بە ناسناوی «حەزرەتی ئیمام» کە لە دینی ئیسلامدا بە کەسە پیرۆزەکان دەدرێ و ئاخاوتنەکانیان هەمیشە رۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە، ناوی دەهێنرا و ئێستاش دەهێنرێت. بۆیە دەبینین کە لە سیستمە ئیدئۆلۆژیکەکاندا بوون یان چێکردنی کەسایەتیگەلێک وەک مائۆ و خومەینی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، چونکە بەبێ بوونی ئەو کەسایەتییانە، بە ئاکام گەیشتنی شۆڕشە ئیدئۆلۆژیکەکە ئەستەمە.

هەر وەک شۆڕشی کولتووریی چین کە گاردە سوورەکان رۆڵی سەرەکییان بۆ جێگیرکردنی شۆڕشی کولتووری هەبوو، بەسیج و سپای پاسدارانی ئێرانیش لەو بوارەدا رۆڵی سەرەکییان هەبوو و ئێستاش هەر ئەو رۆڵەیان هەیە. واتە جێگیرکردن و پاراستنی بایەخەکان لە ڕێگای هێزێکی ئیدئۆلۆژیکەوە کە بە تەواوی لە خزمەت ئیدئۆلۆژییەکەدایە و بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی ڕێبەرە ئیدئۆلۆژیکەکان بە توندترین شێوە پەنا دەباتە بەر سەرکوتی خەڵک. واتە بۆ بە ئیدئۆلۆژیک کردنی کۆمەڵگە لەلایەن ڕەوتە ئیدئۆلۆژیکەکانەوە، هێزی سەرکوتکەری ئیدئۆلۆژیک پێویستییەکی بنەڕەتییە. چونکە ئەوە هێزی سەرکوتکەری ئیدئۆلۆژیکی وەک گاردە سوورەکانی چین و بەسیج و سپای پاسدارانن کە بە زۆری چەک، ئیدئۆلۆژییەکە لە نێو کۆمەڵگەدا دەچەسپێنن و هێزەکانی دیکە ڕاو دەنێن و لەلایەکی دیکەوە ئەوە هەر ئەو هێزەیە کە بۆ پاراستنی بایەخەکانی ئەو ئیدئۆلۆژییە کەڵکی لێوەردەگیرێت.

## ئۆجەلان و شۆڕشی کولتووری

ئۆجەلان وەک ڕێبەرێکی ئیدئۆلۆژیک بە دەسەڵات نەگەیشت، بەڵام لە ماوەی ڕێبەرایەتییەکەیدا تیئۆرییەکانی شۆڕشی کولتووریی لە ناو پەکەکەدا داڕشت. ئەمڕۆ ئەم تیئۆرییانە بە توندی لە ناو پەکەکەدا کاریان پێدەکرێ. پێویست بە ئاماژەیە هەرچەند ئۆجەلان خۆی لە گرتووخانەدایە، بەڵام بەپێی بڕیاری کۆنگرەی پەکەکە هێشتا وەک سەرۆکی پەکەکە ماوەتەوە و بڕیاردەری یەکەمە. واتە ئێستاش ئەوە ئۆجەلانە کە تیئۆری و بڕیارە سەرەکییەکانی پەکەکە دیاری دەکات و پەکەکە بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە بەپێی ئەو ستراتیژییەی کە ئۆجەلان دیاریی دەکات دەجووڵێنەوە.

نموونەی هەرە زەقی دەسەڵات بە شێوەی ئاپۆییستی، لە ڕۆژئاوای کوردستاندا دەبینرێت کە هیچ حیزب و ڕێکخراو و لایەنێک بێجگە لە لایەنگرانی پەکەکە و ئەو ڕێکخراوانە کە پەکەکەیان قبووڵە مافی چالاکییان لە ڕۆژئاوای کوردستاندا نیە. هێزێکی ئیدئۆلۆژیک وەک یەپەگە لە سەر بنەمای ئیدئۆلۆژیی ئاپۆییستی بۆ پاراستن و جێبەجێکردنی ئیدئۆلۆژیی ئاپۆییزم دامەزراوە کە ئیزن بە هیچ ڕێکخراوێک نادات کە لەو بەشەی کودستاندا سەرهەڵبدات. خێزانی بووکچین لە سەر ڕۆژئاوا دەنووسێ کە «ئەلدار خەلیل هاوسەرۆکی کۆمەڵگەی دیمۆکراتیک پێیوتووە: فەلسەفەی بەڕێوەبەریی ئێمە لە سەر بنەمای بیرۆکە و فەلسەفەی سەرۆک ئۆجەلانە، کتێبەکانی ئەو بۆ ئێمە سەرچاوەی بنەڕەتین. پامیان بێری هاوسەرۆکی ئاکادمی زمان و ئەدەبییاتی کوردی لە قامیشلو وتوویە کە ئۆجەلان گرینگترین کەسایەتییە، ئێمە بۆ وانەکانی مێژوو، زمان و هەمو شتێک لە کتێبەکانی ئەو کەڵک وەردەگرین، نووسینەکانی ئەو بەشێکی پێویست لە بەرنامەی خوێندنن لێرە و لە ئاکادمییەکانی (ناوێک کە لەوێ لە سەر

ناوەندەکانی پەروەردە دانراوە) دیکەیە... بەپێی یاسا هەموو چاپخانەکان دەبێ مووڵەت وەرگرن؛ کومیتەیەک لە وەزارەتی کولتور دەبێ بڕیار بدات کە چ کتێبگەلێک بڵاو ببنەوە، ئەم کومیتەیە ئەرکی روونکردنەوەی ئەوە کە ئەو کتێبانەی کە بڵاو دەبنەوە لەگەڵ سیستمی یاسای گشتی و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی یەک دەگرنەوە یان نا، لە ئەستۆیە.» (ژانێت بیەل: ٢٠١٥)

بۆ چوونە ناو ئەم باسەوە سەرەتا بۆچوونەکانی ئۆجەلان باس دەکرێ و دواتر ڕەنگدانەوەی ئەم بۆچوونانە لە ناو بەرنامە و پێڕەوی پەکەکە و لقوپۆپەکانیدا دەخرێتە روو. ئۆجەلان هەر لە سەرەتاوە بە شوێن فۆرمدانی مرۆڤەکانەوە بووە و پێیوابووە هەر شتێک مرۆڤ بە دەستی خۆی فۆرمی پێنەدا نابێتە خاوەنی و دەڵێ ئەو شتە لە لای من پەسەندە و خۆشمدەوێ کە خۆم فۆرمم پێیدابێ... کەسێکیش دەکەمە دۆستی خۆم کە خۆم فۆرمم پێیدابێ. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨، ٣٣). ئەم بیرۆکەیە بنەمای ئیدئۆلۆژییەکی تۆتالیتر و پاوانخوازە. ئەم وتەیە نیشانەی ئەوەیە کە کەسی دەرەوەی بازنەی ئیدئۆلۆژی ئاپۆییستی خۆشەویست نین و نابنە دۆستی ئۆجەلان. ئەم وتەیە یەکەمین ئاخاوتنی خومەینی لە دوای هاتنەوەی لە پاریس بۆ ئێران دەخاتەوە بیر کە لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا بە خەڵکی ئێران وتی: «ئێوە دەگەیەنینە پلەی مرۆڤبوون»، واتە پێش لەوە مرۆڤ نەبوونە و ئیدئۆلۆژیی خومەینی دەیەوێ ئەوان بکاتە مرۆڤ. واتە خومەینی بە ئاگاییەوە ئەو ئاخاوتنەی کردووە و ئەوە سەرەتایەک بووە بۆ بە ئیدئۆلۆژیککردنی کۆمەڵگەی ئێران. هەر بۆیە ئۆجەلانیش دەڵێ: لە کوردستاندا ژیانی ژنی ئازاد بوونی نیە، بەڵکوو حاشاکردنی نەتەوەیی، ئاڵۆزیی کۆمەڵایەتی و لە بەر یەک هەڵوەشانەوە هەیە. هەژاریی کەسایەتی تا مێشکی ئێسک چۆتە خوارێ و ژیان بە تەواوی تێدا چووە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ٢١) هەر بۆیە دەڵێ: «ساڵەهایە کە لە پەکەکەدا لە ڕێگای ڕەخنەوە خەریکی چاکسازی لە مرۆڤەکاندایین کە هیچ بزووتنەوەیەک پێشتر ئەوەی نەکردووە. لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم کە ژیانی دەرەوەی پەکەکە دەبێ دادگایی بکرێ، ژیانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی ئێمە جیا لە پەکەکە ژیانێکی بێزراو و شایستەی دادگاییکردنە و وەکوو ژیانی تاوانبارێکە، ژیان بەبێ پەکەکە ژیانێکی بێ کەڵک و هەڵگری تاوانە. قورسترین سزای هەر

تاوانێکی گەورەش، مەرگە. گەلی کورد بە پەکەکەیی بوون کەم تا زۆر لە مەرگ ڕزگاری دەبێ، لە دۆخی تاوانێکی گەورە بەرەو لای چاکسازی دەڕوات، کاتێک کەسێک تایبەتمەندییەکانی پەکەکە بە باشی وەردەگرێ، لە دۆخی تاوانبار بوون ڕزگاری دەبێ، هەبوونی کەسایەتیی پەکەکەیی هاوکات تێپەڕینە لە دۆخی تاوانباری. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ٣٥ و ٣٦).

ئەم پێناسەیە ئەوەمان پێدەڵێ کە ئیدئۆلۆژیی ئاپۆییستی هەر وەک ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژیی مائۆییستی لە چین ئەگەر بە دەسەڵات بگات، هەر چەشنە بیرۆکەیەکی جیا لە خۆی بە تاوانبار دەزانێ و بە توندی سەرکوتی دەکات، هەر وەک ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوای کوردستاندا دەبینین. ئەم بیرۆکەیەی ئۆجەلان لە نێو بەرنامە و پێڕەوی پەکەکە و هەموو لقوپۆپەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، سیستمی (کۆدار) کە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات دامەزراوە و هەروەها پەیەدە کە لە ڕۆژئاوایە نموونەی هەرە ڕوونی ئەم بیرۆکەیەن.

لە بەرنامەی کۆدار و پەکەکە و پەیەدەدا ئاماژە بە سزادانی ئەو کەس و لایەنە جیابیرانە کراوە کە جیاواز لە ئیدئۆلۆژیی ئاپۆییستی بیر دەکەنەوە، لە بەرنامەی (کۆدار)دا هاتووە کە: «کۆدار لە بەرامبەر هەڕەشەی هێزە هێرشکارە دەرەکییەکان و دەستێوەردانی هێزە پاوانخوازە ناوخۆییەکان و هاوکات دەستێوەردان و هێرشی چینی دەسەڵاتخوازی ناو کۆمەڵگادا، خاوەنی هێزی پاڕاستنی زاتییە. لە سیستەمی کۆدار هەر یەکینەیەکی کۆمەڵایەتی بەپێی بنەمای گەردوونیی پاراستنی زاتی، پارێزگاری لە خۆی دەکات، بەڵام ئەمە بە واتای میلیتاریزم نییە. ئەگەرچی یەکینەکانی پاراستنی زاتی دەستپێشخەریی پێویستیان هەیە، بەڵام لە ژێر چاوەدێریی ئۆرگان و دەزگاکانی سیاسەتی دێموکراتیکدان» (لێدوانی دامەزراندنی سیستەمی کۆمەڵگای دێموکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: ٢٠١٤، ٥ و ٦). هەروەها لە بەرنامە و پێڕەوی پەکەکەدا هاتووە کە لە بەرانبەر هێڵی نەتەوەخوازی، دۆگماتیزم، خەیاڵی و تەسلیم پیشەدا کە کۆسپ بخەنە سەر ڕێگەی خەباتی دێموکراتیکی گەلەکەمان، خەباتی ئیدئۆلۆژیک دەکەین. (برنامە و اساسنامە پ.ک.ک: ٢٠٠٥، بند ١٤) ئەم دوو بەندە لە بەرنامەی پەکەکە و کۆداردا بە واتای قبووڵنەکردنی حیزبە

سیاسییەکانی دیکەن کە ئەم بۆچوونە بە تەواوی لە بەرنامەی یەپەگەدا بە کردەوە جێبەجێکراوە ئێستا بێجگە لە پەیەدە و چەند حیزبی سەر بە پەکەکە نەبێ، هیچ حیزب و ڕەوتێکی دیکە مافی چالاکییان لە ڕۆژئاوادا نیە.

بۆ جێگیرکردنی ئیدئۆلۆژیی ئاپۆییستی لە کوردستان، هەر وەک مائۆییستەکان کە گاردە سوورەکانیان هەبوو و کۆماری ئیسلامیش کە بەسیج و سپای پاسدارانی هەیە، پەکەکەش هێزی ئیدئۆلۆژیکی ئاپۆچیی هەیە کە بۆ پارێزگاری لە ئیدئۆلۆژیی ئاپۆییزم لە شەڕکردن دژ بە هیچ ڕێکخراوێکی کوردی سڵناکاتەوە و بە توندترین شێوە بەرەنگاری هێزەکانی دیکەی کوردستان دەبێتەوە. بۆ ئەم کارە سەرەتا هەموو هێزەکانی کوردستان بە کلاسیک و ناسیۆنالیستی کۆنەپەرەست پێناسە دەکا کە هەمیشە لە سەر مەسەلەی کورد مامەڵەیان کردووە و بەڵام بە دەرکەوتنی پەکەکە تووشی برسیەتی هاتوون، چوونکە پەکەکە ڕاستییەکانی ڕوونکردۆتەوە و بزووتنەوەکانی دیکە کاریگەریی خۆیان لە دەستداوە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٦٢). دوای ئەوەی کە ئەم تاوانەی بە سەریاندا سەپاند، (شەڕی ئیدئۆلۆژیک)یان لەگەڵدا دەکات.

بۆ بە ئیدئۆلۆژیک کردنی کۆمەڵگە، مێژوو زۆر گرینگە، لە دینی ئیسلامدا مێژووی پێش لە هاتنی ئیسلام بە (جاهیلیەت) پێناسە کراوە، مائۆییستەکان کەوتنە گیانی شوێنەوارە مێژووییەکان و کاولیان کردن، کۆماری ئیسلامی بە حکوومەتەکانی پێش لە خۆی دەڵێ حکوومەتی (تاغووت). پەکەکەش وەک هێزێکی ئیدئۆلۆژیک لە ماوەی سەرهەڵدانییەوە تاکوو ئێستا خەریکی شێواندن و سڕینەوەی مێژووی پێشتر لە خۆیە.

ئەم شێواندن و سڕینەوەیە بۆ ئەوە دەکات کە بڵێ: «لە مێژووی کوردستاندا، نیشتمانپەروەری، گەشەی نەتەوەیی و تەنانەت گەشەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی پەکەکەوە دەستیپێکردووە» (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ١٢). کورد گەلێکی بێ سەر بوو، واتە ڕێبەری نەبوو. لاشەیەکی بێ سەر بوو. توانای ڕۆڵگێڕانی سەر و مێشک بۆیان ئەستەم بوو، لاشەی کورد هەر وەک لاشەی ئەو مردووانە بوو کە لە تاقیگە بۆ شرۆڤە کەڵکی لێوەردەگرن، لاشەیەکی بۆگەن بوو، بەڵام ئەمڕۆ هاتۆتە ئاخاوتن و مێشکی هەیە، هەمووی ئەمانە دەرخەری

ڕاستیی پەکەکەن... لە شێوەی گەلێکی نێژراو لە نێو قەبردا گۆڕاوە بە گەلێکی بەهێز و شەڕڤان. لە حاڵەتێکدا کە باوەڕی بە خۆی نەمابوو و لە خۆی بێگانە ببوو، بە جێگایەک گەیشتووە کە باوەڕی بە خۆی هەیە (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-ئا، ٤٦ و ٥٧ و ٥٦). ئەمە سەرەتای شێواندنی مێژوویە بە مەبەستی ڕەواییدان بە ئیدئۆلۆژیی ئاپۆییستی و سڕینەوەی مێژووی پێش لە خۆی. دەنا پێش لە دامەزراندنی پەکەکە لە باکووری کوردستان حیزب و ڕێکخراو زۆر بوونە، کەسایەتیی وەک ماهێر چایان بووە کە ئۆجەلان یەکێک لە شوێنکەوتوانی بووە و کاری سیاسی و خەبات لەوەوە فێر بووە و چەند ساڵ پێش لە دامەزراندنی پەکەکە خوازیاری دامەزرانی کوردستانی سەربەخۆ بووە کە دواتر بە وردی قسەی لە سەر دەکرێ. بۆیە بە هیچ شێوەیەک ئەم بانگەشانەی پەکەکە کە کورد لە باکوور مردبوون و ئەو زیندووی کردوونەتەوە ڕاست نیە و تەنیا بۆ ڕەوایی وەرگرتنە و هیچی دیکە.

ئۆجەلان بۆ جێگیرکردنی ئیدئۆلۆژییەکەی لە ناو کۆمەڵگەدا، پێویستی بە تێکڕماندنی ناسیۆنالیزمی کورد، شێواندنی سنووری دۆست و دوژمن و وردکردنی سیمبۆل و هێما نەتەوەییەکانە. هەر وەک هێزە ئیدئۆلۆژیکەکانی دیکە، هەموو ئەو شتانەی کە نیشانەی ئەوەن کە شتێکی دیکە جیا لە ئیدئۆلۆژیی ئەوان بوونی هەیە، دەیسڕنەوە و وردی دەکەن. ئەو بۆ ڕەواییدان بە ئیدئۆلۆژیی ئاپۆییستی هەر وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕەوتی مائۆئیستی لە چین بە توندترین شێوە هێرشدەکاتە سەر بزووتنەوەکانی پێش لە پەکەکە و بە خائین ناویان دەبا. ئەو دەڵێ ئەگەر چاوێک بە سەر مێژووی کورددا بخشێنین، دەبینین کە مێژووی ئێمە پڕە لە ڕێبەرانی خائین کە لە ژێر ڕێبەرایەتیی دوژمندا بوونە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-ئا، ١٥) ئەو بۆ ئەم مەبەستە لە دوو تۆی کتێبەکانیدا بە توندی هەڵدەکوتێتە سەر قازی محەممەد (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٥٩ و ٦٠) بارزانی و شێخ سەعیدی پیران (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ٥٥ و ٥٦) حیزبی دێموکراتی کوردستانی تورکیە و سید ڕەزا درسیم (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-ئا، ١٥٤و ٢٤) پارتی دێموکراتی کوردستان (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٢٨) و بە ناشیرینترین شێوە لە سەریان دەدوێ.

جیا لە هێرش بۆ سەر ڕێبەران و بزووتنەوەکانی کورد و تاوانبار کردنیان، پەلاماری نێوی پێشمەرگە کە هێمای بەرخۆدانی نەتەوەی کوردە دەدات و بە چاوێکی سووکەوە سەیری دەکا و بە گاڵتە و تانە و تەشەرەوە ناوی دەبات. ئەو دەڵێ کەسێک بە ناوی هۆگر ویستوویە لە نێو ئێمەدا شتێک کە پێی دەڵێن «کوێخا» یان «پێشمەرگە» زاڵ بکات، واتە بە جیاتی ئەرتەش بوون دەیەویست پەکەکە بکات بە پێشمەرگە! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٢٠٧).

لەم بارەیەوە یەکێک لە سەرکردەکانی پەکەکە دەڵێ: «من زۆرجار بیر لە وشەی پێشمەرگە دەکەمەوە، وشەیەکی کوردییە زۆر جوانە، مانای ئەوەیە کە گیانی خۆی دەخاتە پێش، بە بڕوای من کەس بە قەد گەریلا پێشمەرگە نییە، کەچی ئەوان ناڵێن پێشمەرگە، بەڵکوو پێشمەرگە لە خۆی بە بچووکتر دەزانێ» (هەڤاڵ ئەبووبەکر: گۆڤاری سڤیل) بۆیە بۆ یەکەمینجار لە کوردستان ناوێکی نامۆ وەک گەریلا سەردەردێنێ و جێگای ناوێکی کوردی و پڕ ناوەڕۆکی وەک پێشمەرگە دەگرێتەوە. ئەمە شتێک بێجگە لە سڕینەوەی ئامانجداری هێما کوردییەکان بە مەبەستی سڕینەوەی مێژووی ڕابردوو نیە کە ئەمیش لە خزمەت جێگیرکردنی ئیدئۆلۆژییەکەدایە.

ناسیۆنالیزمی کورد کە گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای جێگیربوونی ئیدئۆلۆژیی ئاپۆییستییە، دەبێ بە هەر شێوەیەک بووە تێپەڕێنرێ، بەڵام ئەم کارە کارێکی سانا و ساکار نییە، چونکە ناسیۆنالیزمی کورد، ناسیۆنالیزمی نەتەوەی بندەستە و بەهێزترین چەکی دەستی کورد بۆ پێشگرتن بە ئاسیمیلاسیون و تێداچوونە. ئەم ناسیۆنالیزمە دژکردەوەیەک بەرانبەر بە فاشیزمی زاڵ بە سەر کوردستاندایە، کەوابوو نە تەنیا شتێکی ناڕەوا نیە، بەڵکوو شتێکی زۆر پێویستە بۆ مانەوە. بۆیە ئۆجەلان جیا لە هەوڵدان بۆ وردوخاشکردنی هێما نەتەوەییەکان، هەوڵێکی چڕوپڕی خستۆتە گەڕ بۆ سڕینەوەی ئاواتی لەمێژینەی کورد کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییە. جیا لەوە لە باسی سۆسیۆلۆژیدا قۆناغە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان گرینگییەکی تایبەتیان هەیە. واتە کۆمەڵگە ناتوانێ بە سەر قۆناغێکدا باز بدا و بڕواتە ناو قۆناغێکی دیکە! بۆ وێنە بەبێ ئەوەی قۆناغی کاپیتالیستیی تێپەڕاندبێ، بڕواتە نێو قۆناغی

سۆسیالیستییەوە! ئەمە ئاکامەکەی وەک یەکیەتیی سۆڤیەتی لێدێ و تووشی شکست دەبێ! ئێستاش تا کورد نەبێ بە دەوڵەت، زیان و قازانجەکانی دەوڵەت ئەزموون نەکات و قۆناغی بەدەوڵەتبوون بە چاوی خۆی نەبینێ ناتوانێ بە سەریدا باز بدات و تێپەڕی بکات! جیا لەوەش کورد وەک گەلی بندەست ناتوانێ داوای برایەتیی گەلان بکات، چوونکە ئەوە گەلانن ئەویان کردووەتە بندەست و خاکی ئەویان داگیر کردووە، کاتێک خۆی ڕزگار کرد و گەیشتە ئاستی نەتەوەکانی دەوروبەر، ئەوکات دەتوانێ دروشمی برایەتیی گەلان بدات، دەنا گەلێک کە خاکی کوردی داگیر کردووە و لە سەر خاکی خۆی دەیخنکێنێ، کەی برایە و کەی دەبێ بە برا؟

گرتنەبەری سیاسەتگەلی دژی یەکگرتنی نەتەوەیی کە لە خزمەت پارچەپارچەکردنی هەرچی زیاتری نەتەوەی کورد و خاکی کوردستاندان، لە پێناوی گەیشتن بە تێکشکاندنی ناسیۆنالیزمی کورددایە. کاتێک باسی کانتۆنی شەنگال دەکرێ، پلاتفۆرمی یارسان دادەنرێ یان پلاتفۆرمی هەورام دادەنرێ و هەورامی بە کورد نازانن، یان ئەوەی کە رادەگەیەنرێ کوردستانی باشوور یەکدەست نیە و بادینی و سۆرانی ناتوانن یەک نەتەوە بن، هەمووی لە خزمەت سڕینەوەی یەکگرتوویی کورد و ڕێخۆشکردن بۆ جێگیرکردنی کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیکدایە. کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیک راست بە پێچەوانەی ناسیونالیزمە. ناسیونالیزم تێدەکۆشی کە لە ڕێگەی بەرز کردنەوەی هەستی نەتەوەییەوە، ناکۆکییەکان لەنێو ببات و نەتەوەیەک بۆ گەییشتنە ئامانج کە دەوڵەت بوونە ڕێکبخات، کەچی کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیک بە پێچەوانە هەموو ناکۆکییەکانی ئایینی و مەزهەبی و زاراوەیی زەق دەکاتەوە و تێدەکۆشێ ئەساسی نەتەوە لەبەریەک هەڵوەشێنێ، چونکە دژی پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەییە! کەوابوو ئاساییە کە دژی یەکیەکیش بێت بەناوی نەتەوە! ئەگەر سەیری ناوی ڕێکخراوی (کۆما جڤاکێن کوردستان) بکرێ باشتر لەم سیاسەتە تێدەگەین، چوونکە لەوێ (جڤاکێن) بە شێوەی (کۆ)یە و باسی چەندین کۆمەڵگە لە کوردستان دەکات کە دەبێ دابمەزرێن و لە نێوان ئەو کۆمەڵگەیانەدا یەکیەتییەک بە ناوی کۆنفیدرالیزم دابمەزرێ، واتە پێویستی سەرەکی هەڵوەشاندنەوەی نەتەوەیە. جیا لەوە کاتێک ناوی کوردستان دەهێنێ هاوکات دژی دیاریکردنی سنووری کوردستانەکە، چونکە

لە بنەڕەتدا كۆنفیدراڵیزم بە وڵات باوەڕی نییە! بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: دروشمی سەرەكی دەتوانێ بە شێوەی، یەكیەتیی دیمۆكراتیک لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، ئاكامی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە و ڕۆژهەڵاتی ناڤینی دیمۆكراتیک، بە واتای یەكیەتیی دیمۆكراتیكی كوردستان، دابڕێژرێ.

دەبێ بە بەرەوپێشبردنی یەكپارچەیی دیمۆكراتیک لەگەڵ هەر وڵاتێک، گرینگی بدرێ. بۆ جیایی خوازی سەدان ساڵە خوێن دەڕژێ، هەر وەک لە ئۆرووپاش بیندرا، لە ئاكامدا یەكیەتییەكی دڵخوازانەی فیدراڵی لێدەكەوێتەوە. بۆیە كوردستان لە دۆخێكدایە كە یەكیەتیی دیمۆكراتیكی بۆ باشترە، قازانجێک كە یەكیەتیی دیمۆكراتیک هەیەتی زۆر باشترە لە كوردستانێكی تەریک كەوتوو. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٣٧)

## کاریگەری ئاپۆئیزم لە کوردستان

لە روانگەی فەیلەسوفگەلێک وەکو لشک کولافسکی، بۆلشویزم و فاشیزم دوو وینەی ئیدئۆلۆژین لە مێژوودا کە بوونی ئەهریمەنیان تێئۆریزە کردووە: ئەهرریمەن... دەوڵەتی ئیدئۆلۆژیکی پێکهێنا، واتە دەوڵەتێک کە دەسەڵاتدارانی خاون راستییەکانن. ئەگەر ئێوە دژی ئاوەها دەوڵەت یان دەزگایەکی فیکری بن، دژمنی راستین. هەر دوو بزووتنەوەکە وایان بانگەشە دەکرد کە مرۆڤایەتی تێداچووە لە کەسانی گەندەڵ و نالەباری دەپاڵێون و مرۆڤایەتی دیسان زیندوو دەکەنەوە. ئەهریمەن لە بوچوونی کۆمۆنیستەکاندا لە کەرتی تایبەتدا خۆی حەشار دابوو کە نوێنەرەکانی بۆ وێنە بۆرژوازی و روحانییەت بوون. لە نازیستەکاندا کرمەکانی کۆمەڵگە جووەکان بوون. (ولادیمیر تیسمانەنو: ٢٠١٧، ١٧ و ١٨) ئەهریمەن لەنێو ئیدئۆلۆژی ئاپۆئیزمدا نەک داگیرکەرانی کوردستان، بەڵکو ناسیونالیزمی کورد و دەوڵەت نەتەوەیە کە نوێنەرەکانی هەموو حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانە. هەر ئەم ئەهریمەن سازییە وایکردووە کە کورد بە سەر دوو بەرەی نەتەوەیی و دژە نەتەوەییدا دابەشبکرێ و ئێستا لە کوردستان ئەو دابەشبوونە بە روونی دەبینرێ و بۆتە مەترسییەکی گەورە لە سەر بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان.

ئۆجەلان دەڵێ شۆڕشەکانی پێشوو زیاتر بە ئامانجی دەستەبەر کردنەوەی دەسەڵاتی لە دەستدراو بوونە. ئامانجیان ئەوە نەبووە کە هەموو کورد بپارێزن و پەرەپێبدەن. دەبێ تایبەتمەندی ئەم ئۆتۆنۆمییە ئاریستۆکراتانە بە باشی بناسین و جیاوازییەکانیان لەگەڵ بزووتنەوەگەلێک کە بۆ پاراستنی بوون و پەرەپێدانی ئازادی خەبات دەکەن، تێبگەین. زۆربەی ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونگەلە کە بە مەبەساتی ئۆتۆنۆمییە نادیمۆکراتیکەکان بەڕێوەچووە،

بەپێی پێکهاتەی چینایەتی رێبەرانیان، شکستیانخواردووە و ئەمەش دارمانێکی قووڵی لە نێو کورددا پێکهێناوە. هەر شکستێک رەشەکوژییەکی بە دواوە بووە، هەر رەشەکوژییەک ژینۆسایدی فەرهەنگی هەنگاوێکیتر بەرەوپێشبردووە. بزووتنەوەگەلێک کە بە رێبەرایەتی شێخ عۆبەیدوڵا نەهری لە ساڵی ١٨٧٨، سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٠ و قازی محەمەد لەساڵی ١٩٤٥ لە رۆژهەڵاتی کوردستان روویان دا، ئاوەها ئاکامگەلێکیان بوو. ئەزمونی کۆماری کوردیی مەهاباد کە قازی محەمەد رێبەریی دەکرد، هەرچەند لە ناوەرۆکێکی نەتەوەپەروەرانەی مۆدێرنی هەبوو، نەیتوانی لە ئاکامی شۆڕشەکانی دیکە دەربازببێ.

گرینگترین ئاکامێک کە لێرەدا هەیە ئەوەیە کە لە رێگەی کەرەستە بنەڕەتییەکانی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستتەوە (سەرمایە، دەوڵەت-نەتەوە و پیشەسازی) ناتوانرێ بوونی نەتەوەی کورد بسەلمێنێ و پارێزگاری لێبکرێ. دابەشکردنی کوردستان و ئاسێمیلە و ژینۆسایدی تەواوی بوونیی نەتەوەیی کورد لە هەر بەشێک و یان ژێردەستە هێشتنەوەی لە رێگەی رێکخراوە ساختەچییە کوردپەروەرەکان کە وەک هەنگاوگەلی تەواوکەر بۆ ئەو بەرنامانە ئاماژەپێکراوانەیە. خەڵکانی بەکرێگیراو لە شێوە شوناسێکی ساختە و درۆیینی کوردی وەک دەمامک کەڵک وەردەگرن کە سیستمی زاڵ بەسەر هەر بەشێکدا لە ژێر ناوی شوناسی کوردی پێکیهێناوە. یەکێک لە رۆڵەکانی ئەم بەکرێگیراوانە ئەوەیە کە لە رێگەی ئاسمیلاسیون بە ژینۆسایدی فەرهەنگی کورد رەوایی بدەن. نییەتی ئەمانە هەرچێیەک بێت، رۆڵیان رەواییدان بە ژینۆسایدە. بۆیە هەرکام لەم رێکخراوە دەمامکدار و ساختانە داوێکە. هەر وەکوو کرمگەلێک کە ریشەی دار دەجوێن، بوونی نەتەوەیی کوردەکان لە ناوەوە دەپووکێننەوە و لە ئیشی دەخەن. بەم پێیە راستیی نەتەوەیی هاوچەرخی کورد تێدەکۆشێ خۆی لە نێوان دوورەوتی دژ بە یەک بسەلمێنی و رزگار بکات. یەکەمین رەوت لە رەوتە دژ بە یەکانە بریتییە لە: رەوتێک کە لە سەر پاکتاو کردن، لە شکڵی نەتەوە ترازاندن، پێشگرتن لە چێ بوونی کۆمەڵگەی ئازادی نەتەوەیی و لە ئاکامدا لە نێوبردن بنیاتنراوە و خاوەنی شێوەگەلێ وەک زاڵ بوون، سڕینەوە، سزا دان و ژینۆسایدە. ئەمانە شێوەگەلێکن کەلە مۆدێرنیتەی کاپیتالیستیدا سەرچاوکە دەگرن. خاڵێکی چێی سەرنجی ئەم رەوتە ئەوەیە کە زیاتر لە ژینۆسایدگەلێک

وەک ژینۆسایدی جووەکان، سوور پێستەکان و ئەرمەنییەکان کە زیاتر جەستەیی بوو، ئەمان ژینۆسایدی فەرهەنگییە. کوردپەروەرە درۆزنەکان و خائینەکان رەوایی بەم ژینۆسایدە دەدەن. رەوتی دووهەم رەوتێکە کە بە شێوەی ئاگایانە و رێکخراو هاتۆتە ئاراوە. ئامانجی ئەم رەوتە ئەوەیە کە بوون و درێژە پێدانی بوونی نەتەوەیی کورد بسەلمێنی و کار بۆ یەکپارچەیی و ئازاد کردنی هەموو بەشەکانی دەکا و تێدەکۆشێ کۆمەڵگەی نەتەوەیی کوردی ئازاد پێکبێنێ. ئەم دوو رەوتە بە شێوەی دژبەر لە شوناسی هاوچەرخی کورددا هەن. خەباتی نێوان ئەم دوو رەوتە روونیدەکاتەوە کە ئایا رەوتێکی مەرگهێنەرێ کە هەموو رۆژێک ژیان لە نێو دەبات و بێ واتای دەکات سەردەکەوێ، یان رەوتێک کە لە سەر بنەمای ژیانی ئازاد خاون واتا دامەزراوە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٩-ب، ٩٣ و ٩٤)

سەرچاوەکان:


• اوجالان، عبدالله: فلسفه آپویستی. ج سوم. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ژوئیه ۲۰۰۷-ئا.

• اوجالان، عبدالله: تاریخ در حوزه دجله و فرات اورفا، سمبل قداست و لعنت، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی سپتامبر ۲۰۰۷-ب.

• اوجالان، عبدالله: آفتاب آزادی (یادداشتهای ملاقات با رهبر آپو)، چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد.ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک (ارد)، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۲-ئا.

• اسناد کنگره دهم پ.ک.ک، ترجمه گروه فارسی آکادمی علوم اجتماعی عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی ۲۰۰۹-ئا.

• اوجالان، عبدالله: مبارزه با اشرارگری، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱٤.

• اوجالان، عبدالله: مانیفست آزادی زن، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۸-ئا.

• اوجالان، عبدالله: مانیفست تمدن دمکراتیک.کتاب اول و دوم، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۹-ب.

• اوجالان، عبدالله: مانیفست تمدن دمکراتیک.کتاب سوم، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱۰-ب.

• اوجالان، عبدالله: مانیفست تمدن دمکراتیک.کتاب چهارم، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ٢٠١٠-س.

• اوجالان، عبدالله: مانیفست تمدن دمکراتیک.کتاب پنجم، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ٢٠١٢.

• ئۆجەلان،عەبدوڵا، داستانی ژیانەوە (وتووێژ لە گەڵ یاڵچین کوچووک)، چاپی کوردی ساڵی ١٩٩٦، لە چاپ کراوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.

• اوجالان، عبدالله: دفاع از یک خلق. انتشارات پژاک، ئاوریل ٢٠٠٤.

• بایک، جەمیل: تاریخ حزب کارگران کردستان پ.ک.ک، مرکز مطبوعاتی پژاک، چاپخانه آزادی، ٢٠٠٦-ئا.

• اوجالان،عبدالله: از دولت کاهنی سومر به سوی تمدن دمکراتیک، جلد اول و دوم. چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد. ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک(ارد)، چاپخانه آزادی نوامبر ٢٠٠١.

• اوجالان، عبدالله: دادگاه تاریخ. نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ژوویه ٢٠٠٩-س.

• اوجالان، عبدالله: کرد آزاد هویت نوین خاورمیانه، چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد. ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک(ارد)، چاپخانه آزادی، ژوئن ٢٠٠٣.

• اوجالان، عبدالله: اصرار بر سوسیالیزم، چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد.ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک(ارد)، چاپخانه آزادی، ٢٠٠٢-ب.

• اوجالان، عبدالله: شهروند آزاد. چاپ اول. ترجمه؛ مرکز مطبوعات پژاک. چاپخانه آزادی. ٢٠٠٦-ب.

• اوجالان، عبدالله: چگونه باید زیست، نشر دوم. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی نومبر ٢٠٠٧-د.

• اوجالان، عبدالله: مانیفست راه انقلاب کردستان، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ٢٠١٠.

• اوجالان، عبدالله: هفت روز با رهبر، رهبریت و خلق (گفتگوی نبیل الملحم با ع. اوجالان)، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی ٢٠٠٨-ب.

• اوجالان، عبدالله: زبان و عمل انقلاب، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ٢٠٠٨-س.

• اوجالان، عبدالله: خودسازی حزبی، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله

اوجالان، چاپخانه آزادی. ۲۰۰۷-س.

- اوجالان، عبدالله: درس گفتاری در باب آموزش، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱٤-ب.
- اوجالان، عبدالله: رهبریت و سیاست آپوییستی، ۲۰۰۲-س.
- برنامه واساسنامه‌حزب حیات آزاد کردستان (پژاک). کنگره ٤، ۲۰۱٤.
- برنامه و اساسنامه حزب کارگران کردستان (پ.ک.ک)، ٤.٤.۲۰۰۵.
- خسروی کمال، ۱۳۸۲، نقد ایدئولوژی، تهران: اختران.
- فربه‌تر از ایدئولوژی، ع سروش، انتشارات صراط، چاپ هشتم.
- سیما داد، ۱۳۷۱، فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپ اول، تهران؛ انتشارات مروارید.
- رسالة اول پطرس رسول.
- کتاب مقدس عهد عتیق و عهد جدید، ترجمه فاضل خان همدانی، ویلیام گلن، هنری مرتن، تهران: اساطیر، ۱۳۷۹.
- کتاب قرآن، سوره‌های نور، احزاب، النحل، المئمنون، الروم و المعارج.
- مائو و مائوئیستها , کیت ویند شاتل , ترجمة علی محمد طباطبایی، ۱۳۸٤، http://www.iran-emrooz.net
- ولادیمیر تیسمانه‌نو «ترجمه: رامین پرهام»، اهریمن در تاریخ؛ کمونیسم و فاشیزم و درسهایی از قرن بیستم، چاپ اول، ۲۰۱۷
- روزنامه الاعات ٦ فروردین ۱۳۵۹ ص٤
- خمینی روح الله، «فرمان خمینی مبنی بر تشکیل ستاد انقلاب فرهنگی»، ۱۳۵۹، http://www.tebyan-ardebil.ir

- Julius Gould and William t. Joll, eds. 1964, A Dictionary of the Social Sciences, p. 315.
- Parsons T. 1951. The Social System. New York: Free Press p 24
- Kennedy, Emmet, Jul–Sep 1979. «Ideology» from Destutt De Tracy to Marx». Journal of the History of Ideas 40 (3): 353–368
- «Ideology» from Destutt De Tracy to Marx, Journal of the History of Ideas, Vol. 40, No. 3 (Jul. –Sep. , 1979), 353-368

• Jost JT, Ledgerwood A, Hardin CD. 2008a. Shared reality, system justification, and the relational basis of ideological beliefs. Soc. Personal. Psychol. Compass 2:171–86

• Knight K. 2006. Transformations of the concept of ideology in the twentieth century, 619–26

• Freeden M, 2001. Reassessing Political Ideologies. London: Routledge

• Jost JT. 2006. The end of the end of ideology. Am. Psychol. 61:651–70

• Per Morten Schiefloe/Mennesker og Samfunn/ Fagfokforlaget/ 2. utgave/ 2011 s 43

• Abdullah Ocalan, Democratic Confederalism, 2011, Transmedia Publishing Ltd. – London, Cologne, ISBN: 978-0-9567514-2-3, p 9-17. http://www.freeocalan.org.

• Understanding classical sosilogy, John A. Hughes &Wes Sharrock & Peter J. Martin, SAGE 2012

• Engels, dialectics of nature, 1883

• Dag Østerberg: sosiologiensnøkkelbegreper, 2012, Cappelen Damm AS

• Marx, 1873 Capital, vol. 1 , Afterwords to the 2nd German edition

• Oxford English Dictionary Online naturalism

• «CATHOLIC ENCYCLOPEDIA: Naturalism». 21 November 2009. Retrieved6 March 2012. Naturalism is not so much a special system as a point of view or tendency common to a number of philosophical and religious systems; not so much a well-defined set of positive and negative doctrines as an attitude or spirit pervading and influencing many doctrines. As the name implies, this tendency consists essentially in looking upon nature as the one original and fundamental source of all that exists, and in attempting to explain everything in terms of nature. Either the limits of nature are also the limits of existing reality, or at least the first cause, if its existence is found necessary, has nothing to do

with the working of natural agencies. All events, therefore, find their adequate explanation within nature itself. But, as the terms nature and natural are themselves used in more than one sense, the term naturalism is also far from having one fixed meaning.


• Papineau, David (22 February 2007). «Naturalism». Stanford Encyclopedia of Philosophy.

• Kurtz, Paul (Spring 1998). «Darwin Re-Crucified: Why Are So Many Afraid of Naturalism?».

• Knut Erik Tranøy, Store Norske Leksikon, naturalisme-filosofi, https://snl.no/naturalisme/filosofi

• Naturalismen og en Naturalistisk verk, 2014, haris M. http://www.skoleforum.com/stiler/analyse/det.

• Bookchin, Murray. The Philosophy of Social Ecology: Essays on Dialectical Naturalism. Black Rose Books, 1996

• Bookchin, Murray. The Ecology of Freedom. Oakland: AK Press, 2005.

• Bookchin, Murray. Social Ecology and Communalism. Oakland: AK Press. 2007.

• White, Damian F. Bookchin: a critical appraisal. Pluto Press, 2008

• Murray Bookchin, Ecology and Revolutionary Thought (1964) An anarchist society should be a decentralized society, not only to establish a lasting basis for the harmonization of man and nature, but also to add new dimensions to the harmonization of man and man.

• John Muir Institute for Environmental Studies, University of New Mexico, University of Georgia, ‘‹Environmental Ethics’’ v.12 1990

• A Short Biography of Murray Bookchin/by Janet Biehl/ http://dwardmac.pitzer.edu.

• Clark John, Hva er sosial-økologi?: 1994.

• Best Steven, Murray Bookchin`s theory of social ekology,

Organisation and Environment September 1998

- Biehl, Janet. ''Bookchin Breaks with Anarchism''. ''Communalism'' Septamber 28, 2007

- Libertarian Municipalism/ MURRAY BOOKCHIN: 1991, / http://www.democracynature.org.

- Janet Biehl□ Bookchin,2012, Öcalan, and the Dialectics of Democracy, http://new-compass.net.

- http://www.pkkonline.com.

- Harry Harding: "The Chinese State in Crisis, 1966-9" The Politics of Chine: The Eras of Mao and Deng, redigert av Roderick Mac Farquhar, New York: Cambridge University press, 1997, 242-4.

- Sobhe, Khosrow. Education in Revolution: Is Iran Duplicating the Chinese Cultural Revolution?. . Comparative Education (1982).

- Keddie, Nikki R. , Yann Richard. Modern Iran: Roots and Results of Revolution. illustrated, annotated. Yale University Press□ 2006.

- Timothy L. Gall and Jeneen M. Hobb. «Iran». / Worldmark Encyclopedia of the Nation . Twelfth Edition. Farmington Hills, MI: Thomson Gale.

- Gheissari, Ali and Nasr, Vali (2006) «Democracy in Iran» , Oxford University Press.

- EIr, "Education (WOMEN'S EDUCATION IN THE PAHLAVI PERIOD AND AFTER)," Encyclopaedia Iranica Online, Access 2008, www.iranicaonline.org.

- Janet Biehl, PARADOXES OF A LIBERATORY IDEOLOGY, 2015, http://www.biehlonbookchin.com.

- Robert J. Lifton M.D.; ‹Thought Reform; A Psychiatric Study of «Brainwashing» in China›; published by Gollancz; London 1962.

# مێژووی پەکەکە

## دۆخی سیاسیی تورکیە و باکووری کوردستان پێش لە دامەزرانی پەکەکە

## مێژووی پەکەکە

## دۆخی سیاسیی تورکیە و باکووری کوردستان پێش لە دامەزرانی پەکەکە

بۆ باشتر تێگەیشتن لە کێشەی کورد لە باکوور، پێویستە ئاوڕدانەوەیەکی کورتمان لە سەر مێژووی بزووتنەوەی کورد لەو پارچەیە، هەر لە سەردەمی ئیمپراتووریی عوسمانییەوە تا دامەزرانی پەکەکە هەبێت. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٠٨ەوە دەستپێدەکەین.

یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی لە ژێر ناوی (کوردستان) لەلایەن میر مقداد مەدحەت بەدرخانەوە لە ساڵی ١٨٩٨دا لە چاپ درا و (کوردستان) وەک ناوەندێک بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی کوردی لێهاتبوو (وەزارەت پەروەردە: بزاڤا سیاسی ل کوردستانێ، ٦٧).

دوای ئەوەی کە زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی غەیری تورکی کۆمەڵی (ئیتیحاد و تەرەقی) بۆیان دەرکەوت کە سیاسەتی عوسمانییەکان لەم کۆمەڵەدا، بێجگە لە تواندنەوە و بەتورککردنی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، شتێکی دیکە نیە، کاردانەوەیەکی توندیان بەرانبەر بەم سیاسەتە پیشاندا، هەر بۆیە کەسانی ڕووناکبیر و تێگەیشتوو و ناسیۆنالیستی کورد دەستیانکرد بە دامەزراندنی کۆمەڵەی تایبەت بە خۆیان. کۆمەڵەی (کورد تعاون و ترقی جمعیتی) دوای شۆڕشی دەستووری لە ١٩ی ئەیلوولی ١٩٠٨ بە فەرمی دامەزرا.

دوابەدوای ئەم کۆمەڵە ڕێکخراوی (هیڤی) دامەزرا کە بە ڕواڵەت ڕێکخراوی قوتابیان بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا بزاڤە ناسیۆنالیستەکانی لە خۆ گرتبوو. لە ساڵی ١٩١٢ حیزبی «محبان کوردستان» بە ڕێبەرایەتیی مەلا خدری دێرسیمی دامەزرا کە ئارمانجی ئەم حیزبە بەرزکردنەوەی ئاستی هەستی نەتەوەیی لە ناو کوردان بوو و لە سەر موسیقا و فۆلکلۆری کوردیش کاریان کردووە. هەر لە ساڵی ١٩١٢ (کۆمەڵەی تەشریک مەساعی کورد) لە ئەستەنبول دامەزرا کە عەبدوڵڵا سادەیی بوو بە سکرتێری. ئەم ڕێکخراوە دواتر لەگەڵ ڕێکخراوی هیڤی یەکیان گرت و «کۆمەڵەی ئیرشاد و ئیرتیقائی کورد»یان دامەزراند (وەزارەت پەروەردە: بزاڤا سیاسی ل کوردستانێ، ٨٤-١٢٨).

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی و واژۆکردنی ئاگربەسی (مودروس) لە ساڵی ١٩١٨، بە گەیشتنە دەسەڵاتی حیزبی (حوریەت و ئیتلاف) سانسۆر و بەربەستی سیاسیی سەردەمی شەڕ نەما و هەلێکی لەبار بۆ بزاڤی سیاسی و حیزبایەتیی گەلی کورد رەخسا بەتایبەتی بەپێی پرەنسیپەکانی ویلسۆن کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە پەسەند کرابوون. هەر هەمان دامەزرێنەرانی (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی) و باشترین و بەرچاوترین و ڕووناکبیر و سەرکردەی کورد لە ئەستەنبوڵ (کوردستان تەعالی جمعیتی)یان دامەزراند. (کوردستان ئیستقلال جمعیتی) ڕێکخراوێکی دیکە بوو کە لەو سەردەمەدا دامەزرا. (حزبا دێموکراتا کورد) هەر لە ساڵی ١٩١٩ دامەزرا کە بەرانبەر بە بزاڤی کەمالی ڕادوەستێ و لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی لێژنەیەکی ئەمریکاییدا کە سەردانی ئەم پارتەیان کردووە، هاتووە کە: «لەو کەسانەی کە دواجار لە بەردەمماندا ئامادە بوون، نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کورد بوون کە داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردییان دەکرد، لەو ناوچانە کە زۆرینەی هەرە زۆریان کوردن، ئەم نوێنەرانە داوای ویلایەتی خارپووت، دیاربەکر، وان، بەدلیس، بایەزید و هەموو مووسڵیان کرد» دامەزرێنەرانی ئەم پارتە هەر ئەو کەسانە بوون کە لە (کوردستان تعالی جمعیتی)دا بەشدار بوون. دوای ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی لە گەڵ شاندێکی (کوردستان تعالی جمعیتی) کە پێکهاتبوون لە شێخ عەبدولقادر ئەفەندی، ئەمین عالی بەدرخان و موراد ڕەمزی بەدرخان، وتووێژی کرد، حکوومەت هەستی پێ کردبوو کە لە ناو (کوردستان تعالی

جمعيتی)دا دەنگێکی بەهێزی سەربەخۆییخواز و دژی ئۆتۆنۆمیخوازی هەیە. لە ١٥ی ئادار ١٩٢٠دا شێخ عەبدولقادر ڕایگەیاند کە لەگەڵ جیابوونەوەی کوردستان لە عوسمانی نیە و بە تەنیا داوای ئۆتۆنۆمیی ناوخۆیی دەکا و وتی: «کە تەنیا یەکگرتنی موسڵمانەکان دەتوانێ پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەوان دابین بکات و ڕێزی تایبەت و زۆری بۆ خەلافەتی عوسمانی هەیە. لە ئاکامی ئەم هەڵوێستەدا لە ٢٠ی گوڵانی ١٩٢٠ جیابوونەوە کەوتە ناو (کوردستان تەعالی جەمعیەتی) کۆمەڵەیەکی نوێ بە ناوی (کورد تشکیلات اجتماعی جمعیتی) بە سەرۆکایەتیی ئەمین عالی بەدرخان دامەزرا. ئەم کۆمەڵە بە مەبەستی دامەزراندنی کیانێکی سیاسی بۆ کورد پێکهات». (وەزارەت پەروەردە: بزاڤا سیاسی ل کوردستانێ، ل١٤٩-١٨٥).

ئیمپراتۆریی عوسمانی دوای ئەوەی کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا تووشی شکستهات، لە بەر یەک هەڵوەشایەوە و تورکیای ئەمڕۆ جیگای گرتەوە. نەتەوەی کورد کە یەکێک لە نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم ئیمپراتۆرییە بوو، هەلی سەربەخۆیی بۆ ڕەخسا. دوابەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی وڵاتانی بەشدار لە شەڕەکەدا لە شاری سێڤەری فەرانسە کۆ بوونەوە. پەیمانی سێڤەر کە پەیمانێکی ئاشتی بوو لە نێوان فەڕەنسا، بریتانیا، ئیتاڵیا و ژاپۆن و هاوپەیمانان لە کۆتاییی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە ١٠ی ئاگۆستی ١٩٢٠ بەسترا. نوێنەری کورد شەریف پاشا بوو و بە گوێرەی ئەو پەیمانە دەبوایە دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ بۆ کورد دامەزرابا. ئەم پەیمانە لە پەیمانێکی دیکەدا بە ناوی لۆزان پووچەڵکرایەوە. پەیمانی لۆزان لە ٢٤ی جوولای ١٩٢٣ لە کۆنگرەیەکدا لە ناوچەی لۆزان لە سوویس بەسترا. مەبەست لەم کۆنگرەیە باسکردنی کێشەکانی نێوان تورکیە و یۆنان و بەستنی ڕێککەوتنێکی نوێی ئاشتی بوو لەگەڵ تورکیەی کەمالی بۆ ئەوەی پەیمانی لۆزان شوێنی پەیمانی سێڤەر بگرێتەوە. کۆنگرەی لۆزان کە پەیمانی لۆزانی لێکەوتەوە، زەبرێکی کاریگەری لە مەسەلەی کورد و کێشە ڕەواکەیدا و نەیهێشت ئاوات و داخوازییەکانی کورد بەپێی پەیمانی سێڤەر بێتە دی (وەزارەت پەروەردە: بزاڤا سیاسی ل کوردستانێ).

لە ماوەی شەڕی سەربەخۆیی تورکیەدا، ئاتاتورک، بەڵێنییەکی زۆری بە کورد دابوو، بۆیە توانیبووی پاڵپشتیی کوردەکان دەستەبەر بکات، بەڵام دواتر بەپێی

پەیماننامەی لۆزان دەوڵەتی تورکیا بە فەرمی ناسرا و ئەو بەڵێنیانەش کە لە پەیماننامەی سێڤەر بە کورد درابوون و دەوڵەتی عوسمانی واژۆی کردبوو، هەمووی پووچەڵ کرانەوە و ئاتاتورکیش دوای پەیمانی لۆزان پشتی لە بەڵێنییەکانی خۆی کرد و زمان و کولتوور و بە گشتی شوناسی کوردی قەدەخە کرا. هەر بۆیە لە ساڵەکانی ١٩٢٤-١٩٣٩ لە شوێنە جیاجیاکانی باکووری کوردستان کۆمەڵێک ڕاپەڕینی بێ وێنە ڕوویاندا. سەرهەڵدانی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥، ئیحسان نووری پاشا ڕێبەری کۆماری ئارارات ١٩٢٧، ڕاپەڕینی دیاربەکر ١٩٣٤ و ڕاپەڕینی دێرسیم لە ١٩٣٧دا گەورەترینی ئەو ڕاپەڕینانە بوون (وەزارەت پەروەردە: بزاڤا سیاسی ل کوردستانێ).

لە هەڵبژاردنی ١٩٥٠ بۆ یەکەمینجار دوای دەسەڵاتی کەمالیزم لە تورکیە، حیزبە جۆراوجۆرەکان توانیان لە هەڵبژاردندا بەشدار بن. لەو ماوەیەدا دەوڵەت لەگەڵ کوردەکان باشتر لە پێشوو دەجووڵایەوە و لە کۆتایی ئەم دەیەیەدا سەرۆک وەزیران بە بۆنەی بەشداریی کورد لە ئەرتەشدا، ستایشی ڕۆڵی ئەوانی کرد. (بئوار ئێلیما: ١٣٧٨، ٥٨) لەم هەڵبژاردنەدا کوردەکان بە بۆنەی سەرکوتی کورد لەلایەن حیزبی دەسەڵاتدارەوە واتە پارتی کۆماریخوازی گەل، دەنگیان بە حیزبی دێموکراتدا و عەدنان مۆندەریس لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوت. دواتر حیزبی دێموکرات سەرۆک عەشیرە و شێخەکانی کوردی کە لە کوردستان دوور خرابوونەوە، هێنایەوە بۆ کوردستان، چونکە دەیزانی ئەوان دەتوانن لە نێو عەشیرە و شوێنکەوتوانیاندا دەنگێکی زۆر بۆ حیزبی دێموکرات کۆ بکەنەوە. بۆیە دۆخی ڕێبەرانی نەریتیی کورد هەم لە بەرانبەر حکوومەتی ناوەندی و هەم لە بەرانبەر هاووڵاتیانی کوردستاندا بەهێزتر بوو. لە ساڵی ١٩٦٠دا جەماڵ گۆرسل کوودەتای کرد و ڕێبەرانی تورکیەی دادگایی کرد و لە ساڵی ١٩٦١ موندەرێسی لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا لە سێدارە دا. (مارتین ب.: ١٩٨٤، ٦-١٢)

شەڕی سارد لە نێوان دوو بەرەی سۆسیالیزم و کاپیتالیزمدا لە دەیەی ١٩٦٠ گەیشتە لووتکە، تورکیە یەکێک لە گرینگترین مەیدانەکانی ئەم شەڕە بوو. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوە کە تورکیا ئەندامی ناتۆ بوو و پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ بەرەی ڕۆژئاوا هەبوو. لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠ بەرەو ئەملا سەرهەڵدانی حیزب و ڕێکخراوە چەپەکان دەستپێدەکات. بە بۆنەی ئەوەوە کە

دروشمی کۆمۆنیزم برایەتی، یەکسانی و لابردنی هەر چەشنە هەڵاواردنێک بوو، بیری چەپ بە خێرایی لە نێو کورداندا گەشەی کرد.

هەر بۆیە لە دەیەی ١٩٦٠دا ڕەوتە مارکسیستییەکان لە تورکیا گەشەیان کرد و زۆرێک لە لاوان بەرەو بیری مارکسیستی ڕۆیشتن. لەم کاتەدا (حیزبی کرێکارانی تورکیە) لە سەر بنەمای بیری مارکسیستی دامەزرا و کوردەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بە ڕیزەکانی ئەم حیزبەوە پەیوەستبوون کە دیارترینیان (محەممەد عەلی ئەسڵان) بوو. ناوبراو لە کۆنگرەی چوارەمی ئەم حیزبە لە ساڵی ١٩٦٩دا بوو بە ڕێبەری ئەو حیزبە و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆماری تورکیەدا نەتەوەی کوردی وەک کەمایەتیی زۆرلێکراو لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە ناوبرد، بەڵام دوای ماوەیەک لە نێوان چەپی کوردی و چەپی تورکیدا ئاڵۆزی لە سەر ناسینی نەتەوەی کورد پێکهات کە هێندێک کەسی سیاسی ئەم دژکردەوەیە بە ئاکامی تەشەنەی هێزە سیخوڕییەکان بۆ نێو ئەم حیزبە دەزانن، دواتر هەر ئەم ئاڵۆزییە بوو بە هۆی ڕوودانی جیابوونەوە لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا. پشتیوانیی بەربڵاوی کورد لەم حیزبە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەم حیزبە لە هەڵبژاردنی ١٩٦٥دا کورسییەکی زۆر لە پارلەمان بە دەستبهێنێت. (مارتین ب.: ١٩٨٤، ٦-١٢)

لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٧٠دا بزووتنەوەگەلێکی زۆر لە تورکیا سەریانهەڵدا کە لە هەموان گرینگتر سێ بزووتنەوەی چەپی پارتی بەرەی ڕزگاریی گەلی تورکیا بە ڕێبەرایەتیی (ماهیر چایان) و ئەرتەشی ڕزگاریی گەلی تورکیا بە ڕێبەرایەتی (دەنیز گەزمیش) و ئەرتەشی ڕزگاریخوازی کرێکاران و جووتیارانی تورکیا بە ڕێبەرایەتیی (ئیبراهیم کایپاک کایا) بوون.

دەنیز گەزمیش کوڕی دایک و بابێکی ئەرزەڕوومی و لەدایکبووی ١٩٤٧ لە ئەنقەرە بوو. ناوبراو یەکێک لە پێشڕەوانی بیرۆکەی چەپی مارکسیست-لێنینیستی بووە کە لە دەیان چالاکیی بزووتنەوەی خوێندکاری و چەپی پێشڕەوی دەیەی ١٩٦٠ی تورکیەدا بەشدار بووە. لەم ماوەیەدا چەندینجار دەستبەسەر دەکرێ. پاش کوودەتای ١٩٧١ گەزمیش و هاوڕێیانی سەردانی فەلەستین دەکەن و پاش دیتنی خولی سەربازی، ئەرتەشی ڕزگاریی گەلی تورکیا دادەمەزرێنێ. ئەو بە مەبەستی پێوەندیگرتن بە بزووتنەوەی کوردەوە بەرەو کوردستان دێت. لە ١١ی

ژانویەی ١٩٧١ لە لایەن ئەرتەشی ڕزگاریی گەلی تورکیاوە بانکێک تاڵان دەکەن و لە ٨ی مارسی هەمان ساڵدا ٤ دیپلۆماتی ئەمریکایی بە بارمتە دەگرن. بۆ ئازادیی بارمتەکان خوازیاری ٤٠٠ هەزار دۆلار پارە و ئازادیی هەموو بەندییە شۆڕشگێڕەکان و خوێندنەوەی مانیفستی ئەرتەشی ڕزگاریی گەلی تورکیە لە ڕادیۆ دەبێ، بەڵام تورکیە هیچکام لەم پێشمەرجانە قبووڵناکات و بارمتەکان ڕزگار دەکات. دوای ماوەیەک گەزمیش لە شاری سیواسی باکووری کوردستان دەستبەسەر دەکرێ. لە ڕۆژی ٦ی مای ١٩٧٢ لەگەڵ هاوڕێیانی یوسف ئەسڵان و حوسەین ئینان لە سێدارە دەدرێن. ئەوەی کە جێگەی سەرنجە، ئەو دروشمەی دەنیز گەزمیش لە چرکەکانی کۆتایی ژیانیدا و لە کاتی چوونی بۆ سەر کورسیی سێدارە بوو کە هاواری دەکرد: «بژی برایەتیی گەلانی تورک و کورد» (ئاتیلا یایلا: ٢٤٩ و ٢٥٠).

بزووتنەوەیەکی دیکە کە گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە، بزووتنەوەی ماهیر چایانە. ماهیر چایان لە ١٥ی مارسی ١٩٤٦ لە دایک بووە. ماهیر لە بواری زانستە سیاسییەکاندا لە زانستگەی ئەنقەرە دەیخوێند. ئەو لە پێشدا ئەندامی پارتی کرێکارانی تورکیە بوو و کەسێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی لاوان بوو. ماهیر بانگەشەی شۆڕشێکی میللی دێموکراتیکی دەکرد و حەزی لە گرووپە گەریلاییە چێگواراییەکانی ئەمریکای لاتین بوو و ستراتێژییەکی دانا کە بە شۆڕشی گەل و شۆڕشی دێموکراسی ناوبانگی دەرکردبوو. ئەو ڕێبەری بەرەی حیزبی ڕزگاریدەری گەلی تورکیە THKP-C بوو کە لە سەر بنەمای مارکسیزم-لێنینیزم دامەزرابوو. ماهیر و هەڤاڵانی چەند ئەندامێکی ناتۆیان بە بارمتە گرت و لە گوندێک بە ناوی قزڵدەڕە خۆیان شاردەوە. ئەوان خوازیاری ئەوە بوون کە دەنیز گەزمیش و هەڤاڵانی لە سێدارە نەدرێن، بەڵام جەندرمە مەرجەکەیان قبووڵنەکرد. بۆیە لە ڕێکەوتی ٣٠ی مارسی ١٩٧٢ لەگەڵ ٩ کەس لە هەڤاڵانی لە گوندی قزڵدەڕە بە دەستی جەندرمە کوژران. (ئاتیلا یایلا: ٢٥٠و ٢٥١ و ٢٥٢) ئۆجەلان کە لە کۆبوونەوەیەک کە ماهیر چایان قسەی تێدا کردووە، بەشدار بووە، لە سەر ماهیر چایان دەڵێ کە لە سەر کەمالیزم و مەسەلەی کورد زۆر نەترسانە و قارەمانانە قسەی کرد و کاریگەرییەکی قووڵی لە سەرم دانا. ئەمە یەکەمجار بوو کە دەمدیت ئاوەها نەترسانە و بوێرانە لە سەر مەسەلەی کورد قسە بکرێ. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-

س، ٤٣). هەروەها دەڵێ ماهیر چایان لە کۆبوونەوەیەک لە زانستگەی پۆلی تێکنیکی ئیستانبوول چووە سەر کورسی و گوتی: «ناکرێ مەسەلەی کورد پەردەپۆش بکرێ، دەبێ ئەو مەسەلەیە قبوڵ بکرێ». (ماڵپەڕی پەکەکە: هویتی کە تعریف صحیحی میطلبد)

ئیبراهیم کایپاک کایا یەکێکی دیکە لە ڕێبەرانی چەپی تورکیەیە. ناوبراو دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستی تورکیە/ مارکسیست - لێنینیست (TKP/ ML) بوو، بۆیە ئەو یەکێک لە گەورەترین ڕێبەرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییە لە تورکیە. حکوومەتی تورکیە دوای کوودەتای ١٩٧١ هێرشێکی دژی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئەو وڵاتە دەستپێکرد و لە ئاکامدا حیزبی کۆمۆنیستی تورکیە/ مارکسیزم-لێنینیزم تێک شکا. لەو هێرشەدا ئیبراهیم و دەستەیەک لە هاوڕێیانی دەستگیر کران. ئیبراهیم لە گرتووخانەی دیاربەکر لە ژێر ئەشکەنجەی تاقەتپڕووکێندا گیانی لە دەستدا. ناوبراو لە ١٩٤٩دا لە دایک بووە و خەڵکی دێرسیمە کە لە کۆمەڵکوژییەکەی دێرسیمدا بەرەو «چرووم» هەڵهاتبوون. ئەو لە زانستگەی ئیستانبووڵدا لە بەشی ماتماتیک خوێندکار بوو و هەر لەوێ کلووپی ئایدیای چەپی ناسی و لە مارسی ١٩٦٨دا بوو بە بەرپرسی ئەو کلووپە. ئیبراهیم بە بۆنەی نووسینی نامیلکەیەک دژی هاتنی هێزی دەریایی ئەمریکا لە نۆڤامبری ١٩٦٨دا لە زانستگەی ئیستانبوول دەرکرا. کایپاک کایا کە ڕوانگەی شۆڕشی میللی دێموکراتیکی پەسند کردبوو لە ڕۆژنامەی (کرێکاران و جووتیاران) دا دەینووسی. ئەو لە گۆڤارەکانی AYDINLIK و TURKSOLU شدا دەینووسی. کاپاک کایا دواتر لە گرووپی دۆغۆ پرینچک بەشدار بوو دواتر وتی پرینچک ڕێویزیۆنیست و ئۆپۆرتۆنیستە. کایپاک کایا کە لە خەباتی جووتیاراندا بەشدار بوو، ڕێکخراوی TIKKOی دانا کە باڵی چەکداریی حیزبی کۆمۆنیستی تورکیە بوو و لە توونجەلی، مالاتیە و عەنتاب تێکۆشانی هەبوو. لە ڕێکەوتی ٢٤ی ژانویەی ساڵی ١٩٧٣ لە دەوروبەری دێرسیم دەستگیرا کرا. لە ١٨ی مای هەمان ساڵدا لە ژێر ئەشکەنجە و بە گوللەی یەکێک لە لێکۆڵەرەکان کوژرا. (ئاتیلا یایلا: ٢٥٤، ٢٥٥ و ٢٥٦)

لە دەیەی ١٩٦٠دا تێکۆشانەکان لە چوارچێوەی خوێندکار و ڕووناکبیرە کوردەکان بەرتەسک ببوونەوە، بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠دا هێندێک لە

ڕووناکبیرانی کورد هەوڵیاندا ئەم تێکۆشانە بگوازنەوە نێو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیە (ئەوکات ناوی کوردستان لە سەر ئەم بەشە قەدەخە بوو، بەڵام هەموو کەس دەیزانی مەبەست لە ڕۆژهەڵاتی تورکیە، کوردستانە). هەر چەند ناوی کورد قەدەخە بوو و لە کۆبوونەوەکاندا ناویان نەدەهێنا، بەڵام ناڕەزایەتییەکی زۆر لە نێو خەڵکدا هەبوو. خەڵکێکی زۆر لە هەموو چین و توێژەکان لەو کۆبوونەوانەدا کە لە شارە کوردنشینەکان دەگیرا، هەر لە کرێکارەوە بگرە تا فەرمانبەر بەشدار دەبوون. (مارتین ب.: ١٩٨٤)

لە ساڵی ١٩٦٩دا ڕووناکبیرانی کورد لە ئەنقەرە یەکەمین ڕێکخراوی یاسایی کوردییان لە ژێر ناوی کۆمەڵەی فەرهەنگیی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات DDKO دامەزراند. کۆمەڵەگەلێکی هاوشێوە لە شارەکانیتردا دامەزران (مەبەست لە ڕۆژهەڵات هەر وەک پێشتر گوترا کوردستانە). ئەم ڕێکخراوە لە گۆڤارەکەیدا لە پێوەندی لەگەڵ زەختێکدا کە لە سەر کوردستان هەیە و هەروەها لە سەر توندوتیژیی دڕندانەی ئەرتەشی تورک لە کوردستان وتاریان دەنووسی و بڵاویان دەکردەوە. (مارتین ب.: ١٩٨٤)

ڕێکخراوی DDKO و چالاکە کوردەکانی ناو پارتی کرێکاری تورکیە، نوێنەرایەتیی باڵی چەپی بزووتنەوەی نوێی کوردیان دەکرد. لە ساڵی ١٩٦٥دا باڵێکی تایبەتی نەتەوەیی کە بە توندی لایەنگری مەلا مستەفا بارزانی بوو، دامەزرا. ئەم باڵە نهێنی بوو و وەک دەستە خوشکی پارتی دێموکراتی کوردستان هەڵسوکەوتی دەکرد. لە ساڵی ١٩٦١دا بارزانی دژی عەبدولکەریم قاسم ڕاپەڕی و لە ساڵی ١٩٦٠دا بەشێکی زۆری باکووری عێراقی خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. سەرکەوتنەکانی بارزانی بوونە هەوێنی بووژانەوەی کورد لە تورکیە. پارتی دێموکرات لە نێو ڕێبەرانی نەریتیی کورددا بە شێوەیەکی بەربڵاو جێگەی خۆی کردەوە. باڵی ناسیۆنالیست (لایەنگرانی بارزانی) داوای ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆییان بۆ کوردانی تورکیە دەکرد، بەڵام باڵی چەپی بزووتنەوەی کورد تەنیا باسی مافە کولتوورییەکان و یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان دەکرد. لە کۆتاییەکانی دەیە ١٩٦٠دا پارتی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی دۆکتور شوان تووشی ئینشعاب هات و PDK یەکی ڕادیکاڵتری بە بەرنامەی چەپەوە دامەزراند. دواتر بە مەبەستی دەستپێکردنی شۆڕشێکی چەکداری لە کوردستانی

تورکیە لەگەڵ هەڤاڵانی بەرەو عێراق ڕۆیشت، بەڵام دوای کوودەتاکەی ١٩٧١ بە شێوەیەکی ناڕوون لەگەڵ سەعید ئیلچی ڕێبەری باڵەکەی دیکەی PDK شەهید بوون. (مارتین ب.: ١٩٨٤)

لە ١٢ی مارسی ١٩٧١دا ئەرتەشی تورکیە دیسان کوودەتای کرد. کوودەتای ئەمجارە دژی دەوڵەتی سلێمان دەمیرێل بوو. ئەم کوودەتایە لە کاتی ئاڵۆزیی سیاسیی نێوان تورکیە و یونان لە سەر دوورگەی قۆبرۆس بوو. بیانووەکانی ئەرتەش بۆ ئەم کوودەتایە لەژێرپێنانی بنەماکانی کەمالیزم لەلایەن دەوڵەتەوە، لاوازیی دەوڵەت، زیادبوونی ناڕەزایەتیی خوێندکاران، لاوازیی بۆرۆکراسیی دەوڵەت و هاوردەکردنی کەرەستەی خۆراکیی وەک شەکر و گەنم بوون. ئەم کوودەتایە بە پێچەوانەی کوودەتای ١٩٦٠ زیانی گیانیی بە دواوە نەبوو و تەنیا چەند کەس لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی خوێندکاری بە تاوانی لەژێرپێنانی یاسای بنەڕەتی دەستبەسەر کران.

لە دوای کوودەتاکەی ١٩٧١ بزووتنەوەی کوردیش تووشی نسکۆیەکی گەورە هات. پارتی کرێکارانی تورکیە و DDKO قەدەخە کران و زۆرێک لە چالاکان دەستبەسەر کران. ئەرتەش دیسان زەختی خستەوە سەر شار و گوندی کوردستان، بەڵام دوو ساڵ و نێو دواتر کاتێک پارلەمانێکی دێموکراتیک دامەزرایەوە، بزووتنەوەی کورد دیسان خۆی ڕێکخستەوە، ئەمە بزووتنەوەیەکی دیکە بوو کە لە داخوازییە نەتەوەییەکانیدا ڕادیکاڵتر بوو و پێگەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی هەبوو. (مارتین ب.: ١٩٨٤)

نەوەی نوێ واتە ئەوەی کە خوێندکاری زانستگە یان قوتابیی خوێندنگاکان بوو، بە چڕی باسی ئیمپێریالیزم، پەرەسەندن، خەباتی چینایەتی و مەسەلەی نەتەوەییان دەکرد. باسگەلێک کە بە خێرایی لە بازنەگەلی ڕووناکبیرانەوە بۆ دەرەوە تەشەنەی دەکرد. ئەم نەوەی نوێیە بوون بە هێزی بزوێنەری بزووتنەوەی کورد لە دەیەی ١٩٧٠دا. ڕێکخراوە کوردییەکان سەرەتا لە ئەنقەرە و ئیستانبۆل دادەمەزران و دواتر تەشەنەیان دەکردە ناو کوردستان. خوێندەوارە شارییەکان، مامۆستاکان و قوتابییەکان دەگەڕانەوە بۆ بازێڕەکانی خۆیان و بیرۆکە سیاسییەکانیان بۆ خەڵک باس دەکرد و ئەوانیان دەخستە جووڵە. ئەو کەشە

سیاسییه كه له دەیەی ۱۹۷۰دا پێكهاتبوو، ببووه هۆی ئەوەی كه زەختێكی زۆر له سەر چالاكانی كورد نەبێ. (مارتین ب.: ۱۹۸٤)

ساڵی ۱۹۷۳ واته دوو ساڵ دوای كوودەتاكەی ۱۹۷۱، جەهەپە به سەرۆكایەتیی بوولەنت ئەجەویت بەڵێنیی به كورد دا ئەگەر بێت و له هەڵبژاردنەكاندا سەركەوتن به دەستبهێنێت، ئەوا له ڕووی ئابووری و كولتورییەوە گرینگی به ناوچه كوردییەكان دەدات، لەو هەڵبژاردنەدا زۆرینەی كورد دەنگیاندا به جەهەپە. لەو ماوەیەدا كەشی سیاسیی توركیه كرانەوەی زۆرتری به خۆیەوە بینی. (مارتین ب.: ۱۹۸٤)

باڵی چەپی بزووتنەوەی كورد له بزووتنەوەی چەپی تورك بێ هیوا بوون، كه ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كه توركەكان له بەرانبەر شوناسی كوردییەوە ڕادەوەستان و دەیانەویست مەسەلەی كورد له ناو كێشەی پرۆلێتاریای توركدا ون بكەن. ئەمە بوو به هۆی كشانەوەی ئەو كوردانەی كه ئەندامی حیزب و لایەنە چەپەكانی توركیه بوون و بوون به ئەندام و لایەنگری ڕێكخراوە سەربەخۆكانی كورد، ئەمە له دوای ۱۹۷۵وە ڕوویدا. بزووتنەوەی كورد له بیرۆكەی چەپ هەڵنەگەڕایەوە، بەڵكوو هەموو ڕێكخراوە كوردییەكان ئیددیعای ئەوەیان دەكرد كه ماركسیسست ـ لێنینیستن. هەموویان دەیانگوت كه كورد نەتەوەیەكی جیاوازە و مافی سەبەخۆیی هەیە، ئەگەرچی ئەمە به مانای پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبوو. هەموویان یەك له دوای یەك ئەو تێزەیان دەدایە دەرەوە كه كوردستان كۆلۆنیی چینی باڵادەستی توركیەیە. هێندێك له ڕێكخراوە چەپەكانی كورد باوەڕیان وا بوو كه دەبێ خەباتی چینایەتیش له كوردستاندا بكەن، هەر بۆیه كەوتنه گیانی خاوەن مڵك، سەرۆك عەشیرە و ڕێبەرانی ئایینیی كوردستان و دەیانگوت كه تێكشكاندنی ئەوان دەستپێكی خەباتی ئانتی فیئۆداڵ و ئانتی كۆلۆنییە. ئەمە ڕاست شەڕێكی ناوخۆیی بوو. (مارتین ب.: ۱۹۸٤)

له ساڵی ۱۹۷٤-۱۹۷۵دا ڕێكخراوی DDKO دیسانەوە له ژێر ناوی ناوەندی فەرهەنگی دیموكراتیكی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات DDKD سەرەتا له ئەنقەرە و دواتر له شارەكانی دیكەدا زیندوو كرایەوە. ئەم هەوڵە بۆ كۆكردنەوەی هەموو كوردە پێشكەوتنخوازەكان له ناو DDKD دا شكستی هێنا. هێڵی سیاسیی جیا

و پێشبڕکێی تاکەکەسی بوو بە هۆی ئینشعاب لەو ڕێکخراوەیەدا. هەرکام لەو لقانە کە لەو ڕێکخراوەیە جیا دەبوونەوە، یان تێکەڵ بە پارتێکی سیاسی دەبوون یان ڕێکخراوێکی تایبەتیان پێکدەهێنا. یەکەمین ڕەوت بە گۆڤارەکەیدا کە ناوی ئۆزگۆرلووک یۆلوو بوو دەناسرا کە ئەندامەکانی پێشتر ئەندامی پارتی کرێکارانی تورکیە بوون. ئەوان هەر بە سۆسیالیزم مەرج و داخوازییە نەرمئاژۆ کولتووری و نەتەوەییەکانی کوردیان درێژە دا. (مارتین ب.: ١٩٨٤)

گرووپێکی دیکە کە لە دەوری ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵ پێکهات، ڕزگاری بوو. ئەم گرووپە باوەڕی کەمتری بە بەرەی چەپی تورکیە هەبوو. بە پێچەوانەی گرووپی ئۆزگۆرلووک یۆلوو، ئەم گرووپە لە هەڵبژاردنی ١٩٧٧دا دژی حیزبی کۆماریخوازی گەل بوو. کوردەکان دەیانگوت کە چاوەڕوانییەکیان لە کەمالیستە داگیرکەرەکان نییە، ئەوان دەیانگوت کە ئێمە دەبێ زیاتر بە ئازادیی خۆمانەوە خەریک بین تاکوو ئەوەی خەریکی کێشە سیاسییەکانی وڵاتی داگیرکەر بین. ئەم ئازادییەش دەبێ لە ئاکامی شۆڕشێکی سۆسیالیستیدا بە ڕێبەرایەتیی پرۆلێتاریای کورد پێکبێت. کێشەی شوناسی پرۆلێتاریای کوردستان، کێشە لە ڕوانین بۆ پێوەندی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت و ئیدئۆلۆژییەکانی دیکە و کێشەی تاکەکەسی بوو بە هۆی جیابوونەوەیەک لە ساڵی ١٩٧٩دا. ئاڵای ڕزگاری کە لە ڕێکخراوی ڕزگاری جیا ببووەوە، ڕوانینێکی ڕەخنەیی بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت هەبوو و هەروەها لە سەر بیرۆکە سیاسییەکان لە ڕێکخراوی ڕزگاری نەرمئاژۆتر بوو. تەنیا ڕێکخراوێکی کوردی کە دژی یەکیەتیی سۆڤیەت بێت، ڕێکخراوی مائۆئیستیی «کاوە» بوو کە هەر لە بازنەی خوێندکاریدا مایەوە و نەیتوانی لەو بازنەیە بێتە دەرەوە. ئەم گرووپە بە فەرمی لە ساڵی ١٩٧٦دا دامەزرا و دوو ساڵ دواتر بە هۆی ساز بوونی کێشە لە سەر تیئۆریی «سێ جیهانی» چین بوو بە دوو بەشەوە. (مارتین ب.: ١٩٨٤)

ئینشعابێکی گەورە لە ناو باڵی ناسیۆنالیستیی بزووتنەوەی کورددا، بوو بە هۆی ڕاکێشرانی بەرەو ئیدئۆلۆژیی چەپ لە ساڵەکانی ١٩٧٠دا. KDPی دوکتور شوان بە دوای مەرگی ئەودا لە نێو چووبوو، بەڵام هێندێک لە لایەنگرانی کۆنترۆڵی هێندێک لە گەورەترین لقەکانی DDKD یان گرتبووە دەستەوە. ئەوان ناوی (شۆڕشگێڕە دێموکرات)ـەکانیان لە سەر خۆیان دانابوو و لە ناوی DDKD بۆ

دەفتەرەکەیان کە کردبوویانەوە کەڵکیان وەردەگرت. ئەم شۆڕشگێڕە دیموکراتانە بە زوویی بوون بە گەورەترین ڕێکخراوی کوردی بە جۆرێک کە لە ساڵی ١٩٧٨دا دەیانگوت ئێمە نزیک بە ٤٠ لقمان هەیە کە خاوەنی ٥٠هەزار ئەندامین. ئەوان خۆیانیان بە مارکسیست دەزانی و لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی تورکیە هاوکارییان هەبوو. لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا ئەندامیان هەبوو، بەڵام لە هێندێک خاڵی گرینگدا بۆچوونێکی ڕوونیان نەبوو. (مارتین ب.: ١٩٨٤)

لقەکەی دیکەی KDP هەر لە سەر ڕێبازی بارزانی درێژەیان دا بە تێکۆشان و لەگەڵ نسکۆی ساڵی ١٩٧٥دا ئەوانیش چالاکییەکی ئەوتۆیان نەما. ماوەیەک دواتر گرووپێک لە لاوان کە زیاتر ئەندامی میلیتانی بوون و ناوبانگی لیبراسیۆنی نەتەوەیی کوردستان KUK یان هەبوو، بوون بە زۆرینەی کومیتەی ناوەندی. ئەوان حیزبەکەیان بۆ ماوەیەک ناردە پشتیوانیی چالاکانەی (ڕێبەریی کاتی) پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق (بە ڕێبەرایەتیی کوڕی بارزانی) کە لە ئێران و عێراقدا شەڕێکی چەکداریی دژی عێراق هەبوو. هەر دوو (ڕێبەریی کاتی) و KUK دواتر ئیدیعایان دەکرد کە مارکسیست ـ لێنینیستن، KUK دواتر هەموو KDP ـییە کۆنە فیئۆدالەکانی وەدەر نا. (مارتین ب.: ١٩٨٤)

بزووتنەوەی کورد لە ساڵانی ١٩٦٠دا بەرەو سیاسی بوون دەڕۆیشت. ساڵی ١٩٦٢ میتینگەکانی ڕۆژهەڵات دەستیانپێکرد. بە دەیان هەزار کەس تەڤلی بوون. من ڕێکخەری ئەوەی تۆنجەلی (دێرسیم) بووم. ساڵی ١٩٦٥ پارتی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. لە حەفتاکاندا بزووتنەوەی کورد لە ڕووی جەماوەرییەوە گەشەیسەند. پارتی سۆسیالیستی کوردستان لەساڵی ١٩٧٤ دامەزرا و زۆر بەهێز بوو. من سکرتێری گشتیی پارتی سۆسیالیستی کوردستان بووم. ئێمە ساڵی ١٩٧٨ لە دیاربەکر و ساڵی ١٩٧٩ لە ئاگری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا بە کاندیدی سەربەخۆ بەشداریمان کرد و سەرکەوتنمان بەدەستهێنا. لە دیاربەکر مێهدی زانا هەڵبژێردرا. ئەو کاتانە پەکەکە نەبوو. (کەماڵ بوورکای: وەرگێڕانی سەلاحەدین بایەزیدی).

ڕادیکاڵترین بزووتنەوەی کوردی پەکەکە بوو کە بە گرووپی ئاپۆچی بەناوبانگ بوون. ئەم گرووپە چووکە لە ئەنقەرە و لە ساڵی ١٩٧٤ لە DEV-GENC

هاتنە دەرەوە و بە مەبەستی شۆڕش، ئەنقەرەیان بەرەو کوردستان بەجێهێشت. لە ساڵی ١٩٧٩دا بە فەرمی ناوی (پەکەکە) یان لە سەر خۆیان دانا و خەباتێکی چەکدارییان دژی فێئۆدالیزم و کۆلۆنیالیزم ڕاگەیاند. بەرنامەی پارتەکە بەرنامەیەکی مارکسیست ـ لێنینیستی بە ڕەنگ و بۆنێکی ناسیۆنالیستیی توندەوە بوو کە ئامانجی دواڕۆژی دامەزراندنی کوردستانێکی یەکپارچە و سەربەخۆ بوو. (مارتین ب.: ١٩٨٤)

لە بەشی دووهەمی ئەم کتێبەدا واتە لە بەشی ئاپۆییزمدا ئاماژە بەو ئاخاوتن و بانگەشانەی ئۆجەلان کرا کە دەڵێ: «کورد پێش لە پەکەکە مردبوو و پەکەکە زیندووی کردوە، لە مێژووی کوردستاندا، نیشتمانپەروەری، گەشەی نەتەوەیی و تەنانەت گەشەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی پەکەکە دەستیپێکردووە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ١٢)، (کورد) گەلێکی بێ سەر بوو، واتە ڕێبەری نەبوو. لاشەیەکی بێ سەر بوو. توانای ڕۆڵگێڕانی سەر و مێشک بۆیان ئەستەم بوو، لاشەی کورد هەر وەک لاشەی ئەو مردوانە بوو کە لە تاقیگە بۆ شرۆڤە کەڵکی لێوەردەگرن، لاشەیەکی بۆگەن بوو، بەڵام ئەمڕۆ هاتۆتە ئاخاوتن و مێشکی هەیە، هەمووی ئەمانە دەرخەری ڕاستیی پەکەکەن... لە شێوەی گەلێکی نێژراو لە نێو قەبردا گۆڕاوە بە گەلێکی بەهێز و شەڕڤان. لە حاڵەتێکدا کە باوەڕی بە خۆی نەمابوو و لە خۆی بێگانە ببوو، بە جێگایەک گەیشتووە کە باوەڕی بە خۆی هەیە (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-ئا، ٤٦ و ٥٧ و ٥٦)، مرۆڤێک کە تا ئاستی ئاژەڵ نزم ببووە، ئێمە لە ناو پەکەکەدا تا ئاستی مرۆڤبوون پێشمان خست و ئەمڕۆ توانای دۆزینەوەی ڕێگەچارەی هەیە». (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ب، ١٤٢ و ١٤٣)، بەڵام بە سەرنجدان بە مێژووی کورد لە باکوور هەر لە سەردەمی عوسمانییەوە تاکوو پێکهاتنی پەکەکە، دەردەکەوێ کە کورد لە باکوور هەمیشە زیندوو بووە و هەردەم تەنانەت لە دژوارترین هەلومەرجدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تێیدا بەهێز بووە، بەڵام بە هاتنی پەکەکە بزووتنەوەکە بە ئاقارێکی دیکەدا دەڕوات کە لە درێژەی ئەم بەشەدا بە وردی ئاماژەی پێدەکرێ.

## دامەزرانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)

ڕوون بووەوە کە فێربوونی مێژوو چەندە گرینگە، ئەوانەی کە مێژووی پەکەکە بە چاکی نازانن، ناتوانن شۆڕشگێڕ بن، ئەمانە نە دەتوانن بە شێوەیەکی باش نوێنەری کەسایەتیی پەکەکە بن، نە نوێنەری کەسایەتیی جەنگ بن. بۆ ئێمە فیربوونی مێژوو بۆ تێگەیشتن لە دۆخی هەنووکە زۆر پێویستە و بۆ دەستەبەرکردنی داهاتوو مەرجی بنەڕەتییە. مێژووی حیزب شێوەی بوونی ئێمەیە. بەبێ هەبوونی زانیاری لە سەر مێژووی حیزب ناتوانن کەسایەتیی پەکەکەییتان هەبێ. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ٥٢). ئەم وتانەی ئۆجەلان دەکەمە دەستپێکی چوونە ناوەوەی مێژووی پەکەکە، چوونکە بەبێ زانیاری لەسەر مێژوو و کردەوە و هەڵوێستەکانی پەکەکە، ناتوانین ناسینێکی تەواومان لە سەر پەکەکە هەبێ.

## بەستێنی دامەزرانی پەکەکە

ئۆجەلان پێش لەوەی کە پەکەکە دابمەزرێنی، لە چەند ڕێکخراوێکدا ئەندام بووە و لە ژێر کاریگەریی ئەواندا دێتە نێو دنیای سیاسەتەوە. ئەو بە شێوەیەکی تایبەت دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ماهیر چایان. لەم بارەیەوە دەڵێ: لە کاتێکدا کە لە سەرەتای ١٩٧٠دا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بەربڵاو لە جیهاندا هاتنە ئاراوە، بزووتنەوەکانی چەپ لە تورکیە و بزووتنەوەی کورد کە خەریکی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی بوون، نەیانتوانی خۆیان لە ڕوانگەی چەپ و نەتەوەخوازیی کلاسیک ڕزگار بکەن. من ئەودەم لەگەڵ هەر دووی ئەم ڕەوتانە پێوەندیم هەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە لایەنگری THKP-C (حیزبی کۆمۆنیستی گەلی تورکیە-بەرە) بووم کە لە DEV-GENC (لاوانی شۆڕشگێڕ) سەرچاوەی دەگرت، بەڵام بە تایبەت دڵیشم بە لای TTIKP (حیزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی کرێکاری تورکیە)وە بوو. پێداگریی دەنیز گەزمیش ڕێبەری THKO (ئەرتەشی ڕزگاریدەری گەلی تورکیە) بۆ برایەتیی گەلی کورد و تورک لە بەردەم سێدارەدا، پەیامێک بوو کە دەبوایە پێی وەفادار بمێنی. (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٠٤). تەنانەت دوای دامەزرانی پەکەکەش دەڵێ: ئێمە لە بیرەوەری شۆڕشگێڕە شەهیدە تورکەکانی وەک ماهیر و دەنیز و ئیبراهیم خەباتمان سەرخست. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ٢٧٢)

ئۆجەلان دەڵێ: «لە کۆتاییەکانی ١٩٧٠دا لە ئیستانبوول ئەندامی ناوەندەکانی شۆڕشگێڕی کولتووری ڕۆژهەڵاتی DDKO بووم. ڕێبەرایەتییەکی فیئۆداڵی هەبوو و دژکردەوەیەکی شۆڕشگێڕانەم لە بەرانبەر ئەم ڕێبەرایەتییەدا نواند. کاتێک کە بە خێرایی وەک ئەندامێکی دیاری ئەم ناوەندەم لێدەهات، کوودەتای ١٩٧١ ڕوویدا، ئەگەر ئەم کوودەتایە دێرتر ڕووی بدایە، ئەو ناوەندە منی لە نێو دەبرد، واتە بەخێر تێپەڕی. مووسا ئەنتەر وەک ڕۆحی DDKO بوو و ئەزموونەکانی خۆی فێری کەسانی دیکە دەکرد و دەیگوت کە وریا بن فریوتان نەدەن! (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٤١٢).

ئەو باس لەوە دەکات کە لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٢-١٩٧١دا لە زانکۆی زانستە سیاسییەکاندا بە شێوەی بوورسیە وەرگیرام. بۆ ئەوەی کە ببمە خەباتکارێکی دیاری چەپ هیچ کۆسپێک لە بەر دەممدا نەبوو. بە دەستبەسەرکران و لەنێوبردنی خەباتکارانی دیار و بەرچاو دوای کوودەتای ١٩٧١، کەس لە بەردەممان نەمابوو، بەردەممان بە تەواوی بەتاڵ بوو. سێ ساڵ ژیان لە ئەنقەرە کاریگەریی زۆری لە ناودەرکردنی من هەبوو. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٤١٢) دوای بەشداریکردن لە خۆپیشاندانێک کە SBF (زانکۆی باڵای زانستە سیاسییەکان) بە بۆنەی شەهید بوونی ماهیر چایان و هەڤاڵانی لە مانگی مارسی ١٩٧٢دا ڕێکیخستبوو، دەستبەسەر کرام و ماوەی حەوت مانگ لە گرتووخانەدا بووم. بە هۆی نەبوونی بەڵگە لەسەر من، ئازادیان کردم. دوای ئەوە بڕیارمدا کە ڕێکخراوێکی نوێ دابمەزرێنم. (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٠٤). ئەو دەڵێ لە بەندیخانەدا بووم کە دەنیز و هاوڕێکانی لە سێدارە دران. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ٥٢)

پاش ئازادبوون لە گرتووخانەی ماماک لە کۆتاییەکانی ١٩٧٢دا، خۆم بۆ پێکهێنانی گرووپێکی سەربەخۆ ئامادە کرد. یەکەمین کۆبوونەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی کورد بە ئامادەبوونی ٦ کەس لە ئاپریلی ١٩٧٣ لە ئەنقەرە و لە تەنیشت بەنداوی چۆبۆک پێکهات. لە ساڵی یەکەمدا ١٢ خوێندکار هاتنە نێو گرووپەکەوە. هەڤاڵانی بە ڕەچەڵەک تورک وەک حەقی قەرار، کەمال پیر و دۆران کاڵکان پێمانەوە پەیوەست بوون. گرتنە ئەستۆی بەرپرسایەتیی «دەفتەری پەروەردەی باڵا و دیموکراتیکی ئەنقەرە» ADYOD لەلایەن منەوە

بوو بە هۆی زیاتربوونی شانسی پێشکەوتنی گرووپەکە. (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٤١٢).
ساڵەکانی ١٩٧٤، ١٩٧٥ و ١٩٧٦ دەمی گەشە و پەرەگرتنی گرووپەکە لە ژێر چەتری ADYOD (دەفتەری پەروەردەی باڵا و دێموکراتیکی ئەنقەرە) بوو.
گەڕانەوەی من لە ساڵی ١٩٧٧ لە ئەنقەرەوە بۆ کوردستان و گرتنی کۆبوونەوە لە شارەکانی کوردستان بە مانای گواستنەوەی گرووپەکە بۆ کوردستان بوو.
کاتێک هاتمەوە ئەنقەرە هەواڵی شەهید بوونی حەقی قەرارم پێگەیشت، لە کۆتایی هەمان ساڵدا ڕەشنووسی بەرنامەی حیزبم ئامادە کرد. ڕۆژی ٢٧ی نۆڤامبری ١٩٧٨ لە گوندی «فیس» لە نزیک دیاربەکر کۆبوونەوەیەکی ٢٢ کەسیمان پێکهێنا و حیزبمان بنیاتنا. (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٠٢) لەوانە دوو کەسیان ژن بوون. کەسێکیان (کەسیرە) ژنی ئۆجەلان بوو کە بەپێی وتەکانی ئۆجەلان سیخوڕی دەوڵەت بوو و ئەوی دیکەیان (سەکینە جانسز) بووە.

## کێشەی سیخوڕی لە ناو ڕیزەکانی پەکەکەدا

باس و خواستی ئەمنیەتی و سیخوڕی لەسەر ساڵەکانی ١٩٧٤ تا ١٩٨٤ واتە سەرەتاکانی دامەزراندنی پەکەکە زۆرە. لەلایەن هێندێک نووسەری تورک و کوردەوە هێندێک باسی قووڵ لە سەر ئەوە کراوە کە ڕێکخراوی MIT ئەندامانی خۆی دەنێرێتە نێو دامەزرێنەرانی پەکەکە و دواتر لە ژێر کۆنترۆڵیMIT دا پەکەکە دادەمەزرێ و گەشە دەکات، بەڵام لەم کتێبەدا ئەم باسانە لە زاری ئۆجەلانەوە دەگێڕدرێنەوە و بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی باسەکە لە وتەی هێندێک کەسایەتیی سیاسی و لەوانە کادری ڕێبەریی پەکەکەش کەڵک وەردەگیردرێ.

دوو کەسی دیار کە ئۆجەلان دەڵێ سەر بە میت و ئەندامی گرووپەکەیان بوونە بریتین لە (کەسیرە یێلدرێم ناسراو بە فاتیمە) و (نەجاتی کایا ناسراو بە پیلۆت). ئەو دەڵێ کە یەکەی سیخوڕیی دەوڵەت لە ناو ئێمەدا دوو کەس بوون. ژنێک (کەسیرە یێلدرم) و پیاوێک (نەجاتی کایا) ژنەکە لە ڕێکخراوی ڕێگەی شۆڕشگێڕانەوە هاتبوو، نەجاتێ (پیلۆت)یش هێندێک جار ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبوو، بەڵام ئەرکی سەرەکیی هاوکاریکردنی فاتیمە بوو (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٦١). دەوڵەت ویستی لە ڕێگەی کەسیرە و نەجاتییەوە کۆنترۆڵمان بکات. ئەویش بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێگەی نەریتیی ژن و پارە (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٦٧).

ئۆجەلان لە هاوینی ١٩٧٨دا لەگەڵ یەکەم کەس کە فاتیمەیە، ژیانی هاوسەری پێکدێنێ (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٠٢). یەکەمین چاوپێکەوتنی ئۆجەلان و فاتیمە لە ساڵەکانی ١٩٧٦-١٩٧٥ لە قۆناغی پێکهێنانی گرووپەکەیدا بووە (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س ١٧٦). ئەو هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە هەر لە سەرەتای دامەزرانەوە فاتیمە بە گرووپەکەوە پەیوەستبووە... ئەگەر لە پێوەندییەکانی ئەم ژنە کە بە گرووپەکەوە پەیوەست ببوو ورد ببینەوە، شتێکی گرینگە. لەوانەیە دەوڵەت بە

دوای ئەوەوە بووبێت کە لە ساڵەکانی ١٩٧٤ تا ١٩٧٥دا بە شێوەیەکی ڕێکخراو ئێمە گەمارۆ بدات. ئەم ژنە لە ڕێکخراوەکانی دیکەوە هاتبوو (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٥٢و ٥٩). کەسیرە بە ڕواڵەت ئۆگرێ شۆڕش بوو، لەگەڵ ئەوەیکە لە بنەماڵەیەکی بەکرێگیراوەوە هاتبوو، بەڵام لایەنگریی کێشەی کوردی دەکرد و بوو بە ئەندامی گرووپەکەمان (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-د، ٢٥). سەرەتا لە سەر ئەوەی کە قبووڵی بکەین یان نا دوودڵ بووین (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س،٦٢). پێویست بە ئاماژەیە کە لەسەر فاتیمە قسەی زۆر کراوە، هێندێک دەڵێن ئەندامی میت نەبووە، بەڵام ئۆجەلان پێ لەسەر سیخوڕبوونی دادەگرێ و فاتیمە بۆ خۆیشی لەم بارەیەوە بێدەنگیی هەڵبژاردووە و هیچکام لەو تاوانانە کە دەدرێنە پاڵی، ڕەتینەکردوونەتەوە، بۆیە لەم کتێبەدا وتەکانی ئۆجەلان کە هاوسەر و نزیکترین کەس لە ناوبراو بووە، بە بنەما دەگیردرێ.

یەکێک لەو کەسانە کە لە سەر فاتیمە قسە دەکات هەڤاڵ ئەبووبەکرە و (میت بوون)ی فاتمە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ: «ئۆجالان دەیگوت میت کاریگەریی لەسەر باوکی کەسیرە هەبووە و باوکیشی کاریگەریی لەسەر کەسیرە هەبووە، بەڵام هەموو ئەو قسانە ناڕاست بوون و ئۆجەلان بۆ بچووککردنەوەی کەسیرە ئەو قسانەی دەکرد» (هەڤاڵ ئەبوبەکر، ٢٠١٢)، بەڵام جەمیل بایک میت بوونی فاتیمە پشتڕاست دەکاتەوە و لەگەڵ کەمال پیر پیلانی کوشتنی دادەڕێژن، بەڵام دەڵێ بە بۆنەی دۆخی پەکەکەوە کوشتنەکەمان وە دواخستووە (جمیل بایک: ٢٠٠٦، ١٣٨ و ١٣٩). ئۆجەلانیش ئەم پلانەی کوشتنی فاتیمە لەلایەن دۆستانییەوە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ کەمال پیر ئەو بڕیارەیداوە و لە ساڵی ١٩٧٨دا بە هەڤاڵانی وتبوو کە ئەم ژنە دەبێ بکوژرێ. (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-٣، ٥٢).

دووهەمین کەس نەجاتی کایا ناسراو بە پیلۆتە کە فڕۆکەوان بووە. بە وتەی ئۆجەلان ئەندامی میت بووە و هاتۆتە نێو گرووپەکە. دواتر بە هۆی سەرنەکەوتن لە ئەرکەکانیدا بە شێوەیەکی دەستکرد لە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەی دەرمانپرژێندا دەکوژرێ (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٥٧). ئۆجەلان پێشتر پیلۆتی ناسیوە و لەم بارەیەوە دەڵێ ئەو کاتەی کە لە گرتووخانە ئازاد کرام، لە تەنیشتی گۆڕی ئاتاتورکدا ماڵم گرت، زۆرجار ئەو گۆڕستانەم زیارەت دەکرد... بنکەی من ماڵی

یەکێک لە هاوڕێ بێکارە و بێعارەکانم بوو... لەو ماڵە پیلوت زۆر هاتوچووی دەکرد. دەوڵەت تا ئەو کاتە نەیتوانیبوو ڕاپۆرتێک لەسەر کار و تێکۆشانی من بە دەستبێنێ، بەڵام وردەوردە هێرشمان بۆ سەر دەوڵەت دەستپێکرد و دەوڵەتیش هەنگاو بە هەنگاو ئێمەی کۆنترۆڵ دەکرد (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٤٧ و ٥٧).

ئۆجەلان دەڵێ ئامانجی دەوڵەت لە ناردنی ئەم کەسانە (فاتیمە و پیلۆت) بۆ ناو ڕیزەکانی ئێمە ئەوە بوو کە لە یەکەم هەنگاودا جێیان لە نێو ڕیزەکانی ئێمەدا بکاتەوە و لەسەر کار و تێکۆشانەکانی ئێمە زانیاری وەرگرێ و لە هەنگاوی دووهەمدا ئێمە کۆنترۆڵبکات و لە سەر ئێمە کاریگەری دابنێ. دەوڵەتی تورکیە ئەم کارەی لە ڕێگەی ئەو کچە گەنجەوە جێبەجێکرد. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٤٦) پێویست بە ئاماژەیە کە کەسانێکی دیکەش بوونە کە سەر بە میت بوونە و هاتوونەتە ناو ڕیزەکانی پەکەکە و ئۆجەلان ئاماژەیان پێدەکا.

ئۆجەلان باسی ژنێک بە نێوی (قیمەت) دەکا کە لە شاری دێرسیم بووە. ئەو دەڵێ ئەو ژنە ئەندامان و چالاکانی تەشکیلاتی پەکەکەی کردبووە ئۆگری خۆی. ٢٦ کەس لە هاوڕێیانی ئامادە کردبوو. بە ڕێکوپێکی کاری دەکرد. قەمەریش (کە دواتر بە وردی باسی دەکرێ) لە شاخ کاری دەکرد، سەمیریش هاتبووە ناو کار. فاتیمەش کە پێشتر لە ئەنقەرە پەیوەست ببوو بە ئێمەوە. واتە چوار دەورمان گیرابوو (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٧٩).

ئۆغۆر مۆمجۆ یەکێک لەو نووسەرە تورکانەیە کە لەسەر ئۆجەلان باسی زۆری کردووە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە پارتی کرێکارانی کوردستان پرۆژەی دەزگای هەواڵگریی تورکیە واتە MIT ـە، کوژرا. (توودەی زەمان: ٢٠٠٨) ئۆجەلان وەڵامێکی بۆ ئەو قسەیەی ئۆغۆر مۆمجۆ نیە کە وتوویە MIT ئۆجەلان تەیار دەکات و ڕەدیشی ناکاتەوە. چوونکە ئەم ڕستەیەی مۆمجۆی لەگەڵ ئەوە هێناوە کە پیلۆت پارەی بۆ هێناوە، کە لەگەڵ قسەکەی مۆمجۆ یەک دەگرێتەوە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٧٤). مومجو دەڵێ ئاپۆ پازدە ساڵ لەزیندان دەمایەوە بۆچی بەریاندا؟ ئۆجەلان لە وەڵامدا دەڵێ باوکی دۆغان (هاوبەندی ئۆجەلان) ئەفسەر بوو، ئەوەیش کە لە دادگا بوو بە شایەت بە سەرمانەوە کەسێکی فاشی بوو، پێموایە باوکی دۆغان ئەوکاتە ئەندامی

دادگای سەربازی بوو و نازانم ئاخۆ توانیبێتی کار بکاتە سەردادگا یان نا، ئەو حوکمەی کە «باقی توغ» بۆی داوا کردین حەوت ساڵ بوو، بەڵام ناکرێت بە یەک شایەت حوکم دەر بکرێت، ئەگەر دادگا ئەوەی کرد ئەو هەڵاواردنە جا بۆ ئەوەی «بای توغ» بتوانێ ئەم حوکمە دەربکات پێویستی بە شایەتێکی دیکە هەبوو و لە یەک شایەت بەدەریش لە بەردەستدا نەبوو. وای ئارەزوو دەکرد، بەڵام نەیتوانی. قوتابی و لاو بوین و هێشتا خاڵی کوردی بە توێڵمانەوە نەبوو و بەریانداین. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ٥٤).

کەمال بۆرکای دامەزرێنەری پارتی سۆسیالیستی کوردستان دەڵێ: دەوڵەت ڕێگەی لە بەردەم پەکەکەدا هەموار کرد. ڕێژیم پیاوەکانی خۆی ناردە ناو پەکەکەو ئەمانە پێکدادانەکانیان قووڵتر کردەوە. (کەمال بۆرکای: سەلاحەدین بایەزیدی).

## ئەرگەنەکۆن و پەکەکە

ئەرگەنەکۆن گرووپێکی نهێنیی بەهێزی دژە دێموکراسی لە ناو سیستمی دەسەڵاتدارێتیی تورکیەدایە. ئەم کۆمەڵە کاربەدەستانەی نێو دایرەکانی دەوڵەتی تورکیە لە دەزگای هەواڵگری، فەرماندەکانی سوپا، دادگا و ئاسایشەوە بگرە تا مافیاکانی تورک پێکدێت. ئەم گرووپە وەک دەزگایەکی هاوشانی دەزگای حکوومەتە کە وەکوو دەوڵەتێک لە نێو دەوڵەتدا ناوی لێ دەبەن. (فریلی ماورین: ٢٠٠٧) ئەوەی کە لێرەدا گرینگە ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوەیە کە پەکەکە بە خەستی کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی ئەرگەنەکۆن. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش لە نووسین و ئاخاوتنەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و هێندێک سەرکردەی پەکەکە کەڵک وەردەگیردرێ.

ئەم ناوە (ئەرگەنەکۆن) لە ئەفسانە و کولتووری گەلی مەنگۆلییەوە هاتووە. لەبەرئەوەی کە دەوڵەتی مەنگۆل لە ئاستی نێونەوتەوەییدا ئەوەندە بەهێز نییە، دەوڵەتی تورک و هێزە ڕاستڕەوە ڕادیکالە تورکەکان، هەوڵدەدەن کولتوور و مێژووی دەوڵەمەندی مەنگۆلەکان، بکەنە هیی خۆیان.

ئەرگەنەکۆن بە هەمان ناو لە ئەفسانەی مەنگۆلەکاندا هاتووە. بەپێی ئەفسانەی ئەرگەنەکۆن، ناوی وڵاتی مەنگۆلەکان ئەرگەنەکۆنە. ئەو وڵاتە لە ناو کۆمەڵە چیایەکی کانزایی سەخت و دژواردا بووە، دوژمنانی مەنگۆلەکان گەمارۆی وڵاتەکەیان داوە. بۆ ئەوەی سەرلەنوێ گەلی مەنگۆلیا ببێتە خاوەن هێز و دەسەڵات، پێویست بوو خۆی لەم داگیرکارییە سەربازی و جوغرافیاییە ڕزگار بکات. ئەوان، ئەم چیا ئاسنین و کانزاییانە دەکۆڵن و بە تواندنەوەی ئاسن، ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لە گەمارۆی دوژمنانیان دەکەنەوە. بەپێی ئەفسانەی ئەرگەنەکۆن بەمشێوەیە گەلی مەنگۆلیا خۆی دەژێنێتەوە و دەبێتە دەسەڵاتی

هەرە مەزنی سەردەمی خۆی. لە بیری شۆڤینیستی تورکەکاندا ئەم ڕێکخستنەی ئێستای ئەرگەنەکۆن بۆ ئەم ئەفسانەیە دەگەڕێتەوە کە دوژمنانی تورک، وڵاتی ئەرگەنەکۆنی نوێیان گەمارۆ داوە، بۆیە دەبێت ئەوانیش ئەم گەمارۆیە بشکێنن و وڵاتی بەهەشت ئاسای تورک کە زۆربەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە، لە چنگ دوژمنانی تورک ڕزگار بکەن، هەروەها سەرلەنوێ ئاوەدانی بکەنەوە. ئەمەیە فەلسەفەی ئەرگەنەکۆنی سەردەمی نوێی تورکیا. (حەسەن شوکری: ٢٠٠٨).

یەکێک لە تاکتیکەکانی شەڕی تایبەتی تورکیا ئەوەیە کە دزە بکاتە ناو ڕیزەکانی هێزی بەرانبەر. ئەمە لە ڕێگەی کەسانی تایبەت بەم کارە یان لە ڕێگەی کەسانی ڕۆشنبیر، ئەکادیمیسیەن و ڕۆژنامەنووسەوە بەڕێوەچووە. یەکەم پەیوەندیی پەکەکە و ئەرگەنەکۆن لە ڕێگەی (دۆغۆ پەرینچەک)ـەوە بووە کە لە ساڵی ١٩٩٠ەوە دەستپێدەکات. ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجالان بووە، ئەمە وایکردووە کە هەمیشە پەکەکە چاوێکی هەر لە دەرگای ئەنقەرە بێت، پێشتر لەمەش، ئەو پەیوەندییە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەلایەن کادیرانی زیندانیکراوی پەکەکەوە بووە کە بەردەوام پەکەکە بەزۆری ئەوانەی بە تۆبەکارانی نێو زیندان زانیوە کە لەلایەن دەوڵەتەوە دزەیان کردووە، هەروەها پاکتاوی خەباتگێڕانی پەکەکە و دەرکەوتنی چەتەگەری لە خەباتی ئامەدی ئەم پارتەدا کە لە خودی ئەدەبیاتی پارتەکەدا زۆر بە ڕاشکاوی باسی لێدەکرێت، تاوانی ئەم کارە لەلایەن پەکەکەوە دەدرێتە پاڵ پەیوەندییەکانی شەمدین ساکیک لەگەڵ مەحموود یێڵدرم کە بە ناوی نهێنیی (یەشیل) ناسراوە. مەحموود یێڵدرم دەستی لە چەندین تاواندا هەیە، یەکێکە لە ئێلێمانە هەرە لەپێشەکانی دەزگای شەڕی تایبەتی تورکیا، هەبوونی پەیوەندیی نێوان یەشیل و شەمدین ساکیک چەندینجار لە ئەدەبیاتی پەکەکەدا باسی لێکراوە. (حەسەن شوکری: ٢٠٠٨).

باندی چوارقۆڵیی شاهین بالیج، شەمدین ساکیک، جەماڵ کوور و هۆگر (کە هەر چواریان ئەندامی ڕێبەری و فەرماندەی باڵای پەکەکە بوونە) بە فەرمی دەستیانکرد بە کوشتنی بەربڵاوی کادرەکانی پەکەکە. هێشتا ژمارەی ئەو هەڤاڵ و کادرە بەنرخانە ڕوون نیە کە لەو پاکتاوەدا کوژران و دواتر گوترا کە

«لە تێکهەڵچووندا کوژراوە». هێشتا هۆی تێداچوونی هێندێک لە هەڤاڵانمان ناڕوونە، ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان، ژنان و مرۆڤە بێتاوان و سڤیلەکان کوژران کە نەدەبوو بکوژرێن،... دۆخێک هاتبووە ئاراوە کە ئەگەر پڕبایەخترین هەڤاڵ، ئەوانی بە قەد سەرە دەرزییەک زویر کردبایە، بە بێبەزەییانەترین شێوە دەیانکوشت و ئەم کارەیان کردبووە شێوازێک بۆ فەرماندەیی و ڕێبەری! تەنانەت زۆر جار وەک خۆیان دەیانگوت، بۆ لە کۆڵکردنەوەی شەڕی هێندێک هەڤاڵ، ئەوانیان بۆ هێندێک عەمەلیاتی مەرگهێنەر و بێ گەڕانەوە دەنارد، بوون بە هێز و فەرمانده‌یی ببووە دڵڕفێنترین ئامانج. (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٠٩ و ٣٢٨).

چەتەگەری و سیخوڕی لە ناو ڕیزەکانی پەکەکەدا ئەوەندە بەربڵاو بووە کە ئۆجەلان کتێبی لە سەر نووسیوە. کتێبی (خەبات دژ بە چەتەگەری) ناوی ئەو کتێبەیە کە ئۆجەلان لەم بارەیەوە نووسیویەتی. ئەو دەڵێ ئەم دۆخە (چەتەگەری و سیخوڕی) تا ساڵەکانی ١٩٩٠ لە ناو پەکەکەدا زۆر پەرەی گرت. لەوانەیە هەمووی ئەمانە لەگەڵ دەوڵەت پێوەندییان نەبووبێ، بەڵام بە سەرنجدان لە هەوڵەکان بە مەبەستی پاکتاوکردن، هەم لەلایەن دەوڵەت و هەم لەلایەن فەرماندەیی گشتیی هێزەکانەوە، بە مەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ناو پەکەکەدا یان گەشەی گرووپە خراپکارەکانی هاوشێوەی چەتە لە نێو گەریلادا، پێوەندیی هەیە، بۆیە چەتەگەری لە ناو پەکەکەدا بە تایبەت تا سەرەتاکانی ١٩٩٠ زۆر بەهێز بوو. لە نێو شارەکانیشدا گرووپگەلێکی هاوشێوەیان پێکهێنا کە بەرەو خراپکاری ڕۆیشتن. خەڵکیان بە لێدان زۆر ئازار دا و زۆرێک لە بایەخەکانیان پێشێل کرد. (ئۆجەلان: ٢٠١٤، ٢٥) جینایەتی کوشتنی ١٧ هەڤاڵمان دەزانن؟ کەسێک کە بەرپرسی ئەم کارەیە، ئیستا لە لێکۆڵینەوەیە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کۆنترایە یان وەحشی! کە توانیویە پڕ بایەخترین هەڤاڵانمان لە ناو ببات. تا ئاستێک وەحشی بوونە کە هەڤاڵێکی کچیان ڕووت کردۆتەوە و جلیان لە بەری نەهێشتووە! پێموایە شێوەگەلێتری ئەشکەنجەیان هەبووە لەوانە دەتوانم ئاماژە بە بڕینی گۆشت یان پانکردنەوەیان بکەم! (ئۆجەلان: ٢٠١٤، ٦٨).

لە سەردەمی حکوومەتی ڕەفاه ـ یۆل کە نەجمەدین ئەربەکان و تانسۆ چیللەر

پێکەوە کابینەی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیایان پێکهێنابوو، نووسەرە بە ڕەچەڵەک کوردە ئیسلامییەکان، بە ناوی ئەربەکانەوە پەیوەندییان لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجالان بەست، ناوەرۆکی ئەم پەیوەندییانە بۆ ڕێکخراوی پەکەکە زێدە ئاشکرا نییە، خودی ئۆجالان دان بەمەدا دەنێ کە دەزگا تیرۆرکارییە تورکییەکان داوایانلێکردووە دەوڵەتی قووڵی تورکیا تانسۆ چیللەر بکوژێت، بە مەرجێک کە پەکەکە بیگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵام عەبدوڵڵا ئۆجالان ئەمەی ڕەتکردۆتەوە. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە لەم بارەیەوە پەیوەندییەکان زۆر بەرەوپێش ڕۆیشتوون. قۆناغی قووڵبوون و گۆڕینی شێوازی پەیوەندییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کاتی سەردانەکانی (یالْچین کووچووک) لە ساڵی ١٩٩٥دا کە خۆی پرۆفیسۆری عەبدوڵڵا ئۆجالانە و چاوپێکەوتنێکی بەرفراوانی لەگەڵ ئۆجەلان ساز دا، دوای ئەمە بە ناوی (چیرۆکی ژیانەوە) کردی بە کتێب. یالْچین کووچووک لە ساڵی ٢٠٠٨دا، دوای ئاشکرابوونی ڕێکخراوی ئەرگەنەکۆن، لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا گوتی: «من بۆ بەرژەوەندیی وڵاتی خۆم لەگەڵ ئاپۆ دانیشتووم، ئەگەر پێویست بێت، ئێستاش دەچمە ئیمراڵی».

بەڵام تێگەیشتن لە پەیوەندیی یالْچین کووچووک لەگەڵ ئۆجالان، لە ناو پەکەکەدا پێچەوانەی ئەوە بوو، وەها لێکدەدرایەوە کە ئیدی ئۆجالان کاریگەریی خۆی لەسەر توێژی ڕووناکبیری تورکیا داناوە. عەبدوڵڵا ئۆجالان لەم باوەڕەدا بوو کە کەسانی سیاسەتمەداری تورکیا لە بەرامبەر سوپادا بێ ئیرادە و دەسەڵاتن، بۆیە دەبێ هەوڵبدرێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کەسانی سوپاوە بکرێت. (حەسەن شوکری: ٢٠٠٨).

لە لایەکیترەوە لە بەڵگەی داوانامەی داواکاری گشتیی تورکیادا، بەپێی لێدوانی یەکێک لە تۆمەتبارەکانی ڕێکخراوی ئەرگەنەکۆن، ئەمە تۆمار کراوە کە دوای دەرکەوتنی عەبدوڵڵا ئۆجالان لە سووریا و ڕۆیشتنی بۆ ئەورووپا، خۆی لە ڕێگەی پارێزەرێکیەوە، داوای خۆبەدەستەوەدانی کردووە. لە داوانامەکەدا لە سەر دانپێدانانی یەکێک لە دەستگیرکراوەکان هاتووە: «لە دوای ئەوەی کە عەبدوڵڵا ئۆجالان لە سووریا دەرکەوت، پارێزەری ئەو (ئۆجەلان) هاتە لای دۆغۆ پەرینچەک، پێیگوتووە ئەو دەیەوێت لەگەڵ سەربازەکان هاوکاری

بکات، پێیگوت کە ئاپۆ خۆی بەدەستەوە دەدات، دۆغۆ پەرینچەکیش ئەمەی پێیڕاگەیاندووە، ئەویش ئەمەی بە وەلی کووچووک ڕاگەیاندووە، بە ڕێنوێنیی وەلی پاشا لەگەڵ سەرۆکی پارتی کرێکاران دۆغۆ پەرینچەک، لە ژووری پەرینچەک چاوپێکەوتنی لەگەڵ پارێزەرەکەی کردووە، لەم چاوپێکەوتنەدا عەدنان ئاکفراتیش ئامادە بووە، بۆ ماوەیەکی کەم لەگەڵ دۆغۆ پەرینچەک مامەوە، لەم چاوپێکەوتنەدا قسە لەوە کرا کە عەبدوڵڵا ئۆجالان لە ناو هەلومەرجێکدا خۆ بە دەستەوە دەدات، لەمبارەوە سێ جار لەگەڵ پارێزەرەکەی چاوپێکەوتنی کردووە، تاکوو دیار بێت لە کاتی خۆبەدەستەوەدانیدا کێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکات، سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵیدا، دۆغۆ پەرینچەک و چەند کەسیتریش بە تەمکین (لەسەرەخۆ) لێی نزیک بوونەتەوە و بۆی باسیانکردووە، عەبدوڵڵا ئۆجالان ئەو پەرتووکەی خۆی کە بە ناوی "BIR MUHATAP ARIUORUM" (بەدوای گوێڕایەڵێکدا دەگەڕێم) بۆ ژەنەڕاڵ وەلی کووچووکی ناردووە، درایە دەست وەلی کووچووک، ئەو نووسینەی کە لە لاپەڕەی بەرگی دوایی پەرتووکەکەدا بە چاپکراوی نووسراوە، گوتوویەتی ئەمە نامەیەکە بۆ وەلی پاشا» (حەسەن شوکری: ٢٠٠٨).

لە قۆناغی ئیمرالیدا کە ئۆجەلان لە ژێر چنگی ئەرگەنەکۆندایە، بەرنامەکان باشتر بەڕێوە دەبرێن. واتە لە ڕێگەی ئۆجەلانەوە پەکەکە بەڕێوە دەبردرێ و لە ڕێگەی پەکەکەوە کورد بە کەیفی ئەرگەنەکۆن هەڵدەسووڕێ. هەڤاڵ ئەکرەم ئەندامی سەرکردایەتیی پەکەکە دەڵێ: «ئێمە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بووین، سەرۆکی ئێمە گیرابوو، لە زیندانیشدا مەدحی کەمالیزمی دەکرد و دەیگوت ئامادەم خزمەتی دەوڵەت بکەم، ئەمەش تەسلیم بوون بوو بە دەوڵەت، کاتێک کادیرانی ئێمە دەستگیر دەکران یان بە برینداری لە شاخ دەگیران، ئێمە بۆ ئەوانە یاسایەکی حزبیمان هەبوو، ئەمە شتێکی نۆرماڵە، ڕووبەڕووی هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێری دەبێتەوە، ئێستاش نزیکەی ١٢-١٠ هەزار کادیری پەکەکە لە زینداندایە، بەپێی ئەو یاسایەی کە دانرابوو، ئەو کەسانەی کە دەستگیر دەکرێن، پلەی ئەندامی و بەرپرسیارێتییان لێ وەردەگیرێتەوە، ئەگەر لە ڕێبەرایەتیش بێت، ئەوا لە بەرپرسایەتی هەڵدەپەسێرێت، ئەمە یاسای حزب بوو، لەلایەن خودی ئۆجەلانەوە دانرابوو، بۆ نموونە ئەگەر من

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بم لە حیزبدا، کاتێک کە دەستگیر دەکرێم، ئەو پلەیەم نامێنێت، چوونکە لە زیندان ناتوانم کاری خۆم بکەم، بەڵام کاتێک ئۆجەلان خۆی دەستگیر کرا، ئێمە گوتمان نابێت سەرکردایەتیی ئێمە لە زیندانەوە بەڕێوە بچێت، کەچی ئێمە موحتاجی پارێزەرەکانی ئۆجەلان بووین، هەر هەفتەیەک نامەیەکیان دەهێنا و دەیگوت نابێ وەها بکەن و نابێت ئەوە بکەن، یان دەیانگوت وەها دەڵێ و داوا دەکات وەها بکەن. (هەڤاڵ ئەکرەم: ٢٠١٢) ئۆجەلان تەنانەت لە ڕێگای ڕاسپێردراوانی دەوڵەتی تورکەوە ڕێبەرایەتیی پەکەکە دەکات. لەمبارەیەوە موراد قەرەیلان دەڵێ: ١٠ نامەی ئۆجالان بە دەستمانەوە هەیە کە پارێزەرانی هیچ ئاگادارییەکیان لێی نیە و دەوڵەت خۆی گەیاندوویەتیە دەستمان... ئەو نامە دەستنووسانەی لای ئێمەن هیچیان بە دەستی پارێزەران نەگەیشتوون و دەستنووسی ئۆجەلانن و لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بۆ ئێمە هێنراون. (قەرەیلان: ئاژانسی فیرات نیوز، ٢٠١١).

زیندوومانەوەی ئۆجەلان بۆ جێبەجێبوونی بەرنامەکانی ئەرگەنەکۆن و میت خاڵێکی بنەڕەتی بووە. ئۆجەلان دەڵێ ئەگەر منیان کوشتبا، بە هۆی ئەو میکانیزمانەوە کە پێکمهێنابوون، نەیاندەتوانی حیزب کۆنترۆڵبکەن. ئیدیعایان دەکرد کە حیزبیان کۆنترۆڵکردووە، دەیانگوت کە دەبێ بەسەر بەشەکانی ئورووپا، شاخ و ڕۆژهەڵاتی ناڤینی پەکەکەدا زاڵبین، بەڵام دەستپێڕاگەیشتنی ئەم مەیدانانە شتێکی کردەیی نیە. ئەگەر منیان کوشتبا نەیاندەتوانی ئەم مەیدانانە کۆنترۆڵبکەن. ئەگەر بەم مەیدانانیشە دەستیان ڕانەگەیشتبا بەرنامەکانیان سەرکەوتوانە نەدەبوو. دەوڵەتی تورکیە دەیەویست هەر بەو شێوەیە کە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست هەڵسوکەوتی کرد، لەگەڵ ئێمەش بەو شێوەیە بجووڵێتەوە. تێدەکوشا ئێمە قووت بدات و دەستی بخاتە ناو حیزبەوە (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ١٢٤). ئەم وتەیە هۆی نەکوشتنی ئۆجەلان لە گرتووخانەدا ڕووندەکاتەوە. ئەم وتەیە هی ئەو کاتەیە کە فاتیمە و پیلۆت و سیخوڕەکانی دیکە لە دەوروبەری ئۆجەلاندا بوونە. عەونی ئۆزگۆر ڕۆژنامەڤانی تورک دەڵێ لە ئێستادا خراپکردن و سووککردنی ئۆجەلان بە قازانجی دەوڵەت نیە. بە پێچەوانە بزووتنەوەی کوردی ژێر کۆنترۆڵی ئۆجەلان هیچ زیانێکی بۆ تورکیە نیە. منیش لە سەر ئەم ڕایەم. ئەگەر لە ڕوانگەی دەوڵەتییەوە بۆ ئەم مەسەلەیە بڕوانین، دەبینین کە

کەسێکی وەک ئۆجەلان خەریکی هاوکارییە لەگەڵ تورکیە، بۆیە زۆر باشترە لە ڕێبەرێک کە لە سەر مێزی وتووێژ نیە . هەر وەک لە ڕابردووش هەر وا بووە . جیا لەوە ئۆجەلان بە کەڵکی ڕانتخۆرەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیەش دێت، لە ساڵی ١٩٩٣ پرسیم ئایا کێشەی باشووری ڕۆژهەڵات و مەسەلەی کورد نەبۆتە ڕانتێک و مەسەلەی پارە؟ وەڵامی دامەوە و وتی: بەڵێ وایە، ئەمە بە سانایی کۆتایی نایەت، تەنانەت ئەگەر بڵێم دەمەوێ کۆتایی بەم کارە بێنم، دەمکوژن. ئەگەریش بەرزترین بەرپرسی تورکیەش ئەوە بڵێ ئەویش دەیکوژن... ئۆجەلان خاوەنی ئیدئۆلۆژییەکی لاوازە، ئەوکات کەسێک بە ناوی ئیبراهیم کایپاک کایا هەبوو، ئیدئۆلۆژییەکی ناسیۆنالیستیی بەهێزی هەبوو، ئەگەر بزووتنەوەی کورد بکەوتبایە ژێر کۆنترۆڵی ئاوەها مرۆڤێک، کێشەگەلێکی جیددیی پێکدەهێنا، بۆیە گرتنە دەستی جڵەوی بزووتنەوەی کورد لەلایەن ئۆجەلانەوە بە کەڵکی دەوڵەتی توکیە بوو (ڕۆژنامەی سەباح: ٢٠١١).

کەماڵ بۆرکای لەمبارەیەوە دەڵێ: دەوڵەت هەموو شتێکی کرد و دەکا بۆ ئەوەی پەکەکە تاکە ڕێکخراوی کوردی بێ و ڕێکخراوەکانی دیکە دەنگیان کپ بکرێ و لە گۆڕێدا نەمێنن. هەروەها ئۆجەلان وەک سەرۆکی پەکەکە بمێنێتەوە. چوونکە دەوڵەت دەیەوێ لە ڕێگەی ئۆجەلانەوە، پەکەکە و لە ڕێگەی پەکەکەوە بزووتنەوەی کورد ئاراستە بکات. ئەوانەی جیاواز لە ئۆجەلان و سیاسەتەکانی بیریان دەکردەوە هەموویان پاکتاو کران یان ڕایان کرد و کوژران. نەک هەر ئۆجەلان، بەڵکوو دەوڵەتی شاراوەش ڕێگە بە دروستبوونی جیاوازی و ئاڵترناتیف نادەن لە ناو پەکەکەدا. چوونکە ئەو کات کۆنترۆڵناکرێن. بۆ نموونە حیکمەت فیدان ویستی دژایەتی بکا و ڕێکخراوێکی نوێ دابمەزرێنێ، بەڵام کوژرا. نیزامەدین تاش و هەڤاڵانی لە گرینگترین فەرماندەکانی پەکەکە بوون. دژایەتییان لە بەرامبەر سیاسەتەکانی قۆناغی ئیمراڵی دەربڕی. گوتیان (ئەمانە لە بەرژەوەندیی گەلی کورددا نین) و جیا بوونەوە، بەڵام گۆشەگیر کران. شەمدین ساکیک فەرماندەی هەرە بەناوبانگ بوو، ڕای کرد. بینیتان چۆن بێ کاریگەر کرا. (کەماڵ بورکای: سەلاحەدین بایەزیدی).

ئۆجەلان لە ڕێگەی پارێزەرەکانییەوە لە لێدوانەکەیدا دانی بەوەدا نا کە

نوێنەرانی ئەرگەنەکۆنی دیوە، بەڵام ئەوەشی ئاشکرا کرد کە کار نەگەیشتۆتە ئەو جێگایە کە ڕاستەوخۆ داوای هاوکاریی لێ بکەن. ئۆجالان گوتی: ئەمن لێرەوە بە ئاشکرا ئەوە ڕادەگەیەنم. بەڵێ، پێشتر چ ئەو کاتەی لە دەرەوە بووم و چ لە میانەی لێپێچینەوەکانی ئەو دۆزەشدا لێرە منیان دیوە، بەڵام نەیانگەیاندە ئەو خاڵەی کە داوای هاوکاریمان لێ بکەن. ئەگەر کاریگەرییان لەسەر کەسانێکی ناو ئێمەش هەبووبێ، نەیانتوانی ئێمە پەلکێشی ئەو ئاستە بکەن، بەڵام لە ناو ئێمەدا گرووپی خراپکاریان دروست کرد. ئەو گرووپانە بەو شێوەیە لە ناو ئێمەدا سەریانهەڵدا، بەڵام نەیانتوانی ئێمە لە ناو بەرن، ئێستاش ناتوانن. (رنێسانس، کەریم مەرەسەنە: ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٠٩).

لە ڕێکەوتی ٤.٢.٢٠١٤دا ویدیۆیەک بڵاو بووەوە کە تێیدا دەزگای هەواڵگریی تورکیە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئۆجەلاندا دەکات، شیمانە دەکرێ کە ئەم ویدیۆیە لەلایەن ئەرگەنەکۆنەوە بڵاو بووبێتەوە. لەو ویدیۆیەدا ئۆجەلان تەسلیمبوونی خۆی بە دەوڵەتی تورک پیشاندەدات و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو وەکوو سەربازێکی گوێڕایەڵ و ملکەچی دەوڵەت دەبێ و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات و وا دەکات کە ملیۆنان کورد خوێنی تازە بدەن بە تورکیە. ئەو دەڵێ کە کۆنسەی سەرۆکایەتیی پەکەکە تەنها یەک کەسە، هەمووی ڕێکخستن ئەزم، من یەک کەسیش لە دەستی ئەوان ناهێڵم، واتە هەموو چەکدارەکانیش دەکەونە خزمەتی دەوڵەتی تورکیە. لەوانەیە ئەوە بە لای ئێوەوە خەیاڵی بێت، بەڵام ئەگەر هەموو ئەوانەم نەکرد، پاشان چیم لێدەکەن بیکەن... بەبێ ئەوەی ئێمە دەوڵەت بناسین لە دژی دەوڵەت هەڵگەڕاینەوە، دەزانی گەورەیی لەوەدایە کە مرۆڤ لە سەر هەڵەکانی بەردەوام نەبێ، ئەگەر سەیری بۆچوونەکانی ساڵی ١٩٩٣ی من بکەن دەبینن چۆن هاوار دەکەم کە من لە ڕەوشێکی خراپدامە و دەستی خۆتان بۆ من درێژ بکەن. ئەگەر فەرمانبەرانی ئێرە هەڵەیەک بکەن من بە هەڤاڵانی خۆمان دەڵێم و هەمووشیان ئەو ڕاستییە قبووڵ دەکەن. هەمووما پێکەوە دەتوانین تورکیە سەربخەین و من ئەوەش دەسەلمێنم، بە ڕاستی من دەتوانم خەباتێکی مەزنی گونجاو بۆ خزمەتکردنی دەوڵەت پێشکەش بکەم و هێز و توانایەکی باش بدەمە کۆمەڵگە و کار بۆ دێموکراتیزە کردنی دەوڵەت بکەم. من لەو باوەڕەدام ئەوان لە هەوڵدان بۆ ئەوەی شکست

به پلانی من بهێنن، ئەگەر دەوڵەت دەرفەتی خزمەتکردن بە دەوڵەت بۆ من برەخسێنێ، سازشی وا دەکەن کە جێی باوەڕ نەبێ. من وەک سەربازێکی گوێڕایەڵی دەوڵەت فەرمانەکان جێبەجێ دەکەم. دژایەتیی گەورەی من کراوە، لە دژی من و لە دژی دەوڵەت، بۆچی ئێمە ڕێک نەکەوین و بۆچی لەگەڵ دەوڵەت نەبین بە یەک؟ بۆچی من نەبمە سەربازی دەوڵەت، بوون بە پیاوی دەوڵەت شانازییەکی گەورەیە، ئەویش بە ناسین و زانینی ئامانجەکانی دەوڵەت دێتە دی. من بە قەد سەرەدەرزییەکیش داوای هیچ شتێک لە دەوڵەت ناکەم و پلە و پایە ناخوازم، تەنها داوا دەکەم دەرفەتی خزمەت کردنم پێ ببەخشن.

شیاوی ئاماژە پێکردنە کە یەکێک لە سەرکردەکانی پێشووی پەکەکە، عوسمان ئۆجالان، لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ (ڕۆژنامەی تورکیا) کردوویەتی، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەرگەنەکۆن لەساڵی ١٩٩٨ەوە دەستیکردووە بە دزەکردنە ناو ڕیزەکانی پەکەکە و ژمارەیەک ناوی کادری پایەبەرزی پەکەکەش ئاشکرا دەکات کە کەسانی (پایەبەرزی ناو دەسەڵات)یان دیوە. کاتێک شەمدین ساکیک، سەعدی چووروکایا و قادر چەلیک بەرپرسی هەرێمی دیاربەکر (ئامەد) بوون، لەگەڵ پایەبەرزانی ناو دەسەڵات یەکتریان دیبوو، ئەمن لەوە ئاگادارم، لە وردەکاریی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان ئاگادار دەکرانەوە. ئەوەش دەزانم کە ئەرگەنەکۆن لەگەڵ هێندێک گرووپی ناو پەکەکە پەیوەندیی هەبوو و هاوکاریی یەکتریان دەکرد. بەڵگەی پتەوم لەسەر ئەو شتانە لە دەستدایە. (رنێسانس، کەریم مەڕەسەنە: ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٠٩).

## دامەزراندنی پەکەکە لە ژێر سێبەری دەزگای «میت»دا

یەکەمین کۆبوونەوەی فەرمیی پەکەکە، بێجگە لەوەی کە لە لای «بەنداوی چوبوک» بە شێوەی نافەرمی بەسترا، لە «دیکمان» کە ناوچەیەکی ئەنقەرەیە، بەڕیوەچوو. لەم کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەیەکی ناوەندی هەڵبژێردرا. جەمیل باییک کە ئێستا هاوسەرۆکی پەکەکەیە دەڵێ: «ئەم کۆبوونەوەیە بە ئاکامگەلێک کە دەیەویست، گەیشت. یەکێک لە ئاکامەکان ئەوە بوو کە ڕێبەر پێشنیاری کرد بە مەبەستی بەڕێوەبردنی گرووپەکە کومیتەیەکی ناوەندی هەڵبژێردرێ تاکوو گرووپەکە لە فۆرمی تاکەکەسدا نەمێنێ. ئەم پێشنیارە قبووڵکرا و لەم ڕاستایەدا کۆمیتەیەکی ناوەندی هەڵبژێردرا. ئەم کۆمیتەیە لە سێ کەس پێکهاتبوو، ڕێبەر و دوو جێگری ئەو. بەم پێیە هەڤاڵ حەقی چووە ناو ئەم کۆمیتەیە و بوو بە جێگری ڕێبەر. جێگری دووهەم کەسێک بوو بە نێوی قەمەر ئۆزکان. ئەو پێشتر ئەندامی گرووپێکی چەپ بە ڕێبەریی ئیبراهیم کایپاک کایا بوو. ئەوان گرووپێکی شۆڕشگێڕ بوون، بەڵام هەر زوو کەوتنە بەر هێرشی دەوڵەت. ئیبراهیم دەستبەسەر کرا و زۆربەی کادرەکانی دیکە کوژران. ئیبراهیم لە گرتووخانەدا نامەیەکی نووسی کە لەودا هاتبوو: دەبێ هۆی ئەو زەبرەی کە لە ئێمە درا لە دوایین پاسەوانەکە بپرسی. ئێمە نەماندەزانی ئەو پاسەوانە قەمەر ئۆزکانە. (جمیل باییک: ٢٠٠٦، ١٠١) ئۆجەلان دەڵێ: لە ئاپریلی ١٩٧٧ کاتێک کە چووم بۆ کوردستان، کۆبوونەوەیەکمان گرت، کۆبوونەوەکانی دێرسیم لە ژێرخانی ماڵێکی سێ نهۆمیدا بوو... ڕۆیشتین بۆ ماڵی ئەو (قەمەر ئۆزکان)، دەمانەویست باس لە سەر ئەوە بکەین کە چۆن دەکرێ چالاکی گەریلایی بکەین، وردە وردە کارە پێویستەکانمان جێبەجێ دەکرد، بەڵام ئەو مرۆڤێکی مەترسیدار بوو، چونکە ئەو ئیبراهیم کایپاک کایا و هەڤاڵانی ڕادەستی دەوڵەت کردبوو. ئێمە ئەرکمان پێ دەسپارد، کارەکانی تێکدەدا، سیخوڕ بوو» (ئۆجەلان:٢٠٠٨-س، ٧٨ و ٨٧).

دوای کۆبوونەوەی تەنیشت بەنداوی چوبوک و ناوچەی دیکمانی ئەنقەرە، بە فەرمی کاری گرووپەکەی ئۆجەلان دەستیپێکرد، بۆیە پێویست بوو بۆ ئاگاداربوون لە دۆخی گرووپەکە و دیاریکردنی ئیستراتژیی داهاتوو، ماوە بە ماوە کۆبوونەوە بگرن. لەم ماوەیەشدا ئەندامی تازەش وەردەگرن. ماڵی پیلۆت کە سیخوڕی دەزگای میتە یەکێک لە بنکەکانی گرووپەکە بووە. ئۆجەلان لەم بارەیەوە دەڵێ: «یەکێک لە بەربڵاوترین کۆبوونەوەکانمان لە سەرەتای ژانویەی ١٩٧٧ لە ماڵی پیلۆت بەست، باسەکە لە سەر بەستێن و پێگەی چێکراو لە کوردستان و کێشەکانی دیکە بوو. ئەم باسانە لە ئاستێکی زۆر چاکدا کران... کۆبوونەوەیەکی گرینگ بوو و پیلۆت هەموو شتێکی ئامادە کردبوو، ئێمەش ڕۆیشتین و کۆبوونەوەمان گرت (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٧٤ و ٩١) ئەم کۆبوونەوەیە لە ژێر چاوەدێریی دەوڵەتدا بەڕێوەچوو، چونکە پیلۆت سیخوڕی دەوڵەت بوو و لەم بارەیەوە ڕاپۆرتی دەدا. دەوڵەت دەیزانی کە لەم ماڵەدا کۆبوونەوەیەک بەڕێوە دەچێ. ڕێبەر بە ئەنقەست لەم ماڵە کۆبوونەوەی گرت تا دەوڵەت گومانی لا ساز نەبێ و دڵنیا بێت کە ئێمە لە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێریی ئەوداین. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبەر ئەگەری هێرشی دەوڵەتی دادەنا، بۆیە کۆبوونەوە لە ڕۆژی یەکەمی ساڵ بەڕێوەچوو تا ئەگەر هێرشێک بکرێ بتوانین بڵێین خەریکی گرتنی جێژنی سەری ساڵ بووین. دەوڵەت لە ڕێگەی پیلۆتەوە لە بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکە ئاگادار بوو، پیلۆت سیخوڕی ڕێژیم بوو و لە سەر ئێمە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕاپۆرتی دەدا (جمیل بایک: ٢٠٠٦، ١٠٣).

بە دوای کۆبوونەوەی ماڵی پیلۆت، ئۆجەلان کۆبوونەوەیەک لە هۆڵی ئەندازیاران لە ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٧٧دا دەگرێ، ئەم کۆبوونەوەیە بۆ هەمووان بووە، ئەمە یەکەمین کۆبوونەوەی ئاشکرای ئۆجەلان لەو ماوەیەدا بووە کە بە وتەی جەمیل باییک لە سەر ئیدئۆلۆژیی بزووتنەوە و تیئۆریی شۆڕشی کوردستان باسیکردووە. دوایی لەگەڵ پیلۆت بەرەو کوردستان دێ و لە چەندین شاردا کۆبوونەوە دەگرێ و دوای ئەوە دەڕواتەوە بۆ ئەنقەرە (جمیل بایک: ٢٠٠٦، ١٠٥-١٠٧). ئۆجەلان لەم بارەیەوە دەڵێ ئەم شێوە هەڵسوکەوتە بوو بە هۆی ئەوە کە لە ساڵەکانی ٧٧-١٩٧٦دا دەوڵەت بە بزووتنەوەکەی ئێمەی زانی و ناسیی و هێندێک ڕێوشوێنی لە سەر ئێمە گرتە بەر. لە سەرەتای ١٩٧٧دا گەڕامەوە

کوردستان و له ماوەی نزیک به دوو مانگدا هەموو کوردستان گەڕام و نزیک به پازده کۆبوونەوەم له شارەکاندا بۆ لاوان و خوێندکاران گرت (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٤٧). جەمیل باییک لەم بارەیەوە دەڵێ: «(سەرۆک) له هەموو شارەکان جڤینی کرد و دوای تەواوبوونی جڤینەکان دیسان گەڕایەوە ئەنقەرە، ئیدی ئەو کاتە دەوڵەت بینی ئەو زانیارییانەی پێیگەیشتووە ڕاست نین. واتا ئەم تەڤگەرە وەکوو تەڤگەرەکانی دیکە نیە، لەو کاتەوە بڕیاریاندا هێرش بکەنە سەر تەڤگەرەکەمان، سەرەتا به شەهیدکردنی هەڤاڵ حەقی قەرار، دوای ئەوەش له ئەنقەرە هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکیان دا، ویستیان تەڤگەرەکە له ناو ببەن، بینییان تا ئەو کاتە به هەڵەدا چوونە، دەوڵەت بینی ئەو پارە و پێداویستییەی که له ڕێی پیلۆت (نەجاتی کایا) و خێزانی سەرۆک واتە فاتیمە و فلانەوە خەرجیکردووە هەمووی بێ ئەنجام بووە، ئەمەیان بینی، بۆیە بڕیاری هێرشیان دا» (جەمیل باییک:٢٠١١، ١٣٣ و ١٣٤) بەلام سەیرتر ئەوەیە که هەر لەگەڵیان دەمێنێتەوە و دیسان لەگەڵیان دێتەوە بۆ کوردستان که دواتر باس دەکرێ.

ئۆجەلان له سەر دەرچوون له ئەنقەرە دەڵێ: له ناوەڕاستی ١٩٧٧ ئەگەر له ئەنقەرە مابامەوە له نێو دەچووم، (فاتیمە و پیلۆت) له سەر ئەوە که وەکو چەپییەکانی دیکە درێژە به تێکۆشانمان بدەین، گۆڤارێک دەرکەین و له ئەنقەرە بمێنینەوە، ژن، پارە، ئاپارتمان و هەموو شتێکیان پێشکەشکردبوو و چاوەڕوان بوون ڕازی ببم و کۆنترۆڵمان بکەن، منیش لەوێ وەک شازادە هەڵسوکەوتم کرد. پارەی زیاترم دەویست و دەمگوت دەبێ زیاتر بێنن. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-ئا، ١٠٦) ئەم بەرەیە دوو بەشی سیاسی کۆمەلایەتیی هەبوو، بەرەی پیلۆت ئەرکی نیزامیی ئەم عەمەلیاتەی وە ئەستۆ گرتبوو. ئایا دەلوێ که خاڵی لاوازی منیان له سەر ژن و پارە دۆزیبێتەوە؟ دەیانەویست ئەگەر خاڵی لاوازیشم هەبێ له ڕێگەی ژن و پارەوە بمخەنە ناو داوی خۆیانەوە. پیلۆت دەیگوت تۆ تەنیا ئەمر بکە، فاتیمەش له سەر ئەوە بێتە ناو کارەوە پێی دادەگرت... پیلۆت دەیگوت که دەتهەوێ له کوێ ماڵ به کرێ بگرێ؟ بەبێ ئەوەی من بزانم ماڵی دەگرت و هەموو کەرەستەکانی دەبردە ناوی، دوایی دەیگوت که له شوێنێک ماڵم گرتووە و هەموو شتەکانیشم بردووە! پیلۆت زۆر مەترسیدار بوو و پارەیەکی زۆریشی هەبوو، دەیگوت براکەم هەموو پارەی گرووپی ئێوە دابین دەکەم. له دیاربەکر

که ماڵمان گرت، ماڵەکە لە ژێر چاوەدێری دەوڵەتدا بوو (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٧٣ و ٧٤ و ١١٢). لەم ماوەیەدا بە گوتەی جەمیل باییک گرووپەکە کێشەی ماددیی هەبووە، ئەو دەڵێ: «دەوڵەت دەیزانی کێشەی جیددیی ماددیمان هەیە، ئیدی ئەوکات پیلۆتیان خستە ڕۆڵگێڕان، دەیانەویست لە ڕێی پیلۆتەوە زەبر لە تەڤگەر بدەن و تەڤگەر بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، لە نێو تەڤگەریشدا زۆرێک لە کادرەکان پاکتاو بکەن، پیلۆت دەیبینی ئێمە چەندین ڕۆژ برسین و هێچمان نیە بیخۆین، دەیگوت: وەرن با خواردنتان بۆ بکڕم، وەرن با بتانبەمە چێشتخانە!» (جەمیل بایک: ٢٠١١، ١٢٠)

هەرچەند ئۆجەلان دەڵێ لە ٣ی ژووئەنی ١٩٧٧دا فەرمانی کوشتنی من درابوو، (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س،١٦٠)، بەڵام دەڵێ تا ئەوکات (١٩٧٧) هێشتا مووچەم لە دەوڵەت وەردەگرت، بەو پارەیە گرووپەکەمان بەڕێوە دەبرد، لەلایەکی دیکەوە بە دوای ئێمەدا دەگەڕان. ئەمە لە کاتێکدایە کە دەڵێ دەوڵەت لە دوو ساڵ پێشتر واتە ساڵی ١٩٧٥ەوە زانیبووی ئەرتەشێکی کوردیمان دامەزراندووە، بەرپرسی ئەوکاتی DDKO ئەمەی پێمان گوت. ئەو دەڵێ لەو کاتەوە ئێمە بە نووسینی مانیفێستەوە خەریک بووین، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ واتە لە زستاندا من و خەیری مانیفێستمان نووسی، ئەوەی کە ئەرتەشی کوردیمان دامەزراندووە، نیشانەی ئەوە بوو کە دەوڵەت بە زانیاریگەلێکی کەم بایەخ لە سەر ئێمە دەستی ڕاگەیشتبوو (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٦٠و ٧٢ و ١١٢)، بەڵام سەرەڕای ئەوەش نە ئۆجەلان دەگرن و نە دەیکوژن. ئەگەرچی گرتن یان کوشتنی ئۆجەلان وەک خواردنەوەی قومێک ئاو ئاسان بووە، چوونکە بە شێوەیەکی توند لەلایەن میت و لە ڕێگە سیخوڕەکانی دەوروبەرییەوە لە ژێر چاوەدێریدا بووە، بەڵام خۆی دەڵێ گرتنی من لە بەرنامەی دەوڵەتی تورکدا نەبووە. ئەم ڕاستییە دوایی لە ساڵی ١٩٧٩دا لە کاتی دەستبەسرکردنی شاهین دونمز دەردەکەوێ. ئۆجەلان لەم بارەیەوە دەڵێ: کاتێک شاهین دونمز دەستبەسەر کرا، دانی بە هێندێک زانیاریدا نابوو، تەنانەت بە بەرپرسەکانی وتبوو کە ئەگەر فەرمان بدەن هەر ئێستا ئۆجەلان بە دەستی خۆم دەگرم و ڕادەستی ئێوەی دەکەم! بەڵام شتێکی ئاوەها لە بەرنامەی دەوڵەتدا نەبوو، ئەگینا منیش مەترسیی گەورەم لە سەر بوو! دەوڵەت پێیدەگوتم کە ساڵەهای

ساڵە بە دوای بەکرێگیراوێکی لەم شێوەیەدا دەگەڕین. واتە کەسی دڵخوازیان ڕێبەری گرووپەکەیە! ئەو ماڵەی کە من و شاهین تێیدا دەژیاین لەلایەن پۆلیسەوە گەمارۆ درابوو، ئەم گەمارۆیە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئێمە زوو لە خەو ڕاچڵەکێین، چوونکە زانیمان کە شاهین خۆی داوە بە دەستەوە (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٧٩ و ١٢٠ و ١٢٥). شاهین دونمز ئەندامی کومیتەی ناوەندیی پەکەکە لە کۆنگرەی یەکەمی پەکەکەدا بوو (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ١٢٣). بەڵام ئۆجەلان هەر ئەم داستانە بە شێوەیەکی دیکە باس دەکات، ئەو دەڵێ: ئەوسا گەلەکۆمەی گرتن لە العزیز دەستپێکردبوو. شاهین دوونمز گیرابوو و ئیعترافی کردبوو بە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گوتبوو: ئاپۆ لە ئۆرفەیە یان ماردین. دەتوانین بچین دەستگیری بکەین، بەڵام بەڕێوەبەری ئاسایش لەبەرئەوەی مەسەلەکە لە دەسەڵاتی ئەو بەدەر بوو روویکردە دەوروپشتی العزیز. جا بۆ ئەوەش بگاتە ئۆرفە یان ماردین، دەبوو ئەنقەرە لە بارودۆخەکە ئاگادار بکاتەوە. ئەنقەرە لە دوادواییەکانی ١٩٧٩دا دەیتوانی بڕیاری چالاکی لە دژمان بدات، ئەویش پاش گۆڕانکارییەکانی سیوەرک، بەڵام پێش ئەوە هیچ بڕیارێک لە ئاڕادا نەبوو بۆ دەستگیر کردنم. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ٧١ و ٧٢).

بەڵام جەمیل بایک بە شێوەیەکی دیکە ئەم داستانەی گێڕاوەتەوە و دەڵێ: ڕێک ئەوکاتەی شاهین دونمەز دەستگیر کرابوو، کاتێک کە من دەچوومە ئەنقەرە سەرەتا چوومە ئەلعەزیز لەوێ هەڤاڵانم بینی، پاشان چوومە ئەنقەرە، لە ئەنقەرە نزیک مانگێک مامەوە، کە گەڕامەوە لە ڕێی خۆمدا چوومەوە ئەلعەزیز، سەردانی هەڤاڵانیشم کرد، لە بنەمادا من پێویست بوو بچوومایا ئامەد، چونکە سەرۆک لەوێ بوو. بێگومان من نەمدەزانی لە ئەلعەزیز هەڤاڵان گیراون، لەوێ وتیان هەڤاڵان گیراون و پۆلیس وا هەموو شوێنێک دەگرێ و دەپشکنێت. هێشتا نەماندەزانی شاهین تەسلیم بووە، بەڵام لە شێوەی گرتن و هێرشەکانی دوژمن تێگەییشتم کە تەسلیمییەتێک و خیانەتێک هەیە، هەڵبەت ئەمەش مەگەر هەرشاهین بیکردبایا. منیش لەوێ گیرام، بەڵام لەبەرئەوەی ناسنامەی من ساختە بوو، دیاریش نەبوو کە ساختەیە، ناسنامەی ئەنقەرە بوو، بۆیە من دوو سێ سەعات لە دەست ئەواندا مامەوە، پاشان منیان بەردا، من زانیم پاشان دەمناسنەوە، بۆیە منیش یەکسەر لەوێ دەرکەوتم و نەمامەوە، دوای کاتژمێرێک کە منیان

بەردا هەستیان بە من کرد، بە دوامدا هاتبوون و لە هەموو شوێنێک دەگەڕێن، دەرگاکانی ماڵەکان دەگرن و ئۆپەراسیونی مەزن دەکەن. بێگومان ئەوکاتە من لە ئەلعەزیزی دەرچووبووم، کە دەرچووم گۆمانم هەبوو، گوتم؛ لەوانەیە بە ئەنقەست منیان بەردابێت، بۆ ئەوەی تاقیبم بکەن و سەرۆک و هەڤاڵانی دیکەش بگرن. بۆیە یەکسەر نەچوومە ئامەد، چوومە چەند شوێنێکی دیکە. کە چوومە ئامەد بە سەرۆکم گوت؛ رەوش بەم جۆرەیە، پێویستە تەدبیر وەربگرین، وادیارە شاهین تەسلیم بووە و خیانەتی مەزن لە ئاڕادایە. ئێمە تەدبیرمان وەرگرت، هەڵبەت پاشان دەرکەوت کە شاهین خیانەتێکی مەزنی کردووە، ئەو ماڵەی کە سەرۆک لەئامەد لێی دەمایەوە، ئەدرەسی ئەو ماڵەشی داوە بە دوژمن، بەڵام وەکو گوتم سەرەتا باوەڕیان پێی نەکردووە، پاشان باوەڕیان پێی کردبوو، بەمەش درەنگ کەوتبوون، تا ئەوکاتەش تەدبیر وەرگیرابوو، شاهین پۆلیس دێنێتە ئەو ماڵەی کە سەرۆک لێی دەمایەوە، دەبینێت کە کەسی تێدا نیە. (جەمیل بایک: ٢٠١١، ٢٦٦ و ٢٦٧)

ئەو دەڵێ: دوایی لە ئەنقەرە هاتینە دەرەوە، ئەم کارەم لە ڕێگەی پێوەندییەکی تایبەتەوە کرد، بۆ دیاربەکریش هەر ئەو کارەم کرد، بە فڕۆکە هاتین بۆ دیاربەکر، واتە لە نێو پەرژینی کەمالیزمدا بە فڕۆکە هاتین بۆ دیاربەکر، لە ٢٧ی نۆڤامبری ئەم ساڵە (١٩٧٨) پەکەکەمان دامەزراند... لە دیاربەکر فاتمە و پیلۆت ماڵیان بە کرێ گرت، هەموو ڕۆژێک لە ژێر چاوەدێریی دەوڵەتدا بووم... دەوڵەت بە هەر دوویانی وتبوو کە ڕاپۆرتی هەموو شتێک بدەن... ئەم ژنە ئەوەندە دڵڕفێن بوو کە بە سانایی دەیتوانی لە سەر هەموو پیاوێک کاریگەریی هەبێ، ئەوەش دەزانم کە پیاوی کورد چەندە لە بەرانبەر ژندا لاوازە، تەنانەت منیش خۆم یەکێک لەو پیاوە لاوازانەم... ئاگایانە چەکی ژنانەی خۆی بەکاردێنێ، خاڵی لاوازی پیاوی کورد دەزانێ و دەیتوانی پیاو لە یەکەمین دەرفەتدا کۆنترۆڵ بکات. تا ساڵی ١٩٨٦ هەموو کچانی دەوروبەری کۆنترۆڵ دەکرد، تەنانەت هەموو کوڕەکانی خستبووە ژێر زەختێکی بێ وێنە (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١١٩و ١٢٠و ٩٣و ١١٢ و ١١٤).

هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی پەکەکە لە ساڵی ١٩٧٨دا لە حیلۆن و سیۆرک شەڕی چەکداریمان هەبوو. لە ٢٠ی ئاپریلی ١٩٧٩ کە شاهین دەستبەسەر کرا

بڕیاری چوونەدەرەوەمان لە تورکیا دا (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٧٩و ١٢٣ و ١٢٥). ئەندامانی کۆنگرە ٢٣-٢٠ کەس بوون، لەوانە یەکێک بە خایین دەرکەوت و دوای کۆنگرە ڕای کرد و بۆمان دەرکەوت کە بەکرێگیراوی ڕێژیم بووە، هەروەها شاهینیش دوایی تەسلیم بوو (جەمیل بایک: ٢٠٠٦، ٢٥٨). لە ئاکامی هەڵبژاردندا حەوت هەڤاڵ بۆ کۆمیتەی ناوەندی دەستنیشانکران، لەوانە یەکێکیان سەرۆک بوو، محەممەد قەرەسوونگور، جەمیل بایک، مەزڵوم دۆغان، محەممە دخەیری دوورموش، باقی قەرار و شاهین دونمەز. لە ناو ئەواندا سەرۆک و جەمیل بایک و شاهین وەک دەستەی کارگێڕی دیاری دەکرێن. (جەمیل بایک: ٢٠١١، ٢٤٩)

پێش لە دامەزراندنی پەکەکە پێشنیاری ناوی (یەکیەتی لاوانی شۆڕشگێڕی نیشتمانی کوردستان) هەبوو. هەروەها بیریشمان لە نموونەیەکی لنینی کردەوە وتمان با ناوی (یەکیەتی تێکۆشان لە پێناو رزگار کردنی کار)دا بێت. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ٦٧) ناوی پەکەکە وابزانم پێشنیاری هەڤاڵان مەزڵوم دۆغان و فەرهاد کورتای بوو. ئەوان ناوی پەکەکەیان پێشنیار کرد و بەمشێوەیە پەسند کرا. (جەمیل بایک: ٢٠١١، ٢٥٤)

پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی کە سیخوڕی دەوڵەت لە نێو گرووپی ئۆجەلانە، کۆبوونەوە لە ماڵی ئەودا دەگرن، لە نێو کۆنگرەدا سیخوڕی دەوڵەت هەیە، سیخوڕ لە دەستەی کارگێڕی پەکەکەدا بۆتە ئەندام، ئۆجەلان بە فڕۆکە لە ئەنقەرەوە دێتە دیاربەکر، لەوێ لە ژێر چاوەدێریی فاتیمە و پیلۆتدا ماڵ دەگرێ، لە هەموو شارەکانی کوردستان کۆبوونەوە دەگرێ و لەگەڵ فاتیمە ژیانی هاوسەری پێکدێنێ و بە وتەی خۆی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فاتیمەش، بەڵام نە دەیگرن نە دەیکوژن! ئایا ئۆجەلان سەر بە میت بووە؟ ئایا پەکەکە پڕۆژەی میتە؟ یان سیاسەت و ئیدئۆلۆژیی پەکەکە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی تورکیەدایە؟ ئەم پرسیارانە کاتێک جیددی دەبنەوە کە ئۆجەلان خۆی دەڵێ: من لە ساڵی ١٩٦٦وە پاڵم بە دەوڵەتەوە دا و لە ساڵانی ١٩٧٨ ـ ١٩٧٧یشەوە پرۆسەی دوورکەوتنەوەم لەدەوڵەت دەستپێکرد. بە تەواوی دوزدە ساڵ بە ئیمکاناتی مادی و دەرەتانێک کە دەوڵەت بۆی جێبەجێ کردم چوومە پێشەوە. (حامێد گەوهەری: ٢٠١٦، ٤٥)

## شەڕی ناوخۆیی پەکەکە لە باکوور

دەستپێکی شەڕی پەکەکە دژی دەوڵەتی تورکیە نەبووە، بەڵکوو دژی ناوەند و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی کورد بووە، ئەوەش هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە ئەوانەی بە کۆسپی سەر ڕێگەی گەشەکردنی خۆی زانیوە. لەلایەکی دیکەوە لە دەیەی ١٩٧٠دا کە جووڵانەوەی کورد بە شێوەیەکی سیاسی و مەدەنی گەشەیەکی بێ وێنەی بە خۆوە بینیبوو، دەوڵەتی تورکیە ئەم سیاسەتەی پەکەکەی بە قازانجی خۆی دەزانی و پێشی پەکەکەی نەدەگرت. لەم بارەیەوە ئۆجەلان دەڵێ: یەکەمین عەمەلیاتمان دژی ناوەندی کۆماری نەبوو، بەڵکوو دژی ناوەندە کۆنەپەرستە فیئۆدالییەکان بوو... هێرش بۆ سەر ناوەندە بێزراو و نەمرووددییە چووکەکان تەنیا بە ناوی نەتەوەیی و دیموکراتەوە نیە، بەڵکوو هەنگاوێکە بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-ب، ٧٠ و ٧١) هەر بۆیە تا ساڵی ١٩٨٥ کاری KUK، تێکۆشین، پێنج بەشییەکان، پێشەنگ و DDKD مان یەکلا کردەوە و تەواو بوون (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٥٦).

جەمیل بایک دەڵێ: دەمانهەویست پارتی بە چالاکییەکی مەزن رابگەیەنین، چونکە هەر ئەمە لە پەکەکە دەوەشاوە و ئەمەش راست بوو. بێ چالاکی و جووڵانەوەیەکی وەها، راگەیاندنی پارتی باش نەبوو. پێویست بوو چالاکییەکمان لە دژی دواکەوتوویی و کۆنەپەرەستی کورد بەڕێوەبردبا، یان لە دژی دەوڵەت چالاکییەکمان کردبا و بەم شێوەیە دامەزرانی پارتیمان جاڕ دابایا، بەڵام دەوڵەت هێشتا زوو بوو. ئەگەر لە دژی دەوڵەت کارێکی وامان کردبا لە ژێری دەرنەدەکەوتین، بۆیە فیئۆدالیزمی کورد بۆ ئێمە باشتر بوو، لە حیلوان هێندێ ئەزموونیشمان وەدەست کەوتبوو. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ٢٥٢) ئۆجەلان بەبێ ئەوەی بۆ ئەم شەڕانە پاساوێکی لۆژیکی بێنێتەوە، تەنیا بە زمانی مرۆڤێکی

ئیدئۆلۆژیک لەم بارەیەوە دەدوێ و دەڵێ: پەکەکە ئاکامی دژکردەوەیەکە کە لە بەرانبەر هەموو هێزە سیاسی و ئیدئۆلۆژیکە دەوڵەتخوازەکانی هەنووکە لە تورکیە و هەموو بەشەکانی کوردستاندا دەرکەوتووە (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٤٥). ئەمە وەڵامێکە بۆ هەموو شەڕە ناوخۆیی و براکوژییەکانی پەکەکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە لەگەڵ هەموو هێزە کوردییەکان کردوونی. هەر بۆیە جەمیل بایک دەڵێ: ئەرکێکی سەرەکیمان ئەوە بوو کە لەگەڵ تەواوی فکر و ئایدیۆلۆژییەکانیتر شەڕ و ململانێمان کردبایا و لەم شەڕەشدا ئەنجامێکی مسۆگەرمان بە دەستهێنابا. واتە پێویست بووئایدیۆلۆژی پەکەکە بکەوێتە واری کرداری و لە پاتیکدا خۆی بسەلمێنێ و سەقامگیر بێت. چوونکە گەلێک ئیدئۆلۆژیو بیری جیاواز لە کوردستاندا هەبوو. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ١٣٣)

پەکەکە خەباتی چەکدارییان بە تاقە ڕێگەی گەیشتن بەم ئامانجە دەزانی. بە کردەوە (خائین)ـە (فیێئۆدالەکان) کوردەکان زیاتر لە کۆلۆنیالیستەکان کەوتنە بەر هێرش. لە ئەساسدا ڕێکخراوە کوردییەکان کەوتنە بەر پەلاماری پەکەکە. لەو ناوچانەدا کە پەکەکە ئیددیعای ڕزگارکردنیانی دەکرد، هێزی عەشیرە و فیێئۆدالەکان دەسەڵاتی خۆیانیان لە دەستدا و هێندێک لە دێهاتەکان وەک ڕزگاریدەری خۆیان چاویان لە پەکەکە دەکرد، بەڵام پەکەکە بە بۆنەی توندوتیژی و کاری ناشایست بە شێوەیەکی بەربڵاو خۆشەویستیی خۆی لە دەستدا. زۆربەی هەرە زۆری ئەندام و لایەنگرانی زۆر جەوان و نەخوێندەوار بە ڕابردوویەکی ناڕوونەوە بوون. بێگومان پەکەکە لە هەموو ڕێکخراوە کوردییەکان پرۆلێتاریایتر بوو. بە هۆی ئەوەی کە تورکیە ئەندامی ناتو بوو، کوردستان بایەخێکی ئیستراتژیکی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا هەبوو، هیچکام لەو وڵاتانە یارمەتیی ڕێکخراوە کوردییەکانیان نەدا، تەنیا دەمایەوە سەر یەکیەتیی سۆڤیەت، پەکەکە لە ڕێگەی پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە فەلەستینییەکانەوە یارمەتیی ماڵی لە یەکیەتیی سۆڤیەت وەردەگرت.(مارتین ب.: ١٩٨٤) بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە ئەندامان و لایەنگرانی پەکەکە لاو و نەخوێندەوار بوونە جەمیل باییک دەڵێ: «ئە هەڤاڵانەی بەشداریی کۆنگرەیان کردبوو، (کۆنگرەی یەکەم) زۆربەیان بە گشتی نەیاندەزانی پارتی و کۆنگرە چیە؟ ئەو هەنگاوەی ئێمە دەینێین چیە؟» (جەمیل باییک: ٢٠٠٦، ٢٥٥).

کەماڵ بۆرکای لەم بارەیەوە دەڵێ: «ساڵی ١٩٧٨ پەکەکە هاتە مەیدان و هەموو ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکەی بە (دوژمن) لە قەڵەم دا. ساڵی ١٩٨٤ پەنای بۆ چەک برد. ئەوکات پەکەکە تەنیا بۆ تیرۆریزەکردنی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەکارنەدەهات. گرووپێکی زۆر بچووک بوو. ساڵی ١٩٧٩ هێرشیان کردە سەر هاوڕێیانمان، بەڵام ئێمە بەرپەرچمان نەدانەوە، چوونکە دەمانزانی لە پشت ئەمانەوە، کوودەتاچیەکان و دەوڵەتی شاراوە هەیە. ئەوان دەیانویست بزووتنەوەی سیاسیی کورد وەک ڕەوتێکی تیرۆریستی بناسێنن و کوردەکان بەگژ یەکتریدا بچن. نامیلکەیەکم نووسی بەناوی (دەیانەوێ لە تیرۆرمان بگلێنن، وەلامی چەکەکان نادەینەوە) و لە تیراژی ٢٠ هەزار دانەدا بڵاو کرایەوە. ساڵی ١٩٨٠ _ ١٩٧٩ش، هاوشێوەی پێکدادان لەگەڵ ئێمە، لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان کە درێژەدەری (کوک) بون، دەستەویەخە بوون. بەمجۆرە ویستی ڕێژیم هاتەدی و ناوچەکە، بەر لە کوودەتا بوو بە دۆزەخ».
(کەماڵ بورکای: ٢٠١٢).

## چوونی پەکەکە بۆ سووریە

ئۆجەلان دەڵێ: لە ڕێککەوتی ١ی مای ١٩٧٩ لە ئۆرفاوە بەرەو سووریە وەڕێکەوتم، (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٠٢) و ٢ی ژووئیەی ١٩٧٩ لە سنوورەکانی تورکیە تێپەڕیم و لە تورکیە وەردەر کەوتم. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٥٦) دەرکەوتنی حەزرەتی محەممەد لە مەککە و ڕۆیشتنی عیسا بۆ قودس هەر هەمان واتای هەیە. دەرکەوتنی مستەفا کەماڵ ئاتاتورک لە سامسۆنیش هەر وایە. ئەو بەرنامە و ئیستراتژیی نیە، بەڵام تەنیا هەنگاوێکی باش کە هەڵیگرت، ڕۆیشتن بۆ کوردستانە (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٤١٣).

هەڤاڵ ئەدهەم ئەکچان هەبوو، خەڵکی سروج بوو، ئاپۆ گوتی لەوانەیە ئەو هەڤاڵە خزم و کەسوکاریان لە سوریە هەبێت، ئاپۆ قسەی لەگەڵ ئەو هەڤاڵە کرد، ئەویش گوتی: راستە هێندێک خزم و کەسوکارم لەوێ لە کۆبانێ هەیە. تەنیا من (جەمیل بایک) و هەڤاڵ عەباس (دۆڕان کاڵکان) دەمانزانی کە ئاپۆ لەگەڵ هەڤاڵ ئەدهەم دەچنە سوریا. لە بازێڕی ئۆرفە کۆبوونەوەیەکمان ساز کرد، هەرسێکمان ئاپۆ و هەڤاڵ عەباس و من بوین، ئێمە بڕیارمان وەرگرت، ئیتر ئاپۆ و هەڤاڵ ئەدهەم چون و دەبوایا بە قاچاخ سنووریان دەرباز بکردبایە. (جەمیل بایک: ٢٠١١، ٢٦٩ و ٢٧٠) کاتێک کە لە سنوور پەڕینەوە، بە تەنیشت بازگەیەکدا ڕۆیشتین. کەسێکم لەگەڵ بوو، پێموابێ ناوی جانی بوو. ئەو نەیدەزانی من کێم. لە سەر سنوور جانی گوتی «سەربازەکە هات، کێشەکە چارەسەر بوو» سەربازەکە هات و بە دەستی خۆی تەلدڕووەکەی بۆمان بەرز کردەوە و گوتی: زوو بڕۆن ئێستا فەرماندەکەم دێ! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٢٩)، بەرتیلێکی کەم ٢٥٠ لیرەی تورکیمان دا بە سەربازەکە (رهبريت و خلق/ ص ٥٦)، کاتێک کە بۆ یەکەمجار هاتمە سووریە دۆستێکمان لەگەڵم بوو، ماڵێکی یەک ژوورەی بۆمان دۆزییەوە کە تەختێکی دارین و دۆشەکێکی ئیسفەنجی بۆ نووستن تێدا بوو.

لە بیرمە کە ڕۆژی یەکەم تەنیا دوو دانە زەیتوون و تەماتەیەکمان بۆ خواردن هەبوو. هیچ چەشنە پێوەندییەکمان لەگەڵ دەرەوەی وڵات و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین نەبوو (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-د، ٤١).

لە مانگی دیسامبری ١٩٧٩دا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بوین. لە ڕۆژەکانی سەرەتای ژانویەی ١٩٨٠ بە دژواری توانیمان لە یەکێک لە ڕێکخراوە فەلەستینییەکاندا گرووپێک کۆ بکەینەوە. پێم وابێ لە بنکەی بەرەی دیموکراتیک لە یەکێک لە گەڕەکە فەلەستینییەکاندا بوو... تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٩ من توانیم لە دەرەوە هێندێک پێداویستی کۆ بکەمەوە. بە هەڤاڵێک کە لە ناوخۆ بوو، وتم من شوێنم بۆ ٢٥٠ کەس ئامادە کردووە (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٣٠). کەس ئێمەی نەدەناسی. هیچ کەس نەیدەزانی ئێمە چ ڕێکخراوێکین و چیمان دەوێ. ئەو کاتە ناوی خوازراوی من «عەلی» بوو. تەنانەت کاناڵێکی پێوەندیشمان نەبوو. لە بچووکترین دەرفەت کەڵکمان وەردەگرت، ڕێگەی بەیرووت بە بەفر داپۆشرابوو و بۆ ئەوەی چەند کەس بۆ بەیرووت بەڕێ بکەین چەند ڕۆژ کاتی پێویست بوو. بە کورتی بە هەر نرخێک بوو توانیمان بڕۆینە ئەوێ. یەکەمین خولی پەروەردەمان لە لوبنان خستە ڕێ. شۆڕشگێڕەکانی فەلەستینیش لەوێ بوون و لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوتێکی جوانیان هەبوو (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٣١).

خەلیل ئەتاج، کە لە نێو پەکەکەدا بە هەڤاڵ ئەبوبەکر ناسرابوو، یەکێکە لە سەرکردەکانی پەکەکە بوو. ئەو کە لە سەرەتای دروستبوونی پەکەکەوە لەگەڵ ئەو حیزبە کاریکردووە، لە کۆنگرەی دووەم بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی و کەسێکی نزیکی ئۆجەلان بووە، لە سەر چۆنیەتیی دەستپێکردنی خەباتی پەکەکە لە سووریە و پێوەندییەکانی دەڵێ: «لە سەرەتادا پەیوەندیمان لەگەڵ بەرەی دێموکراتیک بوو، دواتریش توانیمان پەیوەندی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکە دروست بکەین، لەگەڵ فەتح دروست بوو، پەیوەندی لەگەڵ بەرەی گەل بۆ ڕزگاریی فەلەستینیش دروست بوو، بەڵام وەک وتم یەکەم هەنگاو لەگەڵ بەرەی دێموکراتیک بوو، بەڵام دواتر لەگەڵ هەر لایەنێک گروپێکمان دانابوو، ئەو هەڤاڵانەی کە لە دوای یەک دەهاتن بەشێکمان دەنارده لای فەتح، بەشێکی دیکەمان دەنارده لای بەرەی گەل، بەم شێوەیە بوو... ئەوان لەو

کاتەدا کاری پەروەردەیان لەگەڵ ئێمە دەکرد، هەموویان دەناسم، ئەبووهول کە یەکێک بوو لە فەتح بەرپرسی موخابەرات بوو، ئەوم دەناسی، بێجگە لەو ئەبوو نەزالم دەناسی، مامۆستا جەلال بوو، یەکێکی دیکە هەبوو کە توونسی بوو، فەڵەستینییەکان ئەو کاتە خزمەتێکی باشیان بە پەکەکە و کورد کرد، ڕەنگە هەموو پێداویستییەکیان بۆ دابین نەکردبین، بەڵام ئەویش بۆ ئێمە ببووە بنکەیەک بۆ باوەڕ و سیاسەت و هەموو شتێکی دیکە... یەکەمجار لە ڕێگای مام جەلالەوە پەیوەندیی پەکەکە لەگەڵ سووریە دروست بوو، ئێمە هەر لە یەکەم ساتدا کە چووینە سووریە لە ماڵێک ماینەوە کە بە ناوی مام جەلال بوو، مام جەلال ڕێگەی پێداین لەو ماڵە بمێنینەوە، دواتر ئێمە دانوستانمان لەگەڵ سووریە دەستپێکرد، یەکەم کەسیش کە لەگەڵی دانیشتین ڕەفعەت ئەسەدی برای حافز ئەسەد بوو، زۆربەی پەیوەندییەکەش من دروستمکرد. زیاتر لە سەدا پەنجای پەیوەندییەکە من تەواوم کرد، جارجاریش ئاپۆ دەهات پێکەوە دەچووین، ئێمە گەلێک چەکمان لە سنوور لە ڕێگای ڕێکخراوی سەرایای دیفاعی ڕەفعەت ئەسەدەوە دەرباز کرد» (هەڤال ئەبوبەکر: ٢٠١٢).

**هۆی پشتگیریی سووریە لە پەکەکە چی بوو؟**

سێ کێشەی سەرەکی لە نێوان تورکیە و سووریەدا هەن کە بریتین لە کێشەی ئاو، کێشەی سنوور و کێشەی سیاسی. ئەم کێشەگەلە مێژوویین و ئێستاشی لەگەڵدا بێ چارەسەر نەکراون. بۆیە دەبینین سووریە بە باوەشێکی ئاوەڵاوە پێشوازی لە پەکەکە دەکات بە هیوای ئەوەی کە بتوانێت کێشەیەکی ئەوتۆ بۆ تورکیە بخۆلقێنی کە بتوانێ باجێک لە تورکیە وەربگرێ. هۆی سەرەکیی پشتیوانیی تورکیەش لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کێشانە و دەیەوێ ئەوەندە سووریە لاواز ببێ کە توانای هیچ چەشنە ئیددیعایەکی بەرانبەر بە تورکیە نەبێ. باسکردنێکی وردتر لە سەر ئەم کێشانە باشتر دەتوانێ دیوی شاراوەی کێشەکان بخاتە ڕوو، بۆیە لێرەدا لە سەر هەر سێی ئەم بابەتانە وردتر دەبینەوە.

## کێشەی ئاو

دوو ڕووباری دیجلە و فورات لە دۆڵە سەرسەوز و پڕئاوەکانی ئاناتۆلیی ڕۆژهەڵات لە تورکیەوە سەرچاوە دەگرن. دیجلە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەڕوات، لە نێوان دەرە و گۆلی تورکیەدا تێدەپەڕی و لە سنووری سووریە و عیراقدا ڕێگەی خۆی بەرەو عێراق دەگرێتە پێش. لە بەغدا و ناوچەی دەوروبەری دەڕوات لەگەڵ ڕووباری فورات لە شەتولعەرەب یەک دەگرن و دەڕژێنە ناو کەنداو.

فیرات ڕێگەیەکی دوور و درێژتر دەبڕێ. سەرچاوەی فورات لە نزیکی دەریای ڕەشە و کەوانێکی گەورە بەرەو ڕۆژئاوا و باشوور تێدەپەڕێنێت، لە نێوان دەستەیەک لە گۆل و بەنداوەکانی تورکیەوە تێدەپەڕی تاکوو دێتە سووریە و بەنداوی فورات. لەوێوە ڕێگەی خۆی بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەگرێتە بەر تاکوو دێتە ناو عێراق. بە نێو بیابانی بێ ئاوی باشووری بەغدادا تێدەپەڕێ و لە ئاکامدا لە سەرووی شاری بەسرەوە لەگەڵ دیجلە یەک دەگرن. فورات و ڕووبارە لاوەکییەکانی سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی سووریەن. هەموو هیواکانی ئەو وڵاتە بۆ زیادکردنی بەرهەمە خواردەمەنییەکان بە مەبەستی دابینکردنی خۆراکی حەشیمەتی ڕوو لە گەشەی، لە سەر ئەم ڕووبارە بنیات نراوە. عێراق دوای تورکیە و سووریە دوایین وڵاتی سەر ڕێگەی ئەم ڕووبارانەیە و بە هەر دووکیانەوە بەستراوەیی هەیە، ئەم دوو ڕووبارە نزیکەی ٨٥ لە سەدی ئاوی پێویستی عێراق دابین دەکەن. تورکیە کە سەرچاوەی ڕووبارەکانە، مافی بڕیاردان لە سەر ئاوی ئەو ڕووبارانە بە هەموو شێوەیەک بۆ خۆی بە پارێزراو دەزانێ و هەموو کات ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە «ئێمە خاوەنی ئەو ئاوەین، هەر وەک خەڵکی عێراق خاوەنی نەوتی خۆیە». ئەم ئاخاوتنە سیاسەتی تورکیە لە سەر ئاو دەخاتە ڕوو. لە بەرانبەردا عێراق کە لە سەر ڕێگەی ڕووبارەکاندایە، ئیددیعا دەکات کە ڕێگەی سروشتیی ڕووبارەکان و مافی مێژوویی لە سەر ئاوەکە بە مەبەستی دابینکردنی ئاوی خەڵکی باشووری میزوپۆتامیا لە دەمی دەستپێکی شارستانییەت واتە ٦٠٠٠ ساڵ پێشەوە هەیە. بە واتایەکی دیکە مافی کەڵک وەرگرتن لە سەردەمی مێژووی کۆنەوە بە

بنەڕەت دادەنێ. مەرجێک کە لە هەر تێکچوونێکی نێونەتەوەییدا بنەمایە. سووریە وەک وڵاتێک کە لە نێوان ڕێگەی ڕووبارەکاندایە، بەپێی بەرژەوەندیی سیاسی لە هەر دوو هۆکارەکە واتە ئارگۆمێنتی مافی کەڵک وەرگرتن لە مێژووی کۆنەوە (ئارگۆمێنتی عێراق) و مافی خاوەنداریێتیی ڕەها بە سەر ئاوەکە (ئارگۆمێنتی تورکیە) کەڵک وەردەگرێ. تێکهەڵچوونی کوردەکانی تورکیە دیسان ئاڵۆزتر دەبێ. ئەم نەتەوەیە کولتوورێکی کۆنی هەیە و لە سەرچاوەی هەر دوو ڕووبارەکەدا نیشتەجێیە. کوردەکان نزیک بە دوو دەیەیە شەڕێکی قووڵیان بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ تورکیە هەیە و تا ئێستا عەمەلیاتی گەریلاییان دژی دامەزراوە ئاوییەکانی تورکیە وەک چەکێکی سیاسی بەکارهێناوە (مارک ویلی: ٢٠٠٠، ٢٠٤-٢١٥).

پلاندارشتنی تورکیە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی گاپ کە بریتییە لە ٢٢ بەنداو، دۆخی نێوان وڵاتانی تورکیە، سووریە و عێراقی ئاڵۆزتر کرد. خاڵی زەقی پڕۆژەکە بەنداوی ئاتاتورکە کە نۆهەمین بەنداوی جیهانە. لە ساڵی ١٩٩٠دا تەواو بوو و ساڵی دواتر دەستیانکرد بە پڕکردنی. هەموو پڕۆژەکە دەبوایە تا ١٩٩٠ تەواو بوایە، بەڵام بۆ ساڵی ٢٠١٠ دوا کەوت. لە ئاکامی ئەم پڕۆژەیەدا سووریە ٤٠ لە سەدی ئاوی فورات لە دەستدەدات. میخاییل کە پارێزەرێکە لە زانستگەی حەلەب، دەڵێ لە دوو دەیەی داهاتوودا سووریە تووشی کەم ئاوی دەبێت کە هەر ئەمە کار دەکاتە سەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی سووریە. لە ئاکامی ئەم ئاڵۆزییانەدا لە ساڵی ١٩٨٧ تورکیە ڕازی بوو بەوەی کە ٥٠٠ میتری سێ جا ئاو بۆ عێراق و سووریە بەر بداتەوە. گرێبەستێک کە بە بوونی پڕۆژەی گاپ هەرگیز جێبەجێ نابێ. عێراق و سووریە ئەم گرێبەستەیان واژۆ کرد، بەڵام لە سەر ئەوە پێداگرن کە ئەم ڕادەیە زۆر کەمترە لە ڕادەی چاوەڕوانکراو کە ٧٠٠ میتری سێ جایە، بەڵام ئەم گرێبەستەش هەر نەبووە هۆی چارەسەربوونی کێشەکە، عێراق و سووریە داوای زۆرتریان دەکرد، تورکیاش وەڵامی نەدایەوە و دەستیکرد بە سازدانی هێندێک کۆنفرانس بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، بەڵام سووریە بەشدار نەدەبوو (مارک ویلی: ٢٠٠٠، ٢٠٤-٢١٥).

## کێشەی سنوور

ئیسکەندەروون لە ڕۆژهەڵاتی کەنداوێکە هەر بەم ناوەوە کە لە مێدیترانەی ڕۆژهەڵات و لە پارێزگای هاتای لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیەدا هەڵکەوتووە. ئێسکەندەروون یەکێک لە کۆنترین شوێنەکانی ژیانی مرۆڤە و هێندێک سەرچاوە مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی بەردینی کۆن. ئێسکەندەروون لە سەردەمی عوسمانیدا سەر بە ویلایەتی حەلەب بوو. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی وڵاتانی عەرەب بە سەر بریتانیا و فەرانسەدا دابەش بوون. شاری ئیسکەندەروون لەلایەن بریتانییەکانەوە داگیر کرا. دوای واژۆکرانی ڕێککەوتننامەی ئێسکەندەروون لە ٣٠ی ئۆکتۆبری ١٩١٨دا فەرانسە داوای لە عوسمانی کرد کە لە ئیسکەندەروون کەڵک وەربگرێ. دوابەدوای ئەم ڕێککەوتنە، فەرانسە هێزی خۆی لە ئێسکەندەروون جێگیر کرد و ڕێگەی ئیسکەندەروون ـ حەلەبی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. دوای ناڕەزایەتیی تورکەکان، لە ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٢١ گرێبەستێک لە نێوان فەرانسە و تورکیە واژۆ کرا. بەپێی ئەم گرێبەستە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری لە ژێر چاوەدێریی فەرانسە پێکهات و ناوی نرا (سنجاق ئیسکەندەروون). لە ساڵی ١٩٢٢دا ئیسکەندەروون بە فیدراسیۆنی دەوڵەتەکانی سووریەوە پەیوەست بوو. بە هۆی گوشاری بەڕێوەبەرە فەرانسییەکانی فیدراسیون، ڕێکخراوێک لە تورک، عەرەب، یۆنانی و ئەرمەنییەکان پێکهات و ناوی (سەلامەت بەلەدە)ی لە سەر دانرا. ماوەیەک دواتر ڕێکخراوێک لە ژێر ناوی (ڕێکخراوی ئەنتاکیە ـ ئیسکەندەروون) پێکهات کە ئارمانجی پەیوەستبوونی ئیسکەندەروون بە تورکیەوە بوو. دوای ئەم ئاڵۆزییانە فەرانسە لە ساڵی ١٩٢٥دا ئۆتۆنۆمیی ئیسکەندەروونی بە فەرمی ناسی و لە ساڵی ١٩٢٦دا کۆمیسێری باڵای فەرانسە لە سووریە، حکوومەتێکی لە سنجاق ئیسکەندەروون ڕاگەیاند کە ناوەندەکەی شاری ئیسکەندەروون بوو. ئەم حکوومەتە خاوەنی یاسای بنەڕەتی، پارلەمان و سەرۆکی حکوومەت بوو کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرا و زمانەکانی عەرەبی و فەرانسی هەر وەک تورکی لەوێ بە فەرمی ناسران. ئەم حکوومەتە لە پارلەمانی سووریەدا ٩ نوێنەری هەبوو. دوای ئەوەی کە بەرپرسی وەفدی فەرانسە بوو بە سەرۆکی حکوومەتی ئیسکەندەروون، سوورییەکان

ناڕەزایەتییان دەربڕی و لە پارلەماندا پەیوەستبوونی ئیسکەندەروونیان بە سووریەوە ڕاگەیاند. لە ساڵی ١٩٣٦دا سووریە کە ئیسکەندەروونیش ببووە بەشێکی، سەربەخۆیی خۆی لە فەرانسە ڕاگەیاند. لە لایەکی دیکەوە تورکەکان خوازیاری سەربەخۆیی ئیسکەندەروون بوون و بە جیاتی (ریکخراوی ئەنتاکیە-ئیسکەندەروون)، (ڕێکخراوی سەربەخۆیی هاتای) یان پێکهێنا کە ئارمانجی ڕزگاریی ئیسکەندەروون بوو و ناوەکەشیان گۆڕی بە هاتای (خەتای). لەم کاتەدا تورکیە ئەم بابەتەی بردە کۆمەڵەی نەتەوەکان و بەپێی ڕێککەوتننامەی ١٩٣٧ سەربەخۆیی ئیسکەندەروون ڕاگەیەندرا و سنوورەکانی دیاری کرا و مافی تورکەکانیش دیاریکرا، بەڵام کاتێک کە هەڵبژاردن کرا و حکوومەتی ئیسکەندەروون پێکهات، دەوڵەتی فەرانسە لە ژێر گوشاری سووریەدا ڕادەی نوێنەرانی تورکی کەم کردەوە، بۆیە دەوڵەتی تورکیە دیسان سکاڵای بردە کۆمەڵەی نەتەوەکان. دوای ئەوە بەپێ ڕێککەوتننامەی ١٩٣٨ ویلایەتی خەتای لە نێوان تورکیە و فەرانسە دابەشبوو. دوای هەڵبژاردن تورکەکان ٢٢ نوێنەر و عەرەبەکانیش ١٨ نوێنەریان هەبوو، تورکەکان بوون بە زۆرایەتی و دەوڵەتی خەتای ڕاگەیەندرا. دەوڵەت نوێ خوازیاری پەیوەستبوون بە تورکیەوە بوو، دەوڵەتی فەرانسە ٢٣ی ژووئەنی ١٩٣٩ بە پەیوەستبوونی ئیسکەندەروون و ناوچەی خەتای بە تورکیەوە ڕازی بوو. ئەم ڕێککەوتنە لە ٢٤ی ژوئیەی ١٩٣٩ لە پارلەمانی تورکیە پەسند کرا و ئیسکەندەروون بوو بە بەشێک لە خاکی تورکیە و ناوی نرا پارێزگای خەتای یان هاتای (مرکز دائره المعارف بزرگ اسلامی: ٣٤٣٢). سووریە ئێستاش ئەو ناوچەیە بە بەشێک لە خاکی خۆی دەزانێ.

## کێشەی سیاسی

دوو سیستمی حکوومەتی تورکیە و سووریە نەک هەر جیاواز، بەڵکوو دژ بە یەکن. حکوومەتی بەعسی سووریە سیستمێکی سۆسیالیستیی هەیە کە هاوپەیمانی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو و ئێستاش هاوپەیمانی ڕووسیەیە. جیا لەوەش دەسەڵاتدارانی عەلەوی مەزهەبن و لە ئێرانەوە نزیکن، بەڵام تورکیە ئەندامی ناتۆ و دژ بە بەرەی سۆسیالیزمە و حکوومەتێکی لاییکیشی هەیە،

هەر چەند ئێستا پارتێکی ئیسلامی لە سەر کارە، بەڵام یاسای بنەڕەتیی تورکیە یاسایەکی ئایینی نیە و جیایی دین و دەوڵەتی بە فەرمی ناسیوە. ئەم دابەشبوونی سیاسییەش یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی دژایەتیی سووریە لەگەڵ تورکیە بوو کە کاتێک لەگەڵ کێشەی ئاو و کێشەی سنوور یەک دەگرن، دەبنە کێشەیەکی قووڵ. زاڵبوونی ئەم دوو شێوە بیرکردنەوە دژ بە یەکە، بوو بە هۆی دوور کەوتنەوەی هەرچی زیاتری هەر دوو وڵات لە یەکتر کە بە فەرمی ناسینی ئیسرائیل کە بەشێک لە خاکی سووریەی داگیر کردووە، لەلایەن تورکیەوە ئەم دۆخەی ئاڵۆزتر کرد.

## دەستپێکی خەباتی چەکداریی پەکەکە

### کوودەتای ١٩٨٠ی تورکیە

نزیک ساڵێک دوای چوونی ئۆجەلان بۆ سووریە، کوودەتایەکی نیزامی لە تورکیە هاتە ئاراوە، ئەو کوودەتایە لە ١٢ی سێپتامبری ١٩٨٠دا بە فەرمانی ئەرتەش ڕوویدا کە بە دوای کوودەتای ٢٧ی مای ١٩٦٠ و کوودەتای ١٢ی مارسی ١٩٧١ لە تورکیە سێهەمین کوودەتا بوو. دوای ئەم کوودەتایە دەوڵەتێک کە سلێمان دەمیرل سەرۆک وەزیرانی بوو، وەلانرا، پارلەمانی تورکیە هەڵوەشێندرایەوە و یاسای بنەڕەتیی ١٩٦١ کە دوای ڕووداوەکانی ١٩٧٠ گۆڕدرابوو، وەلانرا و دەسەڵاتێکی سەربازی دەستیبەکار کرد. ئەم بڕگەیە ٩ ساڵ درێژەی هەبوو. لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکان ڕێبەرانیان دەستبەرسەر و دادگایی کران. لەم ماوەیەدا تێکۆشانی حیزبەکان لەگەڵ کێشەیەکی مێژوویی بەرەوڕوو کرایەوە و کۆسپگەلێکی گەورە خرانە سەر ڕێی دێموکراتیزەبوونی سیاسەت و نەریتە سیاسییەکانی ژێر و ڕوو کرد. (آیدین روشن: ١٣٨٩).

کوودەتای سەربازیی ١٢ی ئەیلوول بەجارێک کوردەکان و چەپەکان، سەرجەم هێزە دێموکراتخوازەکان و پێکهاتەی ڕێکخراوەکانی لەبەر یەک هەڵوەشاندەوە و پەرشوبڵاوی کردن. پێش بە ڕەوتی ئاسایی ئاو گیرا. دوابەدوای کوودەتای ١٢ی ئەیلوول، بە هەزاران مرۆڤ خرانە سیاچاڵەکانەوە، بە دەیان هەزار کەسیش وەک ئێمە ڕێی هەندەرانیان گرتە بەر. بە گشتی لە تورکیە و کوردستان بۆشاییەک هاتە ئاراوە. ئەگەر ١٢ی ئەیلوول ئەو قۆناغەی بەربەست نەکردبا، دەکرا لە ڕێگای یاساوە ڕێکخراوە کوردییەکان پێشبکەون و هەموو ناوچەکە بەشێوەیەکی ئاشتیانە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و سەرۆک شارەوانییەکان و نوێنەرانی پەرلەمان بکەنە هیی خۆیان (کەماڵ بورکای: ٢٠١٢).

ساڵێک بە دوای کوودەتاکەی ١٩٨٠، پەکەکە زیاتر گەشە دەکات و خۆی ڕێکدەخاتەوە. ئۆجەلان دەڵێ لە کاتێکدا کە هەڤاڵانمان لە گرتووخانەدا ئەشکەنجە دەکران و شەهید دەبوون، ئێمەش بۆ پاراستنی حیزب خەباتمان دەکرد. لە ساڵی ١٩٨١دا کۆنفرانسێکمان بەڕێوەبرد. مەبەست لەم کۆنفرانسە ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر و باشتر پەرە بە کارەکانمان بدەین. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨١دا خۆمان بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان ئامادە دەکرد. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٣٧)

لێرەدا لە ئەدەبیاتی پەکەکە لە سەر ئەو شەهیدانەی گرتووخانە داستانێک هەیە کە دەڵێ لە زیندان دوو هێڵی بەرخۆدان کە مەزڵوم دۆغان، کەماڵ پیر، محەممەد خێری دوورموش، فەرهاد کورتای... بوونە و هێڵی تەسلیمییەت کە شاهین دونمەز و یڵدرم مەرکیت بوونە. کە ئەدەبیاتی پەکەکە دەڵێ مەزڵووم دۆغان بە دروشمی (بەرخۆدان ژیانە) لە بەرانبەر هێڵی تەسلیمییەت ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات. (جەمیل بایک: ٢٠١١، ٢٩٨-٢٨٩) ئەم گێڕانەوەیە بۆتە حەقیقەتێکی رەگداکوتراو لە بیروهۆشی هەموان لە نێو کۆمەڵی کوردیی لایەنگری پەکەکە و نەیارەکانیشیدا، ئەمەش بەهۆی دووبارەکردنەوەی بە درێژایی چەندین ساڵەوەیە (کە ناکرێ گومانی بخرێتە سەر، ئەوەشی بیکات خیانەت دەکات)، ئەگەر هەر کەسێک ناوی مەزڵوم دۆغان لە گەڕانی ئینتەرنێتدا بنووسێت، ئەم گێڕانەوەیەی دەستدەکەوێت، بەڵام پەکەکەی خاوەنی گێڕانەوەکە بۆ خۆی لە رۆژنامەی (سەرخۆبوون)ی فەرمیدا، لە ژمارە (٥)ی ئایاری ١٩٨٢دا و لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمدا دەڵێت دۆغان گیانی لەدەستدا، بە سووتان یا خنکان، بەهۆی ئەو ئاگرەی لە زینداندا کەوتەوە. پەکەکە دەسەڵاتدارانی تورکیا تۆمەتبار دەکات بەو قەسابخانەیەی کە لە زیندانەکە رویدا. جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاگرەکە درووستکراوە، هەروەها پەکەکە باسی ڕووداوەکەی تا دوای دوو مانگ نەکردووە، لەم ژمارەیەشدا و لە ژمارەکانی دواتریشدا تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ هیچ ئاماژەیەکیان تێدانیە کە ناوبراو بۆ خۆی ئاگری بەردابێتە جەستەی خۆی و هاواری کردبێت: بەرخۆدان ژیانە. هەموو ئەو بابەتانەی کە باسی ڕووداوەکەیان کردووە، تەنیا باسی ئەوە دەکەن کە ئەو ڕووداوە قەسابخانە بووە، کە دۆغان یا بە سووتان یا بە خنکان گیانی لەدەستداوە، هەروەها لە دوای ساڵێک لە ڕووداوەکە (کە ساڵێک

بەسە بۆ ئەوەی لە چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکە دڵنیا ببنەوە) لە ژمارەی نیسانی ١٩٨٣دا و لە لاپەڕەی ١٤ی سەرخۆبووندا بەیاننامەیەکی پەکەکەی بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێت: «دەستگیرکراوانی حیزب لەماوەی ٣ساڵی رابردوودا، لە ڕێگەی قوربانیدانی گەورە و جەختکردنەوەیان، خەبات و بەرخۆدان پەرە پێدەدەن، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتەکەمان مەزڵوم دۆغان و ئەوانەی دوای ئەویش لە کادیرانی سەرکردەی پەکەکە وەکو فەرهاد کۆرتای، ئەشرەف ئانزاک، مەحموود زەنگین، کە کوژران بە سوتان یا خنکان...». کە ئەمە دەری دەخات دوو گێڕانەوەی ناڕاست لەبەردەستدان، کە بە بەردەوامیی پەکەکە تا ئەم ساتەوەختەش ڕەواجیان پێدەدات کە بریتین لە :

١ـ زۆر ڕاستە مەزڵوم دۆغان، شوڕشگێڕ و قارەمانێکی گەورەیە، بەڵام هیچ کاتێ ئاگری بەرنەداوەتە جەستەی خۆی، بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە ئەشکەنجە و دژایەتیی خیانەتی ڕووخاوانی ڕێکخستن لە زیندانەکاندا .

٢ـ فەرهاد کورتای و ئەشرەف ئانزاک لەگەڵ نەجمی ئۆنەر و مەحموود زەنگین لە شەوی ١٧ / ٥ / ١٩٨٢دا بۆ هاودەنگیی لەگەڵ مەزڵوم دۆغانداو بۆ داکۆکیی لە بڕیارەکەی ئاگریان بەرنەداوەتە جەستەی خۆیان، هەروەکو پەکەکە ئێستا ڕووداوەکە بەو شێوەیە دەگێڕێتەوە.

بەمشێوەیە و بەپێی دەقی ڕۆژنامە فەرمییەکەی حیزب و بەیاننامەکەی لە کاتی خۆیدا، نەیویستووە ڕووداوەکە بەو شێوەیە بەکاربهێنێت کە لەنیوەی هەشتاکانەوە بەکاریهێناوە بۆ ئەوەی دیمەنێکی ئەفسانەیی بداتە سەرکردەکانی و بیانبەستێتەوە بە جەژنی نەورۆز و بەرخۆدانی دژە خیانەتەوە .لەبەیاننامەیەکیتردا، کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٤ ی هەمان ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بە شاهین دونمیز دەکات کە لە زیندانی (ئەلازغ)دا زیندانیە نەک لە زیندانی دیاربەکردا. هەروەها مەزڵوم دۆغان بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە خیانەتی یەڵدریم مەرکیت و شاهین دونمیز کە بەهیچ شێوەیەک لە زیندانی دیاربەکردا نەبوون، ئاگری بەرنەداوەتە جەستەی. بەپێی ئەوەی کە لە ڕۆژنامەی (سەرخۆبوون)دا بڵاوکراوەتەوە .لەلایەکیتریشەوە (حوسەین یەڵدریم) پارێزەری زیندانیانی پەکەکە کە ئێستا لە سویدە و لەساڵی ١٩٨٨وە

له پەکەکە جیابۆتەوە  لە دیمانەیەکدا کە ڕۆژنامەی سەرخۆبوون لەگەڵیدا سازی کردووە، دەڵێت کە دۆغان و هەڤاڵانی دوای ئەو ئاگرەی کە زیندانەکەی گرتۆتەوە بە سووتان یا خنکان بە دووکەڵ گیانیان لەدەستداوە، هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی سەرخۆبوون، کە زمانحاڵی پەکەکەیە، باسی ئەو ڕووداوە دەکات کە لە زیندانی دیاربەکردا ڕوویداوە لە ٢١ی ئازار و ١٧ ی ئایاری ١٩٨٢ دا بە قەسابخانە- قتلعام- KATILAM  ناو دەبات و بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوە ناکات کە مەزلۆم دۆغان بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە ئەشــکەنجەو خیانەت ئاگری بەردابێتە جەستەی خۆی. (هووشەنگ ئەوسی: ٢٠١٧)

## بەشداریی PKK لە شەڕی ئیسرائیل ـ لوبناندا

لە ٥ی ژووئەنی ساڵی ١٩٨٢دا ڕووداوێکی گرینگ ڕوویدا. ئەویش هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان بوو. لەم شەڕەدا پەکەکە شانبەشانی گرووپە لوبنانی و فەلەستینییەکان دژی ئیسرائیل شەڕ دەکات. هەر وەک پێشتر باسکرا، پەکەکە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دەزگای هەواڵگری سووریە و فەلەستینییەکان پێوەندیی هەبووە و لە ڕێگەی ئەوانەوە لە لوبنان و سووریە جێگیر بووە. ئۆجەلان دەڵێ: لەو شەڕەدا گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان گەورەترین بەرخۆدانیان لە بەرانبەر هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر قەڵای شەقیق کرد، لەم قەڵایەدا تا دوایین هەناسە شەڕمان کرد، هێزەکانی عەرەفات هەر زوو پاشەکشەیان کرد، بەڵام ئێمە هەر لە گۆڕەپاندا ماینەوە. هەڤاڵانی ئێمە بەرخۆدانێکی قارەمانانەیان کرد و ١١ کەسیان شەهید بوون. دوای ئەوەی کە قەڵاکە کەوتە دەستی ئیسرائیل، مۆناخم بێگین هاتە ناو قەڵا تاکوو بزانێ چ کەسانێک و بە چ شێوەیەک بەرخۆدانیان کردووە (رهبريت و خلق/ ص ١٠١).
ناوی ئەو ١١ کەسەی کە لەو شەڕەدا کوژران بریتین لە:

١- وەلی چکماک ناسراو بە فەرهاد لەدایکبووی ١٩٦٠ خەڵکی دێرسیم.

٢- عیسمەت ئۆزکان ناسراو بە خالید لەدایکبووی ١٩٦٢ خەڵکی پێرسووس.

٣- کەماڵ چەلیک ناسراو بە ڕۆستەم لەدایکبووی ١٩٥٦ خەڵکی ئەلعەزیز.

٤- محەممەد ئاتماجا ناسراو بە خەلیل لەدایکبووی ١٩٥٧ خەڵکی ئۆرفا.

٥- ئەمین یاشار ناسراو بە حەسەن لەدایکبووی ١٩٦٠ خەڵکی حەزو.

٦- مستەفا مارانگوز ناسراو بە (فەرید، حەسەن و ماهیر کەڵکی لە هەر سێ ناوەکەی وەردەگرت) لەدایکبووی ١٩٦١ خەڵکی ئامەد.

٧- عیرفان ئاییا ناسراو بە عەبدولهاتیف مووسا لەدایکبووی ١٩٦٣ خەڵکی ئامەد.

٨- شەریف ئاراس ناسراو بە ئەحمەد و ئۆرهان لەدایکبووی ١٩٥٧ خەڵکی دریک.

٩- سەباحەدین کورد ناسراو بە خالید لەدایکبووی ١٩٦٢ خەڵکی نوسەیبین.

١٠- عەبدوڵڵا کۆمرال ناسراو بە یوسف لەدایکبووی ١٩٥٥ خەڵکی ئۆرفا.

١١- عەبدولقادیر چووبووکچۆ لەدایکبووی ١٩٥٨ خەڵکی حەزو. (ئاژانسی فورات نیووز: ٢٠١٥).

ئۆجەلان دەڵێ دوای شەڕی ١٩٨٢ و شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل لە لوبناندا توانیمان بنەماکانی دۆستایەتیمان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دابڕێژین. ئەگەر دیسانەوە بە سەر ئەم شەڕەدا پێداچوونەوە بکەین، دەبینین کە تورکیەش لەو شەڕەدا بەشدار بوو. پێش ئەوەی کە ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر لوبنان، ژەنەراڵە تورکەکان و ئیسرائیل چاوپێکەوتنی زۆریان کردبوو، بەتایبەتی کە ٣٠٠ کەس لە هەڤاڵانی ئێمە لە مەیدانەکەدا بوون. ئیسراییل هێندێک لە هاوڕێیانی ئێمەی کە بە دیل گرتبوو، ڕادەستی تورکیەی کردنەوە. لەم کاتەدا بوو کە سووریە هێز و توانای ئێمەی دی، بەتایبەتی کاتێک کە بەرخۆدانمان کرد، لەم ڕێکەوتە بە دواوە بەرخۆدانی ئێمە و بەرخۆدانی سووریە ڕۆژ لە داوی ڕۆژ باشتر دەردەکەوت. (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١١٩ و ١٢٠).

بەڵام جەمیل باییک دەڵێ: هیچکام لەو هەڤاڵە دیلانە کە کەوتبوونە دەستی ئیسرائیل، ڕادەستی تورکیە نەکرانەوە، ئەو هەڤاڵە دیلانە لەگەڵ دیلە فەلەستینییەکانی دیکە ڕەوانەی جەزائیر کران، پاشان فەلەستینییەکان هەموو دیلەکانیان گرووپ گرووپ هێنایەوە سووریە، ئێمە گوتمان: «هەڤاڵانی ئێمەش بێننەوە سووریە». بێگومان بۆ ئەوەی بیانهێننەوە سووریە، لەگەڵ سووریە ڕێککەوتنیان دەکرد. هەڤاڵانیان هێنابوو، بەڵام بە سووریەیان نەگوتبوو، سووریەش هەر لە فڕۆکەخانە ئەو هەڤاڵانەی پەسەند نەکرد. بۆیە ناچار بوون جارێکی دیکە بگەڕێنەوە جەزائیر، ئەو کاتەش فڕۆکە لەوێوە بۆ یۆنان و لە یۆنانیشەوە بۆ جەزائیر دەچوو، ئیتر جەزائیریش کە جارێک لێی دەرچووبوو، پەسندی نەدەکرد بگەڕێنەوە، بەم شێوەیە هەڤاڵان بێ جێگە و ڕێگە دەمانەوە و ئیدی ڕادەستی

تورکیەیان دەکردنەوە، پیلانێکی بەم جۆرە لە ئارادا بوو. ئێمە بەو هەڤاڵانەمان گوت «ئێوە لە یۆنان لە فرۆکەخانە ڕابکەن و لەوێ داوای پەنابەری بکەن»، ئەوانیش لە یۆنان داوای پەنابەری دەکەن و بەم شێوەیە ڕزگاریان دەبێت، ئەگەر وەها نەبوایە، ئەوان ڕادەستی تورکیەیان دەکردنەوە. (جەمیل بایک:٢٠١١، ٣٢٧).

بەمشێوەیە پەکەکە خۆی دەخاتە نێو کایەیەکەوە کە هیچ پێوەندییەکی بە کوردەوە نیە، ئەم شەڕە پەکەکە بە تەواوی دەخاتە بەرەی سووریە، کۆماری ئیسلامی و یەکیەتیی سۆڤیەت. ناوی بزووتنەوەی کورد تێکەڵ بە ناوی حیزبوڵڵا و گرووپە فەلەستینی و لوبنانییەکانی دیکە دەکات و بە کردەوە پەکەکە لە بەرانبەر ئیسرائیل دادەنێ. بۆیە ئەگەر ئیسرائیلیش لە ڕفاندنی ئۆجەلان هاوکاریی تورکیەی کرد، پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی پەکەکە دژی ئیسرائیل!

## قۆناغی دوای شەڕی ئیسرائیل

لە ساڵی ١٩٨٢ توانیمان چەند گرووپێک بۆ ناوخۆی کوردستان بنێرینەوە و چەند گرووپێکیش بکێشینە لوبنان. کۆنگرەی دووهەممان هەر لەو ساڵەدا گرت (٢٠ی ئاگوستی ١٩٨٢) (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٣٧).

هەڤاڵ ئەبووبەکر لە سەر کۆنگرەی دووهەمی پەکەکە دەڵێ: «جیلی یەکەم لە قیادەی پەکەکە لە زیندان بوو، کەسێکی وەها نەمابوو، یان شەهید ببوو، یان لە زینداندا بوو، نموونەی ئەوانەش خەیری و کەمال و مەزڵووم بوون، بۆیە بەپێویست دەزانرا کە قیادەیەکی دیکە لە ناو پەکەکەدا دروست بکرێت، بۆیە قیادەیەک بە شێوەی کاتی بۆ پەکەکە دروست بوو کە کاری ئەوە بوو ڕێکخستن لە نێو شارەکاندا فراوان بکات. ئەمە لە دوای کۆنگرەی دووەم بوو، لە ناو ئەو قیادەیەشدا یەکێکیان من بووم، کۆنگرەی دووەم بەبێ هەڵبژاردن بە ڕێوەچوو، لەبەر ئەوەش دروست نەکرا کە ئاپۆ گوتی بڕۆنە شەڕ، لە ناو شەڕدا کێ بتوانێت خۆی ئیسپات بکات، ئەو دەبێتە قیادە، (هەڤاڵ ئەبووبەکر: ٢٠١٢) واتە ئەوەندە کێشە هەبووە کە ڕێبەرایەتییان بۆ هەڵنەبژێردراوە، بۆیە ئۆجەلان هەموویانی ناردووە بۆ شەڕ، کی توانی شەڕ بکات و لە شەڕ دەرباز ببێ دەبێتە قیادە!

لەم کۆنگرەیەدا بڕیارێک دەردەچێ کە بە تەواوی ئۆجەلان دەسەڵاتی لە ناو پەکەکەدا جێگیر دەبێ و نەیارانی خۆی بە دەست ئاوەڵاییەوە ڕاو دەنێ. جەمیل باییک دەڵێ: «کۆنگرە بڕیاریدا هەر کەسێک کە ببێتە ئەندامی کومێتەی ناوەندی، ئەندامەتیی لە کومیتەی ناوەندیدا کاتییە، تا ساڵێک ئەنجام دانی کار و پراکتیک، دوای ساڵێک ئاپۆ بڕیار دەدات کە کێ بە فەرمی ببێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و کێ نابێتە ئەندام (جەمیل باییک: ٢٠١١، ٣٢٧).

لەو کاتەدا ئۆجەلان بیر لە کۆماری تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئیسلامیی ئێرانیش دەکاتەوە و دەڵێ دوای سەرکەوتنی شۆڕشیی ئیسلامی ئێران دۆخەکە بۆ چالاکی و تێکۆشان لە بەشەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور لەبارتر ببوو. لەو ناوچانە هەڤاڵ محەممەد کاراسۆنگر کە لە تێکهەڵچوونەکانی سیۆرک بەشدار ببوو و دەیتوانی کارە پێویستەکان بکات، بەڵام شەهیدبوونی ئەو لە ١٩٨٣دا بەد شانسییەکی جیدی بوو (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٠١). دواتر ئاماژە بەوە دەکرێ کە هەر لەو ساڵەدا ئۆجەلان لەگەڵ ڕژیمی ئێران پێوەندی گرتووە. پێویست بە ئاماژەیە ئەوکات کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندا بوو و کۆماری ئیسلامی پێشوازیی لە هەر هێزێک دەکرد کە دژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بێت.

لەم ساڵانەدا پەکەکە تووشی کێشەی ناوخۆیی دەبێ. ئۆجەلان دەڵێ: «لە ساڵی ١٩٨٣ هێزمان ناردەوە بۆ کوردستان، بەڵام نەیانتوانی بەو جۆرەی کە دەمانویست کار بکەن. لە سەرەتاکانی ١٩٨٣دا دەرکەوت کە ڕەوتی فیتنە چالاکییەکانی خۆی لە ناو پەکەکەدا پەرەپێداوە. بە پاڵپشتیی ئورووپا لەگەڵ هێندێک گرووپی دۆڕاوی «ڕێگەی شۆڕشگێڕان» یەکیان گرتبوو و سەر لە نوێ ڕوویکردبووە لای ئیمپریالیزمەوە. فیتنەیەک کە سەمیر ڕێبەریی دەکرد و دەیەویست پەکەکە بە شێوەیەک لە ناو ببات کە جارێکی دیکە هەڵنەسێتەوە! هۆی سەرەکی ئەوەی کە ساڵەکانی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ لاواز بووین، دەرکەوتنی فیتنەی سەمیر و دار و دەستەکەی بوو. لە ئاکامدا هێرشمان کردە سەری، بۆیە هەموو ئورووپا (تەشکیلاتی پەکەکە لە ئورووپا) هێرشی هێنا بۆمان. دەیانەویست پەکەکە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، کاریگەرییان لە سەر ٣ لە ٤ی پەکەکە دانابوو. دەیانەویست کۆنترۆڵم بکەن! بەڵام چۆن؟ لە ڕێگەی کەسێک بە ناوی فواد و زیاد. بە زیاد دەیگوت «وەرە با لە سەر دابەشکردنی پەکەکە پێکبێین!» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س،١٤١ و ١٤٢). ئۆجەلان ئاماژە بە ناوی چەند کەسێکی دیکە وەک سەحەر، داوود، شۆڕش، فاتیمە و... دەکات و تاوانی فیتنە دەخاتە پاڵیان (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٣٩-١٤٦). ئەم ئاڵۆزییانە تا ئاستێک بەرز بوونەوە کە ئۆجەلان دەڵێ: ساڵی ١٩٨٢ کەس نەچووە سەر شاخ! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٤٣)، بەڵام لە قسەکانی ئۆجەلاندا دیارە کە ناڕازییەکان زۆرینەیەکی ڕەها بوونە لە ناو پەکەکەدا. ٣ لە ٤ی تەشکیلاتی پەکەکەیان لەگەڵ بووە،

ڕێبەریی ئۆجەلان بە تەواوی دەکەوێتە مەترسییەوە. فاتیمە خۆی وەکوو ڕێبەر ناساندووە و وتوویە من ڕێبەرم و هەموو کاناڵی پێوەندییەکان دەبێ بە فەرمانی من و لە ژێر چاوەدێریی مندا پێکبێن (ئۆجەلان: ۲۰۰۸-س، ١٤٤). ئۆجەلان دەڵێ ویستی سەمیر ویستێکی ڕێفۆرمیستی بوو کە لە بەرانبەر ڕەوتی شۆڕشگێڕیدا ڕاوەستابوو (ئۆجەلان: ۲۰۰۷-ئا، ۲۰٤)، هەر بۆیە بەرانبەر بە پلانی ناردنەوەی گەریلا بۆ ناوخۆ ڕادەوەستێ. ئۆجەلان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەمیر ویستوویە کار و چالاکیی پەکەکە لە سووریەوە بگوازێتەوە بۆ ئورووپا. چونکە سەمیر پێیوا بووە ئەو تاکتیکەی ئۆجەلان سەرناکەوێ. بە کورتی سەمیر باوەڕی بە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ باکووری کوردستان هەبووە، بەڵام باڵی ئۆجەلان بە توندوتیژی باوەڕیان هەیە و تەنانەت تێئۆریزەی دەکەن.

بۆ ئەم کارە کتێبی «ڕۆڵی توندوتیژی لە کوردستان» بە مەبەستی پاساوی کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە لە هەر فۆرمێکیدا دەنووسرێت. دوای ئەوە هەرکەس کە وتوویە ناڕۆمەوە بۆ شەڕ و لایەنگری سەمیر بووە کوشتوویانە، ئۆجەلان ئاماژە بەوە دەکات کە کەسێک بە ناوێ شۆڕش کە کادرێکی دڵسۆزیش بووە و پێشتر عەمەلیاتی دژی دەوڵەت کردووە، لە سەر سنوور دەڵێ: من نایەمەوە بۆ شەڕ، هەر لەوێ هەڤال عەگید لە بڕیارێکی بەجێدا گولەبارانی دەکات (ئۆجەلان: ۲۰۰۸-س، ١٤٠و ١٤١ و ١٤٣).

ئۆجەلان دەڵێ: «لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣دا کۆبوونەوەیەکی بەرینمان گرت و لە سەر ئەوەی کە بۆچی ساڵی ١٩٨٤ دەبێ بکرێ بە ساڵی دەستپێکی خەباتی چەکداری، باسکرا (ئۆجەلان: ۲۰۰۸-س، ١٥٩)، هاوکات فیتنەیەک (ڕێفۆرمیستەکان) لە ناو ڕیزەکانی ئێمەدا سەریهەڵدابوو، بۆیە لە بەرانبەر ئەم فیتنەیەدا بەرنامەی ناردنەوەی هەڤاڵانمان بۆ سەر شاخ پەرەپێدا، توانیمان هێندێک چالاکی لە چوارچێوەی تاکتیکی ئەو کاتدا جێبەجێ بکەین. تا ئەوەی کە بە ئاستێک گەیشتین کە هێرشی ١٥ی ئاگۆستمان دەستپێکرد (١٥ی ئاگوستی ١٩٨٤ دەستپێکی خەباتی چەکداری بە فەرماندەیی مەعسوم کۆرکماز ناسراو بە (عەگیدە)، ئەم ڕۆژە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی خەباتی چەکدارییە. عەگید لە ٢٨ی مارسی ساڵی ١٩٨٦ شەهید کرا. ئەم هێرشەمان بە گرووپێکی ٣٠٠ کەسییەوە

دەستپێکرد. بە تێپەڕینی کات گرینگیی زیاترم بە خەباتی چەکداریدا و بیرم لەوە کردەوە» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ١١٧ و ١١٨). واتە پەکەکە لە ماوەی نزیک بە پێنج تا شەش ساڵدا لە سووریە تەنیا ٣٠٠ گەریلای بۆ کۆ بووەتەوە. ئۆجەلان دەڵێ: «لە ساڵی ١٩٨٥ ئەگەر گەریلایەتییەکی چاک کرابا نزیکەی ٣٠٠ کەسمان هەبوو» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٦٠). عاکیف حەسەن کە کوردێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و بەرپرسی پێوەندیی دیپلۆماسیی پەکەکە لە ئورووپا بووە دەڵێ: لە ساڵی ١٩٨٦ لە کەمپی لوبنان بوونە، سەردەمی کۆنگرەی سێهەم بوو، ئاپۆ گوتی: لە کوردستانی تورکیەوە ٢٥ کەس هاتوون، لە کەمپەکەش ٢٥٠ کەس بوون، کە ٤٥ کەسیان کوردی سووریە بوون، دوای ئەوە ماوەیەکی دوور و درێژ تا ساڵەکانی ١٩٩٠ و ١٩٩١ باوەڕ ناکەم لە شارەکانی دیاربەکر، باتمان، ئاگری، قارس، بتلیس، مووش... کەس هاتبێتە ناو پەکەکە. لە ١٩٨٧دا گرووپێکی دیکەی کوردی سووریە هاتنە ناو پەکەکە کە خالید سۆفی بەرپرسیان بوو و دواتر بە دەستی پەکەکە کوژرا، یەکێک لە باشترین ڕووناکبیرەکانی ئێمە بوو. ئەو گرووپە ٧٥ کەس بوون. (عاکیف حەسەن، ٢٠١٣) نەهاتنی خەڵک بۆ ناو ڕیزەکانی پەکەکە لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە لە نێوان چین و توێژەکانی گەلی کورددا، کاردانەوەیەکی گەورە دژی پەکەکە وەکوو ڕێکخراوێک لە ئارادا بوو کە بێ بنەما و لەوپەڕی سەرسوڕماندا توندوتیژی بەکار دێنێ، سەیری پەکەکەیان دەکرد و بە هەندیان وەرنەدەگرت، بەڵام دواتر هاوسەنگییەکان وردەوردە گۆڕانکارییان بە سەردا هات و پەکەکە، بە ڕێکخراوێک زانرا کە لە بەرامبەر کوودەتا و ڕێژیمدا شەڕ دەکا بۆ ئەوەی مافی کوردەکان دەستەبەر بکا و کوردستان ڕزگار بکات (کەماڵ بوورکای:٢٠١٢) لە ساڵی ١٩٨٩ سەرکەوتنی باشمان دەستەبەر کرد، ڕووداوی جەزیرە ڕوویدا، گەریلا لە جوودی بوو. لە بۆتان دۆخەکە باش بوو، بەرەبەرە گەل گەریلای قبووڵدەکرد (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٦٥). واتە تا ساڵی ١٩٨٩ هێشتا کورد لە باکوور پەکەکەی قبووڵ نەبووە. ئەم کێشەیە لە باکوور ئێستاش هەیە و بە رادەی نوێنەرانی پارلەمانی کوردی سەر بە پارتە تورکییەکان دەردەکەوێ.

هاوکات لەگەڵ دەستپێکی خەباتی چەکداری لە ڕۆژی ١٥ی ئاگوستدا بڕیار بووە بەرەی ئازادیی نەتەوەیی کوردستان ERNK ـیش دابمەزرێ. کەسیرە ژنی ئۆجەلان دەکەنە بەرپرسی، بەڵام بە وتەی ئۆجەلان دەستدەکات بە ئاژاوەگێڕی و

بەرنامەکە بەرەوپێش ناڕوات، دواتر بە شێوەیەکی لاواز رادەگەیەندرێ (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٤٤). لەگەڵ ئەم عەمەلیاتەدا بە شێوەیەکی فەرمی هێزەکانی ڕزگاریی کوردستان HRK دامەزران کە دواتر (کۆنگرەی سێهەم) گۆڕان بە ئەرتەشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان ARGK. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-ئا، ١١٤).

لە ساڵی ١٩٨٦دا کۆنگرەی سێهەمی پەکەکە لە دۆڵی بەقاع لە لوبنان دەگیردرێ. هەر وەک ئاماژەی پێکرا، لە پێش کۆنگرەوە ناکۆکییەکی قووڵ لە ناو ڕیزەکانی پەکەکەدا هەبوو. ئۆجەلان ئاماژە بەوە دەکات کە لە ساڵی ١٩٨٦دا کە دژی فیتنەی ناوخۆیی خەباتی کردوە، هێندێکی سزا داوە و هێندێکیش لە پەکەکە هەڵهاتوون (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٥٨). هەڤاڵ ئەبووبەکر ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ: لە کۆنگرەی سێیەمدا، زۆر کەس لەگەڵ کەسیرە بە بڕیاری ئۆجەلان دەستگیرکران و دواتریش پەکەکە سەمیری کوشت (هەڤال ئەبووبەکر، ٢٠١٢). لە کۆنگرەی سێهەم هەموو ئەندامانی ڕێبەریی پەکەکە هەر لە دۆران کالْکان و جەمیل باییکەوە تا فاتیمەی هاوسەری ئۆجەلان و عوسمان ئۆجەلانی برای، بە بڕیاری ئۆجەلان دەسبەسەر کران. (عاکیف حەسەن: ٢٠١٣) بۆیە لە ئاکامدا ئۆجەلان سەردەکەوێت و بەپەلە دەیەوێ ئاکامەکانی کۆنگرە بگەیەنێتە ناو باکوور. لەم بارەیەوە دەڵێ پێش لە تەواوبوونی ساڵێ ١٩٨٦ گرووپگەلێکمان بە مەبەستی ناردنەوە بۆ نیو وڵات ئامادە کرد، لە ڕۆژهەڵاتەوە لە ڕێگەی ئێرانەوە هێندێکمان ناردەوە تا ئاکامەکانی کۆنگرە بگەیەنینە ناوخۆ (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٦١).

لە ناو کۆنگرەدا چوار لایەنی سەرەکی هەبوونە کە ناوی چەمکیان لەسەر داناون و سێ لایەنیان دژی باڵی ئۆجەلان بوونە. چەمکی سوسیالیزم، چەمکی بۆرژوازی بچووک، چەمکی فێئۆدال ـ ئاریستۆکرات چەمکی هێڵی ناوەڕاست. لە ئەنجامدا چەمکی سەرۆکایەتی (سوسیالیزم) لە پارتیدا حاکم بوو و چەمکەکانی دیکە مەحکووم کران. کۆنگرە بە مەحکوم کردنی چەمکی بۆرژوازی بچووک (کەمالیست و بورژوازی بچووک) لە کەسایەتی هەڤاڵ عەبباسدا، لە دژی ئەم چینە شەڕێکی گەورەی بەڕێوەبرد، چەمکی فێئۆداڵ ـ ئاریستۆکرات کە لە کەساتەتی فاتیمە و سەلیمدا خۆی دەنواند، ئاشکرا بوون و مەحکوم کران. چەمکی هێڵی ناوەڕاست گەرچی بە هەژمار زێدە بوون، بەڵام زۆر ترسناک نەبوو و نوێنەرایەتی ئەو چینە

نەکەوتە بەر چاوان. لە ئەنجامدا هەڤاڵ عەبباس لە نێو پارتیدا مایەوە و سەلیم و فاتیمە دەرکران و لە نێو ERNK جێگەیان پێ درا. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ٤٩٥) بەم شێوەیە ئۆجەلان نەیارانی خۆی لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا راو دەنێت.

لە کۆنگرەی سێهەمدا HRK گۆڕدرا بە ARGK و بریاری سەربازی زۆرە ملێش لە کوردستان دەرکرا. جەمیل بایک دەڵێ ئەمە پێشنیاری گەل بوو، چوونکە خەڵک دەیگوت ئەرتەشی دەوڵەتی تورک یاسای دەرخستووە سەربازی کردۆتە ناچاری و دێت و گەنجانمان دەبات، ئێوەش یاسایەکی عەسکەری لەم جۆر دەربکەن و وەرن گەنجەکانمان ببەن. (جەمیل بایک: ٢٠١١، ٣٩٣) (تورکیە) لە هەرێمی بۆتان شاڵاوێکی سەربازی گەورەی کردە سەرمان، بەڵام نەتوانی زەبرمان لێبوەشێنێ، چونکە تەدبیرمان وەرگرتبوو. لەبەر کەم بوونی هێزەکەمان شەڕێکی ئەوتۆمان نەکرد و خۆمان پاراست. دوای ئەو شاڵاوە توانیمان بڕیاری سەرباز گرتنی زۆرە ملێ جێبەجێ بکەین و لە ناوچەکانی شەرناخ و ئلودەرە ئەنجامێکی باشمان وەدەستخست. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ٥٤٢) ئەم یاسایە کە جمیل بایک دەڵێ لە سەر داخوازی خەڵک بووە لە ئەساسدا بۆ ئەوە بووە کە وەک پێشتر گوترا؛ خەڵکی باکوور نەهاتۆتە ریزی گەریلاوە.

هەڤاڵ بۆتان دەڵێ: ئەوکات خەڵکی باکور بە دڵ نەدەهاتن و هاوکاری پەکەکەیان نەدەکرد. سەرکردایەتی پەکەکە یاسایەکی دەرخست کە گەنجەکان سەربازیی بۆ تورکیا نەکەن و بێن بۆ ریزەکانی پەکەکە. لە سەرەتای دەرکردنی ئەو یاسایەدا، کورجەماڵ و هۆگر دەیانگوت عەشیرەتەکان دژمنایەتی پەکەکە دەکەن و ئێمە دەچین کوڕەکانیان دێنین کە باوکەکانیان لە هاوکاریکردنی دەوڵەت بکشێنینەوە. ئەوان چوون و گەنجەکانی (٦ـ٥) عەشیرەتی ژێرکی، ئەرتوش، شەمدینان، هەکاری، سلۆپی، شرناخ، گابار... کە دژی پەکەکە شەڕیان دەکرد، هێنا، بەڵام ئەوانەمانەوە رایان کرد. پەکەکە بۆ رێگە گرتن لە راکردنیان بە سەدان کەسیان لە بەرچاوی ئەو گەنجانە کوشت، کەچی سیاسەت سەر نەگرت و شکا. ئەوە بوو کە پەکەکە لە ساڵی ١٩٨٦وە نەیتوانی گەریلا بنێرێتەوە باکوری کوردستان. (حامید گەوهەری: ٢٠١٦) بایک دەڵێ: کۆڕجەماڵ هێندێ هەڤاڵی ناردە شەمزینان و پێی گوتن؛ بچن یاسای سەربازی زۆرە ملێ پیادە بکەن و لە ناو گوندان هەر

کوڕێکی وەبەر دەستتانکەوت بیگرن و بیهێنن. بۆ چاوترساندنی گوندییەکان یەکێکیش لەوانە بکوژن. ئەوانیش وایان کردبوو و هەر کەسیان وەبەر دەستی هاتبوو، گرتبوویان و هێنابوویان. کاتێک ئەوانە چووبوون وەکوو گورگ کە دەکەوێتە ناو مەڕان، هەر کەسیان وەبەردەست هاتبوو، گرتبوویان و هێنابوویان. میللەتیش ترسابوو و هەندێک منداڵیان گرتبوو و بێ ئەوەی بزانن کە تاوانبارن یان نا کوشتبوویانن. ئەوانەی کە گیرابووشن وەیانزانیبوو کە ئەوانیش دەکوژن، بۆیە هەندێک لە رێگە رایان کردبوو و یەکێکیش کە رادەکا، دەیگرن و لێی دەدەن وپاشان ئەویش خۆی کوشت. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ٥١١) سەربازگیرییەکەی پەکەکە دەستکەوتەکانی پەکەکەی خستە مەترسییەکی بەرچاوەوە، ئەویش بە دروستی لە هێرشەکانی سەر ئاواییەکاندا هەستی پێدەکرا. سەلاحەدین چیلیکی فەرماندەی پێشووی پەکەکە دەیوت: هاوکات رفاندنەکان هانی خەڵکی دا تا پێوەستبن بە پاسەوانانی سنوورەوە تا بتوانن چەک بە دەستبهێنن و لەو پێناوەدا زاڕۆ و سامانیان دژ بە پەکەکە بپارێزن. هەر بۆیە پەکەکە بە خێرایی چاوی خشاندەوە بە نەزمی یاسای زۆرەملێدا. (ئەلیزا مارکوس: ٢٢٢).

سەرکوتی لە ڕادەبەدەری دەوڵەتی کوودەتا لە باکووری کوردستان، دەستپێکردنی خەباتی چەکداری، کوژرانی هەڤاڵ عەگید، گیان لەدەستدانی مەزلووم دۆغان، کەماڵ پیر و محەممەد خێری لە بنیاتنەرانی پەکەکە لە گرتووخانەدا و هەروەها پشتیوانیی دەرەوە و لەوانەش سووریە لە پەکەکە، باڵی ئۆجەلان لە کۆنگرەی سێهەمدا سەر دەخات، چوونکە هەمووی ئەمانە دەبنە کارتی دەستی ئۆجەلان، دەنا بە وتەی ئۆجەلان سێ لە سەر چواری پەکەکە لایەنگری باڵی ڕێفۆرمیستی پەکەکە بوون و ئەگەر دەستێک لە کاردا نەبێ ئۆجەلان ناتوانێ بە پشتیوانیی یەک لە سەر چواری پەکەکە سێ لە سەر چوارەکەی دیکە لە مەیدان وەدەر بنێت.

بە دوای کۆنگرەی سێهەمدا پێوەندییەکانی پەکەکە لەگەڵ سووریە بە خێرای بەرەوپێشدەچێت. کاتێک کە کێشە لە نێوان ڕەفعەت و حافز ئەسەد دروست بووە، ڕەفعەت کە سەرەتا بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ پەکەکە بووە، دوور دەخرێتەوە، بۆیە دوای ئەو پەیوەندییەکانی پەکەکە لە ڕێگای جەمیل ئەسەدەوە بووە کە برا بچووکەکەی حافز ئەسەد بووە، ئاپۆش زیاتر پەیوەندیی لەگەڵ ئەو

بووه (هەڤاڵ ئەبوبەکر: ٢٠١٢). لەو کاتە بە دواوە سووریە ئیزن بە پەکەکە دەدات تا لە سەر کوردەکانی سووریەش کار بکات و ئەوان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. بۆیە چەندین بنکەی تایبەت بە وەرگرتنی گەریلا و چەندین فێرگەی سیاسی-سەربازی لە ناوخۆی خاکی سووریە دادەمەزرێنێ. (میشێل گۆنتێر: ١٩٩٧، ٢٦)

سووریە بە هۆی هەبوونی ئەو کێشانەی کە لەگەڵ تورکیە هەیەتی و پێشتر بە وردی باسیان لە سەر کرا، لە جووڵانەوە سیاسییەکانی دژبەری تورکیە پشتیوانی دەکا، سێ گرووپ لە دژبەرانی تورکیە کە سووریە پشتیوانیی لێدەکردن بریتی بوون لە پەکەکە، (ئاسالا) یان ئەرتەشی نهێنی بۆ ڕزگاریی ئەرمەنستان و لایەنە ڕادیکاڵەکانی تورک. هەمووی ئەم گرووپانەش لە دۆڵی بەقاع بوون.

دۆخی ئاڵۆزی نێوان تورکیە و سووریە بوو بە هۆی ئەوە کە دوو وڵات پێکەوە گرێبەستێکی ئەمنییەتی واژۆ بکەن. لە ساڵ ١٩٨٧، تۆرگۆت ئۆزال سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی تورکیە گەیشتە دیمەشق و وتووێژەکانی دەستپێکرد. تەنیا ئاکامی گرێبەستی ١٩٨٧، کەمبوونەوەی کاتیی ئاڵۆزییەکانی نێوان دوو وڵات بوو. دەوڵەتی سووریە لەم کاتەدا ڕازی نەبوون بەوەی کە ئۆجەلان لەم وڵاتە دەر بکەن و تەنیا بە شێوەیەکی کاتی شوێنەکەیان بۆ دۆڵی بەقاع دوور خستەوە. یەکێک لە بەرپرسانی باڵای سووریە دوای واژۆی گرێبەستەکە وتی: سووریە ڕێگە بە ئۆجەلان دەدات کە لە دیمەشق لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتیی سۆڤیەت چاوپێکەوتن بکات. لەم کاتەدا دەوڵەتی سووریە تا شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ درێژەی بە یارمەتیدانی پەکەکە دا و لە بەرانبەریشدا تورکیە ڕادەی هاتنی ئاوی فوراتی بۆ ناو سووریە کەم کردەوە. (میشێل گۆنتێر: ١٩٩٧، ٩٣)

لە ساڵی ١٩٨٩ دەوڵەتی تورکیە ڕایگەیاند: بەمەبەستی پڕکردنی بەنداوی ئاتاتورک بە نیازە لە ساڵی ١٩٩٠دا بۆ ماوەی مانگێک پێش بە هاتنی ئاوی فورات بۆ نێو خاکی سووریە بگرێ. لە ساڵی ١٩٩٠دا فڕۆکەیەکی فێرکاریی سووریە کە دزەی کردبووە ناو خاکی تورکیە، لەلایەن هێزەکانی ئەو وڵاتەوە کەوتە خوارەوە کە لەو ڕووداوەدا ٥ کەسی سووری کوژران. دواتر ڕاگەیەندرا کە دزەکردنی ئەو فڕۆکەیە، هەر بەمەبەستی سەردەرهێنان لەو هەڕەشەیەی تورکیە بۆ بەستنی ئاوی ڕووباری فورات بووە. دوابەدوای ئەم کردەوەیەی تورکیە، لە ساڵی ١٩٩٠دا حافز ئەسەد

سەرکۆماری ئەو کاتی سووریە، بەشداریی لە ڕێوڕەسمی کۆتایی خولی فێرکاریی کادرەکانی پەکەکەدا کرد. (طباطبایی: ١٣٧١، ٤٦) پەکەکە سوێندی خوارد کە بەنداوی ئاتاتورک و دامودەزگاکانی دیکەی پرۆژەی گاپ بتەقێنێتەوە. تورکیە زیاتر لە جارێک هەوڵیداوە کە لە ڕۆڵی خۆی وەک نێونجی، لە کێشەی ئاو وەک شەڕ دژی پەکەکە کەڵک وەرگرێ. لە ساڵی ١٩٨٩ تورکوت ئۆزال وتبووی ئەگەر سووریە کوردەکان لە وڵاتی خۆی نەکاتە دەرەوە، ڕووباری فیرات دەبەسترێ. (مارک ویلێر: ٢٠٠٠، ٢٠٤-٢١٥).

هەر لەم ساڵەدا کە ئاڵۆزیی نێوان تورکیە و سووریە قووڵتر دەبێتەوە، پەکەکەش تێکهەچوونەکانی لەگەڵ ئەرتەشی توکیە پەرە پێ دەدات، ئۆجەلان دەڵێ لە سەرەتای ١٩٨٩دا پێداویستیی زۆرمان دابین کرد، ٥٠٠ کەسمان پەروەردە کرد، هەروەها لە ناوخۆی وڵاتدا گرووپگەلێکمان هەبوون کە پەرەیان دەگرت، هەموو نیشانەکان دەیانگوت کە زۆر چاک پێشوازیمان لە ساڵی ١٩٨٩ کردووە. لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییەکان، پەروەردەشمان بەربڵاوتر کرد. ڕێگەیەکی ساناترمان بۆ چوون بەرەو شاخ دۆزییەوە، ڕێگە کراوەکان بە خێرایی بەهێزتر دەبوون، هەمووی ئەم ڕێگایانەمان بۆ عەمەلیاتی ١٩٨٩ کردەوە. ئەو ساڵە سەرکەوتنی چاکمان دەستەبەر کرد (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٦٥).

لەم کاتەدا پەکەکە بەرەو بەستنی کۆنگرەی چوارەمی خۆی دەچێ. لە کۆنگرەی چوارەمی پەکەکەدا دیسانەوە بیرۆکەی ڕێفۆرمیستی سەرهەڵدەداتەوە کە دەیانەوێ پەکەکەیەکی نوێ بخولقێنن. ئۆجەلان دیسانەوە ئەم بیرۆکەیە بە میتەوە گرێ دەدات و دەڵێ: « (میت) دوای ئەوەی هێندێک لایەنگری خۆیان لە سەر شاخەکان ئامادە کردبوو، ڕایانگەیاند کە ئاپۆ تەواو بوو و پەکەکەیەکی نوێ لە دایک دەبێ... لە ڕێگەی کۆمینتێرنەوە دەیانەویست بەرنامەکانیان جێبەجێ بکەن. دەیانەویست پەکەکەی ڕاستەقینە لە نێو بەرن و پەکەکەیەکی ساختە لە جێگەی دابنێن. محەممەد شێنێر کە خۆی وەک کەسی دووهەمی پەکەکە دەناساند و لایەنگرانێکی بە دەور خۆیدا کۆ کردبووە و بە ڕاستیش کەسێکی زیرەک بوو، لە ڕاستیدا تورکیە بۆ ئەم کارەی ئامادە کردبوو... لە ساڵی ١٩٩٠دا ئارمانجی هێزە ئیمپێریالیستەکان سڕینەوەی پەکەکە نەبوو، بەڵکوو دوورخستنەوەی پەکەکە لە

من و چێکردنی پەکەکەیەکی ڕێفۆرمیست بوو» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ١٢٤ و ١٢٣).

محەممەد شنێر لە گرتووخانە ئازاد دەبێ، حەسەن بیندال دۆستی سەردەمی منداڵیی ئۆجەلان لە ناو بنکەی پەکەکە دەکوژرێ. لە ئاکامی کوژرانی حەسەن بینداڵدا ئۆجەلان دەڵێ هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە بە بێ پاککردنەوەی حیزب لە هەر چەشنە فیتنەچی و فیئۆدال و هەروەها یاساشکێنێک ناتوانین لەگەڵ دوژمن بەربەرەکانێ بکەین. لەم نێوانەدا بەستێن بۆ گرتنی کۆنگرەی چوار ئامادە دەکرێ، بە وتەی ئۆجەلان شێنێر دەیەویست خۆی بە سەر کۆنگرەدا بسەپێنێ. هەروەها خواستی ڕێفۆرمخوازیی شێنێر بە قۆناغی چاکسازیی ئۆزال لە تورکیەوە پەیوەند دەدات و دەڵێ شێنێر لە گرتووخانەدا بۆ ئەو کارە ڕازی بووبوو و هەمان کایەی سەمیری دووپات دەکردەوە، دەیەویست پەکەکە بکێشێتە نێو هێڵێکی ڕێفۆرمیستی. ئۆجەلان هەر چەند سەرۆکی پەکەکەیە و دەبێ لە ناو کۆنگرەدا بەشدار بێت، بەڵام لەم کۆنگرەیەدا بەشداری ناکات و لە ئاکامیشدا بەبێ ئەوەی ئەندامی کۆنگرە بێت، وەک سەرۆک هەڵدەبژێردرێتەوە! ئەو هەرچەند لە کۆنگرە بەشدار نابێت، بەڵام بە وتەی خۆی هەموو شتەکانی ڕێکخستووە. پێش لە کۆنگرە کۆنفرانسێک لە ژێر ناوی کۆنفرانسی نەتەوەیی دەگرن و هەموو شتەکان لەوێ ڕێکدەخات. بۆیە بۆ جارێکی دیکە ڕەوتی ڕێفۆرمی ناو پەکەکە هەرەس دێنێتەوە (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٢٠٤، ٢٠٥، ٢٠٨ و ٢٠٩)، ئۆجەلان دەڵێ موحەممەد شێنێر دواتر کوژرا! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ١٢٤). لە لایەکی دیکەوە ئۆجەلان دەڵێ کە دواتر تێگەییشتین کە هەوڵ دەدات پەکەکە بکاتە حیزبێکی یاسایی و بۆ گەییشتن بەم جۆرە حیزبەش بە چڕوپڕی و بەوپەڕی نهێنییەوە ئیشی دەکرد! بێگومان ئێمەش هەوڵماندا ئەم پیلانگێڕییە نەهێڵین و لە هەر سێ بەرەوە (ئۆرووپا، بەندیخانەکان و سەر چیا) پەلامارماندا و کۆتایی بەم پیلانگێڕییەی محەمەد شنێر ناوە هات. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ١٨٥ و ١٨٦) ئۆجەلان لەمکارە وەک خیانەت ناو دەبات، کارێک کە خۆی لە دوای دەست بەسەر کرانییەوە تا ئێستا خەریکیە، بەڵام بە هیچ ئاکامێک نەگەییشتووە!

هاوکات لەگەڵ تەواوبوونی کۆنگرەی چوارەمی پەکەکە شەڕی یەکەمی کەنداو دژی داگیرکاریی عێراق ڕوو دەدات. ئەم شەڕە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تورکیە

و سووریە بە شێوەی کاتی پەیوەست بە هێزە هاوپەیمانەکانی دژی عێراقەوە ببن. گەرچی ئەم یەکگرتنە نەیتوانی کێشەکانی ئەوان لە سەر کوردەکان و ئاو چارەسەر بکات، بەڵام ئەم دۆخە دەرفەتێکی لەباری بۆ واژۆکرانی گرێبەستێکی ئەمنییەتی لە نێوان هەر دوو وڵاتدا خولقاند. لە ئاپریلی ١٩٩٢دا، وەفدێکی پایەبەرزی تورکیە بە سەرۆکایەتیی حیکمەت چەتین، وەزیری دەرەوە، عیسمەت سزگین وەزیری ناوخۆ، لەگەڵ حافز ئەسەد سەرکۆماری پێشووی سووریە و فاروق ئەلشەرع وەزیری دەرەوەی سووریە وتووێژیان کرد. بەرهەمی ئەم وتووێژە واژۆکردنی گرێبەستێک لە نێوان هەر دوو وڵاتدا بوو، بە شێوەیەک کە ئەحمەد سزگین وتی: «من لە سەر ئەو باوەڕەم کە دەوڵەتی سووریە لەمە بەدواوە لە تیرۆریستەکانی پەکەکە پشتیوانی ناکات». ناوبراو ئەم گرێبەستەی بە باشترین گرێبەست ناو برد کە تا ئەو کات واژۆ کرابوو. وەفدی تورکیە لەم سەفەرەدا بۆ ماوەی چوار کاتژمێر لەگەڵ سەرۆک کۆماری سووریە وتووێژیان کرد.

خاڵە سەرەکییەکانی گرێبەستی ئەمنییەتی ئاپریل بریتی بوون لە هاوکاری بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم و پێشگرتن بە دزەکردنی تیرۆریستان، ڕێگەنەدان بە دژبەرانی هەردوو وڵات بۆ ڕێکخستن و گرتنی هێز و بانگەشە و پێشگرتن لە لەشکرکێشیی ناپێویست لە تەنیشت سنوورەکانی یەکتر. (رۆبێرت ئۆ.: ١٩٩٧، ١٧١)

داگیرکردنی کوەیت و شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١دا کە ڕاپەڕینی کوردستانی باشووری لێکەوتەوە، کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر کێشەی کورد دانا و کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕاچڵەکاند. بێگومان ئەم ڕاپەڕینە و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە باکووریش کاریگەریی پۆزێتیڤی هەبوو، ئەوەی کە دەبینین پەکەکە لە دەیەی ١٩٩٠دا گەشەی کرد و خەباتی چەکداریی پەکەکە کە پێش لە دەیەی ١٩٩٠ لە باکوور هێندە گەرموگوڕ نەبوو و نەیتوانیبوو پێگەی خۆی لە ناو باکووردا دەستەبەر بکات، بەڵام دوای ڕاپەڕین دۆخەکە گۆڕدرا و پەکەکە گەشەی کرد، بەشێکی هەرە گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپەڕینی کوردستانی باشوور. لەو ڕاپەڕینەدا کە بۆشایی هێز پێکهاتبوو و پارتەکانی باشوور هێشتا نەیانتوانیبوو سەقامگیرییەک پێکبێنن، پەکەکە بە شوێن تێئۆریزەکردنی

شەڕی ناوخۆوە بووە. ئۆجەلان دەڵێ شەڕی کەنداو دەستیپێکرد، ئەمە بە واتای دەرفەت بوو بۆ ئێمە لە باشووری کوردستاندا، بۆیە ئاکامە سیاسییەکانمان خستە بەر لێکدانەوە و گەریلاکانمان بە درێژایی خەباتی گەریلاییمان پەرەپێدا... لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۹۰ و ۱۹۹۱ لە یەکەمی ژانویەدا کۆتاییمان بە کۆنگرە هێنا، ئەگەر زاخۆ و دهۆکمان بگرتبایا، دەمانتوانی بە دەسەڵات بگەین، بەڵام ڕێبەریی تاکتیکی (مەبەست ئەو فەرماندەگەلەیە کە ئۆجەلان کیشەی لەگەڵیان هەبووە) بیری لەمە نەکردەوە، نەتەوەخوازە دواکەوتووەکان بە پاڵپشتیی ئیمپریالیزم هەنگاو بە هەنگاو دەسەڵاتیان پەرەپێدەدەن، بۆیە مانگەکانی ۹۱ تا ڕادەیەک شکست بوو بۆ ئێمە! (ئۆجەلان: ۲۰۰۸-س، ۲۰۷ و ۲۰۹)، دەستێوەردان گەیشتە ڕادەیەک کە پەکەکە پارتێکی بە ناوی (پارتی ئازادیی کوردستان) PAK لە باشوور دامەزراند کە پێکهاتبوو لە هێندێک لە کۆنە ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان، بەڵام ئەم پرۆژەیەش بە تەواوی تووشی شکستهات و هەوڵەکانی پەکەکە جارێکی دیکە بێ ئاکام مایەوە.

ساڵی ۱۹۹۲ کە تەنیا ساڵێک بە سەر ڕاپەڕینی باشووری کوردستاندا تێپەڕیبوو، ئەرتەشی تورکیە بە بیانووی سەرکوتی پەکەکە هێرشی هێنایە سەر باشوور. پەکەکە لە ماوەی ڕاپەڕیندا بە کەڵک وەرگرتن لە بۆشایی هێز لە باشوور، چەکدارەکانی خۆی لە سووریەوە بەرەو باشوور گواستەوە، هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، سەرەتا ویستی زاخۆ و دهۆک بگرێ، بەڵام شکستیهێنا، ئەمجار هێزی خۆی لە حەفتەنین، خواکورک و چوقورچە کۆ کردەوە و لەوێوە هێرشی دەکردە سەر تورکیە (ئۆجەلان: ۲۰۰۸-س ۲۰۹ و ۲۱۱)، بۆیە تورکیە بۆ پێشگرتن بە هێرشەکانی پەکەکە لە خاکی باشوورەوە، هێرشی هێنایە سەر باشوور.

لە سەرەتای دەیەی ۱۹۹۰دا تۆرگۆت ئۆزال سەرۆک کۆماری تورکیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە ڕێگەی ئاشتییانەوە هەنگاوی هەڵگرت. (ئینتێرناسیونالیزم: ۲۰۱۳) ئۆزال وتی: ئەگەر پێویستیش بکات بڕیاری لێبووردنی گشتی دەردەکەین، ئۆجەلانیش دەتوانێ بێتەوە! دەمەوێ لەم ساڵەی کۆتایی ژیانمدا ئەم کێشەیە چارەسەر بکەم! ئەو کاتەی کە پرۆژەی ئۆزال هاتە ئاراوە پەکەکەش بە تاکتیکی ئاگربەس قووڵتری دەکاتەوە! (ئۆجەلان: ۲۰۰۸-س، ۲۰۸، ۲۱۳ و ۲۱٤). پەکەکە لە

١٧ی مارسی ١٩٩٣ بۆ ئەوەی کە بتوانن لەگەڵ تورکیە کێشەکە لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکەن، ئاگربەسی یەکلایەنەی ڕاگەیاند. لەم بارەیەوە جەمیل باییک دەڵێ: تۆرگۆت ئۆزال ئەو ڕاستییەی دیتبوو کە لە مێژوودا نکۆڵی لە کورد کراوە و لە ناو بردراوە، کورد ڕابووە و سەرهەڵدانی بەرپا کردووە و گورزی بەرکەوتووە و شکاوە و دیسان سەریهەڵداوەتەوە و بەمشێوەیە هاتووە، واتە نە کورد سەرکەوتنی بە دەستهێناوە، نە دەوڵەتی تورکیەش بە تەواوی پاکتاوی کردوون و سەقامگیر بووە... ئۆزال لەوە تێگەیشتبوو کە بەمشێوەیە ئەو کێشەیە چارەسەر نابێت و هەتا دێت ئەو کێشەیە بۆ تورکیە وێرانکاریی مەزنتر بە دوای خۆیدا دێنێت. بۆیە دەیەویست مامەڵەیەکی نوێ بگرێتە پێش. بۆ نموونە دەیگوت: با کێشەی کورد گفتوگۆی لە سەر بکرێت، تەنانەت با لە سەر فیدراسیون (فیدراڵی)ش گفتوگۆ بکرێت. ئەمە لە تورکیەدا لە ڕووی فەرمییەوە یەکەمجار بوو کە باسی لێدەکرا. تا دەگاتە ئۆزال هیچ کەس و دەزگایەکی نێو دەوڵەت نەیدەگوت: کێشەی کورد هەیە، کەس نەیدەگوت: با ئەو کێشەیە چارەسەر بێت و با گفتوگۆی لە سەر بکرێت. یەکەمجار ئۆزال وتی ئەو کێشەیە هەیە و با گفتوگۆیشی لە سەر بکرێت، تەنانەت با لە سەر فیدراڵیزمیش گفتوگۆ بکەین. ئەمەش مامەڵەیەکی نوێ بوو (جەمیل باییک:٢٠١١، ٤٨٢ و ٤٨٣). بەڵام جەمیل بایک لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: لە ساڵی ١٩٩٢دا سەرۆکایەتی ئاگربەسی ڕاگەیاند و ئە پیلانانەی کە ئیمپێریالیزم و تورکیا بۆ ساڵی ٩٣ ئامادەیان کردبوو هەمووی سەراوژێر بووە. بەو ئاگربەسە هەم دەرفەتی خۆ کۆکردنەوە کەوتە دەستمان، هەم کۆکوژی لە نەورۆزدا نەکرا و هەم گەلی کورد و هەموو جیهان ئەوەیان بینی کە پەکەکە سیاسەت بەڕێوە دەبات. سەرۆکایەتی ئامانجێکی دیکەی لەم ئاگربەسە هەبوو، دەیهەویست پێوەندیی نێوان تورکیا و هێزەکانی باشوور تێک بدات. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ٦٣٣ و ٦٣٤)

کەماڵ بۆرکای لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەو کاتەی کە تۆرگۆت ئۆزاڵ سەرکۆماری ئەوکاتی تورکیە ڕایگەیاند کە دەیەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکا، ئۆجەلانیش ئاگربەستێکی یەک مانگەی بە شێوەی یەکلایەنە ڕاگەیاند کە ئەو ئاگربەسە بە هەوڵی مام جەلال تاڵەبانی، بە مەبەستی چارەسەری کێشەی کورد، درێژ کرایەوە. کەماڵ بورکای لەم پێوەندییەدا دەڵێ: «بەڵام بە داخەوە، ئۆجەلان

کەسێک بوو کە لە ژێر باندۆڕی ئەوانی دیکەدا بوو. ئەوکات لە ژێر باندۆری سووریەدا بوو. بۆیە سەرم سوڕما لەوەی کە چەکەکان بێدەنگ بکرێن و بە چرپە لە تاڵەبانیم پرسی: «مام جەلال چۆنە سووریە بەم ئاگربەستە ڕازییە؟ ئەمە چۆن ڕوویدا؟... لە وەڵامدا پێیگوتم: «تۆ بڵێی شتێکی وا روویدابێ؟»»، هەڵبەت نەک تەنیا سووریە، بەڵکوو توێژی میلیتاریستی ناو تورکیاش لەو پرۆتۆکۆڵەی ئێمە و ئاگربەستەکە ڕازی نەبوون... دوابەدوای کوشتنی ئەو ٣٣ سەربازە ئاگربەست کۆتاییهات و بەمشێوەیە قۆناغی ئاشتی هەڵوەشایەوە. ڕێژیمی میلیتاریستی هەناسەیەکی هاتەوە بەر...(من) لێم پرسی (لە ئۆجەلان) «کارێکی زۆر خراپ بوو. لە قۆناغی ئاگربەستدا بۆ وەها کارێکتان ئەنجامدا؟ بۆچی سەربازە بێ چەکەکانتان گولەباران کرد؟»»، گوتی: «وەڵڵاهی منیش ئاگادار نەبووم، بەڵام ناچارمام بیگرینە ئەستۆی خۆمان». ڕێک ئەم قسەیەی پێگوتم... دەمزانی قسەکانی ئۆجەلان هەمووی ڕاست نین». (کەماڵ بورکای:٢٠١٢).

ئۆجەلان دواتر بە ڕوونی لە سەر ئەم پێشنیارەی تۆرگۆت ئۆزال دەئاخڤێ و دەڵێ: بۆ یەکەمینجار دەوڵەت دەستیکرد بە گۆڕانکاری و دەرکردنی بڕیاری گرینگ. هەڵسەوکەوت و پێشوازیی تۆرگۆت ئۆزال لە ئاگربەسەکە و باسەکانی لە سەر کێشەی کورد و هەروەها پەیامی سلێمان دەمیرل لە سەر ئەوەی کە «ئێمە شوناسی کوردەکان بە فەرمی دەناسین» لەگەڵ ئەوەی کە هیوابەخش بوون، بەڵام هیچ گەرەنتییەکیان نەبوو. ئەگەر لە بەهاری ١٩٩٣دا، تۆرگۆت ئۆزال نەدەمرد یان بە واتایەکی دیکە نەیاندەکوشت، لە نێو شۆڕشیشدا شەمدین ساکیک لە دژکردەوەیەکی نابەجێدا بۆ تۆڵەکردنەوەی لەدەستچوونی گەریلا، ٣٣ سەربازی نەکوشتبا، ڕەنگە ئەم ئاگربەستە ببوایە بە دەروازەیەک بۆ ئاشتییەکی هەمیشەیی، بەڵام هەم دۆخی ناوخۆیی دەوڵەت و هەم ڕانتخۆرەکانی ناو پەکەکە بوونە هۆی لەکیسچوونی ئەم دەرفەتە. کارەکان ئاڵۆزتر بوون و لە کۆنترۆڵ چوونە دەرەوە (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٠٩). هۆی دەستپێکردنی هێرشی ١٩٩٤ لەلایەن ئێمەوە فیتنەچییەکانی وەک ساری باران، مەتین شێنێر و مەتین بالیچ بوون، ئەو کاتە (ژانویەی ١٩٩٣) هەر سێ کەسەکە لە پلەی بەڕێوەبەریدا بوون و تەنانەت بە سەر هەموو شتێکدا زاڵبوون یان ئەوەی کە ئێمە بووینە هۆی زاڵبوونی ئەوان! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٢١٤).

پێویست بە ئاماژەیە کە شەمدین ساکیک کە یەکێک لە فەرماندە کۆنەکانی پەکەکە و هاوکات ئەندامی ڕێبەریی پارتەکەش بوو و ناو و ناوبانگێکی زۆری هەبوو. لە ساڵی ٩٧و٩٨ دا بە هۆی کۆمەڵێک گرفت کە لەگەڵ سەرۆکی پارتەکە هەیبوو، بانگی شام دەکرێ و لە نێوان ئەو و سەرۆکی پارتەکەدا کێشە پەیدا دەبێ کە لە ئاکامدا دەیانەوێ بیگرن و زیندانیی بکەن. گوایە سەرەتای کێشەکەشیان ئەوە دەبێ کە بە فەرماندەریی شەمدین لە بۆسەیەکدا ٣٣ سەربازی بێ چەکی تورکیە کە لە پشوو دەگەڕێنەوە، دەگیرێن و هەر لەوێ ئیعدام دەکرێن. ساڵی ٩٨ شەمدین لە شام هەڵدێت و خۆی ڕادەستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و هەر هەمان ساڵ بە هۆی پیلانێکەوە، کاتێک کە لەگەڵ عارفی برای بە ئۆتۆمبیلێک بەرەو هەولێر دەڕۆن، چەند هێلیکۆپتێری ئەرتەشی تورکیە لە نزیک ئاکرێ پێشی پێدەگرن و هەر لەوێ دەستبەسەری دەکەن کە ئەوکات دەنگدانەوەیەکی بەرینی هەبوو. (حدکا دانمارک: ٢٠١٦)

لە ساڵی ١٩٨٤ تا ١٩٩٣ واتە پێش ئاگربەسەکە، بە هۆی شەڕ لە نێوان ئەرتەشی تورک و پەکەکە گوندێکی زۆر خاپوور و چۆڵکران، خەڵکی بێتاوانی زۆر بە دەستی ئەرتەشی تورک و پەکەکە کوژران. بە شێوەیەک کە سیمای پەکەکە بە توندی لە نێو خەڵکدا خەوشدار بووبوو. ئۆجەلان بۆ پێشگرتن بەم کارە، تاوانەکانی خستە ئەستۆی هێندێک لە کادرەکانی پەکەکە و دەڵێ: باندی چوارینەی شاهین بالیج، شەمدین ساکیک، جەماڵ کوور و هۆگر بە فەرمی دەستیانکرد بە کوشتنی بەربڵاوی کادرەکانی پەکەکە. هێشتا ژمارەی ئەو هەڤاڵ و کادرە بەنرخانەی کە لە ژێر ناوی «لە تێکهەڵچووندا کوژرا» گیانیان لە دەستدا، دیار نیە. هێشتا هۆی تێداچوونی هێندێک لە هەڤاڵانمان ناڕوونە، ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان، ژنان و مرۆڤگەلی بێ تاوان و سڤیل کە نەدەبوو بکوژرێن، کوژران. زانیاریگەلێک کە بە من دەدران، ناڕوون بوون (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٠٩). بەم شێوەیە ئۆجەلان بەرپرسیارەتیی خۆی لەو تاوانانەدا دەخاتە ئەستۆی کەسانی دیکە و خۆی لە دەرەوەی ڕووداوەکان دادەنێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو کەسی یەکەمی پەکەکە بووە و هەیە و دەسەڵاتی ڕەهای بووە و هەیە.

لێرەدا پێویست بە ئاماژەیە کە لە سەرەتای دەیەی ١٩٨٠دا پەکەکە

بزووتنەوەیەکی جیاوازی کوردیی لە ئاڵمان وەڕێخست، لەم کاتەوە تا ساڵی ١٩٩٣ بە خستنەڕووی نموونەگەلێک لە قەیران و تێکهەڵچوون لە تورکیە و ڕاکێشانی ڕای گشتیی ئاڵمان، لە سەر دیالۆگەکانی ئاڵمان کاریگەریی دانا. پەکەکە لە ڕێگەی وەڕێخستنی مانگرتن لە خواردن، خۆپیشاندانی بەربڵاو و تەنانەت بەستنی ڕێگا سەرەکییەکانەوە خۆپیشاندانی بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی وەڕێدەخست. پەکەکە سەرەتا لە دەستەبەرکردنی هاوسۆزی و پشتیوانیدا بۆ مەسەلەی خۆیان سەرکەوتوو بوو. لەگەڵ ئەوەش پەکەکە لە ساڵی ١٩٩٣دا لە ئاکامی هیندێک هەڵسوکەوتی توندوتیژدا لە ئاڵمان قەدەخە کرا.

دەوڵەتی ئاڵمان سەرەتا بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پەکەکە کە لە کردەوەی توندوتیژدا بەشدار بوو، کەڵکی لە سیستمی یاسایی خۆی وەرگرت، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٣ کوردەکان کۆنسوولخانەی تورکیەیان لە موونیخ داگیر کرد و هێندێک کەسیان بە بارمتە گرت. لە ماوەی کەمتر لە ٦ مانگدا، پەکەکە هێرشیکردە سەر ناوەندە بازرگانییەکانی تورکیە و لە ئاکامدا دەوڵەتی ئاڵمان ڕێکخراوی پەکەکەی بە تەواوی نایاسایی ڕاگەیاند و قەدەخەی کرد (ماریا ت.: ٢٠١٣). بەڵام جەمیل بایک بەبێ ئاماژە بەو ڕووداوانە دەڵێ: هۆی ئەمکارە ئەوە بوو کە لە مێژوودا نێوانی ئاڵمانیا و تورکیا خۆش بوو و ئاڵمانیا لە ڕێگەی تورکیاوە دەخوازێ بەرژەوەندی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بپارێزێ و وەکوو پێشتریش گوتمان، ئەرکی ئاڵمان لە ناتۆ ئەوەیە کە تورکیا بپارێزێ. ئەوکات ئاڵمانیا بە ئاشکرایی بە هەڤاڵانی ئێمەی لە زیندان گوتبوو کە ئەگەر ئێوە واز لە سەربەخۆیی کوردستان بێنن، ئێمەش وەکوو پارتییەکانیتر یارمەتی ئێوەش دەدەین ئەگەر لە دژی ئاپۆ دەرکەون، ئێوە بەردەدەین. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ٦٥٠) لە ٥ی ٢ی ١٩٨٨یشدا دەوڵەتی ئاڵمان دۆران کاڵکان، عەلی حەیدەر قەیتان و چەند کادرێکی دیکەی پەکەکەیان دەستبەسەر کردبوو کە دوای دادگاییکردن لە دادگای دۆسڵدۆرف، ئازاد کران (رهبریت و خلق/ ص ١٠١). پەکەکە لە ساڵی ١٩٨٣ەوە دەستیکردووە بە ناردنە دەرەوەی کادر لە سووریەوە بۆ ئورووپا (هەڤاڵ ئەبوبەکر: ٢٠١٢). جەمیل بایک لە ٩ی ئاپریلی ٢٠١٥دا لە ڕێگای تەلەفزیۆنی WDR و NDR ی ئاڵمانەوە، لەسەر ئەو کارانەی کە لە ٩٠ەکاندا لە ئاڵمان ئەنجامیانداوە، وەک بڕینی ڕێگا خێراکانی ئەو وڵاتە و خۆسووتاندنی هەندێک لە

لایەنگران پارتەکەیان، داوای لێبووردنی کرد. بایک لەو چاوپێکەوتنەدا دەڵێ: دەمەوێ بەناوی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە داوای لێبوردن لە گەلی ئاڵمان بکەم و دڵنیایان دەکەمەوە کە جارێکی دیکە ڕووداوی لەو بابەتە ڕوو نادات.

دوابەدوای کوشتنی خەڵکی سیڤیل لە کوردستان و تورکیە، هەروەها توندوتیژییەکانی ئوروپا بە تایبەتی ئاڵمان، پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناسێندرا. لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاپریلی ۱۹۹۳ لە ژێر سەر دێڕی (تاقمە تیرۆریستییەکانی جیهان)دا پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی مارکسیست - لێنینیست ناسێندرا کە تێدەکۆشی دەوڵەتێکی مارکسیست لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە پێکبێنێ. دوابەدوای ئەوە پەکەکە لە هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوا، پارلەمانی ئورووپا و کونسوولی ئورووپا وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناسێندرا و پۆلێنبەندی کرا. فەرانسە و ئاڵمان هەموو چالاکییەکانی ئەم پارتەیان قەدەخە کرد کە دوایی وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوای ئورووپا هەمان هەڵوێستیان گرت. (راپۆرت لە سەر پەکەکە و تیرۆریزم: ۱۹۹۳)

لە کۆتایی ساڵی ۱۹۹٤ و سەرەتای ۱۹۹٥دا کۆنگرەی پێنجەمی پەکەکە لە کوردستان دەبەسترێ، لەم کۆنگرەیەدا بڕیاری سڕینەوەی دیاردەی چەتەچێتی و فیتنەچێتی دەدرێ، دیسان وەک کۆنگرەی پێشوو ئۆجەلان لە کۆنگرەدا بەشداری ناکات و دواییش وەک سەرۆک هەڵدەبژێردرێتەوە. لەم کۆنگرەیەدا داس و چەکوشی ناو ئاڵای پەکەکە دەسڕدرێتەوە و بڵێسەی ئاگرێک جێگای دەگرێتەوە. سزای لە سێدارەدان بە سەر عوسمان ئۆجەلان و نیزامەدین تاش (هەڤاڵ بۆتان)دا بە تاوانی فیتنەچێتی دەسەپێنرێ، بەڵام دواتر ئەو سزایە هەڵدەوەشێتەوە.

بڕیاری تورکیە بۆ چێکردنی بەنداوی بیرجیک، دۆخی سیاسیی نێوان تورکیە و سووریەی هێندەی دیکە ئاڵۆز کرد. وەزیرانی دەرەوەی ۸ وڵاتی عەرەبی لە کۆتایی کۆبوونەوەی خۆیان لە دیمەشق لە ساڵی ۱۹۹٥دا، لە دووتوێی بەیاننامەی دیمەشق، لە سەر چێکردنی بەنداوی بیرجیک لە سەر ڕووباری فیرات، بەبێ هاوئاهەنگیی عێراق و سووریە، دژکردەوەیان نیشاندا و خوازیاری واژۆکردنی گرێبەستێک لە نێوان هەر سێ وڵاتدا بە مەبەستی دابەشکردنی ئاو بوون. ئەمە یەکەمجار بوو کە ۷ دەوڵەتی عەرەبی کە پێوەندیی باشیان لەگەڵ

تورکیە هەبوو بەو شێوەیە و پێکەوە ڕەخنە لە تورکیە بگرن. دەوڵەتی تورکیە کە لەگەڵ ڕەخنەی توندی وڵاتانی عەرەبی بەرەوڕوو بوو، بەرپرسانی پلە بەرزی وەزارەتی دەرەوەی خۆی ناردە سووریە، عێراق، میسر و وڵاتانی کەنداو و لە سەر ئەوە پێی داگرت کە تورکیە لە ئاو وەک چەک دژی دراوسێکانی خۆی کەڵک وەرناگرێ. تۆرگۆت ئۆزالیش لە ڕێوڕەسمی دەستبەکارکردنی بەنداوی ئاتاتورکدا ڕایگەیاند کە تورکیە لە ئاوی ڕووبارەکان وەک هەڕەشە دژی دراوسێکانی کەڵک وەرناگرێ. (حجت الله افغانی: ١٣٧٧، ١٣٠)

بە قووڵبوونەوەی ئاڵۆزیی نێوان تورکیە و سووریە، شەڕی پەکەکەش پەرەدەستێنێ. لەمبارەیەوە ئۆجەلان دەڵێ: «لە کۆتایی ١٩٩٤دا خەباتی گەریلایی پەرەیسەند و کارامەتر کرا» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٢١٤) فەرماندەیەکی سەربازیی تورکیە ڕایگەیاند کە لەساڵی ١٩٩٤ەوە گەریلاکانی پەکەکە لە ناوچەی هاتای جێگیر بوونە، بەڵام تورکیە لە ساڵی ١٩٩٥ لە پێوەندی لەگەڵ بوونی گەریلاکان لەم ناوچەیەدا زانیاریی پێگەیشتووە. ڕۆژنامەی حورپیەتی تورکیە لە دووتوێی ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە ئۆجەلان وتوویە (هاتای دەکەین بە بۆتان)، ئۆجەلان هەروەها وتبووی کە (هاتای دەکاتە گۆمی خوێن). چالاکییەکانی پەکەکە لە هاتای بوو بە هۆی ساردوسڕیی پێوەندییەکانی تورکیە و سووریە و گومانەکانی تورکیە لە سەر تەیارکردنی پەکەکە لەلایەن سووریەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر دەبوون. تورکیە ئیددیعای دەکرد کە پەکەکە لە دەیەی ١٩٩٠دا تێکۆشاوە کەمایەتیی عەلەوی مەزهەبی پارێزگای هاتای دژ بە زۆرینەی سوننەمەزهەب بورووژێنێ کە لە ئەگەری سەرکەوتندا دەبوو بە هۆی کێشەی نێوان دوو وڵات. حورپیەت ڕاپۆرتیدا کە پەکەکە هیوادارە لەم ناوچەیەدا بتوانێ ئاڵۆزیی نەتەوەیی و مەزهەبی چێ بکات. ئەم ڕێکخراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی سەرەتا هێرشی کردە سەر گوندێکی تورکمانیی سۆننە مەزهەب، کاتێک دەوڵەتی تورکیە ئەو گوندەی چەکدار کرد، پەکەکە ئیددیعای کرد کە تورکیە سوننە مەزهەبەکانی دژی عەلەوییەکان و لە بەرانبەردا عەلەوییەکان و تورکەکانی دژی کوردەکان چەکدار کردووە. (ڕۆبێرت ئۆ.: ١٩٩٨، ١٨)

تورکیە کە لە چالاکییەکانی پەکەکە نیگەران بوو، سەرۆک وزیرانی ئەوکاتی

تورکیه، مەسعوود یەڵمازی بەمەبەستی بەشداری لە پەنجاوهەشتەمین ساڵڕۆژی پەیوەستبوونی هاتای بە تورکیەوە، ناردە ناوچەکە. یەڵماز لەو بۆنەیەدا سووریەی بە پشتیوانی لە پەکەکە تاوانبار کرد و وتی: «ئێمە تورکەکان مرۆڤگەلێکی لە سەرەخۆین، بەڵام لە کاتی خۆیدا وەڵاممان جەرگبڕ دەبێ» ئەو هەروەها وتی: کە «دەوڵەتی سووریە خەریکی نانەوەی ئاژاوە لە نێوان کەسانێکە (کورد و تورک) کە ماوەی هەزاران ساڵ لەگەڵ یەکتر ژیاون» (رۆبێرت ئۆ.: ١٩٩٨، ١٠٨).

پێویست بە ئاماژەیە کە بەهێزتر بوونی هێزی سەربازیی تورکیە و دژایەتیی پەکەکە لەگەڵ حیزبەکانی کوردستانی باشوور، کۆسپێکی گەورەیان لە سەر ڕێگای چالاکیی پەکەکە دروستکرد، بۆیە لە ساڵی ١٩٩٤وە پەکەکە دەستیکرد بە عەمەلیاتی خۆتەقاندنەوە و تەقینەوە. لەم ماوەیەدا پازدە هێرشی لەم چەشنە کران کە لە یازدەیاندا ئەنجامدەران عەمەلیاتەکان، کچ بوون. (سوری سانجای: ٢٠٠٥) ژمارەی کوژراوەکان تا دەهات هەر زیاتر دەبوو، بەبێ ئەوەی دەسکەوتێکی هەبێ. لە ساڵی ١٩٨٤ تا ساڵی ١٩٩٥ نزیکە ١٩٠٠٠ کەس لەو شەڕەدا کوژران کە تەنیا نزیک بە ٣٠٠٠ کەسیان هێزی دەوڵەت بوون (راپۆرت لە سەر پەکەکە و تیرۆریزم: ١٩٩٣).

| ساڵ | گەریلا | سێڤیل | سەرباز | پۆلیس | پاسەوانی گوند |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٤ | ١١ | ٢٠ | ٢٤ | ٠ | ٠ |
| ١٩٨٥ | ١٠٠ | ٨٢ | ٦٧ | ٠ | ٠ |
| ١٩٨٦ | ٦٤ | ٧٤ | ٤٠ | ٣ | ٠ |
| ١٩٨٧ | ١٠٧ | ٢٣٧ | ٤٩ | ٣ | ١٠ |
| ١٩٨٨ | ١٠٣ | ٨١ | ٣٦ | ٦ | ٧ |
| ١٩٨٩ | ١٦٥ | ١٣٦ | ١١١ | ٨ | ٢٤ |
| ١٩٩٠ | ٣٥٠ | ١٧٨ | ٩٢ | ١١ | ٥٦ |
| ١٩٩١ | ٣٥٦ | ١٧٠ | ٢١٣ | ٢٠ | ٤١ |
| ١٩٩٢ | ١٠٥٥ | ٧٦١ | ٤٤٤ | ١٤٤ | ١٦٧ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٥٦ | ٢٨ | ٤٨٧ | ١٢١٨ | ١٦٩٩ | ١٩٩٣ |
| ٢٦٥ | ٤٣ | ٧٩٤ | ١٠٨٢ | ٤١١٤ | ١٩٩٤ |
| ٨٧ | ٤٧ | ٤٥٠ | ١٠٨٥ | ٢٢٩٢ | ١٩٩٥ (٦مانگی یەکەم) |
| ٨١٣ | ٣١٣ | ٢٠٨٧ | ٥١٢٤ | ١٠٤١٦ | کۆی گشتی |

دەستێوەردانەکانی پەکەکە لە باشوور هەر بەردەوام بوون. پەکەکە بەبێ گوێدان بەوەی کە لە باشوور دەسەڵات و حیزبی سیاسیی تایبەت هەیە، هەر لە سەرەتای دامەزرانی حکوومەتی هەرێمەوە، دەستیکرد بە سازکردنی حیزبی ئاڵتێرناتیڤ بۆ پارتی و یەکیەتی کە هیچکامیشیان سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام هەر لەو ڕێگایەوە هەوڵی ئاژاوەنانەوەی دەدا. لە نەورۆزی ١٩٩٥ لە میانەی کۆنفرانسێکدا «یەکێتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK لە لایەن ئەندامانی پەکەکەوە لە باشوور دامەزرا، لەو کۆنفرانسەدا کاوە عەلی ناسراو بە د. سیروان بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا. لە ڕۆژی ٤ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩٦ دوکتور سیروان، لەنزیک گوندی «قەڵاچووغەی سەی کەریم»ی سەر بەناوچەی «ئاغجەلەر» لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بە ناوەکانی حاجی قامشلۆیی، عەگید گەرمیانی، بابان و دیلان ماردینی دەدرێنە بەر گولە و لە ئاکامدا گیانیان لە دەستدا. (کوردیپیدیا: ٢٠١٠)

دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوانە و هێندێک دامەزراوەی دیکە وەک ڕۆژنامەی وڵات، ناوەندی ڕووناکبیرانی میزۆپۆتامیا و دەفتەری MEDTV کە هەموویان لە ژێر دەسەڵاتی پارتیدا بوون و دژ بە پارتیش دەوەستانەوە، ئەویش لە کاتی شەڕی ناوخۆیی لە نێوان پارتی و یەکیەتیدا، لایەنگرییەکی تەواو لە یەکیەتی دژ بە پارتی بوو کە هەر ئەمە دواتر بوو بە هۆی شەڕی نێوان پەکەکە و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵ ١٩٩٥، واتە پەکەکە بە فەرمی بوو بە لایەنێک لە شەڕی ناوخۆیی لە باشووری کوردستان دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگری لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەم بەرەیە لە شەڕ واتە یەکیەتی و پەکەکە دەستی ئێرانیشیان لە پشت بوو کە بە تەمای سڕینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. بۆیە پارتی ڕێگایەکی دیکەی بێجگە لە وەرگرتنی پشتیوانیی ئەرتەشی تورکیە بۆ نەمایەوە. لێرەدا دەردەکەوێ کە هاندەری سەرەکی بۆ هاتنی ئەرتەشی تورکیە بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، کردەوەکانی پەکەکە دژ بە

پارتی لە کاتی شەڕی ناوخۆییدا بوون. لەم ساڵانەدا پەکەکە هەموو وزەی خۆی لە باشوور دژی پارتی خستە گەڕ، ئەرتەشی تورکیەش ئەمەی بە قازانجی خۆی قۆستەوە و شەڕ دژی پەکەکەی گواستەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان. کەوابوو ئەو شەڕەی کە دژی پارتی ڕاگەیەندرا و ئەرتەشی تورکیەش دەستێوەردانی کرد، باکگراوەندێکی هەیە، ئەو شەڕە لەلایەن پەکەکەوە تێئۆریزە کراوە و دواییش هەر لەلایەن پەکەکەوە بە کردەیی کراوە. ویستی ئۆجەلان بۆ داگیرکردنی زاخۆ و دهۆک، ناوزەدکردنی پارتی وەک خائین، دامەزراندنی حیزبی سیاسی لە ژێر دەسەڵاتی پارتی و پرۆپاگاندا دژی پارتی لە کاتی شەڕی ناوخۆییدا لایەنە شاراوەکانی ئەو شەڕەن کە بە ئەنقەست بە سەریاندا باز دەدرێ و دەڵێن ئەرتەشی تورک بە یارمەتیی پارتی هات بۆ سەرکوتی پەکەکە!

دامەزرانی MEDTV لە ساڵی ۱۹۹۵دا کە وەک یەکەمین تەلەڤیزیۆنی سەتەلایتی کوردییە، گەورەترین دەسکەوتی پەکەکە لەو ساڵانەیە. ئەم تەلەڤیزیۆنە بوو بە هۆی ئەوە کە پەکەکە بتوانێ بە ئاسانی پەل بۆ ناو هەموو کوردانی دنیا بهاوێ و ئیدئۆلۆژیی خۆی بەرێتە ناو هەموو کوردانەوە. ئەم تەلەڤیزیۆنە ڕووناکبیر و سیاسەتڤان و چالاکانی لە هەر چوار پارچە بە دەوری خۆیدا کۆ کردەوە، بەڵام دواتر بە هۆی ئەوەی کە پەکەکە لە ڕێگەی ئەم تەلەڤیزیۆنەوە دژایەتیی لایەنەکانی کوردستانی دەستپێکرد و تەنیا دژی تورکیە و هەرێمی کوردستان بەرنامەکانی بڵاو دەکردەوە و سووریە و ئێران لە ناو ئەو دژایەتییەدا دیار نەبوون و ناوێکیان لێ نەدەبرا، بەرە بەرە خەڵک لە میدیاکانی پەکەکە کشایەوە. هەر لە ساڵی ۱۹۹۵دا یەکێک لە هەوڵەکانی دیکەی پەکەکە بە مەبەستی پەلهاویشتن بۆ پارچەکانی دیکە، دامەزراندنی پارلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بوو کە بە هۆی بەرچاوتەنگی و زاڵبوونی ئیدئۆلۆژیی پەکەکە، ئەو پارلەمانە کە لە بنەڕەتدا بۆ پرۆپاگاندای پەکەکە دامەزرابوو، نەیتوانی لە ناو پارچەکانی دیکەدا ڕەنگدانەوەی هەبێ و لە ساڵی ۱۹۹۹دا هەڵوەشایەوە.

چالاکییەکانی پەکەکە لە پارێزگای هاتای پێوەندییەکانی هەر دوو وڵاتی توکیە و سووریەی هێنایە سەر نزمترین ئاست. ئەم مەسەلەیە بوو بە هۆی ئەوەی کە تورکیە بە ڕوونی سووریەی بە داڵدەدانی پەکەکە بە مەبەستی لاوازکردنی

تورکیه تاوانبار کرد، ئیددیعاکانی تورکیه دژی سووریه دوای لێکۆڵینەوە لە شەمدین ساکیک پەرەی سەند. ساکیک لەم لێکۆڵینەوەیەدا وتی کە «ئۆجەلان کارتی دەستی سووریە بوو و من و ڕێبەرانی دیکەی پەکەکە دەمانزانی کە سووریە نایەوێ لە تورکیەدا ئاشتی بێتە ئاراوە. ئەم دانپێدانانە بوو بە هۆی پڕۆپاگاندایەکی زۆر لەلایەن میدیا شەڕخوازەکانی تورکیەوە. بۆلێنت ئەجەویت سەرۆک وەزیرانی تورکیە جارێکی دیکە سووریەی بە پشتیوانی لە تیرۆریزم تاوانبار کرد. ئەم ڕووداوانە لەگەڵ بڕیاری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی تورکیە بوون کە بەپێی ڕاپۆرتەکان و بەپێی هێندێک گێڕانەوە لە ئەنجومەنی نەتەوەیی، تورکیە خۆی بۆ جێبەجێکردنی زنجیرە کارێکی دیپلۆماتیک، سیاسی، ئابووری و تەنانەت نیزامی ئامادە کرد. (ڕۆبێرت ئۆ.: ١٩٩٧، ١٧٧)

هاوکات لەگەڵ ئاخاوتنی توندی ڕێبەرانی تورکیە دژی سووریە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەواڵی کۆکردنەوەی هەزاران کەس لە هێزەکانی تورکیەیان لە سەر سنووری هاوبەش لەگەڵ سووریە بڵاو کردەوە. دەمیرل لە میانەی وتەیەکدا لە پارلەمانی تورکیە، گوتی کە: «من جارێکی دیکە بە هەموو دنیا ڕادەگەیەنم کە ئێمە مافی خۆمانە دژی سووریە دەستبدەینە عەمەلیاتی تۆڵە ئەستێنانە». هەر لەو ڕۆژەدا حسێن کیوریک ئۆغلو، بەرپرسی ژووری هاوبەشی ئەرتەشی تورکیە قەیرانی هەنووکەی لەگەڵ سووریە وەک دۆخی شەڕی ڕانەگەیەندراو زانی. (ڕۆبێرت ئۆ.: ١٩٩٧، ١١٣)

لەم ماوەیەدا شەڕی براکوژی لە باشوور بەردەوامە، هەر وەک پێشتر گوترا پەکەکە هەر لە سەرەتاوە خۆی کرد بە لایەنێک لە شەڕ، پەکەکە دژی پارتی و بە قازانجی یەکیەتی شەڕی دەکرد. لە ساڵی ١٩٩٧ کە شەڕ لە نێوان یەکیەتیی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام بوو، پەکەکە لە ساڵی ١٩٩٧دا هێرشیکردە سەر خەڵکی سیڤیل و بێتاوان کە لە ئاکامدا خەڵکی زۆر کوژران، بە تایبەتی کەمایەتیی ئاشووری کە لایەنگری پارتی بوون کەوتنە بەر هێرشی پەکەکە و بە توندی سەرکوتکران. لە مانگی مای و سپتامبری ١٩٩٧ ئەرتەشی تورکیە سنووری کوردستانی باشووری بەزاند و بە ئامانجی لێدانی پەکەکە هاتە ناوەوەی کوردستانی باشوور.

له ساڵی ۱۹۹۸ پێوەندیی نێوان سووریە و تورکیە گەیشتە نزمترین ئاستی خۆی. ڕۆژنامەکانی تورکیە لە سەر هێرشی ئاسمانی بۆ دیمەشق دەدوان و پشووی سەربازەکانی سەر سنوور هەڵوەشێنرایەوە. سەرکۆماری تورکیە سلێمان دەمیرل بەیاننامەیەکی کورتی دایە ئاژانسی هەواڵی تورکیە کە وتبووی: من نەک هەر سووریە، بەڵکوو هەموو جیهان ئاگادار دەکەمەوە، دۆخەکە بەم شێوەیە ناتوانێ درێژەی هەبێ. فەرماندەکانی تورکیە ڕوونتر دەئاخاوتن و دەیانگوت کە تورکیە لە دۆخی شەڕێکی ڕانەگەیەندراو لەگەڵ سووریەدایە. دۆخەکە دیسان دژوارتر بوو، چونکە چالاکییەکانی پەکەکە لە ئورووپای ڕۆژئاوادا سەرکەوتوو بوون. ئیتالیا ئیزنی ڕێپێوانی لە ڕۆم بە پەکەکە دا، لەلایەکی دیکەوە تورکیە بە هۆی وەرنەگیرانی لە کۆمەڵگای ئورووپاییدا تێکچووبوو. سووریە هەر وەک چۆن کەڵکی لە میلیشیاکانی لوبنانی دژی ئیسرائیل وەردەگرت، لە پەکەکەش بە هەمان شێوە کەڵکی وەردەگرت. بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە ئیزنی دابوو کە لە دیمەشق بنکە بۆ خۆی دابنێ، سووریە بە فەرمی ئەمەی ڕەتدەکردەوە، بەڵام ڕۆژنامەوانەکان بەبێ هیچ کێشەیەک بنکەکەیان دەدۆزییەوە. (مارک ویلێر: ۲۰۰۰، ۲۰٤-۲۱٥)

سووریە لەگەڵ ڕەتکردنەوی ئیددیعاکانی تورکیە ڕایگەیاند کە ئامادەیە ئەو قەیرانە لە ڕێگەی دیپلۆماتیکەوە چارەسەر بکات، بەڵام ئەگەر پێویست بێ لە بەرانبەر هێرشی تورکیەدا ڕادەوەستێ. سووریە هێزەکانی لە مەودای ۳۰ تا ٤۰ کیلومتری لە سنوورەوە مۆڵدا و ۳٦ مووشەکی جۆری «ئێسکاد-ئێس»ی لە ٥٥ کیلومتریی سنوور دامەزراند. سووریە کە لە لێدانی بنکەکانی پەکەکە لە ناو خاکی سووریەدا ترسی لێنیشتبوو، داوای یارمەتیی لە وڵاتانی عەرەبی کرد، وڵاتانی عەرەبیش بێجگە لە ئۆردۆن، ئەم داوایەی سووریەیان ڕەتکردەوە. عەرەبەکان و لە سەرووی هەموویانەوە سووریە پێشوازییان لە نێوبژیوانیی حوسنی موبارەک، سەرۆک کۆماری ئەو کاتی میسر کرد. ئەو دوابەدوای وتووێژ لەگەڵ ڕێبەرانی سعوودی ڕۆیشت بۆ سووریە و دوای وتووێژ لەگەڵ بەرپرسانی سووریە ڕۆیشت بۆ ئەنقەرە. تورکیە کە پێداگریی لە سەر گوشارهێنان بۆ سووریە دەکرد، بە نێوبژیوانیی حوسنی موبارەک بڕیاری درا کە هەر دوو وڵات لە شاری جەیحانی تورکیە کۆ ببنەوە. ڕێبەرانی سووریە لەم کۆبوونەوەیەدا ملیان بۆ هەموو داخوازییەکانی

تورکیه ڕاکێشا. (مەحموود ئایکان: ١٩٩٨، ١٧٧)

وتووێژەکانی تورکیە و سووریە واژۆکرانی گرێبەستی جەیحانی لێکەوتەوە. خاڵە سەرەکییەکانی ئەم گرێبەستە بریتی بوون لە دەرکردنی ئۆجەلان لە سووریە، ئیزن نەدانی سووریە بە گەریلاکانی پەکەکە بۆ هاتنەناو خاکی تورکیە، قەدەخەبوونی چالاکیی بنکەکانی پەکەکە لە سووریە، دەستگیری و سزادانی هێندێک لە ئەندامانی پەکەکە، پێشگرتنی سووریە بە ناردنی یارمەتییماڵی، سەربازی، لۆجستیکی و تەبلیغاتی بۆ پەکەکە، ناساندنی پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە لایەن سووریەوە و هێندێک خاڵی دیکە. (ڕۆبێرت ئۆ. ١٩٩٧، ١١٤)

بایک دەڵێ: لەم پیلانگێڕییەدا میسر ڕۆڵێکی مەزنی بینی، میسر چوو بە سوریای گوت؛ ئەگەر بۆ ئاپۆ لە نێوان ئێوە و سوریا شەڕ دەربکەوێت، ئێمە لەگەڵ ئێوەدا نابین، ئاپۆ دەربکەن با بچێت، بۆچی لە بەر شەخسێک عەرەب بکەوێتە شەڕەوە؟ وایان بە سووریە گوتبوو: ئێوە بەتەنیان، ئێمە پشتیوانی ئێوە ناکەین. وەکووتریش گوتبوویان: نەک هەر تورکیا، بەڵکو ئەمریکا، ئیسرائیل و ئینگلیز هەموویان لە دژی ئێوەن. ئیتر ناتوانن ڕووبەڕووی هەموویان ببنەوە. سوریاش بینی کە بەتەنیا دەمێنێتەوە، ئیدی ئەم فشار هێنانەی میسر کردی، بۆ ئەوەی سوریا ئاپۆ دەربکات. لە ناو سوریاشدا هەندێک ئەو فشارەیان کرد. بۆ نموونە عەبدۆلحەلیم خەددام پاشان هێندێک شتی ئاشکرا کرد و گووتی: ئێمە ئەو بڕیارەمان لە نێو پارتی بەعس وەرگرت و بردمان بۆ لای حافز ئەسەد و بە حافز ئەسەدمان بە پەسند کردندا. واتە ئەو بڕیارە حافز ئەسەد وەری نەگرتووە، ئەوان ئەو بڕیارەیان داوە و بەویشیان بە پەسند کردنداوە، چۆن بە پەسند کردنیانداوە؟ بڕوانە عەرەب لەگەڵ ئێمە شوێن ناگرن، ئیدی ئەمریکا، ئیسرائیل و تورکیا و هەموویان دێنە سەر ئێمە، بۆچی ئێمە بۆ ئاپۆ خۆمان بخەینە مەترسییەوە؟ پێویستە تۆ ئەم بڕیارەمان پەسند بکەیت، کاتێک ئەسەدیش دەبینێ لە نێو سوریادا هەندێک ئەمە دەخوازن کە ئاپۆ دەربکەوێت... پەسندی دەکات. (جەمیل بایک: ٢٠١١، ٥٧٤) لێرەدا بایک بە شێوەیەک قسە دەکات کە داوێنی حافز ئەسەد پاک دەکاتەوە و تاوانەکە لە سەر ئەو لادەبات و دەڵێ لە دەسەڵاتی ئەودا نەبووە!

ئۆجەلان دەڵێ بۆ تێکشکاندنی پەکەکە و ڕێبەرەکەی، سووریە وەک دوایین بازنە مابووەوە، بە هێنانی میسر بۆ نێو گۆڕەپانەکە سووریە لە ماوەیەکی کورتدا تەسلیمی شەڕی دەروونی کرا. سووریە ملڕاکێشان لە بەرانبەر گوشارەکان و رازی بوون لە سەر مەسەلەی پەکەکەی، بۆ قازانجی خۆی بە باشتر دیتبوو. پێش دەرکەوتنم لە سووریە هەڵسوکەوتەکانی کاناڵێک بە نێوی ئەرتەشەوە بۆ ئاگادارکردنەوە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە ماوەی هاویندا جێی تێڕامان بوو. دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە ئاگربەس پڕ مانا و هیوابەخش بوو. ئۆجەلان دەڵ:ێ لە نێوان دوو ڕێگەی چوون بۆ شاخ و گەرموگۆڕتر کردنی خەباتی چەکداری و ڕۆیشتن بۆ ئورووپا و گەڕان بە شوێن سازاندا مابوومەوە. لە ئاکامدا ڕێگەی ئورووپام هەڵبژارد، بەڵام قەد بیرم نەدەکردەوە وڵاتی یونان لە ڕۆژی چوونم بۆ ئەو وڵاتە واتە لە ٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩٨دا هەڵسوکەوتێکی ئاوەها ناجوامێرانە بنوێنێ. دۆستی زۆرم لە یونان هەبوون، بانگهێشتنامەی زۆر لەلایەن حیزبە بەشدارەکانی ناو دەوڵەتەوە هاتبووە ئاراوە، پارلەمان بە زۆرینەیەک کە بتوانێ یاسای بنەڕەتی بگۆڕێ، منی بانگهێشت کرد. پێش لە چوونم بۆ ئەوێ لە وتووێژێکی تەلەفوونیدا لەگەڵ دۆستێک بە ناوی کوستاو بادواس کە پێشتر وەزیری ناوخۆ بوو و ئێستا نوێنەری پارلەمان و لەگەڵ وەرگێڕ ئایف کایا لە تەلەفوونەکەدا بە خۆشحاڵییەوە چوونی منی بۆ یونان ڕاگەیاند، بەڵام کاتێک گەیشتمە یونان بادواسم نەبینی، بەڵام ستاوراکس بەرپرسی دەزگای هەواڵگری و کالاندریسم دیت. بادواس لانیکەم بە دڵنیاییەوە دەیتوانی بڵێ کە نەیەم بۆ یونان، پێموایە ئاگایانە منی ڕاکێشا بۆ ئورووپا (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٨٠، ٣٨١ و ٣٨٣). بۆیە ناتوانێ بڕواتە ناو خاکی یۆنانەوە و دەوڵەتی یۆنان ئاگاداری دەکاتەوە کە ئیزنی هاتنە ناوەوی خاکی یونانی نیە.

ئەو دەڵێ مانەوەی من لە سووریە جەنگێکی ناوچەیی هەڵدەگیرساند، چارەنووسی ڕێژیمی ئەو وڵاتەی تووشی مەترسی دەکرد. تورکیە بڕیاری دابوو ئۆپەراسیۆنێکی سامناک بەڕێوە ببات، ئەوان دەیانەویست لە ڕێگەی منەوە دەستپێبکەن. پاشان لەگەڵ سووریە و دواتریش عێراقەوە درێژەی پێ بدەن بۆ ئەوەی بە سەر هەموو ناوچەکەدا زاڵبن. من خۆم بڕیاری ڕۆیشتنم دا، کەمێکیش لە سەر داوای هاوڕێیانی یونانیم، بەڵام ئەو بانگهێشتەی یونانییەکان بڕی نەکرد. من نەمتوانی

بچمە یونان، نەمتوانی لە فرۆکەخانەی ئاتێن بچمە دەرەوە، نەمتوانی داوای مافی پەنابەرێتی بکەم، بۆیە لە سەر بانگهێشتی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوەی دووما ڕۆیشتمە ڕووسیە. من مانگێک لە ڕووسیە مامەوە، بەڵام سەرۆک وەزیران داوایکرد ئەو وڵاتە بەجێبهێڵم. سەرەڕای زۆرینەی دەنگی دووما زۆر سەرنجڕاکێش و ئاڵۆزە (کریس کۆچێرا، ئۆجەلان: ٢٠١٣). دووما بە زۆرینەی ٢٩٨ی دەنگی ڕازی لە بەرانبەر یەک دەنگی ناڕازیدا پەنابەرێتیی منی پەسند کرد، بەڵام ئەمە مانایەکی ئەوتۆی بۆ دەوڵەتی سەرەڕۆ نەبوو (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٨٤).

ئۆجەلان لە ڕێکەوتی ١٢ی نۆڤامبری ١٩٩٨ دەڕواتە ڕۆم پێتەختی ئیتالیا. ڕۆیشتنی ئەو بە کارئاسانیی رامون مۆنتاویانی نوێنەری گرووپێک بە نێوی «نۆژەنکردنەوە لە حیزبی کۆمۆنیستدا» لە پارلەمان بووە. ئەم سەفەرە دوای چەند مانگ لە هاتنە سەرکاری ماسیمۆ دالێما بوو (از ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٨٥)، ئەو دەڵێ: «ئیتالیا سەرەتا هەڵسوکەوتی باشی هەبوو، پاشان لە بەر هەڕەشەکانی تورکیە، ئێمە ڕووبەڕووی گرفت بووینەوە، هەڵبەت ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین وڵاتێکی دیکە بدۆزینەوە، بەڵام کێشەی هەڵبژاردنمان هەیە، پێویستە ئەو وڵاتەی کە هەڵیدەبژێرین، وڵاتێکی بەهێز بێت، بتوانێ ئاسایشی من گەرەنتی بکا و بە شێوەیەکی یاسایی بتوانم بچم. پەلەپەلێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی کە ڕویشتنی من وە پێشبخەن، گرینگ خۆڕاگری و بەرخۆدانە» (کریس کۆچێرا، ئۆجەلان: ٢٠١٣).

ئۆجەلان دیسانیش لە ئیتالیا دەڕواتەوە بۆ مۆسکۆ، لەوێ بە زۆر سواری فڕۆکەیەکی بارهەڵگری دەکەن، دوای حەوتوویەک دەستبەسەری دەیبەنە ناو خانوویەک لە گوندێکدا کە ناوی بیشکێک لە نزیکی پێتەختی تاجیکستان بووە، لەوێوە لەگەڵ ژەنەراڵێکی خانەنشینکراو بە ناوی لاکزاکیس و نوێنەری پەکەکە لە ئاتێن بە ناوی ئایفێر لە ڕێگەی پێترۆگرادەوە دەڕۆنەوە بۆ ئاتێن. لە ئاتێن ماوەی ڕۆژێک لە ماڵی خەسووی ناکزاکیس دەمێنێتەوە، لەو ژنە دەپرسێ کە ئایا ئەگەری خەیانەتی پانگالۆس هەیە؟ ئەویش بە دڵنیاییەوە دەڵێ نا! ئۆجەلان دەڵێ پانگالۆس بە ڕواڵەت بە مەبەستی وتووێژی فەرمی بۆ ماڵێک بانگهێشتی کردم، بەڵام گرووپێک لە مەئموورانی دەزگای هەواڵگریی تێدا بوون و بە شێوەی هەڕەشە کردن وتی «تا کاتژمێر ٤ی بەیانی دەرفەتت پێ دەدەین، ئەگەر نا

ئەوەی کە دەیزانین بە زۆر جێبەجێی دەکەین». ئۆجەلان دەڵێ: وا دەر دەکەوت کە پێشتر بەرنامەیان دارشتووە، لە گەڵ CIA پێشتر کینیایان ئامادە کردبوو، دواتر زانیم، کالاندیس بە شەرەفی دەوڵەت سوێندیخواردووە کە لە شوێنێکی دوور لە مەترسی واتە کینیا لە ماوەی پازدە ڕۆژدا بە پاسپۆرتی ئەفریقای باشوور کە وەزیری دەرەوە ڕێکیخستووە، کارەکانی ئۆجەلان ڕێکبخات. لەم کاتە ئایفێریان دەستبەسەر کردووە و ئۆجەلان تەنیا بووە. دوای ئەوەی کە دەیبەنە کینیا کۆستۆلاس باڵوێزی یونان لە فڕۆکەخانە وەریدەگرێ و دەڕۆنەوە بۆ باڵوێزخانە. دواتر بەپێی فەرمانێک کە لە ئاتێنەوە هاتووە، دەبوایە لە باڵوێزخانە دەری بکەن، دوای ملنەدانی ئۆجەلان، ئەوانیش دەست ڕادەگرن، بەڵام دوای ئەوە دەوڵەتی یونان بە باڵوێزەکەی لە کینیا ڕادەگەیەنێ کە ئەگەر بە چوونە دەرەوە لە باڵوێزخانە ملی نەدا، بە زۆرەملێ بیبەنە نێو شەقام بەریدەن. کۆستۆلاس بە ئۆجەلان ڕادەگەیەنێ کە لەگەڵ بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی کینیا کە کۆڕی وەزیری دەرەوەی کینیایە، کۆبوونەوەی هەبووە، «ئەوان هەموو شتێک لە سەر تۆ دەزانن و من بەڵێنیمداوە کە تۆ تا ١٥ی فێوریە دەتوانێ لێرە بمێنیتەوە (ئۆجەلان:٢٠٠١، ٣٨٦). ئۆجەلان دەڵێ: پۆلیسی کینیایان هێنایە نێو باڵوێزخانە کە ئەگەر نەڕۆم دەستبەسەرم بکەن، هەروەها دەڵێ: پێموایە بە مەبەستی گێژکردن و لێئەستاندنی توانای بیرکردنەوەم، دەرمان و مادەی هۆشبەریان کردبووە ناو خواردنەکەم، چونکە زۆر خەوم دەهات. کاتێک بردوویانە بۆ فڕۆکەخانە لە دەوروبەری فڕۆکەکە چەند کەسێکی بە چەکەوە دیوە، لە ناو فڕۆکەکە تیمێکی تورک کە چاوەڕوانی بوونە هەڵدەکوتنە سەری و توند دەیبەستنەوە. ئەو دەڵێ: دوای ئەوەی کە لە نێو فڕۆکەکەدا چاوم کردەوە ئەم پەیامەم دا: «ئەم سەرکەوتنە هی ئێوە نیە، ئەوانەی کە دەڵێن لەگەڵ ئێوە دۆستایەتییان کردووە، باش هەڵسوکەوتیان نەکردووە، ئەوان دەیانەوێ لەگەڵ هەر دوو لایەن یاری بکەن. من هیچکات لەگەڵ تورک دوژمن نەبوومە، تەنانەت لە ڕێگەی دایکمەوە پێوەندیی خوێنیم لەگەڵ تورکەکان هەیە. ئاشتی و برایەتی تاقە ڕێگەیە. ئەوەی کە لەمە بەدواوە خەباتی خۆم لە سەر ئەم بنەمایە دەکەم، ڕاستییەکی بێ ئەملاو ئەولایە» (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٨٧).

حەسەن ئیشگوزار راوێژکاری ئەوکاتی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی تورکیە،

لەم بارەیەوە بە ئاژانسی هەواڵی ئانادۆڵ دەڵێ؛ هەندێک زانیاری گەیشتبووە دەست دەزگای هەواڵگری تورکیا، کە یۆنان فڕۆکەیەکی بە کرێگرتووە بۆ گواستنەوەی عەبدوڵا ئۆجەلان و دەیەوێ بە نهێنی بچێتە هۆڵەند. لەو کاتەدا ئێمە دەبووایە فڕۆکەیەکی لە هەمان جۆر و مۆدێل و ڕەنگ و تایبەتمەندی فڕۆکە بە کرێگیراوەکە ئامادە بکەین، بۆ ئەوەی لە ڕفاندنی ئۆجەلان بەکاربهێنرێت، بەڵام لەو جۆرە فڕۆکەیە و بەو تایبەتمەندییەمان نەبوو، تەنیا گەورە بازرگانێکی تورکیە لەو جۆرەی هەبوو. دواە ئەوە قسەمان لەگەڵی کرد و فڕۆکەکەمان بەکرێگرت، بەڵام هیچ زانیارییەکمان لە بارەی هۆکاری بەکارهێنانی ئەو فڕۆکەیە نەدرکاند. دوای گۆڕینی شێوەی فڕۆکەکە، بۆ ئەوەی لە هاوتا هۆڵەندییەکەی بچێت، فڕۆکەکە خاکی تورکیا بەجێهێشت. تاقمێکی فڕۆکەوانی و ٤ تا ٥ کەس لە ئەفسەرانی هەواڵگری تورکیە لە گەڵی بوون. بە فڕۆکەوانەکان ڕاگەیەندرابوو، کە فڕۆکەکە سەرەتا بەرەو میسر و دواتر بۆ ئۆگاندا دەچێت، زانیاری تەواویش بە کارگێڕی گشتیی فڕۆکەوانی مەدەنیش درابوو، بەڵام هەموو ئەو زانیارییانە درۆ بوون و وایان دەنواند کە ئەوانە بازرگانی مۆزن. دوای ئەوەی زانیاری لە بارەی هاتنی فڕۆکە هۆڵەندییەکەمان پێگەیشت، لە فڕۆکەخانەی ئۆگاندا هەڵفڕین و نزیکەی ٢ کاتژمێر زووتر لە فڕۆکە هۆڵەندییەکە گەیشتینیە کینیا.

ئۆجەلان لە کینیا لە باڵیۆزخانەی یۆنان بوو، لەوێوە بە کاروانێکی چوار ئۆتۆمبێلی بەرەو فڕۆکەخانە بەڕیکەوت، ئۆتۆمبێلی یەکەم پۆلیسی کینیا بوو، دووەمیش تیمی پاسەوانانی باڵیۆزخانەی یۆنان و ئۆجەلانیش لەناو ئۆتۆمبێلی سێهەم بوو، ئۆتۆمبێلی چوارەمیش، چەند کەسێکی دیکەی سەر بە پارتەکەی ئۆجەلانی تێدابوو. کارەکە شێوازێکی زۆر ئاسایی وەرگرتبوو، ئۆتۆمبێلەکەی ئۆجەلان بەر لە ئۆتۆمبێلەکانی دیکە هاتە ژوورەوە، ئۆجەلان زۆر لەسەرخۆبوو و لە گەشتەکەی دڵنیابوو، جلوبەرگێکی فەرمی لەبەردابوو. دەرگای فڕۆکەکە لە ماوەی ٦٠ چرکەدا کرایەوە و لەگەڵ هاتنە ناو فڕۆکەکە، ئۆجەلان دەستگیرکرا. بەر لەوەی ئۆتۆمبێلەکانی دیکە بگەنە شوێنەکە، بە خێرایی دەرگای فڕۆکەکە داخرا. کاتێک فڕۆکەکە چووە سنووری ئاسمانی وڵاتی قوبرس، بەپێی ئەوە کە لەو حاڵەتەدا دەبێت هەموو فڕۆکەیەک ڕەچاوی یاسا نێودەوڵەتییەکان بکەن و زانیاری درووست لە بارەی ژمارەی گەشت و فڕۆکەکە بدەنە ئەو وڵاتەی

بەسەریدا تێپەڕدەبن. بەرپرسانی فڕۆکەوانی قوبرس داوایان لێکردین کۆدی دواوەی فڕۆکەکەیان پێبدەین، بەڵام فڕۆکەوانان لەو پرۆسەیەدا خاوە خاوەیان کرد، کۆدی هەڵەیان دەنارد و چەند جارێک بە بیانووی نەزانینی زمانی ئینگلیزی بە باشی، پرۆسەکەیان دواخست، ئەو ماوەیەش ١٨ خوولەکی خایاند، بەو ١٨ خوولەکەش توانیمان بگەینەوە سنووری ئاسمانی تورکیا. (حەسەن ئیشگوزار:٢٠١٨)

گرتنی ئۆجەلان کاردانەوەیەکی زۆری لە ناو کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەبوو و ڕێپێوانگەلێکی زۆریان دژ بەم کارە خستە ڕێ و دەیان کەس ئاگریان لە لەشی خۆیان بەردا. دەیان کەس شەهید و بریندار بوون بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات و لە شاری سنە کاتێک دروشمی خۆپێشاندەران گۆڕدرا بە دژی ڕێژیم، هێزەکانی ڕێژیم تەقەیان لە خەڵک کرد و دەیان شەهید و برینداری لێکەوتەوە و لە کۆتاییشدا کۆنسەی سەرۆکایەتیی پەکەکە خۆپیشاندەرانیان ئیدانە کرد و بە داردەستی زایۆنیزمیان لە قەڵەم دان. هاوکات لەگەڵ ڕفێنرانی ئۆجەلاندا کۆنگرەی شەشەمی پەکەکە دەبەسترێ.

هەر لە ساڵی ١٩٩٩دا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی پەکەکە لە باکوور دەدرێ کە ئەمە دەبێتە هۆی ناڕەزایەتیی بەشێک لە ڕێبەرایەتیی پەکەکە. بۆ نموونە هەڤاڵ ئەکرەم یەکێک لە ڕێبەرانی پەکەکە کە دوای دەستبەسەرکرانی ئۆجەلان لە پەکەکە جیا دەبێتەوە دەڵێ: «دووەم کێشە ئەوە بوو کە داواکرا هێزەکان لە باکوورەوە پاشەکشە بکەن بۆ باشووری کوردستان، ئەمەش بڕیارێکی زۆر هەڵە و بێ بنەما بوو، چونکە ڕاگرتنی شۆڕش لە ناکاو هیچ ئەنجامێکی دیاری نەدەبوو، ئەوە بوو لە ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانماندا زیاتر لە ٤٠٠ کەسمان شەهید بوون (هەڤاڵ ئەکرەم: ٢٠١٢). پەکەکە بەوەشەوە ناوەستێ و بۆ بە وتەی خۆیان نیشاندانی نیازپاکی و داخوازی دیالۆگ دوو گرووپ لە گەریلاکان ڕادەستی تورکیە دەکاتەوە.

زستانی ساڵی ٢٠٠٠ واتە ساڵێک دوای کۆنگرەی شەشەم، پەکەکە بە هۆی کێشە ناوخۆییەکانییەوە ناچار بوو کە کۆنگرەیەکی نائاسایی بگرێ. پاشەکشەی سیاسی-نیزامیی لە ناکاوی پەکەکە ئەو پارتەی تووشی ئاڵۆزی کردبوو. لە لایەکەوە خەڵکی هەر چوار پارچەی بە دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە

دەوری خۆی کۆ کردبووە، هەزاران گەریلا لە پێناوی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەدا گیانیان بەخت کردبوو و حیزبەکانی دیکەی هەر چوار پارچەی کوردستانی بە بۆنەی ئەوەوە کە داوای سەربەخۆیی ناکەن ئیدانە دەکرد و وشەی خائینی دەخستە پاڵ ناوەکانیان، لە لایەکی دیکەوە ئۆجەلان کە گیرابوو دەیگوت پەکەکە لە سەر بنەمای پارادایمی ١٩٧٠ تا ٢٠٠٠ درێژەی بە خەبات داوە، بۆیە ئەگەرچی هەڵنەوەشاوەتەوە، بەڵام فۆنکسیۆنی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر لە دەستداوە... و بە هۆی کێشەی ناوخۆییەوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا بە بنبەست گەیشتووە و بەم پێکهاتەوە نەک هەر ناتوانێ کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵکوو دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەیان، بۆیە دەبێ لە ژێر ناوێکی دیکە و پێکهاتەیەکی دیکەدا درێژە بە خەبات بدات... چوونکە ئەگەر پەکەکە دەوڵەتیشی پێکهێنابا، لە نێو دەچوو، واتە لە ڕووی جەوهەری شۆڕشگێڕییەوە لە نێو دەچوو. پێکهاتەیەکی وەک PDK و YNKی لە خۆ دەگرت. ئەوە دژوار بوو کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٥ تا ٢٠٠٠ چارەسەری بکەین. بەڕێوەبەری پەکەکە پێش لە ١٩٩٥، یۆتۆپیایی بوو (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣١٧، ٣٢٨ و ٣٣١)، بۆیە لە کۆنگرەی نائاسایی حەوتەمدا ئیستراتیژی پەکەکە بە تەواوی گۆڕدرا و دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان وەلانرا بە خاڵی لاوازی پەکەکە زانرا. تەنانەت بە وتەی خۆیان بە تایبەتمەندیی هێزە دواکەوتووەکانی کورد وەک پارتی دێموکراتی کوردستان زانرا! بۆیە لەم کۆنگرەیەدا چارەسەری کێشەی کورد لە ناو سنوورەکانی تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە وەک باشترین چارەسەری کێشەی کورد، تاوتوێ و وەک ئیستراتێژی نوێی پەکەکە پەسند کرا. لەم کۆنگرەیە بە دواوە ئیتر باسی ئەرتەشی ڕزگاریی کوردستان ARGK نەما و بوو بە هێزەکانی پاراستنی گەل HPG و بەرەی ڕزگاریی نەتەوەیی کوردستان ERNK بە تەواوی ون بوو.

پەکەکە هەر دوای دەستبەسەرکرانی ئۆجەلان بۆی دەرکەوت کە بە بۆنەی ئەوەی کە ناوی لە لیستی تیرۆردایە و چالاکیی چەکداریشی بە فەرمانی ئۆجەلان ڕاوەستاوە، چالاکییەکانی بە تەواوی بەرتەسک دەبنەوە،. بۆیە دەستیکرد بە ناوگۆڕین و لە ماوەی چوار ساڵدا چوار کۆنگرەی گرت و لە هەر کامیاندا ناوێکی هەبوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە پێکهاتە و کەسەکان هەر ئەوانەی پەکەکە بوون، گۆڕینی ناو نەبوو بە هۆی ئەوە کە ناوی لە لیستەی تیرۆر بێتە دەرەوە و لە

ئاکامدا ناوی پەکەکەی هێنایەوە. لە ساڵی ٢٠٠٢دا هەشتەمین کۆنگرەی پەکەکە بەسترا. شتێکی هەرە گرینگ کە لەم کۆنگرەیەدا روویدا ئەوەیە کە ناوی پەکەکە گۆڕدرا بە کۆنگرەی ئازادی و دێموکراسیی کوردستان KADEK. دوای ساڵێک واتە کۆتایی ٢٠٠٣، دووهەمین کۆنگرەی KADEK بە ڕێوەدەچێت و ناوی KADEK دەگۆڕدرێ بە کۆنگرەی گەلKONGRA-GEL. بەو جۆرەی کە لە پێڕەوی نێوخۆییدا هاتووە ئامانجی کۆنگرەی گەل بریتییە لە:

«دامەزراندنی دەوڵەت و شارستانییەتی کۆمەڵگەی چینایەتی وەک ئاڵترناتیڤ لە ئامانجەکانی کۆنگرەی گەل نین و بە پشتیوانیی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان و هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی، خوازیاری دێموکراتیزەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگایە، ئامانجی ئەم کۆنگرەیە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک و ئێکۆلۆژیکە کە لەوێدا ئەرکی دەوڵەت بە کوردیناسیۆنێک دەسپێردرێ، کێشەی ڕەگەز لە سەر بنەمای یەکسانی و ئازادی چارەسەر دەکرێ، بە زاڵبوونی مرۆڤ بە سەر سروشتدا و کاولکردنی سروشت کۆتایی دێ و مرۆڤ لەوێدا دۆستی هەموو بوونەوەرەکان و گیاکان و هەموو سروشتە» (اسناد و م×وبات کنگره خلق کردستان، اساسنامه، ٤٤).

ئۆجەلان لە بارەی گۆڕینی ناوی KADEK بۆ KNK دەڵێ پێشنیارم کرد لە جیاتی ئەوەی کە بزووتنەوەکە دوو سەر واتە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK و کۆنگرەی ئازادی و دێموکراسیی کوردستان KADEK ی هەبێ، یەک سەر واتە KONGRA ـ GEL باشترە. ئەم پێشنیارە قبووڵ کرا و لە کۆتایی ٢٠٠٣ لە کۆنگرەیەکی فەرمیدا پەسند کرا، بەڵام لە جیاتی ئەوەی کە هیرشێکی نوێ دەستپێبکات، جیابوونەوە کەوتە ناو بەدەنەی حیزب و بوو بە دوو بەش (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٣٢). دەقی پێشنیارەکەی ئۆجەلان ئەمەیە:

بوونی کۆنگرەیەکی گشتیی گەل کە هەموو بەشەکانی کوردستانی تێدا هەبێ، پێویستە. کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (KNK) لە ئێستادا ئەم تایبەتمەندییەی نیە. KNK سنووردار و ناتەواو ماوەتەوە و بەپێی پێویست نەگۆڕدراوە، هەروەها بواری نەتەوەییەکەی هانی نەتەوەچێتی و دەوڵەتخوازی دەدات. بە جیاتی «نەتەوە» کەڵک وەرگرتن لە «گەل» باشترە. ڕێکخراوگەلێکیتر

وەکوو ئەم ڕێکخراوەیە هەن. خاڵی گرینگ، وێکچوونی ئەم کۆنگرەیە لەگەڵ KADEK ـە. هەر دووکیان کۆنگرەن. هەر دووکیان بەستێنێکی گەلییان هەیە، بۆیە تێکەڵکردنیان باشترە. پێشنیارێک کە دەتوانم بیدەم، پێکهێنانی کۆنگرە لە تێکەڵەیەک لەو دوانەیە. ئەم کۆنگرەیە کە ناوی «کۆنگرەی گەلی کوردستان» دەبێ، دامەزراندنی دەوڵەت لە بەرنامەکانیدا نیە و کێشەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانی زاڵ لە کەشوهەوایەکی ئاشتییانەدا و لە ڕێگەی سیاسەتی دێموکراتیکەوە چارەسەر دەکات. ئەندامانی KNK بەپێی حەشیمەتی بەشەکانی کوردستان ٢٥٠ تا ٣٠٠ کەس دەبن. ئەندامەکان بە لە بەرچاو گرتنی یاسای دەوڵەتە زاڵەکان بە سەر کوردستاندا هەڵدەبژێردرێن. هەموو ساڵێک کۆبوونەوە دەگرێ و شوورای ڕێبەرییەکەی ٢٥ تا ٣٥ کەس دەبێ. لە سەر هەموو کێشەکانی گەل سیاسەتی خۆی هەیە و بڕیار دەدات. کوردەکان لەو وڵاتانەدا کە لێیان دەژین، دەبێ بە پێکهێنانی ڕێکخراوی یاسایی درێژە بە چالاکی بدەن نەک حیزبی نایاسایی، ئەم حیزبانە دەبێ بەپێی یاسا و ڕێساکانی دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بجووڵێنەوە (ئۆجەلان، اسناد و مصوبات کنگره خلق کردستان، ٢٥).

نیزامەدین تاش دەڵێ کۆنگرەی هەشتەممان پێکهێنا و ناوی پەکەکەمان گۆڕی و کردمان بە «کۆنگرەی ئازادی و دیمۆکراتی کوردستان» KADEK. ئەو ناوە بە تێکڕای دەنگ لە کۆنگرەدا پەسند کرا. بۆ ئەوەی بڕیارەکانمان ڕەسمییەت پەیدا بکات، ناردمان بۆ ئیمرالی کە ئاپۆ واژۆی بکات، ئاپۆ دژی نەوەستا و بە دەم قبووڵی کرد، بەڵام هەر هەفتەی گۆڕانێکی لەدەقەکەی ئێمەدا کرد و پرۆگرامەکەی ئێمەی لە ناوەڕۆک خست و ئێمەش ناچاربوین بە گوێرەی ئەو بیانگۆڕین. بۆ نموونە ناوەکەی بە «ئەنجۆمەنی جواتی کوردستان بۆ کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتی» بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دواتر حکومەتی ئاکپارت هەندێک هەنگاوی بۆ دیمۆکراتی کردنی وڵات هەڵگرت. ئەو مەسەلەیە بە دڵی ژەنراڵەکانی سوپای تورکیا (ئەرگەنەکۆن، لایەنی شاراوەی سوپا) نەبوو، چونکە ڕاوەستانی شەڕ دەسەڵاتی ئەوانی لاواز کردبوو. لەبەرئەوە لە ئۆجەلانیان ویستبوو سەرلەنوێ دژی سوپا شەڕ بکەین تا تورکیا ئاڵۆز بێت. ئۆجەلان سێ پارێزەری خۆی بە ناوەکانی مەحمود شاکار «پیاوی ئەرگەنەکۆن»، عیرفان دوندار «کە دەرکەوت سەر بە میتە» و بەکر قەیا سەرۆکی ئێستای شارەوانی وانی بە نامەیەکەوە

ناردبوو بۆ قەندیل و نووسیبووی ئەوانە وەکیلی منن. ئەو سێ کەسە بۆ ماوەی سێ مانگی لە قەندیل مانەوە و چەندان کۆبوونەوەیان لەگەڵ گەریلاکان پێکهێنا و گوتیان بە بڕیاری سەرۆک ئاپۆ دەبێ کۆنگرەیەکی ئاوارتە پێکبینن و لەودا سەرلەنوێ بڕیاری شەڕ کردن بدەن. ئەو سێ کەسە هەفتانە دەگەڕانەوە تورکیا و لەگەڵ ژەنراڵەکانی سوپا کۆدەبوونەوە و دەگەڕانەوە بۆ قەندیل. لە ئاکامی ئەو پێوەندییە و هاتوچۆیانەدا سەرلەنوێ ناوی پەکەکەیان لە سەر رێکخراوەکە داناوە کە ئێمە ئەو ١٧ ئەندامانەی سەرکردایەتی پەکەکە دژی ئەو داخوازە راوەستاین و ساڵی ٢٠٠٤ لە پەکەکە جیابووینەوە: سەرهات خدر، نیزامەدین تاش «بۆتان»، خەلیل تاج «ئەبوبەکر»، خدر یاڵچین «سەرهات خدر»، ساری قەیا «ئەکرەم»، دورسن عەلی کوچک، عوسمان ئۆجەلان «فەرهاد»، فەیسەڵ دوملایجی «کانی یەڵماز»، رەحیەم یەڵدرن، شاپور بادوشیوە «سیپان رۆژهەڵات» کوردی ناوچەی سەلماس لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵح «کەماڵ سوور»، کوردی رۆژهەڵات، حەسەن ئاتمەجات «فەرحان»، سلێمان قایدن «جەلال شرناخی»،... پێویستە بڵێم لەو ژمارەیە هەشت کەسیان لەلایەن پەکەکەوە کوژران. هەروەها زیاتر لە ٢٠٠٠ گەریلا لە گەڵ ئێمە لە پەکەکە جیابوونەوە. (حامێد گەوهەری: ٢٠١٦، ١٩ و ٢٠)

ساڵی ٢٠٠٣ ساڵێکی پڕ مەترسی بوو بۆ پەکەکە، بۆیە دەبینین لەم ساڵەدا گۆڕانکاری گەورە لە پەکەکە هاتە ئاراوە. لەم ساڵەدا کە ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراقیان دا، تورکیا بۆ بەشداری لەم شەڕەدا دەیەویست هێزی نیزامی بە بیانووی یارمەتی ئامریکا بنێرێتە ناو هەرێمی کوردستان، بەڵام بارزانی بە پلانی تورکیەی زانی. تورکیە دەیەویست بە هاوکاری ئامریکا و لە دوای شەڕی عێراق لە پەکەکە بدەن و وەک ئەنسارۆلئیسلام پەکەکە هەڵپێچن! بۆیە ئەو پێشنیارە رەد کرایەوە و گەلی کورد لە باشوور هێنرایە سەر شەقام و دژی ئەو گەلاڵەیە راوەستایەوە. لەولاشەوە پەکەکە بە بۆنەی ئەوەوە کە نەکەوێتە بەر هێرشی ئەمریکا چەندینجار ناو و رێبازی خۆی گۆڕی، تا بەڵکو لە لیستی تیرۆری ئامریکا و هاوپەیمانان رزگاری بێ و لێی نەدەن!

لە ساڵی ٢٠٠٤دا کە هەر وەک گوترا بەشێکی زۆر لە کادری رێبەری و کادری دامەزرێنەری پەکەکە، بە هۆی ناڕەزایەتی لە دۆخی سیاسی و بەڕێوەبەریی

پەکەکە، ڕیزی خۆیان لەو حیزبە جیا دەکەنەوە. عوسمان ئۆجەلان برای عەبدوڵلا ئۆجەلان یەکێک لەوانە بوو و لەم بارەیەوە دەڵێ: «بەهێزترین و کاریگەرترین جیابوونەوە لە مێژووی پەکەکەدا جیابوونەوەی ئێمە بوو کە ١٨ ئەندامی سەرکردایەتی و ٢٠ کادیری دامەزرێنەر بووین، نزیکەی ٥٠ کادری ڕێبەرایەتی دەبووین کە چوارمان ئەندامی کۆنسەی سەرکردایەتیی پەکەکە بووین (عوسمان ئۆجەلان، ژمارە ٨٠ی گۆڤاری لڤین). خەلیل تاج ناسراو بە هەڤاڵ ئەبووبەکر کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەکەکە بوو وازیهێنا، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێ: «پەکەکە عادەتێکی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە بیر و بۆچوونی موخالیف قبوڵ ناکات. ئێمە قەناعەتمان ئەوە بوو کە شەڕ ئەگەر بۆ هەموو کاتێکیش پێوست بێت، بۆ ئێستا پێویست نیە، بۆچی پەکەکە شەڕ ڕاناگرێت؟، پێمانوایە شەڕ کاتی خۆی پێویست بوو، چوونکە میللەت وەک مردوو وابوو، پەکەکە هات ڕۆحی دایەوە بە ئەو میللەتە، چاو و بیرکردنەوەی دایە میللەت، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە، پێویستی بەوە هەیە پەکەکە ئەگەر شەڕیش بکات، شەڕ لە پلەی دووەمی خەباتدا بێت و لە پلەی یەکەمدا خەباتی سیاسی بێت، کێشەیەکی دیکەی پەکەکە شەڕکردن لەگەڵ لایەنە کوردییەکان بوو، ئەمە هیچ سوودێکی بۆ پەکەکە نەبوو، کەچی چەندین ساڵ شەڕی پارتی و یەکێتی کرا، هۆیەکی دیکە ئەوە بوو ئەمریکا کە جاران ئیمپریالیستێکی دوور بوو، ئێستا بۆتە جیرانی کورد، بۆیە ئێمە دەمانگوت با پەیوەندییان لەگەڵ دروست بکەین، کەچی ئەوانی دیکە ڕەتیان دەکردەوە، چەندین هەڤاڵمان خافڵکوژ دەکران، ئێمە نەماندەزانی، تۆ کە هەڤاڵێکت بکوژرێت نەزانی لە سەر چییە، ئەمە چۆن قبوڵ دەکرێت (هەڤاڵ ئەبوبەکر:٢٠١٢).

ئۆجەلان لە سەر ئەم بڕگەیەی مێژووی پەکەکە کە لە لێواری لە بەر یەک هەڵوەشانەوەدا بووە دەڵێ: «لە کۆتایی ٢٠٠٣دا دوای کۆنگرە لە جیاتی ئەوەی کە هەڵمەتێکی نوێ بدەن هەواڵی دابڕانم لە ڕیزەکانی حیزبدا پێگەیشت... دۆستانە نەبوونی هەڵسوکەوتەکانیان لە سەر ڕەخنە لە خۆ، لە سەرەتای ٢٠٠٠دا لە شێوەگەلی جۆراوجۆری هەڵسوکەوتی ئەواندا دیار بوو. بە گژ یەکتر داچوونێکی پیستر لە پاڵاوتنی حیزبی (تەسفیەچێتی) و خائینانە کە زمانم بۆ وتنی کورت دەهێنێ و بە هیچ شێوە لەگەڵ مێژوو، کۆمەڵگە، دۆستایەتی، شەهیدان، ئەخلاق

و گۆڕانکارییە قووڵە سیاسییەکان یەکی نەدەگرتەوە و زۆر نابەرپرسیارانە بوو، وەک هێرشێکی نوێ بۆ سەر گەل و شەڕڤانەکان سەپاندیان. ئەم هەڵسوکەوتە قیزەونانە کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ و سەرەتای ٢٠٠٤ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا دەنگدانەوەی هەبوو بەبێ ئاگاداریی من ڕیشەی داکوتابوو و پەرەی سەندبوو. دەبێ بڵێم ماوەیەکی زۆر پێوەندیی من لەگەڵ دەرەوە پچڕابوو. ئەوان وای بۆ چووبوون کە کۆنترۆڵم بە سەر ڕووداوەکاندا نەماوە و بە خەیاڵی ئەوەی کە من زیندوو نامێنم، منیان وەلا نابوو و باندەکانی ناو پەکەکە لە ژێر ناوی تێفکرین، ئەوەی کە بە سەر گەریلادا هێنابوویان، ئەم جار دەیانەویست لە باری سیاسی، نیزامی، ئیدئۆلۆژیک و پشتیوانیی گرووپیی خۆیانەوە تەواوی بکەن... دوایی زانیم کە تەنانەت پێویستییەکانی منیان بە بەرگرییە یاساکانیان لە ٦ ساڵی دواییدا وەلا ناوە و تەنانەت هێندێک کەسی بێ شەرەف لەوەی کە من لە سەر چالاکییەکانی دێموکراتیزاسیونی گەل کاریگەریم هەیە، نیگەرانن (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٣٢و ٣٣٣ و ٣٣٤).

ئۆجەلان ئەو قسەیەی عوسمان ئۆجەلان کە دەڵێ ئەم دابڕانەی ئێمە کاریگەرترین دابڕانە لە مێژووی پەکەکەدا و پەکەکەی هەژاند، پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ ئەم کردەوەیە تەنیا لە سنوورەکانی حیزبدا نەمایەوە و هاتە نێو خەڵکیش. ئێمە کە هەمیشە هێزی ١٠٪ی خەڵکمان لە هەموو شوێنێک هەبوو و لە تورکیەش هەمیشە زیاترمان هەبوو، بەم هەڵوێستەی گرووپە دابڕاوەکە، هێزی ئێمە هاتە سەر ٥٪. کێشە چەندایەتی نیە، بەڵکوو چۆنایەتییە! هەڵسوکەوتێک کە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا کرا شارەزاترین خراپکار و ئاژاوەگێڕیش ناتوانێ بیکات» (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٣٣ و ٣٣٤).

ئەگەر سەرنج بدەنە خشتەی خوارەوە، (ڕێبور مەعرووفزادە، ٢٠١٣) دەتوانین کاریگەریی دابڕانەکان، شەڕەکانی پەکەکە و هەڵوێستەکانی ئۆجەلان لە ناو خەڵکدا ببینین. لە ساڵی ١٩٩٠دا کە ٩٪ ئەم ڕادەیە جار لە دوای جار کەم دەکات. هەرکام لەم دابەزینانە ئەگەر لەگەڵ هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانی پەکەکە لەو بڕگەیەدا هەڵسەنگێندرێ، بە جوانی دەردەکەوێ کە سیاسەتەکانی پەکەکە چ زیانێکیان بە کورد گەیاندووە. بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٤ بە بۆنەی

تیرۆرەکانی پەکەکە و شەڕی دژی پارتی، ساڵی ٢٠٠٢ بە بۆنەی دادگاییەکەی ئۆجەلان و هەڵوێستەکانی و ساڵی ٢٠٠٧ بە بۆنەی دابڕانی عوسمان ئۆجەلان کە بە تەواوی کاریگەریی خۆی نیشان دەدات.

| ساڵی هەڵبژاردن | ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتوو | رادەی کورسییەکان لە پەرلەمان | لایەنی کوردی بەشدار بوو |
|---|---|---|---|
| ١٩٩٠ | ٪٩ | ٠ | حیزبی DEP |
| ١٩٩٤ | ٪٨ | ٠ | حیزبی DEP |
| ٢٠٠٢ | ٪٦ | ٠ | حیزبی DEP |
| ٢٠٠٧ | ٪٥ | ٢٣ | سەربەخۆکان |
| ٢٠١١ | ٪٦،٦ | ٣٦ | سەربەخۆکان (بەرەی رەنج و دیموکراسی) |

نیزامەدین تاش (هەڤاڵ بۆتان) یەکێک لە دامەزرێنەران و گرینگترین فەرماندە نیزامییەکانی پەکەکە دەڵێ لە ساڵی ٢٠٠٤دا پارێزەرانی ئۆجەلان بە یارمەتیی کۆپتەرێکی سەربازیی تورک سەردانی قەندیلیان کرد... ئەوان هەڵگری پەیامی ئۆجەلان بۆ خۆبەدەستەوەدانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوون. پارێزەران نوسخەیەک لە کۆنووسی هەرکام لە کۆبوونەوەکانیان لە کەمپی قەندیل دەدایەوە بە دەوڵەتی تورک... ئۆجەلان هەستی بەوە کردبوو کە لە ناو پارتی کرێکارانی کوردستاندا بیروڕای جیاواز هاتۆتە ئاراوە و ئەوەش دەوڵەتی نیگەران کردبوو، ئەوان لە ڕێگەی پارێزەرانی ئۆجەلانەوە پێشیان بە ڕووداوە نەخوازراوەکان گرت (نیزامەدین تاش: ٢٠١١ میدیا نیوز).

ساڵی ٢٠٠٤ کۆنگرەی دووهەمی کۆنگرەی گەل بەڕێوە دەچێت. لە نەورۆزی ٢٠٠٥دا ئۆجەلان لە ڕێگەی پارێزەرەکانییەوە، سیستمی (کۆما کۆمەڵێن کوردستان) (KKK)ی ڕاگەیاند کە دواتر گۆڕدرا بە (کۆما جڤاکێن کوردستان) (KCK) ئەم سیستمە لە سەر بنەمای کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکە. لە ساڵی ٢٠٠٥دا سێهەمین کۆنگرەی کۆنگرەی گەل دەگیردرێ. دوابەدوای ئەوە کۆمیتەیەک بۆ بووژاندنەوەی پەکەکە ساز دەکرێ و ناوی پەکەکە دیسان زیندوو دەکەنەوە. پەکەکە وەک هێزی ئیدئۆلۆژیکی کەجەکەیە. (لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە کە سیستمی کۆنفیدرالیزم

دادەمەزرێ، کۆنگرەی گەل وەک مەجلیسی گەل تێیدا درێژە بە بوونی خۆی دەدات) (پێشەکی رهبریت و خلق: ٤).

لە کۆنگرەی ساڵی ٢٠٠٦ی کۆنگرەی گەلدا جەخت لە سەر جێبەجێکردنی سیستمی کۆنفیدرالیزمی دێموکراتیک دەکرێ. KCK لە پێنج بەش پێکهاتووە کە بریتین لە کۆمیتەی ئیدئۆلۆژیک، کۆمیتەی کۆمەڵایەتی، کۆمیتەی سیاسی، کۆمیتەی نیزامی و بەشی ژنان. بێجگە لە پەکەکە، هەریەک لە PJAK (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان)، PYD (پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک)، PCDK (پارتی چارەسەری دێموکراتیکی کوردستان) و HPG (هێزی پاراستنی گەل) لە KCK دا ئەندامن. سیستمی کۆنفیدرالیزم تا نووسینی ئەم کتێبەش هەر بەردەوامە و لە نۆهەمین کۆنگرەی KCK دا جەمیل باییک کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەکەکەیە و بەسێ هۆزات کران بە هاوسەرۆکی KCK. لەم کۆنگرەیەدا سیستمی هاوسەرۆکایەتی پەسند کرا. ئەو دوو کەسە جێگای موراد قەرەیلانیان گرتەوە کە پێشتر بەرپرس بوو. دواتر هەموو لق و پۆپەکانی پەکەکە سیستمی هاوسەرۆکایەتییان پەسند کرد و سیستمی ڕێبەریی خۆیان گۆڕی بە سیستمی هاوسەرۆکایەتی.

## پەکەکە و پرۆسەی ئاشتی

لە دوای رفاندنی ئۆجەلان و دادگاییکردنی، لە هەڵوێستەکانیدا دیار بوو کە ئیدی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی پەکەکە دەستیپێکردووە. لەم قۆناغەدا قۆناغەکانی پێشوو ڕۆیشتنە ژێر پرسیار و تەنانەت بە هەڵەش وەسف کران. پەکەکە کە پێشتر خوازیاری دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کوردان بوو، لەم قۆناغەدا بۆ سازکردنی کۆماری دێموکراتیکی تورکیە و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ ئەو وڵاتە، هەموو هێڵە نەتەوەییەکانی بەزاند و تەنانەت پەنای بردە بەر وردوخاشکردنی هێما نەتەوەییەکانی کورد بۆ وێنە شێخ سەعیدی پیران و تاوانباری کرد کە بە ناحەق دژی ئاتاتورک ڕاپەڕیوە! ئۆجەلان تەنانەت بە مەبەستی ڕازیکردنی دەوڵەتی تورکیە بۆ دەستپێکردنی ئەم قۆناغە دەڵێ: ئێمە زیاتر لە MHP پێبەندی یەکپارچەیی تورکیەین و دۆستی ئیستراتیژیکی گەلی تورکین.

با پارلەمان یاسای لێبوردن (عەفو) دەربکات تا هێزە چەکدارەکانمان لە سەر چیا ببنە خزمەتکاری کۆماری دێموکراتیک. بە هەموو توانامانەوە ئامادەین بە تورکیەیەکی دێموکراتیک خزمەت بکەین. ئەگەر ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانمان جێبەجێ نەکرد، ئەوکات تاوانبارمان بکەن، چلۆن دۆستی ئیستراتیژیک بوونی خۆمان بە گەلی تورکیە بسەلمێنین؟ پارلەمان یاسای لێبوردن (عەفو) دەربکات، ئەوکات ئەمە دەسەلمێنین! (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ئا، ١٥).

دوای ئەم هەڵوێستانەی ئۆجەلان و بۆ جێبەجێکردنی ئەو هەڵوێستانە، کشانەوەی گەریلا لە کوردستانی باکوور دەستیپێکرد و شەڕی چەکداری لە باکوور بۆ ماوەیەکی زۆر ڕاوەستا، بەڵام دوایی بە تایبەتی لەساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا هێندێک تێکهەڵچوونی چەکداری لە نێوان پەکەکە و سپای تورکیە

ڕوویدا. لە ساڵی ٢٠٠٩دا دیسانەوە ئاگربەس ڕاگەیەندرا. لەم کاتەوە وتووێژ لە نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورک لە ئۆسلۆ پێتەختی نۆرویژ دەستپێدەکات. موراد قەرەییلان لەم بارەیەوە دەڵێ:

«قەرەییلان دوای ئەوەی ئاماژە بەوە دەکات کە لە ئەیلولی ٢٠٠٨دا دیداری نیوان هەیئەتەکان لە ئۆسلۆ دەستپێکردووە و دوو ساڵ پێشتریش لەلایەن چەند لایەنێکەوە ئەو پرۆسەیە ئامادەکاریی بۆ کراوە و دواتریش تا ئەو کاتەی کە بە هۆی ڕووداوەکەی سیلڤان لە ١٤ی ژوولای ٢٠١١دا پرۆسەکە کۆتاییپێهات، ئەنقەرە بەردەوام پێداگریی لەسەر مەسەلەی کشانەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکان کردووە... لەو ماوەیەدا ئێمەش مەسەلەی کشانەوە بۆ دەرەوەی سنوورمان قبوڵکرد، بەڵام گوتمان بۆ جێبەجێکردنی مەسەلەی کشانەوە پێویستە حکوومەتیش لەسەر ئاستی یاسای بنەڕەتیدا چەند هەنگاوێک هەڵێنیتەوە. گوتمان کە دەکرێ ئەو هەنگاوانە بخرێنە دوا قۆناغی پاشەکشەکردنیش.

ئەو هەنگاوانە چی بوون؟ داننان بە ناسنامەی کورددا، مافی خوێندن بە زمانی دایک و هەنگاوەکانی دیکە لەو بوارانەدا لە لایەن حکوومەتەوە... کاتێک ئاپۆ هەستیکرد کە ئەم بارودۆخە جۆرە بەربەستێکی لە بەردەم پرۆسەکەدا پێکهێناوە گووتی نا، دەکرێ بەبێ چاوەڕوانیی هەڵێنانەوەی ئەو هەنگاوانە لەلایەن حکوومەتەوە و تەنانەت بەبێ دابینکردنی مەرجە سەرەکییەکانیش لەلایەن حکوومەتەوە، هەر تەنیا بە دروستبوونی بڕوا و متمانەیەکی ڕاستەقینە و لەبەرچاو گرتنی لایەنە یاساییەکانی پاشەکشە کردن، هێزە چەکدارەکانمان یەکسەر بۆ دەرەوەی سنوور پاشەکشە پێبکەین» (قەرەییلان:٢٠١٣).

بەڵام دیسان فاکتەری سووریە و ئێران لێرە دێتە ناوەوە کە کەمتر کەسێک باسی دەکات. ئەو کاتەی کە ناڕەزایەتییەکانی سووریە خەریک بوو سەرانسەری سووریەی دەگرتەوە، تورکیە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە پشتیوانیی خۆی لە ئۆپۆزیسیونی بەشار ئەسەد ڕاگەیاند کە ئەمە بە تەواوی دژی بەرژەوەندیی ئێران بوو و دەبوو لەو نێوانەدا کێشەیەک بۆ تورکیە بخولقێنرێت.

هەربۆیە دیسان لە کارتی پەکەکە کەڵک وەرگیردرایەوە، پەکەکە کە لە ئۆسلۆ

خەریکی وتووێژ بوو لە ناکاو لە تورکیە هەڵدەکوتێتە سەر هێزەکانی تورکیە و نزیک بە ١٣ سەربازی تورکیە دەکوژێ کە هەر ئەمە بوو بە هۆی تێکچوونی وتووێژەکان.

دوای ئەوەی کە شەڕێکی توند لە نێوان پەکەکە و ئەرتەشی تورکیەدا هاتە ئاراوە، ئەندامانی پەکەکەش لە زینداندا مانیان لە خواردن گرت، گوشارێکی توند کەوتە سەر دەوڵەتی تورکیە، تورکیە لە کارتی ئۆجەلان بۆ شکاندنی ئەو گوشارەی کە کەوتبووە سەری کەڵکی وەرگرت. ئۆجەلان لە پەیامێکدا کۆتایی بە شەڕی گەریلا و بە مانگرتنی بەندکراوەکان هێنا. ئەم پەیامەی ئۆجەلان لە ڕێگەی محەممەد ئۆجەلان برای ئۆجەلان لە ئیمرالییەوە هاتە دەرەوە.

لە نەورۆزی ٢٠١٣دا پەیامێک لە لایەن ئۆجەلانەوە هاتە دەرەوە کە داوای بێدەنگکردنی چەکەکانی کرد و تێیدا هاتبوو:

«ئیتر با چەکەکان بێدەنگبن، گەیشتینە قۆناغێک کە فیکرەکان و سیاسەت قسە بکەن. پارادایمی مۆدێرنیتە کە لە سەر بنەمای چاوپۆشی، نکۆڵیکردن و پەراوێزخستن بوو، تێکوپێکدرا. ئەو خوێنانەی کە ڕژا، بێ جیاوازی، لە جەستەی تورک و کورد و لاز و چەرکەز، لە جەستەی هەموو مرۆڤەکانی دانیشتووی ئەو جوگرافیایە دەڕژا.

من بە شایەتیی چەندین میلیۆن کەس کە گوێبیستی بانگەوازەکەمن دەڵێم کە: ئیتر سەردەمێکی نوێ دەستپێدەکا، سەردەمێک کە تێیدا نەک چەک، بەڵکوو سیاسەت قسەی خۆی دەکات. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە هێزە چەکدارەکان، بکشێنەوە ئەودیوی سنوور... سەردەم، سەردەمی کێشە و پێکدادان و شەڕ و پێکهەڵپڕژان نییە، بەڵکوو ڕۆژ ڕۆژی یەکگرتوویی، ئاشتبوونەوە و لێبووردن لە یەکترە. کورد و تورک شانبەشانی یەکتر لە چاناکالە شەهید بوونە و بە هاوکاریی یەکتر شەڕی ڕزگارییانکردووە و پێکەوە مەجلیسی ١٩٢٠یان دامەزراندووە. ئەو ڕاستییەی کە مێژووی هاوبەشمان لە پێشمانی داناوە پێمان دەڵێ کە داهاتووش دەبێ پێکەوە بنیاتبنێین ڕۆحی بنیاتنانی یەکەم مەجلیسی تورکیا، دەتوانێ ڕێگەی ئەمڕۆمان ڕووناک بکاتەوە.»

پرۆژەکەی ئۆجەلان لە سێ قۆناغ پێکدەهات: کشانەوەی گەریلا بۆ دەرەوەی سنوور، ئامادەکاریی دەستورێکی دێموکراتیک و دەستپێکردنی قۆناغی ئاساییبوونەوە. بۆیە کۆما جڤاکێن کوردستان (KCK) لە ٢٣ی مارسی ٢٠١٣دا ئاگربەستی ڕاگەیاند و نزیک بە مانگێک دوای ئەوەش پرۆسەی کشانەوەی گەریلای بۆ دەرەوەی سنوور دەستپێکرد.

دوای ڕاگەیاندنی پەیامی ئاشتی لەلایەن ئۆجەلانەوە هەڵوێستی جۆراوجۆر لەم بارەیەوە لە باکوور گیران کە ڕاگەیەندراوی - PDK باکوور یەکێک لە بەهێزترینەکانیان بوو و لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ، چونکە بەیاننامەی حیزبێکی باکوورە و بە باشی لە کێشەکان ئاگادارە.

## ڕاگەیەندراوی ـ PDK باکوور لە سەر پەیامی نەورۆزی ئۆجەلان

پارتی دێموکراتی کوردستان- باکوور ئەو پەیام و پێواژۆیە کە لە ژێر ناوی «ئیمرالی» ناوبانگی دەر کردووە، لە دوو خاڵی تایبەتدا هەڵدەسەنگێنێ:

١- کۆتایی هێنان بە شەڕ و بێدەنگکردنی چەکەکان، هەروەها گرتنەبەری دیالۆگ و ڕێگەی ئاشتییانە، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە باکووری کوردستان کە لەم پێواژۆیەدا هاتووە، خاڵێکی زۆر ڕاستە. ئەم شەڕە کە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵە لە ژێر ناوی دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد درێژەی هەیە، زیاتر لە قازانج، زیانی لەگەڵ خۆی هێناوە. لە دەستپێکی ئەم شەڕەوە نزیک بە پێنج هەزار گوندی کورد خاپوور کران و سوتێندراون. زیاتر لە چوار میلیون کورد لە شوێنی خۆیان باریان کردووە، کۆچپێندراون و لە کوردستان ئاوارە بوونە. مخابن بە دەیان هەزار خەڵکی گوندنشینش بوونەتە چەکداری دەوڵەت. ناوەندگەلێک وەک ئەرگەنەکۆن و ژیتەم سەریانهەڵدا.

داخوازییەکانی پەکەکەو دەوروبەرییەکانی لە (سەربەخۆیی بۆ کوردستان)ـەوە دابەزینە سەر (ئازادی بۆ ئۆجەلان). لەم شەڕەدا لە ناو کوردانیشدا ناوەندگەلێک کە لەم شەڕە سوود دەبینن ساز بوونە. زۆر کەس لە سەر خوێنی لاو و کچی کورد ژیانێکی نوێیان بۆ خۆیان ساز کردووە. ئەو کەسانە و دەوروبەرییەکانیان خێری ئەم شەڕەیان خواردووە و دەخۆن. لە سەر خوێنی منداڵی کورد سیاسەت دەکەن. ئەوان ئەم شەڕەیان کردووە بە سەرچاوەیەک بۆ خۆشکردنی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکەیان. بۆیە PDK ـ باکوور ڕاوەستاندنی شەڕ بە هەنگاوێکی پیرۆز دەبینێ. هەرکاتێک کە شەڕ راوەستێ، کۆمەڵگە بەرەو کەشێکی سیڤیل دەڕوات، خەڵک وە ئاگا دێنەوە و باشتر دەزانن کە چ داخوازییەکیان هەیە. سیاسەتێک کە لە ژێر تەقەی چەکدا دادەڕێژرێ، ڕادەوەستێ و سیاسەتێکی پڕ

له عەقڵانییەت دەردەکەوێ. هێزێ پەکەکە وەک بۆمبێک لە دەستی دەوڵەتەکانی هەرێمەکەدا نامێنێ و ئیدی ناتوانن لە پەکەکە وەک هەڕەشە بۆ سەر کوردان کەڵک وەرگرن.

بە کورتی ڕەش و سپی دەردەکەوێ و هەموو کەس باشتر ئیرادەی ئازادی خۆی بەکاردەهێنێت. لانیکەم تەرجیحی دەوڵەت و پەکەکە لە مەیدان دەچێتە دەر. بۆ ئەم مژارە و زۆر بابەتی دیکە، PDK ـ باکوور پشتگیریی ڕاوەستاندنی شەڕ دەکا. دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە ڕێگەی دیالۆگ و شێوەگەلی ئاشتیخوازانەوە، ڕێبازی تێکۆشانی پارتی ئێمەیە.

٢- خاڵی دووهەم، ناوەرۆکی پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلانە. ئۆجەلان لە پەیامەکەی خۆیدا، لە بری ڕاوەستاندنی شەڕ، لە باری سیاسییەوە هیچ چەشنە شتێکی بۆ کورد نەوتووە و داوای نەکردووە. لەوە خراپتر لە بەرانبەر بەدەوڵەتبوونی کورددا شەڕ دەکا و ئامادەکاری بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەخاتە ئەستۆی دەوڵەت.

ئۆجەلان پێشتریش، داوای لێبووردنی لە بنەماڵەی سەرباز و پۆلیسەکانی تورکیە کردبوو کە لەم شەڕەدا گیانیان لە دەستداوە. گەلۆ لە بەرانبەر هەزاران شەهیدی کورد و کوردستاندا ئۆجەلان و پەکەکە چی دەڵێن؟ گەلۆ ئەنجام و نرخی خوێنی ئەو شەهیدانە، ئەم پەیامی خۆبەدەستەودانەیە؟ تەڤگەری ئازادیخوازیی کوردستان نە بە پەکەکە و نە بە ئۆجەلان دەستیپێکردووە و نە بە پەکەکە و نە بە ئۆجەلانیش کۆتایی نایەت. لە باکووری کوردستان، کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی خۆیان درێژە بە خەبات دەدەن. پارتی دێموکراتی کوردستان- باکوور، لە سەر ئەو باوەڕەیە کە تاکوو کورد بۆ خۆیان و بۆ چارەنووسی خۆیان لە ڕەوشێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بڕیار نەدەن، کورد لە باکوور ئازاد نابێ.

**کومیتەی بەڕێوەبەری**

**پارتی دێموکراتی کوردستان ـ باکوور**

**٣١ی مارسی ٢٠١٣**

شایانی باسە لەم سەروبەندەدا و لە ڕۆژی چوارشەممە ٩ی ژانویەی ٢٠١٣، «سەکینە جانسز» سیاسەتمەداری کورد و لە دامەزرێنەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان، «فیدان دۆغان» نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و «لەیلا شایلەمەز»، چالاکی کورد لە بیرۆی ئەنفۆرماسیۆنی کورد لە پاریس تیرۆر کران. (NNSROJ: ٢٠١٣) شیاوی ئاماژە پێدانە کە سەکینە جانسز یەکێک لە ڕەخنەگرانی ئۆجەلان بووە، هەر بۆیە لەلایەن ئۆجەلانەوە بە تاوانی هاودەستی لەگەڵ موحەممەد شنێر هەوڵی دوورخستنەوەی دراوە. ئۆجەلان لە سەر سەکینە دەڵێ: «لە ساڵەکانی ١٩٨٨ ـ ١٩٨٧دا بە مەبەستی دژایەتی، پێوەندیی (محەممەد) شنێر ـ سەکینە دێتە ئاراوە، بە ڕای من پێوەندییەکەی زۆر ڕوونە. گەمە یان جەنگێک کە لە بەرانبەر TC دا کردمان، ئەوانیش لە سەر بنەمای شێوەکەی من هێرشێکیان دەستپێکرد، هەمان بەرپرسایەتییە تاکتیکی و سۆزدارییەکانە. ئەمشێوە، لاساییکردنێکی نەشاز لە TC یە. کەسایەتیی سەکینە، بوارە لاوازەکانی پەکەکەی ڕێکخستووە و خۆی پێبەندیان کردووە. لەوێوە زەبرە یەک لە دوای یەکەکانیان لە پەکەکە وەشاند. هەروەک ئێمە خاڵە لاوازەکانی TC مان دۆزیبووەوە و زەبرمان لێدەدا، ئەوانیش هەوڵیاندەدا لە خاڵە لاوازەکانی پەکەکە بە مەبەستی زەربەلێدان کەڵک وەرگرن» (محەممەد شنێر یەکێک لەو کەسانە بووە کە ئۆجەلان پێیدەڵێ فیتنەچی و چەتە) (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٢٢٠).

تا ئێستا تەنیا وەڵامی تورکیە بۆ ئەم دەستپێشخەرییانەی پەکەکە ئەوە بووە کە ئەردۆغان بەپێویستیزانی جیاوازی لەنێوان «ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان» نەکرێت و جەختیکردەوە کە بەردەوام دەبن لە بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئەلقاعیدە، پەکەکە و بۆکۆ حەرام. داواشیکرد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەنگاوی جدی بۆ ئەم کارە بنرێت. (ڕووداو: ٢٠١٥) لە ٢٨ی فێوریەی ٢٠١٥دا ئۆجەلان داوای چەکدانانی لە پەکەکە کرد و گوتی: «بۆ ئەوەی بڕیاری ستراتیژی و مێژوویی

بدرێ، بانگهێشتی PKK دەکەم لە مانگەکانی بەهاردا کۆنگرەی نائاسایی خۆیان ببەستن، ئەم بانگهێشتەشم ڕاگەیاندنی کۆتاییهێنان بە بەرەنگاربوونەوەی چەکداری و لە جیاتی ئەوە، گرتنەبەری ڕێگای سیاسەتی دێموکراتیکە.»

لە بانگەوازەکەی ئۆجەلاندا هاتووە: «ئەو قۆناغەی لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتیدا پێی گەیشتووین، بۆ ئەوەی شەڕی سی ساڵە بگەیەنینە ئاشتییەکی چەسپاو و هەرماو، چارەسەری دێموکراتیکی ئامانجی بنەڕەتیمانە، بۆ ئەوەی بڕیاری ستراتژیک و مێژوویی بدرێ، بانگهێشتی PKK دەکەم لە مانگەکانی بەهاردا کۆنگرەی نائاسایی خۆیان ببەستن، ئەم بانگهێشتەشم ڕاگەیاندنی کۆتاییهێنان بە بەرەنگاربوونەوەی چەکداری و لە جیاتی ئەوە گرتنەبەری ڕێگای سیاسەتی دێموکراتیکە». هەروەها ئۆجەلان ١٠ خاڵی وەک بنەما و هەنگاوی گشتی دیاری کردوون کە ئەمانەن: (ئۆجەلان:٢٠١٥، ڕووداو)

١- ناساندنی سیاسەتی دێموکراسی و ناوەڕۆکەکەی.

٢- پێناسەکردنی ئاستەکانی هەرێمی و نەتەوەیی لە چوارچێوەی دێموکراتیدا.

٣- دەستەبەری یاسایی و دێموکراتیک بۆ هاونیشتیمانیی ئازاد.

٤- پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی بە سیاسەتی دێموکراسی و سەرەباسەکانی پێکهێنانی.

٥- ڕەهەندەکانی سۆسیۆ- ئیکۆنۆمیی پرۆسەکە.

٦- چارەسەری دێموکراتیک بۆ پەیوەندی ئەمنیی و دێموکراسی بە شێوەیەکی ئازادانە و ڕەهەندە جەماوەرییەکانی بخرێنە بەرباس.

٧- چارەسەر و دڵنیایی بۆ کێشەکانی ژن، کولتوور و ئیکۆلۆژی.

٨- پێشخستنی وشیاریی دێموکراتیک لە بەرامبەر پێناسەکردنی تێگەیشتن لە ناسنامە.

٩- کۆماری دێموکراتیک، وڵاتی هاوبەش، پێودانگەکانی دێموکراسییی گەل و لەنێو دەستووردا پارێزراو بن.

١٠- بۆ پێکهێنانی هەوڵە دیموکراتیکەکان و پێکەوەگرێدانیان پێویست بە دەستوورێکی نوێ هەیە.

**مانگێک دوای ئەم بانگەوازە، ئۆجەلان لە پەیامە نەورۆزییەکەیدا گوتی:**

بۆ هەموو گەلانمان، سڵاو لە نەورۆزی گەلانمان و دۆستانیان و ئەوانەی لەگەڵ ئاشتی، یەکسانی، ئازادی و دیموکراسین.

ئەو قەیرانەی سیاسەتی نیولیبرالی سەرمایەداریی ئیمپریالیست و نۆکەرایەتیی دکتاتۆریەتی ناوچەکە ڕێی لە سەر کردووەتەوە، بە شێوەیەکی زۆر تێکدەرانە کاریگەری لەسەر هەرێمەکەمان و وڵاتەکەمان کردووە. جیاوازییە ئەتنیکی و ئایینییەکانی گەلەکەمان و کولتوورەکەمان، لەم کەشی قەیرانەدا، ڕووبەڕووی شەڕێکی بێ واتا و دڵڕەقانە بووەتەوە. نە بەها مێژوویی و سەردەمییەکەمان و نە ویژدانی و سیاسییەکەمان لە ئاست ئەو تابلۆیەدا هەرگیز بێ دەنگ و دوورە پەرێز نابێت. بە پێچەوانەوە دەستوەردانی بەپەلە، وەک پێداویستییەکی بەرپرسیارێتی سیاسیی و ئەخلاقی و باوەڕیی ئایینیمان دەبینێت. ئەو تێکۆشانەی گەلانی وڵاتەکەمان بۆ دیموکراسی، ئازادی، برایەتی و ئاشتییەکی ئابڕومەندانە بەڕێوەی برد، ئەمڕۆ لە قۆناغێکی مێژوویی دایە. تێکۆشانی پڕ لە ئێشی بزووتنەوەکەمان لە ماوەی ٤٠ ساڵدا بە هەدەرنەچوو، پێی ناوەتە قۆناغێکی وەها کە ناکرێ بە هەمانشێوە بەڕێوە ببرێت. مێژوو و گەلانمان داوای چارەسەرییەکی دیموکراتی و ئاشتییانە بە پێی ڕۆحی سەردەم دەکەن.

لەسەر ئەو بنەمایەی لە قۆناغی مێژوویی دۆڵمەباخچەدا بەو ڕاگەیاندنەی لە ١٠ خاڵ پێکهاتووە و لەلایەن هەموومانەوە بە فەرمی ڕاگەیەندرا، ئێمە ڕووبەڕووی دەستپێکردنی پرۆسەیەکی نوێین. بە ڕێککەوتن لە سەر ئەو پرەنسیپانەی لە بەیاننامەکە دایە، بانگی بەستنی کۆنگرەیەک بە پێویست و مێژوویی دەبینم، بۆ ئەوەی (پەکەکە) ئەو تێکۆشانەی نزیکەی ٣٠ ساڵە لە دژی تورکیا بەڕێوەی دەبات و لە چەک پێکدێت، دوایی بێنێت، بۆ دیاریکردنی ستراتیژی

و تاکتیکە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی بەپێی ڕۆحی سەردەم. هیوادارم کە لە ئایندەیەکی نزیکدا، لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپانە و بە ڕایی کردنی لەلایەن کۆمسیۆنێکی حەقیقەت و ڕووبەڕووبونەوە کە لە ئەندام پەرلەمانی هەنووکەیی و دەستەی چاودێری پێکبێت، بە سەرکەتووانە ئەو کۆنگرەیە ببەسترێت. بەوەی لە ڕێی ئەو کۆنگرەیەوە، سەردەمێکی نوێ دەستپێدەکات، بەو سەردەمە نوێیەش لە نێو کۆماری تورکیادا لە سەر بنەمای دەستووری بنەڕەتی، وەک کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و خاوەن ناسنامەیەکی دیموکراتی، پێ دەنێینە نێو قۆناغی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە.

بەو پێیە پاشخانی ئەو کۆماری تورکیایەی کە ٩٠ ساڵە پڕیەتی لە شەڕ، دەرباز بین و بەرەو ئایندەیەکی ئاشتی ڕاستەقینە، کە بە پێوەری دیموکراتی گەردوونی ئاوێتە بووە، هەنگاو بنێین. شتێکی کە لە مێژووی نەورۆزی ڕاستەقینەشدا دێت، سڵاو کردنە لە ژیانی کردنی وەها نەورۆزێک، بەڵام دیاردەیەکی کە بۆ گەل و وڵاتەکەمان ڕاستە، دەبێ لە هەمانکاتدا بۆ هەرێمەکەشمان بە هەمانشێوەیە بێت. ڕاستینەی سەرمایەداری ئیمپریالیست بە گشتیی ٢ سەد ساڵی دوایی، بە تایبەتی لەم ١٠٠ ساڵەی دواییەدا، لە سەر بنەمای نەتەوەپەرستی (نەتەوە — دەوڵەت)، ناسنامەی نەژادی و ئایینی بە شێوەیەکە کە لە دژی جەوهەری خۆی، بە ڕووی خۆیدا داخستووە و یەکیان کردووەتە دوژمن.

واتە بەپێی سیاسەتی پارچە بکە و بەڕێوە ببە، بوونی خۆی بێ بەزەییانە تا ڕۆژی ئەمرۆمان هێناوە. دەبێ بزانین هێزەکانی ئیمپریالیست کە دەستیان لە هیواکانیان لە ڕوژهەڵاتی ناوین بەرنەداوە، دوایین زۆرداریيان بە شێوەی داعش هاتە ئاراوە، ئەو ڕێکخراوەی کە دڕندایەتیشی بێ واتا کردووە، بێ ئەوەی بڵێ ئەمە ژن و منداڵە، (کورد، تورکمان، عەرەب، ئێزدی، ئاشووری — سریانی)یە، لە دژی هەموو گەل و کەمینەکانی هەرێمەکە، کۆمەڵکوژی دڕندانە ئەنجام دەدات.

ڕۆژ ئەو ڕۆژەیە کە ئەو مێژووە بێ بەزەیی و وێرانکەرە، کۆتایی بێ و پێ بنێتە ئاشتی، برایەتی و دیموکراسییەک کە بەپێی پاشخانی ڕاستەقینەمان بێت. بە ڕاستی دەبینم و بەوە باوەڕم هەیە، نەتەوە دەوڵەتانێکی کە نەتەوەپەرستی وێرانکار، لەناوبەر و پڕ ئاڵۆزی بەرهەمهێناوە، بە کرانەوە بەڕووی سیاسەتی

دیموکراتی و ناسنامەی دیموکراتیيانە، ناچارن وەرچەرخێن بۆ وڵاتی هاوبەش.

بۆ ئەوەش بانگ لە نەتەوە — دەوڵەتەکان دەکەم، لە ناو خۆیاندا بە سیاسەتی دیموکراتیيانە، جۆرێکی نوێی دیموکراتی هاوبەش پێکبێنن، نەتەوە دەوڵەتەکان لە نێو خۆیاندا ماڵی هاوبەشی دیموکراتیيانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بونیادبنێن. بەم بۆنەیەوە داوا لە ژنان و گەنجان دەکەم کە بەرەو ئازادی لە شەقەی باڵدەدەن و زۆرینەی چەوساوەی کۆمەڵگەکەمانن، لە تێکۆشانی ئازادی و یەکسانیدا لە بواری (ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیی و ئاسایشی قۆناغی هەنوکەییمان) چالاکانە بەشدار بن و سەری بخەن. وێڕای ئەوەش سڵاو لە بەرخۆدان و سەرکەوتنی کۆبانێ دەکەم کە هەم بۆ هەرێمەکەمان و هەم بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، واتایەکی مەزنی هەیە. لە سەر ئەو بنەمایە سڵاو لە "رۆحی ئاشمێ" دەکەم کە سیمبولێکی مێژووی نوێی نێوان گەلانمانە. ئەو ئامانجانەی لە سەرەوە هەوڵمدا دەست نیشانی بکەم، ئەگەر بە دەستەواژەیەک بڵێم: ئەوە بۆ کۆمەڵگە سەر لە نوێ پاکسازی، بونیادنەوە و دارشتنەوەی مێژوویی و ڕۆژانەیی، بانگەوازییەکی هێژایە.

جارێکی تر سڵاو لە خودی ئەم نەورۆزە مێژووییيە، بەو هیوای ئەوەی کە بۆ هەموو مرۆڤایەتی ببێتە مایەی خێر. بژی نەورۆز بژی برایەتی گەلان.

**عەبدوڵڵا ئۆجەلا/دوورگەی ئیمرالی**

(ئۆجەلان: ڕووداو، ٢٠١٥).

به سەرکەوتنی HDP لە هەڵبژاردنەکانی تورکیە و بەزاندنی مەرجی ١٠٪ وتووێژەکانی قۆناغێکی نوێ لە پرۆسەی ئاشتی دەستیپێکردووە. سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی HDP لە ڕێکەوتی ٢٧ی مای لە وتووێژ لەگەڵ CNNturk دا گوتی کە چەک دەبێ لە سیاسەتی ڕۆژی تورکیە وەلابنرێ، ئەگەر KCK و کۆنسەی سەرۆکایەتیی پەکەکە خوازیاری چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیەن، دەبێ لە سیاسەتی دێموکراتیک لە تورکیەدا پشتیوانی بکەن و یارمەتیی بدەن. ئەوەی کە HDP مەرجی ١٠٪ی بۆ چوونە نێو پارلەمان تێپەڕاندووە وAKP ـش ناتوانێ خۆی بە تەنیا دەوڵەت پێکبێنێ، هەڕەشەیەکە بۆ سەر پرۆسەی ئاشتی. کاتێک کە دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، هێرشی ئاسمانی کرایە سەر بنکەکانی پەکەکە، دوو پەیامی پێ بوو. پەیامی یەکەم بۆ HDP و کوردەکان بوو کە حیزبی دەسەڵاتدار ویستی پێیان بڵێ ئەگەر مل بۆ هاوپەیمانی ڕانەکێشن پرۆسەی ئاشتی کۆتایی پێ دێت و شەڕ دەستپێدەکاتەوە. پەیامی دووهەم بۆ MHP و CHP بوو کە پێی گوتن ئەگەر ببینە هاوپەیمان، پرۆسەی ئاشتی بەم ئاسانییە هەڵدەوەشێنینەوە، واتە AKP ڕاستە ناتوانێ خۆی بە تەنیا حکوومەت پێکبێنێ، بەڵام هیچ حیزبێکیش بەبێ ئەو ناتوانی حکوومەت پێکبێنێ، بۆیە ئەم هێرشە هەڵگری دوو پەیام هەم بۆ کوردەکان و هەم بۆ پارتە تورکەکان بوو.

بەڵام شتێک کە لەم پرۆسەی ئاشتییە گرینگە ئاماژەپێبکرێ ئەوەیە کە نە لە پەیامەکانی ئۆجەلان و نە لە مانیفستی هەڵبژاردنی HDP دا تەنانەت بۆ دڵخۆشیش بێت ناوی کورد نەهاتووە. کاتێک کە ناوی ئاشتی دێت، لانیکەم دەبێ دوو لایەن کە پێکەوە ناکۆکن دیار بن، لە تورکیە هەر یەک لایەن دیارە و ئەویش دەوڵەتی تورکە! ئیدی کەس ناوێری ناوی کورد نە لە بەیاننامەدا بێنێ نە لە تەنانەت لە مانیفستی تەبلیغاتی هەڵبژاردنیشدا. ئەمە خۆی لە

خۆیدا بێ مانایە. واتە پەکەکە لە ساڵی ١٩٨٠وە بە وتەی خۆی بە چڕی خەریکی خەباتە، بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی دەیەکانی ١٩٥٠ تا ١٩٨٠. لەو ساڵانەدا ناوی کورد دەهات و وەک هێز سەیری دەکرا! عەدنان موندەرێس هەر وەک پێشتریش گوترا زۆر لە ئەردۆغان زیاتر چووەپێش، حیزبی کرێکارانی تورکیە کە خاوەنی کورسی بوو لە پارلەمان، شوناسی کوردی بە فەرمی ناسی! تەنانەت لە دەیەی ١٩٧٠دا شارەوانییەکان کەوتنە دەستی کورد (پێشتر ئاماژەی پێ کرا)! بەڵام بە دوای ئەو هەموو شەڕەی پەکەکە لەگەڵ تورکیە، هێشتا سەرۆکی پەکەکە یان ناوی کورد ناهێنێ یان کاتێکیش ناوی دەهێنێ دەیخاتە پەراوێزی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین! یان HDP لە مانیفستی هەڵبژاردنەکەیدا پشتیوانی لە بە دەوڵەت بوونی فەلەستین دەکا، بەڵام تەنانەت ناوهێنانی کوردیش لە مانیفستەکەدا بە ڕەوا نابینێ! (HDP، ٢٠١٥) جیا لەوە کاتێک سەلاحەدین دەمیرتاش دەچێتە پارلەمانی تورکیە، یەکسەر دەبێتە تورکێکی تەواو و ئەو هەموو پڕۆپاگاندەیە دەبێتە هیچ. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە شێوەی سوێندخواردنەکەی دەمیرتاش بکرێ:

«لە بەردەم نەتەوەی مەزنی تورکدا، لەسەر شەرەف و نامووسم سوێند دەخۆم، کە سەربەخۆیی دەوڵەت و یەکێتیی نیشتیمان و گەل، لەگەڵ سەروەریی بێمەرجی گەل بپارێزم. پابەند بم بە سەروەریی دەستوور و یاسا، بە دێموکراسی و بنەما و شۆڕشەکانی ئەتاتورک و سیستەمی کۆماری و سێکۆلاریزم. دوور نەکەومەوە لە بەڵێنیی بەدیهێنانی ئارامی و خۆشبژێوی بۆ گەل و سوودمەند بوونیان لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی یاسا و پێکەوەژیاندا.»

ئەم پرۆسەیە ئێستا وەکوو ئەوە دێتە بەرچاو کە بە بنبەست گەیشتبێت و هیچ بەرەوپێشچوونێکی پێوە دیار نیە. تەنیا تەقەی چەکەکان ڕاگیراوە، پەکەکە تا ئاستی بردنە ژێر پرسیاری بزووتنەوەی کورد دابەزیوە، تورکیەش دڕتر لە جاران بووە.

شایانی باسە ڕۆژی ٢٠،٠٧،٢٠١٥ لە شارۆچکەی پرسووسی سەر بە پارێزگای ڕۆحا لە باکووری کوردستان لە ئەنجامی تەقینەوەیەکدا لە کاتی کۆبوونەوەی

ژمارەیەک گەنجی سەر بە فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی گەنجانی سۆسیالیست ۳۲ کەس شەهید بوون. ڕۆژی ۲۲،۰۷،۲۰۱۵ دوو پۆلیسی تورک لە شوێنی مانەوەی خۆیان لە ڕۆحا بە کوژراوی دۆزرانەوە. ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی هەپەگە سەبارەت بەو ڕووداوە لێدوانێکی نووسراوی بڵاوکردەوە کە لە ماڵپەڕەکانی نزیک لە پەکەکەدا بڵاو کراوەتەوە و تێیدا هاتووە: «ڕۆژی ۲۲ی ژووئیە گروپێکی فیدایی ئاپۆچی بۆ وەڵامدانەوەی کۆمەڵکوژییەکەی پرسووس، کاتژمێر شەش لە بەرامبەر دوو پۆلیسدا کە پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە چالاکییەکی تۆڵەسەندنەوەیان ئەنجامداوە و لە ئەنجامی چالاکییەکەدا هەر دوو پۆلیس بە ناوەکانی فەیاز ئووزساحرا و ئۆکان ئاجار کوژران». کاتژمێر ۱۱ی شەوی هەینی ۲٤،۰۷،۲۰۱۵ فرۆکە جەنگییەکانی تورکیە دەستیان کرد بە بۆردمانی بارەگاکانی پەکەکە لە چیای کۆڕەژاری سەر بە ناحیەی دێرەلۆک و چیای گەلی سەرگەلی لە سنووری قەزای ئامێدی و هەروەها شاخی خواکورک لە ناحیەی سیدەکان. (کەجەکە: ۲۰۱۵) ئەوەی کە لەم نێوەدا سەیرە ئەوەیە کە تورکیە بە دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو ساڵ بە سەر پرۆسەی ئاشتیدا، هاوکات هێرشی کردە سەر بنکەکانی پەکەکە لە قەندیل و داعش لە سووریە.

جێی ئاماژەیە داوود ئۆغلوو ڕایگەیاند کە لە تەقینەوەکەی پرسوسەوە ۵۹۰ کەسی بە تاوانی ئەندامەتی لە گرووپە تیرۆریستییەکانی داعش و پەکەکەدا دەستبەسەر کردووە. (BBC , ۲۰۱۵) هەپەگە (هێزی پاراستنی گەل) دوابەدوای هێرشە ئاسمانییەکەی تورکیە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە ئاگربەسەکە لەلایەن دەوڵەتی تورکیە و سوپاکەیەوە بەشێوەی یەکلایەنە کۆتایی پێهاتووە (هـ.پ.گ: ۲۰۱۵). لە درێژەی شەڕەکەدا پەکەکە شەڕی کێشایە ناو شارەکانی باکوور و چەندین شار کاول بوون و خەڵکەکەیان ئاوارەی شارە تورک نشینەکان بوو. ئەم شەڕە ناوی شەڕی خەندەقی لە سەر دانرا. دوای سەرکوتی بێبەزەییانەی دەوڵەتی تورک و کاول کردنی شارەکان، موراد قەرەیلان فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پاراستنی گەل لە میدیای فەرمیی پەکەکەدا ڕەخنەی لە بردنی شەڕ بۆ ناو شارەکان گرت و شەڕی ناسراو بە خەندەقی بە هەڵەی ستراتێژیک پێناسە کرد.

سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی HDP لە سەر ئەم شەڕە دەڵێ: بەر لە هەموو شتێک ئەمە هێرشە بۆ سەر HDP. دەوڵەت هێرش دەکاتە سەر پەکەکە، بەڵام ئێمە دەپێکێت. ئامانجی ڕاستەقینەی دەوڵەت پەکەکە نیە، بەڵکوو ئێمەین. لەبەرئەوەی کە سەرکەوتنی بەرچاومان لە هەڵبژاردنەکان بە دەستهێنا و بردمانەوە، دەبێ لاواز بکرێین و بۆ ئەم مەبەستەش پەکەکە دەکەنە کەرەستە... بۆ سەری ساڵ لەسەر هەڤدیتنێکی چارەنووسساز لە ئیمرالی ڕێککەوتین. بۆ ئەم دیدارە، دارتاشەکان مێزێکی تایبەت و گەورەیان بۆ ٣٠ کەس دروستکرد. بڕیار وابوو کە چاوەدێرانی سەربەخۆ، نوێنەرانی HDP، ئۆجەلان و دەوڵەت لە سەر ئەم مێزە کۆ ببنەوە. لەو دیدارەدا ئۆجەلان بە مەبەستی چەکدانان داوای بەستنی کونگرەی لە پەکەکە دەکرد. هەر دوو لا لەسەر ئەم بڕیارە ڕێککەوتبووین، بەڵام لە حەوتوویەک دوای ئەم ڕێککەوتنەوە، دەوڵەت ڕێگەی بە ئێمە نەداوە سەردانی ئیمرالی بکەین. تا ئێستاش ڕێگەمان پێ نەدراوە سەردانی ئۆجەلان بکەین. ئەگەر ئەم کۆبوونەوەیە گیرابایا، ئۆجەلان داواکەی دەکرد. ئەوەندەمان نەمابوو کە بگەینە چارەسەری. (دەمیرتاش: ٢٠١٥)

AKP بە کەڵک وەرگرتن لە شەڕ دژی پەکەکە، دەنگی زۆرینەی خەڵکی تورکیەی دیسانەوە بۆ لای خۆی ڕاکێشا و پێویستی بە هیچ لایەنێکی کوردی یان تورکی بۆ پێکهێنانی دەوڵەت نەما و خۆی بە تەنیا دەوڵەتی پێکهێنا. دەنگەکانی HDP کەم بوونەوە و کەوتنە سەر دەنگەکانی AKP. لەم نێوانەدا تەنیا کورد بوو بە قوربانی و ئەردۆغان دیسانەوە دەسەڵاتی تورکیەی بە دەستەوە گرت. پرۆسەی ئاشتیش دیسانەوە ڕۆیشتەوە سەر خاڵی سیفر و ئێستا دیسان دەبێ کورد بە تەما بێ کە ئەردۆغان کەی دێتەوە سەر مێزی وتووێژ! ئەگەر پەکەکە سیاسەتی هەڵەی لە پێش نەگرتبا و نەکەوتبایە داوی ئەردۆغانەوە، کورد دەیتوانی لە پاش دەوری یەکەمی هەڵبژاردن لە پێکهێنانی حکوومەتدا بەشداری بکات و دەستکەوتی زۆرتر بە دەستبێنێ! بەڵام سیاسەتی هەڵەی پەکەکە بوو بە هۆی ئەوە کە کورد بێ دەستکەوت بمێنێتەوە.

## شێوەی دیپلۆماسیی پەکەکە

پەکەکە زۆر باش ئەو خاڵانەی ناسیوە کە وڵاتانی دژبەری تورکیە لە سەریان لەگەڵ ئەو وڵاتە کێشەیان هەیە. تورکیە کە میراتی ئیمپراتووریی عوسمانییە، کێشەی سیاسی و جۆغرافیایی زۆری لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر هەبووە و هەیە. کێشەی سیاسی، سنوور و ئاو لەگەڵ عێراق و سووریە، کێشەی ئیدئۆلۆژیک و سیاسی لەگەڵ ئێران کە یەکێک لە کێشە هاوبەشەکان لەگەڵ ئێران، عێراق و سووریە بە فەرمی ناسینی ئیسرائیلە. هەوڵدان بۆ ناردنەدەرەوەی شۆڕش و دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی و کێشەی مەزهەبی سێ کێشەی دیکەی نێوان تورکیە و ئێرانن. یونان و تورکیە کێشەی سنوورییان هەیە، لەگەڵ قۆبرۆس کە کێشەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆیان لە بەشی تورکنشینی قۆبرۆسدا هەیە. یەکیەتیی سۆڤیەت بەبۆنەی هەر دوو پەیمانی ناتۆ و سینتۆوە کە وەک پشتوێنی ئەمنییەتی ڕۆژئاوا بە دەور یەکیەتی سۆڤیەتدا کێشرابوون، ناکۆکیی جیددیی لەگەڵ تورکیە هەبوو، بەڵام بە دوای لە بەریەکهەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت ئەم ناکۆکییانە تا ڕادەیەکی زۆر کەمبوونەتەوە.

پەکەکە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە پێوەندیی هەبووە و ئێستاش هەیەتی. پێوەندی گرتن بە وڵاتانەوە نە تەنیا شتێکی خراپ نیە، بەڵکوو شتێکی بنەڕەتییە، بەڵام کێشەی پێوەندی گرتنەکەی پەکەکە لەگەڵ ئەو وڵاتانە لێرەدایە کە ئەو وڵاتانە تەنیا یارمەتیی ماڵی پەکەکەیان داوە بۆ ئەوەی پەکەکە ببێتە ئەو هێزەی کە کێشە بۆ تورکیە ساز بکات. هیچ کام لەو وڵاتانە چ ئەوکات و چ ئێستا، لە هیچ بۆنەیەک، لە هیچ کۆبوونەوە و ڕێکخراوێکدا پشتیوانیی سیاسییان لە کێشەی کورد لە تورکیەدا نەکردووە. تەنانەت هێندێک لەو وڵاتانە لەکاتێکدا کە پەکەکە و تورکیە ویستوویانە لە سەر کێشەی کورد وتووێژ بکەن، بەمەبەستی تێکدانی دۆخەکە ئەوەی کە لە دەستیانهاتووە کردوویانە، چونکە ئەو وڵاتانە ئەوە دەزانن کە ئەگەر کێشەکە چارەسەر ببێت ئیدی کارتێکی بەهێز بە ناوی کورد و کێشەی

کورد لە دەستیان دەردێ و تورکیە هێندەی دیکە هێز دەگرێ، بۆیە ئەوان ئەو یارمەتییە بۆ چارەسەر نەبوون و قووڵبوونەوەی کێشەکە دەکەن نەک بۆ چارەسەری کێشەکە. ئەگەر ئەوان خوازیاری چارەسەری کێشەی کورد بوایان جارێکیش لە شوێنێک بە ئاخاوتن دەیاندرکاند یان گۆشارێکی سیاسییان بۆ تورکیە دەهێنا. هێندێک لەو وڵاتانە (سووریە، عێراق و ئێران) کە خۆیان کێشەی کوردیان تێدایە، بە هیچ شێوەیەک حەزیان لە چارەسەری ئەو کێشەیە نەبووە و نیە، بەڵکوو تەنیا مەبەستیان لاواز کردنی تورکیە و وەرگرتنی باج (کە لە عێراق و سووریە باجەکە زیاتر ئاو بوو) لەو وڵاتە بووە.

نموونەی پێوەندییەکانی پەکەکە پێوەندی لەگەڵ سووریەیە. ئۆجەلان بۆ ئەوەی سووریە ڕازی بکات کە لە گەڵیدا پێوەندیی هەبێت، بە فەرمی دەڵی دەبێ سووریە کورد بکاتە قەڵغانی خۆی و کوردستان و جووڵانەوەکەی کۆنترۆڵبکات. واتە خۆی هاوار دەکا کە سووریە بیکات بە کارتی دەستی خۆی دژی تورکیە بۆ پاراستنی ئەمنیەت و ئاسایشی سووریە! ئەو دەڵێ: ئەو هەڕەشانە کە لەلایەن ئاناتۆلییەوە لە سەر سووریە هەن، مەترسیگەلێکن کە ریشەی مێژوویيان هەیە. ئایا کوردەکان دەتوانن پێش بەم مەترسییانە بگرن؟ کەسانێک کە لە سەر جۆغرافیای کوردستان شارەزان، دەزانن کە کوردستان لە سنوورەکانی باکووری سووریەوە وەک قەڵغانێکی بەرگرییە بۆ سووریە.

کوردستان لەم سنوورانە پارێزگاری دەکات، کاتێک کە ئەم قەڵغانە کەوتە دەستی سوڵتان سەلیم توانی سووریە بگرێت و سەرکوتی بکات. بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژوو بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو ئەو کەسانە کەم ئەم قەڵغانەیان گرتۆتە دەستەوە سووریەیان تووشی شکستکردووە. ئەگەر دەتهەوێ سووریە لە دەستتدا بمێنێتەوە، دەبێ ئەم قەڵغانە لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی تۆدا بێت... ئەوانەی کە توانیویانە ئیرادەی کوردەکان بە دەستبێنن، هەمیشە لە بەرانبەر سووریەدا سەرکەوتوون... بزووتنەوەی کورد بۆ ئەمنیەت و ئاسایشی سووریە پێویستە... ئەگەر سووریە بیهەوێ لە چنگ ئەم هەڕەشانەوە (هەڕەشەی ئەمنییەتی لەلایەن تورکیەوە) ڕزگاری ببێ تەنیا بە ئەرتەشی سووریە جێبەجێ نابێ... بۆیە ڕۆڵی کوردەکان لەم بوارەدا زۆر شازە، ئەگەر سووریە دەیهەوێ ئەمنییەت و ئاسایشی

ناوخۆیی خۆی بپارێزێ، دەبێ هێزە کوردییەکان لە دەور خۆی کۆ بکاتەوە (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٩٥و ٩٧ و ٩٩).

ئەم شێوە دیپلۆماسییە کە بوونە کارت دەستی ڕێژیمەکانە ئەمڕۆ لە ئێران و سووریە دیسان لە ئارادایە، واتە پەکەکە هەر لە سەر ئەو شێوە دیپلۆماسییە دامەزراوە و بەو شێوەیەش درێژە بە ژیانی دەدات. هێزەکانی لە سەر سنووری ئێران کۆکردۆتەوە و بۆتە پارێزەری سنووری کۆماری ئیسلامی و هەرکەس ڕوو لە ئێران بکات بۆ خەبات، دەبێ سەرەتا لەگەڵ گەریلای پەکەکەدا بە شەڕ بێت، ئەو جا سپای پاسدارانی ئێران. لە سووریەش دیسان بەمشێوەیەیە، بەشار ئەسەد بەبێ ئەوەی تاقە فیشەکێک بتەقێ هەموو کوردستانی ڕۆژئاوای داوەتە دەس پەکەکە و پەکەکەش ئیزنی تێکۆشان بە هیچکام لە حیزبەکانی ڕۆژئاوا کە دژی بەشار ئەسەدن نادات (**لەم بارەیەوە دواتر بە وردی باس دەکرێ**).

ئۆجەلان لە زیندانیشدا بە بۆنەی ئەوەوە کە دەوڵەتی تورکیە لەگەڵی دابنیشێ و پێوەندیی پێوە بگرێ دژی هەموو بزووتنەوەی کورد ڕادەوەستێ و هەر وەک پێشتر گوترا خۆی تا ئاستی «خزمەتکاری دەوڵەتی تورک» دەشکێنێتەوە! ئەو دەڵێ من ئیددیعا دەکەم کە مەسەلەی کورد کە لە عێراقدا خستوویانەتە ئەستۆی نەتەوەخوازیی کوردەوە، وەکو بۆمبێکی هەمیشە ئامادە بۆ تەقینەوە لە لاوازترین خاڵی تورکیەدا چێنراوە. ئەم قۆناغە وەکو سەرکێشیی ١٩٢٥ (مەبەست ڕاپەڕینی شێخ سەعید پیرانە)، هەشتا ساڵی دیکە تورکیە تووشی زیان و چارەڕەشی دەکات. دەنیز گەزمیش و لایەنگرانی تا کۆتایی ژیانیان ئەوینداری تورکیەی ئازاد و سەربەخۆ بوون، کوردەکانیش خوازیاری بەشداری لەودا بوون، ئەم دروشمە، دروشمی کەماڵ ئاتاتورکیش بوو و کەس ناتوانێ حاشای لێ بکات. دەبێ لە نێو ئەم دروشمەدا بۆ سیاسەتی دروست بگەڕێین (ئۆجەلان: ٢٠٠٣، ٧٨).

ئەمشێوە پێوەندی گرتنە و شێوە دیپلۆماسییە بۆتە هۆی ئەوە کە پەکەکە لە هێزێکی شۆڕشگێر و خەباتکارەوە دابەزێتە سەر کارتی گۆشاری نێودەوڵەتی! کارتێک کە قازانجەکەی بە هەموو دەوڵەتە داگیرکەرەکان لە تورکیەوە بگرە تا ئێران، عێراق و سووریە دەگات و ماڵوێرانیی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی بۆ کوردستانە!

## پەکەکە لە کوردستانی باکوور

ئۆجەلان لە کوردستانی باکوور بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی مێژووی ئەم پارچەیەی بە تەواوی بە قازانجی تورکەکان گۆڕیوە، ڕێبەرانی کورد کە قارەمانان و سیمبۆل و هێماکانی کوردن کراون بە دێو و ئاتاتورک کە سەرکوتکەر و بکوژی سەدان هەزار کورد و بەرپرسی سەرکوتی شۆڕشەکان و بکوژی ڕێبەرانی کوردە کراوە بە فریشتە. شۆڕشەکانی کورد بەلای ئۆجەلانەوە شۆڕش نین و وەک سەرکێشی ناویان دەبات، دیارە سەرکێشیش لە بەرانبەر مرۆڤ و بوونەوەری پیرۆزەوە دەکرێ و ئەوەی کە سەرکێشییەکە دەکات گوناحبارە و ڕشتنی خوێنی حەڵاڵە. لە ساڵی ١٩٥٠ بەرەو ئەم لاشەوە هەر حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەک لە باکوور سەریهەڵدابێ «فیئۆدال کۆمپرادۆر»ـە. هەر بۆیە پەکەکە بە ئەرکی خۆی زانیوە کە هەموو ئەوانەی لە دەیەی ١٩٧٠ و ١٩٨٠دا قەڵاچۆ کردووە.

ئۆجەلان دەڵێ: مستەفا کەمال کە کۆماری تورکیەی لە سەر وێرانییەکانی ئیمپراتووریی عوسمانی لە ماوەی شەڕی ڕزگاریدەری نەتەوەییدا دامەزراند، هەڵسوکەوت و ڕوانینێکی جیای لە سەر نەتەوەخوازی هەبوو. ئەم نەتەوەخوازییە کە کولتووری ئاناتۆلیی کردۆتە بنەما، لە سەر بنەمای شارستانییەتەکانی ئاناتۆڵی هەر لە سۆمەرییەکانەوە تا هیتییەکان دامەزراوە و دەتوانین ناوی نەتەوەخوازیی کولتووری یان نیشتمانپەروەریی ئاناتولیی لە سەر دابنێین. مستەفا کەمال لە سەر ئەم ڕوانینە جۆراوجۆرە نەتەوەخوازییە شارەزا بوو. بۆیە ئاتاتورک پێشنیاری ئەوانەی بە ڕوونی ڕەتکردەوە کە پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە ناوی کۆماری تازە بنیاتنراو بکرێتە کۆماری تورک، و ناوی تورکیەی هەڵبژارد. واتە لە سەر بنەمای وڵات ناوەکانی هەڵبژارد، نەک

ڕەگەز! بەپێی ڕوانینی ئەو هەر ڕەگەز و تیرەیەک دەتوانێ ئەم نەتەوەخوازییە یان نیشتمانپەروەرییە دڵخوازانە قبووڵبکات. ناتوانین ئەم نەتەوەخوازی و نیشتمانپەروەرییە وەک ڕەگەزپەرەستی چاو لێبکەین! (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٤٦).

ڕێبەریی مستەفا کەمال ئاتاتورک لەلایەکەوە بە پشتیوانیی یەکەمین شۆڕشی دژە کاپیتالیستی لە مێژوودا واتە شۆڕشی بۆلشویکی لە ساڵی ١٩١٧ و لە لایەکی دیکەوە بە پێکەوەگرێدانی گەلی کورد و تورک لە سەر بنەمای ئیستراتێژیی یەکیەتیی نەتەوەیی کە وڵاتانی هاوپەیمان بە ڕێبەریی ئینگلیس خوازیاری لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی بوون، جەنگی ڕزگاریدەری چ لە ئاستی نەتەوەیی و چ لە ئاستی ناوچەییدا وە ڕێخست و لە سەر بنەمای ئەم هاوکێشانە سەرکەوتنگەلێکی زۆری لە باری سیاسی و سەربازییەوە دەستەبەر کرد. مستەفا کەمال بە کۆتاییهێنان بە پاشایەتی و خیلافەت، مۆدێلی کۆماری فەرانسەی کردە باشقە و شۆڕشێکی سیاسیی گەورەی کرد. تێکشکاندنی دەوڵەتە ئایینی و بنەماڵەییەکان کە هەزاران ساڵ مێژوویان هەبوو و ڕاگەیاندنی کۆمار، کردەوەیەکی گەورەی شۆڕشگێڕانەیە، ئەم کارە لە کاتێکدا کە وڵات داگیرکراو و دواکەوتوو بوو، ڕووداوێکی بێ وێنەیە (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٣٤٧).

ڕۆڵی کوردەکان لە بنیاتنان و ڕاگەیاندنی ئەو کۆمارەدا لانیکەم بە قەد پێگەی کوردەکان لە سەرکەوتنە ئیستراتێژیکەکانی ١٥١٤ی چاڵدران، ١٥١٦ی مەرج دابۆق و ١٧٠١ی مەلازگێرد گرینگیی هەبووە. هەڵسوکەوتە ئیستراتژیک و تاکتیکییەکانی مستەفا کەمال لەم نێوەدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەبووە. ئەو بە وتنی ئەوەی کە «جیایی کورد - تورک و بە تایبەتی دژایەتیی نێوانیان، هەر دوو گەلەکە لە نێو دەبات» پێویستیی یەکگرتنی گەلی کورد و تورکی دەخستە ڕوو. بێجگە لە چەند لایەنێک کە خەریکی ورووژاندنی مەسەلەکان بوون، کوردەکان، چ چینە جیاوازەکانی خەڵک و چ توێژی باڵای ئاریستۆکرات، وەڵامی ئەرێنی بەم بانگەوازەی ئاتاتورک دەدەنەوە. هۆکارگەلی جۆراوجۆر کاریگەرییان لە سەر تێکچوونی ئەم دۆخە لە ساڵی ١٩٢٥دا (مەبەست شۆڕشی شێخ سەعید) هەبووە.

یەکەمین هۆکار، زانینی ئەوەیە کە کۆمار لە سەر بنەمای نەتەوەخوازیی تورک

گەشە دەکا و ڕوانگەی ئوممەت، خیلافەت و پاشایەتی بۆ هەتا هەتایە لە کۆمەڵگە دەسڕدرێتەوە.

دووەمین هۆکار ئەوەیە کە چینی بەکرێگیراوی کورد ئیمتیازە پێشووەکانی خۆی لە دەستداوە و وردە وردە تێدەگات کە لە مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوەدا جێگایەکی نیە.

سێهەمین هۆکار، هەم کێشەی مووسڵ و کەرکووکە کە لە ژێر کاریگەریی ئینگلیسەکاندا بوو و هەم ئیدیعای پاشایەتی و خیلافەت کە لە لایەن بنەماڵەکانی عوسمانییەوە دەورووژا.

ناتوانی ڕۆڵی «کۆمەڵەی پێشکەوتنخوازی کورد» کە لە لایەن هێندێک لە ڕووناکبیرانی کوردەوە بنیاتنرابوو لە سەرکێشییەکاندا لەبەرچاو نەگرین. شەپۆلێک لە ڕەوتی نەتەوەخوازیی دواکەوتووی کورد کە لە کۆتایی سەدەی ١٩دا پێک هات و بە پێکهێنانی چەندین ڕێکخراو و ڕۆژنامە دوای مەشرووتەی دووهەم خوازیاری ڕیفۆرمە کوردییەکان بوون (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٤٨).

دەتوانین بڵێین کە ئەو سەرکێشییانە درێژەی سەرکێشییە ناوخۆییەکان لە نێوان پاشماوەی فیئۆدال، ڕوانگەی ئوممەتی عوسمانی و جمهورییەتی نەتەوەخوازی تورک (سەرکێشییەکانی عازناور و یوزگات) و هەروەها ڕەنگدانەوەی کێشەی نێوان عوسمانییەکان و کۆماریخوازەکانی لە نێو کوردەکاندا بوو. ئەم تێکهەڵچوون و سەرکێشییانە تا ساڵی ١٩٤٠ درێژەیان هەبووە. دەتوانین سەرکێشییەکانی ئەم سەردەمە بە سێ بەش دابەشبکەین.

سەرکێشیی یەکەم لە دەوروبەری خانی - گەنج و بە ڕێبەرایەتیی شێخ سەعید پیران ڕوویدا. تا ساڵی ١٩٢٨ بە شێوەی تێکهەڵچونی پەرشوبڵاو درێژەی هەبووە. لەژێر کاریگەریی ئوممەتی عوسمانیدا بووە. ڕەوتی سوننەی نەقشبەندی بە سەریدا زاڵبووە. لەدەستچوونی ئیمتیازەکانی سەردەمی عوسمانی لەم سەرکێشییەدا ڕۆڵی هەبوو. ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان و دەستەبەر کردنی مافی کوردەکان نەبوو، بەڵکوو ئامانجی گەڕاندنەوەی خیلافەت و پاشایەتی بوو. مەیلیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینی هەبووە.

لەگەڵ دەستبەسەرکردنی ڕێبەرانی کۆمەڵەی ئازادی لە ساڵی ١٩٢٤دا کە لەلایەن ڕووناکبیرانەوە و بە ڕێبەریی خالید بۆبرانلی دامەزرابوو، ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە نەیانتوانی ڕۆڵی ڕێبەری بەجێبێنن. کاریگەریی ئینگلیسەکان ناڕاستەوخۆ بوو. ئینگلیسەکان لە شێوەی «ئەگەر لە مووسڵ و کەرکووک دەست هەڵنەگرن، ئێمەش لە سەرکێشیی کوردەکان پشتیوانی دەکەین» بۆ باجگرتن لە کەمالیستەکان کەڵکیان وەردەگرت. ئەمەش هۆکاری سەرەکیی ئاڵۆزی و تێکهەڵچوون لە نێوان کوردەکان و تورکەکاندا بوو. ئەمە لە کاتێکدایە کە مستەفا کەمال لە ساڵی ١٩٢٤دا لە کۆنفرانسی چاپەمەنیی شاری ئێزمیر وتی کە مەسەلەی کوردی بە فەرمی ناسیوە و بە دوای ڕێگە چارەیەک بۆ ئەو مەسەلەیەدایە. ئەم سەرکێشییە هەموو بەستێن و دەرفەتەکانی چارەسەری کێشەکەی لە نێو برد. سیاسەتی سڕینەوە و ئاسیمیلاسیون زاڵ دەبێ. مستەفا کەمال هێرشە هاوبەشەکانی هێزەکانی خەلیفە، ئینگلیس و لایەنگرانی ئوممەت وەک مەترسیی جیددی لە سەر لەنێوچوونی کۆمار دەبینێ، هەڵسوکەوتی توندی ئەو لەوەوە سەرچاوە دەگرێ (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٤٨ و ٣٤٩).

سەرکێشی دووهەم بە ڕێبەریی ئێحسان نووری پاشایە کە سەرکێشیی ئاگرییە کە لە ڕێکەوتی ١٩٢٨ تا ١٩٣٢ درێژەی هەبوو. ئەم سەرکێشییە هەرچەند پاڵی بە هۆکارەکانی سەرکێشیی یەکەمەوە دابوو، بەڵام نەتەوەخوازتر بوو. ئەم سەرکێشییە لە ژێر کاریگەریی ئیدئۆلۆژیی ڕێکخراوی «کۆمەڵەی خوێبوون»دا بوو کە لە ساڵی ١٩٢٨دا بە شێوەیەکی هاوبەش لەلایەن ڕووناکبیرانی ئەرمەنی و کوردەوە دامەزرابوو و نەیتوانی لە ئاستێکی ناوچەیی ئەولاتر بڕوات (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٤٩).

سەرکێشیی سێهەم، سەرکێشیی دێرسیمە. دێرسیم تا ئەوکات لە ڕاستیدا ئازاد بووە و ئۆتۆریتەی دەوڵەتی ناوەندیی وەک لەنێوچوونی خۆی دەبینێ. سەرکێشیی دێرسیم وەک دوایین سەرکێشی لە ساڵەکانی ١٩٣٧ و ١٩٣٨ دەگاتە لووتکە. ناوچەکە نەریتی عەلەویی کوردییان هەیە. لەگەڵ سەرکێشیی شێخ سەعید کە سۆننەمەزهەب و نەقشبەندی بوو، یەکیان نەگرت. دەستێوەردانێک وەک دەستێوەردانی ئینگلیسەکان لە سەرکێشیی ١٩٢٥، لەلایەن فەرانسەوە لە مەسەلەی

هاتای (ئیسکەندەروون) لە ساڵی ١٩٣٦دا ڕوو دەدات. ئەم دەستێوەردانە لە سەرکوتی خوێناویی دێرسیمدا کاریگەر بوو (ئۆجەلان: ٢٠٠٤، ٣٥٠).

پێشتر لە سەر ڕوانگەی ئۆجەلان لەسەر کورد لە باکوور لە دەیەی ١٩٥٠وە تا پێکهاتنی پەکەکە باسکرا کە تێیدا ئۆجەلان هەموو ڕێکخراوە و چالاکەکان بە فیئۆدال، نەتەوەخوازی دواکەوتوو و چێکراوی دەستی میت دەزانێ و پەکەکە بە گژیاندا دەچێتەوە کە لێرەدا پێویست بە دووپات بوونەوەی نیە، بەڵام لەمبارەیەوە سەیرتر لەوە ئەوەیە کە ئۆجەلان لە گرتووخانەی ئیمرالی پەکەکەی پێش ساڵی ١٩٩٩ بە توندی دەباتە ژێر پرسیار و دەڵێ هەڵەی کردووە و دەڵێ «بەبێ ئەوەی ئێمە دەوڵەت بناسین لە دژی دەوڵەت هەڵگەڕاینەوە» (پێشتر ئاماژەم پێکرد و سەرچاوەکەشی نووسراوە) واتە کورد هەر لە یەکەم ڕۆژەوە تا ئێستا هەر هەڵەی کردووە و دەوڵەتی فاشیستی تورک ویستوویە کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەڵام کێشە لە خۆدی کوردەوە بووە کە سەرکێشیی کردووە. هەر بۆیە دەبینین بە راشکاوانە شێخ سەعید پیران، ئێحسان نووری پاشا و سەید رەزا بە پیاوی ئینگلیس و فەرانسە دەزانێ کە دژی کەماڵ ئاتاتوک ئاژاوەگێڕییان کردووە و نەیانهێشتووە کەمال ئاتاتورک کێشەی کورد چارەسەر بکات!

جیا لە سەرکوتی حیزب و رێکخراو و رەخنەگرکان، پەکەکە دەستی لە ژن و منداڵی کوردی باکووریش نەدەپاراست و کۆمەڵکوژی دەکردن. بۆ وێنە لە ئاوایی پینارچیک هەشت لە ئەندامانی پاسەوانانی گوندی سەربە میریی دروست لە پاش نانی ئێوارە لە شوێنی تایبەتی خۆیاندا مژوولی پاسەوانی بوون، کە چەکدارانی پەکەکە هاتبوونە ناو ئاواییەوە. گەریلاکان چوار بەرابەری پاسەوانەکان بوون و جەنگ روویدا، جەنگ تا دوو کاتژمێر درێژەی کێشا و لە کۆتاییدا شازدە منداڵ و شەش ژن و هەشت پیاوی سێڤیل بوونە قوربانی. ئەم کشتوبڕەی خەڵکی ئاسایی کاردانەوەیکی نەرێنی هەبوو، بەڵام رۆژنامەی سەربەخۆبوونی پەکەکە رایگەیاند: ئەوە هەوڵێکە بۆ بەهێزکردنی پەکەکە لە بەرامبەر بەکرێگیراواندا و هاوکات هۆشداری ئەوەشیدا کە پێویستە هەموو ئەوانە لە نێوببرێن... لە دوو مانگی هەوەڵی ١٩٨٧دا گەریلاکان

٣٥ هاوڵاتی کوردی دێهاتەکانیان کوشت، لەوانە بە لایەنی کەمەوە حەوت منداڵ دەبیندران. ئۆجەلان بە ئاشکرا لاریی لەو رەوشە نەبوو بەرپرسانی پەکەکەش هەوڵیاندەدا جۆرێک لۆژیک بدەنە کوشتار و کاولکارییەکان... ساڵی ١٩٨٨ پەکەکە لە پارێزگای ماردین ٥ مامۆستای کوشت. هاوکات لە شوێنە جیاوازەکانی ناوچەکەدا چەند قوتابخانە و بنکەی تەندروستییان گڕتێبەردا. (ئەلیزا مارکوس: ٢١٩-٢١٤) ئەمانە تەنیا نموونەیەکی چووکە لە کوشتنی خەڵکی باکوورن لە لایەن پەکەکەوە. لۆژیک و روانینی ئۆجەلان بۆ کوژرانی مرۆڤی کورد زۆر سەیرو سەمەرە بووە. بە گوێرەی سەرنجەکانی ئاپۆ، گەر لە جەنگەکاندا ١٠٠ هاوڵاتیش کوژرابن، ئەوا زارۆکانیان دەبنە گەریلا بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی باب و بنەچەیان. (ئەلیزا مارکووس، ٨٥)

## پەکەکە لە کوردستانی ڕۆژئاوا

هەر وەک گوترا یەکەمین وڵات کە بوو بە داڵدەدەری پەکەکە، سووریە بوو. پارچەیەک لە خاکی کوردستان کەوتۆتە ناو خاکی سووریەوە کە دەکاتە باشووری ڕۆژئاوا کوردستان، بەڵام لە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی کورددا بە ڕۆژئاوا ناسراوە. لە ڕۆژئاوای کوردستان و لە سەردەمی ڕێژیمی بەعسدا گرووپێکی گەورە لە خەڵک بێ ناسنامە بوون و بە خەڵکی ئەو پارچەیە نەدەهاتنە ئەژمار و ڕێژیمی بەعس دەیگوت خەڵکی سووریە نین، بۆیە هیچ بەڵگەیەکی فەرمی و کارتی پێناسەیان پێی نەدەدرا. لە سەر خاکی خۆیان ئاوارە بوون. بۆیە کوردانی ڕۆژئاوا نارەزایەتییەکی قووڵیان لە ڕێژیمی سووریە هەبوو. بۆیە دەوڵەتی سووریە لە ڕێگەی پەکەکەوە دەستیکرد بە کۆنترۆڵی کوردی ئەو پارچەیە لە کوردستان.

بە بۆچوونی ئۆجەلان شتێک بە ناوی کوردستانی ڕۆژئاوا بوونی نیە و کوردەکانی ئەو پارچەیە کۆچەرن و دەبێ بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، بۆیە لە دروشمی پارتەکەیدا کە دەیانگوت «باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات، یەک وڵات و یەک خەبات» شوێنی ڕۆژئاوا دیار نەبوو! ئەو لەم بارەیەوە دەڵێ: «لە سەر سووریە دەبێ بڵێم کە زۆربەی حەشیمەتی کورد لە سووریە لە باکووری کوردستانەوە بۆ ئەم ناوچەیە هاتوون. هێندێک لە لایەنەکان ناوی کوردستانی سووریە دەهێنن، بەڵام بە ڕای من ئەمە ڕاست نیە، ئەمە مانایەکی ڕاست و دروستی نیە، دروستتر ئەوەیە کە بڵێین کوردەکانی سووریە. کوردەکانی سووریە بە هۆی زوڵم و زۆری عوسمانییەکان و دواییش کۆماری تورکیە، بە بۆنەی بەشداری و یارمەتیدانی بزووتنەوەکانی کوردستان سەرکوتکراون و دواتر کۆچیان کردووە بۆ ئێرە. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ١٥٠ ساڵی ڕابردوو بدەینەوە، دەبینین کەسانێک کە دژی ئیمپراتۆریی عوسمانی و کۆماری تورکیە سەرهەڵدانیان

کردووە، دوای شکست و سەرکوت، بۆ ئەم ناوچانە هاتوون. هێندێکیش بەبۆنەی دۆخی کۆمەڵایەتی و تۆڵەکردنەوەی عەشیرەکان هەڵهاتوون بۆ ئێرە. هێندێکیش پەنایان بۆ کوێستانەکانی عەفرین بردووە کە «جبل الاکراد»ی پێ دەڵێن. لە لێکۆڵینەوەیەکی کورتدا بۆم دەرکەوتووە کە زۆربەی ئەوانە لە ناوچەکانی باکووری کوردستانەوە هاتوون بۆ ئێرە. هێندێکیان ١٠٠ساڵ پێش و هێندێکیشیان ٢٠٠ ساڵ پێش. لەم بارەیەوە نامەوێ سیمای ڕاستەقینەی هێندێک لە حیزب و بزووتنەوەکان بخەمە دەرەوە، بەڵام لە سەر کوردەکانی ئێرە بە ڕوونی دەتوانم بڵێم کە لە باکووری کوردستانەوە هاتوون. سەرەتا کە هاتم بۆ ئێرە وتم دەبێ ئەم هاتنە بەرەو باشوور کۆتایی بێت و خۆیان بۆ چوونەوە بۆ باکوور ئامادە بکەن.

واتە کۆچکردن بەرەو باشووری کوردستان دەبێ کۆتایی پێ بێت و گەڕانەوە بۆ باکووری کوردستان دەستپێبکات. چالاکی و هەوڵی دژوار و درێژماوەمان لەم ڕاستایەدا دەستپێکرد، ئەو کوردانەمان کە لێرە ژیان دەکەن بەرەو کێوەکانی باکووری کوردستان واتە ئەو شوێنەی کە لێیەوە هاتوون، ڕێنوێنی کرد. پێموایە کە دەوڵەت و کوردەکان لەم کارە ڕازین، بەڵام لە ناو دەزگای دەوڵەتی سووریەدا هێندێک کەس هەن کە دەڵێن کوردەکان وڵاتەکەمان دابەشدەکەن! بەڵام ئەگەری ئەوە کە لە سووریەدا دەوڵەتی کوردی پێکبێت، بوونی نیە و ناتوانرێ بۆ نموونە لە عەفرین دەوڵەت پێکبێت.

ئەگەر دەوڵەتێک لە عەفرین پێکبێت، نە دەوڵەتە و نە ئەمیرنشین، بەڵکوو چەند ناوچەیەکی داخراوی جۆغرافیاییە. دەبێ هێندێک مافیان لە چوارچێوەی شارەوانیدا پێ بدرێ کە ئەمە لە سووریە بوونی هەیە (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٩٣ و ٩٤).

سەلاح بەدرەدین کەسایەتیی ناسراوی ڕۆژئاوای کوردستان، لە وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی ڕێنێسانس، لە بارەی هەڵسوکەوتی پەکەکە ئاوا دەدوێ: «ئەو قۆناغەی کە پەکەکە دەستی بە خەبات کرد لە سووریا لە ڕێگای دەسەڵاتی سووریاوە هاتە نێو کوردستانی سووریا... ئەوانەی دەچوونە نێو ڕیزەکانی پەکەکە لە ڕێگای دەسەڵاتدارانی سووریاوە ئاسانکارییان بۆ دەکرا، هەرچەندە زۆربەیان

مرۆڤێکی پاک و نەتەوەیی بوون، بەڵام زۆربەیان لە ڕێگای دەزگاکانی ئاسایش و ئیستخباراتی سووریاوە ئاسانکارییان بۆ دەکرا.

ئەوکات سیاسەتی سووریا بەو شێوەیە بوو کە گەنجانی کورد هەموویان بچنە نێو ڕێزەکانی پەکەکەوە، با بچنە سەر شاخەکان، بەڵام باسی سووریا نەکەن و لە ناو سووریادا هیچ کارێک نەکەن، لە دەرەوەی سووریا دەتوانن بە هەر شێوەیەک کە پێیان خۆشە کار بکەن. ئەوەش بەشێک لە تاکتیکی ئەمنیەتیی دەوڵەتی سووریا بوو» (سەلاح بەدرەدین:٢٠٠٨). هەر لە بەر ئەمە سووریا حیسابێکی مەزنی بۆ پەکەکە دەکرد، لە سووریا دوو مەکتەبی پەروەردەی پەکەکە هەبوو، بەرژەوەندیی سوریا تەنیا ئەوە بوو کە پەکەکە تورکیا لاواز بکات (هەڤاڵ ئەبوبەکر: ٢٠١٢).

بۆیە چەندین بنکەی تایبەت بۆ وەرگرتنی گەریلا و چەندین فیرگەی سیاسی-نیزامی لە ناوخۆی خاکی سووریە دادەمەزرێنێ. (میشل گۆنتێر: ١٩٩٧، ٢٦) هەڤاڵ بۆتان دەڵێ کە رژیمی سوریا بەخشینی سەربازی بۆ ئەو گەنجانە دەکرد کە دەچوون چەکیان بۆ پەکەکە هەڵدەگرت. (حامید گەوهەری: ٢٠١٦، ٩١) واتە رژیمی ئەسەد پەکەکەی وەک بەشێک لە سپای سوریە چاو لێکردووە. هەر لە بەر ئەوەیکە پەکەکە لە بنەڕەتدا باوەڕی بە هەبونی پارچەیەکی کوردستان بە ناوی رۆژئاوای کوردستان نەبوو، کاتێکیش دەوڵەتی سووریە ئەو پارچەیەی لە کوردستانی بە ئەمانەت دایە دەستی پەکەکە سەرەتا ناوی کوردستانی لە سەر هەڵگرت و ناوی نا رۆژئاوا، پاشان لە رێکەوتی ١٧ی مای ٢٠١٦دا لە کۆنگرەیەکداکە لە شاری رۆمیلانی سەر بە حەسەکە گیرا سیستمی فیدراڵیزمی دیموکراتیکی «باکووری سوریە»ی راگەیاند! واتە هیچ رۆژئاوا و کوردستان نەما، بەڵکو راست بەپێی ئەدەبیاتی داگیرکەران ناوی گۆڕدرایە باکووری سووریە! ئەمە چەسپاندنی هەمان بۆچوونی ئۆجەلان لە سەر ئەو پارچەیەی کوردستانە!

بە وتەی عاکیف حەسەن کە کوردی ڕۆژئاوایە و بەرپرسی پێوەندییەکانی پەکەکە لە ئورووپا بووە، ئۆجەلان پێش دەرکرانی لە سووریە دەیەوێ پارتێک بۆ کوردەکانی ڕۆژئاوا دابمەزرێنێ. ئەو لەمبارەیەوە دەڵێ: پەیەدە لە ١٩٩٨دا چی بوو نەک لە ٢٠٠٣دا، کاتێک لە ١٩٩٨ ویستیان ئۆجەلان لە شام دەر بکەن،

جووڵەیەک پێکهات، ئۆجەلان گوتی: با هەموو ڕووناکبیرانی کوردی سووریە کۆ ببنەوە، ٤٠ تا ٥٠ کەس هاتن، ئۆجەلان بە منیشی گوت تۆش کوردی سووریەیت تۆش وەرە، ئۆجەلان لە کۆبوونەوەکەدا گوتی: ئێوە دەمێکە خەبات دەکەن، وەرن با پارتییەک پێکبێنن، دوای دوو سەعات ئاخاوتن گوتی بڕۆن لە ناو شامدا هۆڵێک بگرن و کۆنگرەی یەکەمی خۆتان بگرن و با سەرۆکیشتان مەروان زەرکی بێت! مەروان زەرکیش مۆخابەراتی سووریە بوو! لەو کاتەدا کە دەیانەویست ئۆجەلان دەر بکەن ویستی پەیەدە دابمەزرێنێت و تەسلیمی سووریەی بکات.

ئەو سەرمایەیە کە لە کوردستانی سووریە چێ ببوو دەیەویست لە سەری مامەڵە بکات بۆ مانەوەی خۆی. دوایی هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بە مەروان زەرکی گوتی چارەیەکیش بۆ ئێمە بیننەوە، ئەگەر ئێمە نەمێنین کوردی عێراقیش دەبنە دەوڵەت و دەبنە موشکیلە بۆ ئێوە! (عاکف حسن: ٢٠١٣).

لە ساڵی ١٩٩٧دا ڕێژیمی سووریە هێندێک پرۆژەی سیاسی لە کوردستان دەستپێکرد، ڕواڵەتی پرۆژەکە بەرژەوەندیی حیزب و پتەوکردنی ڕۆڵی ڕێکخستن لە نێوان کوردەکاندا بوو و دیوی ناوەوەی پرۆژەکەش کۆنترۆڵی کوردەکان لەلایەن دەزگای هەواڵگرییەوە بوو. کەرەستەش بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە، دامەزراندنی حیزبێکی نیوە فەرمیی کوردی و لایەنگری دەوڵەت بە ناوی حیزبی کۆمەڵەی دێموکراتی کوردی سووریە (التجمع الدیموقراطی الکردی السوری) و بە ڕێبەریی ئەندامێکی دەزگای هەواڵگریی سووریە بە نێوی مەروان زەرکی بوو (کە بە ڕەچەڵەک کورد بوو) و ئەندامانی دیکەی ڕێبەریی حیزب، هێندێک کوردی سووری و نزیکی ئۆجەلان وەک عومەر ئۆسەی (نوێنەری هەنووکەیی پارلەمانی سووریە) بوون. ئەوکات ساڵح موسلیم ڕێبەری ئێستای YPG ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی کۆمەڵەی دێموکراتیکی کوردی سووریە بوو کە لە ١٠.١٢.١٩٩٨ دوو مانگ دوای دەرچوونی ئۆجەلان لە سووریە دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند (هوشنگ اوسی الحیات:٢٠١٥).

ئەم پێوەندییە توندوتۆڵە لەگەڵ سووریە تا دەرکردنی ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٩٨دا درێژەی هەبوو، بەڵام دوای ئەوە کە پەکەکە لە سووریە نەما، ئەم پێوەندییە وەک پێشتر نەما. دوای ڕاپەڕینی گەلانی سووریە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و

کەوتنە ژێر زەخت لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە، جارێکی دیکە پەکەکە ڕۆیشتەوە ناو سنوورەکانی سووریە. لە سەرەتای دەستپێکردنی ڕاپەڕینی گەلانی سووریەوە دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە میانەی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ پارێزەرانی لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٤/٩ گڵۆپی سەوزی بۆ بەشار ئەسەد هەڵکرد و وتی: «ئەگەر بەڕێوەبەرانی شام لە پێناو ڕیفۆرمدا هەنگاو بنێن، ئەو کات کوردانیش پشتیوانیی لێدەکەن.

دەکرێ لە چوارچێوەی ئەو ڕیفۆرمەدا، مافەکانی وەک خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیک و مافی کولتووری دانیانپێدا بنرێت. بۆ نموونە، دەتوانن شارەدارییەکان ڕادەستی گەل بکەن و ڕێگا لە بەردەم خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیک بکرێتەوە. دەبێ مافی ناسنامە بدرێت. سوریا گرینگیی خۆی هەیە و دەبێ لە بەرچاو بگیردرێت. بنەماڵەی ئەسەد باش دەزانن کە من چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکان دەکەم. ئەگەر مافی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیک و مافی کولتووری دانیانپیدا بنرێت، ئێمەش پشتیوانی لەو هەوڵانە دەکەین. ڕێکخراوەکانی کوردانیش لەوێ پشتیوانی لێدەکەن.» (ئۆجەلان، ئیمرالی، ٢٠١١)

نزیکەی مانگێک دوای ئەو پەیامەی ئۆجەلان، لە ڕۆژی ٣ی مای ٢٠١١دا دوکتور جوان حەقی، چالاکی سیاسیی خەڵکی ڕۆژئاوا ڕایگەیاند کە بەپێی هەواڵێکی باوەڕپێکراو و پشتڕاستکراو کە گەیشتۆتە دەستی ئێمە، لەو ڕۆژانەی دواییدا ڕێژیمی بەشار ئەسەد ئاپۆچییەکان لە قەندیلەوە دێنێتە کوردستان و لە کوردستانی بندەستی خۆی جێگیریان دەکا... ئەو ئاپۆچییانە «لەم خۆپیشاندانانەی ئازادیخوازان و دیموکراسیخوازاندا» دێنە سەر شەقام.

ئارمانجی ئەم جڤینە ئەوەیە کە وردە وردە پشتیوانیی نەتەوەی کورد دەستەبەر بکەن تاکوو بتوانن ئەو هێزانەی کورد کە بە شێوازێکی جێددی خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەدن، لاواز بکەن. ئەوان دەیانەوێ دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی بەشار ئەسەد پووچەڵبکەنەوە... سەردەمێک ئەو ئاپۆچییانە لە قەندیل کوردەکانی ڕۆژئاوایان دەخستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، ئێستا دەیانەوێ سیاسەتەکانی خۆیان بەپێی داخوازی خۆیان لە ڕۆژئاوای کوردستان بمەشێنن. هەر وەک چۆن لە باکووری کوردستان وا دەکەن. لەم کاتەدا هەموو کوردەکانی

ڕۆژئاوا وەک ئەوەیە وەکوو ئەوانەی باکووری کوردستان، ببنە دیلی ئاپۆچییەکان. بەم شێوەیە ڕێژیمی بەعس لە کوردستانی بندەستی سووریە دەیەوێ لە ڕێگەی ئاپۆچییەکانەوە کوردەکان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بهێڵێتەوە. تاکوو ئیتر دژایەتییەک لەلایەن ئەوانەوە نەمێنێ. بە کورتی ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەیەوێ لە کوردستانی بندەستی سووریە شتێکی وەک حیزبوڵڵای لوبنان، لە ئاپۆچییەکان ساز بکا. لەم ناوەدا پرسیارێک دەردەکەوێ: گەلۆ ئاپۆچییەکان لەم پلانەدا چ قازانجێک دەکەن؟ ڕێژیمی بەعس بەڕێوەبردنی هەرێم لە باری هەرێمی و ناوچەییەوە دەخاتە ئەستۆی ئاپۆچییەکان، بەڵام لە تەنیشت هەر ئاپۆچییەک کەسێکی خۆی، واتە بەعسییەک وەک ناتۆرڤان دادەنێ (دۆکتور جوان حەقی: ٢٠١١).

لە ڕۆژی ٢٣ی نۆڤامبری ٢٠١١دا ڕۆژنامەی ئاکشامی تورکیە، دەقی نامەیەکی ئۆجەلانی بڵاو کردەوە کە شەش مانگ پێش ئەو ڕێکەوتە واتە مانگی مای ٢٠١١ بۆ بەشار ئەسەد ناردوویە و تێیدا سپاسی ئەسەدی کردووە و وتوویە: ئەو هەڵوێستانەی کە تۆ نواندووتن، زۆر لەوانەی باوکت دەچن، بە ڕێز و حورمەتەوە یادی خێری حافیز ئەسەد دەکەمەوە... بنەماڵەی ئەسەد نایانەوێت دوژمنایەتیی کورد بکەن. دوو ڕۆژ دوای ئەوە ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی پێوەندییەکانی KCK بە ئاژانسی هەواڵی قەندیلی ڕاگەیاندووە کە: نامەیەک لەلایەن بەڕێز ئۆجەلانەوە ئاراستەی بەشار ئەسەد، سەرۆک کۆماری سووریە کراوە» ئەحمەد دەنیز لەبارەی ناوەرۆکی نامەکەوە دەڵێ ناوەرۆکی ئەو نامەیە وا نەبووە، بەڵام هیچ ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە ناوەرۆکی ئەو نامەیە نادات و تەنیا دەڵێ ناوەرۆکەکەی ئەوە نەبووە!

لەو ڕێکەوتە بە دواوە شار و گوندی ڕۆژئاوای کوردستان بەرە بەرە بەبێ تەقاندنی تاقە فیشەکێکیش کەوتنە دەستی لقی ڕۆژئاوای پەکەکە واتە PYD بەڵام هێزەکانی بەشار ئەسەد بە تەواوی لەو شارانە نەکشاونەتەوە و بنکە بارەگاکانیان لەگەڵ پەکەکە لە تەنیشت یەکە و پێکەوە شارەکان بەڕێوە دەبەن. بۆ نموونە ئێستاش هێزەکانی بەشار لە حەسەکە و قامیشلی ماون و لە مانگی مای ٢٠١٥ یەکینەکانی پاراستنی گەل و هێزەکانی بەشار ئەسەد کە

له حەسەکەن، شانبەشانی یەکتر هێرشی داعشیان بەرپەرچ دایەوە. مانەوەی هێزەکانی بەشار ئەسەد لە شارەکانی ڕۆژئاوا بە مانای پێوەندیی نێوان YPG و ئەو ڕێژیمەیە، چونکە ناکرێ ئۆپۆزیسیون و ڕێژیم پێکەوە لە یەک شار و لە یەک سەنگەردا بن.

هەر لەم پێوەندییەدا بەشار ئەسەد سەرکۆماری سووریە لە وتووێژێکدا لە گەڵ ساندەی تایمز لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٢/٦ دا دەڵێ کوردەکان واتە YPG شانبەشانی ئەرتەشی سووریە دژی تیرۆریزم لە یەک ناوچەدا شەڕ دەکەن... بە هۆی ئەوەی کە هاووڵاتی سووریەن چەک و تەقەمەنییان بۆ دەنێرین و دژی داعش شەڕ دەکەن، چوونکە ناتوانین ئەرتەش بنێرینە هەموو شوێنێک. (بەشار ئەسەد: ٢٠١٥/١٢/٦)

هەر لەم پێوەندییەدا لە ڕێکەوتی ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٥ بەشار ئەسەد لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی TR دەڵێ ئێمە و کورد ئێستا لە یەک بەرەدا دژی داعش و گرووپی ئەلنوسرە لە شەڕداین، هەرکات سەرکەوتین دەتوانین لە سەر کێشەی کورد وتووێژ بکەین. ئێمە یاسای بنەڕەتیمان هەیە، ڕای خەڵکیشمان هەیە و دەبێ خەڵک ڕای خۆی لە سەر داخوازییەکان، پێش لە بڕیاری دەوڵەت دەرببڕێ. کورد پارتی سیاسیی زۆری هەیە، پارتی چەپی هەیە و ڕاستیشی هەیە، کوردەکان دابەشبوونەتە سەر پارتگەلێکی جۆراوجۆردا و دەنگی جیاوازی زۆریان تێدایە، یەکەیەکی یەکگرتوو نین. (بەشار ئەسەد: ٢٠١٥: گلۆبال ریسێرچ) بە تەواوی لە وتەکانی بەشار ئەسەددا دیارە کە تا چ ڕادەیەک باوەڕی بە چارەسەری کێشەی کوردە، لەلایەکەوە دەیخاتە دوای چارەسەری کێشەی ناوخۆیی سووریە، دوایی چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی و دەنگی خەڵک دێنێتە پێش. جیا لەوانەش باسی ئەوە دەکا کە کورد بە سەر پارتەکاندا دابەش بووە و یەکەیەکی یەکگرتوو نیە.

بە پاڵپشتیی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی یەکڕیزی هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، پاش گفتوگۆی چڕوپڕ، لە ٢٠١٢/٧/١١ دەستەی باڵای کورد لە نێوان پەیەدە و ئەنجومەنی نیشتمانی کورد دروستکرا و بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێم ڕێککەوتنی هەولێر ئیمزا کرا. بۆ چارەسەری

کێشەکانی بەردەم ڕێککەوتنی هەولێر، جارێکی دیکە بە هەوڵەکانی بارزانی و ئامادەبوونی لەیلا زانا و عۆسمان بایدەمیر، لەمانگی مای ۲۰۱۳ ڕێککەوتنی هەولێر ۲ ئیمزا کرا. دواتر هەوڵەکانی لەیلا زانا و عوسمان بایدەمیر بۆ پابەندبوونی هەردوولا بوو بە ڕێککەوتنی هەولێر ۲ کە ئەمەش بە ئاگاداری سەرۆکی هەرێم بوو کە لە مانگی ۱۱ی ۲۰۱۳ روویدا، بەڵام ئەم دوو ڕێککەوتنە هیچکامیان نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، هۆیەکەشی پەکەکە و هاوپەیمانانی واتە ئێران و سووریە بوون.

پەکەکە وەک حیزبی دایک لەگەڵ ئێران و سووریە پێوەندیی قووڵ و مێژوویی هەیە. لە مانگی ئاگۆستی ۲۰۱۳دا ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی PYD لە سەر داوای وەزارەتی دەرەوەی ئێران سەردانی تارانی کرد و لەگەڵ بەرپرسانی ئێران کۆبووەوە. موسلیم لە وتووێژ لەگەڵ ئاژانسی هەواڵدەریی فیرات کە سەر بە پەکەکەیە دەڵێ: «ئێران دەستێکی باڵای لە ڕووداوەکانی ناوچەدا هەیە، پێوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ سووریە وا دەکات ئێمە زیاتر لێک نزیکبینەوە... بەرپرسانی ئێران وتیان کە لە ئێمە پشتیوانی دەکەن. موسلیم هەروەها وتوویە کە ئێران داخوازییەکانی کورد بە شتێکی سروشتی دەزانێ و ئەوان و ئێمەش دژی جیابوونەوە لە سووریەین!» (ساڵح موسلێم: ۲۰۱۳)

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئێران بە سووریە دەڵێ «هێڵی هەرە پێشەوەی بەرخۆدان لەگەڵ ئیسرائیل» و زۆرجار لە گەورە بەرپرسانی ئێران (بۆ نموونە مەهدی تائیب، بەرپرسی قەرارگاری عەمماری سپای پاسداران) بیستراوە کە خووزستان کە شادەماری ئابووریی ئێرانە دەیدەین، بەڵام سووریە نادەین! چۆن ئامادە دەبێ لە کوردەکان کە ئۆپۆزیسیونی سووریەن پشتیوانی بکات؟ بوونی هێزەکانی سووریە لە نێو شارەکانی ڕۆژئاوادا نیشانەی بوونی پێوەندییەکی پتەوە لە نێوان پەکەکە، سووریە و ئێران. هەر بۆیە شەریف شەحادە ئەندامی پارلەمانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە ڕێکەوتی ۱۸ی دیسامبری ۲۰۱۵دا لە وتووێژ لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ڕووداو کە لەلایەن گۆڤەند مستەفاوە ڕێکخرابوو، دەڵێ: «ئێمە وەکو دوژمن سەیری کورد ناکەین، ئەوان هاوڕێی ئێمەن، ئەوان لە پاڵ ئێمەدا وەستاون، ڕاستە ئێمە هەندێک ناکۆکیمان هەیە، بەڵام ئەوان چەکیان

لە دژی ڕێژیم هەڵنەگرتووە، بەڵکوو چەکیان لە دژی داعش هەڵگرتووە، هاوکاری و هەماهەنگییان لەگەڵ ڕێژیم هەیە بۆ دژایەتیکردنی داعش... ئێمە دەمانەوێت لەگەڵ هێزێک مامەڵە بکەین کە لەو ناوچانەدا باڵادەستە، نامانەوێت میلیشیای چەکداری دروست ببێت، سەبارەت بە یەپەگەش ئەوان میلیشیا نین، بەڵکوو ئەوان پارێزگاری لە دەوڵەت دەکەن و لە هەندێک قۆناغیشدا هاوکاریی سەربازیمان کردوون و چەک و تەقەمەنی و پێداویستیی سەربازیمان پێداون لە دژی داعش، هاوکات دەشتوانن بە ئارەزووی خۆیان هاتووچۆی دیمەشق بکەن، سووریا خاکی خۆیانە، ئەوان بەشێکن لە سیستەمی بەرگری و ئێمەش بەرگرییان لێ دەکەین.» (شەریف شەدادە: ٢٠١٥)

لە ڕۆژئاوای کوردستان سیستمێک لەژێر ناوی تەڤگەرا جڤاکا دەمۆکراتیک DEM ـ TEV، زاڵکراوە ئەندامەکانی بریتن لە پارتی یەکیەتی دیمۆکراتیک، PYD، پارتی یەکیەتی سریانی، SUP، پارتی ئاشتی دیمۆکراتیکی کوردەکانی سووریە، PADKS، پارتی یەکیەتی لیبراڵی کوردستان PYLK. (ئی کورد دەیلی: ٢٠١٧) شایانی باسە کە پەکەکە کار و چالاکیی حیزبەکانی دیکەی ئەم پارچەیەی کە لە ژێر ناوی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریە ENKS یەکیان گرتووە، قەدەخە کردووە و بەڕێوەبەرییەکی بە شێوەی کانتۆن ڕاگەیاندووە. پەیەدەش هەر وەک حیزبی دایک واتە پەکەکە دژی دەوڵەتی نەتەوەییە و بە شوێن جێگیرکردنی کۆنفیدرالیزمی دێموکراتیک و برایەتیی گەلان و لە ئاکامدا دامەزراندنی کۆنفیدرالیزمی ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوەیە، بەڵام هەرچەند وشەی دێموکراتیکی بە هەموو ناوەند و یاساکانییەوە لکاندووە، بەڕێوەبەرییەکی تەواو پاوانخوازانەی بە یارمەتیی دەوڵەتی ناوەندی دامەزراندووە. بڵاوکراوەی ئەنستیتۆی سیاسەتی دەرەوەی سوید لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێ: «لە هێندێک شوێنی ناو سووریەدا بارودۆخی ئاسایی بوونی هەیە، ئەم دۆخە بۆ ئەوانەی کە لەگەڵ دەسەڵاتە ناوچەییەکان بە شەڕ نایەن، بەدی دەکرێ. ئەم دۆخە بە تایبەت لە ناوچەی کوردەکان لە باکووری سووریە کە لەلایەن یەپەگەوە بەڕێوە دەبردرێ، بەدی دەکرێ. ئەوان لەگەڵ ڕێژیم (بەشار ئەسەد) چەندین گرێبەستیان هەیە. هەر بەم بۆنەیەوە هێرشی ئاسمانی ناکرێتە سەریان و بەڕێوەبەریی ناوچەی خۆیان دراوە پێیان... تاقمە چەکدارە سوننەکان و کوردەکان دژبەرانی سیاسیی

خۆیان دەستبەسەر دەکەن و دەیانکوژن، گرووپە چەکدارەکان زیندانی تایبەتی خۆیان هەیە و خەڵکی تێدا ئەشکەنجە دەدەن... ئەم گرووپانە لەوانە داعش و یەپەگە لە ناو سووریەدا بە زۆرە ملێ و بە ناچارکردن، خەڵک چەکدار دەکەن».
(بڵاوکراوەی ئەنستیتۆی سیاسەتی دەرەوەی سوئێد: ٢٠١٥)

رۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ هەردوو ئەنجوومەنی رۆژئاوای کوردستان، تەڤدەم و ئەنەکەسە، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی، ماوەی چەند رۆژێک کۆ بوونەوە و تێیدا لەسەر سێ خاڵ رێککەوتن، ئەوانەیش دانانی مەرجەعێکی سیاسی، چۆنیەتیی بەڕێوەبەردن و دروستکردنی هێزێکی هاوبەش بوون و بڕیاریشە ئەو رێککەوتنە لە ماوەی دوو مانگدا بە تەواوی جێبەجێ بکرێت. رۆژئاوای کوردستان زیاتر لە دە حزبی کوردی تیادا هەیە کە پێشتر رێککەوتننامەی هەولێر ١ و ٢یان واژۆ کردووە و جێبەجێیان نەکردووە، بۆیە چاودێران بە وردی چاودێری رێککەوتننامەی دهۆک دەکرد. هەنگاوێکی گرنگ لە رێککەوتنەکە بریتی بوو لە پێکهێنانی مەرجەعی سیاسیی کوردی لە رۆژئاوا کە رۆڵی پەرلەمانی دەگێڕا و لە ٣٠ ئەندام پێکدەهات، بڕیار وابوو کە هەر لایەنێک لە تەڤدەم و ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا، ناوی ١٢ بەربژار بۆ ئەندامەتی لەو مەرجعیەتە پێشکەش بکەن، لە یەکەم کۆبوونەوەی نێوانیشیاندا بۆ پەسندکردنی ناوەکان، ناوی ٦ کەسیتری بێلایەن لە دەرەوەی ئەو دوو لایەنە پێشکەش دەکرا. بەم رێککەوتنە یەکگرتن و یەکگرتوویی و یەکگوتاری کورد لە رۆژئاوا بە روونی دەردەکەوت، بێگومان دۆخی کورد لە دوای جێبەجێکردنی رێککەوتنی دهۆک لە رۆژئاوا بەرەوپێشچوونی بەرچاو لە سەرجەم بوارەکان بەخۆیەوە دەدیت. بڕیار وابوو دوای دامەزراندنی مەرجەعی سیاسی، لیژنە بۆ جێبەجێکردنی دوو خاڵەکەی دیکە دروست دەکرێن، بەڵام دواتر بە هۆی دەستێوەردانی رێبەرانی پەکەکە لە قەندیل و رژیمی بەشار ئەسەد، ئەم رێککەوتنامەیەش جێبەجێ نەکرا و نە حیزبەکانی رۆژئاوا و نە هێزی رۆژ کە هێزێکی راهێنراوی کوردی رۆژئاوا بوو، ئیزنی چوونەوەیان بۆ رۆژئاوا پێنەدرا و تەنانەت کادر و ئەندامانی حیزبەکان کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و تیرۆری دەزگای سەرکوتکەری پەکەکە لە رۆژئاوا.

سەرەڕای ئەم کارشکێنییانەی پەکەکە، دوای هێرشی داعش بۆ سەر رۆژئاوا سەرۆکی هەرێم، مەسعود بارزانی داوای لە وەڤدێکی کۆنگرەی نەتەوەی کورد بۆ تاووتوێ کردنی دۆخەکە کرد و وتی:

**« سڵاوێکی گەرم...**

ماوەیەکە لە میدیاکان و هەندێ ناوەندی سیاسی و ڕاگەیاندەکاندا کۆمەڵێک هەواڵ و دەنگۆ بڵاوبووەتەوە کە گوایە لە لایەنە تیرۆریستانەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان نەفیرعام لەدژی هاووڵاتیانی کورد ڕاگەیێندراوە و تیرۆریستانی سەر بە ئەلقاعیدە پەلاماری خەڵکی مەدەنی و بێتاوان دەدەن و سەری ژن و منداڵی کورد دەبڕن.

بۆ دەرکەوتنی ڕاستی و دروستیی ئەم هەواڵانە داواتان لێدەکەم لیژنەیەکی تایبەت پێکبهێنن بۆ ئەوەی سەردانی ڕۆژئاوای کوردستان بکەن و لێکۆلینەوە لەسەر ئەو هەواڵانە بکەن.

ئەگەر بێتوو ئەم زانیاریانە ڕاست بن و هاووڵاتی و ژن و منداڵی بێتاوانی کورد لەژێر هەڕەشەی کوشتن و بڕین و تیرۆردا بن ئەوا هەرێمی کوردستان هەموو تواناکانی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بەرگری لە ژن و منداڵ و هاووڵاتی بێتاوانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بکات».

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**٢٠١٣/٨/٨**

پێویستە بگوترێ کە دوای گەڕانەوەی وەڤدەکە، سەرەڕای ئەوە کە وەڤدەکە ڕەدیانکردەوە کە کۆمەڵکوژی کرابێ، چەک و چۆڵێکی زۆر بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیل لە سنوورەوە ئاودیوی رۆژئاوا کرا و درا بە یەپەگە.

ڕۆستەم جەهانگیری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامی لێژنەی بەدواداچوونی راستییەکانی ڕۆژئاوا، کە لەلایەن کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی و راسپاردەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێردرابووە ڕۆژئاوا، لە دیمانە لە گەڵ ماڵپەڕی «باس» پەردە لە رووی راستییەکانی ڕۆژئاوا لادەدات و دەڵێ: «بەشێوەیەکی گشتی هێزەکانی حکوومەتی سووریا لە گوند و شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان پاشەکشەیان کردووە و لە شوێنیان هێزەکانی PYD جێگیر بوون، تەنیا لە شاری قامشلۆ نەبێت کە هێزەکانی حکوومەتی سووریاو PYD بەیەکەوە ئیدارەی شارەکە دەکەن. لە قامشلۆ دامودەزگەی حکوومەتی سووری ڕژێمی بەشار ئەسەد و هێزە نیزامیەکانی پۆلیس لە شوێنی خۆیانن، بەکورتی ئیدارەی شار لەڕووی سیاسییەوە بە دەستی حکوومەتی بەعسەوەیە و لە باری ئەمنیەتەوە هێزەکانی YPG دەیپارێزن، ئەمە نەک من، هاووڵاتیەکی سەر شەقامیش درکی پێدەکات کە ڕێککەوتنێک لە نێوان حکوومەتی بەعس و دەسەڵاتی کورد لەوێ، بەشێوەیەکی رانەگەیەندراو هەیە.»

بە دوای شەڕی کۆبانێ کە بە یارمەتی مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سپای ئامریکا بە فڕۆکە یارمەتییەکانی هەرێمی گەیاندە کۆبانێ و دواتر هێزی پێشمەرگەی باشووری لە ناو خاکی باکوورەوە نارده کۆبانێ، داعش لەو شەڕەدا شکستیخوارد و لە کۆبانێ پاشەکشەی کرد. لە ساڵی ٢٠١٥ هاوپەیمانییەک لە نێو چەند گرووپی چەکداردا دژی داعش پێکهات کە یەکێک لەو گرووپانە YPG بوو و ناوی HSD یان هێزەکانی سوریەی دیمۆکراتیکی لە سەردانرا، ئەم هێزە بە یارمەتی ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا توانی داعش لە رەقە و هێندێک ناوچەی دیکە دەربکەن. کێشەیەک کە لێرەدا پێکهات، نیگەرانیی تورکیە لە بەهێز بوونی YPG بوو. یەپەگە کە باڵی نیزامی پارتی یەکیەتی دیمۆکراتیک PYD یە و ئەندامی KCK یە کە جەمیل بایک سەرۆکیە و لە ژێر ڕێبەرایەتی پەکەکە، لە سەر سنووری تورکیە بە پاڵپشتی ئێران و رووسیە فیدرالیزمی دیمۆکراتیکی باکووری سووریەی دامەزراندووە. تورکیە دەڵێ ئەوەی لە کوردستانی ڕۆژئاوا حوکم دەکات، لقێکە لە پەکەکە. تورکیە کە گەورەترین بەشی کوردستانی داگیر کردووە، ئەمە بە هەڕەشە لە سەر ئەمنییەتی خۆی

دەزانێ. پەکەکە کە لە تورکیە بە تیرۆریست ناسراوە و لە وڵاتانی رۆژئاواش لە ژێر زەختی تورکیە کەوتۆتە ناو لیستەی تیرۆریستی، لە سەر سنووری تورکیە سیستمی بەڕێوەبەری دادەمەزرێنێ، ئۆجەلان وەک سەرۆکی پەکەکە دەڵێ لە عەفرین هەواڵی چێکردنی کارگەی رستن و چنین بڵاو دەبێتەوە، ئەمە بە واتای کاری کاپیتالیستییە! رۆژ، رۆژی چێکردنی کارگەی رستن و چنین نیە، بەڵکو رۆژی ساز کردنی کارگەی بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنییە، رۆژی ئافراندنی کۆمۆنیزمی شەڕە، دەبێ شەڕ لە سەرتاسەری کۆمەڵگەکە خۆماڵی بکرێتەوە! (فیرات نیوز: ئۆجەلان: ٢٠١٨) بێجگەم لەوە کە بەردەوام پەکەکە لە عەفرین و شارەکانی دیکەی رۆژئاوای کوردستان خەڵک بە ئاڵا و هێماکانی پەکەکە و وێنەی ئۆجەلانەوە دێنێتە سەر شەقام و دژی تورکیە خۆپیشاندان دەکەن و هەڕەشە لە دەوڵەتی تورک دەکەن! رێبەرایەتی پەکەکەش لێدوانگەلێک دەدەن کە دەوڵەتی تورک هێندەیتر لە سەر شەڕ و کاولکاری لە عەفرین هان دەدات. بەسێ هۆزات هاوسەرۆکی KCK دەڵێ هێرش بۆ سەر عەفرین درێژەی پیلانەکەی رفاندنی ئۆجەلانە. پرۆژەی سەرۆک ئاپۆ لە عەفرین جێبەجێ بووە و ئەم هێرشە بۆ سەر پرۆژە و رێنوێنییەکانی ئۆجەلانە. (بەسێ هۆزات: ٢٠١٨)

رۆژی١٨ی ژانویەی ٢٠١٨ تورکیە ژنێراڵ هولوسی ئاکار و هاکان فیدانی بە مەبەستی رازیکردنی رووسیە بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین ناردە رووسیە. رووسیە کەمێک پێش دەسپێکردنی هێرشی تورکیە چەکدارەکانی خۆی لە عەفرین کشاندەوە. رۆژی ٢٠ی ژانویە هێرشی تورکیە دەستیپێکرد. (ئافتن پۆستن: ٢٠١٨) دوای هێرشی تورکیە کانتۆنی عەفرین داوای لە هێزەکانی بەشار ئەسەد کرد کە بەمەبەستی پاراستنی عەفرین، بێنە ناو عەفرینەوە و عەفرین لە هێرشی تورکیە بپارێزن (گاردیەن: ٢٠١٨) دەقی راگەیەندراوەکەی کانتۆنی عەفرین بەم شێوەیەیە:

> «ئێمە جارێکی دیکە جەختدەکەینەوە کە عەفرین بەشێکی جیانەکراوەیە لە سووریا و هێزەکانمان، یەکینەکانی پاراستنی گەل ماوەی شەش ساڵە ئەرکی نیشتمانیی خۆیان بەجێدەهێنن و ناوچەکە لە هێرشەکانی داعشی تیرۆرست و

گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکەی وەکو قاعیدە دەپارێزن، کە لەسەر خاکی سووریان، هەروەها یارمەتیدەرن لە پاراستنی یەکێتیی خاکی سووریا و دامەزراوە نیشتمانییەکانی. ئێستا ئەو بەشەی سووریا رووبەڕووی هێرشی ستەمکارانەی وڵاتی تورکیا دەبێتەوە، ئەمەش هەڕەشە لە یەکێتیی خاکی سووریا و ئارامی و ژیانی هاونیشتمانیانی مەدەنی دەکات، کە لە ناوچەی عەفرین نیشتەجێن. ئامانجی ئەو هێرشەش دابڕاندنی زیاتری خاکی سوورییایە لەڕێگەی داگیرکردنی ناوچەی عەفرین. هێرشە دەرەکییە شێتانەکان و بەرپەرچی داگیرکاریی عەفرین دەدەینەوە و داوا لە وڵاتی سووریا دەکەین ئەرکە سیادییەکانی بەرامبەر عەفرین بەجێبهێنێت و سنووری خۆی لەگەڵ تورکیا لە هێرشە داگیرکارییەکانی تورکیا بپارێزێت، چونکە هەرچەندە بەشێوەیەکی فەرمی رایگەیاندووە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەرکەکانی خۆی بەجێنەهێناوە و هێزە چەکدارەکانی خۆی بڵاوە پێ نەکردووە بۆ پاراستنی سنووری ناوچەی عەفرین».

**کانتۆنی عەفرین**
**پێنج شەمە٢٠١٨/١/٢٥**

هەروەها دوای ئەم بەیاننامەیە سیپان حەمۆ فەرماندەی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG، لە وتووێژ لە گەڵ ئاژانسی فرانس پرێس رایگەیاند، ئەوان هیچ کێشەیەکیان نییە لە چوونی سوپای رژێمی سوریا بۆ ناوچەی عەفرین بۆ بەشداربوون لە رووبەروو بوونەوەی هێرشی تورکیا بۆ سەر ئەو ناوچەیە. سیپان حەمۆ وێڕای ئەوە کە جەختی کردووەتەوە کە یەپەگە ناوچەکانی لە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بە بەشێک لە خاکی سوریا دەزانێت. گوتی تا ئەم ساتە هیچ هەنگاوێکی کردارییمان لەلایەن دەوڵەتی سوریا بەرامبەر بەلەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر عەفرین نەبینیوە. ئەوەی هەیە تەنها هەماهەنگیەکی سنوردارە

لە نێوان یەپەگە و هێزەکانی رژێم، بۆ ئاسانکاری کردن لە چوونی هاوکاری مرۆیی بۆ کانتۆنی عەفرین. (سیپان حەمۆ: فێوریەی ٢٠١٨)

دەوڵەتی سووریە سەرەتا وەڵامێکی فەرمی بەم داواکارییە نەداوە، بەڵام ئیزنی بە خەڵکی خۆبەخش، هێزی سوریەی دیمۆکراتیک و شەڕڤانانی YPG و ناردنی یارمەتیدا کە لە ژێر دەسەڵاتییەوە بڕۆنە ناو عەفرینەوە و دژی دەستدرێژی تورکیە بۆ سەر عەفرین شەڕ بکەن. پێویست بە ئاماژەیە کە عەفرین لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستانی رۆژئاوا هیچ سنوورێکی هاوبەشی نیە. لە سێ لاوە تورکیە و تاقمە هاوپەیمانەکانی گەمارۆیان داوە و تەنیا لە خوارووی عەفرین رێگەی بۆ دەرەوە هەیە کە ئەویش لە ژێر دەستی رژیمی ئەسەد، ئێران و رووسیەدایە! (باسام ل. و پێری ت.: رۆوەیتێرز: ٢٠١٨) کوردەکانی سوریە لە شاری حەلەب رێپێوانیان کرد و داوایان لە رژیمی بەشار ئەسەد کرد کە عەفرین بپارێزێ. بەڕێوبردنی حەلەب ئێستا لەلایەن ئەرتەشی سوریە و YPG وەیە. رێگاکانی عەفرین لە ژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەددان و رژیمی سوریە ئیزنی هاتووچوو بە کوردەکان و رێبەرانیان بۆ ناو عەفرین دەدات. (ڤی ئۆ ئەی فارسی: ٢٠١٨) سەرئەنجام رۆژی ١٨ی فێوریەدا یەپەگە رایگەیاند کە لەگەڵ رژیمی سوریە رێککەوتن کە سپای تورکیە بێتە ناو عەفرینەوە بۆ پاراستنی عەفرین و خەڵکی ئەو دەڤەرە. لەمبارەیەوە بەدران ژیا کورد راوێژکاری هیزەکانی سووریەی دیمۆکرات بە رۆیتێرزی راگەیاند کە سپای سووریە بەپێی رێککەوتنێک لەگەڵ یەپەگە دێتە ناو عەفرین و سەر سنووری باکووری سووریە بۆ پاراستنی عەفرین. (رۆیتێرز: ١٨ی فێوریەی ٢٠١٨) دوای دوو رۆژ نووری مەحموود، وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (نووری مەحموود: ٢٠١٨) رایگەیاند:

> دوای مانگێک لە بەرخۆدانی ئەفسانەیی هێزەکانمان لە دژی سوپای تورکیای داگیرکەر و ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی وەک جەبهەت ئەلنووسرە، داعش و ...هتد کە گورزی قورس لە داگیرکەران درا، یەکینەکانی ئێمە داوایان لە حکوومەتی سووریا و سوپاکەی کرد کە بە ئەرکی خۆی لە پاراستنی عەفرین

و سنووری سووریا له دژی داگیرکه‌ران هه‌ڵسێت. له‌سه‌ر ئه‌و بنه‌مایه‌، حکوومه‌تی سووریا ئه‌رکی خۆی جێبه‌جێ کرد و ئه‌مڕۆ ٢٠ی شوباتی ٢٠١٨ یه‌کینه سه‌ربازییه‌کانی به‌ڕێکردن. ئه‌م یه‌کینانه له‌سه‌ر سنوور جێگیر ده‌کرێن و به‌شداری ده‌که‌ن له پاراستنی سنوور و یه‌کێتی و خاکی سووریا.

**نووری مه‌حموود**

**وته‌بێژی یه‌کینه‌کانی پاراستنی گه‌ل YPG**

**٢٠١٨/٢/٢٠**

داواکردن له داگیرکه‌ری کوردستانی رۆژئاوا بۆ پاراستنی عه‌فرین له هێرشی داگیرکه‌ری کوردستانی باکوور که دژمنی په‌که‌که‌یه‌، ته‌نیا یه‌ک شرۆڤه هه‌ڵده‌گرێ، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه په‌که‌که سوریه له به‌رانبه‌ر تورکیه وه‌ک هێزی رزگاریده‌ر به خه‌ڵک نیشانده‌دات و پێیان ده‌ڵێ له‌و ماوه‌یه که له سووریه شه‌ڕ بوه‌، ده‌وڵه‌تی سووریه نه‌ته‌نیا دژی کورد نه‌جووڵایه‌وه‌، به‌ڵکو ئێستاش له چنگی رژیمی تورکیه رزگاری ده‌کات! ده‌نا هیچ جیاوازییه‌ک له نێوان تورکیه و سووریه بۆ عه‌فرین نیه و هه‌ردووکیان داگیرکه‌رن و داگیرکه‌ر باش و خراپی نیه! ئه‌مه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌وه که له ئه‌ساسدا په‌که‌که نه‌ک له‌گه‌ڵ سوریه کێشه‌یه‌کی نیه‌، به‌ڵکو هه‌ر له سه‌ره‌تاوه له‌گه‌ڵی هاوپه‌یمان بووه و یه‌کێک له پاڵپشته سه‌ره‌کییه‌کانی بووه‌، بۆیه سروشتییه که په‌که‌که سووریه‌ی له تورکیه پێی باشتره! له‌م ناوه‌دا ته‌نیا کوردی کوردستانی رۆژئاوایه زیان ده‌بینێ، په‌که‌که ئه‌و هێزانه‌ی ناو رۆژئاوا ده‌گوازێته‌وه بۆ قه‌ندیل و له جاران به‌هێزتر ده‌بێ. کوردستانی رۆژئاواش هه‌م وێران ده‌بێ و هه‌م هێزی شۆڕشی تێدا نامێنێ تا به‌ره‌نگاری سوریه بێته‌وه! لێره‌دایه که راستی ئه‌م وته‌یه «ئیدئۆلۆژی به‌پێی جۆری دوژمن و شێوه‌ی خه‌بات چێ ده‌بێ» که له به‌شی دووهه‌می ئه‌م کتێبه‌دا ئاماژه‌پێکرا ده‌رده‌که‌وێ. ئیدئۆلۆژی په‌که‌که له به‌رانبه‌ر رژیمی تورکیه‌دا چێ بووه و سروشتییه که له کوردستانی رۆژئاوا رژیمی سوریه وه‌ک دژمن سه‌یر ناکرێ و ئه‌وه تورکیه‌یه که دژمنه‌، هه‌ر وه‌ک له پارچه‌کانی دیکه‌ش ئه‌و لقوپۆپه‌کانی په‌که‌که ئه‌و روانگه‌یه‌یان هه‌یه!

سەرئەنجام رۆژی شەممە ١٧ی مارسی ٢٠١٨ ڕەجەب تەیەب ئەردۆغان لە شاری دیاربەکردا بە دڵنیاییەوە ڕایگەیاند کە ئاڵای تورکیە لە عەفریندا هەڵدەدرێ! ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی مارسی ٢٠١٨، ئەرتەشی تورکیە و ئۆپۆزسیونی سوریە دوای ٥٨ رۆژ شەڕ بەبێ بەرگری لە ناو شاری عەفریندا، ئەو شارەیان داگیر کرد. ئەمە دوای ئەوە روویدا کە هێزەکانی یەپەگە لە ناو شاری عەفریندا بەبێ هیچ بەرگرییەک کشانەوە. ساڵح موسلیم لە ئەژماری تایبەتی خۆی لە توویتەر بڵاویکردەوە کە «کشانەوەمان لە یەک شەڕ مانای دۆڕانی شەڕ و دەستبەرداربوونی بەرخودان نییە. بەرخودانمان بەردەوام دەبێت و کوردیش بەردەوام دەبن لە بەرگریکردن لە خۆیان لە دژی ئەو جینۆسایدە پلان بۆ داڕێژراوەی دژ بە ئەوان، سەرکەوتن بۆ خەڵکی باکووری سووریایە.» هەر هەمان رۆژ عوسمان عیسا، هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری کانتۆنی عەفرین لە لێدوانێکدا وتی کە «ئەمڕۆ ئەردۆغان پرۆسەی پاکتاوی رەگەزی ئەنجامدەدات و نەتەوەیەک بەتەواوی لەنێودەبات. لەماوەی ٥٨ ڕۆژی رابردوودا هێزی ئێمە و خەڵکی ئێمە بەخۆڕاگریی خۆیان رووبەڕووی دووەم هێزی ناتۆ وەستانەوە. تەواوی جیهان دەبێت ئەمە بزانێت، سەرباری ئەو جیاوازییە زۆرە لە هێز، توانیمان رووبەڕووی هێرشە ئاگراوییەکە ببینەوە، بەڵام لەبەرئەوەی تورکیای شەڕانگێز مەدەنییەکانی دەکردە ئامانج و لەماوەی دوو رۆژی رابردووشدا ٦٥ ئافرەت و منداڵی کوشتن و ژێرخانی عەفرینی وێرانکرد، بڕیارماندا مەدەنییەکان لە شارەکە بگوازینەوە بۆئەوەی رێگریی لە کارەساتی مرۆیی بگرین. بۆیە جەنگی ئێمە لەگەڵ تورکیای داگیرکەر و هێزی کافرەکان کە بە سوپای ئازاد ناسراوە، پێدەنێتە قۆناخێکی نوێوە، کە لە قۆناخی رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ شەڕی تاکتیکیی پارتیزانی، ئەمەش بۆ ئەوەی رێگریی لە کوژرانی مەدەنییەکان بکەین و هەروەها زیانی زیاتریش بە دووژمن بگەیێنین. هێزەکانی ئێمە لە هەموو شوێنێکی عەفرین بوونیان هەیە و هێرشدەکەنە سەر تورکە شەڕانگێز و جاشەکانیان لە هەموو شوێنێک لە هەرکاتێکدا بێت.»

لە ئاکامدا پەکەکە لە رۆژئاوای کوردستان کەوتە رەوشێکەوە کە حکومەتی بەشار ئەسەد دەستێکی باڵای هەبێ و لە دانیشتنێکدا کە لە گەڵ بەرپرسانی

پەکەکە کردیان ئەم دوازدە خاڵەیان خستە بەردەم پەکەکە:

١- پێویستە لە کاتی تەسلیمکردنی ڕەقە و دێرزور بە حکومەتی ناوەندی کێشە و گرفت دروست نەکرێ.

٢- بۆ ئەوەی بەنداوی فرات بتوانێ درێژە بە بەرهەمهێنانی کارەبا بدات، حکومەت سەرجەم خەرجییەکانی ئەو بەنداوە دەگرێتە ئەستۆ.

٣- بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە سروشتیەکانی وڵات ڕاستەوخۆ دەبەسترێنەوە بە حکومەتی ناوەندی.

٤- لە بیناکانی حکومەت و لەسەر سنوورەکان تەنیا ئاڵای حکومەتی سوریا هەڵدەدرێ و ڕێگە بە هێما و سیمبولی تر نادرێ.

٥- لە ئەگەری کرانەوەی جەبهەیەک لە باکوور، هێزە چەکدارە کوردییەکان لە ژێر فەرمانی سوپای ناوەندیدا لەو جەبهەیەدا بەشدار دەبن.

٦- هەنگاو بەهەنگاو کۆتایی بە پەیوەندیی نێوان ئەو هێزانە لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکان دەهێنرێ. لە کاتی پێویستدا دەوڵەت پەیوەندی لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکاندا دروستدەکات.

٧- بەربەستەکانی بەردەم ئاڵوێری دانەوێڵە و بەرووبووم لەو ناوچانەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی چەمی فرات کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدان هەڵدەگیرێ.

٨- حکومەت کڕینەوەی بەرووبوومی گەنم و لۆکەی ناوچەکە بە نرخێکی بەرزتر لە نرخی بازاری ڕەش لە ئەستۆ دەگرێ. هەموو بەرووبوومەکانی ناوچەی کوردستان لە ژێر چاودێری وەفدێکی هاوبەش کە لە سەر نرخەکان پێکدێن ئەنجام دەدرێ و پارەی بەرووبوومەکانیش پێشەکی دەدرێ.

٩- بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش هاوکاری و هەماهەنگی تەواو و بەردەوام درێژەی دەبێت.

١٠- پێویستە بێ ئەوەی سەربازانی سوری بەدیل بگیرێن، ڕێگەی گەڕانەوەیان

بۆ بنکە و بارەگاکانیان پێ بدرێ. هیچ چەکدارێکی کوردیش کە لەلایەن یەکەی دادوەری سوریەوە داواکراو نەبێ، بە دیل ناگیرێ. ئەو ناوانەش کە دەوڵەت داوایاندەکا، دەدرێنە دەست هێزە چەکدارە کوردیەکان. ئەو کوردانەی کە لەمەوپێش و لە کاتی شەڕی ناوخۆ ئەمری گیرانیان هەبوو، هیچ کامێکیان بە دیل ناگیرێن و ئەمری گیرانەکان بەتاڵ دەکرێنەوە. لیستی ئەوانەشی کە بە تاوانی ترەوە داواکراون دەدرێ بە ئاسایشی رۆژاڤا.

١١ـ ئەو بڕیار و ئەنجامانەی لەم دانیشتنانەدا دەدرێن، وەک پایەیەک بۆ نووسینەوەی یاسایەکی نوێی بنەڕەتی بۆ وڵات و چارەسەری کێشەی کورد تیایدا بە بنەما وەردەگیرێن.

١٢ـ سەبارەت بە دوارۆژی هێزی چەکداری کورد لە رۆژئاوا دانیشتن و دانوستانەکان بەردەوام دەبن. (ئای ئێم پی نیوز: ٢٠١٨)

## پەکەکە لە کوردستانی باشوور

پێوەندییەکانی پەکەکە و عێراق دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی ١٩٨٠ بە شێوەیەک کە لە هەندێک شوێنی گشتیدا بارەگاکانی پەکەکە لە هەمان ئەو شوێنانەدا بوون کە بارەگا سەربازییەکانی عێراقی لێ بوون. (ئەلیزا مارکوس: ٢٢٧) هەر وەک گوترا عێراقیش وەک سووریە کێشەی سنووری، سیاسی و کێشەی ئاوی لەگەڵ تورکیە هەیە. بۆیە پشتیوانیی عێراق لە پەکەکە شتێکی سرووشتییە. نزار ئەلخەزرەجی، سەرۆک ئەرکانی پێشووی سوپای عێراق لە وەڵامی پرسیاری «غسان شربل» ڕۆژنامەڤانی بەناوبانگی لوبنانیدا لەمەڕ یارمەتیدانی پەکەکە دەڵێ: «سەددام حسێن پارە و چەکی دەدا بە پەکەکە. ئەو ٢٥٠ میلیۆن دۆلارەی کە لە لای ئۆجەلان بوو و تورکەکان گرتیان، سەرچاوەکەی لە عێراق بوو، سەددام وەک کارتی گوشار دژی تورکیە کەڵکی لە پەکەکە وەردەگرت. (غسان الشربل:٢٠١٠، ٣٢٥) سەرۆکایەتی ئەمنی گشتیی عێراق لە نامەیەکدا ئاماژە بە پێوەندی نێوان عێراق و پەکەکە دەکات و دەڵێ: بۆ پوچەڵکردنەوەی پیلانی تێکدەران دژی عێراق کە لەلایەن ئێران، ئەمریکا و تورکیاوە هاندەدرێن، پێویستە بە شێوەیەکی زۆر نهێنی کە تورکیا نەوروژێنێت، پێوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا بگیرێ. (حامێد گەوهەری: ٢٠١٦، ٨٥) کەوابوو یەکێک لە پشتیوانە سەرەکییەکانی پەکەکە سەددام حسێن بووە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە عێراق وەک گوترا کێشەی قووڵی لەگەڵ تورکیە هەبووە. لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە پەکەکە بەوە تاوانبار بکرێ کە بۆچی پارە و چەکی لە سەددام و داگیرکەرانی دیکەی کوردستان وەرگرتووە، چونکە هەموو ئەو حیزبانەی کە پێشمەرگەیان هەبووە و لەگەڵ داگیرکەرێک بەشەڕ هاتوون یارمەتییان لە داگیرکەرێکی دیکە وەرگرتووە.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئەو یارمەتییە لە سەر چ حیسابێک وەردەگیردرێ؟ ئایا لە سەر حیسابی ئاژاوەنانەوە لە ناو کورددا وەردەگیردرێ یان بۆ شەڕ دژی ئەو داگیرکەرە کە ویستوویە لەگەڵی شەڕ بکات؟

ئەو پێوەندییە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق دوای ڕووخانی سەددامیش هەر نەپچڕاوە و قووڵتر بۆتەوە. عوسمان ئۆجەلان لەم بارەیەوە دەڵێ: پەیوەندیی پەکەکە و حکوومەتی عێراق زیاتر بۆ سەردەمی نیشتەجێکردنی پەنابەرانی باکوور لە کەمپی مەخموور دەگەڕێتەوە، کە چەند جارێک بەرپرسانی ئەمنی لە موسڵ و بەغدا دەهاتن لە کەمپەکە دانوستانیان دەکرد، کۆبوونەوەیەکی دیکەی گرینگیش لە کاتی گەڕانەوەی جەمیل بایک لە سووریا لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ عێراق بوو کە پاشان چووە ئێران و دواتر چووە قەندیل، ئیتر لێرەوە پەیوەندییەکان زیاتر بەهێز بوونە. هەروەها عەبدولباری زێباری، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی (ی ن ک) دەڵێ: ئێستا پەکەکە لە بەغدا حزووریان هەیە، تێڕوانینی حکوومەتی عێراقیش گۆڕاوە، ئەو کاتەی عەبادی لە پەرلەمان گوتارێکی پێشکەش کرد بە ئاشکرا ستایشی ڕۆڵی پەکەکەی لە شەڕی داعش کرد، ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە کە هەڵوێستی بەغدا بەرامبەر بە پەکەکە گۆڕاوە. بەغدا هیچ پێگەیەکی سیاسی و سەربازیی لە بادینان نییە، بەڵام دەیەوێت لە ڕێگای پڕچەککردنی پەکەکە و دروستکردنی حەشدی شەعبی لە شنگال نفوزی خۆی دروستبکات، بەغدا دەیەوێت تورکیا بە یارمەتیدانی پەکەکە ئیستیفزاز بکات و لە ئایندەشدا کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروستبکات (مەحموود یاسین کوردی: ٢٠١٥،١٢،٢٨).

پێویست بە ئاماژەیە کە ئۆجەلان مەلا مستەفای بارزانیی لە ڕێگەی خوێندنەوەی وتووێژ و نووسینەکانی خلووسی تۆرگۆت یەکێک لە فەرماندە پلەبەرزەکانی ئەرتەشی تورکیەوە ناسیوە، ئەم ناسینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە کە ئۆجەلان قوتابیی قوتابخانەیەک لە ئەنقەرە بووە (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ٣٨). بە بۆنەی شۆڕشی ئەیلولەوە پارتی دیموکراتی کوردستان، لایەنگرێکی زۆری لە باکووری کوردستان بە دەور خۆیدا کۆ کردەوە. ئەم شۆڕشە ڕەنگدانەوەیەکی قووڵی لە هەر چوار پارچە بە تایبەتی لە باکوور هەبوو. بۆیە بەشێوەی نەریتی پارتی دیموکرات خۆشەویستییەکی لە نێو کوردانی باکووردا هەیە. پەکەکە کە لە

باکوور هەڵقوڵاوە لەم خۆشەویستییە دەترسێ و بە هەڕەشەیەک بۆ سەر خۆی دەیزانێ، بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، دژی پارتی دێموکرات بووە.

ئۆجەلان لە نێو کتێبەکانیدا بە توندترین شێوە دژی پارتی دەوەستێیەوە و شەڕ دژی پارتی بە وردی تێئۆریزە دەکات. ئەو دەڵێ PDK کە ڕەوتی نەتەوەیی سەرەتایی (دواکەوتوو) بە شێوەی حیزبی دەرهێناوە، دوایین و کاولکەرترین نموونەی ئەم هەڵسوکەوتانەیە. ڕێکخراوگەلیکی هاوشێوەی PDK ئیدەئالترین کەرەستەی پێویستن بۆ سیاسەتە ناوچەییەکانی هێزە دەرەکییەکان. بە هۆی پەرەنەگرتوویی بۆرژوازی و پێکهاتەی فێئۆدالّیی عەشیرەیی بەرچاوتەنگ هەمیشە مەترسیدارترین ڕۆڵیان دژی هێزە گەلییەکان گێڕاوە. تەنیا کارتی دەستیان بۆ کۆ کردنەوەی سەروەت و سامانی زۆرتر، دژایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی هاوچەرخی کوردە. لە هیچ پێوەندییەکی مەترسیدار لەگەڵ هەر دەوڵەتێک کە بەرژەوەندیی بنەماڵەییان دابینبکات سڵناکەنەوە، لەم بارەیەوە پێبەندی هیچ چەشنە بایەخێکی ئەخلاقی و بنەمای ئیدئۆلۆژیک نین، ئەگەریش پێبەند بن لە فرۆشتنی هیچ سڵناکەنەوە. زیانێک کە کوردەکانی هەموو وڵاتان لە حیزبگەلێک وەک PDK دیویانە لەگەڵ هیچ برگەیەکی مێژوویی هەڵناسەنگێنرێ (ئۆجەلان: ۲۰۰۱، ۳۲۸). ئەم شێوە دەربڕینە تێئۆریزە کردن و پاساوهێنانەوەیە بۆ شەڕ لەگەڵ پارتی. کاتێک دەڵێ من لەو سەربازو ئەفسەری تورک دەپرسم، ئایا دەوڵەتی تورک سەرباری خۆبەختکردنتان لەئیش و کارتاندا دووسەد دۆلاری مانگانەتان دەداتێ؟ ئەی بۆچی دەوڵەتەکەتان هەوڵدەدات مانگی دووسەد دۆلار بەو پێشمەرگانەی PDK بدات کە بایی پێنج قرووش نین؟ (ئۆجەلان: ۱۹۹٦، ۱۸۹)

ئۆجەلان دەڵێ لە ڕاستیدا ڕۆڵێک کە بۆ PDK دیاریکرابوو، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۹۲۰. ئەم کۆنفرانسە لە ژێر کاریگەریی لۆبیی جوولەکە و ئینگلیسییەکاندا گیرا. بڕیارەکانی ئەم کۆنفرانسە لە ساڵی ۱۹٤٦ دا و بە دامەزراندنی PDK هاتنە دی. بە پێکهێنانی PDK نە تەنیا کوردەکانی باشوور، بەڵکوو کوردەکانی باکووریشیان دەپێکا. ئەم ستاتۆیە تا سەرەتاکانی ۱۹۹۰ درێژەیپێدرا، دواتر لە سەرەتای دەیەی ۹۰، بە دەستێوەردانی ئەمریکا دژی عێراق گۆڕدرا. ئینگلیس، ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ ئەوەی کە کوردانی باشوور ببنە خاوەنی ئۆتۆنۆمی،

بڕیاری خۆیاندا. هەر بەم هۆیە دەتوانن دژی ئێران، تورکیە و وڵاتانی عەرەبی دەستێوەردان بکەن (ئۆجەلان، اسناد کۆنگرە دهم: ٢٠٠٩-ئا، ٢٤).

ئۆجەلان کاتێک باسی سەرەتای خەباتی چەکداریی پەکەکە دەکات، لە بڕگەیەکدا باسی شەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات کە گوایە تەقەیان لە هێزەکانی پەکەکە کردووە و پێیانڕاگەیاندوون کە نابێ لە باشوور هاتووچوو بکەن و لە هەکاری عەمەلیات بکەن. تەنانەت باسی کوژرانی گەریلا بە دەستی پارتی دەکات (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-س، ١٥٨). هەڤاڵ ئەبوبەکر لە سەر ئەم بابەتە دەڵێ هەر سەرەتا کە چووینە سووریە پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی دروست بوو، ئەو کاتە ئازاد بەرواری بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی بوو لە سوریا، کاتێک بڕیارماندا هێزەکانمان بنێرینەوە کوردستان ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ پارتی کرد. ئێمە کاتێک چەکدارانی خۆمان ڕەوانە دەکرد، پێشمەرگەکانی پارتی ئاگادار بوون، تەنانەت ئەوان هاوکاریی تێپەڕبوونیان دەکرد، گەریلاکانی ئێمە بە چەمی هێزل تێپەڕ دەبوون، جارێکیش ئاو هەڤاڵانی ئێمەی برد، هەشت هەڤاڵمان شەهید بوون، ڕێککەوتنمان هەبوو لەگەڵ پارتی بۆیە کێشەمان نەبوو، بەڵام کاتێک دەستمان بەشەڕ کرد، تورکیا گوشاری دەخستە سەر پارتی، بارەگایەکی پارتی ئەو کاتە لە خابوور بوو لە لای تورکان، بەڵام کاتێک تورکیا ئۆپەراسیۆنی خۆی لە دژی ئێمە دەستپێکرد، پارتی بارەگاکەی خۆی گواستەوە بۆ زاب. کاتێک کە تورکیا گوشارەکانی خۆی بۆ سەر پارتی زیاد کرد، پارتیش داوای لە ئێمە کرد کە لە سنوورەکاندا شەڕ نەکەین، لە چوقورجا و چالی و شەمزینان شەڕ نەکەین، ئێمەش دەمانگوت هەموو ئەو شوێنانە باکووری کوردستانە، لە کوێ شەڕ بکەین؟ پارتی دەیگوت بڕۆن لە دیاربەکر شەڕ بکەن، زۆر ناخۆشی لەگەڵ پارتی لەسەر ئەوە دروستبوو (هەڤاڵ:٢٠١٢). ئۆجەلان لە کۆتایی ١٩٨١ یاخۆ بە درێژایی ١٩٨٢ پێوەندیی باش و پتەوی لەگەڵ مەسعوود بارزانیدا پێشخست و روخسەتی لە پارتی وەرگرت تا بارەگاکانی لە باکووری عێراقدا پێکەوە بنێت. لە راستیدا بەبێ ئەو ڕێککەوتنە پەکەکە رووبەڕووی دژواری و دابڕانێکی گەورە دەبووەوە لە دەستپێکردنی پلانەکانیدا بۆ جەنگی گەریلایی لە ناوخۆی تورکیادا. مەسعوود بارزانی لە سەر ئەم ڕێککەوتنە دەڵێ: هەمیشە ئەوە جێگەی شانازیمانە کە بە قوربانیدان و رشتنی خوێنمان نێوچەیەکی ئازاد و رزگارکراومان لە ژێردەستدایە،

ئەم نێوچەیەشمان وەک قەڵایەک واڵاکردووە لە بەردەم هەر پێشمەرگەیەکی کورددا. ئێمە لە پێناو ئەم لۆژیکە و بۆ ئەم هۆکارانە واژۆی رێککەوتنمان لە تەک پەکەکەدا کرد. وەلێ پەکەکە پاش جێگیربوونی شوێن پێی و شارەزابوونیان لە نێوچەکەدا ئیتر کاتی خۆیان بۆ واژۆکرانی پەیمانێکی نوێ لە تەک پارتیدا بەهەدەر نەدا، ئەوان بنکە و بارەگا سەرەکییەکانیان بردە سێگۆشەی سنووری ناسراو کە درێژ دەبێتەوە لە نێوەند هێڵە سنوورییەکانی ئێران، عێراق و تورکیە، لە راستیشدا ئەم شوێنە هەمیشە بنکەیەکی گرنگ بووە بۆ جەنگاوەرانی پارتی لە جیادا. هەندێک لە گەریلاکان لە دیمەشقەوە بە فڕۆکە چوونە ئێران و لەوێشەوە هاتنە نێو خاکی عێراقەوە. (ئەلیزا مارکوس: ١٣٥ و ١٣٤، ١٣٣) دواتر کە پەکەکە و رژێمی بەعس لێک نزیک بوونەوە، هێزە عێراقییەکان لە بەرانبەر دانی زانیاری لە سەر پارتەکەی بارزانی چاوپۆشییان لە بوونی گەریلاکان لە سەر سنوورەکان دەکرد. (ئەلیزا مارکوس: ١٩٤)

جەمیل بایک لەم بارەیە ناوەرۆکی رێککەوتنەکە ئاشکرا دەکات و دان بەوە دا دەنێ کە ئەم رێککەوتنە تاکتیکی بووە و لە ترسی زەربە نەخواردن بە دەست پارتی بووە. ئەو دەڵێ: «پارتی زۆربەی گەل بە چاوێکی خراپی سەیریان دەکرد و کەوتبووە دابڕانێک. لەسەر ئەو بنەمایەش لە ساڵانی ١٩٨١ ـ ١٩٨٢ پارتی لە تەنگانەدا دەژیا و پێویستی بە رێگایەک هەبوو بۆ ئەوەی خۆی لەو بارودۆخە رزگار بکات، تەنیا رێگای رزگاریشی لە رێککەوتن لەگەڵ بزووانەوەیەکی چەپ و سوسیالیستدا دەبینی، ئێمە ئەوەنان دەزانی کە رەوشی پارتی بۆ رێککەوتنێک لە بارەو ئەویش پێویستی بە ئێمە هەیە، سەرۆکایەتی سوودی لەم هەلە وەرگرت و رێککەوتنێکی لەگەڵ پارتی مۆرکرد، مەرج و بەندی سەرەکی ئێمە لەم رێککەوتنەدا دەربازکردنی بۆتان بوو، هەتاکو جێگەی خۆمان تێدا دەگرین و رەگی لێ دادەکوتین، چونکە وەکو لە پێشەوە باسمان کرد بەبێ رێککەوتن شەڕ دەردەکەوێت ئەو کاتە ناتوانین بکەوینە بۆتان و زەبرێکی گەورەشمان لێدەکەوێ. (جەمیل بایک: ٣٧٣) فرانسۆ حەریری ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە وەڵامی جەمیل بایکدا دەڵێ: « ئەو رێککەوتنەی نێوان ئێمە و پەکەکە زۆر بە گران لەسەر پارتی وەستاو زۆربەی زۆری حزب و رێکخراوەکانی کوردستانی تورکیا رەخنەیان لە پارتی گرت لەسەر مۆرکردنی رێککەوتنەکە،

بۆیە پارتی ناچار بوو ڕێککەوتنەکە هەڵبوەشێنێ. «جگە لەمەیش جومعە ڕاست ناکات کە دەڵێت پارتی لە ساڵی ١٩٨١-١٩٨٢ کەتبووە دابڕانێک و لە تەنگانەدا دەژیا، چونکە پارتی لە ٢٨،١١،١٩٨٠دا لەگە حیزبی شیوعی عێراق و حزبی سوشیالیستی کوردستان بەرەی دیموکراتی عێراقی (الجبهة الوطنية العراقية - جود) ی پێکهێنابوو کە بەرەیەکی مەیدانی بوو، زۆریشی پێ نەچوو پاسۆک و حزبی ئیشتراکی عەرەبی و تەجەموعی دیموکراتی عێراقی و (گەل) هاتنە ناو بەرەکە و حزبە هاوپەیمانەکانی ناو (جود) بوون بە حەوت حزب. جگە لەوانەیش لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١، لیوا ڕوکن حەسەن مستەفا نەقیب و باقر یاسین لەگەڵ چەند گرووپێکی نەتەوەیی و دیموکرای و ئیسلامیی عەرەبی هاتنە لای پارتی بۆ ناوچە ئازادکراوەکان بۆ ڕاگەیاندنی شۆڕشی عێراقی و ئەویش بە پشتگیری کردنیان لەلایەن پارتیەوە لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە لە هەشتاوە تا دەکاتە هەشتا و دوو کە جومعە باس لەو سەردەمانە دەکات، هەر کاتێ وەفدی پارتیمان بەسەرۆکایەتی ئیدریسی هەمیشە زیندوو یان بەسەرۆکایەتی سەرۆکی پارتیمان سەردانی سوریا و لیبیان کردبێ ئەوا لەلایەن بەرپرسە دەرجە یەکەکانی ئەو وڵاتانە دەبینراو ڕێزی دەگیرا و بە گەرمی پێشوازیی لێدەکرا، جگە لەوەی هەر لەیەکەم ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕاونانی شا تا بە ئەمڕۆ پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان پارتی و کۆماری ئیسلامی ئێران هەبووە و هەیە.»

(فرانسۆ هەریری: چما پەکەکە وادەکا؟، ٢٠٠٠)

ئۆجەلان بۆ وەرپێخستنی شەڕێکی بەربڵاو دژی پارتی دێموکرات، تەنانەت پەنا دەباتە بەر ئایین. ئەو دەزانێ کە جوولەکە و ئیسلام لە شەڕێکی قووڵدان، بۆیە لەم ڕێگەیەوە بە خەیاڵی خۆی دەیەوێ مۆسڵمانەکان دژی بنەماڵەی بارزانی بورووژێنێ! ئەو دەڵێ بارزانییەکان بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر بنەماڵەیەکی جووڵەکە. پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ڕوونە. لە ڕێگەی باکووری عێراقەوە دەیانەوێ ئیسرائیلی دووهەم چێ بکەن و ئەمریکا و ئیسرائیلیش پشتی دەگرن... جوولەکەکان دەستیان خستۆتە ناو نەتەوەخوازیی کوردەوە. لە باشوور لە ڕێگەی بنەماڵەی بارزانییەوە نەتەوەگەری چێ دەکەن. بنەماڵەی بارزانییان خستۆتە پێش، نەتەوەخوازیی کوردیش لە دەوری بنەماڵەی بارزانییەوە کۆ دەکەنەوە و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەدەن. ناوێک لە ئێمە نیە. هەموو کوردەکان بەوانەوە

گرێدەدەن لەوێوە کۆنترۆڵیان دەکەن. لە ڕابردووەوە دەیانەوێ هەموو کوردەکان بەستراوەی کوردەکانی عێراق بکەن. لە ڕێگەی ئەم نەخشەیەوەیە کە کوردەکان کۆنترۆڵدەکەن. نەخشەی کوردی جولەکەکان نە تەنیا لە ڕێگەی بنەماڵەی بارزانییەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی بنەماڵەکانی دیکەوە هەوڵدەدەن کوردەکان کۆنترۆڵبکەن (ئۆجەلان، اسناد کنگره ۱۰: ۲۰۰۹-ئا، ۱۷ و ۲٦).

بۆیە لە تێکچوونی هاوسەنگیی نێوان ڕێئال سۆسیالیزم و کاپیتالیزمدا، دامەزراوەیەک لە باشوور (کوردستان) پێکهات کە بە نێوی دەوڵەتی فیدراڵی کورستان بە داڵدەدانی ئیمپریالیزم و قبووڵکردنی سیستمی چەوسێنەری زاڵ بە سەر کوردستاندا پێکهات. کە بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەمانە پێشکەوتنێکی گرینگ بوو. ئەم دامەزراوە بەرهەمی تێکچوونی هاوسەنگی لە ناوچەکەدا بوو و هەر بەو ڕادەیەش تایبەتمەندیگەلێکی هەیە کە دەبێتە هۆی پەرەگرتنی زیاتری هاوسەنگی. ئەمە لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئێمەدا کاریگەریی قووڵی هەیە، هەروەک لە باشووردا وەها ڕووبەڕووبوونەوەیەک ڕوویدا. ئەم خەباتە لە ڕاستیدا ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە وەک هێزی پێشڕەو لەگەڵ ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی بوو کە دەیانەویست کوردستان لە شۆڕش دوور بکەنەوە (ئۆجەلان: ۲۰۰۷-س، ۱۱۳).

ئۆجەلان ڕوونکردنەوەی زیاتر لە سەر هۆکاری دژایەتی لەگەڵ باشوور دەدات و دەڵێ: «ڕێبەری فێئۆدال ـ بۆرژوا بەپێی بەرژەوەندیی چینایەتیی خۆی و سەرپۆشدانان بە سەر بەرژەوەندیی گەلدا، سەرەڕۆیانە هەڵسوکەوت دەکەن و ڕۆحی پێکهاتنی دێموکراتیکیان نیە. ئەوان دەیانەوێ بەبێ شرۆڤەی شوناسی ڕێژیم، هەروەها بەبێ جێبەجێکردنی قۆناغی دێموکراتیک، ئۆتۆنۆمی خوازیی نەریتیی کورد لەگەڵ کۆمارێکی دەسەڵاتخوازی عێراق پێکەوە ئاشت بکەنەوە. ئەوان بە دووی چارەسەری بێ دێموکراسیدان. نەسازانی ئەوان لەگەڵ پەکەکە لەم خاڵەدایە و جۆرێک بیر دەکەنەوە کە کراوەیی دێموکراتیک بە واتای کۆتایی ئەوانە (ئۆجەلان: ۲۰۰۱، ۳۵۲). واتە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە خاوەنی پارلەمان و هەڵبژاردنە و هەروەها فرەحیزبی بە فەرمی ناسراوە و بە کردەوە هەموو جۆرە ئیدئۆلۆژییەک لە باشووری کوردستان دەبینرێن کە دەتوانن ئازادانە بانگەشە بۆ ئیدە و بیری خۆیان بکەن، بە ڕای ئۆجەلان دیکتاتورییە! بەڵام

پەکەکە کە لە دێموکراسی تەنیا ئیددیعایەکی پێ بڕاوە، دێموکراتە. ئەمە کێشەی پەکەکە لە باشوور نیە، بەڵکوو ئەمە سەرپۆشێکی ڕووناکبیرانە و گشت پەسەندە کە لە سەر ویستی سەرەکیی پەکەکە کە پاوانکردنی دەسەڵاتە، دانراوە. ئەگینا کۆمەڵگەی ئامانجی پەکەکە باکووری کوردستانە نەک باشوور، کاتێک تەنانەت دێهاتێکیشی لە باکوور ڕزگار نەکردووە تا بە قەولی خۆی حکوومەتی دیمۆکراتیکی تێدا دابمەزرێنی، چۆن دەتوانێ بۆ شوێنێک کە هیچ پێوەندییەکی بەوەوە نیە گۆشار بێنی و بڵێ دەبێ سیستمی حکوومەتیتان وا بێ! ئەمە یانی دەستێوەردان کە لە دنیای سیاسەتیشدا وەڵامی دەستێوەردان دژایەتی و دوژمنایەتییە! کاتێک ئەم دەربڕینانە ئەمڕۆ لەگەڵ دەسەڵاتی پەکەکە لە ڕۆژئاوا هەڵدەسەنگێندرێن، بێ بنەمابوونی ئەم ئیددیعایەی ئۆجەلان زۆرتر دەدەکەوێ.

لە دوای ساڵی ١٩٩٠ بە پشتیوانیی ئەمریکا و هاوکاریی نزیکی تورکیە، لە باشووری کوردستان حکوومەتی فیدراڵ دادەمەزرێ. لەو سەردەمەدا بە دەستپێکردنی دژایەتی لەگەڵ پەکەکە بەرژەوەندیی سیاسی، سەربازی، دیپلۆماتیک و ماددی دەستەبەر دەکەن. ئەم بەرژەوەندییانە بە بۆنەی ناوزڕاندن و گۆشەگیر کردنی پەکەکە بە دەستدەهێنن (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٥١). لێرەدا ئۆجەلان ئاماژە بە هۆکاری دژایەتیی حیزبەکانی باشوور ناکات، تەنیا دەڵێ دژایەتییان کرد، هەر وەک پێشتر گوترا یەکەمجار پەکەکە بە نیازی داگیرکردنی دهۆک و زاخۆ ڕوو دەکاتە باشوور لە ساڵی ١٩٩١دا پارتی ئازادیی کوردستان PAK دادەمەزرێنی، دوای شکستی ئەم پڕۆژەیەش ئەمجار لە نەورۆزی ساڵی ١٩٩٥دا YNDK دادەمەزرێنێ کە دواتر ئەویش شکست دێنێ! واتە هەر لە سەرەتاوە پەکەکە بە نیازی دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوە ڕووی لە باشوور کردووە کە تا ئەمڕۆ بەردەوامە. جەمیل بایک دەڵێ ئێمە ویستمان لە ڕێگەی گرووپێکی باشووری مەزن کە لە ساڵی ١٩٨٨ تەڤلی ئێمە ببوون، موداخلەیەکی باشوور بکەین، چونکە دەمانزانی ئەو پارت و ڕێبەرانە باشوور ناتوانن گیروگرفتی گەل چارەسەر بکەن، بۆیە پێویست بوو پارتییەکی ئاڵتەرناتیڤ ساز بکرێت. ئەو هەڤاڵانە بۆخۆشیان خوازیاری ئەمە بوون، ئێمەش بە باشمان زانی پارتی ئازادی کوردستان PAK دامەزرێت. ئەو گرووپە بە گرانی لە ئاکادیمیا بوو، سەرۆکایەتیش گەلێک لە سەریان راوەستا و یارمەتیکردن، لە سەر ئەو بنەمایە مانیفێست و پرۆگرامی خۆیان نووسی و سەرۆکایەتیش

بە هۆی وەرگێڕەوە گەلێک هاوکاری کردن. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ٥٨٧) ئەوکاتە گەلێک مشتومڕ دروست دەبوو، کە ئایا ساڵی ١٩٩٢ لە باشوور شەڕ بکەین یان لە باکوور. واتە هەستمان بەو مەترسییە دەکرد کە رژیمی تورکیا شەڕ بهێنیتە ناو گۆڕەپانی باشوور، چونکە هێشتا هێزی سەرەکیمان لە باشوور بوو، هەروەها دەیانزانی کە PAK مان دامەزراندووە و دەخوازین لە باشوور خەبات بکەین. تەنانەت لێپرسراوی بنکەی خواکورک بۆخۆشی دەیگوت: شەڕ دەکەوێتە باشوور و پێویستە بە گوێرەی ئەمەش ئامادەکاری بکەین. واتە لە دەستنیشانکردنی رەوشی شەڕدا لاوازییەکی ئەوتۆ نەبوو، تەنیا مەسەلەی خستنی ئەو بڕیارە لە ناو پراتیکدا بوو. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ٦١١) ئەوکاتە کە پەکەکە لە بیری شەڕ لە باشوور بووە خەڵکی باکووری کوردستان بە دیتنی راپەڕینی باشوور دێنە سەر شەقام و بەرەنگاری هێزی تورکیە دەبنەوە، بەڵام پەکەکە متەقی پێوە نایە و دژی دەوڵەتی تورکیە بێدەنگی هەڵدەبژێرێ. جەمیل بایک دەڵێ: میللەت چاوەڕێ چالاکی گەورە بوو و بە هیوای کەوتنە جووڵەی هێزی گەریلابوو، بەڵام هیچ شتێک رووی نەدا. بۆیە دژمن درێژەی بە کۆکوژی خۆیدا و کەوتە ناو میللەتی جزیرێ و نووسەیبین، گەوەڕ، هەکاری، مەزگرد و شەرناخ. سەرتاسەری وڵات سەریانهەڵدا و لە بەرامبەر دژمن بەرخۆدانیان کرد، لەو ناوەدا گەریلا بێدەنگ مابوو. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ٦١٢) واتە باکووری کوردستان وەک کۆمەڵگەی ئامانجی پەکەکە لە پێناو نانەوەی ئاژاوە لە باشوور پشتگوێخرا.

ساڵی ١٩٩٢ پەکەکە بە وتەی خۆی شەڕی دژی خەیانەت (هێزەکانی باشووری کوردستان) راگەیاند، بەڵام لەم شەڕیدا تێکشکا و ناکۆکیش کەوتە نێوان رێبەرایەتی پەکەکە بە جۆرێک کە عوسمان ئۆجەلان کە بەرپرسی بنکەی خواکورک بوو شەڕی وەساندوو رووی لە ئێران کرد (دواتر باسی چوونی بۆ ئێران دەکرێ). جەمیل بایک دەڵێ لە ناو لاسەنگیدا شەڕمان دەکرد و چی وای نەمابوو تێدا بچین. لە مێژووی پارتیدا ساڵانی ١٩٧٩ تا ١٩٨٥ رەوشی ئێمە چۆن بوو، لە ساڵی ١٩٩٢شدا لە هەمان بارودۆخدا دەژیاین. لە کۆتایی ١٩٩٢ لە شەڕی باشوور، ئەگەر سەرۆکایەتی پارتی تەدبیری وەرنەگرتبا، بە تەواوی لە ناو دەچوین، چونکە خواکورک دەستی لە شەڕ بەردا و ئێمەش کەوتبوینە گەمارۆ. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ٦٣٠)

پێویست بە ئاماژەیە کە لە ساڵی ١٩٩٥دا جارێکی دیکە پەکەکە هێرشیکردەوە سەر بنکەکانی پارتی، ئەم جارەش تێکشکا و ئۆجەلان ئاگربەسی تاکلایەنەی راگەیاند. جەمیل بایک لەم بارەیەوە دەڵێ: «سەرۆکایەتی گوتی بچۆ مەسەلەی ئێمە و پارتی هەیە، بە دوایین قسە و کۆبوونەوە کۆتایی پێبێنە، کاتێ گەیشتمە هەولێر بەرلەوەی بچمە لای پارتی تەلەفۆنم بۆ سەرۆکایەتی کرد و دوایین رێنوێنیم وەرگرت پاشان بەرەو سەلاحەدین وەرێکەوتم. هەم سەرۆکایەتی و هەم هەڤالانی بڕیارگەی ناوەندی ئاگاداری چوونی من بۆ سەلاحەدین بوون، رەوشێکی گەلێک خراپ بوو لەوانە بووو هەر ئێستا نا ئێستا لەنێوان ئێمە و پارتی شەڕ دەستپێبکات، پارتی زۆر دەترسا، چونکە هەڵگیرسانی شەڕێکی ئەوها لەبەرژەوەندی ئەودا نەبوو. دانیشتنەکە لە سەلاحەدین لە کەشوهەوایەکی باشدا دەرباز دەبوو، بە ئاشکرا گوتمان چارەنووسی هەردوو پارچە بەیەکەوە گرێدراوە، بەو پیلانەی ئێوە دەیگێڕن باشووریش لەناو دەبەن، دوو رێگاتان لە پێشە یان ببنە دۆستی ئێمە و بناغەیەکی پتەوی دۆستایەتی دابڕێژن یان ببنە دوژمنمان و ئەنجامەکەشی دیارە ئیتر کامەی قەبوڵ دەکەن دەمێنێتەوە سەر ئێوە، بۆ ئێمە هەردووکیان باشە، ئێمە دەمانزانی لەو کاتەدا ناتوانن شەڕێکی وەها لەگەڵ ئێمە بکەن، بۆیە دەمانخواست دەستپێشخەری بکەین و ناچار بۆ هەڵهێنانی هەندێک هەنگاویان بکەین، ئێمەش نەماندەویست شەڕ بکەین پارتی نیازی ئێمەی تێگەیشتبوو لە راستیدا هیچ رێگایەکیتر بۆ ئەوان نەمابوو، چونکە ئەگەر ئێمەش شەڕمان راگەیاندبا دەکەوتنە رەوشێکی نالەبار.» (جەمیل بایک، ٦٦٤) فرانسۆ حەریری لە سەر ئەم وتەیەی جەمیل بایک دەڵێ «ئەو دانیشتنەی جومعە باسی لێوە دەکات لەسەر داوا و خواست و پاڕانەوەی ئاپۆ و لە رێگای کاک دکتۆر مەحمود عوسمان و لە رۆژی ١٩٩٥/٨/٢٥ لە سەلاحەددین و لە بارەگای مەکتەبی رێکخستی تایبەتی پارتی ئەنجامدرا، هەر چەندە جومعە وەکو پیشەی خۆی تەنها ناوی خۆی دەبات، بەڵام کازم ناوێک کە خۆی بە بەرپرسی باشوور دەزانی لەگەڵ جومعە لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوو، لەلایەن ئێمەشەوە چەند ئەندامێکی م.س و کۆمیتەی ناوەندی بەشدارییان کرد. کاک دکتۆر مەحمود عوسما دوای ئەوەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی لە دیمەشق دیبوو خەبەری بۆ سەرۆک بارزانی ناردبوو، کە ئاپۆ داوای دانیشتن لەگەڵ ئێوە دەکات (پەکەکە لەگەڵ

پارتی) کاک دکتۆر مەحمود گوتبووی ئاپۆ گلەیی لە فرەنسۆ و ئەو برادەرەی تر دەکات کە لە ئاکرێ لەگەڵ پەکەکە دانیشتبوون کە گوایە قسەی زۆر توندیان لەگەڵ وەفدی پەکەکە کردووە. بۆ رۆژی دواتر کاک دکتۆر مەحمود پەیوەندی بەسەرۆک بارزانییەوە کرد و گوتی: کە ئاپۆ هەڵوێستێکی چاکی هەیە و دەیەوێ گرفت لەگەڵ پارتی و حکوومەت دروست نەکات و جومعەش دەنێرێتە لاتان حەز دەکات بیبینن. بۆ رۆژی دووەم جومعە هات و ئەو دانیشتنەی کە لەسەرەوە باسم کرد دەستیپێکرد.» (فرانسۆ هەریری: چما پەکەکە وادەکا؟، ٢٠٠٠)

لە رۆژی ئەو دانیشتنەدا پەکەکە دیسان هێرشکردە سەر بنکەکانی پارتی. جەمیل بایک لەم بارەیەوە دەڵێ: «سەعات دەی بەیانی بێتەلمان کردەوە و زانیمان کە هەڤاڵانمان لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردۆتە سەر پارتی بۆیە لە رۆیشتن بۆ سەلاحەدین پاشگەزبووینەوە، رەوشێکی زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، راست لەو رۆژەدا کە دەبوایە بچین ئاکامی کۆبوونەوەکە دەستنیشان بکەین هێرشیان کردبووە سەر پارتی، تەنانەت ئەو کاتەش بە بێتەل بە هەڤاڵ ئەبو بەکرم گوت: ئێوە چیتا کرد؟ ئێمە لە گفتوگۆدا بووین و هەتا ئەمڕۆش دانیشتنەکە درێژەیان هەبوو، لەوەڵامدا گوتی: هیچ نییە دەتوانن گفتوگۆی خۆتان بەردەوام بکەن، بینیم هەڤاڵ بۆ خۆشیان نازانن چ دەکەن و بەو چالاکییانەی کردبوویان و زەبریان لە پارتی دابوو سەرخۆش ببون بەمەش را دەرکەوت کە چۆن بێ خۆ رێکخستن و ئامادەکاری کەوتوونەتە شەڕ و نزیک بوونیان لەشەڕ چۆنە، گوتم: دەترسم لەو شەڕەدا وەکو ساڵی ١٩٩٢ زەبرمان لێ بکەوێت، چونکە ئێمەیان بەبێ خەبەر رەوانەی گفتوگۆ کرد و بۆخۆشیان شەڕیان دەستپێکرد.» (جەمیل بایک: ١٩٩٨: ٦٦٦-٦٦٥)

فرانسۆ حەریری لە سەر ئەم وتەیەی بایک دەڵێ: «کۆبوونەوەکە ١٩٩٥/٨/٢٥ لە نێوان پارتی و پەکەکە لە سەلاحەدین تا سەعات سێی ئێوارە درێژەی کێشا، پاشان رێککەوتین کە بەیانیی لە نێوان سەعات ١٠,٥ - ١١ جارێکی دیکە لە هەمان شوێن کۆببینەوە و کۆتایی بە دانیشتنەکە بێنین، ئێمە لە سەلاحەدین هەمان شەوی ٢٥-١٩٩٥/٨/٢٦ زانیمان پەکەکە هێرشی کردووەتە سەر چەند بنکە و سەنگەرێکی دوورە دەستی پێشمەرگەکان. دیارە جومعە بەیانی رۆژی

١٩٩٥/٨/٢٦ بەرلەوەی بەرێبکەوێت بۆ کۆبوونەوەی سەلاحەدین پەیوەندیی بە برادەرانی خۆی کردبوو و خەبەری هێرشەکەی وەرگرتبوو، بۆیە لە هاتنی بۆ سەلاحەدین پاشگەز بووەوە. (فرانسۆ هەریری: چما پەکەکە وادەکا؟، ٢٠٠٠)

جەمیل بایک لە سەر چۆنیەتی تێکشکانی پەکەکە لەوم شەڕەدا دەڵێ: «پارتی بە ژمارەیەکی زۆر دەستی بە ئۆپراسیۆن کرد، ئێمە لەگەڵێک شوێن ناچار پاشەکشەمان کرد و زەبریشمان لێکەوت و گەلێک ئەرزاقیشمان کەوتە دەستیان. زۆر نەمابوو بکەونە بڕیارگەی ناوەندی و ئەمەش لەبەربێ تەدبیری خۆمان بوو، ئەگینا هەرگیز نەیادەتوانی بگەنە ئەو ناوچەیە، ئیتر زۆر نیگەران بووم، هەڤاڵانیش دەیانگوت لە خۆڕا هێندە ناڕەحەتی، بەڵام من رەوشەکەم بە ڕوونی دەدیت کە بە زەرەری ئێمە دەچووە پێش. گەلێک شەهیدی کوڕ و کچمان دا و زۆربەی ناوچەکان شەڕیان نەکرد، بۆ نموونە خواکوڕک و حەفتانین و چیای سپی بێ شەڕ پاشەکشەیان کرد تەنیا بڕیارگە مابۆوە و دەیانهەویست ئەوێش بگرن کە نەگرتنی ئەوێ زۆر بە رێکەوت بوو، هەڤاڵان خەبەری ناڕاستیان بۆ ئێمە دەنارد و دەیانگوت فلانە رێگەمان گرتووە، کەچی هەر لەو رۆژەدا پەنجا ئۆتۆمبێلی پێدا دەرباز دەبوو، بەڵام سەرەڕای خەموو ئەوانە لە رۆژانی سەرەتایی شەڕدا زۆربەی شوێن و رێگە ستراتیجییەکان کەوتبوونە دەست ئێمە و ئەگەر دە رۆژیتر بەم جۆرە بەردەوام ببایە، پارتی لە زۆر شوێن دەردەکەوت، سەرۆکایەتیش بە گوێرەی ئەو زانیارییانە بڕیاری ئاگربەسی دا و پارتیش دەستبەجێ قەبووڵی کرد، چونکە پارتی لەڕەوشێکی زۆر نالەباردا بوو، کەچی هەڤاڵانی ئێمە بەوەیان نەزانیبوو ئەمەش دیاری دەکرد بنکە رێک نەخرابوو... ئێمە لە ساڵی ١٩٩٥دا ئەنجامێکی ئەوتۆمان وەرنەگرت و دەرەنجامەکانی کۆنگرەی پێنجەم نەهاتە واری کردارییەوە. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە تورکیا لە ساڵی ١٩٩٤دا پەیوەندی نێوان گەل و گەریلای پچڕاند بوو و رێگەی لوجستیک و ئازووقەی لە ئێمە بڕیبوو، ئەگەرچی ئەو مەسەلەیە لە ساڵی ١٩٩٤دا زۆر خوێ نەنواند، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٥ ئێمەی تووشی قەیران و تەنگانە کرد، کاتێ هەڤاڵ دەکەونە تەنگانە و برسییەتی، ئەوکات ئەوانەی لاوازن، دەکەون و پارتی بە مەسەلەی ناوخۆوە خەریک دەبێ و ناتوانێ بەپێی پیلانەکانی بجوڵێتەوە، بەوشێوەیە ساڵی ٩٥ زۆر بە گرانی دەرباز بوو، ئەگەر لەو ساڵەدا هەندێکیش دەستکەوتمان هەبوو بە

بۆنەی شەڕی باشوور بوو نەک باکوور» (جەمیل بایک:١٩٩٨، ٦٦٢ و ٦٦٩)

ئەگەر سەیری ئاخاوتنی ئۆجەلان لە سەر شەڕ لەگەڵ هێزەکانی باشوور و لە سەرووی هەموویانەوە پارتی دەکەین، بۆمان دەدەکەوێ کە کێشەی ئۆجەلان نە نیشتمانە و نە ئازادی، بەڵکوو ئیدئۆلۆژییەکە کە دەبێ جێگەی هەموو ئیدئۆلۆژی و بیر و باوەڕەکان بگرێتەوە، کە ئەمەش دژکردەوەی هێزی بەرانبەری لێدەکەوێتەوە، سروشتییە کاتێک کە هێزێک بە مەبەستی لێدانی هێزێکی دیکە شەڕی کرد، هێزەکەی دیکە دژکردەوەی دەبێت. ئەو دەڵێ لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی ئەم دواییانەدا لەگەڵ هێزەکانی باشووری کوردستان هێندێک شتم وتووە و نووسیوە. ڕەنگە ئەم جەنگە وەک جەنگی ناوخۆیی هێزەکانی کوردستان بێتە ئەژمار و ڕەنگە دواتر تێکهەڵچوونیش ببێت. ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە بۆ ئەم شەڕە بڕوانین، دەبینین ناتوانین ئەم جەنگە بە جنگی ناوخۆیی کوردان بزانین. بە ڕواڵەت جلی کوردییان بە بەر هێندێک لە کوردەکاندا کردووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە جەنگی ئێمە دژی ئەو کوردانە نیە، جەنگی ئێمە دژی پارتی PDK نیە، بەڵکوو دژی فاشیزمی تورک، ئیمپریالیزم و زایۆنیزمە کە وردەوردە لە مەیدانی جەنگەکەدا خۆی دەنوێنێ. ئێمە سیمای ڕاستەقینەی کەسانێک کە جلی کوردییان لە بەرە و بە پاڵپشتیی هێزە جیهانییەکان وەک ئیمپریالیزم و فاشیزمی تورک لەگەڵمان شەڕ دەکەن، خستە دەرەوە. لەم قۆناغەدا دەتوانین بە چاوەدێری و کۆنترۆڵی هێندیک لە هێزەکان پەردە لە سەر کورد نوێنەکان لا ببەین (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٨٧). واتە پارتی، چوونکە لەگەڵ بە وتەی ئەو تورکیە، ئەمریکا و ئیسرائیل پێوەندیی هەیە، کوردی ڕاستەقینە نین و تەنیا جلەکانیان کوردین، کەوابوو شەڕ لەگەڵ پارتی شەڕ دژی فاشیزمی تورک، ئیمپریالیزم و زایۆنیزمە، بۆیە تەنانەت شەڕەکەش نە براکوژییە و نە ناوخۆیی! بەڵکوو شەڕ لەگەڵ پارێزەرانی ئەو سێ لایەنەیە! کە لە فورمی PDK دا دەر کەوتوون.

لە سەر شەڕی پەکەکە دژی پارتی دێموکراتی کوردستان هەڤاڵ ئەبوبەکر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو شەڕە لەلایەن ئۆجەلانەوە تێئۆریزە کراوە و دەڵێ: «شەڕی کوردان بە هەموو شێوەیەک ناخۆشە، کەسێک لە قیادەی پەکەکە ئەو کاتە بیری لەوە نەدەکردەوە، کە شەڕ لەگەڵ پارتی بکرێت یان نەکرێت، تا ئەو کاتەی

تەعلیماتی ئۆجەلان هات و گوتی: ئێوە لە باشوور دەسەڵات بگرنە دەست، بۆیە ئەو شەڕە ئەو کات دروستبوو، کاتێکیش کە تەعلیماتی ئۆجەلان دەهات، قیادە بۆ ئەوە دادەنیشت کە چۆن ئەو تەعلیماتە جێبەجێ بکرێت، نە وەک مشتومڕ لە سەر ئەوە بکرێت کە ئەو تەعلیماتە قبوڵ بکرێت یان ڕەت بکرێتەوە، من لەگەڵ کاک فازڵ میرانی ئەوکات دانیشتم، گوتم کاک فازل ئێوە هەندێک تەنازول بکەن و ئێمەش هەندێک تەنازول دەکەین، بۆ ئەوەی دانوستاندن لە نێوانمان ئەنجام بدرێت و ڕێگای نێوانمان هەبێت، بۆیە پێویستە ئێوە نەرم بن، کاک فازڵ گوتی: کاک بەکر ئەگەر دز و ساحێب ماڵ یەک بن، گای لە کون ئاوا دەکەن، منیش گوتم ئەگەر ئێمە دز بین و ئێوەش خاوەن ماڵ، بەڵام با لە یەک نزیک بینەوە هەر دووکمان خاوەن ماڵین، بەڵام کاک فازل گوتی: ئێوە زۆر لە سەر ئێمەتان توند کردووە، ئێمەش دەمانەوێت کێشە لە نێوانمان چارەسەر ببێت، بەڵام ئاکامی نەبوو، فازڵ میرانی داوای دەکرد کە لە سنوورەکان نزیک نەکەوینەوە و لە گوندان نزیک نەکەوینەوە، بەڵام من قەناعەتم ئەوە بوو کە کوردستان هەر کوردستانە بۆ هەموومان (هەڤاڵ ئەبوبەکر، ٢٠١٢).

ئۆجەلان دوو ساڵ پێش ئەوەی کە شەڕ دژی تورکیە کە ماف و ئازادییەکانی کوردی پێشێلکردبوو ڕابگەیەنێت، دژی ئیسرائیل شەڕی کرد و شانبەشانی گرووپە تیرۆریستییەکانی لوبنان و فەلەستین لەگەڵ ئیسرائیل شەڕی کرد، شەڕێک کە بە قەد سەرە دەرزییەک پێوەندیی بە کوردستانەوە نیە و سەرتاپای زیان و زەربە لە پەیکەری بزووتنەوەی کوردە. بۆیە ڕقێکی تایبەتیی لە جوولەکە و ئیسرائیل هەیە. هەر لە بەر ئەمە بۆ ڕەواییدان بە شەڕەکەی دژی پارتی و حکوومەتی هەرێم، ناوی جوولەکە و ئیسرائیلی دووهەمیان لە سەر دادەنێت. ئەو لەمبارەیەوە دەڵێ: بۆ ئەوەیکە ئیسرائیل بمێنێتەوە و ئەمنیەتی ئیستراتیژیکی هەبێت، پێویستە ئیسرائیلی دووهەم پێکبێت. لە ڕابردوودا ئەم ئەرکەیان خستبووە ئەستۆی شای ئێران و دواتر دایان بە تورکیە، بەڵام لە هەر دووی ئەمانە ئیسرائیلی دووهەم چێ نەبوو. ئیسرائیل هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە کەوتە بیری ئەم بژاردەیە، بەستێنی بۆ ڕێبەریی بارزانی ئامادە کرد، بەهێزی کرد و پشتیوانیی سیاسی و ئابووریی لێکرد. لە کۆتاییشدا لەگەڵ هێزە گەورە ئەمریکاییەکان یەکپارچەیی عێراقی پێشێلکرد... بۆیە ڕۆڵێک کە تورکیە لە

دەیەی ١٩٥٠دا وەک پشتوێنی ئەمنییەتی دژی یەکیەتی سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتی ناڤین هەیبوو، ئەمڕۆ کەوتۆتە ئەستۆی کوردەکانەوە کە مەبەستی سەرەکی لەم کارە دروستکردنی ئیسرائیلی دووهەمە. ئەمریکا و ئیسرائیل قەد دەست لەم کارە هەڵناگرن، لە ئێستادا لەدەستدانی کوردەکان بۆ ئەمریکا وەک لەدەستدانی ئیسرائیل و ڕۆژهەڵاتی ناڤینە. تەنانەت وێدەچێ کە بۆ گوشار خستنە سەر ئێران و تورکیە لە کوردەکانی ئەو دوو وڵاتە وەک کارتی گوشار کەڵک وەرگرن. هەموو کوردەکان لەوانە باڵی نەتەوەخوازی دواکەوتوو ئامادەن هەموو شتی خۆیان فیدا بکەن (ئۆجەلان: ٢٠٠٣، ١٣٥و ١٣٦ و ١٣٧).

لە ساڵی ١٩٩٧دا شەڕ لە نێوان پارتی و یەکیەتیدا هەبوو کە دوو هێزی سەرەکیی کوردەکانی ئەو بەشەی کوردستانن. جیا لەمە، ڕێکخراوی تیرۆریستیی کوردەکانی تورکیە، پارتی کرێکارانی کوردستان پەلاماری خەڵکی سیڤیلیدا، لە ئاکامدا خەڵکێکی زۆر بە تایبەتی لە کەمایەتیی ئاشووری و ئەو خەڵکانەی کە لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، کوژران. (گلۆبال سێکیوریتی: ٢٠١٤) پێویست بە ئاماژەیە کە لەم ساڵانەدا هەر وەک گوترا، لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پەکەکەدا شەڕ هاتە ئاراوە. پەکەکە پارتی بە بێسەروشوێن کردنی ٨٠ گەریلا کە لە هەولێر بوونە تۆمەتبار دەکات. لە بەرانبەر ئەم تۆمەتەدا پارتی لە بەیاننامەیەکدا وێڕای ڕەتکردنەوە و بێ بنەما زانینی ئەم تۆمەتە، ئاماژە بە دوو تاوانی دیکەی پەکەکە دەکات! ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارێزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٨ی مای ٢٠١٥ لە بەیاننامەیەکدا، پەکەکە بە هاوکاریکردنی ڕێژیمی بەعسی عێراق تۆمەتبار دەکات و دەڵێ: «کەس لە بیری ناچێت کە لە دوای شالاوی ئەنفال لە دژی گەلی کورد لە باشوور لە بری ئەوەی بەرگری لە باشوور بکەن، کۆیلایەتیی ڕێژیمتان هەڵبژارد و بۆ سەلماندنی نۆکەریتان بۆ بەعس چەند پێشمەرگەی باشوورتان دایە دەست بەعسییەکان، وەک محەممەد حەمدی و ئیدریس (ئەحمەد کادیر) و نزار محەممەد خرابی و سەعدوڵڵا ئاڤدەل و خالید وەرملی و نەزمی وەرملی (ئەم کادیرانەی پارتی لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/١١/٣٠ لەلایەن پەکەکەوە ڕادەستی ڕێژیمی بەعس کرانەوە)... ژن و منداڵی گوندی دێزۆ چ گوناهێکیان کردبوو کە شەهیدتان کردن و دواتر لە نێو خانووەکانیاندا، سوتاندنتان؟ ئەی وەڵامی ئەو خەڵکە بێ گوناهە چۆن

دەدەنەوە کە بە هۆی مینەکانی ئێوەوە لەسەر ڕێگاکان شەهید و بریندار بوون؟ ئەی چۆن وەڵامی کادر و ئەندامەکانتان لە هەر چوار پارچە دەدەنەوە کە تەسفیە و تیرۆرتان کردوون؟» فرانسوا حەریری لەم بارەیەوە دەڵێ: «بەڵام دوای ئەوەی پەکەکە بە یارمەتیدانی لەلایەن پارتیمانەوە خۆی گرت، پەکەکە حەرامزادە دەرچوو. لە جیاتی چاکە و جوامێریی پارتی لەگەڵیدا، دەستیکرد بە تیرۆر کردن و کوشتن و تۆقاندنی ئەو کەسانەی لە تورکیا لە کۆنەوە بە دۆستی پارتی و بارزانی ناسرا بوون، ئەویش دوای ئەوەی لەلایەن پارتیمانەوە دەستنیشانکران بۆ پەکەکە و داوایان لێکرا کە هاوکاری و یارمەتی پەکەکە بدەن. بەمەیش پەکەکە نەوەستا بەڵکو لە ساڵی ١٩٨٨ کە پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران لە ناوچەی سەرتاسەری لقی یەکی پارتیمان دەستی پێ کرد، پەکەکە ئەم هەلەی قۆستەوە و، کە دیتی پارتی لەو ناوچەیە لاواز بووە، بە ئاشکرا دەستی کرد بە دوژمنایەتی کردنی پارتی و خەڵکی ئەو دەڤەرە، زۆرمان لەگەڵی هەوڵدا دەست لەو خراپەکاری و دوژمنایەتی کردنی پارتی و خەڵکەکە هەڵگرێ، بەڵام بێ سوود بوو، ئەو کاتە ناوچەکە لەلایەن پارتی چۆڵکرابوو ئەویش لە ئەکامی کیمیاباران کردن و ئەنفال بوو، ئا لەو کاتەدا سەرۆکایەتیی پارتی بڕیاری دا کە دەستەیەک لە کادیرە چاکەکانی خۆی بۆ ئەو ناوچەیە بنێرێت بۆ پەیوەندی کردن بە ڕێکخستنەکانی پارتی و جەماوەری ناو شارەکان و کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکان بۆ دڵنیاکردنیان لەوەی کە پارتی بەردەوام و سوورە لەسەر خەبات و شۆڕشی گوڵانیش هەر بەردەوامە، ئا لەم کاتە ناخۆش و ئاستەمەداو لە جیاتی ئەوەی هەستی نەتەوەیی پەکەکە بجوڵێتەوە و یارمەتی کادیرانی پارتی بدات، شەش کادیری چالاک و لێوەشاوە و دڵسۆزی پارتی کە بۆ مەبەستی سەرەوە ڕەوانەی دەڤەرەکە کرا بوون، قەرەمانان (محەمەد حەمدی، سەعدوڵڵا ئاڤدەل، ئیدریس جەرجیس ناسراو بە ئەحمەد کادر، نزار محەمەد سلێمان، خالید ئادەم، نەزمی ئەحمەد) پەکەکە گرتیانی و کردنی بە عەرەبوون و دیاری بۆ حکوومەتی عێراق و، بەمەیش نەوەستا بەڵکو بەڵێنیشی بە عێراق دا کە هەرگیز ڕێگا نادات جارێکی دیکە پارتی لەو دەڤەرە سەردەربێنێت و چالاکی دژی عێراق بکات»

(فرانسۆ هەریری: چما پەکەکە وادەکا؟، ٢٠٠٠)

پەکەکە پاش ئەوەی کە چەندین پڕۆژەی بە مەبەستی دەستگرتن بە سەر

باشووردا، تاقیکردەوە و هیچکامیان سەرنەکەوتن، دیسانەوە پەنای بۆ پرۆژە شکستخواردووەکان بردەوە و ئەمجار لە ساڵی ٢٠٠٢دا پارتی چارەسەری دێموکراتیکی کوردستان واتە PCDK ی بۆ باشوور دامەزراند. ئەم پارتەش هەر وەک پارتەکانی دیکە لە سەرەتاوە دیار بوو کە تووشی شکست دەبێ. ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیدئۆلۆژیی ئاپۆئیزم ناتوانێ بۆ باشوور چارەسەر بێ و جێگای خۆی ناکاتەوە، بۆیە دوای ١٣ ساڵ ئەو پارتە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لە باشووری کوردستاندا نەبووە. ئۆجەلان لە سەر ئەم پارتە دەڵێ: «هێزە چەکدارەکانی باشوور بۆ پارێزگاری لە گەلەکەمان لە باشوورن.PCDK دەبێ درێژە بە چالاکییە دێموکراتیکەکانی بدات. PCDK لەوێ خاوەنی هێزی چەکدارە. با ئەم هێزانەیان هەر هەبێ. تەسلیمی پارە و چەکی YNK و PDK نەبن. حیزبی فیدرالیزمی دێموکراتیک بۆ عێراق دابنێن. پرۆژەی کۆمەڵگەی دێموکراتیک کە من بنیاتی دەنێم، بۆ PCDK ش دەبێت (ئۆجەلان، اسناد کنگرە ١٠: ٢٠٠٩، ٤٣).

دوایین شەڕی پەکەکە دژی پارتەکانی باشوور، شەڕ دژی YNK لە ساڵی ٢٠٠٠دا بوو کە هەمیشە پشت و پەنای پەکەکە بووە و تەنانەت یەکەمین هەنگاو بە مەبەستی چوون بۆ سووریە و مانەوە لەوێ لە ڕێگەی مام جەلالەوە دەبێ (هەڤال ئەبووبەکر: ٢٠١٢). پێویست بە ئاماژەیە ئێستا پەکەکە و یەکیەتیی نیشتمانی پێوەندییەکی توندوتۆڵیان پێکەوە هەیە. کاتی خۆیشی ئۆجەلان دەڵێ تاڵەبانی وتوویە کە من بە سایەی ئاپۆوە دەچمە عێراق و تورکیا و سیاسەتی ئەم ساڵانەی دوایی سەرتاسەر لە سایەی پەکەکەوە بەڕێوەدەچێ. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ٢٤٩)

«هەرێمەکانی پاراستنی مێدیا» ئەو ناوچەیە کە ئێستا پەکەکەی لێ جێگیر بووە و بنکەی لێداناون، بە بڕیاری ئۆجەلان داگیر کراوە و بڕیار وا بووە کە هەموو ناوچەی برادۆست لە باشوور بگرێتەوە کە ناوچەیەکی بەربڵاوە. ئۆجەلان لە ڕێگەی پارێزەرەکانییەوە پەیام دەنێری بۆ ڕێبەرایەتیی پەکەکە و دەڵێ: «ئەو ناوچانە کە پێشتر دیاریم کردبوون بیانگرن و وەک ناوچەی بەرگریی ڕەوا ڕایبگەیەنن. دەتوانن ناوی «بەڕێوەبەریی دێموکراتیکی برادۆست» یان «ناوچەی خودموختاری میدیا»ی لە سەر دابنێن. ئەگەر سنوورەکانی ئەم ناوچە

خودموختاره بزانن ئیدی سەربازی بۆ نانێرن و هێرشی ناکەنە سەر. ئەم بابەتەم نەک هەر بۆ پێشگرتن بە کوژرانی گەریلا، بەڵکوو بۆ سەربازەکانیش (ئەرتەشی تورکیە) گوتووە. وای بۆ دەچم دوای ڕاگەیاندنی ئەم ناوچە خودموختارە، ئەرتەش ئیدی هێرشی ناکاتە سەر... ناوچەی خودموختاری دێموکراتیک گرینگیی ئیستراتژیکی هەیە، ڕۆژهەڵاتی ناڤین ناچار بە دێموکراتیزە بوون دەکات... عەشیرەی برادۆست، عەشیرەیەکی گەورە و بەهێزە. عەشیرەکانی دیکە ئەوەندە هێزیان نیە. تاڵەبانی و بارزانی کاریگەریی ئەوتۆیان لە باری عەشیرەییەوە نیە، کاتێک کە لە سووریە بووم، عەشیرەکانی ئەوێ پێوەندییان لەگەڵ ئێمە هەبوو. لەگەڵیان چاوپێکەوتنم هەبوو. لە عەشیرەی برادۆست و سوورچی بوون. هەڤاڵانمان دەتوانن لەوێ «حکوومەتی سەربەخۆ و دێموکراتیکی برادۆست دابمەزرێنن. ئەم بابەتە دەتوانن لە ناو ڕای گشتیدا بڵاو بکەنەوە (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ئا، ٨ و ٩ و ١٢٩) لێرەدا ئۆجەلان دانیبەوەدا ناوە کە هەرێمەکانی میدیا کە شوێنی بنکەکانی پەکەکەیە، بە ڕەزامەندیی ئەرتەشی تورکیە داگیر کراوە. دیارە دەوڵەتی تورکیەش بەرژەوەندیی لە هەبوونی ناوچەیەکی وەهادا هەیە، بۆیە ئۆجەلان سەرەتا بە دەوڵەتی وتووە، دواتر بە ڕێبەرانی پەکەکەی ڕاگەیاندووە.

لەوە بەدوا پەکەکە بوو بە دراوسێیەک کە بە تەواوی دژی بەرژەوەندییەکانی کوردستانی باشوورە. یارمەتیی دەوڵەتەکانی وەک ئێران کە هەموو کات لە بیری لاوازکردنی حکوومەتی هەرێمدان، پەکەکەی بەهێزتر کرد.

ئۆجەلان تا ئەو جیگایە ڕۆیشتە پێش کە گوتی: «باشووری کوردستان بە ناچار دەبێ هیی ئێمە بێت. ئەگەر لەوێدا سیستمێکی کوردی بنیاتبنرێ، هیی پەکەکەیە. پەکەکە دەبێ لەوێ بوونی هەبێت (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ئا، ٥١) ئۆجەلان تێگەیشتووە کە لە کاتی ئاسایی و ئارامیدا ناتوانێ ببێتە خاوەنی باشوور، بۆیە تێدەکۆشێ بە هەر شێوەیەک تورکیە بخاتە دۆخێکەوە کە یان گۆشار بخاتە سەر حکوومەتی هەرێم یان هێرشی بکاتە سەر، بۆیە دەڵێ: «حکوومەتی هەرێم وەک بۆمبێکی بەهێزی چێندراو لە لاوازترین خاڵی تورکیەدایە. ئەم بۆمبە هەر وەکو سەرکێشییەکەی شێخ سەعیدی پیران دژی ئاتاتورکە کە هەشتا ساڵی دیکە تورکیە تووشی زیان دەکات (ئۆجەلان: ٢٠٠٣، ٧٨)، هەر بۆیە دەڵێ پێکهاتن لەگەڵ

بارزانی و تاڵەبانی خەیانەت بە مستەفا کەمال ئاتاتورکە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ئا، ٥٢ و ٥٣).

ناکۆکییەکانی نێوان پەکەکە و هێزەکانی باشوور لە دوای شەڕی پەکەکە لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانی تا هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەشێوەی میدیایی بوو، بەڵام دوای ئەوەی کە داعش شەنگالی داگیر کرد، میدیاکانی پەکەکە بە پاڵپشتیی یەکیەتیی نیشتمانی هێرشێکی بێ وێنەیان دژی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستپێکرد. ئەو ناکۆکییانە گەیشتنە جێگایەک کە پەکەکە دەستیکرد بە دامەزراندنی کانتۆن بۆ شەنگال و پەروەردەی هێزی چەکداری تایبەت بە شەنگال. ئەمە بوو بە هۆی ناکۆکی و ئاڵۆزییەکی زۆر لە نێوان پەکەکە و پارتی دیموکراتی کوردستاندا. فراکسیونی پارتی لە پارلەمان بە توندی دژی ئەم هەڵوێستە ڕاوەستایەوە و بەیاننامەیەکی دەر کرد کە ئەم دەقەکەیە:

**خەڵکی ئازیزی کوردستان!**

لە کاتێکدا کە وڵات لە شەڕی داسەپاوی گرووپی تیرۆریستیی جیهانیی داعشدایە و جگە لە قارەمانیەتیی پێشمەرگە و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان، ئەوا پاڵپشتیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و یەکڕیزی و تەبایی نێوان هێز و لایەنەکانی گشت بەشەکانی کوردستان بۆتە هۆکارێکی گرینگی سەرکەوتن بەسەر ئەو پیلانەی کە دوژمنانی مرۆڤایەتی و ئازادی بۆ خەڵک و خاک و ئەزموونی کوردستانیان داناوە.

بەڵام بە داخەوە لەو کاتەدا بەبێ حیسابکردن بۆ دامەزراوە یاساییەکانی باشووری کوردستان و ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵکی زامدار و زوڵملێکراوی شنگال، پارتی کرێکارانی کوردستان ڕێگە بە خۆی دەدا باس و خواستێکی ناڕەوا بخاتە ڕۆژەڤەوە. ئەو کارە جگە لەوەی بێڕێزی بەرامبەر بە دامەزراوە یاساییەکانی کوردستانە، دەستوەردانیشە لە سەروەریی باشووری کوردستان و سیاسەتی خۆ فەرزکردنە بەسەر ئیرادەی خەڵکی شنگالدا و هەوڵێکیشە بە ئاراستەی پارچەپارچەکردنی

خاکی وڵات.

بۆیە ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دێموکراتی کوردستاندا وێڕای وەستانەوە بەرامبەر بەو کارە، داوا لە پەرلەمان و حکوومەت و تەواوی لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕای گشتی دەکەین کە بەرامبەر بەو کارە هەڵوێست دەربڕن و دژی بوەستنەوە و سنوورێک بۆ ئەو سیاسەتە چەوتە دابنێن کە جگە لە نایاسایی بوونی و دەستوەردان لە سەروەریی باشووری کوردستان، هەر هێزێک ئەو کارە بکات و هەر هێزێکیش پاڵپشتی بێ و لێی بێدەنگ بێت، کارێکی چەوت و هەوڵێکی نەزۆک بۆ بەشبەشکردنی خاکە.

بژی ئیرادەی گەلی ئازادیخواز

پتەوتر بێت یەکێتیی ڕیزەکانی گەل

**فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**لە پەرلەمانی کوردستان**
**٢٠١٥/١٠/١٧**

لە ڕێکەوتی ١٥ی ئاپریلی ٢٠١٥دا دۆران کالکان، ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆما جڤاکێن کوردستانێ KCK ڕەخنەی لە سیستەمی مەرکەزیی باشووری کوردستان بە گشتی و پارتی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی گرت و ڕایگەیاند، نابێ هەولێر حوکمی کوردستان بکات «سیستەمی مەرکەزی لە کوردستان نابێت. ئەو سیستەمە لە باشووری کوردستاندا هەر نابێت. پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کاتی خۆی ڕێککەوتن و ئەو سیستەمەیان بۆ خۆیان دروستکرد، تا ئێستاش پێداگریی لەسەر دەکەن، بە تایبەتی پارتی دێموکراتی کوردستان زۆر پێداگریی لە سەر دەکات. پارتی چاو لە پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا AKP دەکات و دەیەوێ کوردستان وەک تورکیا مەرکەزی بێت، ئەوەش مومکین نیە. باشووری کوردستان ناتوانێت لە نێو بەڕێوەبەرایەتییەکی مەرکەزیدا بژیت، ناشبێت. لە بەرئەوەی زۆر شێوەزار لە باشووری کوردستان هەن، میللەتی جیاواز هەن، ئایینزای جیاواز هەن. کورد

هەموویان یەک نین، سۆرانی هەن، بادینی هەن. سۆرانی کوردییە، بادینیش کوردییە، ئێوە چۆن ئەوانە لە نێو یەک زمانی نەتەوەییدا دەکەنە یەک؟» ئەم لێدوانەی کاڵکان کاردانەوەی توندی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێکەوتەوە و لە ڕاگەیەندراوێکدا بە توندی وەڵامی دۆران کاڵکان و پەکەکەی دایەوە. ئەمە دەقی ڕاگەیەندراوەکەی پارتییە:

**جەماوەری سەربەرزی کوردستان**

**حزب و لایەنە سیاسییەکان و ناوەندە رۆشنبیری و ئەکادیمییەکانی کوردستان**

**خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان**

لە کاتێکدا کە گەلی کوردستان لە باشوور ڕووبەڕووی دڕەندەترین بوونەوەری مێژوو هاتەوە و تیرۆریستانی شکست دا، لەو کاتەی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە باشوور هەنگاوی زۆر پڕ بایەخی بە ئاراستەی بووژانەوە و پێشکەوتن و پتەوتربوونی دیموکراسیدا ناوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێگەی جیهانی و ناوچەیی هەرێمی کوردستان لە هەڵکشاندایە، لە کاتێکدا کە زیاتر لە هەر ساتەوەختێک گەلەکەمان پێویستی بە یەکڕیزی هەیە، بۆ ئەوەی ئەم قۆناغە پڕ لە هەڕەشە و تەحەدیاتەی کە لە بەردەمماندایە بە سەرکەوتوویی تێیپەڕێنین، بەداخەوە دۆران کالکان ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆما جڤاکێن کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی (مەد نوچە) لە ڕوانگەیەکی دوژمنکارانەوە چەندین قسەی نابەجێی لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە کردووە و زێدەڕۆیی کردۆتە سەر خەڵکی کوردستان. قسەکانی ئەم پیاوە ئەوەندە دوورن لە گیانی نیشتمانپەروەری و بەرژەوەندیی نەتەوەیی، تەنیا دەکرێت لە دەمی دوژمن و داگیرکار بێتە دەر، نەک سەرکردەی حزبێکی کوردستانی. بۆچونی لەم جۆرە لەبارەی کورد و کوردستانەوە زۆر مەترسیدارن و پێویستە هەموو لایەکی لێ بێتە دەنگ و ڕێگا لە زێدەڕۆیی لەم چەشنە بگیرێت.

**یەکەم:** کەسێک کە یەک وشەی کوردی نەزانێ و دیاریش نەبێت سەر بە چ نەتەوەیەکە و بڕوایشی بە مافەکانی گەلی کوردستان نەبێ، بە هیچ شێوەیەک بۆی نییە باسی مافەکانی گەلی کوردستان بکات، یان ڕێگا بەخۆی بدات دواڕۆژ و شێوازی بەڕێوەبردن بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنێت و لەو بارەیەوە بدوێت. کالکان کێیە و بۆ دەبێ لەبارەی چارەنووسی گەلی کوردی باشوورەوە قسە بکات؟

**دووەم:** لەکاتێکدا کە دوژمنان و داگیرکاران، کوردستانیان بەسەر چوار پارچەدا دابەش کردووە و گەلی ستەمدیدەی کوردستان بووەتە قوربانیی دەیان پیلانی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، بۆ بەرگریکردن لە ناسنامەی خۆی سەدان هەزار شەهیدی داوە و جینۆساید و ئەنفال و کیمیاباران کراوە، کەچی هێشتا دۆران کالکان ئاسودە نییە و حەز بە دابەشبوونی زیاتری کوردستان دەکات و چاوی لە پارچەپارچەبوونی زیاتری گەلی کوردستانە. کالکان چۆن ڕێگا بە خۆی دەدات وەها بێباکانە تەپڵی دووبەرەکی لێ بدا و باسی سۆرانی و بادینی و ئێزیدی بکا؟ ئایا هیچ دوژمن و داگیرکارێک تا ئێستا ڕێگای بە خۆی داوە وەها ئاشکرا و بێ شەرمانە باسی لەتلەتکردنی گەلی کورد بکات؟

**سێیەم:** کالکان باسی دیکتاتۆریەت دەکات و تۆمەتی دیکتاتۆربوون بۆ باشوور و هەولێر و پارتی هەڵدەبەستێ. پرسیاریان لێ دەکەین لە کوردستاندا کێ بە قەدەر حزبەکەی پەکەکە لە هزر و کرداردا شموولی و خۆسەپێنە؟ لەو شوێنەی پەکەکە باڵادەستە کوا ئازادی؟ کوا چالاکیی حزبەکان؟ کوا ئازادیی ڕادەربڕین و بوونی بەرامبەر؟ لەو شوێنانەی دەستیان بە سەردا گرتووە کەی بواری ئەوەیان بە خەڵک و ڕای بەرامبەر داوە بوونیان هەبێت؟ کوا لەژێر دەسەڵاتی پەکەکەدا ڕەنگ و دەنگی جیاواز بواری ژیانی هەیە؟ کەسێک لێوانلێو بێت لە هزری توندڕۆیی و دیکتاتۆری و خۆسەپاندن و تۆقاندن، چۆنچۆنی باسی ئازادی دەکات؟

چوارەم: بوونی کەسێکی وەک ئەو، کێشە بووە بۆ خودی پەکەکەش.

ئەو لە وڵاتی ئەڵمانیا بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیر و زیندانی کرا و دواتریش هات لە سووریا گیرسایەوە. هەر ئەو و هاوشێوەکانی ئەون وایان کردووە پەکەکە هەردەم تۆمەتی تیرۆریستبوونی بخرێتە پاڵ. ئەم تەرزە کەسانە بۆ خودی پەکەکەش مایەی سەرئێشە و کێشە بوونە.

**پێنجەم:** ڕشتنی فرمێسکی تیمساحانە بۆ خوشک و برایانی ئێزیدی و خەڵکی شنگال هیچ چارەسەرێکی بۆ خەڵکی مەزڵوومی ئەو دەڤەرە پێ نابێت. تیرۆریستان شنگالیان جینۆساید کرد، بەڵام ئەوانە دەیانەوێ یاری بە برینی کوردانی ئێزیدی بکەن. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە گیانفیدایی و خوێنی خۆی بست بە بستی دەڤەری شنگالی ڕزگار کرد و کەسیش بە قەدەر پارتی بۆ ئەم دەڤەرە خوێنی نەبەخشی و ئەوەش بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت. بۆ دوارۆژی دەڤەری شنگالیش پارتی دێموکراتی کوردستان ڕای خۆی ناسەپێنێت، بەڵکوو بڕوای بە دەنگ و هەڵبژاردەی خەڵکی ئەم دەڤەرە هەیە. پارتی بە ترس و تۆقاندن و چەواشەکاری خۆی ناسەپێنێت و پێی وایە دەبێ خەڵک ئازاد بن و چارەنووسیان لە دەستی خۆیاندا بێت، نەک ئەوەی خەڵکێک بێن و بە زۆر هزر و سەلیقە و ئیدارەی نامۆ بە سەر خەڵکی برینداری شنگالدا بسەپێنن. خەڵکی شنگال ئازادیخوازە و ڕێگا نادەن چوارچێوە و زیندانێکیان بە سەردا بسەپێنرێت.

لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێین کە بۆچوون و قسەکانی دۆران کالکان پتر لە ئێرەیی و نەزانی و ڕقیەتی و چاوی بە دێموکراسی و ئازادی و فرەلایەنی و پێکەوەژیان و پێشکەوتن و دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان هەڵنایەت. ئەو و هاوبیر و هاوشێوەکانی تەنانەت یەک دەستکەوتیشیان بۆ باکوور بەدەست نەهێناوە و تەنیا کاریان تێکدانی یەکریزی و شێواندن بووە. با کاڵکان باش بزانێ باشووری کوردستان پارووی ئەو و هاوشێوەکانی نییە و باشوور زۆر لەوە مەزنترە کە بیریشی لێ بکەنەوە. باشتریشە ئەو سنووری خۆی بزانێت و چیتر زێدەڕۆیی نەکات و هیواداریشین کە ئەو بۆچوونە بیروڕای شەخسیی خۆی بێت

و ئێمەیش لەو بڕوایەدا نین لە ناو پەکەکەدا خەڵکی دیکەی وەک ئەو هەبێت کە وەها لە بارەی چارەنووسی گەلی کوردستانەوە تاریک و ڕقاوی بیر بکاتەوە.

کوردستانی باشوور حزب و لایەنی سیاسی و دامودەزگای شەرعی و هەڵبژێردراوی خۆی هەیە، پەکەکە چۆن ڕازی نییە نەک لایەنێکی هەرێمی کوردستان، بەڵکوو خەڵکیتریش لە کوردستانی باکوور ڕۆڵی هەبێت، نابێ ڕێگا بە خۆی بدات بە وتە و کردەوە کێشە بۆ جەماوەری کوردستانی باشوور دروست بکات.

**گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠١٥/٤/١٤**

پێویست بە ئاماژەیە کە یەکیەتیی نیشتمانی لەگەڵ پەکەکە ئەوەندە پێکەوە نزیکبوونەتەوە کە هەڵوێستێکی ئەوتۆی لە بەرانبەر ئەم کردەوانەی پەکەکەدا نیە و تەنانەت وەفدی دەفتەری سیاسیی خۆی بۆ پڕۆپاگاندای هەڵبژاردنی پارلەمانی تورکیا بە مەبەستی پشتیوانیی HDP ناردە باکوور.

پارتی کرێکارانی کوردستان لە درێژەی دەستێوەردانیان لە باشووردا لە دەڤەری سندییان لە زاخۆ هەرێمی حەفتەنینی ڕاگەیاند. ٦٠ گوندی ناوچەکەی خستە ژێر دەسەڵاتی هەرێمەکەوە کە ڕووبەرەکەی دەکاتە ٤٥ لەسەدی ڕووبەری قەزای زاخۆ. بەپێی بەدواداچوونەکان داهاتی هەر ڕۆژێکی گومرکی پەکەکە لەو ناوچەیە سەد هەزار دۆلارە، کە لە مانگێکدا دەکاتە سێ میلیۆن دۆلار. (ڕووداو: ٢٠١٥) ئەمە لە کاتێکدایە کە حکوومەتی هەرێم لەگەڵ داعش لە شەڕێکی دژواردایە. ئاژاوەنانەوە لە هەستیارترین برگەی مێژووی حکوومەتی هەرێمدا، نیشانەی دژایەتیی قووڵی پەکەکە لەگەڵ ئەم حکوومەتەیە و بە هەر نرخێک دەیەوێ لاوازی بکات.

دوای ئازادیی شەنگال، پەکەکە سیاسەتی سەردەمی شەڕی ناوخۆی گرتۆتەوە بەر و بە هاوپشتیی یەکیەتیی نیشتمانی بە توندی دژی پارتی وەستاوەتەوە کە ئەمە دەستێوەردانی ئاشکرای پەکەکە لە هەرێمی کوردستاندایە. دوای ئەوەی کە ڕاگەیەندرا دەستەیەک لە ئەرتەشی تورک هاتوونەتە هەرێمی کوردستانی باشوور بۆ مەشق پێکردنی میلیشیاکانی عەرەبی سوننە دژی داعش، پەکەکە هێرشەکانی بۆ سەر پارتی چڕتر کردۆتەوە و کەجەکە لە ڕاگەیەندراوێکدا لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٢/١ دا، ڕایگەیاند کە «هاتنی سوپای تورکیا بۆ عێراق بە ئامانجی مەشق و ڕاهێنان نیە، بەڵکوو بەم بیانوانە دەیانەوێت ڕاستییەکان بشارنەوە، پارتی دێموکراتی کوردستانیش بە هەڵوێست و لێدوانەکانیان یارمەتیی شاردنەوەی ئامانجی چەپەڵی سەرەکیی دەوڵەتی تورک دەدەن. تورکیا دەیەوێت بە ناردنی هێزی سەربازی بۆ باشووری کوردستان پارتی بخاتە نێو کێشەی شیعە و سوننە، بیانکاتە پارچەیەک لە سیاسەتی خۆی، لەگەڵ پەکەکە بە شەڕی بدات و پاشانیش ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ئەنجامبدەن، لێدوان و سیاسەتەکانی پارتی لەو بارەیەوە داخوازی و بوێریی زیاتر دەداتە دەوڵەتی تورکیا». لە بەرانبەردا پارتی دێموکراتی کوردستان ٢٠١٥/١٢/١٥دا وەڵامی دایەوە و ڕایگەیاند:

«وەک بڵێی هیچ ئەرک و کارێکیان نەبێ جگە لە دژایەتیی پارتی و بڵاوکردنەوەی لێکدانەوەی بێ بنەما و تەنیا خۆیان بۆ دروستکردنی کێشە تەرخان کردووە. کە تورک هاتووەتە سنووری هەرێم و شوێنەکانیتر لە بەر ئێوە و سیاسەتە هەڵەکانی ئێوە بووە. پارتی بۆ باجی سیاسەتی هەڵەی ئێوە بدات، پارتی چیترتان بۆ بکات؟ لە بەر زۆر بابەت پارتی دێموکراتی کوردستان تەنانەت ئەو زوڵم و ستەمەی ئێوەیشی لەبەر چاوی گەل شاردووەتەوە کە دەرهەق بە گەلی کوردستان و خاکی کوردستان ئەنجامتان داوە. بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بزانێ چیتان بە سەر هەرێمی کوردستان هێناوە و ئاگاداری بەشێکی بچووکی زوڵم و ستەمتان بن، ناوی زیاتر لە ٥٠٠ لەو گوند و ناوچانە بڵاو دەکەینەوە کە بوونەتە هۆی ئەوەی وێران ببن و ژیانی تێدا نەمێنێ و خەڵک چۆڵی بکات و ئاوەدان نەکرێنەوە و ڕێگەیشیان نەداوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاری بگەیەنێتە ئەو گوندانە. تێکدانی ژیانی کوردان بووەتە پیشەتان. ئەوەتا ئێستاش بەهۆی ئێوە ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی باکووریش خەریکە ژیانیان تێدا نامێنێ

و بەهۆی سیاسەتە نادروستەکانتان خەڵکی ئەم دەڤەرە ژیان و ئارامییان تێک چووە و ئاوارە دەبن. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە خەڵکی کوردستان لە ئێوە و ماهیەت و کردەوەکانتان تێبگات. با بێن بەراورد بکەن کە ئێوە ژیانی خەڵکی کوردستانتان تێک داوە یان پارتی دێموکراتی کوردستان.»

پەکەکە کە ماوەی چەند ساڵ بوو لە شەنگال دژی پارتی دیمۆکراتی کوردستان راوەستابووە و بە نیاز بوو کانتۆنێک بۆ شەنگال دابمەزرێنێ و هێزێکی گەریلای سەر بە پەکەکەی لە ناو ئیزئیدییەکان پێکهێنابوو، لە شەنگال وەک بنکەیەک دژ بە پارتی کەڵکی وەردەگرت، دوای سەرکەوتنی رێفراندۆمی باشوور و خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و گرتنەوەی ناوچە کێشە لە سەرەکانی باشوور لەلایەن حکومەتی بەغداوە، پەکەکە لە رۆژی ٢٣ی مارسی ٢٠١٨ رایگەیاند کە لە شەنگال کارێکی بۆ جێبەجێ کردن نەماوە و بۆیە دەیداتەوە بە بەغدا! کەجەکە لە لێدوانەکەیدا وتی: «دوای ئەوەی گەریلاکان ئێزدییەکانیان لە قڕکردن ڕزگار کرد، شەنگال وەرچەرخا بۆ کێشەیەکی هەموو مرۆڤایەتی. نەک تەنها بزووتنەوەی ئازادیمان، مرۆڤایەتی بە هەستیاری مامەڵەیان لەگەڵ ئێزدییەکان کرد کە باوەڕییەکی هەرەدێرینی مێژووە.

ئێزدییەکان پەندیان لە مێژووی خۆیان و فەرمانی ٧٤ی ٣ی ئابی ٢٠١٤ وەرگرت و بۆ ئەوەی جارێکی دیکە قڕنەکرێن، خۆیان کردە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیی ڕێکخراو. ئەو ٤ ساڵەی دوایی، ئێزدییەکان سەرلەنوێ خۆیان لەنێو ئەو هەلومەرجە ئازادەدا ئافراند. دوای ئەوەی داعش لە دەوروبەری شەنگال بەتەواوی دەرخرا، لەگەڵ حکوومەتی عێراق پەیوەندییان دروستکرد و هەوڵیاندا کێشەکانی خۆیان لە ڕێی دیدار چارەسەر بکەن. حکوومەتی عێراقیش بە پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ ئێزدییەکان لە شەنگال، بۆ ئەوەی وەڵامی داواکارییەکانی ئێزدییەکان بداتەوە، دەستی بە هەوڵەکانی کرد. ئێزدییەکان دەستنیشانیان کرد کە لە دیدارەکانیان لەگەڵ عێراق، هەلومەرج و دەرفەت بۆ چارەسەری داواکارییەکانیان ڕەخساوە. دوای ئەوەی داعش لە هەرێمەکە لەنێوبرا، مەترسی لەسەر ئێزدییەکانیش نەما. مامەڵەی دەوڵەتی عێراق و بارودۆخی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کورد گومانەکانی لەسەر ئارامی و ئاسایش نەهێشتووە. لەبەرئەوە، هەلومەرجی کاتی دەستێوەردانی

گەریلا لە شەنگال، لە ئارادا نەماوە، هەروەها دەوڵەتی تورک و چەند هێزی دیکە هەوڵدەدەن کوردان و عێراق بەگژ یەکدا بکەن. هەڵوێستی دەوڵەتی عێراق کە گوێ بە سیاسەتگەلێکی وەهای دەوڵەتی تورک نادات و بە هەستیاری مامەڵە لەگەڵ خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵگەی ئێمەی ئێزدی دەکات، وەهای کرد کە ئێمە هەبوونی هێزەکانی گەریلا لە شەنگال سەرلەنوێ هەڵسەنگێنینەوە. لەبەرئەوەی ئێزدی وەرچەرخاون بۆ کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو، لەبەرئەوەی گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە بتوانن لە شەنگال خۆیان بەڕێوەبەرن، لەبەرئەوەی عێراق بە وریایی مامەڵە لەگەڵ داواکارییە دیموکراتییەکانی ئێزدییەکان دەکات و لە بابەتی ئاسایش و ئارامی ئێزدییەکان بە ئەرێنی هەڵسوکەوت دەکات، بڕیارمان دا کە هێزەکانی گەریلا لە شەنگال بکشێنینەوە. گەریلا، بۆ ئەوەی ئێزدییەکان لە قڕکردن ڕزگار بکات دەستێوەردانی لە شەنگال کرد. گەریلا بە دڵێکی خۆش و ئارام کە ئەم ئامانجەی خۆی سەرخستووە، لە شەنگال دەکشێتەوە.» (ANFNEWS: ٢٠١٨)

## پەکەکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

ئۆجەلان دەڵێ من بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەگەڵ ئێران پێوەندیم هەبووە و ئێران باش دەناسم (ئۆجەلان،اسناد کنگره ١٠: ٢٠٠٩-ئا، ٢٩). ئەو دەڵێ: (ڕێبەرانی تورکیە) روویان کردە ئێران و سووریە تا پەکەکە سوودیان لێ وەرنەگرێ و هەموو قورسایی و هێزی خۆیانیان خستە سەر ئەم دوو دەوڵەتە. بەهاری ساڵی ١٩٩٢ سەریان لە سوریە دا و پاشان بۆ ئێران چوون و هەوڵیاندا رێی بەکارهێنانی ئەو دوو گۆڕەپانەمان لێ بگرن. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ٣٨) ئۆجەلان هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئێرانە هەوڵیدا کە لەگەڵ رژیمی ئێراندا پێوەندیی بگرێ. برابچووکی ئۆجەلان، بە نێوی عوسمان، ئەوەی کە ئەندامانی دیکەی پەکەکە دەیانگوت، ئەو پوڵ و یارمەتی لە نێو کرێکارانی کورد لە لیبیا کۆ دەکردەوە و دەیناردەوە بۆ ئێران تا پەکەکە پێوەندی لەوێندەر بونیاد بنێت.

لە ساڵی ١٩٨٧دا پەکەکە رێگەی پێدرابوو کە قەڵەمڕەوی ئێران بۆ راپەڕاندنی کارەکانی بەکار بهێنێت، هەروەها ماڵگەلێکیان لە ماکۆ و ئۆرمیە بۆ رێکخرابوو، هاوکات چەند جێگایەکیان لە خۆرئاوای ئێران بنە کردبوو کە زۆر دوور نەبوون لە سنووری تورکیاوە. ئەم رێکخستنە نوێیە لە ئێراندا زۆر بەسوود بوو بۆ پەکەکە، پەکەکە بەمجۆرە توانی رێگە دوورەکان نزیک بکاتەوە و بە ئاسانی بنکەی راهێنان و چارەسەری بریندارەکان لەوێندەر بکات.

ئیدی دەیتوانی بە رێگەی ئێرانەوە ئاسانتر بگاتە با باکووری عێراق و رێگە سەختەکانی پێشووی لە بەردەمدا نەمان. ئەوان لە رێگەی بەرپرسانی ئاسایشی ئێرانەوە کانالێکیان چێ کردبوو و کارت و پێناسی تایبەتیان بۆ کرابوو تا بتوانن بە ئاسانی هاموشۆی ئەو کیشوەرە بکەن. هاوکات توانییان سەرکردایەتی خۆیان لەوێندەر بسەلمێنن و بە سانایی لە ئێرانەوە بچنە نێو خاکی تورکیا. هەروەها

زۆرجار هێزە ئاسایشییەکانی ئێران لە ڕێگەی ماشینی جیب و کامیونەکانیانەوە ئەندامانی پەکەکەیان دەگوازتەوە بۆ شوێن و بارەگاکانیان. (ئەلیزا مارکوس: ٢٢٤ و ٢٢٥) شایانی باسە کە پێشتر لە دەیەی ١٩٨٠دا دوکتور قاسملوو لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەی لیبراسیۆن لە سەر ئەوە کە کێ یارمەتیی پەکەکە دەدا دەڵێ: «لە پلەی یەکەمدا ڕێژیمی خومەینی، دوای ئەو بەپێی هێندێک زانیاری دەبێ پەکەکە لە دیمەشقیش کە هێندێک لە ڕێبەرە ئەسڵییەکانی لەوێن یارمەتێیەک وەرگرێ (د. قاسملو، تاقگەی حەقیقەت، ١٧). واتە پەکەکە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران پێوەندی هەبووە.

شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨٢دا و دژایەتیی ئیمپێریالیزم و زایۆنیزم پەکەکەی بە شێوەیەکی ئۆتوماتیک خستۆتە ناو بەرەی ئێرانەوە، چوونکە لە باری ئارمان و ئیدئۆلۆژییەوە خاڵی هاوبەشی بنەڕەتییان پێکەوە هەیە. کەوابوو دوژمنی هاوبەشیشیان هەیە. هەر ئەم خاڵە هاوبەشانە بوونەتە هۆی ئەوە کە پەکەکە بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و تەنیا بۆ سەلماندنی دۆستایەتیی خۆیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر وەک هێزە سەرکوتکەرەکانی ئێران بەگژ حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بچنەوە.

بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە بە توندترین شێوە هەم لە میدیا و هەم بە بەکارهێنانی چەک هێرش دەکاتە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات. ڕۆژی یەکی ژووئەنی ١٩٩٨ گەریلاکانی پەکەکە هەڵیان کوتایە سەر پێشمەرگەکانی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە ئێستا گۆڕدراوە بە پارتی ئازادی کوردستان و بەبێ هۆ و بەبێ بوونی گرژی و ئاڵۆزیی پێشتر، ٩ کەس لە پێشمەرگەکانیان شەهید کرد و پاش شەڕەکە تەرمەکانیان بردەوە شاری پیرانشار و دایانیانەوە بە سپای پاسدارانی ئێران (یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان: ١٩٩٨)، ناوی شەهیدەکان بریتییە لە:

١- محەممەد نادری، ئەندامی کومیتەی ناوەندی

٢- ئەیوب ئەسڵانی، خەڵکی سنە

٣- عیزەت شوکرۆڵاهی، خەڵکی سنە

٤- ئەسعەد کەریمی، خەڵکی شنۆ

٥- لوقمان ڕەسووڵی، خەڵکی مەهاباد

٦- بایزید ئێراندووست، خەڵکی نەغەدە

٧- ئەحمەد بیژەن نیا، خەڵکی بوکان

٨- ئەحمەد سەعیدی، خەڵکی بوکان

٩- ئیسماعیل ئەمینی، خەڵکی کامیاران

دووهەمین هەڵوێستی دژ بە ڕۆژهەڵات لەلایەن پەکەکەوە لە کاتی ڕفاندنی ئۆجەلاندا بوو کە لە ٢٢ی فێبریواری ١٩٩٩دا خەڵکی سنە بە مەبەستی مەحکوومکردنی ئەو کارە ڕژانە سەر شەقام. پاش وتنەوەی دروشمی دژی ڕێژیمی ئێران ئەو خۆپیشاندانە بە توندی سەرکوت کرا، بەڵام کۆنسەی سەرۆکایەتیی پەکەکە لە ڕۆژی ٢٥ی فێبریواری ١٩٩٩دا بەیاننامەیەکی دژی خەڵکی سنە دایە دەرەوە و بە توندی هێرشی کردە سەر خەڵکی سنە و ئەوانی بە کۆمەڵێک ئاژاوەگێڕی سەر بە زایۆنیزم، ئیمپریالیزم و کەمالیزم دایە قەڵەم. دیارە هۆی دەرکردنی بەیاننامەکەش دروشمی دژی کۆماری ئیسلامی لە ناو خۆپیشاندانەکەدا بوو کە ئەمە خۆی ڕادەی بەستراوەبوونی پەکەکەی بە کۆماری ئیسلامی نیشاندەدا.

دوایین شەڕی براکوژیی پەکەکە لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، هێرش بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە بە داخەوە بوو بە هۆی شەهید بوونی پێشمەرگەیەک. حیزبی دێموکرات لە بەیاننامەیەکدا کە بەم بۆنەیەوە دەری کردووە دەڵێ: «بۆ ئاگاداریی هەموو لایەک ڕادەگەیەنین پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە مەئمووریەتێکی حیزبی بەرەو ناوچەی شنۆ دەچوون، لەلایەن چەکدارانی ‹‹پ.ک.ک››ەوە هەڕەشەیان لێکرا کە نابێ بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات بچن و نابێ لەو ناوچەیە بمێننەوە، بە پاساوی ئەوەی کە گوایە ئەو ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندایە و کەس بۆی نیە لەوێ بێ. پاش ئەم هەڕەشەیە پێشمەرگەکانی حیزب بەرپرسانی سەرەوەی خۆیان لەم وەزعیەتە ئاگادار کردەوە، دەستبەجێ بەرپرسانی حیزبیش بۆ ئەوەی ڕووداوێک ڕوو نەدا لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە

پێوەندییان بە بەرپرسانی PKK وە گرت کە کێشەیەکی لەم جۆرە لەلایەن چەکدارانی ئەوانەوە هاتووەتە پێش و داوای چارەسەرییان لە ڕێگای وتووێژەوە لێدەکرێ، بەڵام بەداخەوە بەرپرسانی PKK وەڵامی ئەرێنیان بەم داوایە نەدایەوە و ئەوانیش بە زمانی هەڕەشە وەڵامی ئەم داواکارییە بەرپرسانەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان دایەوە.

لە ئاکامی ئەم سیاسەتە هەڵەیەدا ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣٩٤/٣/٣ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١٥/٥/٢٤ی زایینی چەکدارانی PKK هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکانی حیزب لە بناری چیای شاکێو لە ناوچەی برادۆست و لە ئاکامی ئەم هێرشە دوژمنکارانەیەدا کە بەپێی زانیارییەکانی ئێمە لە ژێر فەرمانی فەرماندەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوەچوو، کادرێکی بەوەجی حیزب بە ناوی هاوڕێ «قادر کەریمی» شەهید و ٣ پێشمەرگەش بریندار دەبن. (حدکا: ٢٠١٥). ئەم هەڵوێستەی پەکەکە بەرانبەر بە حدکا ڕاست بەپێچەوانەی هەڵوێستی حدکا بوو لە کاتی سەرەتاکانی شەڕی پەکەکە لەگەڵ تورکیە. ئەلیزا ماکوس دەڵێ کە ئۆجەلان تەنیا مژووڵی ئەوە بوو هێزەکانی خۆی لە نێو سنووری کوردستانی عێراقدا جێگیر بکات.

ئەندامانی پەکەکە پێش دەسپێکردنی جەنگ لە نێوان عێراق و ئێران ڕۆیشتبوونە نێو خاکی ئێرانەوە، لەوێ و لە نێوچە سنوورییەکانی تورکیادا و لە نێو کەمپە سەربازییەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا شوێنی خۆیان کردبوویەوە. (ئەلیزا مارکوس: ١٣١) دوای شەڕی براکوژی کێلەشین لە کاتی شەڕی عەفریندا کۆمەڵێک لایەنگری پەکەکە لە باشوور کە بە ڕواڵەت دەیانەویست بڕۆن بۆ شەڕی عەفرین لە بازگەی دێگەڵە نزیک بنکەی حدکا بە مەبەستی پشکنین لەلایەن پۆلیسی هەرێمەوە پێشیانپێگیرا و ئەوانیش کە لەئەساسدا بۆ ئاژاوەگێڕی هاتبوون، دەستیان کرد بە تێکهەڵچون لەگەڵ پۆلیسی هەرێم، بەڵام ئەوەی کە سەیر بوو ڕاگەیاندنی پەکەکە بوو کە ڕایگەیاند کە لەو بازگەیەدا پێشمەرگەکانی حدکا تەقەیان لێکردوون و چەند کەسیان لێ بریندار کردوون. شتێک کە بێدەنگی و ڕەد نەکردنەوەی ڕێبەرایەتی پەکەکە بە دواوە بوو. دیار بوو کە بەرنامەیەکی دیکە بە دەستی پەکەکەوەیە.

حدکا چەند رۆژ دوایی ئەو هەواڵەی رەتکردەوە و بەیاننامەیەکی بەم شێوەیەی دایە دەرەوە (حدکا: کوردستان میدیا، فێوریەی ٢٠١٨):

## ئاگادارییەک بۆ ڕای گشتی

چەند رۆژ لەوە پێش لە بازگەی دێگەڵە، هەڵکەوتوو لە سەر جاددەی نێوان کۆیە ـ هەولێر لە نێوان ژمارەیەک خەڵکی ئاسایی و ئاسایشی پارێزەری ئەو بازگەیە گرژییەک روویدا؛ هەندێ کەس و راگەیاندن هەوڵدەدەن بە مەبەستی سیاسی دیاریکراو، حیزبی دێموکراتیش لەو گرژیانەدا بەشدار و لایەنگر بکەن، بۆ ئەوەی کێشە و دژایەتی نێوان کوردەکانی بەشە جیاکان زیاتر بکەن و پیلانی دوژمنانی کورد، بە شێوەیەکی ئاگایانە یان لە رووی نائاگاییەوە، جێبەجێ بکەن.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە سەر پرسە نەتەوەییەکانی کوردستان، گەر حیزبی دێموکرات بۆ داکۆکی لە مافی رەوا و ویستی رزگاریخوازانەی کورد لەهەموو بەشەکاندا یەکەم حیزب نەبووبێ، لەوانی دیکە وەدوا نەکەوتووە؛ لێرەشدا پێویست بە هیچ نموونە هێنانەوەیەک ناکات، چوونکە مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات زۆر لەوە خاوێنتر و روونترە کە دوژمنانی کورد، بیانهەوێ ئەو راستییە بە چەواشەکراوی بە خەڵکی مافخوازی کوردی نیشان بدەن.

بۆیە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات هەر جۆرە پێوەندییەکمان بەو گرژیانەوە، رەت دەکەینەوە و رایدەگەیەنین حیزبی دێموکرات هیچ بەشدارییەکی بە قازانجی هیچ لایەک لەو رووداوە نەخوازراو و ناخۆشانەدا نەبووە و ئەو هەوڵانە بۆ گومان خستنە سەر تێکۆشانی خەباتی کورد لە رۆژهەڵات بە قازانجی دوژمنی سەرەکیی کورد واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبینین.

تا ئێستا سیاسەتی حیزبی دێموکرات پشتیوانی لە خەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بووە و هەرواش دەمێنێتەوە و لە کێشەی نێوان حیزب و لایەنەکانی کوردستانیشدا ئەوەندەی بۆی کرابێ قسەی ئاشتی و برایەتی کردووە، دەنا خۆی نەکردووەتە لایەنێکی ناکۆکییەکان.

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

**سکرتاریەت**

**١٥ی رێبەندانی ١٣٩٦/ ٤ی فێوریەی ٢٠١٨**

بەمشێوەیە ئەم پلانەش پووچەڵکرایەوە، بەڵام تا ئێستاش ڕێبەرایەتی پەکەکە خۆیان لەو ڕووداوە بێدەنگی کردووە و هیچ هەڵوێستێکیان بەرانبەر بەو بەرنامەیەی تەلەفزیونەکەیان نەبووە.

پەکەکە هەر تەنیا بە شێوەی فیزیکی دژی کوردی ڕۆژهەڵات نەوەستاوەتەوە، بەڵکوو بە شێوەی سیاسی و تەبلیغیش چۆتە سەنگەری کۆماری ئیسلامییەوە و هیرشی کردۆتە سەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات. ئۆجەلان کە پێشتر گوتبووی: «ڕەوتی ڕووداوەکان لە کۆماری مەهاباد لە کۆمێدییەوە بۆ تراژێدی بوو» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ٥٩)، واتە کۆماری کوردستان شتێکی کۆمێدی بووە، ئۆجەلان دواتر لە پەیامی خۆی لە ٢ی ڕێبەندانی ١٩٩٦دا بە بۆنەی ٥٠هەمین ساڵی دامەزرانی کۆمار کە لە ڕێگەی تەلەفونەوە بەشداریی کرد، دەڵێ: «بە تەجرەبەی ئێمە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمی شای ئێران نیە و مرۆڤ باش هەست بە جیاوازییەکان دەکات، حیزبی دێموکرات ماوەیەکی درێژ دژی شای ئێران شەڕی کرد، شەهیدی دا، گەلێک لە ئەندامانی زیندانی کران، ئەوانە شەهیدی دێموکراسی، تەنانەت شەهیدی وڵاتپارێزی ئێرانن... میللەتی کورد میللەتێکی ئێرانییە، لە زمان و کولتووردا برای یەکدی بوون. ئێمە نامانەوێ کورد بە دژی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستێ. هەر لەو کاتەشدا لە کۆماری ئیسلامیمان دەوێ نەک تەنیا بۆ کوردی ڕۆژهەڵات، بەڵکوو بۆ هەموو کوردان سیاسەت دابڕێژێ، ئێمە هەردوو موحتاجی یەکترین» (تەیموور مستەفایی، ٧٠ وێستگەی مێژوویی: ٢٠١٦، ١٩٨).

ئۆجەلان بۆ شرۆڤەی دۆخی ئێران، باسی جۆغرافیای ئێران دەکات و بەوەوە دەستپێدەکات کە دەڵێ: «پێکهاتەی چەند نەتەوەیی ئێران بۆتە هۆی ئەوە کە لە سەرەتای مێژووەوە، بەڕێوەبەرییەک بە شێوەی ویلایەتەکان زاڵ بێت. وڵات لە چوار ویلایەتی ئیتنیکی-قەومیی ئەساسی و خاوەن ڕیشەی مێژوویی و ناوچەگەلێکی جۆراوجۆر پێکهاتووە کە کەمایەتییەکانی تێدا دەژین.

ویلایەتی فارس ناوەند و باشووری ئێران دەگرێتەوە کە گەورەترین قەومی ئێرانی واتە فارسەکان لە باری مێژووییەوە لەوێ دەژین و ناوەندی شارستانییەتی تایبەت بە خۆیان پێکهێناوە. لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران ویلایەتی خۆراسان

هەڵکەوتووە کە لە باری مێژووییەوە بە وڵاتی پارتەکان ناودێر کراوە و ئەمڕۆ شوناسە جیاوازە کولتوورییەکان لەوێ جێگیر بوونە.

لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بەلووچستان هەڵکەوتووە کە وڵاتی دایکی بەلووچەکانە و گەلێکی جیاوازن کە ڕیشەی ئارییایان هەیە. بە بەشێک لە باکووری خۆرئاوای ئێران ئازەربایجان دەڵێن کە نیشتمانی خەڵکانێکە کە بە شێوەی مێژوویی پێکهاتوون، تایبەتمەندیی ئیتنیکیی جیاوازتریان هەیە و زمانەکەیان نزیک لە زمانی تورکییە. گرینگتری بەشی باکووری خۆرهەڵاتی ئێران ناوچەیەکە کە لە مێژوودا کۆنفیدراسیۆنی ماد پێکدێنێ.

لانکەی ئایینی زەردەشتی و مەزداپەرەستییە کە کوردەکانی وەک نزیکترین قەوم بە فارسەکانەوە لە خۆ گرتووە. لە ڕابردوودا وڵاتی ماد و ئێستا بە فەرمی کوردستانی پێدەڵێن. ئەم ناوچەیە لە سەردەمی سەلجووقییەکانەوە ناوی نراوە کوردستان و وەک یەکەیەکی سیاسی-بەڕێوەبەری هەڵدەسەنگێندرێ. لە تەنیشت ئەمانەدا خووزستان کە ناوچەی کەمایەتیی عەرەبە. بوونی ناوچە جۆغرافیاییە کولتوورییەکان کە لەودا لە دین و کولتوورە جیاوازەکان ڕێز دەگیرێ، هەروەک ڕێئالیتەیەک هەڵکەوتووە. لە مێژووی نەریتیی ئێراندا بە ڕێزێکی تایبەتەوە لەگەڵ کولتوورەکان و ویلایەتەکانی ئێران هەڵسوکەوتکراوە.

حاشالێکردن و تواندنەوەی زۆرەملێ بایەخێکی ئەوتۆی نیە لە ئێراندا. ئەم هەڵسوکەوتە پڕ لە ڕێز و واقیعبینانەیە بەرانبەر بە ڕاستییە مێژوویی، کولتوورییەکان و گرووپە ئیتنیکی و قەومییەکان، ڕێگای بۆ نەریتێکی بەڕێوەبەریی دەوڵەمەند بە درێژایی مێژوو کردۆتەوە. لە هەر قەوم و کولتوورێک، بەڕێوەبەر و بنەماڵەی بەڕێوەبەری دەرفەتی خۆدەرخستنینان هەبووە. بۆ قەومچییەتی و نەتەوەچییەتی بایەخێک دانەنراوە. گێڕانی ڕۆڵ لە سەر بنەمای دەوڵەمەندی کولتووری زۆرتر بووە. ئەم بوارە جیاکەرەوە هەر لە ئیمپراتووریی پارس تا کۆماری ئیسلامیی ئێران کەم تا زۆر پارێزراوە (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٤٩).

ئۆجەلان بۆ باشتر چوونە ناو باسی ئێرانەوە، لە ئیسلامی ئێرانییەوە دەستپێدەکات. ئەو دەڵێ: «ئەزموونی ئیسلامی دێموکراتیکی پێکهاتەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی

ئێران دەبێ بە وردبینییەوە لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناڤین و هەموو وڵاتە ئیسلامییەکاندا هەڵسەنگێندرێ. لە ئێراندا بزووتنەوە دێموکراتیکە نەریتییەکان یەک لە دوای یەک دەبیندرێن، لە ڕاستیدا لە سەردەمی کوێلەداریی سوومرەوە، خەڵکی ئێران ناوبەناو، دژی سیستمە سەکوتکەرەکان دەرکەوتوون. زەردەشت، مانی، مەزدەک، بابەکی خۆڕەمدین، ئەبوومسلیمی خۆراسانی، نەریتی ١٢ ئیمامی و دوایین بزووتنەوە کە شۆڕشی اسلامیە (کۆماری ئیسلامیی ئێران) بازنە سەرەکییەکانی ئەم زنجیرە بزووتنەوانە پێکدێنن کە لە سەرانسەری دنیادا دەرکەوتوون. بۆیە هێرشی ئیسلامی دێموکراتیک دەتوانێ مانادار بێت (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٤٩).

شرۆڤە و شیکردنەوەی چەمکی دین و «الله» لە ڕوانگەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و سیاسییەوە شۆڕشێکی زەینیی پێویستە. ئەگەر نەتوانین دین و «الله» لە باری زانستی-فەلسەفییەوە شرۆڤە بکەین، دێموکراتیزە کردنی ئیسلام، لە دروشمێکی خۆ فریودەرانە زیاتر نیە. لە نێو ڕووناکبیرانی ئێرانی و ئیسلامییە دێموکراتیکەکاندا، باسێکی هەر چەندە سنوورداریش بێت لەم ڕاستایەدا لە ئاڕادایە، بەڵام بیرۆکەیەک کە لە سەردەمی سومرەوە خاوەنی شرۆڤەی نادێموکراتیک لە فۆرمی سیستمی یەک خوداییە لە سەر هێز دانراوە، لە ئێرانیشدا هەروەک باقی وڵاتانی دنیا و ڕۆژهەڵاتی ناڤین هێشتا هەر زاڵە. جیاوازیی لائیکی پۆزیتیویستی لەگەڵ ئیلاهیاتی ئێران، لە شرۆڤە هەڵنەگریی خودادا بەرتەسک دەبێتەوە. ئەمەش بە واتای دینی پۆزیویستییە... ئێران خەریکە ئەم باسە دەباتە پێش. ئەگەر هەڵبژاردنی ئازاد و ئاگایانەی گەل، لە بەرانبەر دین و نەریتی ئەخلاقیی خۆی، ڕێگەی پێبدرێ، ئەم ڕەوتە کە بە ناوی ئیسلامی دێموکراتیکەوەیە، بزووتنەوەیەکی گرینگە و ڕۆڵێکی گرینگ لە ڕێنێسانسی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دەگێڕێ.

ئەوەی کە شرۆڤەی ئێرانی لە ئیسلام پێشکەوتووترە لە شرۆڤەی عەرەبەکان، شتێکی سەلمێنراوە، بەڵام ڕادەی وەڵامدەر بوون یان توانایی ڕێککەوتن لەگەڵ دێموکراسیی هاوچەرخیش جێگەی باسە. لەم چوارچێوەیەدا بە چارەسەری کێشەی ئێتنیکی و نەتەوەیی کە ڕیشەی مێژووییان هەیە، دەتوانێ ڕێگەیەکی

نەرمتر و ساناتر بدۆزنەوە. ئێران لەم بارەیەوە دوگم و حاشالێکەر نیە (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٤٩ و ٣٥٠).

باسکردن لە دێموکراتیزە کردنی دین و دینی دێموکراتیک باسگەلێکن کە بە هیچ کوێ ناگەن، چوونکە لە بنەڕەتدا ئامانجی دین دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە نیە، بەڵکوو پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی باوەڕمەند بە بوونەوەرێکە کە لە سەرووی مرۆڤەکانەوەیە. کەوابوو دین لە سەر بنەڕەتی باوەڕ دانراوە، بەڵام دێموکراسی گرێبەستە. پێوەندیی دینی، پێوەندییەکی ئەستوونییە، واتە پێوەندیی مرۆڤە لەگەڵ بونەوەرێک لە سەرەوەی خۆی» بەڵام پێوەندیی دێموکراتیک، پێوەندییەکی ئاسۆییە، واتە پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤە. جیاوازییەکی قووڵی دیکە ئەوەیە کە دین مرۆڤەکان بە دوو دەستەی باوەڕمەند و ناباوەڕمەند دابەش دەکات، بەڵام لە دێموکراسیدا ئەم سنوورانە بوونی نیە، هەموو مرۆڤەکان بە قەد یەک بەها و بایەخیان هەیە.

بۆیە دین باس لە سەر باوەڕمەند دەکات و باوەڕمەندەکان ئوممەتی دینەکەن، واتە دین شارۆمەند ناناسێ، ئۆمەتی دینەکە مافێکیان هەیە کە ئەوانەی وا لە دەرەوەی دینەکەن لێی بێبەرین، بەڵام لە دێموکراسیدا هەموان مافی وەک یەکیان هەیە، چ دیندار بێ یان بێ دین. واتە هەڵاواردن لە دێموکراسیدا بوونی نیە، بەڵام لە دیندا یەکێک لە بنەماکانە و دیندار لە سەرەوەی بێ دینە. بە کورتی لە دینداریدا دێموکراسی ناخولقێ، بەڵام لە دێموکراسیدا بە شێوەیەکی ئازاد دەتوانی دیندار بیت یان بێ دین.

ئۆجەلان ئەم شرۆڤەیەی لە سەر ئێران کردووە تا بە ئاکامی دڵخوازی خۆی لەو شرۆڤە نازانستییە لە سەر ئێران بگات و بزووتنەوەی کورد لە سەرووی هەموویانەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تاوانبار بکات و داوێنی پڕ لە جینایەتی کۆماری ئیسلامی پاک بکاتەوە و لە ئاکامدا پەکەکە وەک ئاڵتێرناتیڤ دیاری بکات. ئەو دەڵێ: «بزووتنەوەی کورد لە ئێران تا ئەزموونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاراکتێرێکی عەشیرەیی فێئۆدالی هەیە.

ئەم تایبەتمەندییەی خۆی لە سەردەمی مادەکانەوە درێژە پێدەدات. ژیان

لە داوێنی زاگرۆسدا شانسی ئازادیی بە کوردەکان داوە، هەر وەک چۆن لە بەشەکانی دیکەدا دەبینرێ. هەڵسوکەوتی چەوسێنەرانەی ئیمپریالیزم لەگەڵ کوردەکانی ئێران ئاکامگەلێکی دڵتەزێنی بە دواوە هەبووە. بزووتنەوەکانی کورد بە ڕێبەریی شێخ عوبەیدوڵڵا لە کۆتایی سەدەی ١٩دا و شۆڕشی ئیسماعیل سمکۆ لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەمەیان ئەزموون کردووە. ئەزموونی کۆماری کوردستان بووە قوربانی ئەم کایەگەلە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاراکتێری نەتەوەخوازی دواکەوتووی تێنەپەڕاندووە، بە بۆنەی خۆڕێکنەخستن لەگەڵ نەریتی ئێران و واتا نەبەخشین بە دوایین گەمەکانی ڕۆژئاوا، عەبدوڵڕەحمان قاسملووی وەکوو یەکێک لە دوایین ڕێبەرەکانی نارد بۆ شەهیدبوون. هێندێک لە ڕێکخراوە چەپ و نەتەوەخوازە دواکەوتووەکانیش بێ توانایی خۆیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە سەردەمی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا خستە ڕوو. لە ڕاستیدا دۆخەکە بۆ دەستەبەرکردنی دەستکەوتە پێشکەوتووەکان لەبار بوو. شانسی سەرکەوتنی ڕێگەچارەیەک کە لەگەڵ دۆخی ئێران بێتەوە و ڕاستییە دێموکراتیکەکانی هاوچەرخ بە بنەما بگرێ، بوونی نەبوو.

هەرچەند دێریش بێت، بەڵام کێشەی کورد دەتوانێ شانسی چارەسەری لە ڕەوتی ئیسلامی دێموکراتیکدا بە دەست بێنێ. دروستتر ئەوەیە کە بە نوێکردنەوەی خۆی لە سەر بنەمای ئیسلامی دێموکراتیک دەتوانێ بە چارەسەری دێموکراتیک ڕۆڵی سەرەکیی هەم لە کێشەی کورد و هەم لە کێشە نەتەوەییەکانی سەرانسەری ئێراندا بگێڕێت. ئێرانی ئیسلامی و فیدراڵیی دێموکراتیک دەتوانێ وەکوو ڕێنوێنییەک و دروشمێک واتا دەستەبەر بکات. لە ئێراندا ئازادیی بەیانی کولتووری، ئازادیی چاپەمەنی بە زمانی دایکی هەرچەند بەرتەسک، بوونی هەیە، هەروەها بەڕێوەبەریی پارێزگەی کوردستان ڕاستییەکە، پەرە پێدانی ئەم بنیاتانە دەتوانێ ڕێگە بۆ پێشکەوتن خۆش بکات، ڕێفۆرم و ڕێکوپێککردنی سەرلە نوێ کە بتوانێ قۆناغێکی نوێ لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا پێک بێنێ، دەتوانێ لە بەرنامەی کاریدا بگونجێنرێ (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٥٠).

هەموو کێشەکە بە خوێندنەوەی دروستی باری جیاوازی ئێران لە بزووتنەوەی ئازادیی کورد لە ئێراندا، قبووڵ و گونجاندنی باش لەگەڵ دێموکراسیی هاوچەرخ

و به بنەما گرتنی بوارە ئەرێنییە هەنووکەییەکان و گەشەپێدانی زۆرتریان بە هەنگاوگەلی بە دوور لە خۆبەزلزانی بەستراوەتەوە. ڕوونە کە چۆنیەتیی بەربەرەکانێ لەگەڵ ئۆتۆنۆمیخوازیی بەرتەسکی نەتەوەخوازیی دواکەوتوو و گەمە دەرەکییەکان، دەبێتە هۆی فامکردنی باشتری کێشەی کورد لە لایەن ئێرانەوە. بەرەوپێشبردنی دیالۆگی هەنووکەیی، ئاخاوتن لە سەر پێوەندە کولتوورییە نزیکەکانی نێوان کورد و فارس لەلایەن کوردەکانەوە و بە دروستی خستنە بەرچاوی چەمکی برایەتیی نەریتی، یارمەتیی زیاتری چارەسەری کێشەی کورد دەدات.

بە جیاتیی قۆناغی ئۆتۆنۆمیخوازیی نەتەوەخوازیی دواکەوتوو، ئەو قۆناغە نوێیە کە پاڵی بە دێموکراتیزە کردنی ئیسلام وەکوو سەنتێزی دێموکراسی هاوچەرخەوە داوە، شانسی سەرکەوتنی لە چارەسەریدا هەیە. ئەگەر بزووتنەوەی کورد بتوانێ خۆی لەم چوارچێوەیەدا نوێ بکاتەوە، وەک هێزێکی بەجێ و کاریگەر خۆی ڕێک بخاتەوە و بڕیار بدات، دەتوانێ دەستپێکەری قۆناغێکی نوێ بێت. بە وانە وەرگرتن لە ئەزموونی بزووتنەوەکانی کورد لە پارچەکانی دیکە، بە تایبەت بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی پەکەکە و سیستمی بەرگریی ڕەوای ئێستا، دەتوانێ ببێتە نوێنەرێک بە ئیددیعای قۆناغی نوێوە کە بەو وەڵامانەی کە لە سەر ڕەوتی ئیسلامی دێموکراتیک لە هەموو ئێراندا دەیانخاتە ڕوو، دەتوانێ ڕێخۆشکەری پێشکەوتنی زۆرتر بێت (ئۆجەلان: ٢٠٠١، ٣٥٠).

عەبدوڵڵا ئۆجەلان لێرەدا بە ئەنقەست دەیەوێ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات هەر وەک هی باکوور بە لاڕێدا بەرێ. سەرەتای شۆڕشی ئێران مێژوویەکی زۆر دوور نیە کە نە کەس لە بیری مابێ و نە بەڵگەیەکی لە سەر نەبێت. بە خۆشییەوە زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئاگاداری مەسەلەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتدان، زیندوون و جیا لەوەش بەڵگە و دیکۆمێنتی زۆر لە بەردەستدایە. لەگەڵ ئەوەی کە تەنیا چوار حەوتوو دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هێرش کرایە سەر سنە و بەهاری خوێناویی سنەیان خوڵقاند، بەڵام وەفدی کورد بۆ وتوویژ لە سەر کێشەی کورد پێکهات.

ئەم وەفدە ماوەیەکی دوور و درێژ لە سەر کێشەی کورد لەگەڵ ڕێژیمی ئێران

وتووێژیان کرد، بەڵام وەڵامی ئەم وەفدە بە فەتوای خۆمەینی دژی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان، درایەوە. جیا لەوە شەهید کردنی دوکتور قاسملو کە ئۆجەلان دەڵێ حیزبی دێموکرات ناردی کە شەهیدی بکەن، لە سەر مێزی وتووێژ بە مەبەستی چارەسەری کێشەی کورد بە شێوەی سیاسی بوو، نەک شتێکی دیکە! ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر بنەمای ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی دامەزراوە و بچووکترین باوەڕیشی بە مافی نەتەوەیی نەتەوەکان نیە، چوونکە بوونی نەتەوە و خەباتی نەتەوەیی بە هەڕەشە بۆ سەر ئوممەتی ئیسلامی دەزانێت. بۆیە ئۆجەلان بە تەواوی بە هەڵەدا ڕۆیشتووە و لە سێبەری ئیسلامدا مافی نەتەوەیی بە دی نایەت.

جیا لە شێواندنی مێژووەکە، ئۆجەلان دەیەوێ هەر وەک چۆن بزووتنەوەی باکووری لە مانای نەتەوەیی بەتاڵ کردەوە و هەمووی کردە قوربانیی ئازادیی خۆی لە گرتووخانەدا، بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتیش لەو مانایە بەتاڵ بکاتەوە. لە دیدی ئۆجەلانەوە هەموو شۆڕشەکانی کورد لە باکوور لە سەردەمی دوای عوسمانیدا دەستی ئینگلیس و فەرانسەیان تێدا هەبووە و بەرنامەی کەماڵ ئاتاتورکیان کە دەیەویست مافی کوردان بە فەرمی بناسێ، تێک داوە. لە ڕۆژهەڵاتیش هەمان شت دووپات دەکاتەوە و دەڵێ لە نەریتی ئێران تێنەگەیشتوون و فریوی ئیمپریالیزمیان خواردووە، ئەو دەڵێ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ بە جیاتی «ئۆتۆنۆمیخوازیی نەتەوەچێتی دواکەوتوو» هەوڵ بۆ دێموکراتیزە کردنی ئیسلام بدەن! بەڵام دین هەروەک گوترا دێموکراتیزە نابێ، ئەگەریش هێندێک ڕێفۆرمی بە سەردا بێت، ئەوە ناتوانێ کاری خەڵک و حیزبەکان بێت، ڕێفۆرمی دینی لە مزگەوت و حۆجرەکاندا دێتە دی، چوونکە ئەوە مەلاکان و زانایانی دینن کە لە یاساکانی دین دەزانن، بۆیە ئەگەر بتوانن، تەنیا شارەزایانی دین دەتوانن ڕێفۆرمی دینی پێکبێنن. بەتایبەتی لە ئیسلامدا ئەوە کارێکی یەکجار دژوارە، ئیسلام و مەسیحیەت یەکجار لێک جیاوازن و ناتوانن یەک ڕەوتی مێژوویی بپێون.

ویستی ئۆجەلان لێرەدا شکاندنی جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتە لە جووڵانەوەیەکی شۆناسخواز و مافخوازەوە بۆ جووڵانەوەیەک کە ویستی ڕێفۆرمی یاسای بنەرەتیی کۆماری ئیسلامییە. لێرەدا بایەخ و دژە بایەخ جێگۆڕکێ دەکەن. ئەوەی کە

شۆڕشگێڕە دەبێتە دژە بایەخ، ئەوەش کە خوازیاری مانەوەی ڕێژیمە و تێدەکۆشێ لە یاساکانیدا ڕیفۆرم پێکبێنێ، دەبێتە بایەخ. جاران لاوی کورد بۆ سەلماندنی شۆناسی کورد و ڕزگاریی کوردستان شەهید دەبوو، ئێستا بۆ ڕیفۆرمی یاسای بنەڕەتی، کە تا کۆماری ئیسلامی مابێ یا نایەتە دی یان ئەگەریش بێتە دی پەیامێکی ئەوتۆی بۆ کورد پێ نیە، چوونکە بە کردەوە ڕێبەرانی جووڵانەوەی ڕیفۆرمخوازیی ئێران دژی مافی نەتەوەیی کوردن. ئەم بەرنامەیەی ئۆجەلان بە تەواوی بە قازانجی کۆماری ئیسلامییە، چوونکە ئارمانجی جووڵانەوەکە، کە ڕزگاریی کوردستانە، بە تەواوی دەگۆڕدرێ و کەس لە جووڵانەوەی سەوزی فارسەکانی، لێکناکاتەوە، چوونکە هەردووکیان ئارمانجیان ڕیفۆرم لە کۆماری ئیسلامیدایە.

ڕیفۆرمخوازەکانی فارس بەپێی ئەوەی کە لە جنسی ڕێژیمن لەوانەیە سەرکەون، بەڵام کورد کە لە جنسی ڕێژیم نیە و تەنانەتیش لە باری مەزهەبییەوە لەگەڵ نیوەی کورد جیاوازە، بۆیە ناتوانێ ئاوەها بەرنامەیەک جێبەجێ بکات. جیا لەوەش، یاسای بنەڕەتیی ئێران بە جۆرێک داڕێژراوە کە ئەو ئیزنە بە کەس نادات و کوردیش ناتوانێ لەو بارەیەوە بە قەد ڕیفۆرمخوازەکانی ئێرانی بە هێز بێت، چونکە ئەو ڕیفۆرمخوازانە بەشێک لە بەدەنەی کۆماری ئیسلامی بوون، بەڵام دیسانەوە نەیانتوانی و هەموویان تەفروتوونا کران.

ئۆجەلان دوای دانانی پلانی دێموکراتیزەکردنی ئیسلام بە جیاتی داخوازی «ئۆتۆنۆمیخوازی نەتەوەچێتیی دواکەوتوو» بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دێتە سەر ئەوە کە داوا لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات دەکات کە لە ئەزموونی پەکەکە واتە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئیسلامی دێموکراتیک کەڵک وەرگرن. پێویست بە ئاماژەیە کە ئەوکات ڕیفۆرمخوازە حکوومەتییەکانی ئێران لە سەر کار بوون. لە تورکیەش AKP کە پارتێکی ئیسلامیی نەرمئاژۆیە، هاتبووە سەر کار. لەم کاتەدا پەکەکە هەوڵی بۆ دامەزراندنی پارتێکی دەستەمۆی خۆی بۆ ڕۆژهەڵات خستە گەڕ!

هەر وەک پێشتریش گوترا پەکەکە بە هۆی گیرانی ئۆجەلان و پاشەکشەی سیاسی نیزامی تووشی ئاڵۆزی هاتبوو. بۆیە لە کۆنگرەی حەوتەمی ئەو پارتەدا بڕیار درا کە کوردی هەر پارچەیەک لە چوارچێوەی دەوڵەتی زاڵ بە سەر ئەو

پارچەیەدا، کێشەکانی چارەسەر بکات. ئەم ئاڵۆزییەی ناو ڕیزەکانی پەکەکە بوو بە هۆی ئەوەی کە پەکەکە بۆ پێشگرتن بە دابڕانی کادر و گەریلای سەر بە پارچەکانی دیکە بۆ هەر کام لە پارچەکان لقێک دابمەزرێنێ. کە لقی ڕۆژهەڵات ناوی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان پژاک «PJAK»ی لە سەر دانرا.

پژاک دامەزرانی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ خۆپیشاندانی سێی ڕەشەمەی شاری سنە. لەم بارەیەوە دەڵێ: هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداری لە ڕاپەڕینی ٣ی ڕەشەمەی ١٣٧٧ (١٦ی فێوریەی ١٩٩٩)[١] پابەندبوونی خۆیان بە ئاپۆ ڕاگەیاند!

بزووتنەوەکە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی باکووری کوردستان و ڕێنوێنییە ئیدئۆلۆژیک، سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی سەرۆک ئاپۆ، قۆناغی سەرەتایی خۆی لە ژێر ناوی بزووتنەوەی یەکیەتیی دێموکراتیک تێپەڕاند... بزووتنەوەکە دوای

---

١ـ سێی ڕەشەمە ئەو جۆرەی کە پژاک باسی لێوە دەکات، بە تەواوی پێچەوانەی ڕاستییە! ئەوکات کە ئۆجەلان ڕفێندرا خۆپیشاندان دژی ئەم کارە درێوە کرا. ڕۆژی ٩ی ڕەشەمە بڕیار بوو هەڵبژاردنی شوراکانی شارو دێ لە ئێران بەڕێوە بچێ، بەو بۆنەیەوە ناوەندی تەبلیغی شوراکان دانرابوون. بە هاوکاری بەربژێری شوراکان و بۆ تەبلیغی خۆیان یەکی ڕەشەمە لە زانستگەی کوردستان لە سنە کۆبوونەوەیک بۆ پشتیبانی ئۆجەلان پێکهێنا و هەموو شوراکان تێدا بەشدار بوون و لایەنگرانیشیان بەوانەشەوە کە خوێندکار نەبوون هاتبوونە نا هۆڵی ئامفی تەئاتری زانستگە. بە ئاڵای پەکەکە و وێنەی گەورەی ئۆجەلان هۆڵەکەیان ڕازاندبووە. ئەوکات من خوێندکار بووم و هەمووومان سەرمان سووڕ مابوو کە چۆن ڕژیم ئەو ئیزنەی داوە بەو کارە لە کاتێکدا هەموو هێماکانی شۆڕشی ڕۆژهەڵات و وێنەی ڕێبەر و ئاڵای کوردستان قەدەغەیە، ئەوکات ئێمە نەماندەزانی کە پەکەکە و ئێران پێوەندییان هەیە و ئەوەش سیاسەتە و بڕیارە پەکەکە بێننە ڕۆژهەڵات. لە ناو هۆڵەکەدا قسە کرا و چەند بەربژێری شورایش قسەیان کرد، بەڵام هێندێک لەخەڵکەکە ناڕازی بوون بۆیە شوراکان ئیتر قسەیان نەکرد. کاتێک کۆببونەوەکە تەواو بوو هاتینە دەرەوە، تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە تراکت و بیاننامەیەکی زۆریان لە ناو حەوشەی زانستگادا بڵاو کردبووە. لە دەرەوە زانستگە هێزێکی زۆی پۆلیس ڕاوەستا و ئۆتووبسی هێنابوو بە زۆر خەڵکیان سوار دەکرد و دەیانبرد. هەر لەوێ خەڵک بانگیان کرد ڕۆژی سێی ڕەشیمە دینە دەرەوە. ئۆستانداری پارێزگەی سنە، ڕەمەزان زادە، کاتژمێر نزیک ١٢ی شەو واتە نزیک ٨ کاتژمێر پێش خۆپیشاندان و لە کاتێکدا کە خەڵک نووستووە، هاتە سەر شاشەی تەلەفزیون و ڕایگەیاند کە ڕێپێوانی ڕۆژی سێی ڕەشەمە مووڵەت پێ درانیە و داوای لە خەڵک کرد کە نەیەنە سەر شەقام. ڕۆژی دوایی خەڵک هاتنە سەر شەقام و دروشمی نەتەوەییاندا و بە جیاتی پەکەکە پشتیبانیان لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کرد. ڕژیمیش سەرکوتێکی بێ بەزەییانەی کرد. کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکەش لە بەیاننامەیەکدا خەڵکی سنەی مەحکوم کرد و بە لایەنگری زایونیزم و کەمالیزم و ئیمپێریالیزمی دانە قەڵەم.

پەروەردەی کادر و جێگیر بوونی لە جۆغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٤/٤دا دوای بەستنی کۆنگرەی یەکەم لە ژێر ناوی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK) بوونی خۆی ڕاگەیاند (برنامه و اساسنامه پژاک، کنگره سوم، ١٢٢ و ١٢٣ و ١٢٥)، واتە پژاک لە سەر ئەساسی خۆپیشاندانی بە وتەی کۆنسەی سەرۆکایەتیی پەکەکە «کۆمەڵێک ئاژاوەگێڕی سەر بە زایۆنیزم، ئیمپریالیزم و کەمالیزم» لە ڕۆژی سێهەمی ڕەشەمە، دامەزراوە. سەیرتر ئەوەیە کە عوسمان ئۆجەلان نوێنەری پەکەکە لە ئێران پژاکی دامەزراندووە.

وەک کادرە دابڕاوەکانی پژاک دەڵێن، هاوسەری یەکەمی عوسمان ئۆجەلان خەڵکی ڕۆژهەڵات و ناوی «ژیان» بوو و خوازیاری «ئازادیی» خۆشەویستی و پێکهێنانی ژیان لە نێوان کچان و کوڕانی گەریلادا بووە. ئەوکات کە عوسمان دەبێتە بەرپرسی دامەزراندنی پژاک، عاشقی «ژیان» دەبێ، بۆیە دوایی ناوی پارتەکە دەنێتە «ژیانی ئازاد» کە هەم ناوی خۆشەویستەکەیەتی و هەم ئارەزووەکەی کە ئازادیی خۆشەویستی بووە. ژیان لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لەگەڵ عوسمانی ٤٧ ساڵە ژیانی هاوسەری پێکدێنن!

عوسمان ئۆجەلان لە سەر دامەزرانی پژاک دەڵێ: کاتێ ئاپۆ لە زیندان بوو ئێمە گفتوگۆی زۆرمان کرد کە دەبێت ڕێکخراوی سەربەخۆ بۆ پارچەکانی دیکە دروست بکەین لە سەر ئەو بنەمایە «پارتی چارەسەریی دیموکراتیکی کوردستان» بۆ عێراق و «پارتی ژیانی ئازادی کوردستان» بۆ ئێران و «پارتی یەکێتیی دیموکراتیک»مان بۆ سووریا دامەزراند، من جیاواز لە ئەندامانی دیکەی پەکەکە بیرم دەکردەوە و دەمگوت دەبێ ئەمانە سەربەخۆ بن، بەڵام ئەوانی دیکە ئەمەیان قبووڵ نەبوو. وتمان ئەگەر سەربکەون باشە، ئەگەر نا هەڵیاندەوەشێنینەوە، بەڵام دواتر ئەمانە تێکەڵ بە سیاسەتی پەکەکە کران و هەموو بڕیار و ڕاسپاردەیەکیان لە لایەن پەکەکەوە بۆ دەردەچێت، بە تایبەتی پژاک کە ڕێبەرانی پەکەکە وەکوو هێزێک بەرامبەر بە ئێران مامەڵەیان پێدەکەن. لە سەرەتاوە باش بوون، بەڵام دواتر پەکەکە نەیهێشت گەشە بکەن. من پێموایە ئەم پارتانە کاتی ئەوەیان هاتووە کە هەڵبوەشێنەوە و وەکوو کومیتەی پەکەکەی سەر بە پارچەکانی دیکە کار بکەن نەک وەک ڕێکخراو، چوونکە خاوەنی بڕیار نین و تەنیا بڕیار جێبەجێ

دەکەن. بۆ نموونە کاتێک کە لە سەرەتاوە حاجی ئەحمەدی بوو بە سەرۆکی پژاک، ئاگای لە هیچ نەبوو. لە ئەورووپا لەگەڵ عەبدوڵڵا حیجاب کە کەسێکی خوێندەوار و تێگەیشتووی خەڵکی ناوچەی ورمێ بوو و چەند کەسی دیکەش، زوبەیر ئایدار هێنای بۆ قەندیل. ئەو کات سەرکردایەتیی پەکەکە و زوبەیر ئایدار وتیان کەسی لەمە باشترمان دەست ناکەوێ کە هەموو شتمان بە قەول بکات و لە هەمانکاتیشدا خەڵکی مەهابادی ناوەندی موکریان بوو کە ئەمەشمان لا مەبەست بوو، ئەو زیاتر کەسێکی لادێیی بێئاگایە و هیچ لە سیاسەت نازانێ. بۆیەش عەبدوڵڵا حیجاب قبووڵنەکرا، چوونکە پەکەکە پێیوابوو بە قەولی ناکات، بۆیە ئەوانە بە ئەمری پەکەکە هەموو هەڵسوکەوتێک دەکەن. جا ئەمانە هەر پەکەکەن و ئاساییە شەڕ دژی تورکیا بکەن (ژمارەی ٨٠ی ساڵی شەشەمی گۆڤاری لڤین).

لە کاتی دامەزرانی پژاکدا پەکەکە پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبوو. پێشتر ئامارژەمپێدا کە ئۆجەلان ١٥ ساڵ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێوەندیی هەبووە. عوسمان ئۆجەلان کە دامەزرێنەری پەژاک بووە، دەڵێ لە ساڵی ١٩٩٥ تەکلیفیان لێکردم، کاتێک کە لە ناو پەکەکەدا بووم لە ساڵی ١٩٩٧ەوە بۆ ٢٠٠٢ من پەیوەندییەکانی ئێران و پەکەکەم بەڕێوە دەبرد (چاوی خەڵک، ٢٠٠٩). کاتی شەڕی ١٩٩٢ی پەکەکە دژی هەرێمی کوردستان، عوسمان ئۆجەلان کە بەرپرسی بنکەی خواکورکی پەکەکە دەبێ دەس لە شەڕ هەڵدەگرێ و دەڕوات بۆ ئێران. جەمیل بایک بە داخوازی عەبدۆڵا ئۆجەلان لە سوریەوە بە فرۆکە دەڕواتە تاران و لەوێ عەوسمان رازی دەکات کە بگەڕێتەوە بۆ ناو پەکەکە، کە دوای نێونجی کردنی رژێمی ئێران عوسمان ئۆجەلان لە تارانەوە دیسان لەگەڵ جەمیل بایک دەڕۆنەوە بۆ سوریە. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ٦٤٢ و ٦٤٣) پێوەندیی پەکەکە و رژیمی ئێران لەوانە کۆنتر بووە، لە ئاداری ساڵی ١٩٨٣ (من خەلیل تاج) لەگەڵ عەلی حەیدەر قەیتان بە پاسپۆرتێکی بەدەڵی تورکی، بە فرۆکە هاتین بۆ ئێران و لەوێوە بۆ کەرەج و راژان کە مەقەرێکی پارتی دیمۆکراتی لێبوو. ئێمە لە ساڵی ١٩٨٢دا پرۆتۆکۆلێکمان لەگەڵ پارتی واژۆ کردبوو و ئەوانیش لەوێ جێیان بە ئێمە دابوو. لەگەڵ ئێران پێوەندیمان هەبوو، کەسێکیان بە ناوی سەید رەزا کە زمانی تورکی دەزانی بۆ پێوەندی لە گەڵ ئێمە دانابوو. (حامید گەوهەری: ٢٠١٦، ٧٨) دوای کۆنگرەی سێهەمی پەکەکە عوسمان ئۆجەلان

بۆتە بەرپرسی پێوەندییەکان لە ئێران. جەمیل بایک دەڵێ: (دوای کۆنگرەی سێهەم) سەرۆکایەتی خواستبووی فەرهاد بچێتە ڕۆژهەڵات و پێوەندییەکانی ئێران بەڕێوەببات. فەرهادیش وەڕێکەوت و چووە ئێران... فەرهاد لەوێ بوو و ئەوەی پەیوەندی لە سەرۆکایەتی و لەگەڵ ئێرانیش بەڕێوەدەبرد، فەرهاد بوو. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ٥١٣و ٥١٤) پێش لە فەرهاد جەمیل بایک لە ئۆرمیە بووە. (جەمیل بایک: ١٩٩٨، ٤٩٨) ئەوە لە کاتێکدا بووە کە پەکەکە دروشمی پێکهێنانی کوردستانی گەورەی هەڵگرتبوو.

**بە کورتی دەتوانین هۆیەکانی دامەزراندنی پژاک لەلایەن پەکەکەوە بەم شێوەیە پۆلێنبەندی بکەین:**

١ـ دەربازبوونی پەکەکە لە قەیرانە ناوخۆییەکان

٢ـ وەگەڕخستنی دیپلۆماسی و وتووێژ لەگەڵ دنیای دەرەوە لە ڕێگەی ئەو بەناو پارتانەوە، چوونکە پەکەکە، ناوی لە لیستەی تێرۆری وڵاتانی ڕۆژئاوادایە و ناتوانێ پێوەندیی لەگەڵیاندا هەبێت. بە تایبەتی لە ڕێگەی درۆستکردنی پژاکەوە، لە کاتی هاتنی ئەمریکادا بۆ ناوچە، چون وایلێکدابووەوە کە ئەمریکا و ئێران دژ بە یەکن و ئەگەر ڕێکخراوێکی ڕواڵەتی بە ناوی پژاک ساز بکا، دەتوانێ لەگەڵ ئەمریکا پێوەندی بگرێت، بەڵام دواییش دیتمان ئەمریکا دەستی پەکەکەی خوێندەوە و پژاکیش وەک لقێک لە پەکەکە کەوتە ناو لیستی ڕەشی ئەمریکا.

٣ـ کۆکردنەوەی چەکداری زیاتر لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ڕێگەی ئەو لق و پۆپانەی خۆیەوە.

٤ـ ئیمتیاز وەرگرتن لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە ڕێگەی کونترۆڵکردنی شۆڕشی کورد لەو پارچانەوە واتە بە خزمەت گرتنی شۆڕشی ئەو پارچانە بۆ مانەوەی خۆی.

بەڵام ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئیزنی بە پەکەکە دا کە پژاک چێ ببێت، بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە:

١ـ بەتاڵکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هێزی شۆڕشگێڕ و بە کۆشتدانیان لە باکووری کوردستان.

٢ـ کۆماری ئیسلامی دەیزانی کە پەکەکە ناوی لە لیستەی تیرۆری وڵاتانی ڕۆژئاوادایە، هەر بۆیە بەو هیوایە کە بتوانێ شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە دەرەوە وەک سەرهەڵدانێکی تێرۆریستی بناسێنێ و بەبێ ئەوەی دەنگی دنیای دەرەوە دەر بێت، سەرکوتی بکا، مەیدانی بۆ پەکەکە چۆڵکرد، چوونکە ڕێژیم باش دەیزانی ئیتر بە هۆی پێشکەوتنی ڕاگەیەنە گشتییەکانی وەک ئینترنێتەوە ناتوانێ وەکوو پێشوو، درێژە بە سەرکوتی کورد لە ڕۆژهەڵات بدات و دەبێ بیانوویەکی جیهانپەسەندی هەبێت. بۆیە تەنانەت هەر کتێبێک کە هیی پەکەکە بوو لە ئێران بە فەرمی لە چاپدەدرا و مەیدانی تەبلیغات بۆ پەکەکە ئاوەڵا کرا. تەنانەت لە نێو زانستگەکاندا ئازادانە کۆبوونەوەیان دەگرت و وێنەی ئۆجەلان و ئاڵای پەکەکەیان دادەنا.

٣ـ چڕکردنەوەی گوشار بۆ سەر باشووری کوردستان، ئەو کات کە شەڕی ناوخۆیی تەواو ببوو، هاوکاتیش ئەمریکا لە ناوچەدا بوو و کوردیش لە ئەمریکا پشتیوانیی دەکرد، ڕێژیم دەیویست درگایەکی دیکە بۆ گوشارهێنان بکاتەوە.

٤ـ سڕینەوەی پارتە ڕەسەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زەینی خەڵکدا و پێکهێنانی پارتێکی دەستەمۆ و کونترۆڵکراو.

٥ـ ئەوکات بە هۆی نەمانی شەڕی چەکداریی هێزە کوردییەکان، ڕێژیم بیانوویەکی بۆ میلیتاریزە کردنی کوردستان نەمابوو، جیا لەوەش کۆمەڵێکی زۆر ئەنجومەن و ڕێکخراوی سینفی، ئەدەبی و فەرهەنگی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان دامەزرابوون کە ڕێژیم ترسی تەقینەوەیەکی فەرهەنگی لە کوردستان و داخوازیی نەتەوەیی لێنیشتبوو، بۆیە بە دوای بیانوویەکدا دەگەڕا بۆ سەرکوتکردنی ئەو دۆخە نوێیەی کوردستان کە پەکەکە-پژاک باشترین کەیس بوو. چوونکە پەکەکە دۆستی خۆی بوو و دەیتوانی بە باشی پژاک کە لقێک بوو لە پەکەکە، کۆنترۆڵ بکا، کە ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر ئاوایە.

ئەوەی کە جێگای سەرنجە بەرنامە و پێڕەوی پژاکە کە بە تەواوی لەگەڵ

بۆچوونەکانی ئۆجەلان لە سەر کۆماری ئیسلامی دێتەوە و بە وتەی ئۆجەلان بۆ ئیسلامی دێموکراتیک تێدەکۆشێ. بنەما لێرە نە کوردە و نە مافەکانی کورد، بەڵکوو هێشتنەوەی کۆماری ئیسلامی و جوانکردنی ڕۆخساری کۆماری ئیسلامییە. لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵ لە بەرنامەی پژاک دەکرێ:

بەشی شەشەم، بەندی دووەم: «خەبات بۆ پێکهێنانی گۆڕانی بنەڕەتی و ڕیشەیی بە مەبەستی دێموکراتیزەکردنی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر چوار بنەمای سەرەکیی چاکسازیی دەوڵەت، نەتەوە، کۆمەڵگە و شارۆمەند کە لە بەرنامەکەدا بە شێوەیەکی شیکارییانە گونجێنراوە».

بەشی شەشەم، بەندی نۆزدەهەم: «گەرەنتیکردنی مافی ئازادیی دەربڕین، ئەندێشە، دەزگای ڕاگەیاندن و پێوەندی لە یاسای بنەڕەتیدا و پێکهێنانی دەرفەت بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی زانستی بۆ هەموان».

بەشی شەشەم، بەندی بیستەم: «گەرەنتیکردنی مافی دانانی حیزبە سیاسییەکان، سەندیکاکان ناوەندگەلی جۆراوجۆر بە مەبەستی پێشخستنی بەشداریی گشتیی و دێموکراتیک لە نیزامی سیاسیی وڵاتدا و پێکهێنانی ئازادیی ڕێکخستن».

پێویست بە ئاماژەیە کە لە چەند لاوە بۆ وێنە لە پێشەکی و لە نێو بەرنامەکەشدا لە سەر ئەم خاڵانە پێداگری کراوە، کەوابوو دەتوانین بڵێین خاڵە سەرەکییەکانی پێڕەو و پرۆگرامی پژاکن. خواستی دێموکراتیزە کردنی نیزامێک بە بێ ئەوەی بیرۆخێنی، خواستێکی ڕیفۆرمخوازانەیە. دێموکراتیزە کردن و ڕیفۆرم لە کۆماری ئیسلامیدا، پێویستی بە چەکهەڵگرتن نیە، چوونکە بەپێی ئەم خاڵانەی نێو بەرنامەکەی، خواستی پژاک ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و سیستمی ویلایەتی فەقیە نیە و دەتوانێ وەک هێزە ڕیفورمخوازەکانی ڕێژیم لە نێو ئێراندا درێژە بە کار و چالاکیی خۆی بدات. کەوابوو کوشتنی پاسدار و سەربازی کۆماری ئیسلامی و بە کۆشتدانی ڕۆڵەکانی کورد، شتێکی بێ مانایە، چوونکە بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران کە هەموو ڕیفۆرمخوازان دەبێ پابەندی بن، کەسێک کە دژی نیزام چەک هەڵدەگرێ، «معاند» و «محارب»ە. واتە خوێنی حەڵاڵە و ناتوانێ لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا جێگەی بێتەوە، چ بگا بەوەی کە بەرنامە

بۆ چاکسازیی ڕێژیم پیشکەش بکات. ڕێفۆرمیش بە هێزێکی چەکدار کە شەڕی چەکداری دژی ڕێژیم دەکات، نە بە ئامانج دەگات و نە مانادارە. هێزی ڕێفۆرمخواز دەبێ لە ناو خاکی وڵاتدا بێت تا بتوانێ ڕێفۆرم بکات. جووڵانەوەی ڕێفورمخوازی و جووڵانەوەی چەکداری جیاوازن لە یەکتر. واتە کاتێک کە دەستتدایە چەک ئیتر ناتوانی لە بەرنامەکەتدا ئیدیعای ڕێفۆرم لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بکەی، چوونکە بە گشتی داخوازیی ڕێفورمخوازەکان لە سەرانسەری دنیادا، گۆڕانکاری لە بەشەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەدایە، بەبێ ئەوەی شۆڕش و توندوتیژی بێتە ئاراوە، کە لە ئاکامدا سیستمێکی دادپەروەر و دێموکرات دێننە سەر کار. لە شێوەی خەباتی ڕێفورمخوازیدا، بنەمایەکی سەرەکی، مافخوازی بەبێ یاساشکێنییە، تەنانەت ڕێفورمخوازەکان باوەڕیان وایە کە گۆڕینی یاسا دەبێ بە شێوەی دوور لە توندوتیژی بێتە ئاراوە.

ئەو خاڵە ڕێفۆرمیستییانەی کە ئۆجەلان ناوی دێموکراتیزە کردنی دینی لە سەر داناون و دەڵێ لە جیاتی ئۆتۆنۆمیخوازی و نەتەوەچێتی، ئیسلامی دێموکراتیک پێک بێنن، لە نێو بەرنامەی پەژاکیشدا بە شێوەیەکی بەرین ڕەنگی داوەتەوە، بۆ وێنە ئاماژە بەم خاڵانە ئەو ڕاستییە دەردەخات:

بەشی شەشەم، خاڵی حەوتەم: «خەبات دژی بەسیاسیکردنی دین و کەڵک وەرگرتن لە دین وەکوو ئامرازێک بە قازانجی توێژێکی تایبەت لە سیستمی زاڵدا کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی ڕەهاخوازی، هەڵخەڵەتاندنی کۆمەڵانی خەڵک، قبووڵ نەکردنی کەمایەتییەکان و فرە چەشنی، هەڵاواردنی ڕەگەزی و کەلێنە کۆمەڵایەتییە گەورەکان.»

بەشی شەشەم، خاڵی یازدەهەم: «خەبات بۆ چاکسازی لە پێکهاتەی شەرعی-ئیلاهیدا کە لە ژێر ناوی پیرۆزایەتی ڕێگەی لە هەر چەشنە هاتنە ئارایەکی فیکری جیاواز، ئازادیی ڕادەربڕین، ڕەخنە و دژایەتی سیاسی داخستووە.»

هەر وەک پێشتر گوترا لایەنێک کە لە سەر بنەمای مارکسیزم-لێنینیزم دامەزرابێ، ناتوانێ ڕێفۆرم لە شەرعی ئیسلامدا پێک بێنێ، چونکە ڕێفۆرم لە ئیسلامدا لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە دەکرێ و هەر لایەنێکیش جیا لە ئیسلامییەکان قووڵ

بۆ ئەو کارە هەڵماڵێ تووشی شکست دەبێ. ئەوە وەکوو ئەوە وایە کە مەلایەک بیەوێ لە کۆمۆنیزمدا ڕێفۆرم پێکبێنێ، کە دیارە تا چ ڕادەیەک سەردەکەوێ!

پێویستە بگوترێ کە پژاکیش وەک لقێ ڕۆژهەڵاتی پەکەکە سیستمی کۆنفیدرالیزمی دێموکراتیکی قبووڵە و دەوڵەت ـ نەتەوە بە کۆسپی سەر ڕێگەی چارەسەری کێشەی کورد دەزانێ. بۆیە جیاوازی تەواوی لە گەڵ حیزبەکانی رۆژهەڵات هەیە. لەمبارەیەوە باران بێریتان ئەندامی سەرکردایەتی پژاک دەڵێ: «پژاک لەگەڵ حزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازیی ڕیشەیی هەیە لە نێوانیاندا، دونیابینیمان جیاوازە، ئێمە لەگەڵ جەوهەری دەوڵەت کێشەمان هەیەو دەوڵەتی نەتەوەیی بەباش نازانین، ئەوان بڕوایان بە دەوڵەتی نەتەوە هەیەو ئێمە خۆسەری دیموکراتی.

خاڵێکی دیکەی جیاوازییان تێڕوانینیانە بۆ دۆخی ئێستای ئێرانو گۆڕانکاریی لەو وڵاتە، پژاک داوای چاکسازیی لە دەوڵەتی ئێران دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافی گەلان، بەڵام حزبەکانی دیکە داوای ڕووخاندنی دەکەنو پێیانوایە ئەو سیستمە چاکسازیی هەڵناگرێت، بۆئەوەش هەرلایەکیان پاساوی خۆیان هەیە. باران وتیشی لەگەڵ هێرشکردنەسەر ئێران نینو پێمانوایە شەڕ کێشەکان چارەسەر ناکات. بە ڕووخاندن هەموو کێشەیەک چارەسەر نابێت، گرنگ ئەوەیە دوای ڕووخاندن چی دەکەیت.

پژاک سیستمێکی نزیک لەوەی پەیەدە لە ڕۆژئاڤای کوردستان پیادەی دەکات بە باش دەزانێت بۆ ڕۆژهەڵات، بەڵام بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی ڕۆژهەڵات.» (باران بێریتان:٢٠١٨) ئەم وتەیە نیشاندەری ئەوەیە کە پژاک کارتێکە و پەکەکە بۆ یاریکردن بە چارەنووسی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات پێکیهێناوە.

لە ٢٧ی دیسامبری ٢٠٠٧دا ئۆجەلان لە ڕێگەی پارێزەرانییەوە وتی کە: «پەکەکە نابێ لە بەرانبەر هەوڵەکانی ئەمریکادا بێ ئەڵتەرناتیڤ بێ، ئەوان دەتوانن پەیمانی کورد-شیعە لەگەڵ ئێراندا ببەستن، خۆی لە خۆیدا لە ئێران ویلایەتێک هەیە بەناوی کوردستان، ئەگەر کەمیش بێ جۆرە ئۆتۆنومییەک هەیە بۆ کوردانی ئێران. ئەگەر ئێران ئەو ویلایەتە (ویلایەتی کوردستان-سنە) تۆزێک فراوانتر

بکات و دان بە «پژاک»دا بنێ، ئێمەش ئەڵێین فەرموو ئەوەش سوپایەکی ١٠٠ هەزار کەسی، ئەوکاتە پەکەکە و پژاک، دەتوانن هێزێکی وا بە سووریا و ئێران ببەخشن کە لە ڕاستیدا ڕووسیا و چینیش پێویستیان بە هێزێکی وا هەیە» (ئاژانسی هەواڵدەریی فیرات: ٢٠٠٧).

ئۆجەلان دوای ئەوەی کە لە سەر گرینگیی پێکهێنانی بەرەی کورد-شیعە باس دەکات، دیتە سەر پێوەندی لەگەڵ ئێران و دەڵێ: «ئەگەر کێشەی ناوکیی ئێران چارەسەر ببێ، ئێران دەبێتە گرینگترین هێزی ناوچەکە. ئەگەر پێکهاتنی کوردەکان لەگەڵ وەها ئێرانێکدا بێتە ئاراوە، پەکەکەش لەو دۆخەدا بە ئێرانەوە پەیوەست دەبێت. تێکهەڵچوونەکانی نێوان هێزەکانی ئێران و پژاک زۆر گرینگ نیە، دەتوانین تێپەڕیان بکەین (ئۆجەلان، کنگرە دهم پ.ک.ک: ٢٠٠٩-ئا، ٢٩).

لێرەدا بە تەواوی ئیرادەی پەکەکە بۆ مامەڵەکردن لە سەر کوردی ڕۆژهەڵات بە مەبەستی بە ئامانج گەیشتنی پەکەکە دەردەکەوێ و ئەو خاڵە گرینگە دەردەکەوێ کە پەکەکە کوردی ڕۆژهەڵاتی تەنیا بۆ مامەڵە سیاسییەکانی دەوێ. پێویست بە ئاماژەیە کە لە دامەزرانی پژاک واتە لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە ماوە بە ماوە گوێبیستی تێکهەڵچوونی هێزەکانی پژاک لەگەڵ پۆلیسی ڕێگەوبان و بازگەکانی هێزی ئینتیزامی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بووینە، بەڵام هێرشی ساڵی ٢٠١١ی سپای پاسداران بۆ سەر قەندیل گەورەترین تێکهەڵچوونی پژاک و سپای پاسداران بوو. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە چیای جاسووسان جێگیر بوون. ئەحمەد دەنیز بەرپرسی پەیوەندییەکانی پەکەکە لە ڕۆژی ٢٦ی سپتامبری ٢٠١١ بە ڕووداوی ڕاگەیاند هاتنی ئێران بۆ چیای جاسووسان، بە ڕێککەوتنی نێوان پژاک و ئێران بووە.

ماڵپەڕی ویکیلیکس ئەم هەواڵە پشتراست دەکاتەوە و دەڵێ کە سەرکەوتنی سپا، سەرکەوتنی نیزامی نەبوە و بەڵکو پێکهاتنی سیاسی بووە، بە تایبەت ئاڵۆزییەکانی سوریە، پەکەکە و ئێرانی گەیاندە ئەو قەناعەتە کە هاوپەیمانییەکی نوێ بە مەبەستی کردنەوەی ڕێگایەک لە کوردستانی باشوورەوە بۆ سووریە پێویستە! پەکەکە پێیوابوو کە ئەمە باشترین دەرفەتە کە ئێران هاوپەیمانی کورد و شێعە پێکبێنێ و بەرژەوەندی کورد و شیعە لە دەوری ئاوەها ڕێککەوتنێکە!

پەکەکە وا بیری کردۆتەوە کە بارزانی بەبۆنەی پاراستنی بەرژەوەندی ئامریکا و ئیسرائیل، دژی ئاوەها هاوپەیمانییەکە، بۆیە کۆڵەکەی ئەساسی ئەم هاوپەیمانییە ئێران و پەکەکە دەبن، بەڵگەی ئەم بۆچوونەش ئەوە بووە کە پەکەکە لە هەر چوار پارچە ئەکتیڤە و ئەگەر ئەم هاوپەیمانییە سەر بگرێ، بە واتای ئەوەیە کە هەموو بەشەکانی کوردستان دەتوانن بەشێک بن لەم هاوپەیمانییە، بەم هاوپەیمانییە پەکەکە هیوادارە کە دیسان مەشرووعییەتی ناوچەیی بۆ بگەڕێتەوە.

(ویکیلیکس: ٢٠١٣)

کاتێک کە ڕووناکبیران و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئەو پرسیارەیان بەرەورووی لقی ڕۆژهەڵاتی پەکەکە کردەوە کە بۆچی شوێنێکی ئیستراتێژیک وەکو جاسووسانتان دایە دەستی ڕژێم، بە جیاتی وەڵامێکی لۆژیک دەستیانکرد بە هێرشی تەبلیغی و هەڕەشە و گوڕەشە و جنێو و بێ ڕێزی کردن. ڕێوار ئابدانان یەکێک لە سەرکردەکانی پژاک بەمشێوەیە لە سەر ئەو حیزبانە دەدوێ و دەڵێ: هێندێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی کۆمەڵەی مۆهتەدی حیزبی دیمۆکراتی هێجری لە سەر هەڵوێستی بەکرێگیراوانەی خۆیان پێداگرن.

ئەوان کە لە ڕاستیدا بەشێکن لە پرۆژەی دژە پژاک بەقسەی پووچو بێ بنەما دەیانەوێ پژاک تیرۆریزە بکەن. ڕێبەرانی ئەم حیزبە نەریتی و گەندەڵانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مۆهتەدی و شەرەفی، لە ماوەی ئەم شەڕەدا دژی پژاک ڕاوەستانەوە و بە کردەوە نۆکەرایەتی خۆیان بۆ دژمەنانی کوردستان دووپاتکردەوە و خۆیانیان کردە حەڵقە بەگوێ دژمنان. ئەوانە کە خۆیان پەراوێز خراون لە گەرمەی حەماسەی قەندیل بوونەتە ئێستراتێژیستی وڕاجی شێوەکانی خەبات، بەڵام نوێترین شێوەی خەبات لە دیدی ئەم کابرایانە کۆ کردنەوەی کلکسیونی پیپ، خواردنەوەی ئەلکۆلی، چەک، گەندەڵی ئەخلاقی و ژن بازییە.

(ڕێوار ئابدانان: ئاگۆستی ٢٠١١)

بە دوای ئەم بێڕێزییەی ڕێوار ئابداناندا باڵی چەکداری پژاک HRK لە ڕاگەیەندراوێکدا هەموو ڕەخنەگرانی پژاکی ئاگادار کردەوە و هەڕەشەی لێیانکرد و گوتی: لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە دامەزراندن و پەرە پێدانی کونترا گەریلا (دژە گەریلا) لە هەرێمەکانی موکریان و ورمێ لە

هەوڵداندایە، تاکوو پارتەکەمان ڕەش بکات و هاوکات ئەوە لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیدا ڕەوای پێدەدا و لە ناو گەلدا دەیەوێت پەرەیپێبدات. لەلایەکی دیکەوە هێندێک بیرۆکەی تەسک بە ناو سیاسی کە هێشتا چاوەڕوانی دەستێکن لە دەرەوە وەک ناجی یا ڕزگارکەرێک بێت و ئەوان ڕزگار بکات، لە ناو ئەم گەمە قرێژەدا جێگایان گرتووە. هەر چەن بە جاران دەرکەوتووە کە وەک ئامرازێک بە کاریان دێنن و ئەوەش لە ڕۆژئاوای کوردستاندا لە کەسایەتێکی وەکوو سەیدا دا خۆی نیشاندا.

ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ئەوەی بۆ خۆیان لە نێو گەلدا نین، دەیانەوێت بە شێوازی شەڕی تایبەت کە هەمان تاکتیکی ڕژیمی ئێرانە، پارتیمان لە هەمان چوارچێوەدا کە داگیرکەر دەیەوێت ڕەش کەن. ئەندامان و هێندێک بە ناو لایەنگرانی پارتەکانی ڕۆژهەڵات وەک کۆمەڵەی (عەبدوڵڵا موهتەدی) و دیموکراتەکان دەستیانکردووە بە پەیڕەو کردنی ئەم سیاسەتە. هەروەها چەپەڵتر لە هەموو بەشی ئەو شەڕە تایبەتە، ئەوەیە کە لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی کەسانێک کە توانا و هێزی تێکۆشانیان بۆ گەلەکەیان نیە و نەماوە و نیشتەجێی وڵاتە ڕۆژئاوایەکان یا باشووری کوردستانن، جێگای هەڤاڵانمان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوکاری هێندێ کەس لە ناوخۆ ئاشکرا دەکەن، کە بێگومان کەسانی وەها، نە تەنیا خۆیان هێزی تێکۆشانیان نیە، بەڵکوو دەبێژن کە کەسی دیکەش نابێت لە پێناو گەلدا خەبات بکات و پێویستە وەک ئێمە بێت.

ئەمشیوازە جێگا دیار کردنە کە لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەکوو فەیسبووک بەرێوە دەچێت، ئێمە وەکوو شێوازێکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی سیخۆڕی بۆ دوژمنانمان دەزانین. لێرەشدا پێویستە هەر کەس باش بزانێت ئەو کەسانە دەیانەوێت گەل کە بەساڵانە قوربانی ئەو سیاسەتە بووە سەر لە نوێ فێری سیخۆڕیان بکەنەوە. پارتیمان بەو ئەزموونەی کە بە تێکۆشانی چەندین ساڵە لە خەباتی نێو گەلدا دەستیخستووە، باش دەزانێت کە چۆن هەم خۆی و هەم گەلەکی بپارێزێت و دەیپارێزێت. گرنگ ئەوەیە ئێمە بزانین کە هەڵویستی ئەو پارتە کوردیانە کە لایەنگران یا ئەندامانیان وەها دەکەن چیە و پێویستە وەڵامدەرەوەبن. (بڕیارگەی ناوەندی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: ٢٠١٢)

هێرش بۆ سەر رووناکبیر و چالاکانی سیاسی رۆژهەڵات لە کاتێکدایە کە پەکەکە لە رۆهەڵات لەلایەن رژیمەوە مەیدانی تێکۆشانی بۆ ئوەڵا کراوە. ئەندامانی پەکەکە لقی کوردستانیی پارتی یەکیەتی نەتەوەیی ئێران لە کوردستان دادەمەزرێنن. لە مەرامنامەی پارتی یەکیەتی نەتەوەیی ئێراندا ئامانج لە دامەزرانی ئەم پارتە لە چەند خاڵدا بە روونی شیکراوەتەوە، پێبەند بوون بە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی، پێکهێنانی بەستێنێک بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجەکانی خۆمەینی و ناساندنی شارستانییەتی ئێرانی ئیسلامی بە لاوەکان لەو خاڵانەن کە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو پارتە پێکدێنن.

ئەندامانی پەکەکە لە ناو ئەم پارتەدا رێکخراون و تیئۆری و بۆچوونەکانی پەکەکە و ئۆجەلان لە نێو لاوانی رۆژهەڵاتدا لە رێگەی ئەم پارتەوە ئازادانە پەرەپێدەدەن. لە شارەکانی رۆژهەڵاتدا ئازادانە لە چوارچێوەی ئەم پارتەدا کۆبوونەوە دەگرن و راستەوخۆ باسەکانی ئۆجەلان و پەکەکە دێننە ئاراوە کە ئەمە باس لە هاوئاهەنگی و هاوکاریی نێوان رژیم و پەکەکە دەکات!

لەم ناوەدا پەکەکە لە ٢٠١٤/٥/٥ لە ڕێگەی پژاکەوە سیستمێکی نوێی بەناوی سیستمی کۆمەڵگەی دێموکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان KODAR ی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراند و لە ڕاگەیاندنێکدا بە ٣٠ خاڵ باسی لە بەرنامە و کاری ئەم سیستمە کرد. لەم نێوەدا بە توندی هێرشکراوەتەوە سەر دەوڵەت-نەتەوە و وەکوو کۆسپ ناودێر کراوەتەوە. کۆدار هەمان کۆنفیدرالیزمی دێموکراتیکە، بەڵام بە ناوێکی دیکەوە.

لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی کۆداردا کە سی خاڵ لە خۆی دەگرێ، هاتووە کە گەلی کورد و بزووتنەوە شوناسخواز و ئازادیخوازەکەی ساڵانێکە بۆ پاراستنی هەبوون و ئازادی تێکۆشان دەکات. بە لە بەرچاو گرتنی ئەزموونی مەزنی مێژوویی خۆی، دەوڵەت ـ نەتەوەگەرایی تێپەڕاندووە و بە پشتبەستن بە ڕێکاری نەتەوەی دێموکراتیک، ئاڵتەرناتیڤێکی نوێی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆی پێشکەشکردووە. چارەسازبوونی سیستەمی کۆنفیدڕاڵیزمی دێموکراتیک بەتایبەتی بە هۆی یەکانگیربوونی لەگەڵ جەوهەری پڕ لە ڕەنگاوڕەنگیی کۆمەڵگا، مزگێنیی دێموکراسییەکی سەردەمیانە بە

پێشەنگایەتیی گەلی کورد دەدات. لەسەر ئەم بنەمایە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ئەم سیستەمە وەک ڕێکارێکی دێموکراتیک و نادەوڵەتیانە، لە چوارچێوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی و هەموو ئەو شوناسە جیاوازانەدا کە لە کوردستان دەژین، بە بنەما وەردەگرێت (پەیماننامەی کۆمەڵگای دێموکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵات: ٢٠١٤).

هەروەها لە بەندی یەکەمی بنەما سەرەکییەکانی کۆداردا دیسانەوە دژایەتی لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوە زەقتر دەبێتە و دەڵێ: دەوڵەت ـ نەتەوە و نەتەوەگەرایی، ئاستەنگییەکی جیدییە لە بەرامبەر بە دەزگابوون و بڵاوبوونەوەی دێموکراسی و ئازادی لە ناو کۆمەڵگادا. کۆمەڵگایان وا تێگەیاندووە کە تاکە ڕێگای گەیشتن بە ئازادی و بە ئیرادە بوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پێکهێنانی دەوڵەت،. بەڵام ڕەوشی هەنووکەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو قەیرانەی کە کۆمەڵگای جیهانی ئەمڕۆ لەگەڵیا ڕووبەڕوویە، نیشانەی ناکارامەیی مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوەیە. هێزەکانی هەژمۆنیکی سیستەمی سەرمایەداری بۆ گەیشتن بە بەهرەی لەڕادەبەدەر، بەردەوام لە سیاسەتی دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە و هەڵگیرساندنی شەڕ لە نێو کۆمەڵگاکاندا کەڵکی وەرگرتووە. مۆدێلی دەوڵەت- نەتەوە بە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکدەست و یەکڕەنگ، دووژمنی هەموو ئەو ڕەنگ و جیاوازییانەیە کە لە نێو کۆمەڵگادا هەن.

سیستەمی کۆنفێدرالیزمی دێموکراتیک لە بەرانبەر ئەم ڕەوشەدا، مۆدێلێکی نادەوڵەتی و دێموکراتیکە کە ئازادی و ئیرادەی گشت جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان لە خۆ دەگرێت و بە تێپەڕکردنی زەینییەتی بەرژەوەندیخوازیی سیستەمی سەرمایەداری، قەیرانەکان تێپەڕ دەکات و ئاشتی بەدی دێنێت (پەیماننامەی کۆمەڵگای دێموکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵات: ٢٠١٤). پێویست بە ئاماژەیە نە پژاک و نە کۆدار لە لایەن حێزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بە فەرمی نەناسراون و بە دەستێوەردانی پەکەکە لە ڕۆژهەڵاتیان دەزانن.

پژاک وەک لقی ڕۆژهەڵاتی پەکەکە ئۆجەلان لەسەروو هەموو گەلی کوردەوە دەبینێ و چارەنووسی نەتەوەی کورد بە چارەنووسی ئۆجەلانەوە گرێدەدات. کە ئەمە لەگەڵ ڕۆحی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ناتەباییدایە. لە یەکەمین

خاڵی ئەنجامی کۆتایی کۆنگرەی پێنجەمی پژاکدا هاتووە کە ئازادی ڕێبەر ئاپۆ کە سەمبولی ڕاستەقینەی ئازادیخوازی نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەتی نەتەوی کوردە، وەک ناوەندو و پەیامبەری خەباتی ئازادیخوازی، بۆ بەرقەراری ئاشتی و دیموکراسی لە ناوچەکەدا، سەرەکیترین بوارەکانی خەباتی پژاکن کە لەم چوارچێوەیەدا پەرەپێدان، بڵاوکردنەوە و دەروونی کردنی ڕامان و ئەندیشەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە گرینگترین خەباتەکانی سیاسی و ئایدیالۆژیکی پەژاکن. (پژاک: ٢٠١٦)

هەر بۆیە کۆدار لە بەیاننامەیەکدا دەڵێ: چارەنووس و ئازادی گەلی کوردستان گرێدراوی تەندروستی ڕێبەر ئۆجەلانە و هەر چەشنە هێرش و مەترسییەک سەر ئۆجەلان، هێرشە سەر دەسکەوت و هەبوونی گەلی کوردستان و مایەی پەسند کردن نیە. (کۆدار: ٢٠١٧)

کۆدار و پژاک لە ١٢ی ژوولای ٢٠١٨دا پرۆژەیەکیان بۆ دیمۆکراتیزە کردنی ئێران دایە دەرەوە کە لەودا هاتبوو: «ئێران یەک لەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە مێژووی کۆمەڵگای ئازاد لەوێ دەستیپێکردووەو بڵاو بۆتەوە. ئێران لانکەی کۆمەڵگا و تێکۆشانی ئازادی بووە و ئێستاش هەر ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت. گەلانی ئێران لە سەر ئەم بنەمایە لە ڕابردوودا ژیانێکی کۆنفیدراڵیان بووە و مێژووی ئەم وڵاتە پڕە لە تێکۆشەرانی ماندویی نەناس و خەباتی ئازادیخوازی، بەتایبەت گەلانی ئێران و گەلی کوردیش پێکەوە لە کاتی کۆمەڵگای سروشتی تا ڕۆژی ئەمڕۆ مێژوویەکی هاوبەشیان نووسیوە و لە دژی ستەم و نادادپەروەری تێکۆشانی هاوبەشیانکردووە. بێگومان لە مێژوو، چاند و بیرۆکەی هاوبەشیاندا کاریگەریان لەسەر تێکۆشانی یەکدی داناوە.

کۆنفیدرالیسمی هۆزەکانی ئێرانی و کوردستانی لە دژی زوڵم و ستەمی ئاشوریەکان لە مێژووی کۆن و شۆڕشی گەلانی ساڵی ١٣٥٧ لە مێژووی هاوچەرخدا، نموونەی بەرچاوی ئەو تێکۆشانە هاوبەشەن. ئەم ژیانە کۆنفیدراڵە نیشاندەری یەکیەتی حاشاهەڵنەگری مێژوویی گەلانی ناو ئێرانە کە لەسەر بنەمای چاندی دەوڵەمەند و هاوبەشی ئەو گەلانەیە و هێندەی یەکگرتوویی زاگرۆس و ئەلبۆرز پتەوە... کۆماری ئیسلامی هەر لە دەسپێکی گەیشتن بە دەسەڵات کەوتە ناو شەڕێکی

قورس لەگەڵ عێراق، ئارام ئارام لە ڕاستی کۆمەڵگا و گەلانی ئێران دوور کەوتەوە و لەگەڵ هێزی دەوڵەت-نەتەوە یەکانگیر بوو... زلهێزانی ئەمریکی و ئەورووپی دەیانەوێت ئێران وەک سوریا لێ بکەن و ناوەندی وزە و هێزی ئێران بخەنە دەستی خۆیان...

بە گشتی بە لۆژیکێکی ڕادیکاڵ پێویستە بڵێین ئەم قەیرانە (قەیرانەکانی ئێران) تەنها بەرهەمی دەوڵەت و رژێم نییە، بەڵکو بە لە بەرچاوگرتنی ڕەهەندی دەرەکی، سیستمی سەرمایەداری و زیهنیەتی لیبراڵی جیهانییش تاوانبارە و لەپاڵ کۆماری ئیسلامیدا دژی گەلان کار دەکات و هۆکاری ئەو کێشانەیە... بۆ گەلانی ئێران، نەتەوەی دیموکراتیک و خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک سەرەکی ترین پێداویستیە، دیموکراسی بە بنەماگرتنی کۆمەڵگا و دیموکراسی گەلان تەنها لە چوارچێوەی دیموکراسی خۆجێیی (مەحەلی) جێگای قبووڵ کردنە... زلهێزانی جیهانی و هەرێمی لە کارتی کورد بۆ لەناوبردنی گەلانی کوردستان، ئێران، سوریا، تورکیا، ئێراق و گەلانی وڵاتانی دیکەی هەرێمی سود وەردەگرن.»

ئەو پرۆژەی کۆدار بۆ رۆژهەڵات و ئێران بە گشتی شتێکی نوێ نەبوو، بەڵام هێندێک خاڵی جێگای سەرنجی تێدایە. یەکەم خاڵی سەرنجراکێش، درێژ کردنەوەی مێژووی ئێران بۆ «کۆمەڵگەی سروشتی»یە. کۆمەڵگەی سروشتی لە تێئۆرییەکانی مورای بووکچین وەرگیراوە و مەبەست گرووپە چووکە مرۆییە سەرەتاییەکانە کە لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونەوە و پیاوەکان دەڕۆشتن بە راو و ژنەکانیش لە ماڵ ئیشی پاراستنی منداڵەکانیان لە ئەستۆ بوو.

مەبەست لەم کۆمەڵگەیە بە گشتی ئەو سەردەمەیە کە مرۆڤ هێشتا تەنانەت فێری ژیانی کۆمەڵایەتیش نەبووە. دووهەمین خاڵی سەرن راکێشئاماژە بە سووریەیی کردنی ئێرانە! کۆدار یان هەمان پەکەکە تاوانی سووریەیی کردنی ئێران دەخاتە ئەستۆی وڵاتانی زلهێز. ئەمە ناراستەوخۆ واتایەکی دیکەی هەیە، واتە سوریەش وڵاتانی زلهێز وایانلێکرد! ئیتر لەم ناوە دەسەڵاتی زاڵ بە سەر ئێران و بەشار ئەسەد کە هاوپەیمانی ئیستراتێژیکن و سوریە رۆڵی هێڵی بەرخودان دژی ئیسرائیلی بۆ ئێران هەیە و تاوانباری سەرەکین و ئامادەن بە نرخی کاول بوونی وڵات و کوژرانی سەدان هەزار کەس هەر وا درێژە بە دەسەڵاتی

دیکتاتورانەی خۆیان بدەن رۆڵیان لە کاول کرانی سووریەدا نادیارە! خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە کاتێک باسی قەیرانەکانی ناو ئێران دەکات، تاوانی پێکهاتنی بۆ وێنە بێکاری، ئیعتیاد، وشکساڵی... دەخاتە ئەستۆی وڵاتانی زلهێزی دنیاوە. شتێک کە خامنەیی و رێبەرانی دیکەی رژیم ماوە ٤٠ ساڵە دووپاتی دەکەنەوە. خاڵی سێهەم کە پێویستە باسی لە سەر بکرێ شێوەی نوێی پەکەکە بۆ داماڵینی مەشرووعییەت لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانە.

پەکەکە لەم بەیاننامەیەدا راست بە شێوەی رێبەرانی رژێمی ئێران دەڵێ زلهێزەکان لە کارتی کورد بۆ کاولکردنی ئێران، عێراق، تورکیە و سوریە کەڵک وەردەگرن، بەڵام سەرنجراکێش ئەوەیە کە تەنیا گرووپێک لە کوردستان کە ئامادەیە شەڕی بە وەکالەت بکات و تا ئێستا کردوویەتی خودی پەکەکەیە! خاڵی کۆتایی دیمۆکراسی خۆجێیییە. دیمۆکراسی خۆجێیی (مەحەلی) کە لەم پرۆژەیەدا هاتووە و دەڵێ «دیموکراسی بە بنەماگرتنی کۆمەڵگا و دیموکراسی گەلان تەنها لە چوارچێوەی دیموکراسی خۆجێیی (مەحەلی) جێگای قبووڵ کردنە» زۆر جێگای تێفکرینە! ئەم پرۆژەیە چەند ساڵ پێش ئێستا لەلایەن دەزگای ئەمنییەتی رژێمی ئێرانەوە لە دووتۆی کتێبێکدا و لە ژێر ناوی «دمکراسی محلی» درایە دەرەوە.

ئەم کتێبە بریتییە لە وتووێژی لەگەڵ ٥٣ کەس لە سیما ناسراوەکانی رژێم وەک باقر قالیباف و مەعسوومە ئێبتێکار. ئێستا پەکەکە دەیەوێ خەباتی کوردی رۆژهەڵات تەرخان بکات بۆ جێگیر کردنی هەمان پرۆژەی دەستگای ئەمنییەتی رژێمی ئێران!

دوای ئەوەی کە ئەم پڕۆژەیە رەخنە و لۆمەی چالاکانی رۆژهەڵاتی بە دوادا هات و پژاک کەوتە دۆخێکی وەهاوە کە هیچ وەڵامێکی نەبوو، ئەمجار پژاک بۆ جوانکردنەوەی سیمای خۆی، پڕۆژەیەکی دیکەی دایە دەرەوە کە لەم خاڵانە پێکدەهات:

١ـ پێکهێنانی کۆمیسیۆنی هاوبەش بۆ نەهێشتنی ناکۆکی نێوان هێزە سیاسیەکان و حیزبە کوردیەکان کە تێیدا ڕۆڵی سەرەکی بە ڕووناکبیران و ئاکادمیسیەنەکان درابێت.

٢ـ پێکهێنانی مەجلیسی نەتەویی و دموکراتیک و فەراحزبی بە بەشداری نوێنەرانی حیزبەکان و کەسانی ناحیزبی، رێکخراوە مەدەنیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە یەکێک لە ئەرکەکانی چاودێری هەڵسوکەوتی حیزبەکان دەبێت کە هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کورد لە بەرامبەریدا وەڵامدەر بن.

٣ـ پێکهێنانی هێزێکی سەربازی و ئارتەشی نەتەویی و هاوبەش لە چوارچێوەی پاراستنی رەوا.

٤ـ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی سەربازی وەڵامدەر بە مەجلیسی نەتەوەیی و دمۆکراتیک.

٥ـ پێکهێنانی ئەنجومەنی دیپلۆماتیکی هاوبەش، بۆ نوێنەرایەتی کردنی کوردان لە کۆڕبەندی جیهانی و هەرێمی، لەژێر چاودێری مەجلسی نەتەویی و دمۆکڕاتیک.

٦ـ پێکهێنانی میدیا و تەلەفزوێنی هاوبەش بۆ بڵاوکردنەوەی سیاسەتەکانی مەجلیسی نەتەویی لە ئاستی کوردستان و ئێران.

٧ـ پێکهێنانی ناوەندێکی لێکۆڵێنەوەی ستراتیژیکی کوردستان لە ئوروپا بە بەشداری کوردانی تاراوگە و لێکۆڵەرانی ناوخۆیی بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ مەجلیسی نەتەویی، حیزبەکان و ڕێکخستنە سیاسیەکان.

٨ـ پێکهێنانی ناوەندێک بۆ ڕێخستنی چالاکیە هاوبەشەکان (وەک کۆنفرانسەکان، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی، مانگرتنی کرێکاری و نافەرمانی مەدەنی) بۆ هاوئاهەنگی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان.

٩ـ پێکهێنانی دامەزراوە و ڕێکخستنی فەراحزبی تایبەت بە ژنان لەسەر بنەمای خەسارناسی و چارەسەری کێشەکانی بواری ژنان بە جەختکردنەوە لە بڕیاردانی هاوبەش و پراکتیکی تەریب لەپێناو چارەسەری قەیرانی کۆمەڵگای ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

١٠ـ پێکهێنانی کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ ئەوەی چالاکانە و ڕۆژانە چاودێری دۆخی زیندانیانی سیاسی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و تێکۆشان بۆ ئازادی هەمو زیندانیانی سیاسی بکات.» (پژاک:٢٠١٨)

ئەم هەموو هەڵبەزودابەزەی پەکەکە بۆ ئەوەیە کە رای گشتیی رۆژهەڵات ئامادەی مامەڵەیەک بکات کە لە سووریە لەگەڵ بەشار ئەسەد کردی، دوای ئەم پڕۆژەیە شەماڵ بەشیری نوێنەری پژاک لە دەرەوەی وڵات دەڵێ: «بژاردەی سێهەم تەنها بژاردەیەکە کە سیستەم دەتوانێت لە خراپترین حاڵەتی خۆیدا مەجبوور بە بەکارهێنانی بێت. بژاردەی سێهەم هەڵگری مۆدێلی سوریایە. مۆدێلێک کە ئێران لە قۆناخی هەرە قەیراناوی لە سوریەدا، ئامادەبوو قەبووڵی بکات. بژاردەی سێهەم، گۆڕانکاری لە پێکهاتەی رێوەبەریدایە.

واتە هەتا ئاستێک دێسێنترالیزەکردنی مۆدێلی رێوەبەری وەک مۆدێلی سوریە و رۆژئاوای کوردستان. لەم حاڵەتەدا ئێران ئامادەیە بەشێک لە جوگرافیای وڵات لە مەترسی بەکارهێنان لە لایەن هێزی دەرەکی قوتار بکات و بەم شێوەیە بە پێدانی مافی خۆرێوەبەری لە چوارچێوەی مۆدێلی ئەیالەتیدا هەنگاو بۆ گۆرانکار هەڵبهێنێتەوە. پەکەکە خۆی لەم مۆدیلەدا دەبینێتەوە و هیوای بۆ دەخوازێت. هەر بۆیە ئامادەشە کە زیانی زۆر بۆ دڵنیایی پێدان بە سیستەم قەبووڵبکات.» (ش. بەشیری: ٢٠١٨)

لەم بارەیەوە باران بێریتان کە لە سەر ئەم پرۆژەیە قسەی کردووە دەڵێ: «پژاک سیستمێکی نزیک لەوەی پەیەدە لە ڕۆژئاڤای کوردستان پیادەی دەکات بە باش دەزانێت بۆ ڕۆژهەڵات» (باران بێریتان، پەرەگراف، ٢٠١٨) کە دیارە ئەوەی لە رۆژئاوا هەیە، مامەڵەی پەکەکە لەگەڵ سووریەیە و راونانی هەموو هێزەکانی ئەو بەشەیە لە کوردستان و داسەپاندنی سیستمی سەرکوتکەرانەی پەکەکە و ئەم خاڵانەی پژاکیش کە خستوونیەتە روو تەنیا بۆ بەلاڕێدابردنی رای گشتی لە ناوەرۆکی سیستمی پەکەکەیە.

هەر لە درێژەی ئەم پرۆژەیەدا، سیامەند موعینی هاوسەرۆکی پژاک لە وتووێژ لەگەڵ دەنگی ئەمریکادا دەڵێ:»بۆعدی نیزامی ناتوانێ ئێستا چارەسەرییەکی دروست بێت، دەتوانێ تەخریباتێکی زۆر لە سەر رەوتی خەباتی پێشکەوتنخوازانەی رۆژهەڵات بکات، بۆیە ئێمە بواری نیزامیمان بەو شکڵەی کە پێویستە ئاکتیڤ نەکراوە... بۆعدی نیزامی تەخریباتێک دەکات کە ئەو تەخریباتە بە دەیان ساڵ جۆبران ناکرێتەوە» (س. موعینی: جولای ٢٠١٨) چەند رۆژ دوای ئەم

وتووێژە دەستەیەک لە گەریلاکانی پژاک هێرشیانکردە سەر بنکەیەکی سپای پاسداران و ١١ کەس پاسدار کوژران. لەم بارەیەوە سیامەند موعینی دەڵێ: «هێزەکانی ئێمە لەناوخۆ هەن، سوپای پاسداران بۆسەیان بۆ هێزەکانی ئێمە دانابوو، کاردانەوەیەک بوو لەلایەن ئێمەوە کە هێرشیانکردە سەر پێگەیەکی ئێران. هەرچەندە پێمان خۆش نییە، بەڵام ژمارەیەک لەوێ کوژرابوون، لەشەڕدا ناپرسرێت ئەو کەسانە باش بوون یان کێ بوون، بەڵام خواستی ئێمە نییە خەڵک بکوژرێت. ئێمە دەخوازین بە دیالۆگ پرسی کورد چارەسەر بکرێت. نەشکرێت ئێمە هێزی پاراستنمان هەیە، لە خۆمان رادەبینین هێزی پاراستن پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی ئازادی و دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکات». (س. موعینی، روداو، ٢٠١٨)

بەڵام هەواڵەکان بە جۆرێکی دیکە باس لە راستیی تێکهەڵچوونە سەربازییەکەی پژاک و سپای پاسداران دەکەن. ماڵپەڕی ئاڤاتوودەی دەڵێ: « پەیوەندییەکانی پەکەکە و سوپای پاسداران هێندە کاریگەری لەسەر چالاکییەکانی پژاک دژ بە کۆماری ئیسلامی داناوە کە پژاک بووەتە گرووپێک لە ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران و تەنانەت خوازیاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نەبوون! لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە، دەیان کادیری سەرەکی و گەورە و مێشکی پژاک لە نێو ئەم حزبەدا نەماون و ڕیزەکانیان بەجێ هێشتووە.

هێرشی سەربازی ئەمڕۆ شەممەی پژاک دژ بە سوپای پاسداران لە مەریوان، ئەنجامی ڕەخنەیەکە لەسەر پەیوەندییەکانی پەکەکە و سوپای پاسداران و لە ڕوانگەی لایەنگرانی ئەم گرووپە هەنگاوێکی ئەرێنییە تا پژاک لە ژێر کاریگەری تەواوی پەکەکە بێتە دەرەوە و لەمەودوا خۆی لە نێو چوارچێوەی ڕیفۆرخوازی نێو ئێران پێناس نەکات.» (ئاڤاتوودەی:جوولای ٢٠١٨)

لە ١٥ی سێپتمابری ٢٠١٨ هەواڵی شەهید بوونی ئەو پۆلە گەریلایە کە ئەو چالاکییەیان کردبوو، بڵاو بوویەوە، لەم بارەیەوە عەلی جەوانمەردی رۆژنامەوانی کورد لە هەمان رۆژ رایگەیاند کە «هەڤاڵ تورهەڵدان بەبێ ئاگاداری پەکەکە دەستیکرد بە ئەنجامدانی ئەو عەمەلیاتە، سپا لەگەڵ پەکەکە پێوەندی گرتووە کە ئێمە یارمەتیداندەدەین و لە ئۆرمیە نوێنەرایەتیتان هەیە، واتای ئەم عەمەلیاتە

چیە؟ پەکەکە ئەو ٦ کەسە کە عامیلی ئەو عەمەلیاتە بوون، هەر شەشی بە شەهید کردندا، هەمووی بە هاوکاری و چرای سەوزی پەکەکە بوو کە لە بۆسەی سپا کەوتن و شەهید کران» (ع. جەوانمەردی: ١٥ی سپتامبری ٢٠١٨) پێویست بە ئاماژەیە کە پێشتر موراد قەرەیڵان رایگەیاندبوو کە هەر لایەنێک دژی کۆماری ئیسلامی شەڕی چەکداری بکات، دەکەوێتە خانەی تورکیە و خزمەتە بە رژێمی تورکیە. ئەم هەڵوێستانەی پەکەکە کە لەگەڵ بەشار ئەسەد، حەشدی شەعبی و گرووپە توندئاژۆوەکانی سەر بە رژێمی ئێران و هاوپەیمانی لە گەڵ سپای پاسداران وایکردووە کە بە ئاشکرا ئەمریکا بۆ گرتن و ئاشکرا کردنی شوێنی مانەوەی موراد قەرەیڵان، جەمیل بایک و دۆڕان کاڵکان لە دیارترین رێبەرانی پەکەکە، خەڵاتی ملیونی دیاری بکات. کاتی دیاری کردنی ئەم خەڵاتە کە تەنیا یەک رۆژ دوای خۆلی دووهەمی گەمارۆکان بۆ سەر ئێرانە، واتادارە!

بە تایبەتی ماڵپەڕی ئاڤاتوودەی ئاشکرای دەکات کە «جەمیل بایک یەکێک لە ڕابەرانی پەکەکە هاوکاری حزبەکەی لەگەڵ سوپای پاسداران بردە نێو قۆناغێکی دیکەوە. بە شێوەیەک کە پەکەکە لە ورمێ نوێنەرایەتی کردەوە و سوپای پاسداران دەستی بە هاوکاریی لۆجیستیک و ئازووقەی زیاتر کرد.

پەکەکە ڕێگەی دا سوپای پاسداران لە ناوچە کوێستانییەکانی قەندیل دەست بە جادەسازی بکات و ١٢ پایەگای سەربازی لە نێو خاکی هەرێمی کوردستان دروست بکات.» (ئاڤاتوودەی:٢٠١٨)

## پەکەکە و کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

بە پێی یەکەمین راگەیەندراو، کۆبوونەوەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی لە ڕۆژی ٢٠١٣/٧/٢٢ بەڕێوە چووە ئەم بەیاننامەیانە دەرکرد:

ڕاگەیێندراوی یەکەمین کۆبوونەوەی پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکاریی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٣/٧/٢٢ دا لە نووسینگەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی ٣٩ لایەنی سیاسیی هەر چوار پارچەی کوردستان لەسەر داوا و بە سەرپەرشتیی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەیەک بۆ باسکردنی هەنگاوەکانی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و دانانی لیژنەی ئامادەکاری ئەنجامدرا.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا جەنابی سەرۆک بارزانی بە ناوی خۆی و بەڕێزان مام جەلال و عەبدوڵلا ئۆجەلان بەخێرهاتنی هەموو لایەنەکانی کرد و ئاماژەی بە کۆمەڵێک خاڵی ستراتیژیی سەرەکی بۆ بەستن و سەرخستنی کارەکانی کۆنگرەکەی کرد. تێکڕای لایەنە بەشداربووەکانی کۆبوونەوەکە ڕاو سەرنجی خۆیان خستەڕوو سەبارەت بەوەی کە پێویستە گەلی کوردستان ببێتە خاوەنی وتار و ستراتیژییەکی یەکگرتوو لەسەر بنەمای گەیاندنی پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان و کارکردن بۆ گەییشتن بە چارەسەرێکی سیاسی و ئاشتی و عادیلانەی کێشەی کورد و هێنانەدیی مافە ڕەواکانی.

کۆبوونەوەکە جەختی کردەوە لەسەر گرتنەبەری زمانی دیالۆگ و ئاشتی و پەیڕەوکردنی ڕێوشوێنی دیموکراتیانە و ڕێزگرتنی ئیرادەی گەلی کوردستان لەسەرجەم پارچەکاندا بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانیان. هەروەها جەخت

لەسەر ئەوە کرایەوە کار بۆ سەرخستنی کۆنگرەکە بکرێ دوور لەهەموو جۆرە هەڵوێست و ئایدیۆلۆژییەکی حیزبیی بەرتەسک.

هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە کار بکرێت بۆ ئەوەی بڕیار و راسپاردەی کۆنگرە بە شێوەیەکی عەمەلی بێت و لە خزمەتی سەرخستنی کۆنگرە و بەرەوپێشبردنی دۆزی گەلی کورد بێت و هەنگاو بنرێت بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و ئازادییەکان و مافەکانی ژنان بەتایبەتی لە پێناو بەرقەرارکردنی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی.

هەموو لایەنەکان هاوڕا بوون لەسەر کارکردن بۆ سەرخستنی کۆنگرەو دانانی رێوشوێن و کاری لۆجیستی پێویست بۆ گەیاندنی پەیام و ئامانجەکانی کۆنگرە و دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ جێبەجێکردن و بەدواداچوونی بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرە. ئامادەبووان جەختیان لەسەر بەشداری کاریگەرانەی ژنان و لاوان و نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کردەوەو بە گرنگی بایەخ بە پێکەوەژیانی تێکڕای نەتەوەکانی کوردستان درا. کۆبوونەکە ئاماژەی بە گرنگیی بەهێزکردنی پەیوەندی حزبە سیاسییە کوردستانییەکان لەسەرجەم پارچەکانی کوردستان کرد و جەخت لەسەر کاری هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان کردەوە بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانی کورد. لە کۆتاییدا کۆبوونەوەکە بڕیاریدا لێژنەیەکی ئامادەکاری لە ٢١ ئەندام کە نوێنەری سەرجەم لایەنەکانی کوردستان بێت، پێک بێت بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا، کۆنگرە ببەسترێت.

**ناوی لایەنە بەشداربووەکانی کۆبوونەکە:**

١- پارتی دیموکراتی کوردستان
٢- یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
٣- پارتی کرێکارانی کوردستان
٤- کۆنگرەیا جڤاتا دیموکرات DTK
٥- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
٦- پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP

٧- ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سوریا

٨- ئەنجوومەنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان

٩- حزبی دیموکراتی کوردستان

١٠- KNK

١١- پارتی ژیانەوەی ئازادیی کوردستان

١٢- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

١٣- کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان

١٤- بزووتنەوەی گۆڕان

١٥- حزبی شیوعی کوردستان

١٦- حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

١٧- بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان

١٨- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

١٩- کۆمەڵی مافی مرۆڤ لە باکوور

٢٠- پارتی ئازادیی کوردستان

٢١- پارتیا سۆسیالیستا کوردستانێ PSK

٢٢- پارتیا ماف و ئازادییا Hak - Par

٢٣- KESK

٢٤- پارتی سەربەخۆیی کوردستان

٢٥- تەڤگەرا دیموکراتا ژنێن کوردستانێ

٢٦- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٢٧- کۆمەڵەی کۆمۆنیستی ئێران

٢٨- گرووپی دیالۆگی دیجلە و فورات

٢٩- پارتیا ئازادی و سۆسیالیزم

٣٠- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٣١- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

٣٢- MEYA - DER

٣٣- تەڤگەرا ئیسلامیا گەل

٣٤- پارتی دیموکراتی بەشدار KADEP

٣٥- DDKD

٣٦- پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

٣٧- حزبی ئایندەی کوردستان

٣٨- یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

٣٩- پارتی دیموکراتی کوردستان - باکوور

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠١٣/٧/٢٥ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کۆبۆوە . لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەمەبەستی ئاگادار کردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە قۆناخە سەرەتاییەکانی کاری کۆمیتەی ئامادەکاری ئەنجامدرا، بارزانی داوای لە هەموو لایەنەکان کرد کە وەک نوێنەری نەتەوەی کورد کار بکەن نەک وەک نوێنەری حزب و لایەنە سیاسییەکان و وتی دەبێ بەرژەوەندیی کورد بکەنە بنەمای کارکردنیان و هەموویان پێکەوە وەک یەک تیم کار بکەن و کەس هەوڵنەدات هەژموون و ئەجێندای حزبەکەی بەسەر کاری کۆمیتەکەدا بسەپێنێ. ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکاری ئەوەیان دووپاتکردەوە کە کۆمیتەکە تەنیا کاری تەکنیکی و ئیداری دەکات بۆ چۆنییەتیی بەستنی کۆنگرەکە، نەک بڕیاری سیاسیی لەسەر ئەرک و تەوەر و بڕیارەکانی کۆنگرە بدات، بۆیە هەموولایەک داوایان کرد سەرجەم لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان وەک تیمێک کار بکەن و لە ئێستاوە کۆسپ بۆ سەرخستنی کۆنگرەکە دروست نەکەن. (ک.د.پ ئینفۆ: ٢٠١٣)

لە ڕۆژی ٢٠١٣/١١/١٠ لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە شاری هەولێر کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، پاش گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە سەبارەت بە تەواونەبوونی پێویستییەکانی بەستنی کۆنگرە کە بڕیار بوو لە ٢٥ی هەمان

مانگدا ببەسترێت، بەڵام لیژنەکە بەهۆی هەندێ گرفتی سیاسی و تەواونەبوونی ئامادەکارییەکان نەیانتوانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ببەستن. لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد سەبارەت بە دواکەوتنی بەڕێوەچوونی ئەو کۆنگرەیە لە وادەی دیاریکراودا، راگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە کە دەقی ئەو راگەیەنراوە، بەم چەشنەیە:

ئەمڕۆ ٢٠١٣/١١/١٠ی زایینی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە شاری هەولێر کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا. پاش گفتوگۆیەکی راشکاوانە سەبارەت بە تەواونەبوونی پێویستییەکانی بەستنی کۆنگرە کە بڕیار بوو لە ٢٥ی ئەم مانگەدا ببەسترێت، کە بەهۆی هەندێ گرفتی سیاسی و تەواونەبوونی ئامادەکارییەکان ناتوانین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ببەستین، بۆیە دەمانهەوێ بە هەموو لەیەکی رابگەیەنین بەناوی گشت ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەوە کە نوێنەرایەتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی گشت پارچەکانی کوردستان دەکەن، داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان دەکەین.

لە لەیەکی دیکەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە وەکوو لیژنەی ئامادەکار بەردەوام دەبین کە کارەکانمان بۆ تەواوکردنی پێوەندتییەکانی بەستنی کۆنگرە لە کاتێکی گونجاودا، ئومیدیش دەکەین کە گیروگرفتە سیاسییەکان بە دیالۆگ و بە هەند وەرگرتنی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی چارەسەر بکرێن کە ئەوەش بەستێن بۆ بەستنی کۆنگرە خۆشتر دەکات.

هەروەها دووپاتی دەکەینەوە کە بەردەوام دەبین لە کۆبوونەوەکانمان بۆ تەواوکردنی کاری تەکنیکی و بەدواداچوون بۆ چارەسەریی هەر گرفتێک کە بێتە پێش بەستینی کۆنگرەی نەتەویی کورد.

**لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد**

**٢٠١٣/١١/١٠ی زایینی هەولێر ـ کوردستان**

پێشتر لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، رایگەیاندبوو کە بڕیارە کۆنگرەی نەتەوییی کورد لە رۆژانی ١٥، ١٦ و ١٧ی سپتامبەر بە بەشدرای ٦٠٠ ئەندام و ٣٠٠ میوان ناوخۆیی و بیانی لە شاری هەولێر سازبکرێت. لە کورسیەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی لە ١٠٪ بۆ رێکخراوەکان، ١٠٪ بۆ کەسایەتییەکان، ٣٥٪ بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ٤٥٪ بۆ پارتە سیاسییەکان دەبێت و پێویستیشە لەو رێژەیەدا ٤٠٪ی کورسییەکان بۆ ژنان دابنرێت. لیژنەکە رایگەیاند کە تا ئێستا باسی سەرۆکایەتی کۆنگرە نەکراوە، بەڵکو کۆنگرە لەلایەن دەستەیەکەوە بەڕێوەدەبرێت، بەڵام ئەم کۆنگرەیە قەد پێکنەهات، کە کێشە گەورەکەی فراوانخوازیی پەکەکە بوو.

پەکەکە ویستی هەژمونی خۆی بەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی کوردا بسەپێنێت، بۆیە داوای دیاریکردنی نیوەی ئەندامانی کۆنگرەی لەلایەن خۆیەوە دەکرد، لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستانیش جگە لەپژاک و پەیەدە و لایەنە سیاسەییەکانی نزیک لەخۆی رێگری لە پارتەکانی دیکە دەکرد، هەروەها پەکەکە داوای دانانی سەرۆکایەتی کۆنگرە بە شێوەی هاوسەرۆکایەتی دەکرد و ئەو جۆرە سەرۆکایەتیەش جگە لە ناو پەکەکە لە هیچ شوێنێکی دیکەدا نیە. بۆیە گرژی کەوتە نێو پارتە سیاسییەکان و کۆنگرە پەکی کەوت.

**سەرچاوکان:**


- اوجالان، عبدالله: فلسفه آپویستی. ج سوم. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ژوئیه ۲۰۰۷-ئا.

- اوجالان، عبدالله: تاریخ در حوزه دجله و فرات اورفا، سمبل قداست و لعنت، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی سپتامبر ۲۰۰۷-ب.

- اوجالان، عبدالله: آفتاب آزادی (یادداشتهای ملاقات با رهبر آپو)، چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد.ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک (ارد)، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۲-ئا.

- اسناد کنگره دهم پ.ک.ک، ترجمه گروه فارسی آکادمی علوم اجتماعی عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی ۲۰۰۹-ئا.

- اوجالان، عبدالله: مبارزه با اشرارگری، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱٤.

- اوجالان، عبدالله: مانیفست آزادی زن، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۸-ئا.

- اوجالان، عبدالله: مانیفست تمدن دمکراتیک.کتاب اول و دوم، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۹-ب.

- اوجالان، عبدالله: مانیفست تمدن دمکراتیک.کتاب سوم، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱۰-ب.

- اوجالان، عبدالله: مانیفست تمدن دمکراتیک.کتاب چهارم، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱۰-س.

- اوجالان، عبدالله: مانیفست تمدن دمکراتیک.کتاب پنجم، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱۲.

- ئۆجەلان،عەبدوڵا، داستانی ژیانەوە (وتوویژ لە گەڵ یالچین کوچووک)، چاپی کوردی ساڵی ۱۹۹٦، لە چاپ کراوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.

- اوجالان، عبدالله: دفاع از یک خلق. انتشارات پژاک، ئاوریل ۲۰۰٤.

• بایک، جەمیل: تاریخ حزب کارگران کردستان پ.ک.ک، مرکز مطبوعاتی پژاک، چاپخانه آزادی، ٢٠٠٦-ئا.

• اوجالان،عبدالله: از دولت کاهنی سومر به سوی تمدن دمکراتیک، جلد اول و دوم. چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد. ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک (ارد)، چاپخانه آزادی نوامبر ٢٠٠١.

• اوجالان، عبدالله: دادگاه تاریخ. نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ژوئیه ٢٠٠٩-س.

• اوجالان، عبدالله: کرد آزاد هویت نوین خاورمیانه، چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد. ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک (ارد)، چاپخانه آزادی، ژوئن ٢٠٠٣.

• اوجالان، عبدالله: اصرار بر سوسیالیزم، چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد.ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک (ارد)، چاپخانه آزادی، ٢٠٠٢-ب.

• اوجالان، عبدالله: شهروند آزاد. چاپ اول. ترجمه؛ مرکز مطبوعات پژاک. چاپخانه آزادی. ٢٠٠٦-ب.

• اوجالان، عبدالله: چگونه باید زیست، نشر دوم. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی نومبر ٢٠٠٧.

• اوجالان، عبدالله: مانیفست راه انقلاب کردستان، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ٢٠١٠.

• اوجالان، عبدالله: هفت روز با رهبر، رهبریت و خلق (گفتگوی نبیل الملحم با ع. اوجالان)، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی ٢٠٠٨-ب.

• اوجالان، عبدالله: زبان و عمل انقلاب، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ٢٠٠٨-س.

• اوجالان، عبدالله: خودسازی حزبی، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی. ٢٠٠٧-س.

• ئەلیزا مارکوس، مێژووی پەکەکە، (وەرگێڕ: ماجد خەلیل)، چاپی یەکەم، ٢٠١٤، چاپخانەی گەنج.

• بایک جەمیل، ١٩٩٨، مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، بڵاو کراوەی قوتابخانەی ناوەندی پەکەکە.

• برنامه واساسنامەحزب حیات آزاد کردستان (پژاک). کنگره ٤، ٢٠١٤.

• برنامه و اساسنامه حزب کارگران کردستان (پ.ک.ک)، ٤.٤.٢٠٠٥.

• بزاڤا سیاسی ل کوردستانێ ١٩٠٨-١٩٢٧، وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر .

• هویتی که تعریف صحیحی میطلبد http://www.pkkonline.net

• وتووێژی ڕۆژنامەی «تەرەف» لەگەڵ کەماڵ بوورکای، سازدانی نەشەدوزەل، وەرگێڕانی سەلاحەدین بایەزیدی، ٢٠١٢.

• هەڤاڵ ئەبوبەکر، سڤیل، ئامادەکردنی فەیسەڵ خەلیل ٢٠١٢.

• حەسەن شوکری، ئەرگەنەکۆن ترسناکترین ڕێکخراوی تیرۆریستی لە تورکیا، ١٠ی ئاگوستی.

• هەڤاڵ ئەکرەم، گۆڤاری سڤیل، فەیسەڵ خەلیل ٢٠١٢.

• لێدوانی قەرەیلان بۆ ئاژانسی فیرات نیوز، ٣٠.١١،٢٠١١.

• ڕۆژنامەی سەباح، ئاگوستی ٢٠١١.

• حەسەن جوودی، مێژوویەک لە ئاگر «دیمانە لەگەڵ جەمیل باییک»، چاپی دووهەم، ٢٠١١، ئەنستیتۆی کورد لە ستۆکهۆڵم.

• مرکز دائره المعارف بزرگ اسلامی، دانشنامه بزرگ اسلامی، جلد ٨.

• بازخوانی آخرین کودتای ژنرال‌های ترک، میراندا میناس – آیدین روشن، ١٣٨٩.

• ئاژانسی فیرات نیوز: ٢٠١٥، ٣٠ سال قبل در چنین روزی ١١ مبارز عضو پ ک ک در لبنان جان خود را از دست دادند. http://m.anfpersian.com

• عاکیف حەسەن: ٢٠١٣، https://www.youtube.com

• جویس ستار، «بحران آب: زمینه ساز درگیریهای آینده در خاو میانه» ترجمه الف. طباطبایی، اطلاعات سیاسی-اقتصادی، شماره ٥٥،٥٦، پاییز ١٣٧١، ص ٤٦.

• شەمدین ساکیک: ٢٠١٦، http://pdki.dk

• حجت الله افغانی، ابعاد سیاسی-امنیتی بحران آب در خاورمیانه عربی و آینده صلح اعراب و اسرائیل، تهران، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، ١٣٧٧

• کوردیپیدیا: ٢٠١٠، «دۆکتور سیروان» http://www.kurdipedia.org

• کریس کۆچێرا، دوایین وتووێژی ئۆجەلان، لە فەرانسییەوە بۆ کوردی: سەلاحەدین بایزیدی. http://www.nnsroj.com

• اسناد و مصوبات کنگره خلق کردستان، اساسنامه

• عوسمان ئۆجەلان، ژمارە ٨٠ی ساڵی شەشەمی گۆڤاری لڤین، ئامادە کردنی سۆران پالانی

• نیزامەدین تاش ٢٠١١ دیمانە لە گەڵ میدیا نیوز

• ڕێبوار مەعرووفزادە: ٢٠١٣، «کورد، ئاکەپە، بەدەپە و پەکەکە»

• پێنج کاتژمێر و نیو لەگەڵ قەرەییلان، ئامادە کردنی حەسەن جەماڵ، وەرگێڕانی ئیبراهیم شێخ شەرەفی، ٢٠١٣
• ڕاگەیەندراوی- PDK باکوور لە سەر پەیامی نەورۆزی ئۆجەلان: ٢٠١٣، pdkbakur.org
• NNSROJ, گومانلێکراوی تیرۆری سێ ژنە سیاسەتمەدارە کوردەکە کێیە؟، ٢٠١٣
• ڕوودار: ٢٠١٥، نابێت بابەتی تیرۆر و کۆچبەری تێکەڵ بکرێن، http://www.rudaw.net
• ئۆجەلان بانگەوازی چەک دانان بۆ پەکەکە دەکات - ڕووداو ٢٠١٥،٢،٢٨، http://rudaw.net
• ئۆجەلان: دەبێ پەکەکە کۆتایی بە شەڕی ٤٠ ساڵە بێنێت - ڕووداو - ٢١.٠٣.٢٠١٥، http://rudaw.net
• مانیفست انتخاباتی حزب دمکراتیک خلقها، فریدون تیموری، ٢٠١٥، https://www.radiozamaneh.com
• کەجەکە: تەنیا یەک ڕێگامان لەبەردەم ماوە، ٢٠١٥، ڕوودداو، http://rudaw.net
• BBC: ٢٠١٥، ترکیه حق دفاع از خود را دارد، http://www.bbc.com/persian/world
• HPG: ٢٠١٥، در مورد حملات هوایی ارتش ترکیه، http://anfpersian.com/news
• سەلاح بەدرەدین، وتووێژی تایبەت بە ڕێنێسانس، ئامادەکردنی ناوەندی هەواڵ و سیاسەتی ڕێنێسانس، ٢٠٠٨، http://www.renesans.info
• عاكف حسن المستشار السابق لاوجلان ومسؤول العلاقات الخارجيه لحزب ب ك ك يكشف حقائق هامه، ٢٠١٣،
• ئۆجەلان: ئەگەر چارەسەریەکی دیموکراتیک پێش نەکەوێ، پێشڤاژۆی شەڕیکی هەمەلایەنە دەستپێدەکات و قیامەتێک هەڵدەستێ، ٢٠١١، http://qadirzada.com
• دۆکتور جوان حەقی: بۆچی بەشار ئەسەد ئاپۆچییەکان لە قەندیلەوە دێنێتە ڕۆژئاوای کوردستان؟، مای ٢٠١١، http://www.mediakurd.com/articles
• صالح مسلم: ٢٠١٣، http://anfpersian.com
• شەریف شەدادە: ٢٠١٥، http://rudaw.net

- غسان الشربل، العراق من حرب الى حرب صدام مر من هنا، ٢٠١٠، ص ٣٢٥
- عوسمان ئۆجەلان، مەحموود یاسین کوردی، ماڵپەڕی ڕووداو، پەکەکە لە بەغدا لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و حەشدی شەعبی کۆ دەبێتەوە، ٢٨،١٢،٢٠١٥. http://rudaw.net
- ڕووداو: ٢٠١٥، پەکەکە هەرێمی حەفتەنینی ڕاگەیاند، http://rudaw.net
- دۆکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملو، «تاقگەی حەقیقەت» کاوە بەهرامی
- فرانسۆ حەریری، پەکەکە چما وا دەکا؟ ژمارەی سپاردن ٣٤، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠
- بەیاننامەی یەکیەتیی شۆڕشگێڕان، ٢ی ژۆئەنی ١٩٩٨
- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی، ٢٤.٠٥،٢٠١٥
- تەیموور مستەفایی، ٧٠ وێستگەی مێژوویی، ٢٠١٦
- چاوی خەڵک، ٢٠٠٩، عوسمان ئۆجەلان، بەرزان عەلی حەمەو گۆران دوکانی ـ کۆیە
- عەبدوڵا ئۆجەلان، ئاژانسی هەواڵدەریی فیرات، دیسامبری ٢٠٠٧
- پەیماننامەی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤، http://pjak.eu
- هوشنگ اوسی، «الكردستاني» الأسد: حكاية خصام ووئام على وقع احلام المؤسس، الحیات، ٧ی ئاپریلی ٢٠١٥)
- وی او ئەی فارسی: ٢٢ بهمن ١٣٩٦، «کردهای سوریه خواستار حمایت دولت بشار اسد در مقابل حملات ترکیه شدند.» https://ir.voanews.com
- بەسە هۆزات، ١١ی فێبرواری ٢٠١٨، هەواڵنێریی فۆرات، «در عفرین پرۆژه اوجالان هدف هجوم قرار گرفته است.» https://anfpersian.com/khrdstn
- سیپان حەمۆ، ١٢ی فێوریەی ٢٠١٨، فرانس پرێس، الوحدات الكردية تقول ان «لا مشكلة» لديها بدخول الجيش السوري الى عفرين، (لە ١٨ی فێوریە وەرگیراوە) https://www.afp.com/ar/news
- هووشەنگ ئەوسی: ٢٣.٠٢.٢٠١٧، گێڕانەوە مینرێژکراوەکانی پەکەکە، ڕۆژنامەی ئەلحەیات چاپی کردووە، ماڵپەڕی کوردیپێدیا دایناوە، http://bzavpress.com/Topic
- گەوهەری حامێد: ٢٠١٦، پارتی کرێکارانی کوردستان لە عەبدوڵا ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایک، چاپی یەکەم، هەولێر
- کوردستان میدیا: ٤ی فێوریەی ٢٠١٨، سکرتاریای حیزبی دێمۆکرات ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە، http://www.kurdistanmedia.com

- بڕیارگەی ناوەندی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (HRK) : ۰۷.۱۲. ۲۰۱۲، http://brwska.net
- ئاڵتێرناتیڤ (ژمارە ۱۲)، هفتەنامە سیاسی، فرهنگی، اجتماعی، مرکز مطبوعات پژاک، ۱۳ی ئاگوستی ۲۰۱۱، ص ۱٤.
- کۆدار: ۱٥ی جووتمەی ۲۰۱۷، چارەنووسی گەلی کوردستان گرێدراوی تەندروستی ڕێبەر ئۆجەلان، https://www.kodar.inf
- ئەنجامنامەی کۆتایی پێنجەمین کۆنگرەی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK، ٤ی ئۆکتۆبری ۲۰۱٦، http://pjak.eu/ku
- نووری مەحموود: ۲۰ی فێوریەی ۲۰۱۸، وتەبێژی یەپەگە دەربارەی چوونی سوپای سووریا بۆ عەفرین ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، https://anfsorani.com
- کەجەکە: ئارامی گەڕاوەتەوە بۆ شەنگال، گەریلاکانمان دەکشێنینەوە، ۲۳ی مارسی ۲۰۱۸، https://anfsorani.com
- پژاک: فره هێزیی مەترسیدارەو گرنگە پێشمەرگەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات لە ژێر چەترێکدابن. سورکێو محەمەد؛ ماڵپەڕی پەرەگراف، http://peregraf.com/po
- وتووێژ لەگەڵ سیامەند موعینی هاوسەرۆکی پـژاک، پێکهێنانی شاهێد عەلەوی، https://www.dengiamerika.com
- ستراتیژیی پارتی و پەکەکە، داهاتووی پرسی کورد لە ئێراندا، شەمال بەشیری، ۰۹.۰۹.۲۰۱۸، https://rojpress.wordpress.com.
- هاوسەرۆکی پژاک ڕوونکردنەوە لەبارەی پێکدادانەکەی مەریوان دەدات، ڕوداو، ۲۹.۷.۲۰۱۸، http://rudaw.net
- ئاڤاتوودەی، لە ناوچەی مەریوان ۱٦ جاش کوژران و بریندار بوون، ۲۱.۷.۲۰۱۸، https://www.avatoday.net.
- سەرکردەکانی پەکەکە چییان کردووە کە کەوتوونەتە بەر غەزەبی ئەمریکا؟! ئاڤاتوودەی، https://www.avatoday.net.
- سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە گەڵ کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کۆ بوویەوە، http://www.kdp.info.

- Atilla Yayla, Terrorism in Turkey, SBF dergisi. Ankara University. 44 (3): 249–262. 1989. ISSN 0378-2921. PDF, http://www.politics.ankara.edu.tr.

• Martin van Bruinessen, “The Kurds in Turkey”, originally published in: MERIP Reports no. 121, 1984

• Ergenekon linked to Mumcu murder, Today›s Zaman, 5 August 2008, (accept 2015)

• Freely Maureen. “why they killed Hrant Dink” 6 June 2007, http://www.eurozine.com.

• Marq de villiers: WATER, 2000, Boston . New York. Houghton Mifflin company

• Michael M. Gunter, The Kurds And the Future of Turkey, (New York: Martin Press, 1997)

• Robert Olson, “Turkey-Syria Relation Since the Gulf War: Kurds and water” Middle East policy. 1997

• en.internationalism.org, 10 April 2013, Internationalism is the only response to the Kurdish issue

• Maria Tomczak: 2013, Germany and External Terrorism. http://www.iz.poznan.pl.

• A Report on the PKK and Terrorism, 1993, https://fas.org.

• Suri, Sanjay: 11 March 2005. «Torture and Oppression of Kurds in Syria», https://original.antiwar.com.

• Mahmut Bali Aykan “Turkey-Syria crisis of October 1998” Middle East policy.

• Selahattin d.: 2015, Wir standen kurz vor einer Lösung, https://www.nzz.ch.

• Basharal-assad, 06.12.2015, SANA, http://sana.sy/en.

• Basharal-assad, 16.09.2015, We are at War with Terrorism, and this Terrorism is supported by Foreign Powers, http://www.globalresearch.ca.

• Aron Lund, Utenrikespolitiska institutet, Nödläge för civilbefolkningen i Syrien, varldspolitilens Dagsfåregor, 2015, s. 14 &16

• Patriotic Union of Kurdistan (PUK), (accept 2015), http://www.globalsecurity.org/military/world/para/puk.htm, In addition, attacks on civilians by the Turkish Kurd terrorist organization, the Kurdistan Workers› Party (PKK), resulted in many deaths, particularly among the vulnerable Assyrian minority and villagers who supported the KDP.

• Guardian, 2018, https://www.theguardian.com.

• Aftenposten, 2018, https://www.aftenposten.no.

• TURKEY/IRAN/IRAQ - Turkish Op-Ed - PKK-Iran axis, 2013. https://wikileaks.org.

• The Project of a Democratic Syria: Movement for a Democratic Society, Rojava, February 2015, (accept: Feb. 2018), Editorial Staff in Kurdistan, http://ekurd.net.

• ANFKURDI, Friday, 19 Jan 2018, https://anfkurdi.com/rojane/ocalan-ji-bo-efrine-gotibu-cek-u-cebilxaneyan-amade-bikin-91346 Roj ne rojên avakirina kargehên tekstîlê ye. Rojên avakirina kargehên çek û cebilxaneyan e, rojên afirandina komunîzma şer e û malîkirina li tevahiya civakê ye.

• Laila Bassam , Tom Perry, 11.02.2018, Venn eller fiende? Assad støtter stille syriske kurder mot Tyrkia, https://www.reuters.com.

• Ellen Frencis. Reuters:18.02.2018, Syrian Kurdish official: deal for Syrian army to enter Afrin, https://www.reuters.com.

• İşgüzar Hasan, Terörist başı 60 saniyede paketlendi, 14,02,2018, (ANKARA - Ali Kemal Akan), http://aa.com.tr/tr.

• Müzakereler: Rojava federasyon mu oluyor? 28,07,2018, http://www.imp-news.com/tr.

# ئاپۆئیزم و کێشەی ژن

## ئاپۆئیزم و کێشەی ژن

پەکەکە زیاتر لە هەموو پارتە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان لە هەر چوار پارچەدا توانیویە ژن بێنێتە ناو ڕیزەکانی خۆیەوە کە هەر ئەمەش ئەو پرسیارە دەخوڵقێنێ کە چ هۆکارێک بۆتە هۆی ئەوەی کە پەکەکە بتوانێ تا ئەو ڕادەیە ژن لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە؟ ئایا ئەمە لە پێشکەوتوویی ئاپۆئیزمەوە سەرچاوە دەگرێ یان لە هێندێک فاکتەری دیکەی کۆمەڵایەتی وەک پێکهاتەی عەشیرەی باکووری کوردستان و نائاگایی ژنانی پارچەکانی دیکە بە نیسبەت پەکەکەوە و هەروەها دەزگای پرۆپاگاندای پەکەکە کە ڕاستییەکانی ناو پەکەکە دەشارێتەوە و بە پێچەوانە پیشانیان دەدات؟ ئەگەرنا ئیدئۆلۆژی ئیسلام زۆرترین ڕێژەی ژنانی لە دەوری خۆی کۆ کردۆتەوە، بەڵام ئایا لە ئیسلامدا مافی ژنان پارێزراوە؟

ئۆجەلان لە سەر گرینگیدان بە ژن لە پەکەکەدا دەڵێ کە شۆڕشی کوردستان دەتوانێ بۆ یەکەمجار شۆڕشێکی ژنان لە ئاستێ نێونەتەوەییدا بێت. ئەگەر شرۆڤەکان وەبەر چاو بگیردرێن، شۆڕشی کوردستان بە تەواوی شۆڕشی ئازادی ژن و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ژنە. تێئۆری و پراکتیکی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەگەر شێوەی هەڵسوکەتێک کە شرۆڤەم کردووە لەنێو حیزبدا جێبەجێ بکرێ، ڕێگەیەکی زۆر باش بۆگەلەکەمان پێکدێنێ.

شۆڕش لە نێو کوردەکاندا وەک دیاردەیەکی کیمیاوییە. دەمانەوێ لەودا گەلەکەمان کە وەک حەڵەبییەکی ژەنگ لێدراوی لێهاتووە بکەین بە ماددەیەکی درەوشاوە وەک تەلا. شۆڕشەکە ئاوەهایە، بەمشێوەیە دەتوانین تاکێک کە ژەنگ لێدراو و گەنیوە بیکەین بە تاکێکی درەوشاوە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-د، ١٠٠) ئەو وەک دامەزرێنەری پەکەکە لە دووتۆێی کتێبەکانیدا زۆر جار لە سەر ژن دواوە و تەنانەت کتێبی (مانیفستی ئازادیی ژن)ی نووسیوە و لە نێو پەکەکەشدا ژنان

ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان بە نێوی (پارتی ئازادیی ژنانی کوردستان)یان هەیە. دروشمی (ئازادیی سەرۆک ئاپۆ، ئازادیی ژنە) نیشاندەری پێوەندیی قووڵی ڕێکخراوی ژنانی ناو پەکەکە بە بیرۆکەکانی ئۆجەلانەوە هەیە و لە نێو پەکەکەدا وەک هێمایەک بۆ ئازادیی ژن سەیری دەکرێ! هەر لەم پێوەندییەدا ئۆجەلان دەڵێ: «ژنان بە بیرۆکەکانی من پێویستییان هەیە و بە بۆنەی ئەوەوە کە ڕێگەی ئازادییان نیشاندەدەم، بەرەو لای من دێن» (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-د، ١٢٤).

ئۆجەلان لەم کتێبەدا دەڵێ: «بزووتنەوەی فێمینیستی بە هۆی ئەوەی کە تەنیا لە سەر بنەمای ڕەگەز بۆ کێشەکان دەڕوانێت، نەیتوانیوە لە ڕێگەی ڕزگاریی ژندا بڕواتە پێشەوە. لەگەڵ بنەڕەتیبوونی شرۆڤەی ڕەگەز، دەبێ پێکهاتەی ئیدئۆلۆژیکی و ڕێکخراوێک دژی پیاوسالاری پێکبێت...

یەکێکی دیکە لە هەڵەکانی فێمینیزم ئەوەیە کە لە ژێر ناوی سەربەخۆییدا، خۆیان لە کێشەکان دەدزنەوە. لە ڕوانگەی مێژووییەوە ئەوەی کە دەبینرێ ئەمەیە کە ئەوان یان کێشەکە تەنیا لە ڕوانگەی ئابوورییەوە شرۆڤە دەکەن یان لە دەوروبەری ڕەگەزی ژندا» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ئا، ١٧، ١٨ و ١٩).

بۆیە ئۆجەلان بۆ یەکەمین جار لەساڵی ٢٠٠٨دا ژنۆلۆژی لە جیاتی فێمینیزم پێشنیار دەکات و لە ساڵی ٢٠١١ و لە کۆنگرەی هەشتەمی PAJK دا بەشی ژنۆلۆژی دانرا. (ئارمانج سارینا: ١٣٩٢).

هەر وەک کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیک، ئۆجەلان بۆ داڕشتنی مانیفستی ژنان، پەنا دەباتە بەر مێژوویەکی کۆن کە دەگەڕێتەوە بۆ ١٥ هەزار ساڵ پێش لە زایین و دەیکات بە بنەمای ئیدئۆلۆژییەک کە دەیەوێ ژنی سەدەی ٢١ی پێ ڕزگار بکات. ئەو دەڵێ: «لە سەردەمی بەردینی نوێدا لەم ناوچەیە (بەشەکانی باکووری دیجلە و فیرات) ژن ژیانی نیشتەجێبوون لە یەک شوین، کشتوکاڵ، کاری هۆنەری، زانست و پزیشکیی بۆ یەکەم جار دەستپێکرد و بۆ هەموو دنیا بڵاوەی پێکرد... ئاژەڵەکانیان دەستەمۆ کرد...

بۆ یەکەمینجار ئاگریان دۆزییەوە... خانوویان چێکرد... فەرهەنگی پاک و خاوێنی و ئاودێرکردنیان پەرە پێدا... پیشەی ڕستن و چنینیان بنیات نا... بە دوای

دۆزینەوەی ئاسن، شێوەی بەدەستهێنانی بەرهەمی زۆرتر فێر بوون» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ئا، ١٧، ١٨ و ١٩)، بۆیە دەڵێ: «مێژووی ژن بە واتای مێژووی کشتوکاڵ، پەروەردەی ئاژەڵی چووکە، داری میوە، خانوو، چنین و ڕستن، پاچ و پێمەڕەیە. ئەم شۆڕشە بۆ یەکەمجار لە سەردەمی بەردینی نوێدا و لە میزۆپۆتامیا و بە هەوڵەکانی ژنی ئازاد سەرکەوت» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ئا، ٢٣). هەر وەک لە بەشەکانی دیکەدا باسکرا، ئۆجەلان بەم کۆمەڵگەیە، دەڵێ کۆمەڵگەی سروشتی.

ئەم کۆمەڵگەی سروشتییە کە ئۆجەلان باسی لێدەکات و لەودا ژنسالاری بووە، لە قۆناغی یەکەمی کۆمۆنیزم وەریگرتووە کە مارکس شرۆڤەی دەکات. مارکس سێ قۆناغی بۆ کۆمۆنیزم داناوە:

لە قۆناغی یەکەمدا کە بە کۆمۆنی سەرەتایی ناودێری دەکات، مرۆڤ لە ڕێگەی ڕاو و کۆکردنەوەی پێخۆرەوە ژیاوە. ئەم قۆناغە لە سەردەمی بەردینی کۆندا بووە. ئەم قۆناغە سەرەتاییەی کۆمۆنیزم پێش لەوەی زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵ ببێتە هۆی چێبوونی بەرهەمی زیاتر لە پێویستی کۆمەڵگە کە بنەمایەک بووە بۆ پێکهاتنی چینی جیا لە چینی بەرهەمهێنەر (سەربازی، رووناکبیر..)، شارستانییەت و چینی کۆمەڵایەتی سیستمی کۆمەڵگە بووە. لەم کۆمەڵگەیانەدا خەڵک لە گرووپگەلێکی چووکەدا ژیاون. ئەوان ڕاویان کردووە یان پێخۆریان کۆ کردۆتەوە بۆ هەموو گرووپەکە. لەم کۆمەڵگەیەدا نە خاوەندارێتیی تایبەت هەبووە و نە چینی کۆمەڵایەتی.

لە قۆناغی دووهەمی کۆمۆنیزمدا دەوڵەت بە تەواوی تێدا نەچووە و خاوەندارێتیش هەر ماوە.

بەڵام لە قۆناغی سێهەمدا نە چینی کۆمەڵایەتی دەمێنێ و نە خاوەندارێتیی تایبەت، بەڵام ئۆجەلان بۆ ئەوەی کە دژی مارکس بوەستێتەوە، ژن وەکوو چینی کۆمەڵایەتی دادەنێت کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، چوونکە ئەگەر ژن چینێک بێت، پیاویش چینێکە کە دەبێتە خاوەنی ژن، واتە دوو چینی کۆمەڵایەتیی ژن و پیاومان هەیە! کە ئەمە بیرۆکەیەکی بە تەواوی هەڵە و نالۆژیکییە. چوونکە ئەوە خاوەندارێتیی کەرەستەی بەرهەمهێنان، زەوی، کۆیلە و شتەکانی دیکەیە

که چینی کۆمەڵایەتی پێک دێنێ و کە ژن هیچکام لەمانەی نەبووە. ئەوە ڕاستە کە ژن چەوساوەتەوە و مافی لێ زەوتکراوە، بەڵام هیچ کات ناتوانی وەک چینی کۆمەڵایەتی سەیری بکەی.

ئۆجەلان هۆی ژێردەستەبوونی ژن دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ژن لە سەردەمی دەسەڵتدارێتیی خۆیدا کە بە هۆی دۆزینەوە و چێکردنی ئامرازی زۆر، گۆڕانکاریی زۆری لە پێشکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتیدا پێک هێنا، بە دوای ئەوەدا نەیتوانی خۆی لەگەڵ دۆخی نوێ ڕێکبخات و بە شێوەگەلی کۆن کە وەڵامدەری پێداویستی و خواستە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان نەبوون، قەناعەتی کرد و ئەو سیستەمەی کە خۆی ئافراندبووی نەیگۆڕی، پیاویش لەم دەرفەتە کەڵکی وەرگرت و بەرهەمەکانی ژنی بە شێوەی شتومەکی بازرگانی بۆ ناوچەکانیتر گواستەوە، بازرگانیی دەست پێ کرد... پیاو لەم ڕێگەیەوە سامانێکی زۆری دەستەبەر کرد، ئەمە لە ڕاستیدا یەکەمین شێوەی کاپیتالیستی یان شێوە سەرەتاییەکەیە.

ئەمە یەکەمین پێوەندیی کاپیتالیستییە کە پیاوتەوەر بوو و لە سەر بناغەی بایەخە ئافرێنراوەکانی دەستی ژن، فۆرمی گرت (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ئا، ٢٨) ئۆجەلان لە جیاتی ئەوەی کە بەڵگەی مێژووی بۆ گۆڕانی سیستەمی دایکسالاری بۆ باوکسالاری بێنێتەوە، پەنای بردۆتە بەر ئەوە کە بە جۆرێک نیشان بدات پیاو فێڵی لە ژن کردووە و سیستەمی گۆڕیوە، بەڵام لەمبارەیەوە بەڵگەیەکی زانستی بە دەستەوە نادات. یان ڕەنگە بە دوای چێکردنی سیستەمێکی دڵخوازی خۆیە!

کاتێک ئۆجەلان دەڵێ: «ژن پیاوی لە ئاژەڵەکان جیا کردەوە و یەکەمین کەس کە کۆمەڵگەی مرۆیی پێکهێنا، ژن بوو. بۆ یەکەمینجار ژن کۆمەڵگەی پەرەپێدا، پیاو سەرەتا وەک وەحشی ژیانی دەکرد، بەڵام ژن کۆمەڵگەی پێکهێنا، ڕەگەزێک کە لە ژیان و کۆمەڵایەتی بووندا ڕۆڵێکی ناتەواوی لە سەر شان بووە، ڕەگەزی نێر بووە» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ئا، ١٣)، دەیەوێ ئیدئۆلۆژییەکی ژنانە دابتاشێ. لە ئیدئۆلۆژیدا هەبوونی دوژمن پێویستە، بۆیە ئۆجەلان دەڵێ: «پیاو سیستەمی جێگرەوەی بۆ سیستەمی ژنتەوەر سەرەتا لە بوارگەلی هەست، ڕۆح و ئەندێشەدا ئافراند و دواتر جێگیری کرد. ئەمەش شەڕی سیستەم پێکدەهێنێ، بێگانەبوون بە شێوەی دوورکەوتنەوە لە گەوهەری مرۆڤ ڕوویدا، ئەمەش دوورکەوتنەوەی پیاو

له گەوهەری مرۆیی بوو. بۆیە دەتوانین بڵێین کە یەکەمین سیستمی کۆمەڵگەی چینایەتیی پیاوسالار، لە باری ئیدئۆلۆژیکییەوە لە سەر بنەمای دژایەتی لەگەڵ گەوهەری مرۆڤ دەرکەوت و هاتە ئاراوە...

سیستمی پیاوسالار نەیتوانی بە ئاسانی لە باری ئیدئۆلۆژیکییەوە سەرکەوێ، چوونکە ئیدئۆلۆژیی ژنانە ئیدئۆلۆژییەکی خاوەن ڕابردوو بوو و پەیوەست بە گەوهەری مرۆڤ و خاکەوە بوو» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ئا، ١٦٧). ئۆجەلان لە سەر گۆڕانی سیستمی ژن-سالاری بۆ پیاو ـ سالاری بەڵگەیەکی زانستی بە دەستەوە نادات و هەر بە گوترە دەڵێ گەوهەری ژن مرۆییە و هیی پیاو نامرۆیی و شەڕانی! بۆیە سیستمی پیاوسالاری سەرکەوتووە، ئیتر لەم نێوەدا فاکتەری فیزیۆلۆژیکی، زۆربوونی حەشیمەت، پێویستیی زۆر بە خۆراک، شەڕ و گۆڕانی سیستمی ڕاوکردن بە کشتوکاڵ...

کە بۆتە هۆی دابەشکردنی کار لە نێوان دوو ڕەگەزدا، لە بەرچاو ناگرێت. ئەو دەڵێ: «سروشتی ژن بوو کە عەدالەتی ڕاستەقینەی پێک دەهێنا، ئەوە سروشتی ژن بوو کە ئاشتیخواز بوو و دژی شەڕ و ڕەوتی بە چینایەتی بوونی کۆمەڵگە بوو... پیاو کە لە ڕابردوودا ڕاوچی و شەڕکەر بوو، باشتر بە ئامرازە ئاسنەکان کاری دەکرد، بۆیە بە کەڵک وەرگرتن لە سروشتی شەڕخوازی و هێزی جەستەیی، ژنی لە نێو بازنەی بەرهەمهێناندا ڕاو نا و گۆشەگیری کرد. بەم شێوەیە ژن ـ خودا (ئیلاهەی پیرۆز)ی وە لاوەنا و خۆی وەک خودا ـ شا ناساند. بەم شێوەیە یەکەمین چینی چەوساوە واتە ژن پێکهات. ئەم گۆڕانکارییانە بوو بە هۆی پێکهاتنی دەوڵەت و لەگەڵ یەککگرتنی دەسەڵاتی پیاو و دەسەڵاتی چینایەتی، کۆمەڵگەی چینایەتی بە شێوەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی لێهات. پیاوبوون بە واتای ڕەگەزی دەسەڵاتدار، چینی دەسەڵاتدار و دەوڵەتی زاڵبوو» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ئا، ١١، ٢٧، ٢٨، ٢٩ و ٣٣).

ئۆجەلان هەر وەک لە کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیکدا هەموو نەهامەتییەکانی پێکهاتنی دەوڵەت، لێرەشدا دەیەوێ ژێردەستەبوونی ژنان و سەرکوتی ژنان گرێ بداتەوە بە دەوڵەتەوە. هەر بۆیە لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ دەوڵەت ـ نەتەوە بە هۆی چەوساندنەوەی ژنان، کۆمەڵگەکەی کردۆتە کۆڵۆنی. (ئۆجەلان: ٢٠٠١،

١٦) ئۆجەلان باسی ئەوە ناکات کە کێشەی ڕەگەزی، کێشەی نەتەوەیی و هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکان نەک لە بوونی دەوڵەت، بەڵکوو لە نەبوونی دەوڵەتێک بە یاسای مرۆڤتەوەرەوە سەرچاوە دەگرێ کە هەموو مرۆڤەکان بەبێ لە بەرچاوگرتنی ڕەگەز، ڕەنگی پێست، نەتەوە و دین لە بەرانبەر یاسادا یەکسان بن.

دوای پێکهاتنی دەوڵەت، لە پرێکدا ئەو ژنە کە ئۆجەلان بە ئیلاهە یان ژن ـ خودا ناوی دەبرد، دەبێتە قەحبە و لەشفرۆش. ئەو دەڵێ: «بە گشتی دەستپێکی بەکۆیلەکردنی مرۆڤ و ڕەگەزی ژن لە پەرستنگەکانی سوومر و کۆشکی پاشاکاندا، وەک گرینگترین ڕووداوی مێژوویی تۆمار کراوە. دواتر تەنیا بە کەمکردنەوەی پلەی ژن ڕازی نەبوون، بەڵکووو کردیان بە یەکێک لە ئامرازەکانی چێژ وەرگرتن. کۆمەڵێک کچیان بۆ پەرستنگەکان هەڵدەبژارد و پەروەردەیان دەکردن و بە شێوەی کارامەترین ئامراز بۆ ڕاوی پیاوەکان ڕۆڵیان دەگێڕا. بەم شێوەیە هەم ژن و هەم کۆمەڵگەی ژێردەسەڵاتی پەرستنگە گەندەڵ کران. ئەم سیستمە دواتر بە شێوەی قەحبەخانەی گشتیی لێهات. هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی ڕەگەزی پیاو بۆ کاهین-پاشا و دواتر خودا ـ پاشا، هەموو پێشکەوتنەکانی شارستانییەت کە جێگەپەنجەی ژنانی پێوە دیار بوو، کرا بە ناوی پیاوەوە و ئەو سەردەمە زێڕینەی ژن تا ئێستا بێدەنگیی لێکراوە. شارستانییەتی سوومر بە لاڕێدا برا و لە بنەماکانی جیا بووەوە و شارستانییەتی ئەمڕۆیی بە سەر شارستانییەتی بەردینی نوێدا زاڵ کرا. ژن بوو بە یەکەمین چینی ژێردەستەی مێژوو» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ئا، ٣٠ و ٢٩).

ئۆجەلان ئەم مێژووە خیاڵاوییە بەبێ بەدەستەوەدانی بەڵگەیەک، بە کوردەوە گرێ دەدا، چوونکە ئەو پێیوایە شارستانییەتی سوومر کورد بوونە. بۆیە دەڵێ: «کوردەکان لە سیستمی کۆیلەداریی سوومردا، بە کەڵک وەرگرتن لە ڕەگەزی ژن کەوتنە داوی گەندەڵی و بوون بە هاودەستی سیستم. کچە پەروەردەکراوەکانی پەرستنگە، بە تەواوی لەم کارەدا بەشدار بوون. ئەنکیدۆ، واتە کوردی ئازادی کۆمەڵگەی کۆمۆنی سەرەتایی لە ڕێگەی ئەم کچانەی ناو پەرستنگەکانەوە لە ماوەیەکی کورتدا لە سەر کوێستانەکان پەلکێشی خوارێ کران و بە ژیانی شاری ڕاهاتن... ئەو وڵاتانەی کە دزەکردن بۆ ناویان بەبێ بوونی بەکرێگیراوێک

ئەستەمە، بە یارمەتی و ڕێنوێنیی هێندێک خەیانەتکار کە زیاتر لە کۆمەڵگەی شاریدا بە کەڵک وەرگرتن لە ڕەگەزی ژن، تووشی گەندەڵی بوونە، داگیر دەکرێن» (ئۆجەلان: ۲۰۰۸-ئا، ۱۰۲و ۱۰۳).

لێرەدا ژن لە زەینی ئۆجەلاندا لە بەرزترین پلەوە واتە خودا دێتە سەر نزمترین پلە واتە ئامرازی گەندەڵی و بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگە. ئیتر لێرەوە ژن لە ڕوانگەی ئۆجەلانەوە لە پلەیەکدایە کە کەسایەتیی داڕماوە و دەبێ سەر لە نوێ چێ ببێتەوە، بەڵام ئەم کارە بە بۆنەی ژنەوە ناکات، ئەم کارە بە بۆنەی ڕزگارکردنی پیاو و کۆمەڵگەوە دەکات، چوونکە ئەو پێیوایە کە کۆمەڵگە و پیاو لە ڕێگەی ژنەوە گەندەڵ بوونە و (قارەمانترین پیاوی کورد کاتێک پێی ژنێک دێتە مەیدان لە نێو دەچێ)(هەمان سەرچاوە: ۱۲۲)، هەر بۆیە دەڵێ: «ژنی کلاسیک کە لەبارترین دۆخی بۆ چێبوونی پیاوی ناڕەسەن پێکهێنابوو، بە هۆی پرۆژەی ژنی گەشەکردووی کورد، پیاوی گەشەکردووی کورد، کوژرا» (هەمان سەرچاوە: ۱۲۳). لێرەشدا دیسان ڕوانگە ئیسلامییەکە بە سەر بۆچوونی ئۆجەلاندا زاڵ دەبێ و تاوانی بەلاڕێداچوونی پیاو دەخاتە ئەستۆی ژنەوە و پێیوایە کە کەسایەتیی ژن دەبێ سەرەتا چێ بکرێتەوە و لەم ڕێگەیەشەوە پیاو دێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست.

واتە ژن ناوەندی گەندەڵییە! هە بۆیە دەڵێ: « کاتێک کە جەوان بووم و بنەماڵەم دەیانویست کچێکم بۆ بیبیننەوە، بیرم دەکردەوە کە تووشی چ ئازارێک ببمەوە، دواتریش کە خۆم گەڕام بە دوای کچێکدا، دیتم کە لەگەڵ چ بوونەوەرگەلێکی مەترسیدار بەرەوڕووم» (ئۆجەلان: ۲۰۰۷-س، ۱۷۵)، هەر بۆیە فاتیمەی هاوسەری خۆی بە مار دەشوبهێنێ (ئۆجەلان: ۲۰۰۸-س، ۱۷۱ و ۱۷٤)، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نەیتوانیوە خۆی لە ژن دوور بخاتەوە و دەڵێ: «من هەر لە منداڵییەوە تا ئەمڕۆ ژنم هەم بە دڵڕفێن دیتووە، هەم بە مەترسیدار. لە کاتێکدا کە بە مەترسیم زانیوە تێکۆشاوم کە تایبەتمەندییە ئەرێنی و جوانییەکانیان بە دەستبهێنم. هەموو کات لە نێو ئەوانەدا کە ناشیرین و ناڕێکوپێکن و ئەوانەی کە جوان و ئازادن، جیاوازیم داناوە. تێکۆشاوم دەرفەتی گەشە بە یەکەمی نەدەم و دووهەمی بناسێنم و یارمەتیی بدەم، ئەمە ڕێبازی منە (ئۆجەلان: ۲۰۰۷-د، ٤٥).

نووسراوە پیرۆزەکانی جوولەکە و مەسیحی ژن وەک بوونەوەرێکی پیس پێناسە

دەکەن کە پیاو گەندەڵ دەکات، بۆیە ڕای یەهۆوە لەو نووسراوانەدا ئەوەیە کە لە هەر کردەوەیەکی سێکسیی نامەشرووعدا کە لە نێوان ژن و مێرددا ڕوو دەدات، ئەوە ژنە کە بە هۆی هێزی سێکسیی خۆی پیاو هەڵدەخەڵەتێنێ و گەندەڵی دەکات، بۆیە تاوانەکە هەموو کات لە ئەستۆی ژنە نەک پیاو. (مسعود انصاری: ٢٠٠٨، ٤٥) ئەم بیرۆکەیەی ئۆجەلانیش کە لە گەندەڵبوونی پیاواندا، ژنان بە تاوانبار دەزانێ، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئۆجەلان ڕابردوویەکی مەزهەبیی هەیە و ڕوانگە ئاینییەکەی هێشتا لە سەر ژن ماوە کە دواتر بە چڕی باسی لە سەر دەکرێ.

ئۆجەلان ئاماژە بەوە دەکات کە: «سێکس بۆ مانەوەی جۆری مرۆڤ پێویستە و بەرهەمێکی بێ وێنەی سروشتە کە دەبێ پیرۆزیی هەبێت... خاوەنی منداڵ بوون لە ژن شتێکی پیرۆزە» (ئۆجەلان: ٢٠٠٩-ب، ٧١)، بەڵام ئۆجەلان دەڵێ دەبێ ئەم پێوەندییە سێکسییە بە دوور لە چاوەدێری نەبێت، چوونکە ژن و پیاوەکە ڕادەکێشرێنە سەر ڕێگەی خەیانەت. ئەو دەڵێ: «ئەگەر پێکهێنانی پێوەندی بۆ هەموو کەس لە هەر پلەیەکدا ئازاد بکەم، لە قەرەچەکان خراپتریان بە سەر دێ و لە یەکەمین دەرفەتدا خەیانەت دەکەن.

لە ڕیزی ئێمەدا هێندێک کەس توانای وەلانانی پێوەندی لەگەل ڕەگەزی بەرانبەریان نیە و دەبنە هۆی پێکهاتنی کێشەی تراژیک و ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە. کۆیلە مافی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی نیە، ئێوە (گەریلاکان) کە لە دۆخی خراپتر لە کۆیلەکاندان و ناتوانن خۆتان ڕزگار بکەن، مافی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و شتەکانی دیکەتان نیە.

کۆیلەکان مافی پێکهێنانی پێوەندیی کۆمەڵایەتییان نیە، کۆیلەکان تەنیا بۆ کەسانی دیکە کۆیلایەتی دەکەن، کۆیلە ناتوانی ژن یان شووی هەبێ، کۆیلە ئەگەر ژن بێت دەیفرۆشن، ئەگەر پیاویش بێت بۆ هەموو کارێک کەڵکی لێوەردەگرن» (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-د، ٦٣، ٩٣و ١٣٥)، هەر بۆیە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە ناو ڕیزەکانی پەکەکەدا ڕێگەپێدراو نیە و هەر کەسیش بیکات بە توندترین شێوە سزا دەدرێت! ئەوەی کە لێرە جێگای سەرنجە، ئۆجەلان بە گەریلای ژن دەڵێ کوێلەی ژن و دەتوانرێ بفرۆشرێ! واتە لێرەدا ژن تا ئاستی کاڵای جینسێ دێنێتە

خوارەوە! ئۆجەلان بۆ جێگیرکردنی بیرۆکەکەی دژی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بە تایبەتی لە فۆرمی بنەماڵەی تاک هاوسەریدا دەوەستێتەوە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە خوازیاری گەڕاندنەوەی کۆمەڵگە بۆ سەردەمی کۆمۆنە سەرەتاییەکانە کە خۆی پێی دەڵێ کۆمەڵگەی سروشتی کە لەودا شتێک بە نێوی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش نەبووە! ئەو دەڵێ: «یەک حەوتوو لە ژیانی هاوبەشتان تێناپەڕێت کە دەزانن چ بەڵایەکتان بە سەردا هاتووە، ژن پاشەکشە ناکات و هەر وەک تەگەرێک پیاو دەخاتە ژێر زەختی خۆیەوە و وەک ئاشەبەردینە دەیهاڕێ، ئەگەر پیاو تاقەتی ئەم دۆخەی هەبێ، دەبێ خەڵات بکرێ!» (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-د، ٧٣). هەر بۆیە بە توندترین شێوە هێرش دەکاتە سەر بنەماڵە!

ئۆجەلان دەڵێ: «بنەماڵە گەورەترین ناوەندی بەلاڕێدابردن و لاوازکردنە، پێوەندیی ژن و مێرد تاقەتپڕووکێنە و ژیانێک کە لەو پێوەندییە بەرهەم دێت وەکوو ژەهر تاڵە. پێوەندیی ژن و مێردایەتی پێوەندییەکی قیزەونە و وشەگەلێک وەک کچەکەم، ژنەکەم و کوڕەکەم گوێچکە ئازار دەدەن» (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-د، ٥١ و ٦٢).

ئۆجەلان بە شێوەیەکی بێ وێنە هێرش دەکاتە سەر بنەماڵە و بە ئامرازی بەلاڕێدا بردن و بێ ئەخلاقیی دەزانێ! ئەو دەڵێ: «لە ناو بنەماڵەدا، هەر ئەو پێوەندیی قەحبەگەرییە لە ئاڕادایە کە لە قەحبەخانەکاندا باوە، سێکس سەرەکیترین ڕێگە بۆ لەنێوچوونی ژن و مێردە. لۆژیکی سێکسی دوایین بەرهەمی خەوهێنەر بۆ گەلانە. چالاکترین ئامراز کە کاپیتالیزمی نیئۆلیبراڵ بۆ زاڵبوون بە سەر دنیادا کەڵکی لێوەرگرتووە، ژنە. ژن لە ناوەندی سڕکردن و لیبراڵیزەکردنی گەلاندایە. بەشی قەحبەکان کە بەمەبەستی جێگیرکردنی بنەماڵەی ناوەندی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا، گەشەی پێدراوە، خۆی لە خۆیدا بازاڕێکی سێکسییە. سیستمی بنەماڵەی یەک هاوسەری کە لە هەموو مێژووی کۆمەڵگەی چینایەتی ـ نەتەوەییدا بەردەوام هەبووە، مانای یەک هاوسەریی تەنیا بۆ ژن تێدایە. مێژووی قەحبەگەری هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی بنەماڵەی یەک هاوسەری. دواتر لە سیستمی کۆیلەداری، فیئۆدالیزم و کاپیتالیزمدا وەک پڕ داهاتترین بازرگانیی لێهات. دۆخی ژن لە ناو بنەماڵەی یەک هاوسەریدا نموونەیەکە لە قەیران، ژن مانایەکی جیا لە کۆیلە

و ئامرازی سێکسیی لە بنەماڵەدا نیە. خاوەنەکانی بازاری نێونەتەوەیی ژنان کە کاری قەحبەگەرییان هەڵبژاردووە، بە بۆنەی دەستەبەرکردنی داهاتی زیاتر هۆمۆسێکسوالیتەشیان چێ کردووە. ژن کە لە قۆناغی نوێدا خۆی لە چوارچێوەی مافی پەروەردە، کار، ژیانی کۆمەڵایەتی و ...دا کە لەلایەن نیئۆلیبرالیزمەوە دابینکرابوون، بەرتەسک کردبووەوە، بەوە زانیویە کە ئەمەش ڕێگای ڕزگاری نیە. ژن لە ئاکامی ئەم زانینەدا تووشی لاوازییەکی دەروونی و بێچارەیی بۆتەوە. ئەمەش نەخۆشیگەلی ڕۆحیی بە دواوە هەبووە. زەخت، قیران و بەلارێداچوونی سێکسی بۆتە هۆی بڵاوەپێکردنی نەخۆشیگەلێکی وەک ئەیدز» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ئا، ٥٩ و ٦٠).

ئۆجەلان لێرەدا هاوشێوەی ئیدئۆلۆژییەکانی دیکەی وەک ئیسلام لە سەر هۆمۆسێکسواڵ دەئاخڤێ و بە بەرهەمی سیستمی کاپیتالیستیی دەزانێ بۆ بەدەستهێنانی داهاتی زۆرتر! نازانستیترین بۆچوون لە سەر هۆمۆسێکسواڵیتە ئەوەیە کە وەک ئۆجەلان بە دەستکردی بزانی و بە یەکێک لە ڕێگەکانی بەدەستهێنانی داهاتی زۆرتری دابنێی!

ئەمە لە کاتێکدایە کە هۆمۆسێکسواڵ بە درێژایی مێژوو هەبووە و ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی مرۆڤ، هەر وەک ڕەگەزی نێرینە یان مێیینە کە جێگەی باسکردنی لەم نووسینەدا نیە، بەڵام سەیرتر لەوە دەبینین پەکەکە و لق و پۆپەکانی بۆ کۆ کردنەوەی خەڵکی زۆرتر لە دەوری خۆیان، خۆیان بە لایەنگری مافی هۆمۆسێکسواڵەکان دەزانن!

بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ئۆجەلان لە نێو هەموو جۆرەکانی بنەماڵەدا، تەنیا هێرش بۆ سەر بنەماڵەی یەک هاوسەری دەکا؟ بۆچی ناوێک لە بنەماڵەی چەند هاوسەری ناهێنێ؟ بۆچی بنەماڵەی یەک هاوسەری تا ئاستی پێوەندیی قەحبەگەری دادەبەزێنێ؟ ئەمە پرسیارگەلێکی بنەڕەتین کە هەموو تیئۆرییەکەی ئۆجەلان دەبەنە ژێر پرسیار.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێ بە تایبەتی چاو لە شرۆڤەکانی ئۆجەلان لە سەر دینی ئیسلام و هەڵسوکەوتی محەممەد، پێغەمبەری ئیسلام لەگەڵ ژن بکەین!

پاشان هێندێک تیئۆریی دیکە هەیە کە باس دەکرێن. ئەو دەڵێ: «دینی ئیسلام یەکێک لە دینە گەورەکانی سەردەمی فیئۆدالیزم و لە ئیدئۆلۆژییە کاریگەرەکانە کە لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا بە ڕێبەریی حەزرەتی محەممەد لە عەرەبستاندا سەر هەڵدا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ژن بێ بایەخ بوو و زیندەچاڵ دەکرا. پیاو لەم کۆمەڵگەیەدا بە دڵخوازی خۆی ژنی دەهێنا و مافی تەڵاقیشی هەبوو.

لەم دۆخە نالەبارە کۆمەڵایەتییەدا، پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی محەممەد لەگەڵ خەدیجە، ڕۆڵێکی زۆری لە بەدەستهێنانی بیرۆکەی ئەرێنی لە سەر ژنان بۆ محەممەد بە دواوە بوو. پێوەندییەکانی محەممەد لەگەڵ خەدیجە لە ڕاستیدا نێشانەی شۆڕشی ژن بووە. خودی حەزرەتی محەممەد کەسێکە کە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ژندا عیشق بە خودای نیشانداوە، لەو سەردەمەدا ئەو پێشکەوتووترین کەس بووە. ئەم شێوە عیشقە کە دواتر لە بیر کرا، لە ڕاستیدا بە لە بەرچاوگرتنی دۆخی ئەو سەردەمە گەشەپێدانی ژن و بنەماڵە بووە.

مەودای نێوان عێشقی خودایی و عێشق بە ژن زۆر نیە، بەڵام دوایی بە بەلاڕێدابردنی ئیسلام ئەم پێوەندییە بە لاڕێدا دەبردرێ و وەک پیسترین ئامرازی لێدێت. حەزرەتی محەممەد بایەخی بە ژنێکدا کە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا وەک مایەی شەرمەزاری چاوی لێ دەکرا، ئەو ئەمەی لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ ژنانی عەشیرە و توێژە جۆراوجۆرەکاندا دەرخست. بەم شێوەیە بە گەرەنتیکردنی مافی ژیان بۆ ژن، جێگەیەکی ڕوونی بۆ ئەو دانا. بەم کارەی گۆڕانکارییەکی قووڵی ئەرێنیی لە پێگەی ژندا پێکهێنا. ڕوانگەی ئەرێنیی ئیسلام لەسەر هەڵسوکەوت لەگەڵ ژن لەو سەردەمەدا، دوایی لە سەردەمی دەسەڵاتدارەکانیتردا گۆڕدرا و بوو بە هۆی سەرکوتی ژن.» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ئا، ٤٤ و ٤٥ ، ٤٦ و ٤٧).

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: «ژیانی محەممەد لە ڕوانگە و هێڵیە فیکرییەکانی ئێستا جیایە، لە شەریعەتدا باس لە چوار ژن دەکرێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە محەممەد سێزدە ژنی مارە کردووە، بەڵام ئەوەی کە دیارە بە خواست و ئازادیی خۆیان ئەو ژیانە هاوبەشەیان لەگەڵی پێکهێناوە، نەک بە زۆر و زەخت خستنە سەریان. من مارە کردنی ئەم ڕادە ژنە بە کارێکی بەجێ و گرینگ هەڵدەسەنگێنم. کەسانێک هەن کە دەڵێن: بۆچی محەممەد ئەو هەموو ژنەی مارە کردووە؟ من

دەڵێم کە کارێکی باشی کردووە. تەنانەت ئەگەر چەندین ژنی دیکەی لە خۆی مارە کردبایە، کارێکی هەڵە نەبوو، چوونکە دەتوانی ناوی ئەو وەک گەورەترین عاشق بێنی! لەگەڵ ژنان وەک منداڵان دۆست و هاوڕێ بووە، کەسایەتییەکی دێموکرات بووە، من ئەمانەم قبووڵە» (ئۆجەلان: ٢٠٠٨-ب، ١٤٤ و ١٤٧).

ئۆجەلان لە پێشدا هێرش دەکاتە سەر بنەماڵەی یەک هاوسەری، بەڵام کە دەگاتە سەر پێغەمبەر دەڵێ کاری چاکی کردووە کە ١٣ ژنی هەبووە. بەپێی لۆژیک دەتوانین بڵێین کە ئۆجەلان وەک ئیسلام باوەڕی بە چەند هاوسەری هەیە. دەنا بۆ پێداگری لە سەر باشبوونی چەند هاوسەری بۆ محەممەد دەکات و لەو لاشەوە دژی بنەماڵەی یەک هاوسەری ڕادەوەستێ؟ دانانی ناسناوی پێشکەوتووترین، عاشقترین و دیمۆکرات بۆ محەممەد نیشانەی ئەوەیە کە محەممەد و هەڵسوکەوتەکانی بۆ ئۆجەلان باشترین باشقەن.

دەنا مرۆڤ ناتوانێ هاوکات خەبات بکات بۆ ڕزگاریی ژن و ژن بە پیرۆز بزانێت، بەڵام لەم لاوە کردەوەکانی محەممەد بەرانبەر بە ژن بە باش بزانێت. یان ئەوەی کە ئۆجەلان دژایەتی لەگەڵ بەکارهێنانی ژن بۆ پڕۆپاگاندا و کاری ناڕەوای کاپیتالیزم دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە موحەممەد لە قورئاندا دەڵێ هەر کەس لە ڕێگەی خودادا بکوژرێ یان بکوژرێ لە بەهەشتدا (حووری) واتە ژنی بەهەشتیی پێیدەدەن، هەر دووی ئەمانە پڕۆپاگاندای سێکسین! مرۆڤ ناتوانێ یەکێکیان قبووڵ بکات و ئەوی دیکەیان ڕەتبکاتەوە.  ئەم وتانەی ئۆجەلان لە سەر دینی ئیسلام و پێش لە ئیسلام بێ بەڵگە و ناڕاستن. لە ئایینەکانی پێش ئیسلامدا لە عەرەبستان ژن ڕۆڵی یەکجار پیرۆزی هەبووە، تا ڕادەیەک کە خەڵک سێ ژن ـ خودای گرینگ بە ناوەکانی لات، مەنات و عوزا دەپەرەستن. (قورئان: نەجم: ئایەتی ١٨ و ١٩)

لە کۆمەڵگەی ئەو کاتی عەرەبستاندا چەندین شێوە ژیانی بنەماڵەیی هەبووە کە یەکێکیان چەندهاوسەری بۆ ژن بووە و ژنێک ئیزنی هەبووە چەندین شووی هەبێ. (مسعود انصاری: ٢٠٠٨، ٤٥) هەروەها پێش لە ئیسلام ژن خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتیی تایبەت بووە، بۆیە کەسێک وەک خەدیجە کچی خوەیلێد کە دەوڵەمەندترین ژنی تایفەی قورەیش بووە (ابن هشام: ٢٠٤) و هەروەها هێند

کچی عەتبە کە دەسەڵاتدارێکی بەهێز بووە و لە شەڕی ئۆحۆد لە تەنیشتی پیاوان دژی سۆپای ئیسلام شەڕی کرد، (ابن هشام: ۱۰۳) هەڵکەوتوون. پێویستە بگوترێ کە ژن لە عەرەبستانی پێش ئیسلامدا هەم لە باری ماددی و هەم لە باری مەعنەوییەوە خاوەن بایەخی تایبەت بووە، بۆیە وتنی ئەوە کە ژن زیندەچاڵ کراوە درۆیەکی شاخدارە، چوونکە ناتوانی لە لایەکەوە بیپەرەستی و لە لایەکی دیکەوە زیندەچاڵی بکەی.

ئەگەر بەو شێوە ببوایە، ڕادەی ژنان لە ڕادەی پیاوان زۆر کەمتر بوو! چەند هاوسەر بوونی پیاوان لەو کاتەدا نیشانەی ئەوەیە کە ژمارەی ژنان لە پیاوان زۆرتر بووە. جیا لەوە (کچ بەشوودان) سەرچاوەیەکی ماڵی بووە، چوونکە کاتی بەشوودانی پارەیەکی زۆریان لە زاوا وەرگرتووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ژن کاڵایەکی بەهامەند بووە و زیندەچاڵکردنی لە عەقڵ بە دوور بووە!

ئۆجەلان بۆ دارشتنی ئەم تیئۆرییەی لە هێندێک بیرۆکەی دیکە کەڵکی وەرگرتووە، لەوانە دەتوانرێ ئاماژە بە شۆڕشی کولتووریی مائۆ لە چین بکرێ. (مائۆ نەیدەتوانی کردەوەی سێکسی بە تەواوی قەدەخە بکات، بەڵام مائۆ کە دەیویست لە کچان هێزێ سەربازی بۆ خۆی چێ بکات، هەبوونی تایبەتمەندیی ژنانەی بۆ ماوەیەکی زۆر قەدەخە کرد. لەو سەردەمەدا زۆرێک لە کچان هەوڵیان دەدا کە وەک پیاوان ئاخاوتن بکەن، وەک پیاوان بڕۆن بە ڕێوە و وەک ئەوان هێرش بکەن و توندوتیژی بنوێنن و هەر کەس ئاوەها نەبوایە گاڵتەیان پێ دەکرد. دۆخەکە جۆرێک بوو کە کەس نەیدەتوانی ژنبوونی خۆی پیشانبدات). (جۆنگ چانگ: ۱۹۹۱) ئۆجەلانیش وەکوو مائۆ، ژنبوونی لە ژن ئەستاندۆتەوە و ڕاست وەک پیاوی لێکرد و چەکداری سەربەخۆی لێیان چێکرد.

لەم بارەیەوە برۆلێت دەڵێ: «کاتێک هاول بڕیاریدا کە هەموان دەبێ پەروەردەی فیزیکی و سەربازی بکرێن، کچان و ژنانیش ناچار بوون پەروەردە بکرێن. جیدن، نێدال و شێری جوول هەستیان ورووژا و سروودگەلێکی تایبەتیان بۆ کاتی پەروەردە چڕی، سروودگەلێک کە فەرمانەکانی لقی دەیویدییەکان بوون. ئەم سروودانە ئاماژەیان بە کوشتنی بابێلییەکان و دوژمنانی وەرنوون هاول دەکرد. شری و جیدن ژنانیان ناچار بە ئەنجامدانی کاری سەربازی دەکرد، وەک سەرباز

نمایشی سەربازییان فێر دەکردن و هاوکات ناچاریان دەکردن کە سروودەکان بخوێننەوە، شێری و جوودی دێڕێکیان دەخوێندەوە و ئەوانیتر بە دەنگی بەرز دێڕەکەی دیکەیان دەخوێندەوە. ئەم پەروەردە کردنە هەموو ڕۆژێک لە کاتژمێر پێنج و نیوی بەیانییەوە دەستی پێ دەکرد. هاول فەرمانی دابوو کە دیوارەکانی بنکەکە دەبێ بیست و چوار کاتژمێری شەو ڕۆژ پاسەوانیان هەبێ». (تیم مادیگان: ١٩٩٣)

بیرۆکەیەکی دیکە کە لەم تیئۆرییەی ئۆجەلاندا بەدی دەکرێ، وەلانانی پێوەندیی سێکسی و دژایەتیکردنی تاک هاوسەری و گەڕانەوە بۆ چەند هاوسەرییە. لە کتێبی (بۆچی واکو) کە جەیمز تابور و یووجین گێلگێر نووسیویانە، بە وردی لە سەر ئەم بیرۆکەیە لێکۆڵینەوەیان کردووە.

لەم کتێبەدا تێکۆشاون لۆژیکێک بۆ هەڵسوکەوتی دەیوید کوورش ڕێبەری گرووپی دەیوید‌ییەکان لە ئامریکا بدۆزنەوە. پێوەندیی سێکسیی لقی دەیوید‌ییەکان، تێکەڵاوێکی سەیر لە وەلانانی پێوەندیی سێکسی لە لایەکەوە و چەند هاوسەری لەلایەکی دیکەوە بوو. ئەگەرچی دەیوید کوورش لە ساڵی ١٩٨٩دا پێوەندیی سێکسیی خۆی لەگەڵ هاوسەرانی ئەندامانی گرووپەکەی کە پێوەندیی هاوسەریەتییەکەیانی هەڵوەشاندبووەوە بە گوناح نەدەزانی، بەڵام وەڵامی ئەو لە بەرانبەر کامێراکاندا بە تەواوی ناڕاست بوو.

کوورش ئەوەندە لە دەسەڵاتی دنیای دەرەوە دەترسا و ئەوەیکە لەوانەیە دەستێوەردان لە پێوەندییەکانی ناو گرووپەکەدا بکەن و تەنانەت منداڵەکانی لێ وەرگرنەوە، تەنانەت پێوەندیی هاوسەریی ساختەی لە نێو ئەندامانی گرووپەکەدا پێکدەهێنا. کوورش بەم شێوەیە پاساوی کردەوە پارادۆکسیکاڵەکانی خۆی دەدایەوە: «دنیای دەرەوە ناتوانێ ئەو کردەوانەی ئێمە فام بکات و لەگەڵمان هاوسۆزی بنوێنێت. کوورش لە سەر ئەوە پێی دادەگرت کە هەموو شوێنکەوتووە نێرەکانی چ لە باری دینی و چ لە باری زانستییەوە دەبێ پێوەندییە سێکسییەکانیان وەلا بنێن و کۆتاییان پێ بێنن. لە هاوینی ١٩٨٩دا دەیوید کوورش ڕایگەیاند کە بە پێی وەحیە نوێیەکان، دەبێ هەموو هاوسەرەکان لە هاوژینی خۆیان جیا ببنەوە و هیچ چەشنە پێوەندییەکی سێکسییان پێکەوە

نەمێنێ. هەر بەپێی ئەو وەحیە، هەموو منداڵانی ئێستا و داهاتووی ئەو پلەیەکی تایبەتیان لە دەسەڵاتی خودادا دەبێ کە بەم زوانە لە ئیسرایل سەرهەڵدەدات».
(جەیمز ت.: ١٩٩٥)

لە نێو گرووپی منداڵانی خودادا بە هۆی ئەوەی کە گرووپەکە بە بنەماڵەی ڕاستەقینە ئەژمار دەکرا، هاوسەرگیری کارێکی هەڵە بوو. (بێنجامین ز.: ٢٠٠١) لەم گرووپەدا هان دەدران کە بۆ شادبوونی مەسیح، ڕۆڵی قەحبە بگێڕن. (دێبۆرا: ١٩٨٤)

ئیدئۆلۆژیی ژن تەوەری ئۆجەلان کە بە ڕواڵەت وا پێشاندەدرێ کە پێشکەوتووە، ئیدئۆلۆژییەکی کۆنەپەرەستانەیە، ئەم ئیدئۆلۆژییە پشتی بە مێژوویەکی خەیاڵی و بێ دێکۆمێنت بەستووە و لەگەڵ کێشەکانی ژنانی ئەمڕۆ بە تەواوی بێگانەیە و لە نێو مێژوودا دەژی و دەیەوێ ژنی ئەم سەردەمە بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی کۆمۆنە سەرەتاییەکان، کە ئەمە نە لە ڕووی زەمەنی و نە لە ڕووی فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گونجاو نیە. ئیدئۆلۆژیی ژن تەوەری پەکەکە نەیتوانیوە ژن بەو جۆرەی کە پەکەکە دەیهەوێ بخولقێنێت، هەر بۆیە بۆ نموونە دەبیستین کە «بەشیک لە کچەکان (هەڵهاتوو لە ناو ڕیزەکانی پەکەکە)، بۆ ئەوەی خۆیان لە ژیانی ناهەمواری ناو کەمپ ڕزگار بکەن، خۆیان هاوێشتۆتە ناو ژیانێکی ناهەموارترەوە»... «ئەو کچانەی کە لەلایەن خاوەن هوتێلەکانی دهۆکەوە یارمەتییان دراوە بۆ چوونەدەر لە کەمپ، بۆ دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و قەرەبووکردنەوەی ئەو منەتبارییەی کە کەوتۆتە ئەستۆیان، تووشی لەشفرۆشی کراون. ئەو بانگەشەیەی ئەندامەکەی پێشووی پەکەکە لەلایەن چەند هاووڵاتییەکی دهۆکەوە کە ڕێنێسانس پەیوەندیی پێوە کردوون، پشتڕاست کراوەتەوە» (ڕێنێسانس نیوز ١٢ی ئەیلولی ٢٠٠٨).

ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ئیدئۆلۆژییە ناتوانێ کێشەی ژن چارەسەر بکات، چوونکە ئەگەر کێشەی ژن چارەسەر بکات، هیچ ژنێک لە دەستی هەڵنایەت تاکوو خۆی تووشی لەشفرۆشی بکات. ژن لە نێو پەکەکەدا لە خزمەت ئیدئۆلۆژییەکی پیاوانەدایە و ڕۆحی ژنبوونی لێدەستێندرێتەوە و ژنانیش هەر وەک پیاوان لە خزمەتی دەزگای سەربازیی پەکەکەدان، بۆیە لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆیان

دەستبدات پۆلێکیان هەڵدێن چونکە (لە ناو پەکەکەدا پاشگەز بوونەوە لە پەکەکە بوونی نیە)(ئۆجەلان: ٢٠١٤، ٦٠) ئەگەر کچێکیش لە یاساکان لا بدات (رووتی دەکەنەوە، گوشتی لێ دەبڕن و دەیتلێقێننەوە)(ئۆجەلان: ٢٠١٤، ٦٧) ڕەنگە ئەوانەش کە هەڵدێن ئۆجەلان گوتەنی: «کەسانی هیچ و پووچ لە نێو ڕیزەکانی شۆڕشی ئێمەدا لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن کە هەڵێن. چلۆن ئەم بیرۆکە لایان چێ دەبێ؟ کاتێک ئەوان ئازاد بهێڵین، تەنیا دوای چەند ڕۆژ هەڵسوکەوتێکی لاواز لە خۆیان نیشان دەدەن کە لەگەڵ هیچ یاسایەکدا نایەتەوە. هۆی ئەوەیە کە تاقەتیان نەماوە، کاتێک یەکتر دەدۆزنەوە، یەکتر گەندەڵ دەکەن. وەها کەسانێک دیتراون و سزاش دراون، چوونکە خەیانەتیان بە ئەرکەکانیان کردووە. ئەمە چ جۆر هەڵسوکەوتێکی سێکسییە کە یەکیەتیی ئێوە لە نێو دەبات؟ وەک کچە ڕەدووکەوتووەکان، میردی خۆیان دەدۆزنەوە و هەڵدێن» (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-د، ٤٦). ئەمە بەو واتایەیە کە هەر کەس لە ناو پەکەکەدا نەمێنێ بە دوای هەستی سێکسیدا دەکەوێ و ئەگەر کچ بێ ڕەدوو دەکەوێ و ئەگەریش کوڕ بێت بە هۆی کچێکەوە گەندەڵ دەبێ!

ژنۆلۆژی و ئیدئۆلۆژیی ژنانەی ئۆجەلان کاتێک چاکتر ڕوون دەبێتەوە کە ئۆجەلان باسی (خانووەکانی عەفاف) دەکات کە لە ئێراندا هەیە. ئەو دەڵێ: «ئەم بابەتە زۆر سەرنجڕاکێشە و هەستێک لای من ساز دەکات کە پێم وایە لە من پێڕەوی دەکەن. من ماوەیەک لەمەوپێش باسم لە سەر (خانووگەلی ئازادی) کرد. هەڤاڵان دەتوانن ئەم کارە بکەن و دەتوانن لە هەر وڵاتێکدا وەها خانووگەلێک پێکبێنن» (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ئا، ١١٧ و ١١٨)، بەڵام خانووی عەفاف کە ئۆجەلان دەیەوێ هاوشێوەکەی دابمەزرێنێ چیە و ئەرکی چیە؟ (خانووەکانی عەفاف گەڵاڵەیەک بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن کۆمەڵگەی ئیسلامیی قومەوە بە مەبەستی بە یاساییکردنی کەڵک وەرگرتنی سێکسی لە ژنان خرایە ڕوو. بەپێی پێڕەوی ئەم گەڵاڵەیە کەسانێک وەک بێوەژنەکان، ئەو ژنانەی کە شووی هەمیشەییان ناوێت، خوێندکارگەلێک کە توانای پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیان نیە، پیاوگەلێک کە بە هێندێک هۆکارەوە کەس لەگەڵیان ژیانی هاوبەش پێکناهێنێ، پیاوگەلێک کە ژنەکانیان نەخۆشیی درێژماوەیان هەیە و ئەو پیاوانەی کە لە سەفەرن و دوور لە ژنەکانیان دەژین، دەگرێتەوە.) (ویکیپێدیا: خانه عفاف: ٢٠١٧)

ئۆجەلان بە پێشنیاری چێکردنی (خانووەکانی عەفاف) ڕووی ڕاستەقینەی ئیدئۆلۆژییە ژنتەوەرەکەی دەردەخات کە لە بنەڕەتدا مەبەستی ئازادیی ژن نیە، بەڵکوو بە کۆیلەکردنی ژنە. دەنا (خانووەکانی عەفاف) گەورەترین سووکایەتی بە کەسایەتیی ژنە و ئەوە دەگەیەنێت کە ژن تەنیا ئامرازێک بۆ وەرگرتنی چێژی سێکسیی پیاوە. ئۆجەلان مەبەستی خۆی لە خانووگەلی ئازادی دەردەبڕێ و دەڵێ لە سەر بنەمای پەرەستنگەکانی ئیشتار پێکبێن (ئۆجەلان: ٢٠٠٢-ئا، ١٥٢)، بەڵام لە پەرەستنگاکانی ئیشتار چی ڕووی داوە؟ «یەکیک لە ئایینە کۆن و بەربڵاوەکانی ئەم ناوچەیە کە لە میسرەوە تاکوو بابل، حیجاز، ئێران، هیرۆپۆلیس (حەلەب)، فریگییە (ئاناتۆلی) و... بەڕێوە دەچوو، ئایینی بەهاریی شینگێڕان بۆ خودایەکی کوژراو بوو کە لە پەرەستنگای ژنخوداکاندا بەڕێوە دەچوو (لێرەدا ناوی پەرستنگای ئیشتار بە بۆنەی بەهێزتر بوون و ناسراوتر بوونیەوە بۆ هەموو ئەو پەرستنگایانە بەکار دێنم). لەم ڕێوڕەسمەدا کە بە مەبەستی پیت بەخشین بە ژیانی مرۆڤ و سروشت بەڕێوە دەچوو، ژنان بە لاسایکردنەوەی ژن ـ خودا (کە بۆ بەخشینی پیت و بەرەکەت بە زاوزێ، گرینگیی زۆر بە کردەوەی سێکسی دەدا) دەبێ ڕوو لە لەشفرۆشیی پیرۆز بکەن، واتە دەبێ خۆیان بخەنە بەردەستی پیاوە ڕێبوارەکان و پارەیەک کە لەو کارە وەریدەگرن، بیدەن بە پەرەستنگا، زۆرجار ئەو لەشفرۆشییە پیرۆزە وەک پێشمەرجی شووکردنی کچان دەهاتە ئەژمار، ئەوان دەبا کچێنیی خۆیان پێشکەش بە ژنخودا بکەن تا ئەویش منداڵی زۆریان پێ ببەخشێ. لە ئەرمەنستاندا بنەماڵە هەڵکەوتووەکان کچەکانی خۆیان دەنارده خزمەت ژن ـ خودا ئەناهید. لە پەرستنگای ئەودا کچەکان پێش لەوەی شوو بکەن ماوەیەک لەشفرۆشییان دەکرد.

ئەو شێوە لەشفرۆشییە ئەگەرچی ڕەنگێکی ئایینیی هەبووە و بۆ ژنان زیاتر ئەرکی دینی بووە تا چێژی ئالۆش، بەڵام ژنانی زۆریش بوون کە ئەو کارەیان پێخۆش نەبوو، هەر بۆیە ئەم نەریتە وردە وردە لە کۆمەڵگە سڕایەوە و پێشکەشیی پەرەستنگا لە لەشەوە گۆڕا بە قژ، بۆیە ژنان ساڵانە لە ڕێوڕەسمەکەدا لە ڕۆژێکی تایبەتدا قژی خۆیان دەبڕی، یان سەریان بە تەواوی دەتاشی. ئەوە وەک پێشکەشێک بۆ خودا دەهاتە ئەژمار.» (گوڵاڵە کەمانگەر، قورئان لە نێوان ئوستوورە و جادوودا، ل ٨٦ و ٨٧).

لێرەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیاری سەرەتای باسەکە، دوای ئەم دۆکۆمێنتانە بۆمان دەردەکەوێ کە ئیدئۆلۆژیی ژن تەوەری ئاپۆ بەو شێوەیە کە پەکەکە دەڵێ پێشکەوتوو نیە، ئەوەیکە ژنان ڕووی تێدەکەن نیشانەی پێشکەوتوویی نیە و دەبێ بەدوای هۆکارە کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکانیدا بگەڕێین. عەشیرە و هۆز لە باکوور ئێستاش زیندووە و کارکردی خۆی هەیە، بەم پێیەش فەرهەنگی عەشیرەییش لەوێدا خاڵێکی گرینگی شیاوی ئاماژە پێدانە.

جیا لەوە کۆمەڵگەی باکوور کۆمەڵگەیەکی مەزهەبییە، بە شێوەیەک کە پارتێک وەک ئاکەپە بە تەنێ زیاتر لە ٧٠ نوێنەری پارلەمانی لەو بەشەی کوردستان هەیە ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو حیزبەکانی دیکە بە کورد و تورکەوە کەمتر لە ٣٠ نوێنەریان هەیە! بەپێ ئامارەکان بەشێکی هەرە بەرچاو لە کوشتنی ژنان لە تورکیە لە بەشە کوردییەکەیە.

خەریتەی کوشتنی ژنان لە تورکیە و کوردستانی باکوور لە خوارەوە دێت. (پۆستا: ئاماری کوشتنی ژنان: ١٠١٦) ئۆجەلان خۆی دەڵێ کچی کورد نەیدەتوانی لە دەرەوەی دەرگای ماڵەکەی دوو هەنگاو بنێ!. (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ٤١) لە وەها کۆمەڵگەیەکدا پارتێکی ئیدئۆلۆژیک وەک پەکەکە دروشمی ئازادی و کەرامەتی ژن هەڵدەگرێ، سروشتییەکە سەرنجی ژنان بۆ لای خۆی رادەکێشێ.

لە کۆمەڵگەیەکدا کە ژن دەکوژرێ و بەپێی یاساکانی عەشیرە لە گەڵی هەڵسوکەوت دەکرێ بیستنی دروشمی ژنی ئازاد دڵڕفێنترین شتە بۆ ژن! لە نێو گرووپی ئیدئۆلۆژیکدا یەک ڕێگە بۆ شرۆڤەی شانازی و سەربەستی هەیە کە بریتییە لە وەسف یان پەرستنی X لە بەرانبەر بێزاری یان دژایەتی Y. بۆ پڕکردنەوەی ئەم فۆرموولە هەر ئەوەندە بەسە کە بیرۆکەگەلی خەڵک پەسند لە جێگەی X و Y دا لەلایەن ڕێبەرەوە دابنرێ. ئەگەر ڕێکخراوەکە ئیسلامی بوو بۆ وێنە دەتوانێ خودا لە جێگەی X دا دابنێ و بە جیاتی Y شەیتان دابنێ! بەڵام لەم تێئۆرییە ژن تەوەرەی ئۆجەلان ئازادی , ژنی ئازاد و ژنی سەربەست بە جیاتی X دانراوە و لەولاوە پیاو و بنەماڵە بە جیاتی Y دانراون! ئازادی ژن لەم تێئۆرییەدا هەر وەک ئاماژەپێکرا لە سەر ئەو لۆژیکە دامەزراوە کە ژن پەیتا پەیتا کەسایەتی خۆی سەرکوت بکات، هیچ مەیلێکی تاکەکەسی نەبێت، بنەماڵە

بەتەواوی لە بیر بکات و تەنیایی هەڵبژێرێ. بەپێی ئەم تێئۆرییە ژنانی پێڕەوی ئۆجەلان پێیانوایە ئازادترین مرۆڤەکانی دنیان، بەڵام ئەم راستییە لەبەرچاو ناگرن کە کە ئیتر ئاوەها ژنێک هیچ مەیل، ئارەزو و خواستێکی تاکەکەسی نیە کە بە بۆنەی ئەنجام دان یان نەدانی ئازاد بێت.

ژن لە هەموو سامانە ماددی و مەعنەوییەکانی کە پێش لەوە کە ببێتە پەکەکەیی دادەبڕدرێ و دەکرێتە شەڕڤانێک لە خزمەت ئیدئۆلۆژیی پەکەکەدا. ئۆجەلان دەڵێ: ئێوە (ژنان) لە دەورەیەکی تایبەتی فیکریدا تێپەڕیون و کۆنفرانسێکتان پێکهێناو، بەڵام هێشتا بێگانەگییەک لە ژیانی ئازاد بوونی هەیە. هێشتا نەتانتوانیوە پێوەندییە کەسییە کۆنەکان وەلابنێن یان لێیان دابېڕێن. دەبێ هەموان بزانن کە ئەمە رێگە چارە نیە و کەسێکیش بەم بنەما فیکریگەلەوە ناتوانێ لە پەکەکەدا بەشدار بێت. لە کوردستان ژیانی ژنی ئازاد بوونی نیە، بەڵکو نکوولّی نەتەوەیی، ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و خەمۆکی هەیە. بێ ئابڕووی لە کوردستان گەییشتۆتە سەر ئێسقان و ژیان بە تەواوی تێدا چووە.

ژیانی حیزبی و ئاستی ئازادی کە بتوانێ وەڵامدەری ئەم دۆخە بێت، ئازادی ژنە. پەکەکە پلەی ژن بەرز دەکاتەوە، دەیگۆڕێ، ئازادی دەکا و لە دۆخی کەرەستە و مڵک بوون رزگاریدەکات. سەرۆکایەتی پەکەکە رێبەرایەتی بزووتنەوەی ئازادی ژنە. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ٢١، ٢٣ و ٢٤) ئۆجەلان هەموو ئەمانە دەڵێ تا بەو ئاکامە بگات کە (ئێوە) هەرچی زیاتر خودسازی حیزبی بکەن، کەسایەتی خۆتان دەدۆزنەوە زیاتر بە ئارەزوو و هیواکانتان نزیک دەبنەوە.

ناتوانن بە رێگەیەکی رزگاری جیا لەمە بیر بکەنەوە، رێگەی رزگای رێگەی حیزبە. بە دەستهێنانی کەسایەتی پەکەکەیی وڵامدەری هەموو پێداویستییەکانی شۆڕشی ئێمەیە، ئەساسیترین ئەرکی ئێوە ئەوەیە کە بە هەموو هێزی خۆتانەوە ببنە کەسایەتییەکی پەکەکەیی. (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ١٩ و ٢٦) لادان لە پەکەکەیی بوون تاوانە. ئەگەر ئەوە قبووڵکەین کە پەکەکە بزووتنەوەی مرۆڤایەتییە، پەکەکەیی بوونن وەک رزگاری لە تاوانە.

ئەمە راستیی ژیانی پەکەکەیە، دەبێ لەگەڵ یاساکانی پەکەکە خۆتان رێک بخەن

و ژیانی خۆتان وەک ژیانی پەکەکە ڕێک بخەن (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ٣٦) کەوابوو نەتەنیا پیاو، بەڵکوو ژنیش دەبێ لە نێو یاساکانی پەکەکە بتوێنەوە، دەنا سزا دەدرێن. ژن بە کەسایەتیی خۆیەوە ناتوانێ لەنێو پەکەکەدا بێت، بەڵکو دەبێ کەسایەتی پێش لە پەکەکە وەلابنێ و سەرەتا ببێتە پەکەکەیەکی تەواو، دەنا نابێتە ژنی ئازاد!

ئۆجەلان بۆ ڕاکێشانی ژنان بۆ ناو پەکەکە ڕاست لەو فۆرمووڵە کە باسی کرا کەڵک وەردەگرێ! بۆیە تێدەکۆشێ هەموو دنیای دەرەوە ڕەش بکات و تەنیا خاڵی سپی ئەندامبوونی پەکەکە نیشان بدات. لەم بارەیەوە دەڵێ: ڕاستیی بنەماڵە لە کوردستان بە تەواوی خەمناکە، بنەماڵە شوێنێکی پڕ لە ئاڵۆزییە و وەک سێ گۆشەیەکی شەیتانییە کە لەودا بیرۆکەکان کفن دەکرێن، گاڵتە بە ئیرادە دەکرێ و مرۆڤەلان بە تەواوی لە نێو دەچن. لەم نێوەدا، پیاوی کورد کە لە دەرەوە لەگەڵ هەموو سووکایەتییەکی کلۆنیالیستەکان بەرەو ڕوویە و هاوکاتیش هەموو بوارە نەرێنییەکانی پاوانخوازی لە کەسایەتیدایە، داخی دڵی خۆی بە سەر بنەماڵەدا دەڕژێنێ.

ئەمە لای پیاو هەستێکی درۆیینی بەهێزی چێ دەکات و لە ڕێگەی سەپاندنی زەختی خۆی بە سەر بنەماڵەدا گرێی بوون بە پاشا و دەسەڵاتدار چارەسەر دەکات. بە ڕاستی پیاوی کورد لە بەرانبەر دەوڵەت، پێوەندیی کۆمەڵایەتی و بە دەستهێنانی بەیەخە نەتەوەیی و دەروونییەکان توانایەکی نیە، بەڵام لە ناو بنەماڵەدا پێوەندییەکی زاڵمانەی لەگەڵ ژن هەیە و هەموو هەموخەمی پیاوی کورد کوێلە کردنی ژنە. ژنان دوای پەروەردە لە بنەماڵەدا دەکەونە دۆخێکی نالەباری کۆمەڵایەتیەوە، ئەوان نە تەنیا ئازادی بەیانیان نیەبەڵکو مافی دەم باز کردنیشیان نیە. نەتەنیا مافی بڕیار دانیشیان نیە بەڵکو ناشتوانن پێڕەوێکی باشیش بن! (ئۆجەلان: ٢٠٠٨٠ئا، ٩٦) بەڵام ئۆجەلان جیاوازی سیستمی دەرەوەی پەکەکە و ناو پەکەکە ناڵێ، ئەگەر لە دەرەوەی پەکەکە ژن ئازادی بەیانی نیە، مافی بڕیاردانی نیە و دەبێ بە پێی یاساکانی ناو کۆمەڵگە بجووڵێتەوە، ئایا بەو شێوەیە کە دەگوترێ ببێتە پەکەکەیی و ناسناوی ژنی ئازاد بگرێ، ئازادی بەیان و مافی بڕیار دانی هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەم وتەیەی ئۆجەلاندا

هەیە کە دەڵێ پەکەکەیی بوون ئیشێکە کە تاک بۆ بوون بە مرۆڤ و بەخشران لە قورسترین تاوانەکان دەیکا (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ٣٦) واتە بەپێی ئەم وتەیە پەکەکەیی بوون ئەرکە! دادگایی لە پەکەکە کارێکە بۆ سزای کەسانێک کە چییەتی و شێوەی پەکەکەیان قبووڵنەکردووە و دەیبەنە ژێر پرسیار! (ئۆجەلان: ٢٠٠٧-س، ٣٥) کەوابوو تەنیا لە چوارچێوی یاسا و ئیدئۆلۆژی پەکەکەدا مرۆڤ واتای هەیە.

ژنی ئازاد کاتێک ئازادە کە لە بازنەی پەکەکەدا بێت. ئۆجەلان لە سەر ژنی ئازاد دەڵێ کارێکی گەورە و سەرتاسەریم لە پێناو ژنی ئازاددا کرد. وەک چۆن ئێوە قوتابخانەی تایبەتتان هەیە ئافرەتی پرۆتۆکۆل و خانمان و کچانی باڵادەست دەردەچوێنێ، هەروەها خانەی سینەما و قوتابخانەی هۆنەریشتان هیە، ئێمە قوتابخانەیەکمان هەیە ناوی «ئەکادیمیای مەعسووم قورقماز»ە، لەوێ دەرسم دەگوتەوە. کچانی دەرچووی ئەو قوتابخانەیە بێ ئەملاو ئەولا لە هەموو کچێک بەجەرگترن و ئەوەیان بە کردەوە سەلماندووە، وەک گوتم هەزارانیان لە گۆڕەپانی کاردان و گەورەترین پاڵەوانیەتی و بەرخۆدانیان پیشاندا و سەدانیان لە ماوەی ئەم ساڵەدا گەییشتنە قۆناخی شەهیدبوون!» (ئۆجەلان: ١٩٩٦، ٢٠٥ و ٢٠٦)

ئۆجەلان لە وتاری خۆیدا لە ئاکادیمیای مەعسوم قۆرقمازدا دەڵێ: هەروەک لە وتەکانتاندا دیارە هێشتا نەتانتوانیووە لە دیدی ئەرێنی خۆتان بە نیسبەت ژیان رزگار بن و لەگەڵ ئەوەیکە کە پارتیمان گەییشتۆتە بەرزترین ئاستی شێوەگەلی شۆڕشگێڕانە، دەتانەوە تایبەتمەندییە تاکە کەسییەکانتان بە سەر حیزبدا بسەپێنن.

من باوەڕم بە بوونی سیستمێکی بێ وێنە و خۆڵقانی کەسایەتییەکی تایبەت بە خۆمانم هەیە. شرۆڤەی گشتیی راستیی گەلەکەمان بەمشێوەیەیە کە ژیانێکی سوک و قیزەونی هەیە. ئەگەر ئێوەش لە ناو حیزبدا تێبکۆشن ئەو تایبەتمەندییانەتان هەبێ، ئاکامەکەی دەبیننەوە. چاو لە خۆتان بکەن، تەنانەت ئەگەر لە تەمەنی چل یان حەفتا ساڵیشدا بن زیاتر لە خۆفریودان وەک منداڵ ناتوانن واتا بە ژیانتان ببەخشن. هەر وەک وتوومە ژیانتان یان شێتانە و کوێلانەیە یان نەخۆشانەیە. ئێوە ناتوانن خۆتان لە دۆخی کاسایەتییەک کە ریشەی نەخۆشی هەیە رزگار

بکەن. هەموو بەها مەعنەوییەکان و شێوەی هەڵسوکەوت و ئاخاوتنی کۆمەڵگەی ئێمە نەخۆشە.

هەرکەس ئەم دۆخە بە شێوەی خۆی دەژینێتەوە و بە بۆنەی ئەوەوە کە لەگەڵ بنەماکانی رێبەر نایەتەوە، تووشی شکست دەبێ و لە ژێر پێدا دەتلێقێتەوە. دۆخەکە بەمشێوەیەیە کە هەلسوکەوتی تاکئاسایانە لادەرییە و تا کاتێک بنەبڕ نەبێ هەمووکات دەبێتە هۆێ شکست. (ئۆجەلان: ٢٠١٤-ب، ٩٢-٥) لێرەدا بە پێی ئەم ئاخاوتنەی ئۆجەلان کە لە ئاکادیمیای مەعسووم قورقماز وەک وانە بۆ گەریلاکانی وتووەتەوە دەردەکەوێ کە ژنی ئازاد هەمان ژنی مێشک شۆراوەیە، کە لەو ئاکادیمیایەدا پرۆسەی شۆرەدنەوەی مێشکی روو دەدات.

لەو ئاکادیمیایەدا شوناسی ژن لە چەندین قۆناخدا کە لە بەشی ئاپۆئیزمدا ئاماژەپێکرا، لە نێو دەبەن، دوایی کۆمەڵێک بیروباوەڕ و هەڵسوکەوتی نوێ کە بە پێی ئیدئۆلۆژی پەکەکەیە جێنشینی ئەوەی پێش لە هاتنی بۆناو پەکەکە دەکرێ و شوناسی پەکەکەیی بە خۆوە دەگرێ و دەبێتە ژنی ئازاد. بۆیە لە درێژەی وانەکەیدا لەو ئاکادیمیایەدا دەڵێ بە شێوەیەکی ئاگایانە لە حیزبدا بەشادری بکەن، بەرادەیەک کە پێویستە خۆمان کارا دەکەین، ئەگەرپێویست بێت سەرلەنوێ قوڕی سەناعی چێ دەکەم (مەبەست لە گریلاکانە) و دیسانەوە بە مشتومالْ دان فۆرمی پێی دەدەمەوە، لەوە مەترسن. ئەوە شتێکە کە بۆ ئێمە پێویستە، ئەو شێوەیە کە ئێوە هەتانە دژمن چێی کردووە.

شتێکی ئەوتۆی تێدا نیە کە پارێزگاری لێ بکرێ. بەو بۆنەیەوەیە کە کادرەکانمان دەخەینە ژێر زەخت. چونکە بە بڕوای من ئاوەها کەسایەتییەک دەبێ بروخێندرێ، ئەگەر سەر لە نوێ چێ نەکرایەوە، لانیکەم ئەوەی لەمەو بە دوای باش بێ. تۆ بە شێوەیکی خراپ فۆرمت گرتووە هەڤاڵ، ئەوەیکە لە تۆدایە خراپە، هیچ چارەیەک بێجگەم لەوە نیە کە ئەم کەسایەتییە بەتەواوی بروخێندرێ و سەرلەنوێ چێ بکرێتەوە. ئەم تێگەییشتنەی من راستە، ئێوە مرۆڤگەلێکی داماون، وەک رۆبۆت لە مەیدانێکدا بەرەڵا کراون و لە هەمو بوارێکەوە نەخۆشن. بۆیە تاقیکرنەوەیکی ورد لە سەرتان دەکەم و تاقیتان دەکەمەوە تا بزانم تا چ رادەیەک زیندوو دەبنەوە، تا چ رادە ژیان دەکەن و ساقن. دەبێ خۆتان بسپێرن بە دەستگەلێک

و داوای دەرمانیان لێ بکەن. لە گەڵ ئەوەیکە لە سەر تەختی نەشتەرگەریدا دەخەوێندرێن لەوێشدا وەک شێتەکان قۆلەفرتێ دەکەن، بەڵام ئێمە رەد کردنەوەی دەرمان قبووڵناکەین، چونکە ئەمە شتێکی پێویستە و دەستەبەر کردنی کردنی سەلامەتیتان لە رێگایەکی دیکەوە ئیمکانی نیە! (ئۆجەلان: ٢٠١٤-ب، ١٦-١٥) واتە ژنی ئازاد ژنێکە کە لە ژێر تێخی نەشتەرگەری ئیدئۆلۆژیکدا بە تەواوی مێشکی شۆردراوەتەوە و ژیانی دەرەوەی پەکەکە بە خەیانەت دەزانێ و ژنۆلۆژی ئۆجەلان بە سەرچاوەی ژیانەوەی ژن دەبینێ. ئەمە بەو واتایەیە کە کەسایەتی ژن لە نێو کەسایەتی ئاپۆدا دەتوێتەوە هەر بۆیە لە بەرنامە و ئەساسنامەی هێزی گەریلایی ژندا ئاپۆ لە سەرووی هەموو ماف و ئازادییەکەوەیە. هەر بۆیە لە نێو بەرنامە و ئەساسنامەی HPJ دا هاتووە کە: هێزەکانی گەریلای ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئازادی رێبەر ئاپۆ بە بنگەی تێکۆشانی خۆی دادەنێ.

پاراستنی گیانی رێبەر ئاپۆ بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت. رێبەر ئاپۆ بە رێبەری کۆنفێدرالیسمی دێمۆکراتیک و رێبەری گەلی کورد پەسەند دەکات. تێکۆشەری HPJ ئەو کەسەیە کە لە سەر بنگەی پارادایمی کۆمەڵگەی دیمۆکراتیک، ئێکۆلۆژیک و ئازادیخوازی ژن، بە پێوان و رەهەندەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگای ئەخلاقی-سیاسی پابەندە و بە پێیەوە رێبازی پاراستنی زاتی فیداییانی ئاپۆیی پەسند کردووە و کەسایەتی خۆی لە سەر دەئافرێنێ. هەروەها رێبەر ئاپۆ بە رێبەری خۆی دەزانێت، لە هەر بارودۆخێکدا و هەرکات و شوێنێک روحی هەڤاڵەتی و هاورێیی راست لەگەڵ رێبەر ئاپۆ بە بنگە دەگرێت. ئەو، ئازادی رێبەر ئاپۆ بە ئامانجی سەرەکی خۆی دادەنێت. من بۆ ئازادی رێبەر ئاپۆ هەتا دوایین دڵۆپی خوێنم شەڕ دەکەم. (HPJ: ٢٠١٦، ٤٢،٤٠، ٥١ و ٥٤) واتە لە راستیدا گەریلای ژن بۆ دابین کردنی مافی ژنان تێناکۆشێ بەڵکو بۆ ئازادی ئۆجەلان تێدەکۆشێ و خەبات دەکات.

## سەرچاوەکان:


• اوجالان، عبدالله: تاریخ در حوزه دجله و فرات اورفا، سمبل قداست و لعنت، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی سپتامبر ۲۰۰۷-ب.

• اوجالان عبدالله: آفتاب آزادی (یادداشتهای ملاقات با رهبر آپو)، چاپ اول، ترجمه مرکز ترجمه ارد. ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک (ارد)، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۲-ئا

• اوجالان، عبدالله: مانیفست آزادی زن، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۸-ئا

• اوجالان، عبدالله: مانیفست تمدن دمکراتیک.کتاب اول و دوم، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۹-ب

• اوجالان، عبدالله: دفاع از یک خلق. انتشارات پژاک، ئاوریل ٢٠٠٤

• اوجالان،عبدالله: از دولت کاهنی سومر به سوی تمدن دمکراتیک، جلد اول و دوم. چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد. ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک (ارد)، چاپخانه آزادی نوامبر ۲۰۰۱

• اوجالان، عبدالله: کرد آزاد هویت نوین خاورمیانه، چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد.

ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک (ارد)، چاپخانه آزادی، ژوئن ۲۰۰۳

• اوجالان، عبدالله: مبارزه با اشرارگری، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱٤

• اوجالان، عبدالله: اصرار بر سوسیالیزم، چاپ اول. ترجمه مرکز ترجمه ارد.ناشر: اتحادیه روشنگری دمکراتیک (ارد)، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۲-ب

• اوجالان، عبدالله: چگونه باید زیست، نشر دوم. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی نومبر ۲۰۰۷

• اوجالان، عبدالله: هفت روز با رهبر، رهبریت و خلق (گفتگوی نبیل الملحم با ع. اوجالان)، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی ۲۰۰۸-ب

• اوجالان، عبدالله: زبان و عمل انقلاب، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۰۸-س

• اوجالان، عبدالله: خودسازی حزبی، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی. ۲۰۰۷-س

• اوجالان، عبدالله: درس گفتاری در باب آموزش، نشر اول. انتشارات مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، چاپخانه آزادی، ۲۰۱٤-ب

• ئۆجەلان،عەبدوڵا، داستانی ژیانەوە (وتوویژ لەگەڵ یالچین کوچووک)، چاپی کوردی ساڵی ۱۹۹٦، لە چاپ کراوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان

• گوڵاڵە کەمانگەر، قورئان لە نێوان ئوستوورە و جادوودا، ل ۸٦ و ۸۷

• آرمانج ساریا، (عضو کمیته ژنولوژی)، دیماه ۱۳۹۲، ژنولوژی یک سازمان یا یک حزب و یا یک گروه فکری نیست بلکه علم زن و زنشناسی است،

http://www.pajk-online.com

• قورئان، سورەتی نەجم ئایەتەکانی ۱۸ و ۱۹

• مسعود انصاری، ۲۰۰۸، زن در ادیان ابراهیمی، ص ٤٥

• سیرة ابن هشام، جلد یکم، ص ۲۰٤

• سیرة ابن هشام جلد دوم ص ۱۰۳

• رەگەزنامەی هێزەکانی پاراستنی ژن، HPJ: ٢٠١٦، پەسەند کراوی کۆنفرانسی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەریلا

• Abdullah Ocalan, Democratic Confederalism, 2011, Transmedia Publishing Ltd. – London, Cologne,http://www.freeocalan.org/wp-content/uploads/2012/09/Ocalan-Democratic-Confederalism.pdf

• Jung Chang; Wild Swans; Published by Flamingo; 1991; P: 422

• Tim Madigan; ‹See No Evil; Blind Devotion and Bloodshed in David Koresh›s Holy War›; published by the Summit Group; Fort Worth Texas; 1993; PP: 116, 121

• James D. Tabor and Eugene V. Gallagher; Why WACO? University of California Press; 1995; PP: 66; 68

• Benjamin Zablocki & Thomas Robbins; ‹misunderstanding Cults› Searching for objectivity in a controversial field; University of Toronto Press; 2001; PP: 430, 432

• Deborah Berg Davis, The Children of God: The inside story (Grand Rapids, Missori: The Zondervan Publishing House, 1984). Cited from: Steven Hassan; ‹Combatting Cult Mind Control; Park Street Press; 1988; P: 103

• https://fa.wikipedia.org

• http://m.posta.com